ثابت رەحمان

# نینا

## رۆمان

و: حەمە کەریم عارف




- نینا
- نوسینی: ثابت رەحمان
- گۆڕینی لە فارسییەوە: حمە کریم عارف
- هونەرکاری بەرگ:
- پیت چنین و هونەرکاری ناوەوە : سەنگەر شنۆیی
- تیراژ: ١٠٠٠ هەزار دانە
- چاپی یەکەم ١٩٨٥
- چاپی دووەم ٢٠٠٠
- چاپخانەی

## ثابت رحمان:

یەکیکە لە ریچکەشیکنەرانی ئەدەبیاتی نویی ئازربایجانی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩١٠ دا هاتۆتە دنیاوە، سەرەتای نووسینی بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی هەندێ گوتار لە رۆژنامەی بەنیوبانگی مەلانەسرەدیندا، ئەو رۆژنامەیەی کە دەیان نووسەر و شاعیری ناوداری پەروەردە کردووە و پیگەیاندووە. خۆی بە شاگردی میرزا فەتح عەلی ئاخوندۆف، جەلیل محەمەد قولی زادە، عەبدولرەحمان حەقی ویردیف و جەعفەر جەبارلی دەزانێ

ثابت رحمان نووسەریکی بە دەسەڵات و پڕ بەرهەمە، لە زۆربەی بەشەکانی ئەدەبیاتدا، وەک وەرگیڕانی بەرهەمە کلاسیکییەکانی ئەوروپا و روسیا بۆ سەر زمانی ئازەری، ساتیر و نمایشنانە، لیبرتو، فیلمنامە، چیرۆکی کورت و بەرز، رۆمان خۆی تاقیکردۆتەوە و قەڵەمی تاو داوە. ئەمەش ناوی هەندیک لەو بەرهەمانەیەتی:

نمایشنامە: شایی خۆشبەختەکان، ئاشنایان، روناکی، کچی مارەبڕاو، عەلی قولی ژن دینێ، درۆ.

چیرۆک: بێ وەفا، فرمیسکی شادی، ئارەزووەکان، بەسەرهاتەکانی میرقاسم، پەریشان، هار.

فیلمنامە و لیبرتو: ئەحمەد لە کوییە، ئەستیرە، جودایی.

هەروەها رۆمانی نینا کە لە ساڵی ١٩٤٩دا هاتۆتە نووسین و تا ئیستا چەندین جار چاپکراوەتەوە.

# ووتەیەک

حەمەکەریم عارف

«١»

رەنگە هەندێ کەس بڵێن، ئەمە رۆمانێکی تەواو واقیعییە و لە هەموو دنیادا باوی ئەم جۆرە واقیعیەتە نەماوە، ئەمە رەئییە، رەفز و قبوڵ هەڵدەگرێ.. من پێم وایە رەونەقی دنیای ئەدەبیات لە هەمە جۆری و هەمە رەنگییەکەیدا بەرجەستە دەبێ، ئەم رۆمانە ویرای ئەوەی شەقڵی تایبەتی و ناوچەیی خۆی پێوەیە، ئەوجاش هەموو تیرەی بەشەرییەت دەدوێنێ و مرۆڤ هاندەدات کە بۆ نیو نەخت لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئینسانەتی خۆی غافڵ نەبێ و هیچ جۆرە خەسیەتێکی ماددی و مەعنەوی قەبوڵ نەکات، چونکە هەر جۆرە خەسینێک مانای دەستبەردار بوونی ئینسانییەتی خۆیەتی، ئیدی بە چ شیوازێک ئەمەی گوتووە، رەنگە زۆر گرنگ نەبێ و جیهانی ئەدەبیاتیش گەورەیە و جێی هەموو جۆرە شیوازێکی تیدا دەبیتەوە، مادامێکی ئەدەبیات ئەو سەرو کۆتایی نییە، بۆیە شێوە و شێوازەکانیشی هەمان خەسڵەت وەردەگرن و نە ئەوسەریان هەیە و نە لەبڕانەوە دێن..

«٢»

بەندە لە هەشتاکاندا ئەم کارە ئەدەبییەم کرد بە زمانی کوردی و لەساڵی ١٩٨٥ دا بە تیراژێ زۆر کەم، بایی ئەوەندەی لە فەوتان بخەڵەسێ و بایەخی مێژوویی وەرگێڕانەکەم بپارێزێ لە چیادا چاپ و بڵاوم کردەوە، چونکە یەکەم : خوێندنەوە و تەئویلی تایبەتی خۆم بۆ کارەکە هەبوو، دووەم: هەوڵدانێکی من بوو بۆ جەڕباندنی زمانی کوردی و دەسەڵاتی خۆم لە زمانی کوردیدا کە ئاخۆ زمانی کوردی دەرەقەتی وەرگێڕانی نووسینی گەورە دێت، یان من ئەوەندەی دەزانم کە کاری وای پێ بکەم و لەو رێگەیەوە بەشدارییەکی بچووک لەبەرهەمهێنانی زمانی هونەری کوردی بکەم؟!

بە هەر حاڵ چەند سەرکەوتووم یان چەند بەسەرسەرا کەوتووم ئەمەیان. بۆ خوێنەران و رەخنەگران..

«٣»

ئیستاش کە سورم لەسەرچاپی دووەمی، پێم وایە کە لێنێک لە کتێبخانەی کوردی دەگرێت و مەڵۆیەک لە خەرمانی زمانی ئەدەبی کوردی پێکدێنێ و ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئەم بەرهەمە دووبارە کردنەوە و فۆتۆی ژیان نییە، بەڵکو هاوارێکە بۆ رزگارکردنی ژیان لە چنگی هەموو جۆرە مەرگێک، بانگەوازێکی هونەرییە بۆ پەیوەندییەکی جوانتر و دەوڵەمەندتر و مرۆڤانیتر دەگەڵ خەڵکیدا، سەفەرێکی هونەرییە بۆ ناو جەرگە و قوڵایی ژیان، ئەو ژیانەی کە لە وەستان نایەت و لە باری هونەرییەوە دەکاتە لە دایک بوون و لە دایکبوونەوەی بەردەوام و بێ کۆتایی..

«٤»

هەر بەرهەمێکیش خوێندنەوە و تەئویلی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ، هەڵهێنان و خوێندنەوەی ئەگەر و هێما و رەمز و دەلالەتەکانی لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێک و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت.

جا «نینا»کەی لەمەڕ بەندەش دەقە و ئەوە دێنێ، بێ چ دەستکارێکردنێکی زمانی چاپی یەکەم، چاپی دووەم بکرێتەوە.

٢٠٠٠/١٠/١٠

**هەولێر**

# 1

دەمەو رۆژئاوای رۆژیکی هاوینی ١٩٠١، پیاویک لە ویستگای «هیبت» لە نزیکی باکو، لە شەمەندەفەر دابەزی، لە کاتیکا دەیویست لە چاوی ماموری چاودیری بە دوور بیت وسەرنجی ریبوارانی نیو شەمەندەفەرەکە رانەکیشیت، لە پشت خانووە چکولە و نزمەکانی پشت ویستگاکەوە ون بوو.

وەختێ کەهەتاو لە ئاسۆ نزیک دەبووەوە، پیاوەکە تەواو لە ویستگاکە دوور کەوتبووەوە، بە هەلە داوان بیابانە وشک و چۆلەکەی «لوکباتان»ی دەبری و بەرەو کیوەکانی بەرانبەر دەیکوتا، بەسیمادا هەر ١٩-٢٠ سالآن دیار بوو، جلیکی خاکی لەبەردا بوو، جووتێ پوتی نەرمی نەرمی پینەکراوی لە پیدا بوو. جلەکانی، پووتەکانی و تەنانەت قژە زەردە تیک ئالآوەکەشی گەرد و تۆزیان لێ نیشتبوو، وێ دەچوو کە چەند رۆژیکە بەریوەیە، تەنانەت پێ دەچوو بۆ سوار بوونی شەمەندەفەرەکەش چەند رۆژە ریبیەک بە پێ هاتبێ.

ویرای ئەمانەش ماندوو و شەکەت دیار نەبوو، بیابانی لوکباتان لە گەرماندا شەقار شەقار بوو بوو. ئەویش بە پەلە پیی هەلدەگرت و دەیویست زووتر بە کیوەکان بگات.

لەم کاتەدا عەرەبانەیەکی پان و پۆڕ سەرەو ژوور بەرەو «فولچییە و ڤرۆتا» دەرۆیی، کابرا بە نیوان دوو گابەردا رەت بوو، گەییە شوینیکی هەموار، لەسەر زەوییەکە دانیشت، دەستی بە بەرکیا کرد، رۆژنامەیەکی قەد کراوی دەرهینا و نانیکی وشکی لە تویی رۆژنامەکەوە دەرهینا و بە پەلە و بە تاسوقەوە کەوتە خواردنی.

سارای لوکباتان و ئەولاتریشەوە، جادەی سالیان کە خەریک بوو دەبو بە بەشیک لە تاریکییەکە و بەلای دەستە راست دا جادەی یاسا مال ئالتی، کە وەکو مار لە پانایی دەشتەکە دا راکشا بوو، بە ئاشکرا دەبینران. کابرای ریبوار بست بە بستی ئەم ناوچەیە شارەزا بوو. لەم سالآنەی دواییەدا بە بەردەوامی کۆبوونەوەی کریکارانە لە «یاسامال ئالتی» و لە «فولچییە و ڤۆرتا» دا دەکرا. هەندێ جار، کریکاران بۆ خۆ دزینەوە لە فشاری پۆلیس، بە دەم قسانەوە ئەم ریگا دوورودریژەیان دەگرتە بەر و بە دریژایی ریگا باسی وەعزی نالەبار و ژیانی خۆیان دەکرد. کاکی ریبواریش لە یەکیک لەم کۆبوونەوانەدا بەشداری کردبوو، لە کۆبوونەوەکەدا باسی وەعزی نالەباری کریکارانی تەفلیس، خەبات کردنیان لە پیناو ژیانیکی چاکتردا کردبوو.

هەتاو لە ئاوا بووندا بوو، سیبەرەکان بەرە بەرە دریژتر و دنیا تاریک تر دەبوو. کزەبایەکی فینک لەسەر دەریاوە دەهات. کاکی ریبوار پاش ئەوەی نانە وشکەکەی خوارد هەستایە سەرپێ، چووە سەرگردۆلکەیەکی نزیک و دیقەتی دەوروبەری خۆیدا. ئەوجا بە پەلە پوتەکانی پتر هەلکیشا و بە پەلە بەرەو شار کەوتە رێ. پاش ماوەیەکی زۆر گەییە گۆرستانیک. چاو چاوی نابینی. کیلی گۆڕەکان مات و غەمناک دەتگوت لە دەریای بیرکردنەوەیەکی قۆلدان. کە لیرەوە دیقەتت دەدا شاری باکۆ بە گشت شکۆو مەزنایەتییەکەوە خۆی بە دیدە دەسپارد.



باکۆ، شاری نەوت و سامان، ژمارەی دانیشتوانی لە ١٥ هەزار کەس پتر بوو. سالی «٦٤٠» ملیۆن بۆشکە نەوتی دەدا، ئیستا لە باوەشی ئەم تاریکییەدا سەری کز کردبوو، دەتگوت لە شەکەتیدا وەنەوز دەدات.

لە لای دەستە راستەوە «بائیس» بە ئاشکرا دیار بوو. لەولاترەوە ١-٢ ریکی نەوت سەریان بە کۆشی ئاسماندا کردبوو. لەم بەریشەوە کەشتی زل زل لە کەنارەکەدا ریزیان بەستبوو. وەکو بیشکە تەکانیان دەخوارد. «زیخ بوونی» ش لە نیو تەمیکی چڕدا وەنەوزی دەدا. دوورگەی «نارگین» لە ناو جەرگەی دەریای مەنگ و شیندا وەکو پەلەیەکی رەش دەینواند.

باکۆ، شاری ناکۆکییەکان بوو، کە لە گۆرستانەکەوە سەیرت دەکرد لەلایەکەوە ئەو تەلارانە دەبینران کە رۆژ بە رۆژ لە زیادی و برەودا بوون و باکۆیان دەخستە ریزی شارە گەورەکانی ئیمپراتۆریەتی روسیاوە، لە لایەکی دییەوە زنج و کوختەی تیک رژاو و شیدار و هەتاو نەگری خەلکانی دەست بە تاڵ و بیکار، گوندیکی هەژار نشینی لە هزری بینەردا قوت دەکردەوە.

خەلکی شار ئەم بەشە هەژار نشینەیان نیو نابوو «چەبر کەندی*» (مردوو ئاوا) کریکارانی فابریقە و کارخانەکان، دیهاتیانێ کە لە تاو زولم و زۆری خاوەن زەوی و لە برساندا بە ئومیدی کار پەیدا کردن هاتبوونە شار، دەست بە تالآن، نەخۆش و بێ سەرمایەکان گشتیان لیرەدا کۆ بوو بوونەوە. لە نیو خەلکی باکۆدا لەبری وشەی «دەمرم» زاراوەی «دەچم بۆ چمبر کەندی» بەکار دەهینرا، بە کورتی چمبەر کەندی گوندیک بوو لە نیو شاریکی گەورەی وەکو باکۆدا و تایبەت بوو بە دەست بەتاڵ و هەژاران.

کاکی ریبوار بەم دیمەنانە غەمگینتربوو، بە گۆرستانەکەدا داگەڕا، لە سەر یەکیک لە گۆڕەکان دانیشت تا دنیا تاریک تر ببێ.

تا چاوبڕی دەکرد، هەر کارخانە و بیرە نەوت بوو. ئەو بیرە نەوتانەی گیرفانی ملیۆنیرانی وەک نوبل، مانتتاشف، تقییف یان لێ پڕ دەبوو، تەلارەکانی ئاخ شار، قارا شار، سابونچی، سوراخانی، بالآخانی و بی بی هیبت* (لە ناوچە نەوتاوییەکانی باکۆن) بە زەحمەت لە باوەشی تاریکییەکەدا دەبینران.

ئەنجام تاریکی بالی بەسەر گشت جییەک دا کیشا. تاک و تەرا چرای گاز هەلبوون.

کاکی ریبوار بە کۆلآنە تەنگ و تاریک و پیسەکانی چمبر کەندی دا بەرەو خوار بووەوە. پاش ئەوەی چەند کۆلآنیکی بری لە بەرانبەر خانوویەکی دوو نهۆمی وەستا، چرایەک لە پیچی کۆلآنەکەدا دەسووتاو رووناکییەکی کزی بە دەوری خۆیدا پەخش دەکردەوە. چ کەسیک لە کۆلآنەکەدا نەبوو، کابرای ریبوار چاوی بە رووناکییەکی کز کەوت کە لە درزی دەرگاکەوە دیار بوو، لە دەرگاکە نزیک بووەوە. ژنیک لە بەر دەرگاکەدا و لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و سەبیلی دەکیشا. لەبەر تاریکی روخساری ژنەکە بە دروستی دیار نەبوو. ریبوارەکە نزیکتر بووەوە، حەپەسا، نایزانی بە چ زمانیک پرسیار بکات، چونکە نایزانی ژنەکە لە چ قەومیکە، ئەوجا بە زمانی

روسی پرسی:
– دایەگیان! کریکاریک لەم ماڵەدا نییە؟
ژنەکە چەند جاریک کۆکی و چ وەڵامیکی نەدایەوە. کابرای ریبوار بەو خەیاڵەی کە ژنەکە روسی نازانێ هەمان پرسیاری بە زمانی گورجی کردەوە. وەڵام نەبوو، هەمان پرسیاری بە زمانی ئەرمەنی کردەوە.
پیرەژنەکە خیرا هەستاو بە وردی سەرنجیدا و گوتی:
– بۆ نا کورِم! بەڵام هەنوکە لە ماڵ نییە، چۆتە ئیش.
ریبوارەکە کەمێ دەنگی نزم کردەوە و پرسی:
– دایە میوانیکی هەیە بە نیوی ملکوف؟
پیرەژنەکە بە وردی گویی بۆ ئەم پرسیارە شل کرد. مژیکی قوڵی لە سەبیلەکەی دا، کەوتە کۆکە کۆک، کەمێ دەستی بە سینگی دا هینا، بە مەیلەو تورەییەوە سەبیلەکەی بە کورسییەکەدا کیشا، تووتنەکەی بەتاڵ کرد، ئەوجا بە بۆڵە بۆڵەوە گوتی:
– توتنی نەحلەتی... تازەم کڕیوە... بە سینگم ناکەوێ...
دوو سێ جاری دی کۆکی. بە ریبوارەکەی گوت: پرسیاری کیت کرد رۆڵە؟ توتنەکە سەری لیشیواندم.. باش حاڵی نەبووم.
ریبوارەکە گوتی: پرسیاری ملکوفم کرد دایە... دەڵیم ئەم کریکارە میوانیکی هەیە بە نیوی ملکوف؟
– نە، سەبیلەی خستەوە نیو کیسەکەی، دەمی کیسەکەی بەست. لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە. پاش ئەوەی قەدەرێ لە کابرا راما، گوتی:
– چ کەسیک لە ژوورەکەی نییە و دەرگاکەشی قفلە.
– ئەدی خاوەن ماڵ کییە؟ لەو دەپرسم، رەنگە تۆ نەزانی.
پیریژنەکە بە شەکەتییەوە گوتی: من خاوەنی خانووەکەم، من چ کەسیکم نەدیوە بیتە کنی. دەرگای ژوورەکەشی قفلە، حەز دەکەی سەیریشی بکە.
– کلیلەکە لە کن تۆ نییە؟
– نەخیر، لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی.
کاکی ریبوار ئیدی پرسیاری نەکرد. پاش کەمیک بیدەنگی، هەر کە لە دوورەوە دەنگی پێ هات، بە پەلە گوتی: ببورە... دایە..
دوور کەوتەوە. خۆی گەیاندە ئەو سەری کولانەکە و بەریی خۆیدا گەڕایەوە. کاتێ ریبوارەکە دوورکەوتەوە، پیریژنەکە بە گورجی هەستا و چووە ژوورەوە، دەرگای حەوشەی داخست. بەو تاریکییە و بێ ئەوەی پیی هەڵنووتێ پینج پلە سەرکەوت، دەرگاکەی لای دەستە چەپی کردەوە. چووە ژوورەوە و دەرگای قفڵ دا، ژووریکی بچووک بوو چرایەک لەسەر کۆنە کۆمەدییەک دەسووتا. تیشکەکەی ئەوەندە کز بوو بە ئاسانی هەموو شتیک نابینرا.
هەر ئەم ژوورە دەچووە سەر ژووریکی دی، پیریژنەکە ئەو دەرگایەشی کردەوە چووە ژوورەوە و دەرگای داخست. روناکی ئیرە لە چاو هی ژوورەکەی دی دا پتر بوو.
هەرکە پیریژنەکە چووە ژوورەوە، کابرایەکی چاوو برۆ رەشی کە تاک و تەرا داوی



سپی کەوتبوونە سەری، بە شپرزەییەوە و بە زمانی ئازەری پرسی:
– ئەوە چی بوو دایە؟.. دو جارانت ئیشارەت کرد، هەم بە توندی کوکیت و هەم دەنگت لە کورسییەکەوە هینا ... چییە؟
پیریژنەکە بە ئەسپایی گوتی: یەکیک بوو سوراخی تایپیستەکەی دەکرد، پاشان هەواڵی ملکوفی پرسی.
کابرا هەر کە گویی لەمە بوو، دوو شەقاوان هاتە پیشترەوە و زۆر بە ئەسپایی پرسی: چۆن پیاویک بوو دایە؟
پیریژنەکە زۆر بە ئەسپایی گوتی: لەبەر تاریکی بە دروستی قەڵافاتیم نەبینی، بە هەر سێ زمانی روسی و گورجی و ئەرمەنی قسانی کرد، لەسەر و سیمایا دیار بوو کە خەڵکی ئەم ناوە نییە، پێ دەچوو لە دوورەوە هاتبێ.
– ئەدی چی لیهات؟
– رۆیی.
پیریژنەکە کە بیدەنگی کابرای بینی، کورسییەکەی هەڵگرت و گوتی:
– من دەچمەوە کۆڵان، ئیوەش کەمێ پەلە بکەن، هەڵبەتە کەسیک بەم درەنگە شەوە هاتبێ جاریکی دیش دەگەڕیتەوە.
کابرا قوڵی پیریژنەکەی گرت و بە پەشۆکاوییەوە گوتی:
– ئیستا نا دایە، تۆزێ سەبر بکە، هەنووکە راویژ بەهاوڕییان دەکەم و دەگەڕیمەوە.
– برِۆ رۆڵە.
پیریژنەکە ئەمەی گوت و کورسیەکەی دانایەوە و لەسەری دانیشت، من چاوەڕوانم، برِۆ راویژ بکە، دوو ئەقڵ لە ئەقڵیک چاکترە.
کابرا کۆنە قالیچەیەکی دراوی لە سوچی ژوورەکەدا هەڵگرت، بە نووکی کیردێ تەختە داریکی جولاند، تەختەیەکی یەک مەتری دەرهینا، دەستگیرەیەکی گەورە دەرکەوت، کابرا دەستگیرەکەی گرت و بە زەحمەت بەرەو لای خۆی رایکیشا. دەرگایەک بۆ خوارەوە بۆ ژیر زەمینیک کرایەوە، کابرا چووە خوارەوە، دەرگاکەی داخستەوە، هەرکە کابرا چووە خوارەوە پیریژنەکە تەختەکەی خستەوە جیی خۆی، قالیچەکەی لەسەری راخستەوە. چۆکی لەسەر دادا و دانیشت وهیدی هیدی کەوتە سەبیل تیکردن.»
دوای نەختیک دەنگیک لە ژیر زەمینەکەوە هات، پیریژنەکە بە گورجی هەستا، قالیچەکەی لابرد، تەختەکەی هەڵدایەوە و دەرگاکەی کردەوە، هەمان کابرا سەری دەرهینا و بە ئەسپایی گوتی:
– دایە، لە دەرەوە چاوەڕوان بە، ئەگەر هەمان کەس هاتەوە دیسان ئیشارەتمان بدەرێ، کاریکی وا بکە لە ژیر زەمینەکەوە گویمان لێ بێ، ئەگەر مەترسییەک هەبوو وەکو جارەکەی پیشوو خەبەردارمان بکەوە..
– بە بان چاو کورِم...
– من دەگەڕیمەوە، خۆت ژوورەکە ریک بخەرەوە.
میزیکی دار بەڕوویان لە ناوەندی ژیر زەمینەکەدا دانابوو، پینج پیاو لە دەروری

میزەکە دانیشتبوون، مۆمیک لە نیو قاپیکی شکاودا دەهایسا و رووناکییەکی کزی پەخش دەکردەوە، رووناکییەکە تەنیا روخساری ئەو پینج کەسەی روناک دەکردەوە. دەوروبەریان تەواو تاریک بوو، کابرایەکی ریشن کە نیگایەکی تیژی هەبوو، زۆر بە ئەسپایی پرسی:

– غولّام چییە؟ پیریژنەکەت حالّی کرد؟

– بەلّیّ.

ئەوجا بە ئەسپایی لەسەر کورسییە شکاوەکەی دانیشت و بە دەم ئیشارەت کردنەوە بۆ دەرگاکە گوتی: بۆ ئەوەی ئیشارەتەکەی ئەو بە چاکی بژنەوین دەرگای ناوەندم کەمێ کردۆتەوە.

– بەرای ئیوە چ کەسیک کاری پیمانە؟ رەنگە دیسان لە سەگەکانی دەولّەت بێ و بەسەر وەختمانەوە نیردرابێ.

ئەو کەسەی ئەم پرسیارەی کرد کابرایەکی دەستە بالّای ناو شان پان بوو، قژە خاوەکەی شانە کرابوو. چاوەکانی زەرد باوو سمیلی پر بوو.

«ڤلادیمیر زاخاروڤچ کتسفوڤلی»* (یەکیک بوو لە شۆرشگیرە گورجییە ناودارەکان، هاوخەباتی لینین و ستالین بوو یەکیک بوو لە ریکخەرانی کومیتەی قەفقاز و باکۆی حیزبی شوسیال دیموکراتی کریکارانی روسیا) تەماشایەکی سیمای میهرەبانی ئەوی کرد و ئەوجا گوتی: دوور نییە پیوتر! دژمنانی ئیمە بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی روو لە بەرز بوونەوەی کریکاران، هەر ساتە فیلّیکی تازە بە کار دەهینن. دەبێ زۆر وریا بین.

پیوتر سەری پشتگیری بۆ قسەکانی کتسفوفلی لەقاند و ئەوجا پرسی:

– دریژە بە قسەکەم بدەم؟

– فەرموو

– قسان بکە.

پیوتر بە دەنگی هیدی و نزم دەستی پیکرد:

– ئەو مانگرتنەی کە چەند رۆژیکە لە کارخانەی سیبایف دەستی پیکردوە چ ئەنجامیکی نابێ و تیک دەشکیت، داواکاری مانگرتووەکان واتە کەم کردنەوەی سەعاتی کار کردن، کرێ گەرما و سابون رەفز کراوە. ئەورۆ ژمارەیەک لە کریکارەکان بە ناچاری گەرانەوە سەر کارەکانیان.

پیوتر لە کاتیکدا کە بە تووڕەیی چنگی دەخستە قژی خۆی، کەمیک بیدەنگ بوو، کە بینی هەموو چاوەڕوانن، گوتی: ئەم جۆرە مانگرتنە بە لای سەرمایەدارانەوە گەمەی مندالّن، .. چ دواکارییەکی بنەڕەتی تیدا نییە، کومیتەی مانگرتن نییە..

هەرکە پیوتر بیدەنگ بوو، کریکاریکی پیری سەر سپی روس، هەلّیدایە و گوتی:

– من لەگەلّ قسەکانی هاورێ چونیاتوف دام و ...

«لادو» بە توندی قسەکەی بری: هیواشتر ئیڤان نیکولایوڤچ خۆلە دەشتی ڤۆلچییەو ڤرۆتا نین!

ئیڤان نیکولایوڤچ وەکو مندالّیکی بچکولە لە شەرمەزاریدا سەری داخست و گوتی:



چی بکەم هاورێ لادو! دەنگم گەورەیە، هەرچی دەکەم کە بە هیواشی قسان بکەم دەنگم هەر بەرزە.

کە ئەم دان پیدانانە پڕ راستگۆیانەیەی ئیڤان یان ژنەوت، زەردەخەنەیان هاتێ، پیوتر چونیاتوف بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ئیڤان نیکولایوڤچ! با لە مەیدانی خەباتدا دەنگت گەورە بێ، رۆژانی خەباتی راستەقینە لە ئیستا بە دواوە دەست پیدەکات، مانگرتنی کانەکانی شیبایف سەرناکەوێ، چونکە رۆژگاری داواکارییە ئابورییەکان بەسەر چووە، هاورێ لینین ئامۆژگاریمان دەکات کە نابێ تەنیا لە سنووری تەسکی داواکارییە ئابورییەکاندا بوەستین، بەلّکو دەبێ داواکارییە سیاسییەکانیش بکەین بە خەم. پیویستە ئامانجمان روخانی رژیمی سەرمایەداری و بنکەکانی بێ، واتە روخانی دیکتاتۆریەتی تزار و هەلّکردنی ئالّای سوشیالیزم بێ.

پیوتر لە هەموویانی پرسی: چ پیشنیازیکتان هەیە؟

لادو هاتە قسان: ئیڤان نیکولایوڤچ پتروف، پیوتر چونیاتوف، غولام! من پیشنیاز دەکەم، بۆ ئەوەی مانگرتنی کانەکانی شیبایف بە دروستی بڕوات پیویستە نوینەرانی کومیتەی باکۆ * (مەبەست لقی حیزب یان ریکخستنە) دەست پێ بکەین. ئاخۆ ئەندامانی کومیتەی باکۆ پیشنیازەکەم پەسەند دەکەن؟ بوگدان تۆ چ دەلّیی؟

بوگدان کە بەرانبەر لادو دانیشتبوو، و بە هیمنی گویی لە قسەی هاوڕیکانی دەگرت، بە ئەسپایی گوتی:

– بەڕای من، هاوڕییان پتروف، چونیاتوف، غولّام لە جوملەی ئەو هاوڕییانەن کە بناغەی حیزبی سوشیال دیموکراتی باکۆیان دارشتووە، چالاکترین و ناسراوترین ئەندامانی کومیتەی باکۆن، مەبەستم ئەمەیە کە هاوڕییان زۆر ورد بن لەو رۆلّەدا کە لە خەباتی شۆڕشگیرانەدا هەیانە و بە دروستی ئەرکی سەرشانیان ئەنجام بدەن. ئیستا کە هەر خۆمانین و بیگانە و خۆفرۆشمان تیدا نییە، پیشنیاز دەکەم ئەگەر رازین من سبەینێ بۆ کانەکانی شیبایف بڕۆم.

بوگدان بیدەنگی هاوڕییانی بە رازی بوون لە قەلّەم دا، رووی کردە کابرای ردین توپ و چاو و برۆ رەش و گوتی: تۆ چ دەلّیی «ددوشکا»* (لە روسی دا بە واتای بابە گەورە دیت).

ئەو ملیک ملیکانتسی ئەندامی کۆمیتەی باکۆ بوو، ملیک بە زەردەخەنەوە وەلّامی دایەوە:

– ددوشکا بیری نەوەکانی بەگەن دەکات، پیویستە لە بری قسان دەست بەکار بکرێ، پیویستە گەنجەکان بخەینە گەڕ.

لادو بە خوین گەرمییەوە گوتی:

– هاورێ ملیکانتس راست دەکات، ئایندە بۆ ئەو گەنجانەیە.

ئیڤان نیکولایوڤچ قسەکەی لادوی بڕی و بە زەردەخەنەوە گوتی:

– وەک بلّیی خۆتان زۆر پیر بن! هیچ یەکیکتان بیست و یان بیست پینج سالّ پتر نین، بەلّام ئەوەندە پڕ جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕن کە جۆش و خروش بە ئیمەی

پیریش دەبەخشن.

لادو گوتی: ویڕای ئەمەش، ئیمە خۆمان لە جوملەی شۆڕشگیڕانی قالبووی بوتەی تەجرەبە حسیب دەکەین، باسی ئەوەمان دەکرد کە هیزی تازە نەفەس بینینە ناو ریزەکانی خەباتی شۆرشگیڕانەی چینی کریکاران و پتر بایەخ بە گەنجان بدەین.

بوگدان کنونیاتنس هەڵی دایێ: لەم بارەیەوە توانا و بەهرەیەکی زۆر لە کانەکانی شیبایف دا هەیە، بەتایبەتی ئەژدەر من زۆرم خۆش دەوێ، پیوتریش چاکی دەناسیت، بە رای من کاتی ئەوە هاتووە ئەژدەر بهینیریتە ریزی کۆمەڵەی مارکسیستییەوە و ئەرکی گرنگی پێ بسپیردرێ، دەستی ئیڤان نیکولایوفچ خۆش بێ، شاگردی چاکی پەروەردە کردووە.

هەموو سەیری پترۆڤ یان کرد. ئیڤان نیکولایوفچ پترۆڤ بەسەر بەرزییەوە گوتی: ئەژدەر لە جیی کوڕمە، کە ئیوە ستایشی دەکەن وەکو باوکیک شاد دەبم.

ریک لەم کاتەدا دەنگی کۆکەیەک لە کۆڵانەکەوە هات، بیدەنگییەکی قوڵ باڵی بەسەر ژیر زەمینەکەدا کیشا. لادو کتسفوڤلی هەستایە سەر پێ و بە ئەسپایی گوتی:

– بیگومان کەسیک لە ریکخراوی تەفلیسەوە هاتۆتە دیدەنیمان، وەستانی لە دەرێ را باش نییە. بەیارمەتیتان لیرەدا کۆتایی بە کۆبوونەوەی ئەوڕۆمان دینین و بڵاوەی لێ دەکەین. من لەگەڵ میوانەکەماندا قسان دەکەم و سبەی ئەنجامەکەیتان پێ رادەگەینم، ئیوە ئەمە یەکەم جارتانە کە دینە ئیرە، بەڵام بوگدان و ئیڤان شارەزان. بمینن.. لیرەوە– دەرگایەکی ئاسنی مەحکەمی پێ نیشان دان– ئەم دەرگایە دەچیتە سەر کاروانسەراکەی تەکمان و لەو دیوە ریگا بۆ شەقامیکی دی هەیە، چونکە شەو تاکو بەیانی کۆڕی عەیش و نۆش لەم کاروانسەرایەدا بەرپایە، هاتوچۆی شەوانە بۆ ژیر زەمینەکە سەرنجی کەس راناکیشیت، ئیڤان نیکولایوفچ رێ نوینینتان دەکات، یەک یەک بڵاوەی لێ بکەن، بوگدان لە دوای هەمووتان بڕوات و دەرگاکە لە پاش خۆی دابخات. دانیشتووان پاش قسەکانی لادو کە لە خەباتی ژیر زەمینی دا مامۆستایەکی تەواو بوو– هەستان. دەستی یەکیان گوشی. لادو چراکەی هەڵگرت، لە سوچیکی ژیرزەمینەکەدا داینا و کوژاندیەوە، هەر بەو تارییە و بێ ئەوەی پیی بەرشتی بکەوێ یان هەڵنووتێ بە ئەسپایی چوو بۆ ژوورەکەی تەنیشت و دەرگاکەی داخست. پەنجەرەیەک بە بن میچی ژیر زەمینەکەوە بوو کە بەسەر کۆڵانەکەدا دەکرایەوە. لادو لایەک لە پەنجەرەکەی کردەوە. بە وردی دیقەتی کۆڵانەکەیدا، بە ئەسپایی پەنجەرەکەی داخستەوە و گەڕایەوە. بە ئەسپایی بە پلەکاندا سەرکەوت. کە گەییەوە ژوورەکە سەرلە نوێ قالیچەکەی راخستەوە. ئەوجا چووە ژوورەکەی تەنیشت و چراکەی ئەویشی کوژاندەوە، لە ناوەندی ژوورەکەدا ویستا، چەند جاریک کۆکی. چاوەڕوان بوو.

یەک – دوو چرکە لەوەدوا، دەرگای ژوورەکە بە ئەسپایی کرایەوە و پیریژنەکە بە ئەسپایی گوتی:

– ریبوارەکە بۆ جاری دووەم هاتەوە، ئەمجارەیان پرسیاری دیتری پاشیویلی دەکات، بردمە ژوورەکەی دی، بە خۆت بینیت! ئاشنایە؟

– دیتم دایەگیان، دیتم، خۆمانەیە، بژی دایە، بەراستی بە تەنگمانەوەی!



– ئەدی چۆن رۆڵە، دوو کوڕم لە بیرە نەوتەکاندا مردن. تەنانەت لاشەکانیانم دەست نەکەوتەوە کە بە پیی دەستووری ئاییینی فەلان بیان نیژم، کوڕم، دژمنانی سەرمایەداران دوستی منن، برۆ ئەگەر خۆمانەیە با چاوەڕوان نەکات من چاییتان بۆ دەم دەدەم.

لادو گوتی: بژی دایە.

چوو بۆ ژوورەکەی تەنیشت، کە میوانەکەی بینی بە خۆشحاڵییەوە بەرەو پیری چوو: بەخیر هاتی ڤانۆ!

ڤانۆ کە لادوی بینی بە گورجی هەستا و باوەشیان بە یەکدی دا کرد. ڤانۆ گوتی:

– سێ مانگ پترە کە نەم دیویت– ئەم قسەیەی کرد و ئەوجا سەرنجی سەراپای دا– لەم ماوەیەدا زۆر لاواز بوویت.

لادو چراکەی گەش کرد، ڤانۆی دانا وگوتی:

– شەو و رۆژ لە چایخانەدا بەسەر دەبەین، لاواز بوونمان ئاساییە، پیویستە کارەکان پیش بکەون، بە دەم زەردەخەنەوە پرسی:

– هەواڵی تازە؟

– وەعز سەخت تر بووە، دەبێ زۆربەمان خۆ بشارنەوە. ئەدی ئیوە دەستان بە چاپی «بردزولا»* (Brdzola) (خەبات یەکەمین رۆژنامەی نهینی سوشیال دیموکراتەکانی گورجستانە کە بە هیممەتی ستالین و کتسفوڤلی بڵاو دەبووەوە.) کردەوە.

ڤانۆ پاش ئەم قسەیە کڵاوەکەی داکەند، ئەستەڕەکەی هەڵپچڕی و پارچە کاغەزیکی لێ دەرهینا و دای بە لادو:

– ئەمە سەر گوتاری ژمارە، یەکی (ستالین سەر گوتاری یەکەم ژمارەی بردزولای نووسی بوو.)بردزولایە. ئەم گوتارە بەرنامە و رەوتی کارەکانی داهاتووی ئیمە دیاری دەکات.

لادو کاغەزەکەی وەرگرت و بە وردی کەوتە خویندنەوەی.

## 2

ئیڤان بەر لەهەموویان لە ژێرزەمینەکە دەرچوو، وەکو خەڵکانیکی مەست بە لەتردان بە حەوشەی کاروانسەراکەدا تێپەڕی. بەدەم نەرمە گۆرانییەوە گەیبیە دەوروبەری ریگای ئاسن. لە شەقامی «تلفوننی» بییەوە بەریی خۆیدا گەڕایەوە.

لەو رۆژانەدا «تلفوننی» پڕ بوو لە خانووبەرەی نوێ. لەگەڵ فراوان بوونی باکۆدا خەڵکی پتر پیویستیان بە خانوو دەبوو، خاوەن خانووەکان سوودیان لەم وەزعە وەردەگرت و پارەی مولّیان دەخستە تەنەکەی باخەڵ.

ئیڤان نیکولایوڤچ بێ ئەوەی سەرنجی کەس رابکیشیت بە سەلامەتی لە شەقامی «تلفوننی» رەت بوو، مالیان لە شەقامی «بازار» بوو، وەختی لە شەقامی «ئازیاتسکی» تیپەڕی و خەریک بوو لە مالّی خۆیان نزیک دەبووەوە، تووشی پاسەوانیک بوو.

– زەلام کییی؟ راوەستە بزانم.

ئیڤان ویستا، پشتی بە دیواریکەوە دا. چاویکی بەو ناوەدا گیرا. وەک چۆن شتیکی لە نیو دەستا بێ و نەیەڵێ بکەوێ. بەو چەشنە مستی لە نیو گیرفانی دا گرموّلە کرد.

پۆلیسەکە لەوبەری شەقامەکەوە، بە دەنگیکی گر پرسی:

– تۆ کییی قسە بکە.

پترۆڤ بە ئانقەست دوو سێ جاران کۆکی و چ قسەیەکی نەکرد، ئەو ناوەی دایە بەر زەین و دزە نیگا، بیری لەوە دەکردەوە کە لە کاتی پیویستدا بە چ لایەک دا هەڵێ.

لەپڕ ئەوەی بە بیرا هات کە رەنگە چەند سەعاتیک بێ تاقیبی بکەن و لەوانەیە بە مەزەندە بزانن لە کویوە دیت.

پترۆڤ بست بە بەستی هەموو ئەم شەقامانە شارەزابوو، دەتوانێ لەکاتی پیویستدا را بکات، ئەم خەیالانە بوونە مایەی ئەوەی کە بیدەنگییەکی تیژ تیپەڕ باڵ بەسەر ئەو ناوەدا بکیشیت، پاسەوانەکە لە بیدەنگییەکەی پەست بوو بوو، نەڕاندی:

– بەڵێ بزانم کییی؟

پترۆڤ بە دەنگیکی گڕ گوتی: من، ئەلکسی،

پاسەوانەکە بە سەرسامییەوە پرسی: ئەلکسی؟

بە خشە خشە پوستال لە شەقامەکە پەڕییەوە و لەبەردەم ئیڤان دا ویستا:

– کام ئەلسکی؟

پترۆڤ کەمیک هیور بۆوە. دەستی لە گیرفانی دەرهینا و زۆر ئاسایی گوتی: ئەلکسی، ئەلسکی، لە مەیخانە دیمەوە، ببوورە تۆزیک درەنگ هەستاوم.

ئیڤان بە جۆری قسانی دەکرد، وەک بلّیی کەمیک دەترسیت.

پاسەوانەکە بە توڕییەوە پیی بە زەویا کوتاو نەڕاندی: من ئەلکسی و مەلکسی نازانم. بگەڕیوە.. نابێ لەویوە بڕۆیت، ریگا گیراوە.



– یانی چی؟ ئاخر من مالّم لەویوەیە. دەبێ بچمەوە بۆ مالّی خۆم.

– نەخیر نابیت، بگەڕیوە.. بگەڕیوە.. ئەگینا دەتبەم و دەتخەمە عەمارەوە و ئەوسا ناچار دەبێ شەو لەگەڵ مشکاندا رۆژ بکەیتەوە.

ئیڤان کە بینی پاسەوانەکە توڕەیە، قیروسیای کرد، یەک «منات»ی* (پارەیەکی سەردەمی روسیای تزاریە)ی لە گیرفانی دەرهینا و و خستییە دەستی پاسەوانەکەوە و بە ئەسپایی گوتی:

– کارتی رەت بوونم هەیە... بزانە.. باش تەماشای بکە، نشانیە خودی پاشای پیوەیە، پاسەوانەکە کە چاوی بە پارە کەوت، سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد، بۆ ئەوەی کلاوی نەچیتە سەر ئاگری جگەرەکەی لە پارەکە نزیک کردەوە و ئەم دیو و ئەو دیوی کرد و ئەوجا گوتی: ئەگەر زووتر بتگوتایە رەهام دەکردیت، .. بەڵام.. بەهەر حالّ پەلە بکە، دیسان نەکەویتە تەڵەوە لەو لاوە ئەمنەکان.* (لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی تزاری دا، ئەمن رۆڵی هەرە گەورەیان لە بە گژاچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگیڕی زەحمەتکیشاندا دەبینی.) مالّیکیان گەمارۆ داوە.

پاسەوانەکە بە توندی پۆستاڵەکانی بە زەویدا کوتاو کەوتە رێ، ئیڤان کەوتە بیرکردنەوە. دوو دڵ بوو. نایزانی بڕواتەوە بۆ مالّ یان نا؟ کێ دەڵێ مالّەکەی ئەویان ئابلّوقە نەداوە. بەڵام ناچاربوو مل بداتە خەت، ئەگەر بگەڕایەتەوە، پاسەوانەکە گومانی لێ دەکرد، بە پەلە بەرەو مالّ کەوتە رێ، تۆزێ شپرزە بوو، بینینی پاسەوانەکە لە زەوقی دا، کە لە لە مالّ نزیک بوەوە، دوو ئەمنی بینی لە ژیر روناکی چرای سەر کۆلانەکەدا ویستا بوون، گومان بەسەریا زالّ بوو بوو. بەڵام چ چاریکی نەبوو. چونکە تازە ئەمنەکان گوییان لە دەنگی پیی بووبوو. بۆیە بە هیچ کلۆجی بیری لە گەڕانەوە نەکردەوە. نەشی توانی بچیتە ئەوبەری شەقامەکە، نەیدەزانی چ دەقەومێ. خۆ ئەگەر بۆ ئەو هاتبن نابێ بەم ئاسانییە خۆی بەدەستەوە بدات.

بەلارە لار بەتەک ئەمنەکاندا رەت بوو. لە پیچی کۆلانەکەوە ئاوڕیکی دایەوە، ئەمنەکان چاویان بڕی بووە خانوویەکی بەرانبەر و گوییان بەو نەدا، ئیڤان بۆی دەرکەوت کە مامورەکان کاریان بە مالّی دراوسییەکیان هەیە، تەماشایەکی ئەوبەری کرد، هەرچەند کات لە نیوەشەو تیپەڕی بوو، بەڵام هیشتا چرای نهومی دووەمی خانووەکە رۆشن بوو. ئیڤان لەمە حالّی دەبوو، بیگومان پیاوانی دەوڵەت خانووەکە دەپشکنن، بە بێ خشپە و سووک دەرگای کردەوە و چووە حەوشەوە. دنیا ئەوەندە تاریک بوو، تا ماوەیەک هیچی نەبینی، ئەوجا رووی کردە جووتێ سیبەر کە لە ژوورەوە هاتنە دەرێ. دەنگیک لە تاریکییەوە: باوە!...

– ڤانیا !... تۆیت!

ئیڤان نیکۆلایوڤچ بە ئەسپایی گوتی: بەڵێ، منم.

– ڤانیا، بەم شەوە درەنگە لە کوێ بووی؟ دڵمان لەلای تۆ بوو.

ئیڤان نیکولایوفچ نزیکتر بووەوە، دەستی ژنەکەی گرت و بە ئەسپایی گوتی:

– ماریا، چوو بووینە سەردانی هاورییەکی نەخۆشمان، ئەوە ئەمن لە کۆلانەکەدا هەن، چی بووە؟

له بری ماریا، «ورا»ی کیژی به پەشۆکاوییەوە وەڵامی دایەوە:

– ماڵی هاو ماڵە پیرەکەمان دەپشکنن باوکە. ئامینە لە پەنجەرەکەی خۆیانەوە، ئەو پەنجەرەیەی کە دەڕوانیتە سەر حەوشەکەی ئیمە پیی گوتم.

لە پەنجەرەکەی ئەوانەوە ماڵی پیرەمیردەکە بە تەواوی دیارە دەڵین گوایە کتیبی یاساغ دەخوینیتەوە. ئیڤان لەبن لیوانەوە گوتی: وەکو سەگ بۆن دەکەن دەیانەوێ هەر شوینی بە ئاستەم تروسکەی لیوە بێ بیکەن بە تاریکستان.

ورا بە ئەسپایی گوتی: باوکە، با بچینە ژوورەوە، قسەم پیتە.

ئیڤان کە چ ئاگایەکی لە چەند و چونی مەسەلەکە نەبوو، ئاوری لێ دانەوە و بەسەر سامی تەماشای کردن، ماریا ڤاسیلیوفنا دەستی شووەکەی گرت و رایکیشایە ژوورەوە.

– ڤانیا! وەرە ژوورێ، ئەمە مەسەلەیەک نییە لە دەرەوەدا باس بکرێ.

چوونە ژوورە بچکولەکەوە، ژوورەوە لە دەرێ فینک تر بوو، چرایەکی نەوتی کە لە سەر کۆنە میزیکی ناوەندی ژوورەکە دانرابوو، روناکییەکی کزی پەخش دەکردەوە. کۆمەدییەکی شکاو، تەختیک کە شڕە لیفەیەکی بە سەرەوە بوو، خاولییەک بە دیوارەکەوە هەڵوسرابوو، گەواهی هەژاری ئەم خیزانەیان دەدا.

ئیڤان دەرگاکەی داخست، ئەوجا بە پەشۆکاوی پرسی: چی بووە؟ قسان بکەن.

ماریا ڤاسلیموفنا، کراسە کۆن و تەرەکەی لە میردەکەی وەرگرت و کردی بە سنگیک دا.

– ورا تۆ قسان بکە، من جیگاکەی بابت چاک دەکەم.

ئیڤان رووی کردە ژنەکەی و گوتی: ماریا لە نیو حەوشەدا و لە ژیر درەختەکەدا جیگاکەم بۆ چاک بکە.

ورا بە دەنگی نزم و خیرا خیرا کەوتە قسان:

– گویم لە شەقەی دەرگای دراوسیکەمان بوو کە بە بەرد و بە شەق لییان دەدا. کە چوومە کۆڵان دیتم ئەمنەکان دەرگای حەوشەیان شکاندووە و رژاونەتە ژوورەوە، ئامینە لە پەنجەرەی سەردەرگاکەوە ئیشارەتی بۆ کردم، دوو کتیبی دامێ و بە ناوی پیرەمیردەکەوە تکای لێ کردم کە وەیان شیرم. منیش وەرم گرتن و هینامن و شاردمنەوە.

ورا هەستا، دوو کتیبی لە کەنتورە کاڵەوە بووەکە دا دەرهینا و دانی بە بابی، ئیڤان کتیبەکانی وەرگرت، بە وردی سەرنجی دان. لاپەڕەی یەکەمی یەکیکیان نەمابوو، دیار نەبوو چ کتیبیکە. کە کتیبی دووەمیانی هەڵگرت، خیرا ناونیشانەکەی خویندەوە و بە هەڵچوونەوە گوتی: ئەم پیرە میردە «مانیفستی کومونیست» دەخویندەوە!

ورا پرسی: باوکە کتیبیکی چاکە؟ منیش دەتوانم بیخوینمەوە؟

ئیڤان بەریزەوە کتیبەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

– کیژم ئەم کتیبە بۆ ئیمەی کریکار نووسراوە! پیویستە هەموو کریکاریک ئەم کتیبە بکات بە ریبەر لە خەباتی ئازادی خوازانەی خۆیدا.

لە پڕو بەپەلە کتیبەکانی هەڵگرتن وگوتی:



– پیویستە چاک بیان شارینەوە، ئەگینا...

بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات، هەستاو لە ژوورەکە چووە دەرێ، لە دەرەوە دنیا تاریکتر بوو، لە کۆڵانەکەوە دەنگی پێ و قسە کردن دەهات. ئیڤان بە لەپە کوتێ لە درەختەکە نزیک بووەوە، لە پەنای دیوارەکەدا بیلیکی هەڵگرت و بە ئەسپایی کەوتە هەڵکۆڵینی ژیر درەختەکە، کتیبەکانی لە دەستە سریکەوە پیچان وخستنییە چاڵەکەوە و گڵەکەی بە سەرا دانەوە. گەڕایەوە ژووری، بە ژنەکەی، کە خەریک بوو نانی وشک و پەنیری بۆ دادەنا، گوت: ماریا هیچ ناخۆم، لە ژیر درەختەکە جیگام بۆ چاک بکە. بەیانیش زووتر بیدارم بکەوە.

ماریا بە وردی سەرنجی شووەکەیدا و پرسی: ئەدی کتیبەکانت چ لیکردن؟

– شاردمنەوە.

ماریا بە دەم سەر لەقاندنەوە رووی کردە کچەکەی و گوتی:

– کیژم ئاقیبەت بەم خەم ساردییەت بە لایەکمان بەسەردا دینی، لەویوە ئەمن و خەفییە ماڵ دەپشکنن و تۆش ئەو کتیبانەت یەکراست هینانە ماڵەوە...

ئیڤان ژنەکەی هیور کردەوە و گوتی: ماریا قەیدی نییە. وریایی چاکە بەڵام یارمەتی دانی کابرایەک کە ئەمن رۆژی حەشریان لە ماڵەکەی دا بەرپاکردووە واجبترە. بەستەزمانە هەفتەیەک نابێ هاتۆتەباکۆ، بێ شەڕەفانە دەم و دەست تاقیبیان کردووە. کێ چوزانێ رەنگە لە شاریکی دیدا چالاکی شۆڕشگیڕانەی بووبێ و لەوێ رای کردبێ، بیگومان «ورا» یان نەدیتوە ئەگینا هەمان بەڵایان بەسەر ئیمەشدا دەهینا.

ماریا جیگای شووەکەی لە ژیر درەختەکەدا چاک کرد. ئیڤان لەسەر جیگاکەی راکشا و ماوەیەک گویی بۆ دەنگە دەنگی نیو کۆڵانەکە گرت، هەرچەندە شەو لە نیوە تیپەڕی بوو، لێ خەو نەی دەبردەوە.

ئەستیرەکان دەتگوت پیکەوە وازی دەکەن، رەنگی ئاسمان بەرە بەرە دەگۆڕا، ئەستیرەکان کەم جریوەتر دەبوون. بەیان نزیک بوو بووەوە.

کە دەنگە دەنگ نەما، ئیڤان کەوتە بیرکردنەوە: «بیگومان تەواو بوون» تۆ بڵیی پیرەمیردەکەیان بردبێ؟

گویی بۆ دەنگە پچرپچرەکان شل دەکرد.

ئەمە جاری دووەم بوو کە ئەو «مانیفیستی کۆمۆنیستی» لە چنگی ئەمنەکان رزگار دەکرد.

ساڵی ١٨٩٦ بوو. ئیڤان نیکولایوفچ پترۆف، لە بی بی هەیبەت، لە کانەکانی مانتاشف دا کاری دەکرد، چ کەسیک نایزانی ئەم پیاوە باڵا بەرزە، ناوشان پانە قژ رەشە، چاو کاڵە قۆزە کویندەرییە و لە کویوە هاتووە، پانزە ساڵ لەمەوبەر، کاتێ هاتە ئەم ناوە و ریی کەوتە کانەکانی سابونچی و سوراخانی و بی بی هیبت، ورای کیژی سێ ساڵان بوو، لە هەموو بەشەکانی پیشەسازی نەوتا کاری کردبوو، زۆر شارەزا بوو. زۆربەی ئەو کریکارانەی کە ناوو شورەتیان نازانی بە «ڤانچکا» گازیان دەکرد، دەنگی گڕ و دلیری ئەو لە کانە دوورەکاندا دەنگی دەدایەوە و دەبیسترا.

هەموو کاتێ ئەم رستانە بەسەر زاری کریکارەکانەوە بوو: «ئەوە دەنگی ڤانچکایە»،

« با بزانین ڤانچکا چ دەڵێ» ، « پیویستە راویژ بە ڤانچکا بکەین» ئەو دەمانە ریکخراویکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو کە بتوانێ ریبەری بزووتنەوەی کریکارانی باکۆ بکات، تەنیا ئەوە بوو کە کەسانی شۆڕشگێڕی ئیڤان ئاسایی جار جارە کریکارەکانیان هان دەدا و بۆ دوو سێ رۆژیک مانیان دەگرت، بەڵام زوو دادەمرکایەوە. هەندێ داواکاری ئابوریان دەختستە روو، زۆر جاریش لەلایەن سەرمایەدارانەوە رەفز دەکرا و مانگرتنەکە پوچەڵ دەبوەوە.

ساڵی ١٩٨٦ بوو لە کانەکانی بی بی هیبت دا کریکاریک لە ناو بیریکی شەست مەتریدا و لە ئەنجامی فوارەی کوت و پڕی گازەوە خنکا، کریکاران کوڕیکی فراوانیان لە سەر تەرمەکەی گرت. پاشان هەموو ئەو کریکارانەی لەم کۆڕەدا بەشداریان کرد دەرکران، ئیڤانیش لە دەرکراوەکان بوو.

مانگی مایس بوو، هەوا خۆش بوو، ئیڤان بەیانیەکی زوو لە گەڵ ژن و کیژەکەیدا چوو بۆ دەشت، ئەوسا ماڵیان لە گەڕەکی بائیل بوو. دوورکەوتنەوە لە زنجە دوکەڵاوی و شیدار و بۆن نەوت گرتوەکانی کریکاران و روو کردنە دەشت و هەتاو هەوای پاک و ئازاد، ئەندامانی خیزانەکەی، هەرچەند بە شیوەیەکی کاتی بوو، خۆشحاڵ دەکرد.

دەشتی وشک و برینگ، گیای وشکەوە بوو لە هەر چوار لاوە دەوری باکۆی دابوو، بەڵام لە هەندێ شوینا نا و بە ناو پەڵە گیای سەوز دەبینرا، ئیڤان لەگەڵ ژن و کیژەکەی دا لە جییەکی وادا دانیشتبوون، خیزانی دیش لەو ناوە هەبوون. ئەمەی کە دەیگیرینەوە هەرچەند بۆ پینج ساڵ لەمەو پیش دەگەڕیتەوە بەڵام ڤانیا پترۆفی ئەو سالانە زۆر جیاوازە لە ئیڤان نیکولایوفچی ئەوڕۆکە، ئەوسا هیشتا داوی سپی نەکەوتبوونە سەری و تین و تاوی گەنجی پێ مابوو، لە ماوەی ئەم پینج ساڵەدا دوو جاران حەپسی، تاقیبی بەردەوامی پۆلیس، بیکاری و برسیتی ئەو و ماریای زووتر لە رادەی ئاسایی پیر کردبوو.

ریک لەو کاتەدا کە ئیڤان و خیزانەکەی خەریک بوو بەرەو ماڵ بگەڕینەوە، دوو سێ کریکار لەو لای گردەکەوە پەیدا بوون، هەرکە ئیڤانیان بینی گازیان کرد: ئیڤان.. منداڵەکان بنیرەوە بۆ ماڵ و خۆت وەرە بۆ ئیرە.

– هەنووکە دیم.

ماریا نیگایەکی پاڕانەوە ئامیزی تیبڕی.

– ڤانیا، ئەوانە دەیانەوێ عارەق بخۆنەوە مەڕۆ، لە بەیانییەوە هیچت نەخواردووە ئەگەر بخۆیتەوە زوو مەست دەبی.

وراش خۆی بە باوکی دا هەڵواسی و بە ئەسپایی گوتی:

– بابە با بڕۆینەوە، بە خۆت دەڵیی تاڵە و کەچی دەش خۆیتەوە، ئاخر بۆ؟

ئیڤان دەستی سۆزی بە قژی ورا داهینا و گوتی:

– کیژم، بەڵینت دەدەمێ کە نەخۆمەوە، ئیوە بڕۆنەوە، منیش زوو دیمەوە، رووی کردە ژنەکەی و گوتی:

– ماریا. خۆت باش دەزانی من حەز لە مەست بوون ناکەم، ئەوانەش وەکو من لەکار دەکراون و دەیانەوێ کەمیک داخی دڵی خۆیان هەڵریژن..



ئیڤان لەوان جیا بۆوە. بە گردەکەدا هەڵگەڕا، چوار کەسی بینی کە لە دەوری یەکدی دانیشتبوون، پارچە نانیک و کەمێ پیواز و قاپێ عارەقیان لەبەردەم دابوو، سێ کەسیانی باش دەناسی، دوانیان روس و یەکیکیان ئەرمەنی بوو. چوارەمیان گەنجیکی ١٩–٢٠ ساڵان بوو، بۆ یەکەمجار ئەم گەنجەی دەبینی، یەک یەک تەوقەی لەگەڵدا کردن و لە تەکیاندا دانیشت. چاویکی بە سفرەکەدا خشاند و بە سەرسامی پرسی: هیشتا سەری قاپەکەتان هەڵنەپچڕیوە؟ چاوەڕیی من بوون یان دڵتان نەهات بیخۆنەوە؟

یەکیک لە کریکارەکان وەڵامی دایەوە:

–ئەم گەنجە هیندە بەتام و لەزەت قسان دەکات، پیاو عارەقی بیر نامینێ. ئەوجا رووی کردە گەنجەکە و گوتی:

– قسان بکە پیوتر! ڤانیا لە خۆمانە.

پیوتر بە شەرمەوە نیگایەکی ئیڤانی کرد و بە زەردەخەنەوە گوتی:

– من گەلیک شتم دەربارەی ئیڤان پترۆف، دەربارەی ڤانچکا ژنەوتووە، لە دوورەوە دەیناسم.

ئیڤان نیکولایوفچ تەماشایەکی کرد و پیکەنی: نەبێ بەو قسەیەی کە «دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە!»

ئیڤان پاش ئەوەی خۆشی بەم پەندە پیکەنی، گوتی: چاکە، فەرموو قسەکەتان بکە، بزانم مەسەلە چییە؟

یەکیک لە کریکارە پیرەکان وەڵامی دایەوە: ئیڤان، سەیری ئەوە مەکە پیوتر گەنجە! گەلیک خویندەوارە! گەلێ کتیبی چاکی هەیە، ئیستاش دانەیەکی پییە، پیوترکوانی با سەیری بکەین.

پیوتر سەیریکی ئەو ناوەی کرد، بە ئەسپایی گوتی:

– ئاخر خەڵکی دیارن، باش نییە.

– کەواتە با بچینە شوینیکی دی.

قاپە عارەقەکەیان هەڵگرت. بە گردەکەدا دا گەڕان، دوور لە خەڵکی و لە سیبەریکدا و لەسەر لمەکە دانیشتن، وەکو هەوەڵ کەڕەت نان و پیواز و عارەقەکەیان لە بەردەمی خۆیان دا دانا. بەڵام چ کەسیکیان دەستی بۆ نەبرد، هەموو بە تاسەوە چاویان بڕی بووە پیوتر.

پیوتر سنجاقیکی لە گیرفانی کۆنە چاکەتە رۆناوییەکەی دابوو، سنجاقەکەی کردەوە و نوشتێ کۆنە رۆژنامەی لە گیرفانی دەرهینا، کۆنە کتیبیکی لە نیو رۆژنامەکانەوە پێ نیشان دان، کتیبیکی قەوارە بچووکی بەرگ شین بوو، لەسەروی کتیبەکەوە ئەم رستەیە نووسرابوو: « لە بڵاوکراوەکانی سوشیال دیموکراتی روس» .

ئەم رستەیە سەرنجی ئیڤانی راکیشا، هەرچەند پیشتر بەیان و بڵاوکراوەی لەمەڕ بارودۆخی ناهەمواری کریکاران بینی بوو، بەڵام لەم چەشنە بڵاوکراوانە بێ ئاگا بوو، هەر بۆیەش دەم و دەست کتیبەکەی وەرگرت و ناونیشانەکەی خویندەوە: «مانیڤستی کۆمۆنیست، کار مارکس و فردریک ئەنگلز، ساڵی ١٨٤٧، وەرگیڕاو لە دەقی

ئەڵمانییەوە، لە گەڵ پیشەکی دانەراندا، کانوونی دووەم چاپخانەی روسیای ئازاد.»

کتیبەکە دەستا و دەستی کرد و گەیشتەوە دەستی پیوتر، پیوتر کە سەرنجی هاورێکانی بینی بە ئەسپایی گوتی: کریکاریکی پیری رووس، ناوەکەی نازانم ئەم کتیبەی دامێ، دەیگوت لە پیناوی ئازادی چینی کریکاردا دەبێ تیوری شۆڕش، واتە زانستی شۆڕشگیڕانەی بزووتنەوەی کریکاری بە قوڵی تێ بگەیت، ئەم کتیبە ریبازی بزووتنەوەی کریکاری روشن کردۆتەوە و بەرنامەکەی دیاری کردووە.

رەوانی قسە و بیری شۆڕشگیڕانەی پیوتر، بێ ئەندازە ئیڤانی خۆشحاڵ کرد، یەکەم جاری بوو ئەوە بژنەوێ کە بیری ئازادی چینی کریکار، بیریکی زانستییە، بۆیە کەمێ هاتە پیشەوە و پرسی: رۆڵە بخوینەوە بزانم چ دەڵێ:

پیوتر چاویکی بە هاورێکانی دا گیڕاو بە ئەسپایی گوتی:

– ناکرێ هەموو کتیبەکە لیرەدا بخوینمەوە، هەم ناکرێ و هەم خەتەریشە، دەبێ هەموو رستە وشەیەکی شەرح بکرێ، ئەگەر کاتتان هەیە شەممەی داهاتوو بین بۆ بالاخانی تا پیکەوە بیخوینینەوە، ئەوجا رووی کردە پترۆف و گوتی:

– ئەمان من دەناسن چونکە لە بالاخانی دا کاریان کردووە، بەلام تۆ نام ناسیت، من بە جونیاتوف ناسراوم، ئەگەر پرسیار بکەیت زنجەکەمانت نیشان دەدەن.

ئیڤان بە پەرۆشەوە گوتی: بەلای کەمەوە یەک رستەییەمان بۆ بخوینەوە، کۆتاییەکەیمان بۆ بخوینەوە.

– باشە.

پیوتر کتیبەکەی هەڵدایەوە، ئەم دیرانەی لە دوا لاپەڕەیدا خویندەوە:

« کۆمۆنیستەکان ئیدی شاردنەوەی تیوری و نیازی خۆیان بە پیویست نازانن، بە ئاشکرا دەڵێن ورای دەگەیەنن کە تەنیا لە ریگای سەرەنگون کردنی ریکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی تاکو ئیستا، لە ریگای زەبروزەنگی شۆڕشگیڕانەوە دەتوانن بە مەبەست و مەرامی خۆ بگەن. دەبا چینە دەسەڵاتدارەکان لە ترسی شۆڕشی کۆمۆنیستی بلەرزن، پرولیتاریا لەم شۆڕشەدا چ شتیک لە دەست نادەن تەنیا کۆت و زنجیرەکانی دەست و پییان نەبێ. بەلام تەواوی جیهان دەخەنە قازانجی خۆیانەوە.

کریکارانی جیهان یەکگرن.

ئیدی دەرفەتی خویندنەوەی کتیبەکە، تەنانەت هەڵدانەوەی لاپەڕەکانیشی نەما، لە سەرگردەکەوە تارماییەک دەرکەوت، تارماییەکە بە پەلە داگەڕاو لەوان نزیک بوەوە، یەکیک لە کریکارەکانی ناسی و بە ئەسپایی گوتی:

– قیرسیچمە خەریکە بۆ ئیرە دیت.

هەموو بەم قسەیە داچلەکین بە پەلە سەری قاپە عارەقەکەیان هەڵپچڕی و پیکەکانیان پڕ کرد.

پیوتر بە شپرزەییەوە گوتی: بە دوای مندا دەگەڕێ، چی لەم کتیبە بکەم، ئەگەر لە گیرفانم دا بێ خەتەرە، لەوانەیە بم پشکنێ.

تەماشایەکی یەکدیان کرد. ئیڤان سەری لە پیوتر نزیک کردەوە و بە ئەسپایی گوتی: بیدە بە من، رۆژی یەک شەممە لەگەڵ خۆما دەیهینم بۆ بالاخانی.



پیوتر کتیبەکەی دایێ، ئیڤان کتیبەکەی لەنیو پوتەکانی دا شاردەوە و لاقەکانی کۆ کردەوە.

– ئەگەر روحیان گرتم، ئەوجا دەتوانن کتیبەکەش بگرن.

«قیرسچمە» لە نیو گشت کریکارانی بالاخانی و بی بی هیبت دا ناسرا بوو، کارو پیشەی ئەمە بوو کە بە نیو کریکارەکاندا دەسوڕایەوە و قسەی شۆڕشگیڕانەی دەکرد. خوا خوای بوو یەکیک قسەکانی بسەلمینێ و بڵێ «بەڵێ» ئەوسا یەکراست ناوی بە خاوەن کارخانەیان بە پۆلیس دەدا، کابرایەکی لاوازی دەموچاو قوپای چرولوچی کورتە بالا بوو.

کاتێ کابرای خەفی بە قوڵ بادان نزیکتر بووەوە، زەردەخەنەیەکی دەستکردی کرد. ئیڤان پیکە عارەقەکەی هەڵبڕی و بە دەنگی بەرز گوتی:

– بە سەلامەتی ژن و منداڵەکانمان...

«قیرسیچمە» بە دەنگیکی زیقنی ژنانە هاواری کرد:

– راوەستن.. راوەستن.. مەخۆنەوە.

بە هانکە هانک خۆی گەیاندە سەر سفرەکە و دانیشت. بە دەنگیکی ئەوتۆ کە دەتگوت زۆر لە میژە دۆستی نزیکی هەموویانە، گوتی:

– ئای لەوە! ئەدی پەرداخەکەی من کوا.. چۆن بە بێ من پیتان دەخوریتەوە؟

ئیڤان پیکەکەی خۆی بۆ دریژکرد

– بگرە... من خواردومەتەوە...تۆش ئەمەیان بخۆرەوە.

«قیرسیچمە» نیگا فیلاوییەکانی تێ بڕی و گوتی:

– ئای ڤانچکا، ڤانچکا! ئیوە بۆ عارەق خواردنەوە بۆ ئیرە نەهاتوون، کەستان لە مەست ناچن. ئەم گەنجە- ئیشارەتی بۆ پیوتر کرد- پیوترە، من لە بالاخانی دا دیومە..

کتیب و رۆژنامەی چاکی هەیە کە هەمووی دژی شا وئاغا نوسراوە، وەرن با لە بری عارەق خواردنەوە، کتیب بخوینینەوە تاکو بیرمان روناک بیتەوە.

ئیڤان پیکەکەی هەڵدا.

– بزانە «قیرسیچمە» – هەموو کەسیک بە بێ شەرم بەم ناوە گازیان دەکرد- تۆ ئەمرۆ نیازی راوت هەیە، بەلام ناتوانی چ شتیک لە ئیمە هەڵکرینێ، ئیمە بۆ قسەی زل بۆ ئیرە نەهاتووین، هاتووین عارەق بخۆینەوە. هیچ شتیک لە عارەق چاکتر میشکی مرۆڤ ساف ناکات. یان عارەقەکەت بخۆرەوە یان هەستە و گۆڕت گوم بکە...

دەنگە هەڕەشە ئامیزەکەی ئیڤان قیرسیچمەی ترساند، دوو سێ چۆر عارەقی خواردەوە و هەستا، بێ ئەوەی گوێ بە قسەکانی ئیڤان بدات، خوا حافیزی کرد و رۆیی.

ئەو رۆژە، وەختێ پیوتر چونیاتوف بۆ ماڵ دەگەڕایەوە لە جادەی بالاخانی دا مەئموران تەواوی گیرفانەکانیان پشکنی، بەلام جگە لە چەند کۆنە رۆژنامەیەکی مولەت دراو چ شتیکی تریان نەدۆزی بووەوە.

ئیڤانیش کتیبەکەی وەکو بیلبیلەی چاو پاراست بوو، جاری لە بالاخانی و جارێ لە بی بی هیبت لەگەڵ هاوڕیکانیدا کۆ بوو بووەوە و مانیفیستەکەیان رستە بە رستە خویندبووەوە. ئەم بیرەوەریانە خەویان لە چاوی زراند بوو، نزیکی بەیانی ئەوجا خەوی لێ کەوتبوو. دوو سەعاتی پێ نەچوو بیداریان کردەوە. بە پەلە هەستا و خۆی ئامادە کرد کە بۆ کارخانە بڕوات.

لە پیریوە مانگرتنی کریکاران روو لە کزی بوو. نیوەی کریکاران گەڕابونەوە سەر کارەکانیان. دەبوایە ئەورۆ جلەوی ئەم پاشەکشییە بگیرێ، ئیڤان لەلایەن کۆمیتەی باکۆوە راسپاردرا بوو کە ئەم کارە ئەنجام بدات و جلەوی تیک شکانی مانگرتنەکە بگرێ.

ژن و کیژەکەی نان و چای بەیانیان دروست دەکرد، ورا بەر لە هەتاو کەوتن هەستا بوو، نیگەران بوو، حەزی دەکرد هەواڵیکی دراوسیکەیان بزانێ، دەیویست ئەنجامی پشکنینەکەی دوینێ شەو بزانێ، ئایا پیرەمیردەکەیان لەگەڵ خۆدا بردووە؟

چونکە تەنیا هەفتەیەک بوو ماڵی ئەو پیرەمیردە هاتبۆ ئەم گەڕەکە چ کەسیک نای ناسی، تەمەنی ٦٠ ساڵ پتر بوو، قژە دریژ و بالانەختێ چەماوەکەی رواڵەتی کەشیشی پێ دەبەخشی، تاقە شتێ کە سەرنجی خەڵکی گەرەکەکەی راکیشا بوو، ئەوە بوو لە کاتی ماڵ گواستنەوە دا یەک عارەبانەی پڕ لە کتیبی لەگەڵ خۆدا هینا بوو. هەڵبەتە ئەم شتە لە پۆلیس ون نابێ، چونکە هیندەی لە کتیب دەترسان، ئەوەندە لە دەمانچە و تفەنگ و بومبا ناترسان. ورا ئاقیبەت سوراخی تەواوی دراوسێ تازەرییەکانی کرد. نزیکی بەیانی کابرای پیرەمیردیان بە دوو عارەبانە کتیبەوە بردبوو. کەواتە ئەو پیرەمیردە جگە لە «مانیڤیستی کۆمۆنیست» کتیبی شۆڕشگیڕی تریشی هەبووە.

ئیڤان بە دەم چا خواردنەوە گویی لە قسەکانی ورا گرت، لە دڵەوە بە هۆشیاری کیژەکەی خۆشحاڵ بوو، هەڵبەتە کۆمەکی فیداکارانەی ورا و خیزانەکەیان بۆ دراوسێ شۆڕشگیڕەکەیان جیی سەرسوڕمان نەبوو، چونکە ئیڤان کیژەکەشی خۆی ئاسایی بە گیانی خەباتگیڕی پەروەردە کردبوو.

کە دەنگی بانگی بەیانی لە مزگەوتی «تازا پیر»ەوە بەرز بۆوە، ئیڤان هەستا، چاکەتە رۆناوییەکەی بە شانیادا و بەرەو ئاغ شار، بۆ کارخانەی شیبایف کەوتە رێ.



# 3

ئەو رۆژە لە کارخانەدا مانگرتنی گشتی راگەیەندرا، ئەژدەر سەری لە پەرەسەندنی کوت وپڕی مانگرتنەکە سوڕ دەما. ئەم رووداوە ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو بوو، تەنانەت نەیتوانی هۆیەکەشی بزانێ، تاکو ئەو رۆژە گەلیک جاران مانگرتن لە کارخانەکەدا رووی دابوو، بەڵام مانگرتووەکان هەرگیز وەکو ئەورۆ بە ئاشکرا و روو بەرووی کارخانەدارەکان گەرم نەبوو بوون.

ئیدی بەسە، وەک چۆن کاسە پڕ بێ لیی دەرژێ، رۆژێ دێ سەبری ئینسانیش دەسوێ، ئەگەر مانگرتن مەسەلەکان چارەسەر نەکات، دەبێ شۆڕش بکرێ.

شۆڕش لە پیناوی ئەوانەدا کە بە خۆڕایی فنیش کراون، شۆڕش دژی ١٢ سەعات کاری قورس وسەخت لەم دۆزەخە سامناکەدا، شۆڕش لەدژی کۆیلایەتی و ژیانی چون ئاژەڵی ئادەمیزاد.

کارخانەی بەناوبانگی میکانیکی شیبایف لە باکۆدا- لە ئاخ شار- بریتی بوو لە چەند کارگەیەک، دەروازەی ئەم کارگانە دەچوونە سەر حەوشیکی پڕ لە پارچە ئاسن و پۆلا و بەرد، حەوشەکە پڕ بوو لە کریکار، هیچ بەشیک کاری نەدەکرد، دەرگاکان لەسەر گازی پشت بوو.

زۆربەی جار مانگرتنەکان بەم جۆرە دەستی پیدەکرد، کریکاران لە حەوشەدا خڕ دەبوونەوە، نوینەری خۆیان بۆ لای شیبایف دەنارد و دەیانگوت: با «ئاغای یەکلاق بیتە بەر دەرگا دوو سێ قسانمان لە گەڵی دا هەیە.»

شیبایفش هەندێ جار داخوازیە بچووکەکانیانی پەسەند دەکرد، بەڵام زۆربەی کات داخوازییەکانی رەفز دەکردن و جوابی لێ دەگیڕانەوە کە «یان بگەڕینەوە سەر کارەکانیان یان کارخانەکە دادەخەم،، بۆ کوێ دەچن با بچن، تاقە یەک پولیان بۆ زیاد ناکەم.»

لەم حالانەدا کۆمەڵیک بە ناچاری دەگەڕانەوە سەر کارو کۆمەڵیک دریژەیان بە مانگرتن دەدا و یان بە دەستە جەمعی دەچوون بۆ کارخانەیەکی دی. ئەژدەر ئەورۆش چاوەڕوانی هەمان شت بوو، ئەژدەر لە نیو کۆمەڵە کریکاریکدا، لە تەک ئیڤان نیکولایوڤچ ەوە کە بە ئەندازەی بابی خۆشی دەویست- ویستا بوو، لەپڕ هات و هاوار لە ریزەکانی پیشەوە هەستا. ئیڤان نیکولایوڤچ ون بوو.

ئەوجا گفتوگۆ و داد و هاواری پڕ لە قین بەرز بووەوە، حەشامەتەکە بەرەو دەرگای کارخانە کەوتنە رێ، لەم کاتەدا پاسەوانیکی دەمانچە بە دەست کە لە بەردەم لیشاوی کریکارەکان ویستا بوو، و دەیویست پیشینان بگرێ وەکو دەرختی بروسکە لێ داو لە سەرە ئەرزەکە تەخت بوو. حەشامەتەکە وەکو دەریای هەڵچوو بەرەو مەیدانی بەردەم کارخانەکە داکشان.

ئەژدەر هەرچەندە چ ئاگایەکی لەسەر چاوەی ئەم لیشاوە تورەیە نەبوو. لەگەڵ ئەوانا دەچووە پیشەوە.

چونیاتوف لە پیشی پیشەوە بوو. ئەژدەر بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر چونیاتوف بەم شیوەیە بڕوات تیکڕای کریکارەکان دوای دەکەون، چونکە متمانە و باوەڕیان پییەتی، ئەدی ئەوە پیاوە، ئەوەی شان بەشانی پیوتر دەڕوات، کییە؟ کەمیک دیقەتی دا، غولآم غولآمی کریکاری کارخانەی فاتیسوفی ناسیەوە، غولآم لەنیو تەواوی کریکارانی ئاخ شار و ئاراشاردا خۆشەویست بوو، ئەژدەر یەکەمجار، سالێ لەمەوبەر لە مالّی ئیڤان نیکولایوفچ دا غولآمی بینی بوو، بەلآم نایزانی ئەوڕۆ لیرەدا چی دەکات، لەپڕ بیری کەوتەوە کە کریکارانی کارخانەکانی ناوچەی «زاواغزالنایا» مانیان گرتووە، هەلّبەتە وەعزی ئەویش وەکو ئیرەیە. دیارە غولآم وەکو نوینەری زەحمەتکیشانی خاتیسوف بۆ ئیرە نیردراوە.

لیشاوی خەلّکەکە لە مەیدانە گەورەکەی بەردەم کارخانەکەدا ویستا، نووسینگەکەی شیبایف لەوێ دابوو، سەری حەشامەتەکە لەبەر نووسینگەکەدا بوو، تاکو ئەوڕۆ کەس زاتی نەکرد بوو لیرەدا کۆمەلّ ببن، هەموو کاتێ پاسەوانی تایبەتی هەبوو، ئەم نووسینگەیە وەکو تەلّە بوو بۆ گرتنی کریکارە شۆڕشگیڕەکان، بە قەولی ئەوان «ئاژاوە چییەکان» ئەوەندە بەس بوو یەک وشەی ناڕەزایی لە دەمی کریکاریکەوە دەربچێ تا بە تۆمەتی جنیودان بە جەنابی نیکولای خاوەن شکۆ ڕەوانەی زیندان یان سیبریا بکرێ، کەچی ئەم نووسینگە سامناکە ئەوڕۆ مات و بیدەنگ بوو، کەس نەبوو بویری خۆی بە مانگرتووان نیشان بدات. قین و توڕەیی ختوکەی دلّی ئەژدەریان دەدا، سوکناکی نەبوو، بە دەست دڕی بە حەشاماتەکەدا و خۆی لە ریزی پیشەوە نزیک خستەوە.

ئیڤان، غولآم، چونیاتۆف و چەند کریکاریکی دی دەربارەی مەسەلەیەک راویژیان دەکرد، کە ئەژدەر لییان نزیک بووەوە، چونیاتوف چاوی بۆ بەرزییەک دەگیڕا تا لەوێوە قسان بکات.

ئەنجام کەلّەکە بەردیک سەرنجی چونیاتۆفی راکیشا. چوە سەر کەلّەکە بەردەکە و چاوەڕوان بوو غەلّبە غەلّب و ژاوەژاوەکە بنیشیتەوە، بەرە بەرە غەلّبە غەلّب کەم بۆوە و نەما، چونیاتۆف چاویکی بە دەوروبەری خۆیدا گیڕا، ئیدی دەستی بە قسان کرد، ئەژدەر زۆر بە وردی گویی لێ دەگرت. وای هەست دەکرد کە پیوتر کتیبی دلّە پڕ لە داخ و قینەکەی ئەوی بە دەستەوە گرتووە و لاپەڕە بە لاپەڕە دەیخوینیتەوە، چونیاتوف هەمان قسانی دەکرد کە چەندین سالّ بوو ویردی سەر زمانی ئەژدەر بوون. ئەمە ئەژدەری هەم سەرسام و هەم خۆشحالّ دەکرد.

چونیاتوف لە کاتی قسە کردنا سیمای دەگۆڕی، ئاگر لە چاوە پڕ لە قینەکانییەوە دەرژا، بە وردی دیقەتی کریکارەکانی دەدا، هانی دەدان خەبات بکەن، خەبات لە پیناوی مافی رەوای خۆیانا، لە پیناوی ئایندەی پرشنگدارا، لە پیناوی جیهانیکی پڕ لە بەختەوەریدا، جیهانیکی دوور لە دەسەلآتی سەگانی وەک شیبایف.

چونیاتوف بەم شیوەیە کۆتای بە دوانەکەی هینا:

– ئیدی کاسەی رقی کریکاران پڕ بووە، ڕەنگە بتوانن بە تۆبزی یەک دوو کریکار بکوژن، بەلآم ئەو باوکەیان مرد کە بتوانن ملیۆنان ئادەمیزاد کوت و زنجیر بکەن.



هاوڕییان! مەترسن، ئیمە بە هیزین، وەرن با تیکڕا لە ژیر ئالآی ئازادی دا کۆ ببینەوە و داوای مافی رەوای خۆ بکەین.

پیوتر لەنیو هاواری پڕ لە قین و ستایش ئامیزی مانگرتوانا کە دەتگوت هاژەی توڕەی درەیایە کۆتایی بە قسەکانی هینا.

ئەوجا غولآم سەرکەوتە سەر کەلّەکە بەردەکە، یەکەمجار خۆی پێ نەگیرا، دوو سێ بەرد لە ژیر پیی دا خزین. پاشان خۆی گرتەوە، سەری هەلّبڕی و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: برادەران، ئیمە مافی خۆمان دەوێ، ئەم کارخانە وکارگانە بە ئارەق و خوینی ئیمە دروست بوون، گورگانی وەک خاتیسوف، شیبایف، نوبل، مانتاشف و حاجی زەینەلّ عابدین مالّ و مندالّیان خستوینەتە سەر ساجی عەلی. چاوەڕوانی بە زەیی لەم گۆرگانە کاریکی بیهودەیە، نابێ چاوەڕوانی چاکە لە خودی شاش بکرێ، چونکە ئەو بەخۆی نوینەر و پالّپشتی سەرمایەدارانە. دیارە بە ئاشتی و پارانەوە چنگی خویناویان لە گەرومان ناکەنەوە. یەکیتی پیویستە هاوڕییان! سەیر کەن خاوەن کارخانە هەر لە ژوورەکەی نایەتە دەرێ تا بزانێ چیمان گەرەکە، بەلآم ئیمە ناچاری دەکەین.

دەنگی ئارام و کاریگەری غولآم، جەماوەرەکەی وا جۆشدا هەر مەپرسە، ئەژدەر خۆی پێ نەگیرا، هاتە پیشترەوە، لەم کاتەدا ئیڤان نیکولایوفچ چووە سەر کەلّەکە بەردەکە و هاواری کرد، بروخێ دیکتاتۆریەتی تزار. بژی سوشیالیزم، ئەویش لە سەرەتادا خۆی پێ نەگیرا، ئەژدەر چووە پیشەوە و قۆلّی گرت. پتروف هەر کە ئەژدەری بینی گوتی: ئەژدەر... بە پەلە داریک پەیدا بکە.

داری چی؟ ئەژدەر نایزانی. دەرفەتی پرسینیشی نەبوو، خیرا بەرەو حەوشەکە غاریدا، داریکی دریژی پەیدا کرد وگەڕایەوە. ئیڤان دەستە سڕیکی سووری لە گیرفانی دەرهینا و بە سەری دارکەیەوە بەست. هەرکە ئالآکە ئامادە بوو، چونیاتوف هاواری کرد: هاورییان با بڕۆین لە گەلّ خاوەن کارخانەکەدا قسان بکەین.

ئیڤان ئالآکەی بەرز کرد وکەوتە پیش حەشاماتەکەوە، گشت کریکارەکان دوای کەوتن. لەپڕ تەقەی گوللیەک بەر گوێ کەوت، کریکاریک کە شان بەشانی ئەژدەر دەڕۆیی کەوتە سەر زەوی، ئەژدەر وای زانی پیی هەلّنوتاوە، بەلآم کە بینی لە خوینا دەگەوزێ ئیدی زانی پیکراوە، پیی هەلّگرت، دەنگی دەستریژ وردە وردە زیاتر دەبوو، ئالآ سوورەکە هیشتاش هەر دەشەکایەوە، دەتگوت خەلّکە کە هاندەدات کە خەباتی بێ بڕانەوە دەست پێ بکەن.

لەپڕ ئەژدەر بینی کە دەستی ئیڤان خوینی لیدەتکێ، بە پەلە خۆی گەیاندێ، بە پەشۆکاوییەوە گوتی: ئیڤان نیکولایوفچ ئالآکە بدە من، تۆ بریندار بوویت، بۆ تۆ زەحمەت...

ئیڤان بە چاوە خوین گرتووەکانیەوە روانییە ئەژدەر، ئالآکەی بۆ دریژ کرد.

– وەرە بیگرە، باوەڕم بە تۆ هەیە.

ئەژدەر ئالآکەی وەرگرت و بەرزی کردەوە، بێ گویدان بە و گوللانەی بە تەکیا گیزەیان دەکرد، بە شەقاوی گەورە کەوتە ڕێ، کریکارەکان دەوریان دا، ئەژدەر هەرچەند

ئەمە یەکەم جاری بوو پیش جەماوەری گەورە بکەوێ، سنگی خۆی کردبوو بە سوپەری گوللەی پیاوکوژان و بە هیچ جۆرێ نـاترسا ، شانازی بە ئـاڵا سورەکەوە دەکرد، شانازی بەوە دەکرد کە ئاڵا سوورەکەیان بەو سپارد بوو.

سەدای سمی ئەسپان هاتە گوێ، ئەژدەر دەستەیەک سوارەی قوزاقی بینی کە بەرەو ئەوان دەهاتن، پۆلیسەکان کە شمشیری هەڵکیشراوی قوزاقەکانیان بینی ئازاتر بوون ئیـڤان کە بە دەستیک زامی دەستـەکەی تری گرتبوو، هەوڵی دەدا لـە هاوڕیکانی دوانەکەوێ، گوللەیەکی دی بەرکەوت و کەوتە سەر زەوی.

ئەژدەر دانەوییەوە، ئیڤان نیکولایوفچ هەستە.. قۆڵی من بگرە با بڕۆین..

ئیڤان کە بە دەستی شەبەقی برینە گەورەکەی سەر سینگی گرتبوو، وەکو مریشکی سەر بڕو پەلە قاژەی دەکرد، کراسەکەی خلّتانی خوین بوو. دەیویست شتێ بە ئەژدەر بلێ بەڵام نەیتوانی. ئەژدەر دانیشت. گویی لە لیوە لەرزۆکەکانی ئەو نزیک خستەوە. هاڕەی گوللە بواری نەدا کە دوا قسەکانی ئیڤان نیکولا یوفچ بژنەوێ.

نەدەکرا چیدی ماتەڵ بن. قوزاقەکان ئەسپەکانیان بە نیو کریکارەکاندا تاو دەدا و دەگەینە هەر کەسیک بە کوتەک و شمشیر بە سەریانا دەکیشا. خەڵکەکەش چیان بە دەستەوە هاتبا لە داروبەرد دەستیان لەوان نەدەپاراست، ئەژدەر دەستە سرە سورەکەی لە دارەکە کردەوە. داوای لە چەند کریکاریک کرد یارمەتی بدەن تا ئیڤان لەو ناوە دروو بخەنەوە. ئەوانیش بە پەلە لاشەی خلتانی خوینی ئیڤانیان بەرەو زنجی کریکاران کیش کرد. بەڵام دەوروبەری زنجەکان گەلیک خراپتر بوو، ئەو کریکارانەی لە دەست پۆلیس و قوزاق رزگار بوو بوون، جاریکی دی لیرەدا تووشیان بوونەوە. نەیانتوانی برینداره‌کە بگەیەننە ماڵەکان. بە گەرەکە خەتەرەکاندا خۆیان دەرباز کرد. لە کۆڵانیکی تەنگە بەردا ویستان، بۆ عەرەبانەیەک دەگەڕان کە ئیڤانی پێ بگەیەننە ماڵەوە، عەرەبانە نەبوو، ناچار ئیڤانیان بە کۆڵا دا.

لە دەوری کارخانەکە تووشی عەرەبانچییەک بوون کە ئاگای لەو بەزم و رەزمە نەبوو، دوای چەنە بازییەکی زۆر کابرای عەرەبانچییان رازی کرد و برینداره‌کەیان تیخست. ئەنجام برینداره‌کەیان بە هیلاکی لە گالیسکەکە داگرت. بە ئەسپایی چوونە حەوشەوە.

ئیڤان نیکولایوفچ هەر ئەوشەوە بێ ئەوەی بە هۆش بیتەوە گیانی سپارد.



## 4

تەرمەکەی ئیڤان نیکولایوفچیان خستە نیو تابوتیکی داری بۆیە نەکراوەوە، ئەژدەر لە دوینیوە تاکو ئیستا بە نیو نەخت لە تابوتەکە دروو نەکەوتبووەوە، دەتگوت ئەم دنیایەی بە سەرا روخاوە.

لەسەرەتادا هەر خۆیان لە حەوشەدا بوون، ماریا ڤاسیلیوفننا چاوی بڕی بووە چارەی رەنگ پەڕیوی شووەکەی و بەدەم کەسەرو داخەوە کفنەکەی دەدور،، ورا بە سۆزەوە دەگریا و فرمیسک لە چاوانی نابرا، ئەژدەریش بە ماتی ویستا بوو..

هەرچەند داوی سپی کەوتبوونە سەری ماریا بەڵام سیمای زۆر پیر نەبوو، چاوە سەوزەکانی، گۆناکانی کە هیشتا ناسکی خۆیان پاراست بوو، گەواهی جوانیی لە رادەبەدەری ساڵانی گەنجیتیان بۆ دەدا، بەڵام چی تەویڵ و ژیر چەنە و گەردنی داستانی ژیانی پڕ لە کویرەوەرییان دەگیڕایەوە.

ورا لە چاو دایکی دا کەمێ لاواز، بەڵام ریک و پیک دەینواند، تەنانەت لەم پرسە و ماتەمە گەورەیەشدا هەر جوان دیار بوو، قژە زەرد و تیک ئاڵاوەکەی کە بەسەر شان و ملیا رژا بوو، چاوە جوان و پرشنگدارەکانی، گەردنە سپییەکەی کە بەسەر تەرمی ئیڤانەوە شۆڕی کردبووەوە، وای دەنواند کە وەنەوشەیەکی نەورەسی هەوەڵی بەهارە و لە ژیر بەفرەوە سەری دەرهیناوە.

ماریا، ورا و ئەژدەر بەنیو نەخت لەتابوتەکە دوور ناکەوتنەوە، دوای ماوەیەک غولام و چونیاتوفیش هاتن، چونیاتوف کە چاوی بە لاشەی بێ گیانی هاوڕیکەی کەوت، کڵاوەکەی داگرت و بە خەمگینییەوە ویستا.

غولام، هاوڕیی دیرینی ئیڤان نیکولایوفچ هەر کە هاتە ژوورەوە، لە تابوتەکە نزیک بووەوە و لە پرمەی گریانی دا.

دوای تۆزیکی دی پیاویکی باڵا بەرزی بە تەمەن هاتە ژوورەوە، ئەویش کە چاوی بە تەرمەکە کەوت کڵاوەکەی داگرت و بە چاوانی خەم لێ نیشتووەوە روانییە نیو حەوشەکە.

– برادەران هیچتان کەم نییە، من دراوسیی دیوار بە دیوار و دۆستی ئیڤانم، ماڵەکەم ماڵی خۆتانە، هەرچییەکتان پیویستە قسان بکەن...

لەسەرەتادا کەس وەڵامی نەدایەوە، پاشان ماریا بە دەنگی نزم وەڵامی دایەوە: سەلامەت بی میرزا حوسین، هەر ئیڤانمان کەمە، ئەویش تازە بە کەس نایەتەوە.

میرزا حوسین نەیتوانی چ وەڵامیک بداتەوە. داخ و کەسەر دڵی پڕ کرد. دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەرهینا و چاوی سڕی، بیدەنگی ماوەیەک دریژەی کیشا. ئەوجا دوو کریکاری هاوکاری ئیڤان هاتنە حەوشەوە، کریکارەکان بە شلەژاوی بە چونیاتوفیان گوت:

– شەقامەکە پڕە لە پۆلیس، نایەڵن کەس بەم لایەدا بیت، ئیمە بە زەحمەت خۆمان گەیاندە ئیرە.

غوڵام لە داخا لیوی خۆی دەکرۆشت.

– لەلاشەی بێ گیانی کریکارەکانیش دەترسن!
چونیاتوف کەمیک بیدەنگ بوو، ئەوجا گوتی: وا دیارە نایەڵن کەس بەم ناوەدا بێ. پیویستە تەرمەکە بەرین.

ئەژدەر و چونیاتوف لە پیشەوە، غولام و میرزا حوسێن لە پاشەوە بە هەر چواریان تابوتەکەیان هەڵگرت، یەکیک لە کریکارەکان دوو پارچە متیلی لە ماریا وەرگرت و لە ژیر تابوتەکەی دانان. ئەوسا هاتنە سەر شەقامەکە.

چەند پۆلیسیک لەسەر شەقامەکە ویستا بوون، کە چاویان بە تابوتەکە کەوت، کەوتنە جموجول بە دەوری کریکارەکان دا.

ئەژدەر کە بینی هەندێ کەس بە سڵ کردنەوە لە دەرگا و پەنجەرەی ماڵانەوە سەیریان دەکەن، زانی پۆلیس شەقامەکەیان پاک کردۆتەوە.

چ کەسیک لەو ناوە نەبوو،جارجارێ، تاک و تەرا خەڵکی لە سیلەی شەقامەکەوە سەریان دەکیشا، بە یەکەم نیگا ماهیەتیان دەزانرا، کاتێ گەیینە شەقامیکی سەرەکی، ئەژدەر کۆمەڵێ ئاشنای بینی کە لە گۆشەیەکەوە وەستا بوون، ئەوانە کریکاری کارخانە و کانەکان بوون. ئەژدەر دەیناسین و دەیزانی کە چەند شۆڕشگیرن، بۆیە سەرەڕای ترس و لەرز بۆ بەرێ کردنی تەرمی هاوڕێ شەهیدەکەیان هاتبوون.

کە تابوتەکە نزیک بووەوە، کریکارەکان جموجۆلیان پێ کەوت، پۆلیس بەریانی بۆ نەگیرا. ٤٠- ٥٠ کریکار دەوری تابوتەکەیان دا.

لەم کاتەدا ئەژدەر هەستی کرد لایەکی تابوتەکە چۆڵ بوو، کە ئاوڕی دایەوە بینی چونیاتوف خەریکە جیگاکەی خۆی بە کریکاریکی دی دەدات. پیوتر چووە لاوە، بە خەمیکی تورە ئامیزەوە روانییە تەرمی شەهیدەکە و ئەوجا تیکەڵ بە کۆمەڵەگە بوو. ئەژدەر ئیدی تاکو گۆڕستانەکە «ورا»ی نەبینی.

کۆمەڵەکە چەند شەقام و کۆڵانیکیان بڕی، گەیینە شەقامی بازار کە مەڵبەندی بازرگانی شاری باکۆ بوو، پاشان لە ریگای «چادرووی» یەوە بەرەو سەرێ هەڵگەران. کۆمەڵەکە بەرە بەرە زیاتر دەبوو، ژنانی عەبا بەسەر لە دەرگا و پەنجەرەکانەوە تەماشایان دەکردن. هەندیکیان کە تەرمەکەی ئیڤان و گریانی ئارام و بە کوڵی ماریا و ورایان دەبینی، خۆیان پێ ناگیرا و هۆن هۆن دەگریان. ئەژدەر زۆری سەر لەمە سوڕدەما.

ئەژدەر بیری دەکردەوە کە مەرگ بەلای دانیشتوانی باکۆوە شتیکی ئاساییە، لەمیژە فرمیسکی چاویان وشک بووەوە، ئەم سەدەیە بە گوللە و خوین دەستی پیکردووە. ئەدی گشت رۆژیک بە چاوی خۆیان مەرگی خزم و دۆست و ئاشنا و بە شیوەیەکی گشتی مەرگی ئینسان نابینن!

ئەدی ئەوە نییە کوشتن و ئیعدام، برسیەتی و نەخۆشی سەری تیژەندوون و وەکو گەڵای خەزان هەڵیان دەوەرینێ؟ چما فرمیسکی چاویان دەریایە تا وشک نەکات؟ بەڵام نا... هەموویان پەنا بۆ گریان نابەن، ئەوانەی کە چاویان وشکە، بەڵام ئازای گیانیان قین و تورەییە، کەم نین...

بەرێ کەرانی تەرمەکە زۆرتر بوون، ئەژدەر لە دڵی خۆیا بڕیاری دابوو کە تاکو



گۆڕستانەکە تابوتەکە نەداتەدەستی هیچ کەسیک، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی یارمەتی دەران زۆر بوو، هەر یەکەیان دەیویست بەشداری بەرێ کردنی تەرمەکە بکات، ئەژدەر ناچار بوو وەکو ریز بۆ هاوڕێ کریکارەکانی شوینەکەی خۆی بە کریکاریکی دەست و پەنجە قڵیشاو بدات.

ماریا و ورا سەریان داخست بوو، نەک هەر ئەوان بەڵکو هەموو هەر سەریان داخست بوو. پۆلیس ئابلوقەی دابوون. ئەژدەر باوەڕینەدەهات کە ئیڤان مردبێ، وایدەهاتە خەیاڵ هەر ئیستا لە ناو تابوتەکەوە راست دەبیتەوە، دەستە زبر و بەهیزەکەی رادەوەشینێ و هاوار دەکات، «بژی شۆڕش!» بەڵام هەیهات.. ئەو دڵەی کە عومریکی دریژ بۆ شۆڕش لیی دەدا، بە یەکجاری لە لیدان کەوت. ئەدی ئەم پۆلیسانەی کە بەم تەرحە دەوری تابوتی کریکاریکی بێ گیانیان داوە ل چ دەترسن! چونکە دەزانن کە ئەگەرچی دڵی کریکاریکیان لە لیدان خستووە بەڵام هەنووکە سەدان و بگرە هەزاران دڵ بە ئومیدی شۆڕش لیدەدەن و ناتوانن بە زەبر و زەنگ ئەو دڵانە لە لیدان بخەن. باکۆ شاری پرۆلیتاریایە، باکۆ شاری دڵانی لیوان لیوی رق و قین و شۆڕشە.

ئەژدەر ئەو ساڵانەی دەهینایەوە بیری خۆی کە بۆ یەکەم جار ئیڤان نیکولایوفچی ناسی و کاری لە گەڵدا کرد. ئەژدەر ئەوسا لە قاراشار کاری دەکرد، لە ئەنجامی خواردنەوەی ئاوی ناسازگاری «زوغولا» دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بوو بوو. سکی بای کرد بوو وردەبرین دابویە ئازای گیانی. ئەوڕۆ بەلای کەمەوە ئاوی سازگار و پاڵیوراو وەدەست دەکەوێ. ئاوی زوغولبا ئەوەندە پیس بوو کە سەرمایەداران بە مەنجەڵی هەڵم دەیان پاڵاوت. کریکارەکانیش بە ناچاری لەو ئاوە پیسەیان دەخواردەوە. ئەژدەریان بە بیانوی نەخۆشیەوە لە کار دەرکرد. دوای یەک مانگ برسیتی و دەربەدەری لە فابریقەی تقییف دا کاریکی پەیدا دەکرد. لەم فابریقەیەدا ئەژدەر لەبەر دەستی حاجی حوسێن تقییفدا کاری دەکرد. حاجی حوسێن هەمیشە تەزبیح لەدەستی ناکەوت. ویرد و پاڕانەوە لە لیوانی نابران. سەری چووبا نویژی ناچوو، سەردەم و بن دەمی نیوی خوا بوو. ئەژدەر دوای چەند رۆژیک دڕندەی ژیر ئەم پەردەی ئاینەی بۆ دەرکەوت. یەک تۆزقاڵ بەزەیی لە دڵی وەستا حوسێن دا نەبوو. کریکار لە لای ئەو لە میش و مەگەس کەمتر بوو. ئەژدەر ئیستاش لە بیری ماوە کە رۆژیک وەستا حوسێن تەزبیحەکەی کیشا بە چاوی کریکاریکدا و دوای چەند رۆژیک چاویکی کویر بوو، کاتێ هات بۆ وەرگرتنی رۆژانەکانی، وەستا حاجی حوسێن رۆژانەی ئەو رۆژانەی لێ بڕی کە بە هۆی ئازاری چاوییەوە نەهاتبووە سەر کار.

رۆژێ حاجی حوسێن دەستووری بە چەند کریکاریک دا کە لوولەی مەنجەڵیکی بوخار هەڵگرن، کریکارەکان گوتیان جولاندنی لولەکە لەکاتی کارکردنی مەنجەڵەکەدا گەلیک خەتەرە، حاجی حوسێن شیت و هار بوو، چۆن؟ قسان لە قسەی ئەو بکەن؟ ئەگەر دەستوورەکانی ئەنجام نەدرین، ئەدی چی دەکات لیرە؟ ئەگەر حاجی زەینەڵ عابدین ئەمە ببیسیتەوە چی پێ دەڵێ؟

هیندەی قرە قر و بۆڵە بۆڵ کرد کە ئیدی کریکارەکان ناچار ملیان دایە خەت و

دەستیان بە دەستە سڕەکانیان پیچاو و دەستیان بە هەڵگرتنی لوولەکە کرد.

ئەژدەر بە وردی دیقەتی ئەم دیمەنەی دەدا. پاش ئەوەی لوولەکە بە ئەندازەی دوو مەتریک لە زەوی بەرز بووەوە، کارەکە قورستر بوو. ڕاگرتنی لوولەکە بەو دەقەوە مەحاڵ بوو. لوولەکە ترازاو کوت و پڕ ئاوە گەرمەکە بەسەر کریکارەکاندا ڕژا، لە چاو تروکانیک دا چوار کریکار بێ ئەوەی بواری هاوار کردنیان هەبێ سوتان و مردن. حاجی حوسێن کە بەچاوی خۆی ئەم کارەساتەی بینی هەر خۆشی شیلو نەکرد. تەنانەت تەزبیحەکەشی نەخستەوە گیرفانی. تەنیا پاش ئەوەی دەستووری دا بوریەکە بگرنەوە، لە تەرمەکان نزیک بووەوە و بە دەنگی بەرز گوتی: خوا عەفویان بکات.

کریکارەکان کە مات و کز ویستا بوون، حاجی حوسێن دەستووری دانێ:

– بۆ وا گیژ بوون؟ بچنەوە سەری کاری خۆتان، مەرگ کاری خوایە. چی لە نیو چەوانی ئادەمیزاد نووسرابێ هەر ئەوەیە.

بەڵام حاجی حوسێن هەرچەندە دەیویست ئەم شتە بداتە پاڵ خواو لە ژیر پەردەی خوادا وەیشیرێ، نەیتوانی قەناعەت بە کریکارەکان بکات. هەواڵەکە لە گشت شوینێ بڵاو بۆوە، سبەینیی ئەو ڕۆژە کریکارەکان کۆڕیکی گەورەیان لەبەردەم کارخانەکەدا بەست. ئەژدەر بۆ یەکەمجار ئیڤان نیکولایوفچی لەوێ دا بینی.

ئیڤان یارمەتیداو کاری تازەی بۆ دۆزییەوە، بیتانی بۆ لە کریکارەکان خڕ کردەوە تا نەخۆشییەکەی پێ چارەسەر بکات. ئەژدەر بە جۆرێ دڵبەندی ئیڤان بوو کە بە ئەندازەی بابی خۆی خۆشی دەویست.

ئەژدەر بە دەم بەرێ کردنی تەرمەکەوە، بیرەوەریە کۆنەکانی بەسەردەکردنەوە. ئیستا کێ بیر لە «ورا» دەکاتەوە. ئەوان لە یەکەم دیداردا بە یەکدی ڕازی بوون، ماریا ڤاسیلیوفنا وەکو کوڕیکی خۆی پیشوازی لە ئەژدەر کرد. ئەژدەر تا ئەوکاتە خیزانی وا پاک و خۆش ڕەفتاری نەبینی بوو، ماڵی ئیڤان ی بە ماڵی خۆیان دەزانی. بەتایبەتی کە باوەڕ و ڕەفتاری لەگەڵ باوەڕ و ڕەفتاری ورا دا گونجاو بوو، ئەژدەر چونکە هەر لە منداڵییەوە تیکەڵاوی کریکارەکانی ڕووس بوو بوو، بە چاکی زمانی ڕووسی دەزانی، وراش چونکە دراوسیی خەڵکانی ئازربایجان بوو تەواو شارەزای زمان و هەڵسو کەوت و نەریتی ئەوان بوو. لە تەمەنیشدا هیندەیان بەین نەبوو، جیاوازییان تەنیا لە خویندەواری و هۆشیاری دابوو، ورا هەرچەندە کیژە هەژار بوو بەڵام چوو بووە قوتابخانە و لە ماڵیشەوە بە هۆی موتاڵاکردنی کتیبەکانی بابی توانی بووی تا ئەندازەیەک ئاستی هۆشیاری خۆی بەرز بکاتەوە. لێ ئەژدەر هەرگیز دەرفەتی خویندنی بۆ نەرەخسا بوو، ئەم جیاوازییە دەی کردە کارێ کە زیاد یەکدی بەسەر بکەنەوە. ورا لە ئەنجامی موتاڵا کردنەوە خۆشەویستییەکەی زۆری چوو بووە سەر خویندنەوەی کتیبان.

دەڵیی دوینێ بوو کە ئیڤان نیکولایوفچ بەستەیەک کاغەزی دایە ورا کە بە بیانووی بازاڕەوە و بە نهینی بیان بات بۆ ئەو دەشتەی کەنار جادەی شماغی، ئەم کاغەزانە بڵاوکراوە و بەیانی شۆڕشگیڕانەی تازە لە ڕوسیاوە هاتووی تیدا بوو. ئەو ڕۆژانە پۆلیس و ئەمن تەواو لە بڵاو بوونەوەی ئەم بڵاوکراوانە لە نیوکریکارەکاندا ترسا



بوون. بەکرێ گیراوانی دەوڵەت هەر ڕۆژەی دەیان دا بە سەر ماڵی یەکیک لە «گومانلیکراوەکان»دا، کانزاو کارخانەکان بە تەواوەتی لە ژیر چاودیریدا بوون. هەندێ جار ریبواری سەر ریگا و شەقامەکانیشیان دەپشکنی. بۆیە ئیڤان بەو خەیاڵەی کە ورا منداڵە و سەرنجی کەس ڕاناکیشیت، ئەو کارەی پێ سپارد.

ئەو سەردەمە هیشتا ئەمبەر و ئەوبەری جادەی شماغی چۆڵ بوو، تاک و تەرا خانووی لیکرابوو، ریگرانی باکۆ لە «مەیدانی قوبا» ئەسپیان تاو دەدا و بە زەبری دەمانچە عەرەبانەیان ڕووت دەکردەوە. هەرچەندە لەوبەری مەیدانەکەوە تاک و تەرا خانوو دروست کرابوون. بەڵام کەس نایویرا بەو ناوەدا بڕوات. ریگرەکان نەک دەیانتوانی یەک کەس یان خیزانیک تاڵان بکەن، بەڵکو دەیان توانی گەڕەکیکی تەواو تاڵان بکەن ماموورانی دەوڵەت ئاگایان لەم کارانە نەبوو. خۆ ئەگەر ئاگاداریش بوونایە خۆیان گیل دەکرد. ریگرەکان هەر ئافرەتیکیان بە پیڵاوی پاژنە بەرزەوە دیتبا، بەو حیسابەی کە نیشانەی بێ دینییە، لە ناوەندی شەقامەکەدا ڕوتیان دەکردەوە. ئیدی چەقۆکیشان یاریان بە ژیانی زەحمەتکیشان دەکرد. سەرەڕای ئەوەی بە ڕۆژەوە باسی ڕەوشتیان دەکرد، شەوان تاکو بەیانی لەساڵۆنی میلیۆنیرەکاندا قوماریان دەکرد و لە گەڵ سۆزانیاندا ڕایان دەبوارد، سەردەمیکی ئاوا بوو.

چونکە ئیڤان لە زرنگی ورا دڵنیا بوو، بیری لەم مەسەلەیە نەکردبۆوە، بەڵام ئەژدەر کە بارودۆخی شاری دەزانی بڕیاری دا تا جادەی شماغی ورا بەرێ بکات. هەڵبەتە نەیدەتوانی شان بەشانی ورا بڕوات. ئەمە بۆ بابایەکی ئازربایجانی نەخوازەڵڵا بۆ کریکاریکی شڕپۆشی وەکو ئەو کاری نەکردەبوو. نوینەرانی کۆنەپەرستی پان تورکیست و پان ئیسلامیست دەیان توانی لە چاوتروکانیکدا ئەژدەر لەنیو بەرن.

ئەژدەر هەرچەندە کابرایەکی ترسنۆک نەبوو، بەڵام ژیان فیری ئەوەی کردبوو کە بە هیمنی و وریاییەوە کار بکات و بە خۆڕایی دەردی سەری بۆ خۆی دروست نەکات. بۆیە دوور بە دوور شوین ورا کەوت و گەیاندییە سەرجادەی شماغی، چونکە بە دریژایی ریگا چ شتیک ڕووی نەدا هەر دووکیان خۆشحاڵ بوون.

لەبەر ئەوەی زووتر لە کاتی خۆی گەیبوونە جێ چ کەسیک لەو ناوە نەبوو. ئەژدەر ئیستاش بیریەتی کە بۆ یەکەمجار لیرەدا پڕ بە دڵ پیکەوە قسانیان کرد. تاکو هاتنی کریکارەکان خۆیان بە گوڵ چنین وچاوشارکێ و باز بازینەوە مژول کرد. ئەنجام شەکەت و ماندوو لەسەر گیایەکە دانیشتن. هەموو شتیک دەی بزواندن. هەر دووکیان بۆ یەکەمجار باسی عەشق و خۆشەویستییان کرد. هیندە دڵیان بە یەکەوە بوو کە تەنیا یەک دوو وشە بەس بوو بۆ نیشاندانی نیازە پاکەکانیان.

لەپڕ یەکیک باسکی ئەژدەری گرت و لە دنیای خەیاڵ دەریهینا، ئەژدەر ئاوڕی دایەوە و میرزا حوسینی بینی ک لە تەک ئەوەوە و هاوڕێ لەگەڵ تابوتەکەدا دەڕۆیی.

– زیاد چوویتەتە ژیری، نابێ ئەوەندەش بیر بکەیتەوە.

– ئیڤان نیکولا یوفچ مافی باوکایەتی بەسەرمەوە هەیە، لە دەست دانی مامۆستایەکی وا بۆ من گەلیک سەختە.

میرزا حوسێن بە ئارامییەوە گوتی: نەخیر، کەس لە گەڵ مردوودا نامرێ، دەزانی تۆ

زۆر لەم خیزانەوە نزیکی، چما پۆرە ماریا و کیژەکەی دایک و خۆشکت نین؟ دەبێ دڵی ئەوان بدەیتەوە.

ئەژدەر قسەکانی میرزا حوسینی سەلماند، لە ژنەکان نزیک بووەوە، ورا چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی بڕیبە ئەژدەر وئاهیکی هەڵکیشا و سەری داخست.

ئەژدەر بەو دەقەوە کە لە تەک ئەوانا دەڕۆیی بیری لە قسەکانی میرزا حوسێن دەکردەوە، «چما ورا لە جیی خوشکت نییە؟» نا، ورا لە خوشک نزیکترە، ورا لە دڵی ئەژدەردا دەژی، بەشیکە لە دڵی و جیا نابیتەوە. وەختێ کە باس دیتە سەر ورا، وشەی خوشک لە بەرچاوی ئەژدەر گەلێ کەم نموده. رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ئەژدەر خوشکی نەبووەو تامی خۆشک نەزانێ.

دەڵێن خاک ئارامی بە ئینسان دەبەخشیت، لە راستی دا وایە. ئەژدەر لەوە پیش وای دەهاتە خەیاڵ کە ماریا و ورا هەرگیز ئارام ناگرن. بەڵام پاش ناشتنی شەهید ئیڤان، دەنگی گریە و زاری کەمتر بووەوە، خاک کەوی کردن.

ئیڤان نیکولایوفچ یان، ئەو پیاوەی هەموو ژیانی بە تاسەو ئارەزووی ئازادی و شۆڕشگیرییەوە بەسەر بردبوو، لە نیو بیدەنگییەکی مەنگ دا بە خاک سپارد.



# 5

ئەژدەر بە پەلە دەڕوات. بێ گویدان بەو تینویەتیەی کە لیوەکانی وشک وشک کردەوە. دریژە بە ریگای خۆی دەدات. چونکە لە مانگرتنی کریکارانی کارخانەی شیبایف دا بەشداری کرد بوو، لەکار دەرکرابوو. ئیستاش بۆ کۆکردنەوەی باروبارگە بەرەو زنجی کریکاران دەیکۆتا.

گەرما حەشر دەکات. دەڵیی باکۆ لە نیو مەشخەڵانی ئاگردا دەسووتێ و دەبێ بە زوخاڵ، نوزەی بای نایەت، تەنانەت گەڵای درەختەکانیش ناجوڵێن. سەرانسەری خاکی ئاخ شار رەش و نەوتاوییە، هەموو شوینێ رەش رەشە. دەڵیی هەتاو هەموو شوینیکی سوتاندووە و کردویەتی بە قەرە بروت.

کارخانەی شیبایف لە دوورەوە لە کولانەیەکی بچووک دەچیت. هەر دەڵیی کارخانەش نییە، کە چاوت بە حەوشی بەرزی کارگە جۆراوجۆرەکانی دەکەوێ. زیندانت بیر دەکەویتەوە. لەولای کارگەکانەوە زنجی کریکاران پتر لە کولانە مریشک دەچن. ئەژدەر تا پتر دەچوە پیشێ ئەم کولانە مریشکانەی چاکتر دەبینی. گەرما بەفری سەربانەکانی دەتوانەوە و دڵۆپ دڵۆپ دەتکانە ژوورەوە.

ئەژدەر بێ گویدان بە گەرما. هەر دەڕۆیی، خەمیکی نارەحەت تر لەم گەرمایە نیشتبووە سەر دڵی.

دیسان نۆرەی نائومیدیە... دیسان نۆرەی سکی برسییە. نۆرەی بە دووی کارا گەڕانە.

ئەژدەر هەرچەندە گەنج بوو، بەڵام بە چاکی هۆی بیکاری دەزانی. هیشتا دیەنی باوکی لە بەرچاوە، هیشتا منداڵ بوو کە بابی لە دارەرا کردنا کەوتبووە خوارێ و مردبوو. ئیدی گوزەرانی خیزانەکەیان کەوتبووە ئەستۆی برا گەورەکەی. براکەی ئەژدەر لە دووڕیانەکەی هەردوو شەقامی «بولشایا ماروسکایا» و «سوراخانسکی» دا دوکانی دارتاشی هەبوو. ئەژدەر لە حەوت هەشتساڵیەوە رۆژ تا ئیوارە لەم دوکانەدا تەقەڵای دەدا. تەختەکانی ئەم بەرو ئەوبەر دەکرد. بزمارە چەمیوەکانی راست دەکردەوە. زۆر جار لەبری ئەوەی چەکوشەکە بە بزمارەکاندا بدات، بە پەنجەی خۆیا دەدا و ئەو دنیای بەچاو دەبینی. بەڵام ئەم دوکانە خەرجی ئەو رەشە خیزانەی دابین نەدەکرد.

لە زەمانی ژیانی بابیدا، ئەم وەزعە خەراپەی نەبوو. بابی بەنایەکی لیهاتوو بوو. لەبەرزترین و خەتەرترین شوینا کاری دەکرد، بۆیە لە چاو هاوکارەکانی خۆیەوە دەرامەتی باش بوو، بەلای کەمەوە دەیتوانی نانی وشک بۆ خیزانەکەی دابین بکات.

دوای مەرگی بابی ئەمەش برا، نەخۆشییەکی کوشندە دایە لەشی برا بچووکەکەیان و بەرە بەرە دەیتوانەوە. ئەژدەر کە گەورە بوو ئەوجا زانی براکەی تووشی سیل بوو بوو، ئەو زەمانە نەخۆشی سیل وەکو گورگی برسی کەوتبووە گیانی کریکاران و خیزانانی هەژار و دەست بەتاڵ، کە براکەی مرد، دوای ماوەیەکی کەم دایکیشی مرد، ئەژدەر بوو بە تاقە یارمەتی دەری براژنەکەی. ئەو براژنەی کە شەش منداڵی خوارو و ژوور تەنگە

تاویان کردبوو. بۆیە تا دوازدە ساڵی هەم لەماڵەوە و هەم لە کارگەدا کاری دەکرد.

شەش منداڵ، سێ کچ و سێ کوڕ، هەرە بچووکەکەیان لە بیشکەدا بوو، گەورەکەیان نۆ ساڵان بوو، کۆنە حەسیریکی رەنگ پوا و ژوورەکەیانی داپۆشیبوو،، منداڵەکان، تەنانەت ئەوەی ناو بیشکەکەش، هەرکە سفرەیان دەبینی، ئەو سفرەیەی رۆژی یەکجار رادەخرا لە خۆشیاندا حاڵیان نەبوو.

ئەژدەر، چونکە سەرباری خیزانیکی وا گەورە بوو، هەستی بەدەڵتەنگی دەکرد و نانی پێ قوت نادرا، هەزار و یەک بیانوی دەدۆزیەوە و خەمبار و دڵتەنگ دەچووە دەرێ و شەقامەکانی تەی دەکرد. هەر بەو منداڵی بەوە راهاتبوو کە بیر کردنەوە و هیوا بکات بە خۆراکی گیانی و برسیتی پێ فەرامۆش بکات.

کەباس دیتە سەر زنجی کریکاران دەبێ کولانەی مریشکان بینیتە بەرچاوی خۆت. لە دوا ویستگای ریگای ئاسنی تەفلیس- باکۆوە تا دەگاتە ویستگای گشتی ریگای ئاسن هەمووی ئەم چەشنە کولانانە بوو، بەرزییان بە ئەندازەی باڵای ئینسانیکی ئاسایی بوو. تەنانەت منداڵانی بچووکیش دەیانتوانی بە دیوارەکانیانا هەڵگەڕین، بەڵام هیچ کەسیک ئەم کارەی ناکرد، چونکە منداڵانی بچووکیش دەیانزانی کە سەربانی ئەم کۆنە خانووانە بەرگەی قورسی لەشی منداڵیک ناگرن. کەس نایزانی دیواری ئەم خانووانە لە چی دروست کراون. دیوار و بن میچی خانووەکان لە ژوورەوە بە رۆژنامە و کاغەزی جۆراوجۆر پۆشرابوون. لە دەریشەوە هەرچییەکیان بە دەستەوە هاتبوو لە ئاسن و بەرد و دارو مەقەبا ئاخنی بوویانە کونەکانەوە تا سەرما نەچیتە ژوورەوە. تەنانەت هەندیکیان بە قوڕ سواغ درابوون بەڵام هەموو ئەمانە لەبەردەم پەلاماری رەشەبای شیت دا بێ فایدە بوو.

ئەم زنجانە لە هەموو وەرزیکا هەڕەشەیان لە سەلامەتی کریکاران دەکرد، لە وەرزی زستاندا سەرمای نیو خانووەکان ئاوی دەبەست، تاقە چارەیان ئەوە بوو کە لە زستاندا لە نیو جیگا نەیەنە دەرێ. لە بەهاریش دا بای وەشت و شەماڵ بە نیو ژوورەکاندا فڕکەی دەکرد. چۆراوگەی بارانیش بە بن میچەکاندا شورەی دەرکرد. لەم کاتانەدا نیوژوورەکان هیندە تەڕ دەبوون تەنانەت بایەکەش وشکی ناکردەوە.

کاتێ ئەژدەر چووە ژوورەوە هەوایەکی گەرمی هاڵاوی تەنور ئاسا بە روویا چزا. ناو ژوورەکە لە دەرەوە گەرمتر بوو. کریکارەکان لە هاوینانا بەم شوینەیان دەگوت «دۆزەخی شیبایف». ئەژدەر پاش ئەوەی رارەویکی تەنگ و تاریکی بڕی. گەییە ژوورەکەی خۆی. بە پەلە دەستی بە کۆکردنەوەی شڕە و پڕەکانی کرد. رایەخە کۆنە رەنگ پواوەکەی بە لیفەیەکی ناسکەوە لوول دا، بە هیمنی دەستی برد و لە پشت تەختە داریکەوە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، هەندێ رۆژنامە و کتیبیکی دەرهینا و خستییە توێی بەرگی سەرینەکەیەوە، ئەوجا هەموو ئەمانەی خستە نیو چەرچەفیکەوە و دانی بە کۆڵیا و لە هەمان ریگاوە بەرەو دەرگای دەرێ کەوتە رێ.

دوو کریکار لە سوچیکدا دانیشتبوون گازیان کرد. ئەژدەر لییان نزیک کەوتەوە و لەبەردەمیاندا ویستا. یەکیکیان کە بە رواڵەت گەنج بوو، بەڵام تاک و تەرا داوی سپی کەوتبوونە سەری، بە ئەسپایی پرسی:



– حەق و حسیبەکەیان دایتێ ئەژدەر؟

– نەخیر حەمە عەلی، بە تەواوی نا، بەڵام شتیکی هاکەزاییان دامێ.

دوای ئەم قسەیە ئەژدەر کۆڵەکەی داناو لەسەری دانیشت. حەمە عەلی دەیویست شتێ بڵێ، بە دوو دڵییەوە هەستاو چاویکی بەو ناوەدا گیڕا، چ کەسیک لەو ناوە نەبوو. گەرما هەناسەی بنیادەمی سوار دەکرد.

زەردەواڵەیەک کە نایتوانی لە زنجەکە دەربچێ لە گەرماندا کۆیرانە خۆی بە دارو دیوارەکاندا دەکیشا. حەمە عەلی دوای پشکنینی ئەو ناوە گەڕایەوە شوینەکەی خۆی و بە ئەسپایی گوتی: ئەژدەر.. ئەگەر کوژەرەکەی ئیڤان نەگرم و سکی هەڵنەدەرم، من پیاو نیم.

ئەژدەر سەری لەم قسەیە سوڕما: چما نازانی کێ کوژەری ئیڤانە؟

حەمە عەلی چاوی برییە ئەژدەر: هەڵبەتە نازانم، هیچ کەسێ نازانێ، ئەگەر تۆ دەیزانی بڵێ بزانم کییە؟ کام بێ شەرەف تەقەی لیکرد.

ئەژدەر دەستی خستە سەرشانی حەمە عەلی و بە هیمنی گوتی:

–شیبایف کوشتی برای عەزیز!

حەمە عەلی بە زەردەخەنەیەکی بێ باوەڕییەوە سەیری ئەژدەری کرد.

– قسەی بەلاش مەکە ئەژدەر. شیبایف مریشکی پێ سەر نابردرێ، ئەو پۆلیسانەی ئەو رۆژە لەم ناوەدا دەگەڕان کوشتیان. نابێ خوینی پیاویکی وەک ئەو بێ تۆڵە بڕوات. بێ شەڕەف بم ئەگەر شەویک کوژەرەکەی نەکوژمەوە.

حەمە عەلی بە غرورەوە روانییە ئەژدەر، برۆکانی ئەژدەر هاتنەوە یەک. گۆناکانی کەمیک سوور هەڵگەڕان. چاوەکانی لە قینا ئەبڵەق بوون و بە دەنگیکی رق ئامیزەوە گوتی: شۆڕش بە رەش کوژ کردنی چەند پۆلیسیک ناکرێ. کوشتنی پۆلیسیک چ بەریکی دەبێ؟ ئیمە دەبێ ئەو کارخانەدارانە لەنیو بەرین کە چەک و پارەی پۆلیسان دابین دەکەن. پیویستە پشتیوانانی سەرمایەداران واتە تزار و پۆلیس و ئەمن لە نیو بەرین. تێ دەگەی حەمە عەلی؟

حەمە عەلی دوای تۆزێ بیدەنگی وەڵامی دایەوە:

– دەرفەتی ئەوانە نایەین، بەڵام ئەگەر لە دەرفەتی رەخساودا هەندێ لەوانە، یەک یەک بکوژین، ئەوانی تریش حسیب بۆ خۆیان دەکەن.

ئەژدەر قسەکەی بڕی: حەمە عەلی، ئەمەشیان هەڵەیە! بەوەی وەکو ترسنوکەکان لە تاریکیدا کەسیک بکوژین هیچمان دەست ناکەوێ. دەبێ یەک بگرین.

حەمەعەلی لە توڕەییدا دەستی راوەشاند و هەستایە سەر پێ، بەڵام چونکە زنجەکە نزم بوو ناچار لە شوینەکەی خۆیا دانیشتەوە. رووی کردە هاوریکەی خۆی و گوتی:

– بە گیانی تۆ! ئەمانە دەڵین لێ گەڕێ با هەموومان قەتڵ و عام بکەن و ئیمەش لە بری تۆڵە چاوەڕیی یەکگرتن بین، نا برادەر، ئیمەیەک کە نەتوانین خۆمان ئەم سێ کەسە – قسەمان یەک بخەین ئیدی کێ دەتوانێ هەموومان یەک بخات. نا... ئیمە ماوەی چاوەڕوانیمان نییە. من نمەکی ئیڤان نیکولایوفچ م کردووە و هەر دەبێ تۆڵەی بستینم.

حەمە عەلی کە بیدەنگی هاوڕیکەی بینی بەرەو لای ئەژدەر گەڕایەوە.

– ئەم کارەی ئیوە بووە مایەی ئەوەی کە نیوەی کریکارانی کارخانە گسک بدەن و توریان بدەنە دەرێ، نا، ئەم جۆرە سیاسەتە بە کەلکی ئیمە نایەت.. یەک یەک دەمان گرن و لە نیومان دەبەن. لە سەرەوە دەمان لاوینن و لە ژیرەوە پشتمان دەشکینن.

حەمە عەلی ئەوجا بێ ئەوەی چاوەڕیی وەڵام بێ هەستاو بە زەحمەت لە زنجەکە دەرچوو.

لە ئەنجامی هەستانی ئەودا دیوارەکانی زنجەکە لەرینەوە و هەندێ خۆڵ لە بن میچکەوە کەوتە خوارێ. ئەژدەر ماوەیەکی زۆر بیدەنگ بوو. ئەنجام کریکارە گەنجەکە بەم پرسیارە بیدەنگییەکەی شکاند:

– ئەژدەر، ئەدی مەسەلەی کار چۆن دەبێ؟

ئەژدەر هەستا. کولەکەی بە کۆڵیا دا و گوتی:

– من ئەگەر لە کوچە و کۆڵاندا لە برسان بمرم جاریکی دی سەر بۆ سەرمایەداران شۆڕ ناکەم. خەباتی ئیمە ڕەش کوژی تاقە کەس نییە. ئیمە لە پیناوی ئازادی و شۆڕشا خەبات دەکەین.

ئەژدەر بە هەناسە برکێ داڵانە تەنگەکەی بڕی و گەییە سەر شەقامەکە. دەرێ لە نیو زنجەکان فینک تر بوو، لەسیبەری زنجیک دا ویستا و چاوەڕوان بوو. دوای تۆزیک چونیاتوف لە زنجەکەوە هاتە دەرێ و لیی نزیک بووەوە. ئەژدەر هەر کە ئەوی بینی لیی چووە پیشێ و بە ئەسپایی گوتی:

– پیوتر، من چاوەڕیی تۆ بووم.

زۆر بە گەرمی چاک و خۆشیان کرد. چونیاتوف سەیریکی کوڵ و بارەکەی ئەژدەری کرد و زەردەخەنەیەکی هاتێ.

– دەڵیی جل و جنجۆرەکەیان فڕێ داویتە دەرەێ؟

ئەژدەر بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ پیوتر، چ قەیدییە! هەر ڕۆژێ دێ تۆڵەی بەروو دوایان لێ دەکەینەوە. ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە.

چونیاتوف پیکەنی. ئەوجا ئارەقەکەی نیوچەوانی سڕی و گوتی:

– وایە، خۆشیان ئەمە دەزانن، ئەگەر نەیان زانیبا ئەم هەموو ترسەیان لێ نانیشت، هەموو مانگرتنیکی تازە، سەرکەوتنی تازەیە بۆ ئیمە. ئەوان ئەمە چاک دەزانن.

– ئەفسوس کە ئیڤان نیکولایوفچمان لە دەست چوو.

چونیاتۆف، بە ژنەوتنی ناوی ئیڤان غەمگین بوو، خۆی گەیاندە سیبەری زنجیک و ئەوجا بە ئەسپایی گوتی: چی بکەین، دەبێ قوربانی بدرێ.

دوای تۆزیک بیدەنگی، ئەژدەر ئەو قسانەی گیڕایەوە کە لەگەڵ حەمە عەلی دا کردنی. چونیاتۆف بەسەرسامی پرسی: کام حەمە عەلی، قەرەباغی؟

–بەڵێ.

چونیاتۆف هەوڵی دەدا شتیک وەبیر خۆی بینیتەوە.

– ئا، بیرم کەوتەوە، لەم ڕۆژانەدا شنتوکوفم بینی کە لەگەڵ کۆمەڵێ کریکاردا



قسانی دەکرد. حەمە عەلیش لەوێ بوو، ئەوانە بە دووی بیانوویەک دادەگەڕین تا بیکەن بە پروپاگەندە بۆ ڕەش کوژی تاکەکەس و لیک ترازانی بزووتنەوەی شۆڕشگیڕی و تیوەگلاندنی سەر ئامەدانی خەبات. ئیمە دەبێ دەستەکەیان بخەینە ڕوو و بۆ کریکارانی ڕوون بکەینەوە، پیم وایە وەختی ئەمە هاتووە.

ئەژدەر زۆر بە هیمنی پرسی: دەربارەی ئەندامیتی من لە شانە ژیر زەمنییەکاندا بڕیارت دا؟

پیوتر بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە: بۆ ئەو مەسەلەیە بۆ ئیرەم بانگ کردیت. سبەی بەیانی بچۆ بۆ لای غولام، بۆ کارخانەنا.. بۆ ماڵیان.. غولام ئیدی لە خاتیسوف کار ناکات. دوای ئەو مانگرتنەی دوایی ئەویشیان «پاک» کردەوە.

ئەژدەر ویستی پرسیارێ بکات وەلێ چونیاتوف ماوەی نەدا، بەڵێ سبەی بەیانی بچۆ بۆ لای غولام. قسەم لەگەڵیا کردووەز هەوڵدانت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تیوریت مایەی ڕەزامەندییە. هاوڕییان لیت ڕازین. غولام بە هەندێ لە هاوڕییانت دەناسینێ. ئەم کارە بەو سپیردراوە.

ئەژدەر بە خۆشحاڵییەوە پرسی: بەکام هاوڕییانە، پیوتر؟

چونیاتوف بە زەردەخەنەوە گوتی: پەلە مەکە، سبەینێ خۆت دەی بینی..

ئەوجا جاریکی دی دەستی ئەژدەری گوشی و گوتی: سەرەڕای من، ئیڤان نیکولایوفچش زەمانەتی کردویت، ئیڤان دەیگوت بە ئەندازەی خۆی متمانەی بە تۆ هەیە، حاڵی بوویت؟

ئەژدەر بە سەرسامی پرسی: نەخیر حاڵی نەبووم، چما بە گومانن لە من هاوڕێ چونیاتوف؟ زەمانەتی چی؟

چونیاتوف چاوی بڕییە چاوە ئەبلەقەکانی ئەژدەر.

– کەس لەتۆ بە گومان نییە ئەژدەر، ئەمە یاسای کاری نهینییە، دەبێ بە هیوری کار بکرێ. ڕەنگە بپرسیت لای چ کەسیک زەمانەتمان کردویت؟ بەڵام مەپرسە، پاشان خۆت تیدەگەی. ئیستا بڕۆ و ئەوەندە بەم ناوەدا مەیە. ئەوەش بزانە کە «فریشتەکان» لە هەموو شوینیک دا تاقیبت دەکەن. هەرگیز ئەمەت لە یاد نەچێ. ئەگەر سەرەڕۆیی بکەیت دەسگیرت دەکەن و دەتبەنە لای «خوا».

ئەژدەر هەستی بە ناسکی قسەکانی چونیاتوف کرد و وەڵامی دایەوە:

– کەواتە بەم پییە بێ، ئاسمانیش پشتیوانی «شیبایف»ەکانە؟

– ئاسمان پاریزەری ئەوانە و زەوی پشتیوانی ئیمەیە. دڵنیا بە هەرچەند بەرزتر ببنەوە، ڕۆژێ هەر دیت بە سەر سەرا دەیان خەین.

بەدەم پیکەنینەوە لە یەکدی جودا بوونەوە.

چونیاتوف بە خیرایی لە پیچی شەقامەکە تیپەڕی و ون بوو.

«ئەژدەر»ش کۆڵەکەی دا بە شانیا و بە نیازی ماڵەوە بەرەو شار کەوتە ڕێ.

کە باسی «ماڵ» دەکەین. ژووریکی ڕیک و پیکی گەرم و گورمان دیتە بەرچاو. نەخیر.. ئەژدەر لە هەموو ژیانیا ئەم چەشنە ژوورەی نەبینی بوو. سێ برازای بە نەخۆشی سیل وەکو گەڵای خەزان لە چاوتروکانیکدا هەڵوەری بوون. بەدبەختی وەکو

سیبەر بە شوینیانەوە بوو. برا گەورەکەی دوای مەرگی جگەر گۆشەکانی دووچاری بەلایەکی تازە بوو. پەنجەکانی دەستی کەوتبوونە بەر دەزگاکە و فت بوو بوون. چونکە وەکو جاران کاری پێ نەدەکرا دوکانی دارتاشییەکەی داخست. بە رۆژە کریکاریش فریای بەخیو کردنی خیزانەکەی ناکەوت. هەرچی هەبوو. نەبوو فرۆشتبوونی و رووی کردبووە ناوچە دوورەکانی ئازربایجان.

لە ماڵەکەدا تەنیا یەک ژووریان بۆ ئەژدەر هیشت بۆوە، ئەژدەر هەر کاتێ بیکار دەبوو دەرگای ئەم ژوورەی دەکردەوە. ژوورەکە پتر لە ژووری تەحقیق دەچوو. کاتێ کە کاریشی دەکرد، لە ئوتیلە گشتییەکانی کارخانەکەدا دەمایەوە.

ئیستا بەرەو گەڕەکی داغلی، بۆ ژوورەکەی خۆی دەچوو. گەڕەکی داغلی هەرگیز لەوە ناچوو بەشیکی شاری باکۆ بێ. خانووەکانی ئەم گەڕەکە لە کۆمەڵە باڵندەیەکی سەیر و سەمەرەی هەڵنیشتووی سەر تاویران دەچوون. کە بینەر ئەم خانوانەی دەبینی بیری بۆ ئەوە دەچوو کە چۆن تاکو ئیستا بە پیوە ماون و نەڕوخاون. ماڵەکانی گەڕەکی داغلی بەسەر دوو گردولکەی هاوشانییەکەوە گیرسا بوونەوە. لافاوی زستانان دوڵیکی خستبووە نیوان هەردوو گردەکەوە و خەڵکەکەش ریگایەکیان لە پاڵ ئەم دوڵەوە دروست کردبوو. خەڵکی گەڕەک ئەم دۆڵەیان ناو نابوو «درد نیل» چونکە هەم وەکو گەروی درد نیل تەنگ بوو و هەم وەک چۆن درد نیل شوینیکی لەبارە بۆ سەربازانی تورکیا بۆ تالان کردنی کەشتییە چکۆڵەکان، ئیرەش شوینی یەکگرتنەوەی ریگرەکانی باکۆ بوو. ساڵ نەبوو لە درد نیلی تورکیا دا کەشتییەک نقوم نەکرێ. ساڵیش نەبوو لە درد نیلی گەڕەکی داغلی دا تەرمی یەکێ لەو کریکارانە نەدۆزریتەوە. کە لە گەڵ کارخانەدارەکاندا ناتەبا و ناکۆک بوون. یان لاشەی کەسیک نەدۆزریتەوە کە لە عەلەیی سەرمایەداران و ملیونیران دوا بوو. وەک چۆن سوڵتانەکانی ئیران و تورکیا لە هەر سەردەمیک دا دەستەیەک پیاوکوژیان لە دەربارەکانیان رادەگرت، خاوەن نەوت و ملیۆنیرەکانی باکۆش کۆمەڵیک بەکریگیراویان راگرتبوو بۆ دامرکاندنەوەی گیانی شۆڕشگیڕی جەماوەر و رەش کوژکردنیان. ئەژدەر لە درد نیل رەت بوو. شەقامەکەی برێ لە کۆڵانیکی باریکا پیچی کردەوە و خۆی بە حەوشەیەکی بچووک دا کرد. حەوشەیەک بوو بە پانتایی ٨-١٠م. خانووە دوو نهۆمییەکەی لای چەپی حەوشەکە دوو دەرگای هەبوو. ئەژدەر یەکیک لەسەر دەرگانی کردەوە. خۆی بە ژووریکی تەنگی شیداری بێ پەنجەرەدا کرد. کۆڵەکەی لە تەختیک دانا. شڕە کاغەزەکانی نیو بەرگە سەرینەکەی دەرهینا و لە تاقیکی بچکۆڵەدا شاردنیەوە. ئەوجا قالیچەیەکی شڕی لە ژووروە دەرهیناو هاتە نیو حەوشە. پەیژەیەکی هیناو بە سەریا سەرکەوت و چووە سەربان. لەسەر بانەکەوە تەواوی شار دیار بوو. هەتاو کە لە ئاسۆ نزیک بوو بووەوە ئیدی ئەو گەرمییەی نیوەڕۆی نەمابوو. شار کەوتبووە باوەشی تیشکی سوور باوی خۆرەوە. ئەژدەر قالیچەکەی راخست و لەسەری دانیشت. قیری سەربانەکە لە گەرماندا تواڤبووەوە. ئەژدەر چاوی بڕییە ئاسمانی ساف و بیگەرد. بەرە بەرە تاریکییەکی خەست ئاسمانی شاری داگیر کرد. ئەوجا چراکانی شار وردە وردە هەڵ بوون. باکۆ، دەتگوت دایکیکی



میهرەبانەوە خەزەری لە باوەش گرتووە. باکۆ باکۆی لە لایەکەوە شاری نەوت و سامان وشادی، لە لایەکی ترەوە شاری برسیتی و کلۆڵی ئیدی رووی گرژ بوو، نقومی تاریکی بوو.

ئەژدەر دەیڕوانییە ئەو تیشکانەی لە دوورەوە دەلەرزین. پاش ماوەیەک هاتە خوارەوە. لە دوینیوە نیازی سەردانی ماریا ڤاسیلیوفنای هەبوو، هاتوچۆکردنی ئەوان بە رۆژەوە لە مەترسی بەدەر نەبوو، بەکریگیراوانی ریوی سیفەت خوا خوای بیانویەکیان بوو کە بیگرن.

لە بەرانبەر کۆڵانەکەدا، لە نیوان هەر دوو شەقامی «بازارنی» و «ئسپاسکی» دا هەڵوەستەیەکی کرد. دوای کەمیک لە دەرگایەکی نزمی ئەوسەری کۆڵانەکە نزیک بووەوە. بزماریکی راکیشا. دەنگیکی نزم لە ژوورەوە بەرز بۆوەوە. دوای کەمیک ماریا دەرگای کردەوە: ئەژدەر خۆتی؟ وەرە ژوورێ!

ئەژدەر دوای ماریا کەوت. چووە ژووریکەوە کە پەنجەرەکانی دەی ڕوانییە نیو حەوشە.

ماریا زیاد لە پیویست ماندوو دیار بوو، چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی زۆر بوو بوون وچاوەکانیشی سوور هەڵگەڕابوون. دیار بوو زۆر گریاوە.

ئەژدەر بە شەرمەوە کڵاوەکەی داگرت، بە گەرمی دەستی ماریای گوشی:

– پورە ماریا هاتم سەریکتان لێ بدەم. ئەحواڵتان چۆنە؟

ماریا بە نائومیدییەوە وەڵامی دایەوە: کوڕم هەر ئیڤانمان کەمە، لەوەتەی ئەو مردووە شەو و رۆژمان لێ تیک چووە، کاروپیشەمان هەر گریانە.

– دەبێ سەبوری خۆتان بدەنەوە.

– تاکەی کوڕم؟

ماریا ئەژدەری خوڵک کرد کە دانیشیت. ئەوجا رووی کردە ژوورەکەی تەنیشت و بە دەنگی بەرز گازی کرد: ورا، وەرە ژوورەوە! ئەژدەر هاتووە.

ورا هەرکە ئەژدەری بینی گونا ژاکاوەکانی بە ئاستەم سوور هەڵگەڕان. بزەیەک لیوەکانی بە ئاستەم ترازاند. جلیکی رەشی هاودامانی پۆشی بوو، ئەم جلانە تۆزی لاوازتری دەنواند. تەوقەیان لەگەڵ یەکدیدا کرد. لەم کاتەدا کچیکی دی دوا بە دوای ورا هاتە ژوورەوە.

کچە ئازەرییەکی پوشتە و پەرداخ بوو. هەرکە ئەژدەری بینی چارشیوەکەی توند کرد. سەری داخست و چووە دەرێ.

ئەژدەر گەنچیکی شەرمن بوو، هەر کاتێ بۆ ئیرە دەهات- بەتایبەتی ئەوڕۆ کە ماوەیەکە تەنیا دوو جاران سەری داون- لە شەرماندا قسەی بۆ نەکرا. کە کیژە ئازەرییەکەش رۆیی لیوی پێ نەبزوا. بۆ ئەوەی هەست بەم پەشیوییەی نەکەن لەسەر کورسییەک دانیشت دوای ماوەیەک پرسی:

– ورا گیان، ئەو کیژە کێ بوو؟

ورا بە سەدایەکی خەم ئامیزەوە وەڵامی دایەوە: ئامینەی کیژی میرزا حوسینە. لەوەتەی بابم مردووە بە نیو نەخت خافڵی نەکردووم. دۆستیکی وەفادارە.

ماریا لەو کاتەدا کە دەیویست بۆ ژوورەکەی دی بچیت، لە ئەژدەری پرسی:

– ئەژدەر ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بوویت؟ زۆرمان غەریبی کردیت. ناکا فەرامۆشت کردبین؟

ئەژدەر لە حاڵیک دا کە دەیویست برینیان نەکولینیتەوە و ناوی ئیڤان نەهینی، گوتی: ئەم قسەیە چییە پورە ماریا؟ چۆن دەشیت ئیوە لە بیر بکەم؟ تەنانەت ماوەم نییە سەری شاریش بدەم. چەند رۆژیکە کارخانە داخراوە و منیش بەهۆی ئەندامیتیم لە کۆمیتەی مانگرتندا دەرکراوم. شیبایف دوو بەشی سەرەکی کارخانەکەی داخست. منیش وەکو خەڵکانیکی زۆر بێ کار مامەوە. ناچار شڕەو پڕەکەم دا بە کوڵما و هاتمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم.

ماریا ڤاسیلیوفنا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشا.

– ئەمەش بەدبەختییەکی تازە، بەڕە لە لای تەنکییەوە دەدرێ. ئەدی ئیستا بە نیازی چیت؟ لەم رۆژەدا کار پەیدا کردن گەلیک زەحمەتە.

– بەڵێ وایە.. هەموو دەرگاکان لە رووی کریکارە دەرکراوەکاندا داخراون.. ئەگەر ئیڤان زیندووبایە یارمەتی دەدام. بەبێ ئەو چ کاریکم لە دەست نایە.

ئەژدەر پاش ئەم قسانە بیدەنگ بوو. لە ناوهینانی ئیڤان ژیوان بۆوە. هەر کە ناوی ئیڤان هات فرمیسک لە چاوانی ورا دا قەتیس ما. ورا چاوی سڕی و لە ئەژدەری پرسی: ئەدی ئیستا چیت نیازە؟

– لە سبەیەوە بە دووی کاردا دەگەڕیم، دەبێ ئەگەر بە شیوەیەکی کاتیش بێ کاریێ پەیدا بکەم. ئەژدەر هەستا، رووی کردە ماریای خەمگین و گوتی: پورە ماریا، ئیڤان هەمیشە بە «کوڕم» گازی دەکردم. ئیستاش هەرچەندە کە ئەو نەماوە هەر خۆم بە کوڕی ئیوە دەزانم، هەر کاریکم لە دەست بێ دریغی ناکەم. هەرگیز نایەڵم نارەحەت بن.

ئەژدەر نەیتوانی دریژە بە قسەکەی بدات. ماریا لیی نزیک بووەوە بە دڵسۆزییەوە دەستی گوشی.

– بژی ئەژدەر! منیش بە کوڕی خۆمت دەزانم. کە ئیڤان نەماوە ئەگەر کەمیک نارەحەتیش بکیشین گرنگ نییە. وراش کاریک پەیدا دەکات. دانیشە هەنووکە چای دینم.

– پەلەمە پۆرە ماریا. درەنگم بەسەرا دیت و گەڕەکی داغلیش خەتەرە.

– کە پەلەتە برۆ. بەڵام زوو زوو سەر بدە. غەریبیت دەکەین.

پورە ماریا خواحافیزی لە ئەژدەر کرد و چووە ژوورەکەی دی.

ورا و ئەژدەر بە بیدەنگی چاویان بڕی بووە یەک. ورا لاواز بوو بوو. جلە رەشەکانی بەرزتری دەنواند و جوانییەکی تایبەتی بە سیمای خەمگینی دەبەخشی.

– ورا گیان رۆژ بە رۆژ لاوازتر دەبی. ئەگەر فریای خۆت نەکەوی نەخۆش دەکەوی و خەمیکی دی دەکەیت بەسەرباری خەمەکانی دایکت.

ورا لە ناخی دڵەوە ئاهیکی هەڵکیشا و گوتی:

– بێ ئەوەش دایکم بە ئەندازەی چەندین کیو خەم لە دڵی بارە.

– ورا هەر رۆژیک دێ ئەم کیوی خەمانە لە بن بێ، رۆژێ دێ تۆڵە لەمانە



دەسەنینەوە. رۆژانی شادی لە پیشەوەن. نیگەران مەبە. سەرکەوتن بۆ ئیمەیە.

ورا حەماس گرتبووی. بە توڕەییەوە دوولکی دەستە سڕەکەی ملی پیکەوە گرێ دەدا. بە بیدەنگی چاوی بڕی بووە ئەژدەر، ئەژدەر دەستی ورای خستە نیو هەر دوو دەستی وەکو وتار بیژێ کە خۆی بۆ وتاردانیکی گەورە ئامادە بکات، گوتی: ورا...

بەڵام نەیتوانی دریژە بە قسەکەی بدات، دڵی هەردووکیان پڕ لە قسان بوو. بەڵام نەیاندەزانی چۆن هەستی خۆیان بدرکینن. ئەنجام ورا دەستی لە نیو دەستەکانی ئەژدەر دەرهینا و گوتی:

– ئەژدەر، دەتەوێ چ بڵیی؟ دەڵیی قسەیەکت پییە.

– وایە ورا، بەڵام.. ناتوانم بیڵیم.

ئەژدەر سوور بوەوە، حاڵی وراش لەو چاکتر نەبوو. کە ماریا ڤاسیلیوفنا هاتەوە ژوورێ، ئەژدەر دوعاخوازی لە هەردووکیان کرد و بە پەلە کەوتە رێ.

# 6

غولاّم له گەڕەكی «ئیچری شار» دا دەژیا. شورەی پانی تایبەت بە قەلاّكانی سەدەكانی ناوەڕاست دەوری «ئیچری شار»ی گرتبوو. كولاّنە پڕ پیچەكانی ئەم گەڕەكەی شاری باكۆ بوارمان نادات كە دەقاو دەق شوینی مالّەكەی غولاّم بۆ خوینەر دەست نیشان بكەین. زەمانیّ بوو كە باكۆ تەنیا ئەم گەڕەكە بوو. بەلاّم لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدە بە دواوە شار هیندە فراوان بوو كە ئەم گەڕەكە كەوتە ناوەندی شارەوە، بۆیە ناویان لیّ نا «ئیچری شار» واتە ناوەندی شار، ئەم گەڕەكە وەكو نموونەیەكی باكۆی كۆن مابۆوە.

ئەم رووداوەی دەیگیڕینەوە لە سالّی ١٩٠١ رووی داوە. باكۆ لەگەلّ گەشەسەندنی پیشەسازی نەوت دا رۆژ بەرۆژ گەورەتر دەبوو. لە پالّ دیوارەكانی قەلاّوە شاریكی مەزن دروست دەبوو.

باكۆ شاری ناكۆكییەكان بوو، لە پالّ زیاد بوونی ژمارەی زنجە دوكەلّ گرتوو و نەوتاوییەكانی كریكاراندا، تەلار و كۆشك و سەرای خاوەن نەوتەكانیش بەرزتر دەبوونەوە. شار هیندە قەرەبالّغ بوو دەرزیت هەلّدابا ناكەوتە سەر زەوی. بەلاّم كریكارانی چەوساوە هەستیان بەم شتانە ناكرد. قورسایی باری شار لە سەرشانی زەحمەتكیشان بوو. دەستی ماندووی كریكاران شاریان دروست دەكرد، كەچی چ سوودیكیان لە دەست كردەكەی خۆیان نابینی. لەگەلّ گەشەسەندنی سەرمایەداریدا و پر بوونی گیرفانی خاوەنانی نەوتدا، باری سەر شانی كریكاران قورستر دەبوو. كریكارانیش پتر هەستیان بەمە دەكرد. قورسی كۆشك و تەلار، شەقام، سالّۆنی قومار و خوارنگای رازاوە كە هەموو رۆژیّ لە زیاد بوونا بوو، پشتی زەحمەتكیشانی دەشكاند. تەلار و شەقام و فروشگا و موغازەی تازە لە كەناری دەریادا دروست دەكران. ئەو كارخانانەی كە وەكو قارچك سەریان هەلّدەدا گەڕەكی گەورەی كریكارنشینیان لەگەلّ خۆدا دەهینایە ئاراوە.

ئەژدەر سبەینیی ئەورۆژە، بەیانی زوو لە مالّ دەرچوو، پاش بڕینی گەلیّ كۆلاّنی پیچاو پیچ و چەو ریژ گەییە ناوەندی شار. ئیرە پڕ بوو لە شەقامی گەورە و شوستەی پان و پاك و تەمیز. ئەو كۆشك و تەلارانەی كە ملیۆنیرانی باكۆ بە مەبەستی بە كریّ دان دروستیان كردبوو، موغازە و فروشگای رازاوە. ئەم بەشەی شاری باكۆیان لە گەڕەكە هەژار نشینەكانی شار- ئەو گەڕەكەی ئیستا ئەژدەر لیوەی هات- جودا دەكردەوە.

چەرداخی موغازە گەورە و دیوارەكان یەك پارچە پۆستەری پڕوپاگەندە بوو. پڕوپاگەندەی «كۆمپانیاكان» «بازرگان خانەكان» ئیدی تا چاو هەتەر بكات ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەكان خوارنگا و كاباراو موغازە بوو.

شەقامەكان لە بەیانییەوە تاكو ئیواریّ جمەیان دەهات. شەرق و غەرب لیرەدا تیكەلّ



بوو بوون. چەقوكیش و ریگران بە خۆیان و دەمانچەی كۆلّتەوە. سەرمایەدارانی ئەوروپا كە بە بۆنی نەوتەوە هاتبوونە باكۆ، حالّەتیكی سەیریان بەشار دەبەخشی، ملیۆنیران خۆیان بە خوای دەست بە تالاّن،چەقۆ كیشان خۆیان بە جەلاد و ماموری ملیۆنیرەكان دەزانی. لە ترسی ئەم دوو لایەنە خەوی ئارام ناچووە چاوی زەحمەتكیشان.

كاتی ئەژدەر ئەم شەقامانەی بڕی. لە دەروازەی «قوشاقالا»وە خۆی بە «ئیچری شار» دا كرد. دەتگوت یەكراست لە سەدەی بیستەمەوە هاتبوە سەدە تاریكەكانی ناوەڕاست. رۆژگاریّ بوو قفلّی گەوەریان لەم دەروازەیە دەدا، حەس حەسی رۆژگار ئیشكی دەگرت. خانی خوین مژی باكۆ بەم جۆرە دەرباری بەشكۆی خۆیان پاس دەكرد. بەلاّم دەمیّ بوو ئەم عادەتە نەما بوو. شەقامەكانی ئیچری شار بەرە بەرە وەكو جۆگەلەی لە رووبار جیاوە بوو تیكەلّ بە شەقام و كۆلاّنەكانی دیّ دەبوون. پیچ و پەنای كۆلاّنەكان بۆ بەرگری لە هیرشی دوژمنان دروست كرابوون.

ئەژدەر كون بە كونی ئەم گەڕەكە شارەزا بوو. شەقام و كۆلاّنە پڕپیچەكانی بڕی و بە وریاییەكی زۆرەوە خۆی بە حەوشیكی بچووك دا كرد. چەند قالّدرمەیەك دابەزی. ئەم قالّدرمانە دەچوونە مالّی غولام، غولام لە دوو ژووری تەنگی شیداردا دەژیا، ئەكبەری كوڕی غولام كە تەمەنی سیزدە چواردە سالّیك دەبوو، شڕە چاكەتەكەی بابی لەبەر كردبوو. هات دەرگاكەی لە ئەژدەر كردەوە. ئەژدەر بە دالاّنیكی پاك و هەژارانەدا تیپەڕی و خۆی بە ژووریكی بچكۆلەدا كرد. لە گۆشەیەكی نیچمە تاریكی ژوورەكەوە دەنگی غولاّمی ژنەوت كییە؟

– منم ئەژدەر! غولاّم كوایت؟

– ئەژدەر! بچۆ ئەو ژوورە، هەنووكە دیم، كەمیّ نەخۆشم. خەوتووم..

ئەژدەر چووە ژوورەكەی تەنیشتەوە. لەو پەنجەرە بچكۆلەیەوە كە بەسەر كولانەكەدا دەیڕوانی كزە تیشكیّ دەهاتە ژوورەوە، هەركە ئەژدەر چووە ژوورەوە دوو ژنی موسولّمانی عەبا بەسەر هەستان، ژنەكەی غولاّم كە بە دوای ئەژدەر دا هاتە ژوورەوە، سلاّوی كرد. لە ژنەكان نزیك كەوتەوە و كەوتە چپە چپ لەگەلّیاندا.

ئەژدەر یەكەم دیداری خۆی لەگەلّ غولاّمدا وەبیر هینایەوە. سمیلّە رەش و پڕەكەی، چاو و بڕۆ قەوییەكانی غولاّم هەر لە یەكەمجارا كاریان لە ئەژدەر كرد. ئەژدەر هەرگیز ئەو قسانەی ئیڤانی لە بیر ناچوو كە ئەم دووانەی بە یەكدی ناساند.

– ئەژدەر غولاّم بناسە! غولاّم یەكیكە لەو خەباتگیڕانەی كە گیانی خۆی نەزری چینی كریكار كردووە.

لە راستیدا ئەمە رای هەموویان بوو دەربارەی غولاّم.. بەلاّ ئەفسوس نەخۆش بوو. ئەژدەر هەر لە یەكەم دیدارا هەستی بە نەخۆشی ئەم هاوڕییە كردبوو، گەرمی دەستەكانی تیشكی چاوەكانی، سوری گونا لاوازەكانی ئەوەیا نیشان دەدا كە نەخۆشی سیل- نەخۆشی تایبەت بە كریكاران- خەریكە سییەكانی ویران دەكات.

غولاّم دوای كەمیك هاتە ژوورەوە، ژنە عەبا بەسەرەكان كە ئەویان بینی چوونە ژوورەكەی دی، پورە «نسا»ش دوا بە دوای ئەوان ژوورەكەی بە جیّ هیشت. غولاّم لە دواوە مۆرەی لیّ دەكردن.

– گورگن.. گورگانی عەبا بەسەر...
ئەژدەر بەسەر سامی پرسی: ئەم ژنانە دەڵێی؟
– بەڵێ! سەوداو مامەڵە خۆی گەیاندۆتە ژێری عەباش، بێ شەرەفانە لە زنجە شیدارەکانیشا بەدووی سامانا دەگەڕین.
رق و کینە لە چارەی غوڵام دەباری.
ئەژدەر هەستی بە توڕەیی ئەو کرد. چونکە لە مەبەستی حاڵی نەبوو بوو بە شۆخییەوە پرسی: کەواتە ئەم ژنانە بۆ کۆکردنەوەی سامان بۆ ماڵی تۆ هاتوون؟ خۆ ئەگەر سامانی وا هەیە بۆ خۆت کۆی ناکەیتەوە؟
غوڵام بێ گویدان بە شۆخییەکەی ئەژدەر، بە هەمان توڕەییەوە گوتی:
– سامانی چینی کریکار ئەو ئومیدەیە کە بە پاشەرۆژی هەیە، ناتوانن بە پارە و پوڵ ئەم ئومیدەی لە دەست دەربینن.
ئەژدەر دەیزانی قینی ئەم کریکارە شۆڕشگیڕە بێ هۆ نییە. غوڵام هەمیشە داخ لە دڵ بوو، هەمیشە قسە لە روو بوو. دووروویی نازانی، ئەژدەر دەیزانی کە غوڵام هۆی توڕە بوونەکەی هەر دەڵێ. سیغاریکی پیچایەوە و دای گیران. دوای یەک – دوو مژی قوڵ لەسەر قسەکەی رۆیی:
– لە دوینیوە نانمان نەخواردووە. ویستمان جلە بوکینییەکانی ژنەکەم بفرۆشین و یەک دوو رۆژیکی پێ بگوزەرینین، چووین ئەم ژنە دەڵاڵانەمان هینا، هەر لە دەرگاوە سەرنجیان چووە سەر ئەکبەر، کە بینیان منداڵیکی زرینگە، ویستیان فریومان بدەن کە لە ماڵی ئەواندا کار بکات. ئەم قسەیەم زۆر لە بەر گران بوو. بەم حسیبە دەبێ منداڵی کریکاریش نۆکەری بەر دەرگاکانیان بێ؟ چونکە ژن بوون هیچم پێ نەگوترا، ئەگینا حاڵیم دەکردن کە باوکی ئەم منداڵە هیشتا نەمردووە.
ئەوجا غوڵام چووە لای دەرگاکە و بە ژنەکەی گوت:
– تا من مابم نایەڵم منداڵەکەم ببێ بە پاشماوە خۆری ئەم ملیۆنیرانە! ئاگری جگەرەکەی کەوتبووە سەر زەوی، بەپێ کوژاندییەوە و بیدەنگ بوو.
پورە نسا گوتی: بە هیلاکیان دام.
بە دڵ روانییە چارەی شووەکەی.
– ئێ ئاخری؟
پیریژنەکە ئاهیکی هەڵکیشا و گوتی: چوار مناتیان دامێ، چش! دە منات لەسەر خۆما کەوتبوو... تەنیا یەک رۆژم لەبەر کردبوو.
– ئەکبەر کوا؟
– ناردم بۆ لای بەقاڵەکەی ئەو بەرەوە.. هەنووکە دیتەوە.
غوڵام هەستی بە غەمباری ژنەکەی کرد. سەیریکی کرد و بە زەردەخەنەوە گوتی:
– خەم مەخۆ نسا! خۆ جاریکی دی نابیتەوە بە بووک. ئەگەر دەستمان رۆیی هی باشترت بۆ دەکڕم.
پورە نسا، ئەو دۆشکەڵەیەی کە لە ژیر ژنەکاندا رای خستبوو، کۆ کردەوە و لە سوچیکی ژوورەکەدا هەڵیگرت.



– تۆ لات وایە بۆ جلەکانم نارەحەتم؟ بە قوربانی تۆ وئەکبەر بێ.
پورە نسا تەماشایەکی ئەژدەری کرد. بە دەم زەردخەنەوە گوتی:
– ئیستا ئەژدەر لە دڵی خۆیا دەڵێ پورە نسا هیشتا لە هۆڵی سوراو سپیاو دایە!
غوڵام پیکەنی. حاڵی باش دەهاتە بەرچاو.
– بەڵام نسا، ئەگەر ئەمەش نەڵێ، خۆ دەڵێ چوومە ماڵەکەیان، پیاڵە چایەکی تاڵیان نەدامێ.
– هەر ئیستا سازی دەکەم.
– باشە چای بە جیی خۆی، ئەدی نان؟
– پەلە مەکە، هەر کە ئەکبەر هاتەوە نانیش دروست دەبێ.
ئەژدەر کەمیک شەرم گرتی. هەرچەندە لە دوینیوە نانی نەخوارد بوو، بەڵام وەکو یەکیکی تەواو تیر وەڵامی دایەوە:
– نا، من نانم پێ ناخورێ.. تیرم. سەلامەت بی.
غوڵام پیکەنی: واز بینە ئەژدەر! سکی کریکاری بیکار وەکو گیرفانی بەتاڵە.
– تۆ خۆتیش بە چەند سەر خیزانەوە بیکاری...
– ئەورۆ هەمانە و دەخۆین.. کێ سبەینیی دیوە؟
پورە نسا دەنگیکی لە ژوورەکەی ترەوە ژنەوت. چووە دەرێ. سەر لەنوێ قین و توڕەیی لە چارەی غوڵام نیشت!
– ناچارم لەبەردەم ئەوانا خۆم وا بنوینم کە باشم. بەستە زمانانە دڵم بە حاڵیان دەسوتێ! نەخۆشی من پتر نارەحەتیان دەکات! دوینێ کە تۆزێ خوینم هەڵینا، بەستەزمانانە هۆن هۆن دەگریان.
ئەژدەر لە دڵی خۆیدا گوتی: بە خۆشی دەزانێ کە تووشی چ نەخۆشییەکی بێ دەرەمان بووە، هەموو رۆژێ توانەوەی خۆی دەبینێ.
– بۆخۆت تیمار ناکەی غوڵام؟ پیویستە بچیتە نک دکتۆر! چ دەردێ نییە کە دەرمانی نەبێ.
غوڵام بە نائومیدییەوە وەڵامی دایەوە: ئەژدەر نەخۆشییەکەی من سێ جۆرە دەرمانی هەیە.
دەستە لەرزۆکەکانی خستە سەرشانی ئەژدەر. ئەژدەر هەستی بە گەرمی دەستی کرد. غوڵام هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوجا لەسەری رۆیی.
– ئەم نەخۆشییە سێ جۆرە دەرمانی هەیە. هەتاو. هەوا و پارە...
ئەژدەر بەسەر سامییەوە پرسی: پارە؟
دیسان زەردەخەنەیەکی تاڵ کەوتە سە لیوانی غوڵام.
– بەڵێ پارە. ئەگەر راستیت دەوێ لەم دەورو زەمانەدا پارە دەرمانی گشت دەردیکە. چەند رۆژێ لەمە پیش نسا بە زۆر ناردمییە نک دکتۆر ئوسیوف. ئەم پیاوە هەم دوکتۆری باشە و هەم ئینسانی باشە. زۆری تەکید کرد کە: «خانووەکەت بگۆڕە، ژوورێ بە کرێ بگرە کە هەتاو گیر بێ. بەلای کەمەوە، رۆژێ ٤٠٠ گرام رۆن بخۆ. ئەمە دەرمانی تۆیە.» پارەشی لیوەرنەگرتم و گوتی تۆ هەژاریت. باشە یەکیک پارەی

دکتۆری نەبێ ئیدی هەتاو و هەواو پارە لە کوێ بینێ؟ ئاخر نەک هەر رۆن بەڵکو هەواو هەتاویش پارەی دەوێ..

غوڵام دەستی لەسەر شانی ئەژدەر لابرد و دانیشت. ئەژدەریش لەسەر دۆشەکەڵەیەک کزکوڵەی کرد.

دوای کەمیک بیدەنگی. غوڵام گوتی: شەوو رۆژ رەنج دەدەین و کەچی ئاتاجی پاروە نانیکین، ژیانی ئاژەڵ لە ژیانی ئیمەی کریکار باشترە. زۆربەی کریکاری کارخانەکان بە نەخۆشی سیل دەمرن. ترسی بیکاری خەوی لە چاوی کریکاران تاراندووە. من کە لە دوینیوە بیکارم ئەم بەستەزمانانە -نساو ئەکبەر- دنیایان لێ بووە بە چەرمی چولەکە.

– زۆریش بیری لێ مەکەوە! چ شتیک بەخەم و خەفەت پیک نایەت؟

ئەژدەر دەیویست بەم قسانە دڵ خۆشی بداتەوە. بەڵام غوڵام بە قینەوە وەڵامی دایەوە:

– راست دەکەیت. چ شتیک بە خەم و خەفەت پیک نایەت. بەڵکو تەنیا بەیەکبوون و خەباتی تیکڕایی زەحمەتکیشان پیک دیت. کارخانە دارەکان کەمن. بەڵام ئیمە زۆرین! ئەگەر ئەوان خاوەن پارە ودەسەڵات بن. ئەوا ئیمە خاوەنی هیز و مافی رەواین.

غوڵام کە قسانی دەکرد. برۆکانی دەهاتنەوە یەک. چاوە ماتەکانی دەبریسکانەوە. وەختێ بەم قسانە داخی دڵی خۆی هەڵرشت گوتی: هاوڕییان منیان راسپاردووە کە قسان لە تەک تۆدا بکەم. ئەگەر ئیڤان نیکولایوفچ مابا بەخۆی قسەی لەگەڵدا دەکردیت.

غوڵام کەمیک بیدەنگ بوو. دڵی ئەژدەر لە خۆشیاندا کەوتە پەلە پەل. دەیەوێ چ بلێ؟ کێ ئەم کارەی بە غوڵام سپاردووە؟ باشە ئیڤان تا مابوو بۆچی چ قسەیەکی نەکرد؟

هەموو ئەم پرسیارانە لە یەک کاتدا بە میشکی ئەژدەرا تیپەڕین. غوڵام دوای ئەوەی چەند جارێ کۆکی. لەسەری رۆیی: تۆ ئەوڕۆ لەگەڵ خەڵکانی تازەدا، لەگەڵ هاوڕییانی مەزن دا ئاشنا دەبیت. ئیمە بڕیارمان داوە کە بتکەین بە ئەندامی بنکەی خەباتی ژیر زەمینی مارکسیستی. ئیمە، پیوتر چونیاتوف. من و شەهید نیکولایوفچ کە کەفالەتمان کردویت کە پیاویکی راستگۆی دەرهەق بە خەباتی کریکاران و پرولیتاریا. کابرایەکی شۆرشگیڕیت و هەموو ئەو خەسڵەتانەت تیدایە کە دەبێ لە بابایەکی شۆڕشگیڕا هەبن، هەق پەروەر، هۆشیار و ئاگاداری ئاوەڕۆی رووداوەکانی.

ئەژدەر لە رووی تەوازوعەوە یەک دووجاران قسەکەی غوڵامی بڕی. بەڵام غوڵام موڵەتی نەدا: هیواش.. هیواش! پەلە مەکە برای عەزیز، با قسەکەم تەواو بکەم. من لە خۆڕا ستایشی تۆ ناکەم، ئیستا وەختی ئەوە نییە کە ویل بنوینی. بەڵام چونکە کەوتویتە سەر ریگایەکی گەورە دەمەوێ لایەنی لاوازی و بەهیزیت دەست نیشان بکەم. تۆ هەندێ خاڵ و لایەنی لاوازت هەن دەبێ بخرینە روو تاکو هەوڵ بدەیت نەیان هیڵی.

ئەژدەر بە بێ جوڵە کزکۆڵەی کرد بوو، غوڵام بێ گویدان بە سوور بوونەوە و هەڵچوونی ئەو، قسانی دەکرد: هاوڕێ، دژمن لە هەر چوار لاوە دەوری داوین. دژمنانی چینی کریکار، بەتایبەت ئەو کریکارانەی شتیک دەزانن. زۆرن. ئیمە هەوڵ دەدەین



ئاستی هۆشیاری جەماوەر بەرز بکەینەوە. بەڵام ئەو فیلبازانەی لە تاران و ئەستەمۆل دا دەرس دا دراون، بەر هەڵستی ئەم کارەمانن. ئەوانە دەیانەوێ تا د نیایە دنیا هەر کۆیلەی ملکەچ و گوێ رایەڵی کەسانی وەک نوبل، منتاشیف و موسی تقی یف بین تا پاشای تورکیا و ئاخوندەکانی تاران سوار سەرما بن. یەک تۆز کەم تەرخەمی و چاوپۆشی لە کەموکورییەکان، تای تەرازووەکە بە قازانجی ئەوان قورس دەکات. ئیمە دەبێ لە برا کریکارەکانی روسەوە فیری خەبات بین. ئەوان لەم بوارەدا خاوەن ئەزموونن. توانای دەرک کردنی دریژە پیدانی خەباتیان هەیە. ئیمە مەسئولیەتیکی گەورەمان لە عۆدە دایە. ئیمە دەبێ لە پۆلا پۆلاتر بین، ئەم قسانەم بکە بە گوارە و لە گویی بکە!

غوڵام بیدەنگ بوو، دەست سرەکەی دەرهینا و ئارەقەکەی دەموچاوی سڕی. ئیشارەتی بۆ ئەژدەر کرد کە دەرگاکە دابخات. ئەژدەر دەرگاکەی داخست. غوڵام لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: لەوانەیە هاوڕییان کاریکی یەکجار گرنگت پێ بسپیرن. جا تۆش دەبێ بە چاکی ئەنجامی بدەیت. من دەمویست گەلێ کاری گەورە لە پیناوی شۆڕش دا ئەنجام بدەم بەڵام نەخۆشی و پیری دەرفەتی ئەمەم نادەن. ئەم سیلە رۆژ بە رۆژ کە سیرەم دەکات. جەرگم سات بە سات پتر دادوەشێ، ئیدی تاقەتم نەماوە. بەڵام تۆ ساغ و گەنجیت، نابێ دەستەو ئەژنۆ دانیشیت. بەڵکو دەبێ لە کاتی پیویستدا خۆت فیدای شۆڕش بکەیت. ئیستا پیم بلێ ئامادەی بۆ ئەم کارە گەورە و سەختانە؟

ئەژدەر بە گەرمی وەڵامی دایەوە: هەڵبەتە ئامادەم غوڵام. پرسینی ناوێ، تۆ بڵیی بتوانم ئەنجامی بدەم؟ غوڵام گوتی: هەڵبەتە دەتوانی...

ئەوجا دەستە تا لیهاتووەکانی خستە سەر شانی ئەژدەر.

– ئەوە لە بیر نەکەیت کە نابێ هەڵەشە بیت، زۆر پرسیار یان قسان بکەیت. کاری نهینی یەکیکە لە چەکە کاریگەرەکانی شۆڕشگیڕان.

– دڵنیابە غوڵام، دڵنیا بە گلەییتان نایەتە سەر.

هەردووکیان بیدەنگ بوون. غوڵام سیغاریکی پیچایەوە و دایگیراند. لە ئەژدەری پرسی: بەم زووانە سەری ماڵی ئیڤانت داوە؟ داخۆ حاڵی ماریا و ورا چۆنە؟

– کە هاتم بۆ ئیرە. سەریکی ئەوانیشم دا. حاڵیان زۆر خراپە.

بارودۆخی شیواوی خیزانەکەی ئیڤان هەردووکیانی خستە دنیای خەیاڵەوە. ئەژدە بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕی. گوتی: غوڵام ئەدی بەم بیکارییە چی بکەین؟

غوڵام بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: پەیدای دەکەین. هەرچەندە ئیستاکێ کانەکان یەک یەک دادەخرین و کڕیاری کەرەستەی خاو نییەو کار پەیدا کردن زۆر زەحمەتە. بەڵام هەندێ لە هاوڕییان یارمەتیمان دەدەن... وا خەریکە لە باتیل دا کارخانەیەکی کارەبا دروست دەکەن. لەوانەیە لەوێ دا کارێ پەیدا بکەین..

دەرگا کرایەوە. پورە نسا بە دوو پیاڵە چایەوە هاتە ژوورێ، دوا بەدوای ئەو ئەکبەر بە سفرەیەک و چەند قاپیکەوە هاتە ژوورەوە. ئەکبەر سفرەکەی دانا. بە پەلە چووە دەرەوە.

دوای تۆزیک بە هەندێ پەنیر و پیوازەوە گەڕایەوە. شتەکانی لە سەر سفرەکەدانا و لەتەک دایکییەوە دانیشت. غوڵام پیاڵە چایەکی لەبەردەم ئەژدەر دانا و گوتی: بخۆ ئەژدەر، کە نان هاتە پیشەوە ئیدی شەرمی ناوێ.

ئەژدەر ئەو پەندەی بیر کەوتەوە کە دەڵێ: «سەرقاپ بۆلای مەنجەڵ دەچێ» لە راستیدا ئەم پەندە کالآی بالآی غولآم و پورە نسا بوو. هەردووکیان لە یەک چین و تا بڵێیی تەباو گونجاو بوون.

غولآم خەڵکی «ئیچری شار» بوو بابی هەر بە گەنجی گازی نەوت لیی داو کویر بوو. پاش ماوەیەک گەدایی مرد. غولآم هەر بە منداڵی هەتیو کەوت و بە ناچاری شانی دابووە بە کارکردن. ئەژدەر چاک دەیزانی کە کارکردن لە تەمەنی دەساڵییەوە مانای چییە، زۆر چاکی لەبیر کە بەر لە هەتاو کەوتن رادەبوو، بەپێ بەرەو کان و کارخانەکان دەکەوتە رێ. بە مانگ لەبەردەم کارخانەدار و وەستاکاندا دەکەوت. ئەنجام ناچار دەبوو. بۆ ئەوەی خەرجییەک بۆ خانەوادەکەیان پەیدا بکات، بە دەستە سڕەکەی نەوتی ناو قورتەکانی پاڵ بیرە نەوتەکان کۆ بکاتەوە و بیفرۆشیت.

غولآم بەم کویرەوەرییە گەورە بوو. دەست و پەنجەی لەگەڵ رۆژگاردا نەرم کردبوو. وەکو گەلآی بەر لافاو بەر لە پشکوتن و گەشانەوە سیس بوو بووە، چەندین جار کەوتبووە زەلکاوی ژیانەوە. بەلآم هەرگیز تییدا نەخنکا بوو. راستە تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو. بەلآم ئەزموونی ١٥٥ ساڵی لا کۆبووەوە، ئەگەر لە هاوڕیکانیت بپرسایە، دەیانگوت «غولآم خەباتگێڕە، جوامێرە، ئابڕومەندە، مەزن و لیهاتووە و تاکو ئیستا کەس قسەیەکی ناشیرین و قۆڕی لێ نەژنەوتووە» کە لە نزیکەوە ئاشنای غولآم دەبوویت، ئەم ستایشانە هیندەی دی دەچەسپین. خۆ ئەگەر لە بەڕیوەبەر و خاوەن کان وکارخانەکانت بپرسایە کە غولآم چۆن پیاویکە دەیانگوت: پیاویکی خوین تاڵە، بەد و بێ شەرمەو ئاژاوەچییە، ئەسکۆیی حەوت مەنجەلآنە».

هەڵبەت هەردوولا راستیان دەکرد، چونکە غولآم دۆستی کریکاران و دوژمنی چەوسینەران بوو، غولآم هەر بۆ خۆی ناژیا بەڵکو بۆ خەڵکی رەش و رووت دەژیا. بۆیەش وەختێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەدوا کە خۆیان بە چەوسینەران فروشتبوو، نەیدەتوانی قین و رقی پیرۆزی خۆی پەنهان بکات. هەرچی لە دڵ بوایە ریک و رەوان دەیگوت، غولآم لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کریکاراندا بەشداری دەکرد، چ شتیک، تەنانەت باوو بۆران و بەفریش نەیان دەتوانی لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی بکەن. لە هەر کۆبوونەوەیەکدا دیار نەبوایە هەموو بیریان بۆ ئەوە دەچوو کە دەوڵەت حەپسی کردووە، زۆر جار ئەم مەزندەیە دروست دەردەچوو، غولآم چەندین جار تەوقیف کرابوو. بە چەند مانگ لە گرتووخانە سیاسییەکاندا مابۆوە. نەبوونی بەڵگە و خۆڕاگرتنی غولآم لەبەر هەموو چەشنە ئەشکەنجە و هەڕەشەیەک هەواڵەی سیبریان دەکرد.

ئەم چەشنە ژیانە کاری کردبووە سەر رواڵەتیشی. لە دڕکێ دەچوو کە لە بیابانیکی وشک و برینگ دا روابێ، قژە لوولەکەی، سمیل و برۆ پڕەکانی، ئەو بنچکانەی بیری مرۆڤ دەخستەوە کە هەتاو سوتاند بووینی و کردبوونی بە خۆڵەمیش.

هیندە لاواز بوو ئیسقانی گۆناکانی دەرپەڕی بوون. سورییەکی کاڵ نیشتبووە سەر کولمەکانی. بەلآم رەنگی سور کە مژدەبەخشی خەڵکانی خەباتگیڕە، ئەوا لە رەنگی ئەمدا نیشانەی نەخۆشی کوشندەی سیل بوو. ئەم سورییە کاڵە نیشانەی تەندروستی نەبوو، بەڵکو نیشانەی مەرگی بەرە بەرەی ئەم کریکارە خەباتگیڕە بوو.



پورە نسا دە ساڵان لە غولآم بچوکتر بوو، کاتێ کە بوون بە هاوسەری یەکدی. نسا ١٥ ساڵان بوو، بابی بەیەک دەستە جلی بوکینی و بە سەندوقیکی بە تاڵەوە بۆ ماڵی غولآمی ناردبوو، بابی شەش کچان کە گشت تەمەنی لە کارخانە و کارگەدا بەسەر بردبوو. لەوەی پتر چی لە دەست دەهات؟ تا رۆژی بوکینیش کەمی جیازییەکە، نسای ئازار دەدا. بەلآم پاش ئاشنا بوونی بە غولآم و راهاتنی بە ژیانی هەژارانە، ئیدی ئەم خەم و ئازارەی فەرامۆش کرد. هەرچەند تاکو یەکەم شەوی شاییەکەیان یەکدیان نەبینی بوو، بەلآم هەر لەیەکەم دیدار دا خۆشەویستییەکی ئەوەندە راستەقینەیان کەوتە نیوانەوە کە لەوە دواش هەموو دەرد و رەنج و برسیتی و کلۆڵی و کویرەوەرییەک.. نەیتوانی لەم خۆشەویستییە پاکەیان کەم بکاتەوە.

پورە نسا ژنیکی ئەوەندە دەست و دڵ تیر بوو. ئامادە بوو پاروی دەمی خۆیان بگرێتەوە و بیدات بە دراوسییەکی هەژار و دەست کورتیان. بیزی لە کاسە لیسی دەوڵەمەندان دەبۆوە، دەردی دڵی خۆی بۆ هەموو کەسیک هەڵنارشت. ژنیکی گەلیک سەلار و سەنگین بوو.

ئەکبەر، کوڕە تاقانەکەی غولآم لە تەنیشت باوکییەوە دانیشت بوو، بە هیمنی و بەپیی بابی تیکە نانیکی دەبڕی. کەمێ پەنیری تیدەخست و وردە وردە دەیجوو. چای تاڵی دەخواردەوە. لە قەلافەتا بە باوکی چوو بوو، برۆکانی پڕ، چاوەکانی گەورە، چابک و وریا. دیار بوو کە منداڵیکی چالاک و زرینگە.

هەر کە غولآم دەستی لە نان خواردن کیشایەوە. ئەکبەریش نانەکەی داناو کشایەوە. پورە نسا، گوتی: بۆ نان ناخۆی رۆڵە؟ لە دوینیوە هیچت نەخواردووە.

– ناخۆم دایکە، تیر بووم.

پورە نسا ویستی پیاڵە بە تاڵەکەی ئەژدەر تەژی بکاتەوە. ئەژدەر پیاڵەکەی لە نیو ژیر پیاڵەکەدا پاڵ خست و گوتی: بژی پورێ، من ئیدی ناخۆمەوە.

سفرەکەیان پیچایەوە.

غولآم کە دوای هەر نان خواردنێ بێ تاقەت دەبوو. بەدەم ئارقە دەردانەوە راکشا. ئیشتیای هەر نەما بوو. هەندێ جار بە دریژایی رۆژ نانی ناخوارد. تەنیا سیغاری دەکیشا. هەر کاتیکیش تۆزێ نانی خواردبا ئیدی بێ حاڵ دەبوو. ئەکبەر و نسا سفرەکەیان هەڵگرت و چوونە دەرەوە. غولآم پەیتا پەیتا هەناسەی هەڵدەکیشا و دەکۆکی. دوای کەمیک لە کۆکە کۆک کەوت. هاتەوە سەرخۆ، بۆ ماوەیەکی کەم چاوەکانی نوقاند.

ئەژدەر بە بێ جۆلە چاوی بڕی بووە روخسارە لاواز و لە ئارەقە نیشتووەکەی ئەو. لە دوورەوە دەنگی بانگ دان دەهات. کە بانگەکە تەواو بوو. یەکیک لە کە لەو بەری کۆلآنەکە دانیشتبوو ئاهیکی هەڵکیشا و گوتی «الله اکبر» ئەوجا بە دەنگیکی لەرزۆک تیی چریکاند:

مەخابن بۆ تۆ ئەی رۆژانی خۆشگوزەری لاویم
بۆ بولبول، سەرو، بۆ گوڵ و باخان، بۆ بەهاری جوان.

پاشان ئاهیکی هەڵکیشا، نیوە دیری دووەمی دووبارە کردەوە و بیدەنگ بوو. دوای

تۆزیکی دی لە دوورەوە دەنگیکی دی بەرز بووەوە، دیار بوو خاوەنی ئەم دەنگە لەوەی پیشووتر گەنجتر بوو. ئاهەنگی ئاوازەکەش جیاواز بوو:

که تۆم دی گولم، ئیختیارت بردم
ئارامی گیانی، کەساست بردم
بینیت چیت بەسەر، دلم داهینا
سەرمایەی عەشقت، بە جاریٚ بردم

دەنگەکە نەما، کپی باڵی بەسەر کولانەکەدا کیشا، هەر کە غولام بە هۆش هاتەوە، ئەژدەر گوتی: بزانە چ «رۆژگاریکی» بیرکەوتۆتەوە؟

غولام دانیشت، بە زەردەخەنەوە گوتی: هەردوکیان شیعری سەید عەزیمیان* (سەید عەزیم شیروانی لە شاعیرە کلاسیکییەکانی ئازربایجانە، تەوس و توانج شەقلی شیعرەکانیتی. سەید عەزیم لە شیعری غەزەڵ دا وەستا و مامۆستا بوو. لە شماغی دا لە دایک بووە، لە سوریا و عیراق دەرسی خویندووە، و لە زانستی ئایین دا پلەو پایەی وەرگرتووە. کە گەڕایەوە زیدی خۆی جبە و عەمامەی مەلایانەی فڕێ دا و لە ریگای شیعرەکانییەوە خەباتی بێ ئامانی دژ بە مەلایان و پیاوانی ئایینی کۆنەپەرست دەست پیکرد. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی مەلایان بەر بەرەکانی بکەن و بە نەحلەتی بکەن. سەید عەزیم کۆمەڵێ قوتابخانەی دامەزراند کە دەرسی ئایینی تیدا ناخوینراو وەکو بنکەیەک بۆ لاواز کردنی کۆنەپەرستان بەکاری دەهینا. سابیری شاعیری ناوداری ئازرەی یەکیکە لەو شاعیرانەی کە لەسەر دەستی ئەو پەروەردە بوو. ئەم غەزەڵ خوانە کلاسیکە کاریکی گەورەی کردە سەر شیعری سابیر. سەید عەزیم لە یەکەمین رۆژنامەی ئازەریدا «ئیکنچی: وەرزیر» بەشداری کردووە. ئەم رۆژنامەیە لە لایەن حەسەن بەگ زردابی، فەیلەسووفی ناوداری ئازربایجانەوە دامەزرا. حەسەن بەگ یەکیک بوو لە رابەرانی سوشیالیزمی ئایدیالی.)خویندەوە. من دەزانم ئەوانە بە یادی چ ساتیکیان ئەم شیعرانە دەخویننەوە. یەکەمیان گەدا پیرو کویرەکەی ئەو بەری شەقامەکەیە، ئەم کابرایە سەرزەمانێ وینەکیشکی گەلیک بە دەسەلات بوو. پارە وەکو باران بەسەریا دەباری. بەلام زۆری پێ نەچوو نەگبەتی و بەدبەختی شانی گرت، رەنگە زۆر سەرنجدان و تەماشا کردنی بەردەوامی رەنگە جۆراوجۆرەکان، سۆمایی چاوانی بردبێ. زاواکەی کچەکەی تەلاق داو کیژە دەولەمەندیکی خواست. کچەی کلۆڵ لە داخا خۆی سوتاند. هەردوو کوڕەکەشی بە نەخۆشی رشانەوە مردن. بە کورتی لە ماوەی چەند سالیک دا قڕ کەوتە خیزانەکەی. ئیستاش ژنەکەی ئیفلیج بووە و لە مالەوە کەوتووە. بە خۆشی دەرۆزە دەکات. بەلام دووەمیان کریکاریکی گەنجە لە کانەکانی مختارۆف دا کاری دەکرد. چونکە لە گەڵ خاوەنکارەکەدا ناتەبا بوو، بە تۆمەتی دزی دوو سالیان زیندانکرد. کە لە زیندان بەر بوو. سەیری کرد میراتییەکەی بابی هەمووی خاوەن قەرز بردویانە وتاقە خوشکەکەی و دایکی سەرگەردان بە کۆلانەکانا دەسوڕانەوە. هەرچەند ئەم لاو ئەولای کرد هیچی چنگ نەکەوت. ناچار کەوتە سوالکردن. لە راستیدا هەرچییەکی هەبوو، بردبوویان.

غولام تۆزێ باشتر بوو بوو، ئەو تۆزە راکشانە هیزی وەبەر هینابووەوە. بە گورجی



هەستاو ئیشارەتی بۆ ئەژدەر کرد: با بڕۆین ئەژدەر. بزانین چ دەبێ.

ئەژدەر هەستا. هیشتا لە ژوورەکەی نەچووبوونە دەرێ بەغولامی گوت:

– غولام! ئەدی پیوتر دەیگوت تۆ شتیکم پێ دەلییی؟

غولام زەردەخەنەیەکی کرد.

– با بڕۆین.. بڕۆین.

ئەوجا قۆلی ئەژدەری گرت و گوتی: لە دوای منەوە لە حەوشە دییتە دەرێ و لە شوستەکەی ئەوبەری شەقامەکەوە دوور و نزیک دوام دەکەوی، بەلام بە جۆرێ کەکەس پێ نەحەسێ، ئەگینا سەگانی سەر شەقامەکە زوو بۆن دەکەن و دەکەونە تاقیبیان.

هاتنە نیو حەوشە. هەتاو لە ناوەندی ئاسمان بوو. بایەکی گەرمی دەهات. لە دەریاوە دەنگی شووتی کەشتی دەهات. مندالیک لە حەوشەی دراوسیکەیاندا دەگریا. غولام لە حەوشە چووە دەرێ. ئەژدەریش پاش کەمیک خۆی گەیاندە ئەوبەری شەقامەکە دوور بە درووکەوتە دووی غولام.

سەعاێ لەمە پیش دنیا هیندە گەرم بوو پیاو هەناسەی بۆ نادرا. بەلام هەنووکە هەوای شیداری دەریا کە لە ژیر تیشکی هەتاوەکەدا وەکو ئاوینە دەبریقانەوە کەمێ ئەهوەنتر بوو. ئەو هەوایەی کەلەسەر خەزەرەوە دەهات لەبری ئەوەی فینک بێ گڕەیەکی گەرمی لە گەڵ خۆیدا دەهینا.

* * *

لە ژووریکی بچکولەی بێ پەنجەرەدا، کە یەک دەرگای هەبوو، دەچووە ژیر زەمینیکی تاریکەوە، تاییپیک دانرابوو، دیوارەکانی ئەم ژوورەیان بە رۆژنامە پۆشی بوو. هەندێ بزماریان بە بن میچەکەیەوە داکوتا بوو. جگە لە تاییپەکە دوو کیسە پیت و دوو کورسی و میزیکیش لە ژوورەوە بوون. چۆن بجولایتایە خۆت بە شتیکا دەدا. چرایەکی پرتە پرتکەر لە ژوورەوە دەسوتا.

سێ کەس لەم ژوورەدا بوون. پیوتر چونیاتۆف و لادوکستخوڤلی– کە بە دریژایی سالێ لەم ژیر زەمینە تەنگەدا دەمایەوە لە کاتی پیویست دا نەبوایە ناچووە دەرێ– لەگەڵ میوانیکی تازە لە ریوە گەیشتوودا بە ناوی ڤانۆستروا، پیوتر بە ناوەندی ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. دەیگوت:

– فلادیمیر ئیلیچ چاپخانەکەمانی زۆر بە دلە بەتایبەتی تاییپەکە. ئەو بلاوکراوانەی کە هاوڕێ لینین داوای کردبوون. بۆمان نارد. دەبێ لە ماوەیەکی کەمدا کارەکان بە شیوەیەکی ئەوتۆ ریک بخەین کە بتوانین کارو راسپاردەکانی حیزب بە فراوانی ئەنجام بدەین.

لادو ئیشارەتی بۆ ژوورەکە کرد و گوتی: ئیرە زۆر تەنگە. ئەگەر بۆ شوینە تازەکەمان بگوازنەوە، گشت کار و راسپاردەکان ئەنجام دەدەین.

– هەموو پیتەکان هاتووە؟

لادو بە ئەسپایی وەلامی دایەوە: هاتووە، پیتی روسی و پیتی گورجیش مان بۆ هاتوون. لەم رۆژانەدا ژمارە یەکی «بردزولا» چاپ دەکەین.

پیوتر رووی کردە ڤانۆ و گوتی: فلادیمیر زاخاروفچ ناوەرۆکی دیدارەکەی بۆ باس

کردم. بردزولا یارمەتییەکی چاکی شۆڕش دەدات.

ئیدی نزیکەی نیو سەعاتیک پیکەوە دوان. ئەوسا پیوتر سەیریکی سەعاتەکەی کرد و گوتی: پیویستە پەلە بکەین. فلادیمیر زاخاروفچ من دەڕۆم، ئیوەش ماتەڵ مەبن..

هاوڕییان چاوەڕوانمان دەکەن.

کڵاوە کۆنەکەی، کە نیشانەی ریگای ئاسنی پیوە بوو، لە گیرفانی دەرهینا و کردییە سەری و خۆی بۆ رۆیشتن ئامادە کرد. لادو گوتی: سەیر کە، باش نییە پیکەوە دەرچین. هەرچەند لە راستیدا لە ژیر تاقیبدا نین، بەڵام نابێ کەمتەرخەم بین. ڤانوستروا چووە پشت تایپەکەوە تەماشایەکی کرد:

– تایپیکی چاکە، چۆن کریتان، کەس پیی نەزانی؟

لادو بە پیکەنینەوە گوتی: زۆر بە ئاسانی، بە رۆژی نیوەڕۆ کڕیم.

– ئەدی فرۆشیارەکە نەی پرسی تایپت بۆچییە؟

–مۆڵەت نامەی رەسمیمان هەیە.

– لە کیوە؟

– لە فەرماندارەوە.

– چی؟ فەرماندار؟ ئەدی نەی پرسی تایپتان بۆچییە؟

– نەخیر، خۆمان لەبری ئەو، مۆڵەتنامەی رەسمیمان دەرکرد.

لادو کە بینی ڤانورا خەریکە ماندوو دەبێ، دەستی بە قسان کرد:

– کاغەزی مۆر کراوی فەرماندارمان پەیدا کرد. کە دەڵیم پەیدامان کرد یانی بە پارە کڕیمان. زۆر کەس هەن لەم کاغەزانە دەفرۆشن. ئەوجا خۆمان مۆڵەتنامەکەمان نووسی و لە ژیرەوە لە بری فەرماندار ئیمزامان کرد. بۆ ئەوەی کەسیش گوما نەکات. لە دایەرەی تۆمارکردنی سەنەدا تۆمارمان کرد و وەسلیشمان وەرگرت. ئەوجا نوسخە دروستەکەمان سوتاند. بەم جۆرە مۆڵەتنامەی رەسمی فەرماندارمان دەست خست و بێ هیچ زەحمەتیک تایپەکەمان کڕی.

– کاریکی پیاوانەیە.

لادو دەستیکی بەسەر تایپەکەدا هینا و گوتی: کە گویزامانەوە ئیدی ئەم تایپە دەبێ بە زمانی رەوانی نیوان ئیمە و جەماوەری فراوانی خەڵک.

دوای کەمیک، ڤانۆ، کە خۆی بۆ رۆیشتن ئامادە کردبوو، گوتی: چارەی ریێ رۆیشتنە.

دەستە زبر و شەقار شەقارەکەی بۆ لای لادو دریژ کرد: من دەڕۆم، کارم زۆرن و دەبێ جیبەجێ بکرین.

لادو لە پشت تایپەکە هاتە دەرێ و باوەشیان بە یەک دا کرد.

– بڕۆ.. وریا بە.. کارەکانت جیبەجێ بکە.. دەبێ دوای یەک– دوو رۆژی دی بگەیتەوە تەفلیس.

ڤانۆ بە ئەسپایی دەسکی دەرگاکەی بادا و چووە دەرێ. لە گەڵ داخستنەوەی دەرگاکە دا وردە وردە دەنگی پیی «ڤانۆ»ش بڕا.

لادو دەرگاکەی قفڵ دا و بە پەلە گەڕایەوە. دوای کەمیک رامان سەعاتەکەی بەر



باخەڵی دەرهیناو لە بەر رووناکی قوتیلە چراکەدا سەیری کرد. کەمیک چراکەی کز کرد. لە دەرگاکە نزیک بوەوە. گویی بە دەرگاکەوە نا. دوای کەمیک بزەیەک نیشتە سەر لیوی. بە ئەسپایی دەسکی دەرگاکەی بادا. رووی کردە تاریکییەکە و گوتی: کییە؟ وەرە ژوورێ.

کابرایەکی ریشن، عەینەک لە چاو. کۆنە کڵاویکی لەسەر بوو، چاکەتیکی دریژی کاڵەوە بووی لەبەردا بوو. بە ئارامی هاتە ژوورەوە. کتیبەکانی بن باخەڵی لەسەر میزەکە داناو تەوقەی لەگەڵ لادودا کرد.

– سڵاو فلادیمیر زاخاروفچ، سەعات دووی ریکە.

– چونکە دەتناسم، ریک لە سەعات دووا هاتمە نزیکی دەرگاکەوە.

کابرای تازە هاتوو بە دەم سڕینی ئارەقەکەی تەویڵیەوە گوتی:

– وەعد بەجێ گەیاندن و وریایی ئەرکی سەرشانمانە.

کە بینی لادو لە کتیبەکان ورد بووەتەوە. گوتی: کتیبی ئاینین، بۆ ریێ بزری لە تەفلیس کڕیمن.

لادو پەڕەی یەک دوو کتیبانی هەڵدایەوە و بە بێ بایەخییەوە لە جیی خۆی داینانەوە.

– من دەبێ ئیستا بڕۆم.. داوای لیبوردنتان لیدەکەم– بەدەست کاغەزە سپییەکانی سەر تایپەکەی نیشان دا– تکایە ئەمانە چاپ بکەن. ئەوجا تایپەکە بکەنەوە. تا ئەوکاتە خۆمیش دەگەڕیمەوە، دەزگاکان بە جیا بپیچنەوە. دەبێ ئەمشەو بگوازینەوە.

تایپیستەکە چاکەتەکەی داکەند و بە بزماریکەوەی هەڵواسی، پاشان کە دەرگاکە بە تەواوی داخرا. بە ئەسپایی گوتی: لە شوینە تازەکەماندا هەموو شتیک ئامادەییە، ئەوڕۆ بە خاوەن خانووەکەمان گوت کە « هەندێ شتومەکمان کڕیوە و بۆ ئیرەیان دەهینن». تایپیستەکە چووە پشت تایپەکەوە و دەستی بە ئامادە کردنی کاغەزەکان کرد.

– دەست پیدەکەم.

لادو بە دەست ئیشارەتی بۆ کرد: نا.. تۆزێ سەبر کە با من بڕۆم.. دەرگای ژوورەکە و حەوشەش توند بگرە. ئەوجا دەست پیێ بکە.

ئەگەر یارمەتیم بدەیت چاکەت و کاسکیتەکەی تۆ لەبەر بکەم و یەک دووانێ لە کتیبەکانت بەرم.

– فەرموو.. فەرموو فلادیمیر زاخاروفچ.

لادو چاکەت و کاسکیتەکەی پۆشی و کتیبەکانی خستە بن باخەڵی. کوت و مت لە کابرای تایپیستی دەکرد.

– کە هاتیت بۆ ئیرە کەس نەیبینیت؟

– نەخیر، تەنیا پیاویکی پیر نەبێ کە لە سیبەری حەوشەکەی ئەو لاوە ویستا بوو.

لادۆ زەردەخەنەیەکی کرد.

– دەباشە، با وا بزانێ گەڕایتەوە و رۆیشتی.

بە پەلە ژوورەکەی بەجێ هیشت.

## 7

وەختێ ئەژدەر گەییە شەقامی «بولشایا مورسکایا» ناچار بوو لە غوڵام نزیکتر بیتەوە و لە سەر هەمان شوستەوە دوای بکەوێ. چونکە ئەم شەقامە لە چاو شەقامەکانی دیدا هەمیشە قەرەباڵغتر بوو، لەم جۆرە ریگایانەشدا ئەگەر پیاو شوینیکی تایبەتی نەدا بیتە چاوو و شوین کەسیکی دی کەوتبێ لەوانەیە کاریکی ئەوتۆ بکات کە سەرنجی ریبواران راکیشیت. ئەژدەر وەکو یەکیک بە بەفرا رێ بکات هەندێ جار پەلەی دەکرد و هەندێ جاریش خاو دەبۆوە، هەندێ جاریش هەڵوەستەیەکی دەکرد و سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. بەڵام چونکە غوڵام شوین مەبەستەکەی بە دروستی دەزانی بە کڕی و بەدڵنیایەوە دەڕۆیی. ئەژدەر هەوڵی دەدا هیمن بێ، سەرنجی کەس رانەکیشیت. کەچی بە چاکی نایتوانی، بەم جۆرە ریگایەکی زۆریان بڕی.

پیش ئەوەی بگەنە شەقامی باڵاخانسکی غوڵام بە دەستە راستا پیچی کردەوە. لە شەقامی تلفوننی پەڕییەوە. گەییە ویستگای شەمەندەفەری تەفلیس. لە مەیدانە پیسەکەی بەرانبەر ویستگا کە رەت بوو. بە نیو ریڵە تیک رژاوەکانا کەوتە رێ. چ کەسیک لەو ناوە نەبوو. ریلەکان وەکو بیری ئینسان هیندە ئاڵۆز و تیکەڵ پیکەڵ بوون کە غوڵام ناچار بوو بە سەریاندا ئەمبەر و ئەوبەر بکات. ئەمە بۆ ئەژدەر ناخۆش بوو. چونکە ئەگەر ئەویش لاسایی غولامی بکردایەوە دیمەنیکی سەیر دروست دەبوو. ئەژدەر ناچار بوو کەمێ دوور بکەویتەوە و بە نیو داروو بەردەکەدا بڕوات. کە ماوەیەک رۆیشتن دەنگی فیتەرخانەیەک هاتە گوێ. فیتەرخانەکە بریتی بوو لە کۆمەڵیک خانووی دوکەڵ گرتوو و شیدار و داروخاو. لەم کەلاوانەدا هەندێ خەڵک بە سنگ و بازووی رووتەوە کاریان دەکرد و بەزم و هەرایە بوو سەگ ساحیبی خۆی ناناسێ. لە هەموو لایەکەوە سەدای تراموای شەمەندەفەری بارکیش دەهات. نیوان غوڵام و ئەژدەر تەواو کەم بووبووەوە. پاش ئەوەی لە فیتەرخانەکان رەت بوون، غوڵام گەڕایە دواوە و ویستا. شتیکی بە ئەژدەر گوت، هەرچەند ئەژدەر لەبەر دەنگە دەنگ و هەرا گویی لە قسەکەی نەبوو، بەڵام بە جوڵەی دەستیا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە نابێ ئەوەندە لیی نزیک بیتەوە. ئەژدەر هەنگاوەکانی قورس کرد. تراموایەک بەهارە هار بە نیوانیاندا رەت بوو، ئەژدەر لە ترسی ئەوەی غوڵامی لێ بزر نەبێ، پەڕییەوە ئەوبەر ریڵەکان، غوڵامی بینی خۆی بە یەکیک لە فیتەرخانەکانا کرد، ئەویش بە پەلە خۆی گەیاندە فیتەرخانەکە.

فیتەرخانەیەکی گەلێ گەورە بوو، سێ چوار کەس لەناوەندەی حەوشەکەدا کاریان لە تراموایەکی شکاو و داغان بوو دا دەکرد. ئەژدەر غوڵامی بینی کە ئیشارەتی بۆی کرد و لە پشت دەرگایەکەوە ون بوو. بە پەلە بەرەو دەرگاکە رۆیی، ئەو کریکارانەی لەویدا کاریان دەکرد هیندە سەرگەرمی کاری خۆیان بوون هەر سەریشیان هەڵنەبڕی.

دەست بەجێ دەرگاکە داخرایەوە. ئەژدەر سەری سورما، بە ئەسپایی لە دەرگای دا. دوای ماوەیەک دەرگا کرایەوە. چونکە فیتەرخانەکە تاریک بوو، ئەو رووناکییەی لە



ژوورەکەوە هاتە دەرێ چاوەکانی خستە ریشکە و پیشکە، نەیتوانی ئەو پیاوە ببینێ کە دەرگای کردەوە. کە دەرگا کرایەوە پیاویکی باڵا بەرزی تیک سمڕاو گوتی: کیت دەوێ کوڕم؟

ئەژدەر بە ئەسپایی گوتی: لەگەڵ غوڵامدا هاتووم.

– غوڵام کییە؟ غوڵام ناومان نییە.

– یانی چی؟ ئیستا خۆی بیرەدا کرد.

پیاوەکە چ قسەیەکی دی نەکرد. ئەو رووناکییەی لە پەنجەرەکەی پشت سەری ئەوەوە دەهاتە دەرێ تەواو دەموچاوی ئەژدەری روشن دەکردەوە، بەڵام کابرا تەواو لە تاریکی دابوو. هەڵبەتە کابرای باڵابەرز بە ئانقەست بەو جۆرە وەستا بوو. تا سیمای باش دەرنەکەوێ. ئەم حاڵە زۆری نەخایاند. دەرگایەک کرایەوەو غوڵام سەری لیوە کیشا.

–محەمەد یاروف.. خۆمانەیە و لەگەڵ مندا هاتووە.

محەمەد یارۆف لاکەوتوو ریگای بە ئەژدەر نیشان دا. هەردووکیان چوونە ژووریکی بچووکەوە. ژوورەکە تاری بوو. پەنجەرەیەکی هەبوو بەسەر حەوشەکەدا دەیڕوانی. دەرگایەکی لە تەک پەنجەرەکەوە بوو کە بە دیوی حەوشە دا دەکرایەوە. سەندوقیکی پڕ لە وردە ئاسنیان لەو لای دەرگاکەوە دانابوو. کۆنە پەردەیەکی دوکەڵاوی بە دەرگاکەدا درا بوو تا ناو حەوشەکە دیار نەبێ. میزیکی گەورەش لە بەرانبەر پەنجەرەکەدا بوو. دیار بوو ئەم ژوورە نووسینگەی فیتەرخانەکە بوو. ئەژدەر هەرکە چووە ژوورەوە لە محەمەد یاروف راما. محەمەد یاروف پیاویکی کەتە بوو. ردین و سمیڵی پڕ.. بە ئەسپایی دەرگاکەی داخست. لە ئەژدەر چووە پیشەوە و بە گەرمی دەستی گوشی.

– دەستت بینە برادەر! ئەوە شت بیر نەچێ کە بە بێ ناوی نهینی هاتن بۆ ئیرە مەحاڵە. «لەگەڵ غوڵام دا هاتووم. لەغوڵام پرسە» ئەمانە پولیکی قەڵب ناکەن. کەسێ کە دیتە ئیرە ئیدی ناو و شۆرەتی بە فەرامۆشی بسپیرە.

ئەژدەر شەرمەزار بوو. چ وەڵامیکی پێ نەدرایەوە. محەمەد یارۆف دەستی گوشی. قۆڵی تاکو ئانیشک هەڵکردبوو. دەستی هیندە بەهیز بوو دەتگوت پلاییسە. پاشان دەستی غولامی رەها کرد و لەسەر یەکیک لە کورسییەکان دانیشت ولە غوڵامی پرسی: ئەمیش هاتووە کە عەرز و حاڵی بۆ بنووسین؟

غوڵام زەردەخەنەیەکی کرد. بەسەر ئەژدەری خوڵک کرد کە دانیشیت. پاشان رووی کردە محەمەد یارۆف و گوتی: یەکیکە لەو هاوڕێ کریکارانەی کە تاکو ئیستا چەند جارێ داوای عەرز وحاڵەکەی رەفز کراوە و ئیستاش هاتووە کە بە دەمی داوا بکات.

ئەژدەر دەست بەجێ لە مەبەستیان حاڵی بوو. محەمەد یارۆف چاوەرەش و درشتەکانی بڕیە ئەژدەر. ئەوجا لە غولامی پرسی: باشە لە کوێ زانیت. ئەوڕۆ کەسیک هەیە گوێ لە قسەکانی ئەم برادەرە بگرێ؟

غوڵام دوو سێ جاران بە هیواشی کۆکی. بە هەمان زەردەخەنەی پاکەوە گوتی:

– برایەکەمان پێ گوتین. ئەو زۆری خاتر ئەم گەنجە دەوێ.

محەمەد یارۆف بەم قسەیە گەشایەوە. لە کاتیکدا کە لە دڵی خۆیدا دەیگوت «کەواتە باش بوو هات.» هەستاو دوو سێ جار بە نیو ژوورەکەدا هاتووچوو. پاشان

لەبەردەم ئەژدەرا ویستا.

– زۆر چاک بوو. برادەر، گەلیک کەس زەمانەتت دەکەن. شادین بەوەی شوکر هوشیاری و ئەم ریگا پیرۆزەت گرتۆتە بەر. کەواتە وەرە با تەوقەیەکی دی بکەین.

غولام بە پیکەنینەوە گوتی: ئەژدەر ئەورۆ پلەی یەکەمی خەباتی برێ و پیی نایە پلەی دووەم.

لە دەور میزیکی بە کۆنە رۆژنامە داپۆشراو دانیشتن. ژوورەکە تەنیا ئەم میزە و چەند کورسییەکی تیدا بوو. لە دۆلابیکی شووشە بەندا هەندێ کۆنە کتیب و چەند مومیکی تۆزاوی و بریک نان هەبوون.

غولام لە محەمەد یارۆفی پرسی: ئەدی هاوریکانی ترمان لە کوین؟

– هەنووکە دین.

محەمەد یارۆف دەستی برد، پارچە رۆژنامەیەکی لەسەر میزەکە دری و نیوەی دایە غولام. سەروسیغاریان پیچایەوەو دایان گیراند. ئەوجا بێ گویدان بە ئەژدەر کەوتنە چپە چپ. دوای کەمیک سێ جاران لە دەرگادرا. محەمەد یارۆف هەستاو چوو بۆ دالانەکە. پیاویکی زەلام و یەکیکی بالابەرزی ردین هاتوو هاتنە ژوورەوە. یەکیکیان محەمەد یارۆفی بردە سوچیکەوە کەوتنە چپە چپ. دووەمیان پاش چاک و خۆشی لەگەڵ غولامدا لەئەژدەر نزیک بووەوە تەوقەی لەگەڵ دا کرد. ئەژدەر کە تەواو سەرنجی دا هەستی کرد کە ئەم پیاوەی لە شوینیک دیوە. بەلام هەرچی دەکرد نەهاتەوە بیری وەک بلێیی پیاوەکەش هەستی بەمە کرد. بە زەردەخەنەوە گوتی: من لە کانەکانی شیبایفدا تۆم دیتوە بەلام نیوت نازانم.

ئەژدەر دەم و دەست ناسییەوە هەر چەند لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم پیاوەدا نەبوو، بەلام ناوی بیستبوو، ئەم پیاوە بوگدان کنونیانتس بوو کە لە نیو کریکاران دا بە شۆرشگیری خەباتگیر و پیشرەو ناسرابوو.

پیکەنینەکەی غولام زنجیرەی بیری ئەژدەری پچراند. غولام گوتی: ئەژدەر بۆ وا بیدەنگیت! هاورێ لەگەڵ تۆیەتی.

ئەژدەر نایزانی لەشەرماندا چ بلێ. غولام نیگایەکی پر مانای کرد، بوگدان کنونیانتس بە زەردەخەنەوە دەستی خستە سەر شانی.

– کەواتە تۆش یەکیک لەو کریکارانەی کە پاش مانگرتنەکەی ئەم دواییەی کانی شیبایف دەرکران؟

– بەلێ.

کنونیانتس بزەیەکی بە روویادا. ئەوجا بە شیوەیەک کە دەتگوت زۆر لە میژە یەکدی دەناسن. گوتی: گرنگ نییە. نیگەران مەبە. بە بیکاری نامینیەوە. ئیمە لاوانی وەکو تۆمان زۆر پیویستە.

کاتێ ئەو زەلامەی کە لەگەڵ محەمەد یارۆفدا قسانی دەکرد. ئاوری دایەوە و لەمان نزیک بووەوە، کنونتانس ئەژدەری پێ نیشاندا.

– ددوشکا، یەکیکی دی هاتە ریزمانەوە!

ددوشکا تەوقەی لەگەڵ ئەژدەرا کرد.



– زۆر چاکت کرد رۆلە. دژمنانی گەل لە هەولی لاواز کردنی ئەم گیانی ورە بەرزییە دان. تا لاوانی وەکو تۆ زۆرترین. خەباتمان سەرکەوتووتر دەبێ.

ددوشکا هیشتا قسەکەی تەواو نەکرد بوو کە لە پشتەوە دەنگی پێ هات. کوتوپر بیدەنگی بالی بەسەر ژوورەکەدا کیشا. ئازای گیانیان بوو بەگوێ. وەکو کەرەتی پیشوو سێ جاران لە دەرگا درا. محەمەد یارۆف چوو دەرگاکە بکاتەوە.

هەموو چاویان بری بووە دەرگاکە. محەمەد یارۆف لە گەڵ یەکیک دا قسانی دەکرد. دیسان بیدەنگی بالی بەسەرا کیشان. پیاویکی عەینەک لە چاو هاتە ژوورەوە، هەموو دانیشتوان مات و ئەبلەق بوون. کنونیانتس بە پەلە هەستا سەرپێ. غولام دوو سێ شەقاوان چووە پیشێ. بەلام لەپر ئەم سەخلەتی و نارەحەتییە گۆرا بە شادی. پاش ئەوەی پیاوە تازە هاتووەکە عەینەکەکە و کاسکیتەکەی داکەند قەلافات و سیمای شاد و مەردانەی چونیاتوف دەرکەوت. پیوتر تەوقەی لەگەڵ هەموویان دا کرد. کاتێ گەییە سەر ئەژدەر هەلوەستەیەکی کرد. رووی لە هاوریکانی کرد و گوتی: ئەژدەر گەنجیکی چاکە، خۆراگرە، پشتی پێ دەبەسترێ.

ئەم قسانە بێ ئەندازە ئەژدەری شاد کرد. تەماشایەکی دانیشتووانی کرد. بە زەردەخەنەوە سوپاسگوزاری خۆی دەربری. بە گەرمی دەستی پیوتری گوشی. دوای تۆزیکی دی پیاویکی تر کە کلاوەکەی تا سەرچاوانی هینا بووە خوارێ. هاتە ژوورێ. ئەژدەر کە تۆزێ دیقەتیدا، ناسییەوە، ئەم پیاوە میر بشیر قاسمۆف بوو. ئەژدەر چەندین جار میر بەشیری لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان دا بینی بوو. میر بەشیر تەوقەی لەگەڵ دانیشتوانا کرد. ئەوجا ئیشارەتی بۆ لای غولام کرد و گوتی:

– براله، ناپرسم کە تۆ کییی؟ چونکە پەساپۆرتەکەت لە تەکتا ویستاوە.

میر بەشیر لای چونیاتوف گەرایەوە. خۆی بۆ باسی کاریکی گرنگ ئامادە دەکرد کە پیاویکی دی بوو بە بەرهەلست.

ئەم تازە هاتووە کۆنە چاکەتیکی دریژی لەبەردابوو. کاسکیتیکی چلکنی لەسەر بوو. سێ چوار کتیبی بەرگ چەرمی بە بن باخەلەوە بوو. لەسەرەتادا هەموو سەریان لە دیتنی ئەو سورما. بەلام هەر کە کاسکیت و کتیبەکانی داناو سەری هەلبری. هەموو ناسیانەوە، ئەو پیاوە لادو کتسخوفلی بوو.

هەرچەند بە خۆی گەنج بوو. بەلام ریشە تۆپەکەی کەمێ گەورەتری دەنواند. عەینەکەکەش وای دەنواند کە مامۆستا یان پیاویکی زانا بێ. گورج و گۆل و چاپوک بوو. کە ئەوانی بینی قسان دەکەن، کەمیک چاوی تەنگ کردەوە و بە وردی گویی لێ گرتن. کە خۆشی دەدا وچاوەکانی لە ژیر عەینەکەکەوە وەکو گول دەگەشایەوە. ئەژدەر هەر هیندەی پێ دەکرا سەیری ئەو بکات. لادۆ تەوقەی لەگەڵ هەمووواند کرد. کە گەییە سەر غولام کەمیک دەستەکانی لەنیو دەستی خۆیدا راگرت و بە گەرمی ئەحوال پرسی لەگەلدا کرد. کاتیکیش گەییە سەر ئەژدەر، سەراپای خستە ژیر نیگاو بە ئەسپایی گوتی: ئەژدەر زۆر چاکت کرد کە هاتیتە ریزی بنکەی مارکسیستیەوە. چونکە بابایەکی شۆرشگیر گەر بیەوێ ببێ بە خەباتگیر دەبێ لە هەوەلەوە بە قولی تیورییە مارکسیەکان وەربگرێ و لیی تێ بگات.

ئەژدەر سەری لەوە سوڕما بوو کە لادو ناوەکەشی دەزانی! بۆیە کەمیک شلەژاو نەیتوانی چ وەڵامیک بداتەوە. لادو کە هەستی بە شلەژاوی ئەو کرد قۆڵی گرت و بە ئارامی رای تەکاند.

– خۆ نیگەرانی ئەوە نیت کە بوویت بە یەکیک لە قوربانیانی مانگرتنەکانی شیبایف؟

ئەژدەر لەبری وەڵام بەسەرسامی پرسی: تۆ ئەمانە لە کویێ دەزانی؟

لادو روانییە چونیاتوف و پیکەنی. پیوتر لەبری لادو وەڵامی دایەوە:

– هاوڕییان دوای تاقیبیکی زۆر ئەوجا داواکەتیان پەسەند کرد کە ببی بە ئەندامی بنکەی خەباتی ژیر زەمینی حیزب. کاری نهینی و وریایی قەڵغانە بۆ شۆڕشگیڕان. ئیمە ناتوانین هەموو کەسیک لە گۆترە وەربگرین و گیانی بە نرخی هاوڕییانی خۆمانی بخەینە بەر دەست.

ئەژدەر گوتی: زۆرتان سوپاس دەکەم کە تا ئەم ئەندازەیە متمانە و باوەڕتان بە من هەیە. منیش هەموو کاتێ تێ دەکۆشم کە لیهاتووی خۆم بسەلمینم.

کنونتانس کە لە لایەکەوە ویستا بوو. گوتی: تۆ هاوڕیی خەباتی ئیمەی ئەژدەر! غوڵام پیوتر و ئیڤان نیکولایوفچ دەربارەی تۆ قسانیان لەگەڵ کردوین.

کنونیانتس کەمیک بیدەنگ بوو. ئەوجا لە سەری رۆیی، ئەفسوس کە یەکیک لەوان لە ناومانا نەما.

ئەژدەر بە خەمباریەوە گوتی: ئیڤان نیکولایوفچ هەقی باوکایەتی بەسەرمنەوە هەبوو. لادو گوتی: دەزانم – لەسەر یەکیک لە کورسییەکان دانیشت– ئاگامان لەوەش هەیە کە رۆژی مانگرتنەکە تۆ نەتهیشت ئاڵا سوورەکە لە دەستی پترۆف بکەوێ.

میر بەشیر لە ئەژدەر نزیک بووەوە.

– چ گەنجیکی! نەم دەزانی هاوڕییەکی ئەوەندە زرنگی..

لادو قسەکانی ئەوی بڕی

– ئاڵای سوور نیشانەی خەباتی ئیمەیە. تۆ کە بە ئاڵا سوورەکەوە پیش کریکاران کەوتی مانای وایە هاوڕیی سەنگەری ئیمەیت. هیوادارم تا کۆتایی لەسەر ئەم خەباتە بەردەوام و پایەدار بی.

– هەرگیز ئەم دەستانەم نالەرزن.

پیوتر چونیاتوف گوتی: ئەژدەریش قوتابی هەمان قوتابخانەیە کە ئیمە دەرسمان تیان خویندووە. قوتابخانەی برسیتی. قوتابخانەی بیکاری و خەبات. بۆیە شان بە شانی ئیمە وقارەمانانە دەخەبتێ.

بوگدان کنونیانتس پرسی: ئەژدەر، ئەرێ پترۆف زۆر جار باسی کچەکەی خۆی دەکرد و دەیگوت کە زمانی ئازەری چاک دەزانێ. ئەو کچە ئیستا لە کوییە؟ هاتووچۆیان دەکەیت؟

ئەژدەر دەستبەجێ لە مەبەستی کنونیانتس تیگەیی. هەوەڵ جار لە شەرماندا سوور بووەوە و چ وەڵامیکی نەدایەوە. بەڵام زوو بە سەرخۆیا زاڵ بوو.



– ئەورۆ دیتمن. وراش و دایکی. حاڵیان باشە. بەڵێ ورا زمانی ئازەری چاک دەزانیت.

ئەژدەر قسەکەی تەواو نەکرد کە وەکو کەرەتەکانی پیشوو دەرگا کرایەوە. پینج شەش کەس کە ئەژدەر هیچیانی ناناسی خۆیان بە ژووریدا کرد. غوڵام بە چپە ئەژدەری تێ گەیاند کە ئەوانە کریکاری «بی بی هیبت»ن.

چونیاتۆف دەست پیکردنی کۆبوونەوەکەی راگەیاند. لادو کاغەزیکی تەنگی وەکو پەرە سیغاری لە گیرفانی دەرهینا. تۆمەز ئەم کاغەزە ناسک و قایمە کە بە خەتی ورد چاپکرابوو، رۆژنامەی «ئیسکرا» بوو. رۆژنامەکە وەکو دیارییەکی بە نرخ دەستاو دەستی کرد، لە ژیر مانشیتی «ئیسکرا»وە ئەم رستەیە نووسرابوو. « لە پزیسکەوە گڕ دەبیتەوە». لە سەرووی لاپەڕەکەوە ئەم رستەیەی «مانیڤیستی کۆمۆنیست» چاپکرابوو. «کریکارانی جیهان یەکگرن.»

رۆژنامەکە دەستاو دەست گەییە لای لادو، لادو رووی کردە هەموو ئامادەبووان و گوتی: هاوڕییان لە ژمارە شەشی «ئیسکرا» دا وتاریکی هاوڕێ لنین بە ناونیشانی «دان پیدانانی بە نرخ» بڵاو بووەتەوە. گەر حەز دەکەن با بیخوینینەوەو شی بکەینەوە.

هەموو تیکڕاو بەیەک دەنگ: با بیخوینینەوە..

– بیخوینینەوە.

– پیتا تۆ خۆت بیخوینەوە.

چونیاتۆف بە دەنگیکی هیدی و ئاشکرا دەستی بە خویندنەوەی کرد. بیدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کیشا بوو. میشیک کە خۆی بە پەنجەرەکەدا دەکیشا. جار جارێ ئەم بیدەنگییەی دەشکاند. دنیا هیندە گەرم بوو هەموو ئارەقەیان لێ دەچووڕایەوە. بەڵام ئەمە بە هیچ کلۆجێ نیگەرانی نەدەکردن. هەموو بە دڵ گوییان لە وتارەکەی لنین دەگرت. وتارەکە کە لە هەڵچوونی کریکاران، ترسی چینە دەسەڵاتدارەکان لەم هەڵچوونە، ئاگادار کردنەوەی رۆژنامەی «نوقیە ورمیا»ی کۆنەپەرست کە هەندێ شتی لەسەر بزووتنەوەی کریکاران بڵاو کردبووەوە. لە سەرمایەداری نوێ باوی روسیا و لەکۆتایی دا لە رەفز کردنی داواکارییە کەمەکانی کریکاران لەلایەن سەرمایەدارانەوە. دەدوا.

قەڵەمی ئاگرین و ژیر بیژی فلادیمیر ئیلیچ لنین گویگرەکانی تەواو راکیشابوو. پتر ئاگری خەباتی لە دڵیاندا جۆش دەدا.

چونیاتوف هەندێ رستەی چەند جارێ دووبارە دەکردەوە و شەرحی دەکرد. لە ناوەندی وتارەکەدا، لادو رایگرت.

– ببورە پیتا، جاریکی دیش ئەم بەشە وەخوینە.

چونیاتوف دووبارەی کردەوە.

– بەڵام وتارەکەی «نوقیە ورمیا» بۆیە مایەی سەرنجە چونکە بە تەواوی خواستەکانی دەوڵەت دەخاتە روو. ئەم خواستانەش بە گشتی لە رووی ناوەرۆکەوە بریتییە لەوەی بە کەمیک ئیختیاراتی مادی ساختەوە – لە ژیر پەردەی وشەی قەبە و بریقەداری وەک پاریزگاری خۆشەویستی– نارەزایی خەڵکەکە کپ بکریتەوە ونەیەڵێ

بڵاو ببیتەوە و گەشە بکات.

لادو رووی لە هەمووان کرد و گوتی:

– هاوڕییان بە دروستی لەم بەشە حاڵی بوون؟ وشەی قەبە و بریقەداری وەک پاریزگاری خۆشەویستی و خیرو سەدەقە. ئیمتیازاتی مادی ساختە وخیر ئاساییی..

کنونیاتس قسەکەی بڕی و گوتی: دەیانەوێ بەخیر و سەدەقە دەمی کریکارانی خەباتگیڕ بگرن. هاوڕێ لنین تەواو لەکاتی خۆیدا و هوشیارانە مەسەلەکەی خستووەتە روو.

قسەکانی لنین نەک تەنیا کنونیانتس بەڵکو هەموویانی جۆش دابوو. ئەو دەمانە ئەم مەسەلانە تەواو لەگەڵ مەرجە بابەتییەکانی باکۆدا دەگونجا. ئامادە بووان هەر یەکەیان بە پیی تەجرەبەی خۆی هەوڵی دەدا قسەکانی هاوڕیی مەزن بسەلمینێ.

یەکەم کەس کە لەم رووەوە قسانی کرد، محەمەد یارۆف بوو:

– پەندیک هەیە دەڵێ: دەمم شیرین دەکەیت و ئەوجا سواری سەرم دەبێ.. حاجی زەینەڵ عابدین نموونەی راستەقینەی ئەم پەندەیە، بزانن چ ئوینیکی لەژیر سەردایە. ئەم حاجییە «نور لە ردینی دەبارێ» لە کان و کارخانەکاندا پیستی کریکاران دەگروێ. هەموو رۆژێ دیتە هەیوانی خانووەکەی، نۆکەرەکانی رادەسپیرێ کە خەڵکان کۆ بکەنەوە تاکو پارەیان بە سەردا برژینێ. چنگێ پارەی کەم نرخ بە کولانەکەدا هەڵدەریژێ. خەڵکیش بۆ کۆکردنەوەی سواری سەری یەکدی دەبن، حاجیش بە دەم تەزبیحاتەوە بۆ خۆی کەیفان دەکات. چونکە ئەم تۆزە پارەیە دەمی پەنجا شەست کەسی عەوام و نەزان دەگرێ و هەر دراویک پڕوپاگەندە چییەکی بۆ دروست دەکات. ئیمە دەبێ ئەو کەسانە ریسوا بکەین کە خەڵکان دەگەوجینن.

پاش محەمەد یارۆف، غولام دەستی پیکرد: پار، کۆمەڵێ کریکار لە خۆڕاییی و بە بێ هۆ لە کانەکانی خاتیسوف دەرکران، منیش یەکیک لەوان بووم. تاقە ئومیدمان مانگرتن بوو. تەنیا بەم کارە دەکرا کریکارە فنیش کراوەکان بگەڕیندرینەوە سەر ئیشەکانیان. جا بزانە بەریوەبەری کانەکان چ فیلێکی دۆزییەوە: رۆژی جەژنی نەورۆز، هەندێ شیرینی بۆماڵی پینج شەش کریکاری پیری ئەوتۆ کە لە نیو کریکارەکاندا دەسەڵاتیان هەبوو، و هیشتا فنیش نەکرابوون. نارد. بەم فیڵە دڵی ئەوانی راگرت. لە راستیدا ئیمە لەو رۆژەوە دژی ئەم چەشنەکارانە دەخەبتین، بەڵام ئەوەتا هاوڕێ لنین هەمان مەسەلەی بە شیوەیەکی زانستیانە و لە روانگەی سیاسییەوە خستۆتە روو. پیویستە لە جاران پتر بخەبتین.

کە هەر کەسە و رای خۆی دەربڕێ. پیوتر بە دەنگیکی رەوان لەسەر خویندنەوە بەردەوام بوو: «خەباتی کریکاران لە پلەی یەکەمدا دژی حکوماتە. چونکە چاک دەزانن کە خەبات دژ بە سەرمایەداران دەکەن. پۆلیس شان بەشانی سەرمایەداران دژ بە کریکاران وەستان. بۆیە زەحمەتکیشان بۆ رزگار بوون لە میردەزمەی ستەمی دەوڵەت دەخەبتن. کریکاران لە «ئاستانەی ئازادی»دا دینە جۆش و هەر ئەم ئازادییە دەبیتە مایەی ئەوەی کە هەموو خەڵکی بە زەبری شۆڕشگیڕی لە چنگی چەوسانەوە و ستەم دەرباز بن».



پیوتر بۆ شەرح کردنی گوتەکانی لنین رووی کردە دانیشتوان و گوتی:

– حاڵی بوون هاوڕییان؟ ئازادی سیاسی تەنیا بە زەبری شۆڕش وەردەگیرێ. سنووری چالاکییەکانتان فراوان بکەن.لە هەموو کارخانە و کانیک دا کریکاران هان بدەن. باسی ژیان و مافەکانیان بۆ بکەن. بەڵام لەگەڵ نەشونما کردنی خەباتدا فشار و ستەمی ئەمن و پۆلیس زیاتر دەبێ. کون بە کون تاقیبمان دەکەن. فلادیمیر ئیلیچ ئەوەمان لێ دووپات دەکاتەوە کە دەبێ لەهەموو زەمانیکدا بە ورییاوە کار بکەین. لنین دەڵێ گشت جۆرە کەمتەرخەمییەک لەوانەیە بە حەپس یان دوور خستنەوەی هاوڕییانی خەباتگیر بشکیتەوە.

لادو عەینەکەکەی داکەند. بە دەستە سڕەکەی پاکی کردەوە. لە چاوی کردەوە و دوا بە دوای قسەکانی پیوتر گوتی: ئەو شارەی ئیمە تییدا دەژین و خەباتی تیدا دەکەین. رۆڵیکی سەرەکی لە ئابووری سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی روسیادا دەبینێ. نزیکەی «٢١» هەزار کریکاری هەمە نەژاد لە کانەکانی باکۆدا ئیش دەکەن. هەمووشیان بە شیوەیەکی دڕندانە لە لایەن سەرمایەدارانەوە دەچەوسینەوە.

قین و تووڕەیی لە دەنگە هیمنەکەی لادو دەباری. پاش کەمیک ویستان بەردەووام بوو:

– ئیوە بە خۆتان ئاگاتان لە حاڵی کریکارانی نەوتە. زنجی تەنگ و شیدار و داروخاو. خانووی گڵ، سەربازخانە.. ئاخۆ ژیان لە دۆزەخی وا دا دەگوزەرێ؟ باکۆ ئاوی نییە. بە کەشتی ئاوی خواردنەوە لە روباری «کور»ەوە دینن. هەندێ جاران کە ئەم کەشتییانە لە ریگادا ماتەڵ دەبن ئاوەکە بۆن دەکات و خیزانی زەحمەتکیشان تووشی جۆرەها نەخۆشی دەکات. ئیمە دەبێ ئەم راستییانە بە کریکاران رابگەیەنین و چاوو و گوییان بکەینەوە. دەبێ بزانن کە چ کەسانیک هۆی ئەم تاوان و دروستکەری ئەم ژیانە دۆزەخ ئاسایەن.

سەرمایەداران و دژمنانی شۆڕش هەوڵ دەدەن ناکۆکی و ناتەبایی بخەنە ریزەکانمانەوە پان تورک و پان ئیسلامییەکان، بە ناوی میللەت و ئایینەوە بۆ دامەزراندنی «ئیمپراتۆریەتی گەورەی ئیسلام» تیدەکۆشن. دەیانەوێ ئازربایجان بکەن بە کۆلۆنیکی تورکی. وەک ئەوەی ئەگەر «ئیمپراتۆریەتیکی» وەها دروست بوو ئیدی موسوڵمانەکان بەختیار دەبن. ریسوا کردنی ئەم سیاسەتە چەپەڵە ئەرکی سەرشانی ئیمەیە. هاوڕییان! لەپاڵ ریسوا کردنی سیاسەتی کۆنەپەرستی، دەبێ بایەخیکی زۆریش بەوە بدەین کە گیان و ورەی شۆڕشگیڕی و ئەنتەرناسیونالیستی لە نیو کریکاراندا بڵاو بکەینەوە. زەمینە بۆ دروست کردنی سوپایەکی خەباتگیڕی شۆڕشگیڕ خۆش بکەین.

هەر کە لادو لە قسان بووەوە، پیوتر سەیری سەعاتەکەی بەرباخەڵی کرد و ئیشارەتیکی بۆ محەمەد یارۆف کرد. تەواوی هاوڕییان خۆیان بۆ رۆیشتن ئامادە کرد. محەمەد یارۆف لە دەرگاکە نزیک بووەوە. پارچە ئاسنەکانی نیو سەندوقەکەی هەڵرشت. دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرێ. کە دەرگا دەکرایەوە خامۆشییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر ژوورەکەدا دەکیشا دەتگوت عەبدەل بە شەڕی تیدا نییە. لەو دیو

دەرگاکەوە هارە هاری دەزگاکانی فیتەرخانەکە  دەهاتە گوێ.

دوای تۆزێک دەنگی شوتیک بەرز بووەوە. لادو کۆنە کاسکیت و کتیبەکانی دایە کنونیانتس.

– با ئەمانە جارێ لە خزمەتی تۆدا بن بوگدان!

بە زەردەخەنەوە شەپقەیەکی لە گیرفانی دەرهینا و لەسەری کرد. چاکەتەکەی دایە سەر دەستیا. داردەستیکی لە پاڵ دیوارەکە هەڵگرت و هیدی هیدی لە ژوورەکەوە چووە دەرێ.

کە لادو رۆیی دەرگاکەیان داخستەوە. سندوقەکەیان خستەوە پاڵی. چونیاتۆف قۆڵی ئەژدەری گرت و بە ئیشارەت تیی گەیاند کە وەختی رۆیشتنە. سەرەتا چوونە داڵانەکە و پاشان چوونە حەوشەوە. حەوشەکە زۆر پیس بوو. پر بوو لە وردە ئاسن، پارچە ریل و زر و زبڵ، بە زەحمەت ریگایان بۆ خۆ کردەوە. چونیاتۆف ویستا. بە چپە بە ئەژدەری گوت: کە گەیشتیتە پیچەکە، بە دەستە چەپا برۆ. لەلای ترافیکەکە چاوەڕوانم بکە. لەوێ دانیشە و جگەرەیەک پێ بکە.وا بنوینە کە بۆ پشوودان دانیشتوویت. جگەرەت پییە؟

– نەخیر جگەرەکیش نیم.

– بەڵام دەبێ بۆ رێ بزری هەمیشە جگەرەت پێ بێ. پیویستت دەبێ، هانێ بگرە.

چونیاتۆف، تۆزێ توتن و پارچە رۆژنامەیەک و شقارتەیەکی دایێ و گەڕایەوە. ئەژدەر وەک چۆن چونیاتۆف پیی گوتبوو هەر کە گەییە نزیک ترافیکەکە لە شوینیکی لەبار دانیشت. بە دەم کۆکە کۆکەوە کەوتە سیغار کیشان. نەیدەزانی بۆ دەبێ لەم شوینە دوورەدا چاوەڕوانی چونیاتوف بێ. هەرگیز ئەوەی بە بیرا نەدەهات کە لای ئەم ترافیکەوە هەندێ مەسەلەی زۆر گرنگی لەگەڵدا باس دەکرێ.



# 8

سێ کەس لەسەر سەکۆی ناو قوڵغی چاودیری ریگای ئاسن دانیشتن: لادوکتسوفلی، پیوتر چونیاتوف و بوگدان کنونیانتس.

لادو بە ئەسپایی دەیگوت: کاری سەرەکی ئەوەیە کە چاپەمەنییەکانمان بە شیوەیەکی فراوان لە نیو جەماوەری کریکاراندا بڵاو بکەینەوە. جا بۆ دروست کردنی پیوەندییەکی ریک و پیک لە نیوان «نینا» و کریکاراندا هەروەها بۆ دابینکردنی مەرەکەب و کاغەز و شتی دی، پیویستمان بە دوو شۆڕشگیڕی خەباتگیڕ و بە باوەڕ هەیە. من جاریکی دی لیتان دەپرسمەوە کە داخۆ بە رای ئیوە ئەژدەر جیی متمانەیە؟

چونیاتۆف بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: بەڵێ پشتی پێ دەبەسترێ. تا ئیستا گەلێ کاری بە چاکی ئەنجام داوە.

پاش کەمیک بیدەنگی لادو رووی کردە هەردووکیان و گوتی: هەڵبەتە هاوڕییەکی قاڵبوی خۆمان ئاسایی کە زۆر جاران لە پیناوی شۆرشدا تووشی مەترسی بووە، زۆر باشترە، بەڵام گونجاو نییە، چونکە ئەو هاوڕییانەی کە لە کان و کارخانەکاندا رۆڵی زۆریان لە نیو زەحمەتکیشاندا هەیە ناکرێ لە کاریکی گرنگی وەک پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ژیر زەمینی جودا بکرینەوە. دەکرێ سوود لە غوڵامیش وەربگیرێ بەڵام چونکە جاریک گیراوە، لەلایەن پۆلیسەوە ناسراوە. نەخۆشیشە، دەبێ ئاگامان لیی بێ. هاوڕییەکی بە نرخە سەلامەتی ئەو بۆ ئیمە باشترە.

کنونیانتس بە تکاوە گوتی: ئەژدەر لەگەڵ خۆیدا میوان بوو چاپخانەکە ناهینێ.

– کەواتە بڕیار درا، ئەژدەر یەکیکە لەو دووەی بە دوایاندا دەگەڕاین. ئەدی دووەمیان.

پاش کەمیک بیدەنگی، پیوتر گوتی: ئەگەر دووەمیان کیژیکی جەحیڵ بێ باشترە، من رام لەسەر ورا پترۆفە. تاکو ئیستا چەندین جارمان تاقی کردۆتەوە. ئیڤانی شەهید کیژەکەی جوان پەروەردە کردووە. وراش وەکو بابی چالاک و راستگۆیە. چەنەباز و دەم شڕ نییە، متمانەی پێ دەکرێ. چونکە زۆر گەنجە کەمتر گومانی پۆلیس و ئەمنی دەچیتە سەر. چونکە چ کەسیکی دی نییە بە پیری ئەم کارەوە بێ. من بەش بە حاڵی خۆم ورا هەڵدەبژیرم ئیو رازین؟

لادو بە شیوەیەکی بنجبڕ گوتی: زۆر چاکە، ئەم کارە خەتەرە بە ئەژدەر و ورا دەسپیرین.

ئەوجا رووی کردە چونیاتوف: سبەینێ نزیکی نیوەڕۆ، لەبەر ویستگای ریگای ئاسندا چاوەڕێ بکەن، هەڵبەتە هەردووکیان، بەڵام بەیەکەوە نا. بەڵکو بە جیا.

لادو بزەیەکی بۆ کرد و بیدەنگ بوو. لە پەنجەرە چکۆلەکەوە سەیریکی ئەژدەری کرد و گوتی: پیم وایە زۆریش  حەز دەکەن پیکەوە کار بکەن. دیارە چ عەیبیکی تیدا نییە، گەنجن.

لادو زۆر بە ئەسپایی گوتی: بەڵام پیتا! تۆ ئەژدەر بە تەواوی حاڵی بکە، پیی بڵێ لەبەر ویستگاکەدا پیاویک لیی نزیک دەبیتەوە و دەپرسێ سەعات چەندە؟ دەبێ

ئەویش بڵێ «سەعاتت بۆچییە؟» ئەگەر پیاوەکە گوتی «بۆ پیرەمیردمە» دەبێ شوێنی بکەوی. وراش دەبێ دوور بە دوور دوای ئەژدەر بکەوێ. بەم جۆرە بۆ لای من دین...

حاڵی بوویت پیتا؟

– بەڵێ هاوڕێ.

هەر سێکیان هەستان. لادو بۆ دوا جار گوتی: تۆش بە بەردەوامی لە کۆبوونەوەی کریکاراندا بەشداری بکە. توند کردنی خەبات دژی «ئیکونومیستەکان» یەکجار پێویستە بوگدان تۆ لەگەڵ بائیل دا بڕۆ.

کنونیانتس سەری ڕەزامەندی لەقاند.

چونیاتوف گوتی: من دەمەوێ سبەینێ بۆ «باڵاخانی» خۆمان بڕۆم.

لادو ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاند.

– بەڵێ .. بڕۆ.. بڕۆ.. زوبا توفییەکان، دژمنەکانی تری بزووتنەوەی کریکاران، بەشیوەیەکی فراوان لەویدا کەوتونەتە پڕوپاگەندە. پێویستە ئەژدەریش بۆ ئەوێ بنیرین. باڵاخانی زۆری پێویست بە بڵاوکراوەکانی ئیمە هەیە.

لە دوروەوە دەنگی شەمەندەفەریک دەهات. لادو کڵاوەکەی لەسەر کرد.

– با بڕۆین. زۆر دانیشتین.

بەم جۆرە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

چونیاتوف بەر لە هەموویان لە قوڵغەکە هاتە دەرێ. ئەژدەر کە ئەوی بینی هەستا ئەوەندە بە گەرمی چاک و خۆشیان کرد دەتگوت چەندین ڕۆژە یەکیان نەدیتوە. ئەوجا وەکو کەسانیک کە لە کۆڕی عەیش و نۆش بگەڕینەوە. قۆڵیان بە قۆڵی یەکدی داکرد و بە نیو ریلەکان دا کەوتنە ڕێ. تا دوورکەوتنەوەی ئەوان چ کەسیک لە قوڵغەکە نەهاتەدرێ.



# 9

ورا و دایکی ئەو ڕۆژە بەیانی لە ماڵ چوونە دەرێ. ماریا بۆ دروینی جلّی منداڵانە بۆ ماڵی یەکیک لە دەوڵەمەندەکان بانگ کرابوو. وراش قەرار بوو یارمەتی ئامینە بدات بۆ فیربوونی زمانی رووسی. دەرگای ژوور و حەوشەیان قفڵ دا، چونکە لەوانەبوو یەکیکیان زووتر لەوی تریان بگەڕینەوە. کلیلەکەیان لەنیو بەردەکاندا شاردەوە. ماریا ڤاسیلیوفنا بە پیچی شەقامەکەدا ڕەت بوو و ڕۆیی. ورا کەوتە لیدانی دەرگا سوورەکەی بەرانبەریان.

ئامینە دەرگای کردەوە. هەرکە ورای بینی، دەستی گرت و رایکیشایە حەوشەوە و توند بە خۆیەوەی گوشی، چونکە باڵای کەمیک لەورا کۆڵتر بوو، لە سەر پەنجەکانی خۆی بەرز کردەوە و رومەتی ورای ماچ کرد. بە قالّدرمەکانی بەرانبەر دەرگاکەدا سەری خست. ورا قژەکەی لەسەر هەنیەی لادا و بە زەردەخەنەوە گوتی: دەرگاکە داخە کچێ، جوان نییە بە بەرچاوی خەڵکییەوە بەم شیوەیەی ماچم بکەی.

ئامینە وەکو با بە قالّدرمەکانا دابەزی و دەرگاکەی توند داخست. لە ڕارەوی نهۆمی دووەما تووشی گوڵئارا خانم بوون، ئامینە کە دایکی بینی بە شادییەوە گوتی: دایکە گیان، ورا هاتووە.. هەر ئیستا دەست بە دەرس خویندن دەکەین.

گوڵئارا خانم ژنیکی ٤٠ – ٤٣ ساڵە بوو. دەموچاوی سپی، قژی مەیلەوزەرد و پڕ، برۆکانی ناسک، چاوەکانی ڕەش. گوڵئارا خانم و ئامینە هیندە لە یەک دەچوون دەتگوت سیویکن و کراون بە دوو لەتەوە. تەنیا جیاوازی تەمەن لەیەکدی جیا دەکردنەوە. ئامینە ٢٠ ساڵان بوو، چاوەکانی بە پیچەوانەی چاوانی خەم لێ نیشتووی دایکییەوە گەش و پڕ لە ناز بوون. قژەکەی بەسەر تەویڵی دا ڕژا بوو. دوو پرچی بادارو بە باڵای دا شۆڕ بوو بووەوە.

هیندەی گوڵئارا خانم مات و بیدەنگ بوو، ئەوەندەش ئامینە بزیو و شاد و بە کەیف دەهاتە بەرچاو. هەردوکیان لە یەک باڵادا بوون. هەردووکیان وەختێ پیدەکەنین گۆناکانیان چاڵ دەبوو.

گوڵئارا خانم، ورای لە ئامیز گرت و گۆناکانی ماچ کرد. ئەوجا بە چمکی چارۆکەکەی چاوی سڕی.

– ورا گیان بمان بورن، کەمیک بیدەنگ بوو. روانییە سیمای خەم لینیشتووی ورا، لە سەری ڕۆیی، دوای مەرگی بابت نە پەرژاوم سەریکتان لێ بدەم، نەمتوانی لە پرسەکەشیدا بەشداری بکەم. خۆت دەزانی لە نیو ئیمەی موسوڵماندا ناشیت ژن لە نیو پیاواندا دەر بکەوێ. من زۆرم خاتری ئیڤان دەویست.

ورا بە خەمبارییەوە وەڵامی دایەوە: دەزانم ئیوە لە هەموو کەس نزیکترن بۆ ئیمە. میرزا حوسین تاکو سەر قەبران لەگەڵ تەرمەکەی بابمدا هات. ئیمە هەرگیز ئەمەمان لەبەرچاو ون نابێ.

چونکە باسەکە جدی بوو، ئامینە چ قسەیەکی نەدەکرد. بیدەنگی لە مزیجی ئەودا نەبوو، بەڵام یەک دوو چرکەیەک خۆی ڕاگرت. کە هەستی کرد قسەکان لە تەواو

بووندایە گەڕایەوە سەر حاڵەتی پیشووی خۆی.

– وەرە ورا! دەستی دەستە خوشکەکەی گرت– دایکە تۆش هەمیشە خەم و خەفەت بیری ئینسان دەخەیتەوە.

– چ بکەم کیژم؟ چما خەم و خەفەت لەبیر دەچن! هەرچی دەگەی هەر دییتەوە سەر خەم وخەفەت. بڕۆن بەلای کارەکەتانەوە.

ئامینە و ورا رارەویکی دریژیان بڕی. چوونە ژووریکەوە، گۆڵئارا پاش ئەوەی ماوەیەک لە دواوە سەیری کردن، خۆی بە ژووریکی تەنیشت دا کرد. لەم ژوورەدا میرزا حوسین لە پشت میزی نووسینەکەیەوە دانیشت بوو. سەر میزەکەی پڕ بوو لە نامیلکە و کتیبی قوتابیان و کتیبی جۆراوجۆری دی. بیروبۆچوونی ئەم مامۆستا مرۆڤ دۆستە لەو کتیبانەوە دیاری دەکرا. لە نیو کتیبەکاندا شانۆنامەکانی میرزا فەتح عەلی ئاخوندۆف، دیوانەکانی واقیف و زاکر. بەرهەمەکانی پۆشکین، گوگول، لرمانتۆف، تولستوی، بلینسکی و چرنیشفسکی دەبینران. میرزا حوسین کە لە سەرەتادا لە مۆسکۆ و پاشان لە پتروگرادا خویندبووی، ئاشنایەتیکی تەواوی لەگەڵ کەلتور و ئەدەبیاتی پیشڕەوی رووس و بیری شۆڕشگیڕی هاوچەرخدا هەبوو. میرزا حوسین مامۆستای چەوساوان بوو.

میرزا حوسین یەکەم مامۆستا بوو کە لە سییەمین قوتابخانەی روس، تاتارا بە خۆرایی دەرسی بە منداڵانی هەژار دەگوتەوە، تەنانەت پیویستییەکانی خویندنی لە گیرفانی خۆی بۆ دەکڕین. بە پیی توانا پارەشی دەدانێ. میرزا حوسین یەکەم کەس بوو کە یەکیتی مامۆستایانی دامەزراند و هەوڵی دا شانۆنامە پیشکەش بکرێ. یەکەم کەس بوو کە لە سەرەتادا یارمەتییەکی زۆری نمایشنامەنووسی گەورە عەبدلرەحیم حقوردیف،»ی دابوو. میرزا حوسین لە شاری شوشای سەر بە ویلایەتی قەرەپاغ لە خیزانی فەراشیکی دەوڵەتیدا هاتبووە دنیاوە. بە کویرەوەرییەکی زۆر گەورە بوو خویندنی تەواو کرد.

میرزا حوسین هەرچەندە تازە پیی نابووە پەنجا ساڵییەوە، بەڵام قژە تەنکە بە پشتا شانەکراوەکەی کە دەتگوت بەفری زستانە رواڵەتیکی نەجیب و ئارامی هەبوو. چاوەپڕ مەعناکانی، هەنیە پانەکەی، گۆنا نەختێ پڕەکانی.. سمیل و برۆی کە وەکو سەری سپی بوو بوون. هەموو ئەمانە ئارامیان بە بینەر دەبەخشی. ژنەکەی و تاقە کیژەکەی، هاوکار و شاگردەکانی تیکڕا کاتێ ئەو قەسەی دەکرد ئارام و هیدیتر دەبوون.

میرزا حوسین هەموو کاتێ بە بیری تیژ و قسەی نەستەق یارمەتی دەدان. گوڵئارا خانم لە خانەوەدایەکی زەویداری لێ کەوتوو بوو، گوڵئارا چەند ساڵیک لە میرزا حوسین بچووکتر بوو. کە شووی بەو کرد خویندن و نووسینی نازانی. میرزا حوسین بە هەوڵ و کوششیکی زۆر فیری خویندەواری کرد. پاشان فیری زمانی رووسیش کرد، بە ئاسانی کتیبی رووسی دەخویندەوە. میرزا حوسین بەم کارەی زۆر خۆشحاڵ بوو.

کە گوڵئارا چووە ئەو ژوورەوە کە بە وینەی خیزانەکەیان و وینەی پۆشکین و تولستوی رازا بووەوە، میرزا حوسین سەرگەرمی کتیبی قوتابییەکانی بوو، سەری هەڵبڕی، روانییە گوڵئارا، بە دەنگیکی هیمن و سازگار پرسی:



– ئەوە بۆ گریاوی گوڵئارا؟

گوڵئارا سەری لەم سەرنجە تیژەی شووەکەی سوڕ نەما. چونکە بە سەرنجە ورد و تیژەکانی میرزا حوسین راهاتبوو. بە هیمنی لەسەر یەکێ لەکورسییەکانی تەک میزەکە دانیشت و بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:

–ورام بینی و باوکیم بیرکەوتەوە. هەرگیز لاشە خویناوییەکەیم لەبیر ناچێ.

– گوڵئارا ئیمە لە سەدەیەکی یەکجار خویناویدا دەژین.

بەدەم گوتنی ئەم رستەیەوە دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و هەستایە سەر پێ، دوو سێ جار بە ژوورەکەدا هاتوو چوو، ئەم سەدەیە دەبیت بە سەردەمی رووداوی گەورە گەورە.

نزیکتر بووەوە، بە دەستەکانی قژی ژنەکەی لاواندەوە.

– ئەدی ورا کوا؟

– لەلای ئامینەیە، خەریکی دەرسن.

– زۆر چاکە با خەریک بن.

ورا هەرچەندە خویندنی تەواو نەکردبوو. بەڵام بە زەبری هەوڵ و کۆشش خویندەواری چاکی پەیدا کردبوو. ئەگەر ئامینە ئەمساڵ بە تەواوی زمانی رووسی فیر بێ، ئەوا دەتوانێ ساڵی داهاتوو ئیمتیحان بدات و بچیتە دوا پۆلی ئامادەیی، کە ئامادەیی تەواو کرد ئەوسا بۆ روسیای دەنیرم.

گوڵئارا بە سەرسامی پرسی: ئەوە چ دەڵیی حوسین؟ چما دەکرێ کچە ئازەرییەک بۆ خویندن بۆ رووسیا بنیردرێ؟ دۆست و ئاشنا چمان پێ دەڵین؟ هەر بەرد بارانمان دەکەن. ئەمەت نەکردووە. ژنان لە هەموو شوینی تانەم لێ دەدەن کە شووەکەم بێ دینە. ئەگەر بیکەی.

میرزا حوسین لە تەک گوڵئارا دا دانیشت، ویستی تیی بگەیەنێ.

– گوڵئارا ئینسان ناتوانێ ژیانی خۆی لەسەر بناغەی گوتەی ئەم و ئەو بنیات بنێ، دەسەڵاتداران خەڵکیان بە نەزانی هیشتۆتەوە و بە ئاین و خورافات و شتی پڕو پوچ دەی خەوینن. هەر بۆیەش خەڵکی لای ئیمە عەوام و نەخوینەوارن، بیریان رەش و تاریکە، ئیمە ناتوانین ئەم بیرانە بکەین بە رینوینی ژیانی خۆمان. کەسانی وەکو من دەبێ هەموو ژیانی بکات بە وەقفی وریا کردنەوەی خەڵک، من زۆرم باسی خویندن بۆ تۆ کردووە! خویندن لە ئامۆژگای غوری و ژیان لە تەفلیس، لە موسکۆ و پترزبۆرگ. خەباتی بەربڵاو لەو شارانە دایە. دەزانێ خەبات یانی چی؟ خەبات یانی جولان، یانی ریبەری و پیشڕەوی، بەرگری نەکردنیش یانی پاشکەوتن و ژیانی تاڵ.

گوڵئارا بە وردی گویی لە قسەکانی شووەکەی دەگرت. قسەکانی بەلاوە خۆش بوون. میرزا حوسین وەختێ باسی خەبات و ئازادی و ئایندەی دەکرد، هەڵدەچوو، تەواوی هەڵس و کەوت و گوفتار و رەفتاری دەگۆڕان. دەتگوت بیست ساڵان گەنجتر دەبیتەوە.

– من ئەمساڵ وەختێ بۆ وەرگرتنی موڵەتی نمایشنامە، بۆ تەفەلیس چووبوومە نووسینگەی نایب * (مەبەست جیگری تزارە لە شارەکاندا) تووشی دیمەنیکی سەیر بووم. ئەمەم بۆ نەگیڕاویتەوە، چونکە ماوەم نەبوو، کریکارانی هیڵی ئاسن

خۆپیشاندانیکی فراوانیان ساز کردبوو. ئالآی سووریان هەڵکرد بوو. هاواریان دەکرد: «بڕۆخێ شا» «بڕۆخێ سەرمایەداران» هیندە بە باوەڕەوە هاواریان دەکرد کە ئەمن و پۆلیس نایان ویرا لییان نزیک ببنەوە.
دوای بیدەنگییەکی کەم گوڵئارا پرسی: سەرمایەدارانی چی حوسێن؟
– ئەو دەوڵەمەندانەی کە کریکاران بە کرێ دەگرن و دەیان چەوسیننەوە. سەرمایەداریان پیدەگوترێ. وەکو حاجی زەینەل عابدین تقی یف، مانتاشف و نۆبل، ئەمانە هەموو سەرمایەدارن. ئەمانە لەسەر خوینی کریکاران دەژین. رۆژێ دە دوازدە سەعاتان کار بە کریکاران دەکەن. ملیۆنان پارە دەخەنە تەنکەی باخەڵیان و نیوەی نیوەی ئەم دەرامەتەش بە کریکاران نادەن.
گوڵئارا بە ئەسپایی پرسی: ئەدی کریکاران بۆ هاوار دەکەن «بڕۆخێ شا»؟ گوڵئارا کە ئەم رستەیەی دەگوت زۆر دەترسا، دەتگوت هەر ئیستا پۆلیس دەگەنە سەریان.
میرزا حوسێن لە ژنەکەی نزیک بووەوە و گوتی: کریکار چ شتیکی هەیە کە لە دەستی بدات. شۆڕشگیران دروشمیکی باویان هەیە دەڵێ: کریکار جگە لە کۆت و زنجیرەکانی دەست و پیی چ شتیکی نییە، ئەگەر شتیک لە دەست بدات ئەوا ئەم کوت و زنجیرانەیە، شا پشت و پەنای سەرمایەدارانە، شا سەرچاوەی گشت کلۆڵی و کویرەوەری و بەدبەختی و تاوانەکانە.
گوڵئارا ئاهیکی هەڵکیشا.
– حوسێن بنیادەم لە قسەکانت دەترسێ، تۆ هەقت بەسەر ئەم کارانەوە نەبێ! ئەم قسانە مەکە، تووشی رۆژی رەشمان مەکە. با ئامینە بەدبەخت نەبێ.
بزەیەکی سارد لیوانی میرزا حوسینی ترازاند.
– بەداخەوە پیر بووم. – هەناسەیەکی هەڵکیشا– ئەم جۆرە خەباتە هیز و توانای گەرەکە. ئەگەر کوڕیکم دەبوو..
گوڵئارا سوور بووە، وەک بڵیی ئەم قسەیە ئازاری دا، بەسەدایەکی گازاندە ئامیزەوە گوتی: حوسێن خەتای من نییە، یەکیکمان بوو ئەویش خوا رەوای نەبینی.
– گوڵئارا من تۆ بە خەتابار نازانم. دەمەوێ بڵیم کە...
لەم کاتەدا سەدای پیکەنینی ئامینە لە ژوورەکەی ترەوە بەرز بووەوە. گوڵئارا بۆ ئەوەی قسەکان بگۆڕێ و بیری حوسێن لەسەر ئەم بابەتە لا بدات گوتی: ئامینە هەمیشە دەڵیی خۆڵ و دۆی بەسەراکراوە، کەچی کاتێ کە ورا دەبینێ قاقای پیکەنینیماڵەکە پڕ دەکات.
میرزا حوسێن لە کاتیکد ا کە گویی بۆ پیکەنینەکەی ئامینە دەگرت، بزەیەکی هاتێ و روانییە، روخساری گوڵئارا و گوتی: لێ گەڕێ با پیبکەنن گوڵئارا. تافی لاویانە، پاشەرۆژ هی ئەمانەیە، تۆ کاریکی وا بکە کە ورا زوو زووبێ بۆ ماڵمان. هەم لەگەڵ ئامینەدا سەرگەرم دەبێ و هەم زەمینەشمان بۆ خۆش دەبێ کە یارمەتی خیزانەکەی ئیڤان بدەین. ئەگینا ماریا ڤاسیلیوفنا ژنیکی ئەوەندە نەجیبە ئەگەر لە ریگایەکی واوە نەبێ هیچ کۆمەکیکمان لێ قەبوڵ ناکات.
ئامینە جلەوی پیکەنینەکەی بۆ نەگیرا، لە حاڵیک دا کە بە دەوری ورادا



دەسووڕایەوە، دەیگوت: ورا بۆ سوور بویتەوە؟ راست بڵێ، تۆ هەر کاتێ ئەو دەبینی سوور هەڵدەگەڕیی؟ بۆ وا پەشۆکاویت؟ ناوی چییە؟ ئەها بیرم کەوتەوە: ئەژدەر، وانییە؟ بزانە کە ناویم هینا سوور بوویتەوە.
ورا چ وەڵامیکی بۆ نادرایەوە. ئامینە هیندە بە توندی مەچەکی گرتبوو، ورا نایزانی چۆن خۆی لەم هەڵویستە رزگار بکات. لە حاڵیکدا کە دەیویست ئامینە پێ نەزانێ لە ژیرەوە و لە پەنجەرەکەوە سەیری شەقامەکەی دەکرد. ئەژدەر هیدی هیدی بەسەر شەقامەکەدا پیاسەی دەکرد. وەکو خەڵکانیکی نا ئاشنا و نەشارەزا سەیری ئەم لاو ئەولای دەکرد. بەڵام وا دیار بوو لەبەر ئەوەی بینی بووی دەرگای ماڵی ورا داخراوە بۆیە ناچووە کۆڵانەکەوە. ورا کەوتە بیرکردنەوە: ئەژدەر یا بەیانیانی زوو یا شەوانی درەنگ بۆ ماڵمان دەهات. کەواتە هەبێ و نەبێ کاریکی گرنگی هەیە بۆیە لەم کاتەدا هاتووە. «ئەوجا بیریکی سامناک بە میشکی دا تیپەڕی» : لەوانەیە مەترسییەک لە ئارادابێ، رەنگە تاقیبیان کردبێ و بۆ شوینێ بگەڕێ کە خۆی بشاریتەوە؟
بە زەحمەت خۆی لە دەستی ئامینە راپسکاند و تەماشای شەقامەکەی کرد.
ئامینە دیسان باوەشی پیدا کردەوە و قاقا پیکەنی.
بۆچی ئەژدەر زوو زوو بۆ ماڵتان دێ؟ راست بڵێ ورا! چما بنیادەم قسەی دڵی لە دۆست دەشاریتەوە؟
ورا هەوڵی دا خۆی توڕە بنوینێ، بە دەنگیکی وشک و هیواش گوتی:
– ئەژدەر ناسیاوی نزیکمانە. بابم بە ئەندازەی کوڕیکی خۆی خۆشی دەویست، ئامینە هەق نییە هاتوچۆی ئەو بۆ ماڵی ئیمە بە جۆریکی دی لیک بدەیتەوە.
ئامینە گویی بە توڕەیی ورا نەدا، جارێ لە پەنجەرەکەوە سەری دەکیشا و جارێ پیدەکەنی.
– من هیچ جۆرێ لیکی نادەمەوە. بەڵام وەک دەڵین: «رەنگی روخساتر رەنگدانەوەی ویژدانە.»
ورا دیسان خۆی لە دەستی ئامینە راپسکاند و بە دەنگیکی رەنجاوەوە گوتی:
– چیدی پێ مەکەنە.. دایکت گویی لیدەبێ، .. بابم هاوڕیی زۆری هەن...ئەژدەریش یەکیکە لەوان.
ئامینە هەر گوییی لێ نەبوو، وەکو منداڵ هەڵبەز و دابەزی دەکرد و بێ وچان قسەی دەکرد.
– ئەدی بۆ لە هەموو هاوڕیکانی بابت تەنیا ئەمیان زوو زوو سەرتان لیدەدات؟ دوینی شەوش هاتبوو، کە ئەم شتانەم لێ دەشاریتەوە هیندە نارەحەت دەبم هەر مەپرسە، چی دەبێ ئەگەر..!
ورا کە بینی ئەژدەر خۆی بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکات، خۆی پێ نەگیرا، قسەکەی ئامینەی بە نیوە چڵی جیهیشت و دەرپەڕی، چ وەڵامیکی ئەم پرسیارەی ئامینەی «ئاخر دەرسەکەمان تەواو نەکرد» نەدایەوە. بە پەلە لە قاڵدرمەکانەوە هاتە خوارێ. کە دەرگای کردەوە ئەژدەر ریک بەبەر دەرگاکەدا رەت دەبوو. ورا چاویکی بەو ناوەدا گیڕا، کە کەسی گومان لیکراوی نەبینی، گازی کرد:

– ئەژدەر ...!

ئەژدەر گەڕایەوە. کە ورای بینی زەردەخەنەیەکی بە روویادا، زۆر بە ئەسپایی گوتی: کە دیتم دەرگاکەتان داخرابوو، ویستم بگەڕێمەوە.

ورا بە پەلە پرسی: خێرە ئەژدەر؟ بۆ لەم کاتەدا هاتووی؟ خۆ چ مەترسیەک نییە؟

ئەژدەر بە هێمنی گوتی: نەخێر چ مەترسییەک نییە، ورا کاری بەپەلەم هەبوو ویستم بت بینم.

ورا لە خۆشیاندا وڕ و کاس بوو. داخی لەوە دەخوارد کە لە پەلەپەلی دا پێڵاوەکانی بەجێهێشتبوو. چونکە نەیدەتوانی بە پێ خاوسی لە ئەژدەر نزیک ببێتەوە بە ئەسپایی گوتی: وەرە پێشەوە، بڵێ بزانم چی بووە.

ئەژدەر وەڵامی دایەوە: نا، ورا ئەمە قسەیەک نییە لەم کوڵانەدا بگوترێ، تۆ بچۆ بۆ ماڵەوە منیش دوای تۆزێکی دی دێمەوە.

ئەوجا کوتوپڕ پرسی: ئەمە ماڵی کێیە ورا؟

– ماڵی میرزا حوسێنە، ئامینەی کچی فێرە روسی دەکەم. خۆی بۆ دوا پۆلی ئامادەیی ئامادە دەکات.

ئەژدەر کەمێ دوور کەوتەوە و بە دەنگی بەرز گوتی: خوشکێ بە جەنابی مامۆستا بڵێ عەسر بۆ قوتابخانە بێت، بەڕێوەبەر منی ناردووە.

ئەوجا بەدەستە راستا پێچی کردەوە و رۆیی: ورا بە دەم «باشە، باش»وە گەڕایەوە و بە ئامینەی گوت: ئامینەگیان دەبێ بڕۆم. ئەژدەر دەیگوت شیبایف هەق و حسیبەکەی بابم نادات. دەبێ بچم دایکم بدۆزمەوە.

ئامینە هێشتا لە شۆخی تێر نەبوو بوو، بەڵام کە ورای بەو جۆرە بینی دەستبەرداری بوو. ئەوجا بە کەسەرەوە گوتی: ورا گیان: مەخابن، وام دەزانی تا شەوێ لێرە دەمێنیتەوە. ئەوشۆ شایی ماڵە دەوڵەمەندیکە و ئیمەشیان داوەت کردووە، تۆش دەتوانی بێی.

– زۆ سوپاس، من تاکو ئیستا نەچوومەتە ماڵی دەوڵەمەندان.

ورا کاتێ کە لە قاڵدرمەکان دەهاتە خوارەوە تووشی گوڵئارا خانم بوو.

– ورا بۆ کوێ دەڕۆی؟ خەریکی ئامادە کردنی نیوەڕۆژە بووم.

– سوپاس گوڵئارا خانم. کاری پێویستم هەیە.

ئامینە کە دڵی سارد بوو بووە، بە نیگایەکی پاڕانەوە ئامیزەوە گوتی:

– دایکە تۆ پێی بڵێی، بە قەسەی من ناکات. پێی بڵێ کە شەوێ بێتەوە پێکەوە بۆ شاییەکە دەچین.

گوڵئارا خانم دەستێکی بە قژی کیژەکەیدا هێنا و بە پێکەنینەوە گوتی:

– ورا، ئامینە راست دەکات، دڵی مەشکێنە، شەوێ وەرەوە با نەختێ دڵت بکریتەوە. ناکرێ هەمیشە هەر تازێ بار بێت.

– بیی، باشە!

– بزانم... ئەگەر توانیم دێم، بەڵام قەول نادەم.

دوعا خوازی لیکردن و کەوتە رێ.



# 10

چونکە وەختی هاتوچۆی شەمەندەفەر نەبوو چ کەسێک لە دەوروبەری وێستگای تەفلیس نەبوو، ئەو باربەرانەی کە لە کاتیتردا ماوەی هاتوچۆیان بە مەردم نەدەدا، ئیستا لەبەر چایخانەیەکدا و لە ژێر درەختێکی وشکدا راوەستا بوون. عەرەبانەیەک لە مەیدانە پیسەکەی بەردەم وێستگاکەدا ویستا بوو. عەرەبانچییەکە چەتری سەر گالیسکەکەی دادا بووەوە و لەسەر کورسیە نەرمەکەی وەنەوزی دەدا. میش ئەسپەکانیان نارەحەت کردبوو. دوای کەمێک دوو ژنی روس هێواش هێواش لە «باجە» * (باجە: شوێنی بلّیت بڕین) کە نزیک بوونەوە. جگە لەوان پیرەمێردیکی عەینەک لە چاوی عاسا بە دەستیش بەرەو باجەکە رۆیی. هەڵبەتە بەتەما بوون بلیت ببڕن بۆ تەفلیس. قەرار بوو باجەکە دوای تۆزێکی دی بکریتەوە.

کوڕێکی گەنج، کراسیکی خامەکی شینباوی لەبەرا بوو. شەپقەیەکی رەشی لەسەر بوو. بەرەولای باجەکە هات. لێ لە باجەکە نزیک نەبووەوە. لەنزیکی ژنەکانەوە ویستا، جگەرەیەکی لە پاکەتیکی سوورا «سولید نیە» دەرهێنا و دایگیراند و بە ئارامی دەستی بە کیشانی کرد. دیار بوو کە کورە دەوڵەمەند و پیاوماقوڵی شار بوو: چونکە هەموو کەسێک نەیدەتوانی جگەرەی «سولیدینە» بکیشیت.

بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە ئەم گەنجە ئەشراف زادە نییە و پاکتە گران بەهاکەی لە قونکە جگەرەیەک پتری تیدا نییە. کێ بیری بۆ ئەوە دەچوو کە ئەم گەنجە– واتە ئەژدەر– تەنانەت شارەزای جگەرەکیشانیش نییە. ئەوەتا بە تۆبزی بەری کۆکەکەی دەگرێ. ئەژدەر بە تاسوقەوە جگەرەی دەکیشا و لە ژیریشەوە وریای ئەوە بوو کە نەبادا ئەمنی لێ پەیدا بێ. بەرە بەرە بلیت کڕ زۆرتر دەبوون. دوای کەمێک ورا بە شەپقەیەکی حەسیری جوانەوە لە باجەکە نزیک بووەوە. لە نیو ژنەکاندا ویستا. بە وردی کەوتە خویندنەوەی خشتەی کاتی دەرچوونی شەمەندەفەرەکان. ورا هەموو بیرو هۆشی لەلای ئەژدەر بوو. بە رواڵەت ئارام بوو، بەڵام لە ناخدا قوڵپی دەدا.

لە وێستگاکەوە پیاوێکی زەمیلە بە دەست کە کراسیکی خامەکی سپی لەبەر بوو، شەپقەیەکی سپی لەسەر بوو، دەرچوو. زەمیلەکەی لە عەردەکە دانا. ئارەقەکەی هەنیەی سڕی. جگەرەیەکی دەرهێنا و خستییە لای لیوی. دەستی بە گیرفانەکانیا کرد کە شقارتە دەربینێ. بەڵام چونکە شقارتەی پێ نەبوو، رووی کردە ئەژدەر، کە بە بێ موبالاتی ویستا بوو، مژی لە دوا بەشەکانی جگەرەکەی دەدا، گوتی: برادەر! بە ئەرک نەبێ ئەو جگەرەیەتم بدەیە کە جگەرەکەمی پێ داگیرینم، شقارتەم بیر چووە.

ئەژدەر لیی نزیک بووەوە و جگەرەکەی بۆ دریژ کرد، پیاوەکە جگەرەکەی داگیراند. پاشان بە وردی سەرنجی ئەژدەری داو پرسی:

– بە مەزەندەی تۆ سەعات چەندە؟

ئەژدەر لە ژیر لیوەوە گوتی: سەعاتت بۆچییە؟

پیاوەکە زۆر بە ئەسپایی گوتی: بۆ پیرەمیردم دەوێ...

ئەژدەر بیری کردەوە: «خۆیەتی: خۆمانەیە» جگەرەکەی فڕیداو بیدەنگ بوو.

نەیدەزانی درێژە بە قسەکە بدات یان ڕیی خۆی بگرێ و بڕوات.

کابرای نەناس بە شیوەیەکی تایبەتی زەمیلەکەی خستە سەرشانی و بە دەنگی بەرز گوتی: زۆر مەمنوون کاکە!، زەحمەتم دایت.. چاری ڕێ هەر ڕۆیشتنە.

بەرەو ناوەندی مەیدانە چکۆلەکە بەرەو ویستگا کەوتە ڕێ. ئەژدەر بێ ئەوەی چ کاردانەوەیەک نیشان بدات یان خۆی شیلۆ بکات لە جیی خۆی ویستا. چاوەڕێ بوو تا کابرای زەمیلە بە دەست تەواو دوور بکەویتەوە. ئەوجا بە خاوە خاو وەکو خەڵکانیکی بیکارە و تەمەڵ بە دەم تەماشاکردنی ئەم لاو ئەولاوە کەوتە شوینی.

لە کاتیکدا کە هەوڵی دەدا کابرای زەمیلە بە دەستی لێ ون نەبێ، هیواش هیواش دەڕۆیی و هەندێ جار بە بیانووی سەیرکردنی ڕیبوارانەوە ئاوڕیکی دەدایەوە. کە لە دوورەوە شەپقە سپییەکەی ورای لە نیو قەرەباڵغییەکەدا دەبینی دڵنیاتر دەبوو. زەمیلەکە و شەپقە حەسیرەکە دوو نیشانەی چاک بوون بۆ ئەژدەر. ئەو زەمیلەکەی دابووە چاوو و شەپقە حەسیرەکە ئەمی دابووە چاو. هەر سیکیان دوا بە دوای یەک لە شەقامەکەوە بۆ کۆڵانیکی تاریک پیچیان کردەوە. ئەژدەر هیمن تر لە پیشوو دەڕۆیی. ئەم بێ دەنگییە زۆری نەخایاند. ئەژدەر ڕوو بەرووی زەلامیک بوەوە. پیرەمیردیکی ئازربایجانی بوو. دەستیکی بەردینی دا هینا و بە تەک ئەژدەردا ڕەت بوو. دوای تۆزیکی دی جووتێ گەنج بە دەم قسە و پیکەنینەوە لە بەرەوە هاتن و چوونە ماڵیکەوە. وەختێ کە ئەژدەر بە تەک دەرگای ئەم ماڵەدا ڕەت دەبوو، کورە گەنجەکان هەڵوەستەیەکیان کرد و دیقەتیاندا. ئەژدەر بۆ ڕێ بزری و بە بیانووی کۆکینەوە دەستی بە چاوییییەوە گرت و سەری وەرگیڕا. تازە لەوان ڕەت بوو بوو کە پاسەوانیک لە کۆڵانیکەوە پەیدا بوو. ڕەنگە ئەم پاسەوانە لە ویستگاکەوە تاکو ئیرە تاقیبی کردبن؟ ئەگەر تۆزێ کەمتەرخەمی بکات، پاسەوانەکە دەتوانێ بە هاسانی شوینەکەیان بزانێ.

پاسەوانەکە ماوەیەک بە دوویدا هات و پاشان بە دەستە ڕاستا پیچی کردەوە و خۆی بە کۆڵانیکی دیدا کرد. کە دەنگی پیی پاسەوانەکە بڕا، ئەژدەر ئاوڕیکی دایەوە. چ کەسیک لە کۆڵانەکەدا نەبوو. شەپقەکەی ورا لە دوورەوە دیار بوو. ئەژدەر لە دڵی خۆیدا دەیگوت: «مەترسی نەما. ئەمجا دەتوانم پێ هەڵگرم.» هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشا، کە تەماشای پیش خۆی کرد حەپەسا و لە جیی خۆی وشک بوو. کابرای زەمیلە بە دەست دیار نەما بوو. پیاویکی سپی پۆش زۆر لە پیشترەوە دەڕۆیی بەڵام زەمیلەی پێ نەبوو. ئەژدەر چونکە پیاوەکەی گوم کردبوو بەترسەوە پیی هەڵگرت. نەخیر کەوتەغاردان. دوای ماوەیەک بێ گویدان بە ڕیبواران لە کابرای سپی پۆش نزیک بووەوە. کە لیی ورد بوەوە زەمیلەیەکی بەتاڵی بەبن هەنگڵییەوە بینی. پەی بە هەڵەشەیی خۆی برد. کەواتە ناواخنی زەمیلەکە شتیکی نا پیویست بووە و تەنیا بۆ ڕێ بزری لەگەڵ خۆ یدا هەڵی گرتبوو. ئیستاش بزانە لە چ پەنایەکی چەپەک دا هەڵی ڕشتووە.

ئەژدەر لە پەلە کردنەکەی خۆی ژیوان بۆوە. لەوانەیە کەسیک ئاگاداری ئەمە بوو بێ؟ ئاخۆ ناڵێ ئەم کابرا هیمنە بۆ لەپڕا و شیت ئاسا کەوتە غاردان؟ ئەگەر ئەمە بەسەلامەتی بڕوات باشە! کابرای سپی پۆش بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیی. ئەژدەر لە سەر



تاویریک دانیشت تا کابرای سپی پۆش کەمێ دوور بکەویتەوە. پوتەکانی داکەند و لە پیی کردنەوە وەک بلّیی پیی دەگرن. بە سلّکردنیکی زۆرەوە ئاوڕی دایەوە. هەر کە ورای بینی بێ گویدان بە ماندوویتی و ئارەقەی لەشی کەوتەوە ڕێ. بۆ ئەوەی تووشی هەمان هەڵەی پیشوو نەبیتەوە هۆشی وەبەرخۆ هینا. هەم پیاوە سپی پۆشەکە و هەم ڕیبوارەکانی خستە ژیر وردبینی نیگا.

بەر لەوەی خۆ بەو حەوشەیەدا بکەن کە دیوارەکانی سپی کار کرابوون. لە شەقامی پان و چەوریژی «ڤۆرو نسوفسکی»یەوە ڕەت بوون. ئەژدەر بە زەحمەت لە نیو گالیسکەو گالیسکە چییەکانەوە ڕیی بۆ خۆی دەکردەوە. ئەم شەقامە قەرەباڵغترین شوینی شار بوو. وردە سەرمایەدارەکان لەم شەقامەدا تەلاری دوو سێ نهومیان دروست کردبوو. بە ڕوس و ئەوروپاییەکان بە کرییان دەدا. بۆیە لەبەردەرگای هەر تەلاریکی تازەدا چەندین تابلۆ و ڕاگەیاندنی پزیشکان و پسپوڕی دی هەڵواسرا بوو.

کابرای سپی پۆش خۆی بە یەکیک لە کۆڵانەکانی شەقامی «فورونسوفسکی» دا کرد. دوای ماوەیەکی کەم بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە خۆی بە هەمان تەلاردا کرد. ئەژدەر هەڵوەستەیەکی کرد. چاویکی بەو ناوەدا گیڕا. کە زانی کەس دیار نییە بێ سێ و دوو چووە حەوشەوە. هەرچەندە زۆر نیگەرانی ورا بوو بەڵام ئاوڕی نەدایەوە. دەرگاکەی بە نیوە وازی هیشتەوە و سەیریکی دەوروبەری کرد. هەرچەند دیوارەکان بەرز و قایم بوون بەڵام حەوشەکە زۆر بچووک بوو. بەلای ڕاستی حەوشەکەوە خانوویەکی یەک نهۆمی زەرد باو هەبوو.

ئەژدەر نەیدەزانی کابرای سپی پۆش کیوە چووە، خۆی بە داڵانیکی تاریکدا کرد. لەپڕ چاوی بە کابرای سپی پۆش کەوت کە لە بەردەرگای یەکیک لە ژوورەکانی کۆتایی داڵانەکەدا ویستاوە و ئیشارەتی بۆ دەکات. ئەژدەر شوینی کەوت تا گەییە ژووریک، ئەم ژوورەی کە بە ڕەسم و نیگاری ئازربایجانی ڕازا بووەوە بیگومان هی یەکیکی دەوڵەمەند بوو. قالیچە، کۆمەدی، دۆلاب و عەماری پڕ لە قەرەویلە ئیرەی زۆر پڕ نیشان دەدا.

ئەژدەر بێ سێ و دوو دوا بە دوای کابرا خۆی بە ژووریکی دیدا کرد، ئەم ژوورە چەند کیسە پیت و قوتوە مەرەکەبیکی تایبەت بە چاپی تیدا بوو. چەکوشیکی دارین لەسەر بەندە کاغەزەکانی پەنای دیوارەکە دانرابوو. جگە لەمانە چەند چەرپایەکیش لەوێ بوون کە هەندێ پارچەی دەست پاککردنەوەیان لەسەر بوو. چرایەکی نەوتیش بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو، ژوورەکەی ڕوناک دەکردەوە.

کابرای سپی پۆش بێ ئەوەی چ قسەیەک بکات، لە پشت دەرگای ژووری سییەمەوە ون بوو، کە ئەژدەر داخلی ئەم ژووەرە بوو هەستی بە ماندویەتی کرد. لاقەکانی دیشان، لەسەر چەرپایەیەک دانیشت. وراش لەم کاتەدا هاتە ژوورەوە، ورا ئارەقەی کرد بووەوە و سور هەڵگەڕا بوو. هەر کە ئەژدەری بینی گەشایەوە. دەرگاکەی داخست و بە ئەسپایی گوتی: ئیرە دوا قۆناغمانە یان هیشتا ماومانە؟

– چۆن؟ ماندوو بوویت ورا؟ وەرە دانیشە پشوویەک بدە.

ئەژدەر هەستا. ورای لە شوینەکەی خۆی دانیشاند.

– ترسایت؟
– نەخیر.
ورا شەپقەکەی داکەند و بەدەم خۆباوەشێن کردنەوە گوتی: دەزانی من لەو کیژە ترسنۆکانە نیم، ئەگەر ترسنۆک بام وەختێ ئەو کوڕانە گیچەڵیان پێ کردم دە پەشۆکام و بە ریبەکی دیدا دەڕۆیشتم.
– کام کوڕانە؟ ئەو کوڕانە دەڵێی کە روو بەرووی من دەهاتن؟
– بەڵێ ئەو کوڕانەی کە لەبەر ئەو دەرگایەدا ویستا بوون. لە دواوە زۆر سەیریان کردیت. کە من نزیک بوومەوە دەستیان بە قسە هاویشتن کرد. منیش بێ گوێپێدانیان بەریدا هاتم، دوای تۆزێ یەکیکیان هاتە تەکمەوە و شتیکی گوت. لەتوڕەییدا گویم لە قسەکەی نەبوو. خۆم ئامادە کرد بدەمە ناو دەمیا و لەو کاتەدا پاسەوانیک لەسەری کولانەکەوە دەرکەوت. کە دیتم بە دوای تۆدا دیت ئیدی هەموو شتیکم لەبیر چووەوە. بیگومان لە ترسی پاسەوانەکە دەست بەردارم بوون. بەڵام ئەوەی منی پەشۆکاند تۆ بوویت نەک ئەوان. کاتێ کە پاسەوانەکە رۆیی دەستت بە غاردان کرد. بەراستی سەرم لێ شیوا.. لە دڵی خۆمدا گوتم چی بکەم؟ ویستم بە دووتا غار دەم بەڵام دوایی بیرم کردەوە کە ئەم کارە پتر سەرنجی مەردم رادەکیشیت. ئیدی پیم هەڵگرت.. باش بوو تۆ زوو لە غاردان کەوتیت. ئەرێ بەراست بۆ غارت دەدا ئەژدەر؟
ئەژدەر خەریک بوو خۆی بۆ وەڵامدانەوە ئامادە دەکرد کە لادو کتسخوفلی لە دەرگایەکی تەنیشتەوە هاتە ژوورێ. ئەژدەر خۆی کۆ کردەوە. ورا زوو هەستایە سەر پێ. لادو بە زەردەخەنەوە لییان هاتە ژوورێ. ئەژدەر خۆی کۆ کردەوە، ورا زوو هەستایە سەرپێ. لادو بە زەردەخەنەوە لییان هاتە پیشەوە و وەکو هاوڕییەکی لەمیژینە تەوقەی لەگەڵدا کردن ئەوجا رووی کردە ورا و گوتی:
– ورا ئیڤانۆڤ زۆر لەوە گەنجترە کە من بیرم لیی دەکردەوە...
ورا سوور هەڵگەڕا. ئەوجا لە ترسی ئەوەی نەبادا کەمی تەمەنی ببێ بە کۆسپ لە ریگای کارکردنی نهینی دا، بە هەڵچوونەوە گوتی: لەم رۆژانەدا بیستساڵی تەواو پڕ دەکەمەوە.. من.. هەڵوەستەیەکی کرد. پاشان روانییە ئەژدەر و لادو– ببوورە من نیوی تۆ نازانم..
لادو زۆر بە هیمنی وەڵامی دایەوە: گرنگ نییە، جۆری کارەکانمان وا هەڵدەگرێ تا ناوی راستەقینەمان کەمتر بزانرێ باشترە. خەتەرمان لەسەر کەمتر دەبێ. بۆ خۆت ناویکم بۆ دابنێ. بلێ «هاپۆ» یان «پورزا» هەرچیت بە دەما هات مەیگیڕەوە. بەڵام هەوڵ بدە هەرگیز ناوی راستەقینەمت بە زارا نەیەت. من فلادیمیر زاخاروفچم، هاوڕییان بە لادۆش گازم دەکەن.
نیگا تیژەکانی لادو بە تەواوی ورایان راکیشا بوو. لادو توانایەکی سەیری کار تیکردنی هەبوو. لە یەکەمین دیدارەوە ریز و خۆشەویستی بەرامبەرەکەی بۆ خۆی رادەکیشا. لادو بێ گویدان بە شڵەژان و شەرم کردنی ورا، سەیریکی کرد و گوتی: ئەوەی زۆرم مەبەستە ئەوەیە کە بزانم ئاخۆ بەبیری خۆت بۆچی بۆ ئیرە هاتویت؟
ورا کە هەرگیز چاوەڕیی پرسیاریکی وا نەبوو، کەمێ بیدەنگ بوو. پاشان بە



تەواوی بەسەرخۆیدا زاڵ بوو. برۆکانی هینانەوە یەک و گوتی: تاکو جیی بابم پڕ بکەمەوە. منیش ئەوسا ئامادەم گیانی خۆم فیدای شۆڕش بکەم..
لادو بە پەلە گوتی: جا مردن بۆ؟ ئیمە دەمرین بۆ ژیان، ناژین بۆ مردن. ئەمە کرۆکی خەباتی ئیمەیە. باوکت کریکاریکی ئابڕومەند بوو. لەسەرەمەرگیشا هاوسەنگەرەکانی خۆی بۆ خەبات هان دەدا.
لادو دەستەسڕیکی لە گیرفانی دەرهینا. چاوی عەینەکەکەی سڕی. پاشان ئارەقەکەی هەنیەی سڕی. چاوەکانی بچووکتر دەیاننواند. عەینەکەکەی لە چاو کردەوە. داوای لیکردن بچنە ژوورەکەی تەنیشتەوە.
ئەژدەر و ورا بە دوای لادودا چوونە ژوورەوە، دوو کەس لە سەر دەزگایەکی چاپی دەستی کاریان دەکرد. ئەژدەر و ورا یەکیکیانیان دەناسی. ئەو پیاوە بوو کە لە ویستگای تەفلیسەوە تاکو ئیرە دوای کەوتبوون. دووەمیان پیاویکی بە خۆوە بوو. کراسیکی قۆڵ کولی لەبەردا بوو. چەرخە گەورەکەی دەزگاکەی بادەدا، یەکەم جاریان بوو ئەم پیاوە ببینن. کە ئەژدەر و ورا هاتنە ژوورەوە. ئەو دوو زەلامە بە وردی تەماشایان کردن و ئەوجا بێ ئەوەی چ قسەیەک بکەن لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون.
لادۆ لە زەلامە قەڵەوەکەیان نزیک بووەوە و پرسی: دەرگاکەت قایم کرد؟
کابرا بەدەم کارکردنەوە گوتی: کۆمەدی یەکەم خستە پشتی، سەندوقەکەش لەو لایەوە، کەس بیری بۆ ئەو ناچیت کە ئەم دەرگایە کراوەتەوە ئەوجا داخراوە. کە هاوڕییان رۆیشتن با لە دەرگاکەی ترەوە بڕۆن.
لادۆ دڵنیا بوو. ئەوجا ئەژدەر و ورای خوڵک کردن کە لەسەر تەختەکەی سوچی ژوورەکە دانیشن، دانیشن، بە پییەوە مەوەستن، دوایی لەگەڵ ئەم هاوڕییانە ئاشنا دەبن، ئیوە ئەورۆ لیرەدا رووداویکی مەزن دەبینن، ئیستا یەکەمین نوسخەی ژمارە «یەکی» رۆژنامەی شۆڕشگیڕی گورجی زمان «بردزولا» «خەبات» چاپ دەبێ.
رۆژنامەیەکی هەڵگرت کە هیشتا مەرەکەبەکەی وشک نەبووبووەوە و نیشانی ورا و ئەژدەری دا، هەردووکیان بە وردی سەرنجی رۆژنامەکەیان دا، لادو لەسەر تەختیک دانیشت، رۆژنامەکەی کردەوە و بە وردی کەوتە سەرنج دانی. جگە لە تەختەکەی ژیر ئەوان و تەختەکەی ژیر لادو میزیکی بچووکیش لە ژوورەکەدا بوو، پاکەتێ مەرەکەب، قەڵەم، دەستنووسی گورجی و روسی، نان، پەنیر، قۆرییەک و ئاوینە شکاویکیان لە سەر میزەکە دانابوو.
ئەژدەر بە وردی سەرنجی گورج و گۆڵی پیت ریکخەرەکەی دەدا، ئەو هەر نوسخەیەک لە دەزگاکە دەهاتە دەرێ، هەڵی دەگرت. سەیری دەکرد. ئەوجا بۆ ئەوەی وشک ببیتەوە لەلایەکەوە دای دەنا، هەر جار ناجارێ فلچەیەکی گەورەو پانی لە مەرەکەبەکە هەڵدەکیشا و بە وریاییەوە بەسەر پیتەکانیا دەهینایەوە و بە ئەسپایی بە هاوڕیکەی دەگوت:
– بای دە بزانم!
کریکاری دووەم چەرخە گەورەکەی بادەدا، کە بڵاوکراوەکە چاپ دەبوو بە هەردووک

دەستان هەڵی دەگرت. زۆر بە وردی و وریایی کاریان دەکرد. لادو بە وردی سەیری هەموو بەشیکی رۆژنامەکەی کرد و بە وریاییەوە لەسەر عاردەکەی داناو رووی کردە پیت ریکخەرەکە و گوتی: ئەو بڵاوکراوەی کە سەعاتێ لەمەپیش دامیتی تەواو بوو؟
پیت ریکخەرەکە بە دەم هەڵخستنی نوسخەیەک لە رۆژنامەکەوە گوتی: ماوەتەوە بۆ دوایی.. هەر کە رۆژنامەکە تەواو بوو چاپی دەکەم..
لادو چاکەتە رەشە دریژەکەی داکەند. بە بزماریکەوەی هەڵواسی، قۆڵی کراسەکەی هەڵکرد.
– تۆ برۆ ئەوە حازر بکە.. من لەبری تۆ کار دەکەم. ئەوجا رووی کردە ئەژدەر ورا وگوتی:
– هەڵبەتە تا ئیستا چۆنیەتی پیت ریکخستنتان نەدیتوە، بچنە ئەو ژوورە تا هەم ئاشنای پیت ریکخستن بن و هەم فیری سەبر کردن بن لە چاوەڕوانیدا.
چەند جاریک چەرخەکەی بادا و لەسەر قسەکەی رۆیی: هەردوکیان زۆر پیویستن، فیر بوون لە مەرجە بنەڕەتییەکانی خەباتی شۆڕشگیڕییە.
ئەژدەر سات بەسات پتر دڵبەندی لادۆ دەبوو، لادۆ هەوڵی دەدا گشت قسەو رەفتاریکی ریک و کاریگەر بێ، دوا رستەی هیندە بەدڵ گوت کە هەمکاری لە ئەژدەر و هەم لە وراش کرد. بە دوای پیت ریکخەرەکەدا چوونە ئەو ژوورەی کە سەعاتێ لەمەوبەر لیی دانیشتبوون، پیت ریکخەرەکە لە یەکیک لە سکەکان * (ئامیریکە پاش ئەوەی پیتەکان لە سکە خانەخاکەدا هەڵدەگیرێ یەک یەک لە سەر ئەو لاینە ریز دەکرێ و بەو چەشنە پیتەکان ریک دەخرێ.) نزیک بووەوە، بە پەلە کەوتە ریزکردنی پیتەکان لەسەر لاینەکە* (سکەیەکی خانەخانەیە لە چایخانان دا پیتە قورقوشمەکانی تیدا دادەنرێ.) ئەژدەر و ورا بە وردی چاویان بڕی بووە دەستە چاپۆکەکانی.
بە پەلە پیتەکانی لەسەر سکەکە هەڵدەگرتن. لە پاڵی یەکدا ریزی دەکردن و دووبارە دەست نووسەکەی دەخویندەوە. دەست نووسەکە بەم دەستە واژەیە تەواو دەبوو «بڕوخێ سەرمایەداری» «بڕۆخێ تزاریزم» «پایەدار و سەرکەوتوو بێ شۆڕش».
ئەژدەر پاش خویندنەوەیەکی ئەو رستە توڕانە، چاوی بڕییە دەستەکانی کابرای پیت ریکخەر. دوا رستەی بڵاوکراوەکەی ریک دەخست. چونکە دەستی بۆ خانەیەک برد کە لەسەری نووسرابوو «ش» و پیتیکی دەرهینا لەسەر لاینەکەی دانا. ئەوجا پیتی «و» و پاشان پیتی «ر»ی لە لای چەپەوە، واتە بە پیچەوانەی نووسینی ئاساییەوە لە پاڵ یەکا ریز کرد. ئەژدر لە دڵی خۆیدا دەیگوت (بۆ بەپیچەوانە؟) هۆی ئەم کارەی نەدەزانی لە نکاودا بیری کەوتەوە کە کاتێ پیت ریکخەرەکە دەیویست بە کاغەزەکەی وشک کاتەوە مەرەکەبی سەر رۆژنامەیەکی تازە چاپ کراو وشک بکاتەوە نووسینەکانی رۆژنامەکە بە شیوەیەکی ئاسایی کەوتنە سەر کاغەزەکە. کەواتە بۆ ئەوەی پیتەکان بە دروستی بکەونە سەر کاغەزەکە دەبێ بە بەرەواژی ریز بکرین. پیت ریکخەرەکە دوا پیتی وشەی «شۆڕش»ی هەڵگرت و لە سەر لاینەکەی دانا. ئەوجا پیتە ریزکراوەکانی بە دەست ریکخست و ئەشبون* (ئاسنیکی باریکەبۆ دیاری کردنی مەودای نیوان دیرەکان دادەنرێ.)ی خستە نیوانیانەوە. بە کۆنە دەزوویەکی رەش



بەستی، ئەوجا بردی بۆ ژوورەکەی دی. ئەو ژوورەی مەکینەی چاپەکەی لیبوو.
ورا و ئەژدەر کە بەوردی کارەکانی کابرای پیت ریکخەریان بینی، پاش چوونە دەرەوەی ئەو کەمیک بیدەنگ بوون. ئەوجا ئەژدەر بە ئەسپایی گوتی: دەبینی ورا؟ چەند وریا و ئیشکەرن. «برۆخێ سەرمایەداری» و پایەدارو سەرکەوتوو بێ شۆڕش».
ورا قسەکانی ئەژدەری سەلماند. دروشمیکی بەرزە، هاوڕێ لادۆ سەعاتێ لەمەوبەر مەبەست و ئامانجی ژیانمی لیم پرسی: بزانە ئەژدەر، ئیستا دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. «بڕوخێ سەرمایەداری» «سەرکەوتووبێ شۆڕش» ئەم دروشمانە وەکو هەتاو ریگای ئایندەی من رۆشن دەکەنەوە. وا نییە ئەژدەر؟
ئەژدەر کە هەڵچوون وشادی ورای بینی، پیکەنی، ئەو خۆشی هەڵچوو بوو، ورا پاش ماوەیەک بیدەنگی پرسی: ئیستا چاوەڕوانی چین؟
ئەژدەر ئیشارەتیکی بۆ ژوورەکەی تەنیشتیان کرد. بەمە ورای تیگەیاند کە بیدەنگ بێ.
– لەم جۆرە شوینانەدا نابێ پرسیاری زۆر بکرێ ورا گیان! هاوڕێ لادۆ زۆر شارەزاو لیهاتووە لە کاری نهینی شۆڕشگیڕیدا، بە خۆی هەموو شتیکمان پێ دەڵێ و بۆ دیاری دەکات.
ماوەیەک بە دەم چاوەڕوانییەوە مانەوە، ئەوجا لادۆ بە کۆمەڵێ بڵاوکراوەوە هاتە ژوورەوە، رووی کردە هەردووکیان و گوتی: هاوڕییان ئیستا باش گوێ بگرن و هۆشتان لیرە بێ، کاریکی یەکجار گرنگ بە ئیوە دەسپیرین.

## 11

ئەژدەر جاریکی دی بەرەو گەرەکی کریکاران دەڕۆیی، بیرەوەرییەکانی سەردەمی منالّی و هەرزەکاری کە تا چەند رۆژێ لەمەو پیش میشکیان مژول دەکرد، لە یاد بردبوو.

دەتگوت بەم دوو سێ رۆژە رادەی هۆشیاری و ئەزمونەکانی گەلێ گەلیک زۆر بووە، ئەژدەر لەم ساتەوە خۆی بە سەربازیکی ئامادە دەزانی کە چەک و پەیامی بۆ هاوڕێ کریکار و هاوسەنگەرەکانی دەبرد. چەک و پەیامەکان بڵاوکراوەکانی گیرفانی بوون. بە دریژایی ریگا هەر کە هەلی بۆ هەڵکەوتبا بڵاوکراوەیەکی پەخش دەکردەوە. وریایی و زرنگی مەرجی بنەڕەتی ئەم چەشنە کارانەیە، ئەژدەر دەبوایە فیری ئەوە با کە چۆن وەکو تارمایی هەموو شوینێ بداتە ژیر پیوە کاریکی ئەوتۆ بکات کە ئەم بڵاوکراوانە دەستاو دەست بکەن و هیواو ئومید بخەنە دڵی جەماوری گەلەوە، لە نزیکی باخی نوبلدا، سێ رییانیک هەیە کە عامودیکی گەورەی لییە، نوبل دەیەوێ گلۆپی گاز لە هەر چوارلای باغەکەی دابنێ، ژیر ئەم عامودە شوینی خڕ بوونەوەی کریکارانە، کریکاران لیرەدا چاوەڕیی ئۆتۆمبیل و گالیسکە و شتی دی دەکەن تا بۆ شوینی مەبەست بڕۆنەوە.

ئەژدەر لە کاتیکا کەخۆی وا دەنواند چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلە، پشتی بە عامودەکەوە دا. بە وریاییەکی زۆرەوە کەتیرەکەی لە بەرکی دەرهینا، چ کەسیک لەو ناوە دیار نەبوو، گالیسکەیەک بە شەپە شەپ لە جادەکەوە رەت بوو. هەر کە گالیسکەکە دوور کەوتەوە ئەژدەر کەتیرەکەی لە عامودەکە دا، بڵاوکراوەیەکی لە بەرکێ دەرهینا و بە عامودەکەیەوە چەسپاند. دەستبەجێ خۆی گەیاندە ئەوبەری جادەکەو خۆی بە کۆڵانیکا کرد، بڵاوکراوەی دووەمی بە دەرگای کارگەیەکی بچووکەوە چەسپاند دوای کەمیک دوورکەوتنەوە بەوپەڕی بێ پەروایی ئاوڕێ دایەوە. دوو کەسی بینی بڵاوکراوەکەیان دەخویندەوە. لە خۆشیانا دڵی کەوتە ترپە ترپ، بەم جۆرە لەماوەی دوو سەعاتاندا تەواوی ئاخ شار و قارا شاری دایە ژیر پیوە و پینج شەش بڵاوکراوەی هەڵواسی. بۆ رێ بزری لەگەلێ کۆڵانی هەمە چەشنەوە رەت بوو، ئاخری گەییە زنجەکانی کریکارانی شیبایف، ئەژدەر لە هەموو شوینیکی دی پتر شارەزای ئیرە بوو، لای وابوو دەتوانێ لیرەدا باشتر و زیاتر کار بکات. بەڵام نەبوو، ئەژدەر ئەو کەسەی نەبینی کە چاوەڕوانی بوو. زنجەکانی یەک یەک جیهیشت، ئەنجام خۆی بە خەوتنگایەک دا کرد کە سێ رۆژ لەمەو پیش تییدا دەژیا، چونکە کەسی نەبینی بڵاوکراوەیەکی بە دەرگاکەی دا چەسپاند و بەرەو کانەکان وەڕێ کەوت.

کە گەییە بەردەرگای کانەکان ئەوجا هۆی چۆڵی زنجەکانی بۆ دەرکەوت، قەرەباڵغییەکی زۆر لە حەوشی کانەکاندا هەبوو، کریکارەکان دەستە دەستە ویستا بوون و قسەیان دەکرد. نارەزاییان لە کەسیک دەردەبڕی. ئەژدەر بێ ئەوەی بیەڵێ کەس پێ بزانێ تیکەڵی قەرەباڵغییەکە بوو، دوای تاقیبیکی زۆر خۆی گەیاندە نزیکی سێ کریکار، هیچ یەکیک لە کریکارەکان نەیان ناسییەوە، چونکە ناسیاوەکانی ئەو



شەفتی دووەم بوون. ئەوانیش لەوێ بان تاقیبی هۆی هاتنیان بۆ ئیرە نەدەکرد. چونکە چ فەرقێ ناکا کریکار بیکار بێ یان لە سەرکاربێ دەبێ لە کاتی پیویستدا بە هانای کریکارەوە بچێ.

چاوەڕیی یەکیک بوون، وەختی ئیشی کریکارانی شەفتی دووەم بوو، چ کەسیک مەیلی کارکردنی نەبوو، کارخانەکە ماتەڵ بوو بوو، وەستاکان، بەڕیوەبەر و خاوەن کار هەموو هەوڵیان دەدا کریکارەکان رام بکەن و بگەڕینەوە سەر کارەکانیان.

ئەژدەر بێ ئەوەی پرسیار لە کەس بکات، بە وردی گویی لە قسەی کریکارەکان راگرت و  هەموو شتیکی بۆ روون بووەوە، ئەورۆ رۆژی موچە وەرگرتن بوو. هەندێ لە کریکارانی شەفتی یەکەم هیندەیان جەریمە هات بووە سەر نەک هەر تاقە پولیکیان وەر نەگرت بەڵکو سەندوقی کارخانەکە داوای قەرزیشی لێ دەکردنەوە، سەندوقدار و خزمەتکاری کارگیڕی کارخانەکە باشیان بە دەستی حەمە عەلی خوارد بوو.

حەمە عەلییان بۆ دایەرەی پۆلیس بردبوو، سێ، چوار کریکاریش لەسەر ئەوەی کە لە سەریان کردبووەوە  فنیش کرابوون. بۆیە کریکارانی شەفتی یەکەم دەستیان لە کار هەڵگرتبوو ورژابوونە نیو حەوشە. کریکارانی شەفتی دووەمیش دەستیان لە کار نەدەدا.

کریکاریکی پیر، قسەکانی ئەو فەرمانبەرەی بڕی کە داوای لە کریکارەکان دەکرد بگەڕینەوە سەر کارەکانیان، بڕی و بەدەنگی بەرز  هاواری کرد: بە ئاغات بڵێ تا توندو تیژتر بێ پتر زەرەریتی، هاوڕیکانمان بگەڕیننەوە سەرکار، حەمە عەلی ئازاد بکەن تا بگەڕیینەوە سەر کارەکانمان، ئەگینا بە خۆڕایی دەمی خۆتان هیلاک مەکەن.

قیرسیچمەی ناسراو کە بە زەبری خزمەت و کلکە لەقیی زۆرەوە بەر رەحمەتی شیبایف کەوتبوو، و گەیی بووە پلەی سەرکریکار بە شیوەیەکی سەیر لە تەک خزمەتکارەکە ویستا و زوو زوو سەعاتەکەی لە گیرفانی دەردەهینا و سەیر دەکرد، دەتگوت لە بە فیرۆ چوونی وەختەکە نارەحەتە، کەس نایزانی ئەم سەعاتەی لە کوێ هیناوە، رەنگە دایەرەی پۆلیس یان ئەمن یان کارخانەدارەکان پییان دابێ.

قیرسیچمە دەستی بەرز کردەوە کە بیدەنگ بن، بەڵام کە بینی کریکارەکان گویی پێ نادەن، هەوڵیدا دەنگی گەورەتر بێ، قیژەیەکی کرد:

– سێ چارەک لە وەختەکە رۆییوە، ئەگەر نەگەڕینەوە سەر کارەکانتان ئیدی ئوباڵتان بە ئەستۆی خۆتان.

کریکاریکی پیر کە لە ریزی پیشەوە ویستا بوو، لەم هەڕەشەیە تووڕە بوو، هاواری کرد:

– برۆ گومبە هەی خۆفرۆش! برۆ بە ئاغات بڵێ حەمە عەلی ئازاد بکا. دوا پولی رۆژنامەکانمان بدات.

قیرسیچمە هەرچەند هەوڵی دا کە بە دەنگیکی نیری پیاوانە قسەکەی ببڕێ، بەڵام بیهودە دەنگی باریک بوو، بە سەدایەکی ژنانە گوتی: حەمە عەلی رەوانەی سیبریا دەکرێ، قسەشی لێ مەکەن.

یەکیک لە نیو حەشاماتەکەوە بەرەو «قیرسیچمە» چوو، ریک لەبەر دەمیا ویستا و

بەقینەوە گوتی: مەمنونی خوا بە کە حەمەعەلی ئەو سەندوقدارە دزەی نەکوشتووە.

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە: دەبێ کریکارە فنیش کراوەکان بگەڕینەوە سەر کار. حەمە عەلی ئازاد بکەن ئەگینا کار ناکەین.

لە هەموو لایەکەوە قیرسیچمەیان گەمارۆدا، کە بینی کار گەندە بە پەلە خۆی دزییەوە و لە نیو کریکارەکاندا نەما.

کریکارەکان بەرەو ژووری بەڕیوەبەر جمان، ئەژدەر ئەم هەلەی قۆستەوە، کۆمەڵێ بڵاوکراوەی لە گیرفانی دەرهینا، بەسەرسەری حەشامەتەکەدا بڵاوی کردەوە. بڵاوکراوەکان بەسەر خەڵکەکەدا پەخش بوونەوە، کریکارەکان بێ ئەوەی ئاگایان لە پەخشکەرەوەی بڵاوکراوەکان بێ لە ئاسمانەوە قۆستیانەوە ودەستیان بە خویندنەوەی کرد.

کریکاریکی پیر، بڵاوکراوەیەکی بە دەستەوە گرت و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– برادەران! بزانن لەم کاغەزانەدا چی نووسراوە، گیروگرفت و نەخۆشییەکانی ئیمەی زەحمەتکیش! بڕۆخێ سەرمایەداری!

کریکارەکان لە دەوری پیرەمیردەکە خڕبوونەوە، ئەژدەر لە حەوشە دەرچوو، دەیویست لەبەر کارخانەکەوە خۆی بگەیەنیتە جادە. لەپڕ ئەندازیاریکی بینی کە دەرگاکەی داخست و بەرەو کارخانەکە غاری دەدا، هەرکە ئەندازیارەکە لە چاو ون بوو، ئەژدەر سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد. بە پەلە لە دەرگاکە نزیک کەوتەوە، بڵاوکراوەیەکی پیوە چەسپاند و لەو ناوە دوورکەوتەوە. ئەژدەر هیشتا نەگەیی بووە سەر جادەی شوسە، کە لە سوچی خانووەکەدا تووشی پیاویک بوو، پیاوەکە خەریک بوو غاری دەدا، هەر دووکیان بۆ ئەوەی ڕێ بۆ یەکدی بکەنەوە خۆیان وەلادا، ئەژدەر لەبەردەم زەلامەکەدا ویستاو بەسەرسامی گوتی: حەمە عەلی!

حەمە عەلی لە هەوەڵەوە ئەژدەری نەناسی و بە دەنگی نزم گوتی: هاوار مەکە برادەر! کون بە کون بە شوینما دەگەڕین.

سەیریکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، کە لە سیمای ئەژدەر ورد بووەوە، زەردەیەک کەوتە سەر لیوانی.

– ئەژدەر ئەمە تۆی؟

– منم، حەمە عەلی! کەی ئازادیان کردیت؟

ئەژدەر لیی نزیک بووەوە، بە دڵسۆزییەوە تەوقەیان کرد. حەمە عەلی دەستی ئەژدەری لە نیو دەستی خۆیدا ڕاگرت.

– وەرە ئەم لاوە! ئیرە باش نییە.

بە سوچی کۆڵانەکەدا پیچیان کردەوە. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن لەبەردەم کەلاوەیەکدا ویستان.

ئەژدەر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: حەمەعەلی کەی ئازادیان کردیت؟ لەوێ- بەدەست ئیشارەتی بۆ لای کارخانەکە کرد- کریکارەکان لەسەر تۆ مانیان گرتووە و داوای ئازاد کردنت دەکەن.

حەمە عەلی بە دوو دڵییەوە سەیری لای کارخانەکەی کرد.



– رەحمەت لە باوکت، مانگرتنی چی، ئەگەر کارخانەکەشیان هەڵگیرایەتەوە پۆلیس ئازادیان نەدەکردم، لە ماموری پۆلیسەکەم داو ڕام کرد، سەراپای خڵتانی خوین بوو، ئیدی نازانم ماوە یان نا؟

دەست و دەموچاوی حەمەعەلی بریندار بوو، خوین بە گوییدا هاتبووە خوارێ. ئەژدەر دەست سڕەکەی خوی دایێ: هانی گویت بسرە، خویناوی بووە.

حەمەعەلی دەستەسڕەکەی وەرگرت، بەڵام بیری چووەوە کە گویی بسڕی، کاغەزیکی لە گیرفانی دەرهینا و دایە ئەژدەر: ئەژدەر ئەم کاغەزە بخوینەوە، لە دەرگای نووسینگەی کارخانەکە کردمەوە، تازە پیوەی نرابوو، هیشتا وشک نەبوو بووەوە، بڵاوکراوەی شۆڕشگیرییە، هەرکەسیک بووە دەستی نەڕزێ، ریک لەبەر لووتی شیبایف دا هەڵیواسی بوو، سەیریکی بڵاوکراوەکە و ئەژدەری کرد و قاقا پیکەنی.

– برادەر دەبینی! توند بازووی ئەژدەری گرت. خەڵکان هەن بە نهینی کار دەکەن، بڵاوکراوە چاپ دەکەن و ئیمە، یانی من و تۆ ئاگامان لێ نییە، ئیمە وردە ماسی سەر ئاوین و نازانین لە ژیر ئاوەوە چ نەهەنگ گەلیکی گەورە هەن.

ئەژدەر بە وردی گویی لە قسەکانی حەمە عەلی گرت و لە دڵەوە شانازی بە خۆیەوە دەکرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: بزانە ئەژدەر، هەر لەیەکەم ڕۆژی چالاکیتەوە بزانە مەردم چ ریزیکیان بۆت هەیە، یەکیک لەو نەهەنگانە تۆیت»

هەر کە حەمە عەلی قسەکانی تەواو کرد، ئەژدەر کەوتە ئامۆژگاری کردنی.

– حەمە عەلی، خۆت چاک دەزانیت کە چەپڵە بە یەک دەست لێ نادرێ. لیدانی سەندوقدار و پۆلیس چ سوودیکی دەبێ؟

حەمە عەلی قسەکەی بڕی.. ئەگەر بیان هیشتبا ئەو سەندوقدارەم دەکوشت.. هیشتا ئەو منی قەرزاربار دەکرد.. بەرچاوم تاریک بوو..

ئەژدەر قۆڵی گرت:- حەمەعەلی گوێ بگرە بزانە چی دەڵیم، تۆ ئیستا خۆت گوتت کە ئیمە وردە ماسی سەر ئاوین و ئاگامان لە ژیر ئوقیانووسەکان نییە، کەوایە مانای ئەم کارانەی تۆ چییە؟ ئاخۆ بە خۆڕایی خۆت نەخستۆتە مەترسییەوە؟ ئەگەر هەرکەسە و لە ئاستی خۆیەوە وەکو تۆ بکات ئەوا زیندانەکان لە هاوبیرانی ئیمە پڕ دەبن. دیارە لە ئەنجاما هەموو ئەم کارانە بەزیانی چینی کریکار دەگەڕێ، چونکە ئەوسا کە ئیدی ناتوانین یارمەتی بدەین، تۆش لە بری یارمەتیدانی چینی کریکار زیانی لێ دەدەی.

حەمەعەلی بە تەواوی ئەوەی بیرچووبوو کە ئەمە تۆزیکە لە چنگی پۆلیس دەرباز بووە و سەگانی شا، کون بە کون بە دوایەوەن، لەپڕ هاواری کرد:

– ئەوە چ دەڵیی ئەژدەر؟ من زیان لە چینی کریکار دەدەم؟ دەزانی ئەگەر کەسیکی دی ئەم قسەیەی کردبا چم بە سەری دەهینا؟

ئەژدەر بێ ئەوەی چاو بتروکینێ روانییە حەمە عەلی.

– بەڵێ تۆ زیان لە خەباتی چینی کریکار دەدەی! برۆکانی ویکهینانەوە- بەرقەوە گوتی: حەمەعەلی، تۆ وا مەزانە کە دەبێ لەگەڵ هەموو کەسیک دا قسەت ڕەق بێ، من سندوقدار یان ماموری پۆلیس نیم، منیش کریکاریکم وەکو تۆ: چەند ڕۆژیکە بیکار و برسیم. تۆ کە لەگەڵ مندا، واتە لەگەڵ برایەکی خۆتا قسان دەکەی نابێ پشت

به هیزی بازووت ببەستی، بەڵکو دەبێ پشت بە هیزی ئەقڵ و مەنتیق ببەستی، وەرە با بیر بکەینەوە و بزانین کە من و تۆ دەبێ لەگەڵ خەباتگێرانی دیدا چ بکەین تا لەم هەموو زوڵم و ستەمە رزگار بین؟

حەمەعەلی وەک بڵێی ژیوان بوو لەوەی کە بە دەنگی بەرز قسەی کردبوو، بە ئەسپایی گوتی: ئەژدەر بمبورە، من تورە بووم. بەخۆت دەبینی کە سەروچاوم هەر خوینە؟ نازانی چم بەسەر هاتووە؟ هیشتاش پیم دەڵێی زیان لە خەباتی کریکاران دەدەم.

ئەژدەر بە هەمان هەڵچوونەوە بەردەوام بوو: بەڵێ، دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە تۆ زیان لە کریکاران دەدەی. ئەگەر وانەبوایە ئەم بڵاوکراوەیەت لە دیوارەکە نەدەکردەوە. منیش ئەم بڵاوکراوەیەم بینی، خویندمەوە و لەبەرم کرد و رۆیشتم، لە دڵی خۆمدا گوتم با خەڵکانی تریش بیخویننەوە. بەڵام تۆ لە دیوارەکەت کردەوە و خستتە گیرفانت تا چ کەسیکی دی نەیخوینیتەوە.

لەم کاتەدا لە دوورەوە، لە دەوروبەری کارخانەکەوە هات و هاوارێ هاتە گوێ. حەمەعەلی بە پەشۆکاوی سەیری ئەملاو ئەولای کرد. لە کاتیکدا کە خیرا خیرا قسەی دەکرد، وەڵامی ئەژدەری دایەوە.

– نەخیر تۆ هەڵەیت، ئەم بڵاوکراوەیەم بۆ ئەوە لە دیوارەکە نەکردەوە کە زیان لە کریکاران بدەم. بەڵکو بۆ کاریکی خیر کردومەوە، بۆ گوندی دەبەمەوە بۆ حەمەجەعفەری برام، لە قەرەقوینلو دادەنیشیت، من هەر ئیستا بۆ ئەوێ دەرۆم، بڵاوکراوەکەش دەبەم، حەمە جەعفەر عەودالی ئەم شتانەیە، خۆاحافیز ئەژدەر! من ئیدی ناتوانم لەم ناوە بسوریمەوە. دەرۆم بۆلادێ.

حەمەعەلی دەستە سرە خویناوییەکەی دایەوە بە ئەژدەر و لە نیو خانووە نزمەکانی ئەوبەرەوە ون بوو.

دەوروبەری نیوەرۆ بوو، هەتاو وەکو کورەی ئاگر جۆشی سەند بوو، بابەکی گەرم، تەپ و تۆزی سەر دیوارە داروخاوەکانی بەو ناوەدا پەرت دەکردەوە.

پاش رۆیشتنی حەمە عەلی، ئەژدەر کەمیک لە پاڵ دیوارەکە دا ویستا. ئەوجا بەرەو ویستگای ریگای ئاسن وەرێ کەوت. دەبوایە بە شەمەندەفەر چووبا بۆ سابونچی و لەویوە بە پێ بەرەو باڵاخانی...



## 12

ئەورۆژە لە بالاخانیدا پتر لە سەد کریکار فنیش کرابوون، بیانووی خاوەن نەوتەکان بۆ ئەم بە کۆمەڵ فنیش کرنە ئەوە بوو کە تەنگژە تەنگی پیهەڵچنیون، هەڵبەتە ئەم بیانووە دیارو ئاشکرا بوو، چونکە هەموکەسیک بە چاوی خۆیان ئەنجامی تەنگژەکەیان دەبینی، سەرجەمی عەمار و حەوزەکان پڕ لە نەوت بوون. ریکی کەشتییە نەوتکیشەکان کاریان نەدەکرد، نرخی نەوت روو لە هەزرانی بوو. خاوەن نەوتەکان بە پەلە عەماری تازەیان دروست کرد و نەوتی خاویان « بۆ رۆژانی داهاتوو» عەمار دەکرد.

سەرمایەدارانی گەورەی وەک روچیلد، نوبل، مانتاشف، موسی تەقی یف، شمسی اسدالله یف و هی دی کانە پڕ نەوتەکانی بالاخانییان لە ژیر دەست دابوو. ئەم خاوەن نەوتە دەوڵەمەندانە. گەرچی لە رۆژانی هەوەڵی تەنگژە سەخلەت بوون و پەشۆکان، بەڵام دوایی و بەتایبەتی سەرمایەدارانی هەندەرانی وەک روچیلد و نوبل ئەم هەلەیان قۆستەوە و بە قازانجی خۆیان رەعەمەلیان هینا.

فنیش کردنی بە کۆمەڵ، نارەزایییەکی توندی لە نیو کریکارەکاندا بەرپا کرد. لە ماڵان، لە کوختەو سەرا کریکارییەکاندا ژن و منداڵی کریکاران شیوەنیان دەکرد. رووت لە هەر کوییە دەکرد کۆمەڵ کۆمەڵ ویستا بوون و داخی دڵی خۆیان هەڵدەرشت. بەرە بەرە ژمارەی ئەم کۆمەڵانە پتر دەبوو. مەترسی مانگرتنی گشتی لیدەکرا.

موختار بەگ وەکو شیری لە قەفەزا گیرۆدە بوو. بە نیو نووسینگە بچووکەکەیدا دەهات و دەچوو. قسەی بێ سەروبەری دەکرد و ئەرک و وەزیفەی دابەش دەکرد جارێ لەگەڵ میرزا قاسمی حیسابدارا، جارێ لەگەڵ داتیلوفی سەر ئەندازیار و جارێ لەگەڵ ئەسلانی کوریا قسەی دەکرد. لەم ناوەدا تەنیا بایەخی بە ورسکی بەریوەبەری کانەکان نەدەدوا و نەیدەدوان.

سورن پتروفچ کە عەینەکیکی زیری لە چاوا بوو، پیاویک بوو باڵابەرز، تاک و تەرا داوی سپی کەوتبوونە سەری. ئەو کە شارەزای توندە تەبیعەتی موختار بەگ بوو، خۆی کڕ کردبوو. هەرکاتێ رووی دەمی موختار لەو بوایە، هەوڵی دەدا هیمن و لەسەر خۆ بێ، بەگ لیی پرسی: سورن پتروفچ دەستکەوتی ئەم ریکانە لەم سێ رۆژەدا چەند بووە؟ حسیب دەکرێ؟

دانیلوف، تەماشایەکی ورسکی کرد. زنجیری عەینەکە زیرەکەی چاک کرد وەڵامی دایەوە: موختار بەگ! لە بازارەکانی جیهاندا، نرخی نەوت بەرانبەر بە نرخی زیرە. ئەگەر ئیمە ئەم زیرە هەڵریژینە ئەو دەرودەشتە، ئەگەر نەوت بە خوت و خۆڕایی بچیتە گیرفانی مەردمەوە، چۆن حسیب دەکرێ.. بە مەزندە لەم سێ رۆژەدا پتر لە دوو هەزار بۆشکە نەوت رۆیوە، بەڵام چونکە فوارەی بیرەکان بەردەوامە. حسیب کردنی مەحاڵە. نیوەی ئەم نەوتە لە حەوزەکانا نەماوە. ئەم هەموو پارەیەشمان لێ خەرجکردن، بەشیوەیەکی گشتی..

موختار بەگ لە نارەحەتیدا لە ناوەندی ژوورەکەدا ویستا، دانیلوف دەم ودەست بیدەنگ بوو، موختار بەگ رووی کردە میرزا قاسم و پرسی: رۆژانەی پاسەوانەکان بووە بە چەند؟

میرزا قاسم کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەو دەفتەری کە بە دەستیەوە بوو، موختار بەگ بە تورەییەوە دەفتەرەکەی لە دەستی راپسکاند و تۆڕی دایە سەر میزیک. بە تورەییەوە نەڕاندی

– بە کورتی بیبڕەوە، پیویست ناکا دریژەی پێ بدەی.

میرزا قاسم چاوە بچووک و فیلاوییەکانی بڕییە موختار بەگ، تۆزێ بیدەنگ بوو. بیری لە رۆژانە و موچەی پاسەوانەکان نەدەکردەوە. هەموو هۆش و بیری لای ئەوە بوو کە بۆچی موختار بەگ دەفتەرەکەی لە دەستی راپسکاند و توڕی دایە سەر میزەکە. لەبەرخۆیەوە ئەم رەفتارەی بەگی شی دەکردەوە. چونکە نەگەییە هیچ ئەنجامیک. لە کاتیکا کە چاویکی لە بەڕیوەبەری کانەکان و چاویکی لە خاوەن کارەکە بوو. وەڵامی دایەوە: بەگ رۆژانەی پاسەوانەکان نزیکەی ٥٠٠ مەنات دەبێ. هەڵبەتە رۆژانەی ئەم دوو هەفتەیەی دواییم حسیب نەکردووە.

موختاربەگ هیندە توڕە بوو کە حەوسەڵەی تەماشا کردنی ئەم حسیبەی نەبوو دەتگوت قوماربازیکە و لەپڕ پارەیەکی زۆری دۆڕاندووە و پارەکانی تری لەبیر نییە. بەگ پاش وەڵامەکەی میرزا قاسم چاوی بڕییە سەر ئەندازیارەکە، سون پتروفچ بە ئەسپایی گوتی:

– بیگومان میرزا قاسم ئەوەی لە بیر کردووە کە ئیمە تاکو ئیستا پتر لە هەزار مەناتمان بە مامورانی پۆلیس داوە، نەوتی دزراویش پتر لە ٥٠ هەزار مەنات زەرەری لێ داوین.

موختار بەگ بیری کردەوە. ئەوجا وەک بڵیی لەبیرکردنەوە وەرس بوو، رووی کردە ئەسلان و گوتی:– من نازانم بۆ ئەم شاییەمان خستە ئەم رۆژە شومانەوە. دەتگوت قاتی رۆژە.

ئەسلان دڵخۆشی دایەوە: باوکە! ئیمە چوزانین وای لیدێ؟ ئیستاش کار لە کار ترازاوە، خەڵکیان داوەت کردووە، پیویستە خۆشمان زوو برۆین.

موختاربەگی بێ ئارام، دەستەکانی خستبوونە پشتی، بە تورەییەوە گوتی:

– بەڵێ دەبێ هەر ئیستا بۆ ماڵ بچینەوە. گەرچی گەوجیتییەکی گەورەیە، دەترسم سبەینێ بین و ببینن هەرچیمان هەیە بە باچووە. با تۆزیکی دی چاوەڕوان بکەین. جەبار لە ماڵەوەیە هەرچی پیویست بێ دەیکات.

بەگ، دوای ئەم قسانە بە تورەییەوە لە بەرانبەر بەڕیوەبەری کاندا ویستا و دوای کەمیک خیسە کردن گوتی: دۆغرییەکەی بڵێ بزانم لەگەڵ کیدا دەست تیکەڵاو کردووە؟ بە کیت فرۆشتوون؟

ورسکی کەمێ کشایەوە و بەسەرسامی گوتی: بەگ! سەر لەم قسەیەت دەرناکەم.

موختار بەگ نەڕاندی بەسەریا: زۆریش سەر دەردەکەیت سەگباب! راستییەکەی بڵێ، ئەگینا لە ماوەی یەک شەوا خۆت و خاو و خیزانت لە باکۆ دەبڕینمەوە.



ورسکی تەواو پەشۆکا، بەڵام بۆ ئەوەی لەبەردەم حیسابدار و سەر ئەندازیارەکەدا نەشکیتەوە. بە دەنگیکی گڕ وەڵامی دایەوە: موختار بەگ! من چ قسەیەکم نییە، تۆ خۆت بەدەستی خۆت ئەم بارودۆخەت دروست کرد. ئیدی بۆ جنیو دەدەیت.

موختار بەگ سوور هەڵگەڕا، دڕندە ئاسا نەڕاندی: دەمت داخە. حیلەکار..

ورسکی بە هەمان شیوە وەڵامی دایەوە: بەگ! تۆ دەتوانیت حیلەکەری من بسەلمینی تۆ.. تۆ..

ورسکی قسەکەی تەواو نەکرد، هەرکە بریسکەی لوولەی دەمانچە دەسک سپییەکەی دەستی ئەسلانی بینی. رەنگ لە روویا نەما و کەوتە دەمەلالکێ.

موختار بەگ دوو سێ جاران هەستایە سەر پێ و بە دەنگیکی هیمن و ئامیرانەوە پرسی:

– بزانم لەگەڵ کیدا دەستت تیکەڵ کردووە؟ ئیمەت بە چەند و بەکێ فرۆشتووە.

ورسکی چاویکی لە موختار بەگ و چاویکی لە دەستی ئەسلان بوو. بە تەواوەتی شپرزە بوو بوو، مانای دەمانچە هەڵکیشانەکەی ئەسلانی دەزانی. کاتێ موختار بەگ پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، ورسکی هەڵوەستەیەکی کرد. ئەوجا وەکو درەختیک لەنکاو لە رەگەوە هەڵکەنرێ بەسەر پیی بەگدا کەوت. ئەو ورسکییەی تۆزێ لەمەوبەر بە بێ باکی لەگەڵ بەگدا دەدوا، ئیستا هەرکە چاوی بە لولەی دەمانچە کەوت وەکو جرجی ترساو بەبێ دەسەڵاتیەوە کەوتە پاڕانەوە.

– بەگ بە زاتی خوا من چ دەستیکم لە دروست کردنی ئەم حاڵەدا نییە. هەموو تووشی ئەم حاڵە بوون. فەرموو لە موسا تەقی یف، لە شمس بدرالدین بپرسە. ئەگەر عەماری حازریان نەبوایە ئیستا حاڵیان لە ئیمە خراپتر دەبوو. کاتی خۆی عەرزم کردیت کە پیویستە عەماری زیادەمان هەبێ. بەڵام تۆ قەبولت نەکرد. پلانی ئامادە کردنی عەماری زیادە ئەرکی سەرشانی ئەندازیارە. تەنیا تەواو کردنەکەی ئەرکی منە. بەگ، من چەند جارانم گوت کە..

موختار بەگ چووە دواترەوە. ورسکی کە هەستی کرد ئاغا گویی لێ ناگرێ، قسەکەی تەواو نەکرد. هەر دوو دەستی خستە سەر زەوی و هەستا. ئەژنۆکانی تەکاند، لە کاتیکدا کە چاوی بڕی بووە چاوانی موختار بەگ لە جیی خۆی وشک بوو. موختار بەگ بەتورەییەوە قوتوی جگەرەکەی – کە زیڕ بوو– لە گیرفانی دەرهینا. میزرا قاسم بە پەلە شقارتەکەی بۆ لیدا. جگەرەکەی داگیراند. چاوەکانی تەنگ تر کرد و بە دەنگیکی پڕ لە رامان گوتی:

– سۆن پتروفچ، لەم رووەوە بەڕیوەبردنی کانەکانیش بە تۆ دەسپیردرێ، ئەگینا فیلبازی وەکو ئەمە– دەستی بۆ ورسکی راکیشا– رۆژێ دێ هەموو ریکەکان دەداتە دەستی دزان و خەتاباریشت دەکات.

بەگ بەگرژی و بە شیوەیەک روانییە ورسکی وەک بڵیی سەیری شتیکی زۆر قیزەون دەکات.

– گومبە لەبەرچاوم تا هەموو کانەکەت لە کیس نەداوم. لە بالاخانی دەرنەچیت ئەگینا پارچە پارچەت دەکەم.

ورسکی هەرچەندە بە کۆمە کۆم بە بەینی موختاربەگ و ئەسلان دا رەت بوو، بەڵام کە لە ژوورەکە چووە دەرێ بۆ ئەوەی ئەوانەی دەرەوە هەست نەکەن پشتی راست کردەوە.

بیدەنگییەکی کەم خایەن باڵی بەسەر ژوورەکەدا کیشا، موختاربەگ قونکە جگەرەکەی لە پەنجەرەکەوە توردا، تەزبیحە دەنگ گەورە کارەباییەکەی لە گیرفانی دەرهینا. خیرا خیرا تەزبیحەکەی ئەم دەست و ئەو دەست پیدەکرد. جارێ تەقە تەقی دەنکەکانی دەهات و جارێ وەکو دڵی خاوەنەکەی ترپە ترپی دەکرد.

بەگ، تەزبیحەکەی لەسەر میزەکەدانا. گویی بۆ هەراو هوریاکەی دەرەوە دەگرت و گوتی: بەداخەوە کە بە فنیش کردنی ورسکیش هیچ گیروگرفتێ حەڵ نابێ.

ئەسلان بە ئەسپایی گوتی: دەبێ تا دوو رۆژی دی چار بکرێ ئەگینا کارەکەمان لە دەست دەچێ.

موختار بەگ بەسەر لەقاندنێ قسەکانی سەلماند. دەیویست شتیک بڵێ کە یەکیک هاتە ژوورەوە.

زەلامەکە شەپقە رەشە ئاوریشمیەکەی داکەند و بە ویلێکی زۆرەوە سڵاوی لە موختاربەگ کرد. ئەوجا وەکو دۆستیکی کۆن بە زەردەخەنەوە دەستی ئەسلانی گوشی، ئەسلان ئەوی بە بابی ناساند.

– جەنابی شنتوکوف.

موختاربەگ هەرکە ئەم ناوەی ژنەوت. بە زەردەخەنەوە دەستی بە سمیلەکانیا هینا و جاریکی دی دەستی دریژ کرد: وەرە با تەوقەیەکی دی بکەین! جەنابی شنتوکوف!

تەوقەیان کرد، موختاربەگ لە کاتیکدا کە بە باڵای ئەویدا هەڵدەڕوانی گوتی:

– من دەزانم کە نوبل، روچیلد، مانتاشف، حاجی موسای خۆمان! ئەمانە وەستای پیشەسازی نەوتن. بەڵام من کریکاریکی سادەم. ئەوان زوو زوو دینە خزمەتی زانا و دانا و تیوری ریژانی مەزنی وەکو تۆ. بەڵام چ بابەخێ بە منی کریکار نادەن. ئەسلانم راسپارد بوو کە هەرچۆنێ بووە بە جەنابی شنتوکۆفم ئاشنا بکات تاکو منیش دەردی دڵی خۆمی عەرز بکەم..

شنتوکوف قژی بەلادا شانە کردبوو. چاوە بزەکانی ئارامیان نەبوو. پاش قسەکانی موختاربەگ، زۆر بە هیمنی گوتی: موختاربەگ، من هەمیشە ئامادەی خزمەتم، هەم خۆم و هەم براکانم– دەستی بۆ دەرێ راکیشا– ئیمە هەمیشە هەوڵدەدەین ببین بە پرد لە نیوان کریکارانی راستگۆ و بەسەبر و گوێ رایەڵ و خاوەن کارەکاندا.

موختاربەگ زۆری کەیف بەم قسەیە هات. قاقا پیکەنی. قوتی جگەرەکەی لە بەردەمیا راگرت.

– من هەرگیز لەوە ناترسم کە بەسەر پردی وا قایم دا بپەڕمەوە. بەڵام بە جەنابی شنتوکوف ئەوە بزانێ کە حاڵی حازر ئەمبەرو ئەوبەری پردەکە شلۆقە.. من نامەوێ بە گیروگرفتەکانی خۆم سەرت بیەشینم. بەکورتی نەوت سەرمان دەخوات. بازار کەسادە، کریار نییە، زەرەر بە زەرەر دەڵێ بەولاوە... ناچار بیرەکانمان قەپات کرد. چونکە ئەگەر کار وا بڕوات هەمان بەڵای کە ۳۸ساڵ لەمەوبەر بەسەر میرزایف دا هات



یەخەی ئیمەش دەگرێ.

موختاربەگ هەڵوەستەیەکی کرد تا هەڵویستی بەرانبەرەکەی بزانێ. شنتوکوف لیی راما بوو. ئەندازیارەکە و ئەسلانیش بە دڵ گوییان گرتبوو. میرزا قاسمیش کە دەتگوت ئاگای لە هەموو شتەکانە بە دەم زەردەخەنەوە سەری دەلەقاند.

موختاربەگ کە بەو حاڵەوە دیتیانی، لەسەر قسەکانی رۆیی، میرزا یف یەکەم کەس بوو کە لە ساڵی ۱۸۶۹ دا لە بالاخانی یەکەم بیری میکانیکی خستە گەر. ئەوسا کەوەزعی بالاخانی وا نەبوو. دوو دەمە پاچت لە عەردەکە بدایە دەگەییە نەوت. لە هەر چوار لاوە پارە بە سەر میرزایف دا دەباری. لە ساڵی ۱۸۷۳ دا یەکیک لە بیرەکانی فوارەی کرد، لە شەوو رۆژیک دا سێ هەزار تەن نەوتی بە خۆڕایی رۆیی. ئەم بیرە بە تەنیا ۲۵۰ هەزار تەن نەوتی لێ رۆیی. عەمار و حەوز و شەقام هەمووی پڕ بوو لە نەوت. لیرەوە تا سابونچی نەوت گرتبووی، مەردم بە دەبە و تەنەکە دەیانبرد. بەستەزمانە ئاخری ناچار بوو تەنەکەی بە چارەکە کوپکیک بفرۆشیت. لە داخا نەخۆش کەوت و لە جیدا کەوت.

موختاربەگ بەم باسە نارەحەت بوو. سەریکی لەقاند. قۆڵی شنتوکوفی گرت. لە سەر کورسییەک داینا. خویشی دانیشت. لەسەر قەسەکانی ڕۆیی.

– ئیمەش خەریکە هەمان بەڵا شانمان دەگرێ. بەڵام لەوبەری پردەکەوە کەسانیک هەن کە بیر لەم بارە ناهەموارەی ئیمە ناکەنەوە. دەیانەوێ بمانخەنە سەر ساجی عەلی.

ئاخر ناڵین، ئاغا ئاغایان گوتووە و کریکار، کریکار ئەم قسانەیان بە گویدا ناچیت. دوای داخستنی کانەکان چی لە کریکار بکەین؟ دەبێ هەق و حسیبەکەیان بدەینێ و بەڕییان بکەین. وانییە؟ بەڵام ئەمان دەڵین موختاربەگ وەرە هەرچیت هەیە بیدە بە کریکاران و بڕۆ خۆت بکوژە! من دڵنیام کە جەنابی شنتوکوف بەم کارە رازی نابێ.

موختاربەگ قاقا بەم قسەیەی خۆی پیکەنی. ئەسلان و دانیلوفش وەکو پشتگیری دەستیان بە پیکەنین کرد. شنتوکوفیش کەمێ پیکەنی و وەڵامی دایەوە:

– جەنابی موختاربەگ، من رازی نیم دڵۆپە خوینێ لە کەپۆتان برژێ، ئیمە لە کۆبوونەوەی کریکارانا قسان دەکەین. رازی نابین ئاژاوە بەرپا ببێ، بەڵام ئیمەش داوایەکمان لە تۆ هەیە.

موختاربەگ تەماشایەکی ئەسلانی کرد و گوتی: جەنابی شنتوکوف پیویست ناکا هیچ داوایەک لە من بکەی، هەرچییەکت هەیە بە ئەسلان بڵێ با ئەنجامی بدات. هەر بەم بۆنەیەوە ماوەیەک لەمەوبەر گەردن بەندیکی نایابم باردە خزمەت خاتوویکاترینا. نازانم بەدڵی بوو یان نا؟

شنتوکوف وەک بڵیی لەم بێ پەروابییەی بەگ نارەحەت بوو. سەری لەقاند.

– لە راستیدا من لەم بارەیەوە قسان ناکەم، جاریکی دی لەمبارەیەوە قسانت لەگەڵ دەکەم، بەڵام هەنووکە تۆ خاوەن کاریت و من نوینەری کریکاران. من دەمەوێ بە نیوی کریکارانەوە داوایەکت لێ بکەم.

– بەڵێ فەرموو، فەرموو باش حاڵی نەبووم.

بەگ کە نەیدەزانی کۆتایی ئەم باسە دەگاتە کوێ، وەکو ئەسپیکی کیوی کە لە

دوورەوە هەستی بە خەتەر کردبێ، گوییەکانی قوڵاغ کردەوە و لە قسەکانی شنتوکوف ورد بوەوە. شنتوکوف بە هیمنی و زمانی لووس لەسەری ڕۆیی.

– داواکەمان ئەوەیە کە جارێ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێ دەست لە فنیش کردنی کریکارەکان هەڵبگری. چونکە مەترسی مانگرتنی گشتی لە ئارادایە. مانگرتنی گشتیش بەراستی لە قازانجی ئیمە دا نییە. داواکەی ترمان ئەوەی کە کریی نووستن و پارەی سابون بە کریکارەکان بدەیت.

موختاربەگ لەپڕ بەتوڕەیی قسەکەی شنتوکوفی بڕی: ئەمە هەر نابێ جەنابی شنتوکوف، هەموو هەنگاویکی ئیستای کریکاران زیانی منی تیدایە. سەرەڕای ئەمەش بچم کریی نووستن و پارەی سابونیان بدمێ؟ جا ئەگەر ئەمە بکەم چی بۆ خۆم دەمینیتەوە؟ کەریکم دا بە کەرێ سندان لە چاوی دەرێ!

شنتوکوف شەپقەکەی هەڵگرت و هەستا. نیگایەکی مەعناداری بڕییە ئەسلان، ئەوجا بە موختاربەگی گوت: من کە ئەم هەموو داکۆکییە لە کریکاران دەکەم چ قازانجیکی بۆ من تیدا نییە، بەڵام چ بکەین ئیمەش وا خولقاوین، خۆمان فیدای بیروباوەڕمان دەکەین، موختاربەگ کە تۆ ڕازی نابی، من ناتوانم پێ دابگرم، بەڵام هەرچییەکت بەسەر هات. ئەوا ئۆباڵت لە ئەستۆی خۆتە. تۆ باوکی دۆستی منی.– دەستی بۆ ئەسلان ڕاکیشا– نامەوێ لیم بڕەنجیت، بەڕیوەبەرانی نوبل و مونتاشف وەکو تۆ وەڵامیان نەداوەتەوە.

موختاربەگ بە وردی گویی لە قسەکانی شنتوکوف گرت و کەمیک چووە ژیری، ئەجا لە شنتوکوفی پرسی: تۆ کە ئەوندە دڵسۆزیت، ڕاستیەکەی بیژە بزانم بەڕیوەبەرانی کانەکانی نوبل و مونتاشف چ وەڵامیکیان دایتەوە؟

شنتوکوف کەمیک کشایەوە. بە زەردەخەنەوە گوتی: هەر هیچ نەبێ وەعدیان داوە..

موختاربەگ قاقا پیکەنی، دەستەکانی بە یەکا دان و گوتی: باشە منیش دەیدەم.. منیش وەعد دەدەم. کابرایەک بە مەلای مەزبورەی گوت: سێ مناتم بدەیە بە وەعدی سێ مانگ، مەلا گوتی «وەعدەی چەندت بوێ دەتدەمێ بەڵام پارەم نییە». منیش دەتوانم وەعدەی چەندتان دەوێ بتاندەمێ.

هەموو پیکەنین، شنتوکوف بێ ئەوەی چ قسەیەک بکات بە ویڵ نواندنەوە لە دەرگا چووەدەرێ. هەرکە ئەوڕۆیی، موختاربەگ بەسەرسامی لەئەسلانی پرسی:

– یانی چی ئەسلان؟ بێ ئەوەی قسان بکات ڕۆیی، ئەم چەند برایە وەکو مار وان: دوایی وەزەنی خۆیان دەکەن.

ئەسلان بەگەرمی وەڵامی دایەوە: مەترسە، لە میژە دانەکانیم هەڵکیشاوە. گیرفانەکانیم وا پڕ کردووە ناتوانێ بەڕیوە بڕوات. سەیری قەسەکانی مەکە! چونکە پەنجەرەکە واز بوو دەترسا یەکیک گویی لێ بێ، ئاخر سووکی ئەوان لەنیو کریکارانا بۆ ئیمەش باش نییە.

موختار بەگ کەمیک بەم قسانە هیور بووەوە، چەند جاریک بە ژوورەکەدا هاتووچو. ئەوجا بە دانیلوفی گوت: سورن پتروفچ ڕۆژیکت مۆڵەت دەدەمێ تا لە گەڵ بەڕیوەبەرانی نوبل یان ڕوچیک دا قسان بکەیت تا بە هەر نرخێ بووە ئەم نەوتە



نەحلەتییە ساغ بکەینەوە. ئەگینا ناتوانین جڵەوی زەرەرە و زیان بگرین. ئەوجا بە هیمنی دریژەی پیدا: شەو میوانی ئیمەی. ئیشارەتی بۆ میرزا قاسمیش کرد، میرزا قاسم تێ گەیی و بزەیەکی کرد «شایی کیژەکەمە. بە گویرەی توانا بەڕیوەبەرانی کانەکانی نوبل یا مانتاشف»ش لەگەڵ خۆتا بینە. لەوێ ڕیک دەکەوین.

دانیلوف بە ئەدەبەوە سەری دانەواند. موختاربەگ بە کوڕەکەی گوت:

– عەرەبانچییەک گازکە با بڕۆین.

## 13

ئەژدەر لای رۆژئاوا گەییە بالاخانی. شەکەت بوو. بیابانی کاکی بە کاکی نیوان سابونچی و بالاخانی. گەرمای لە رادەبەدەری هەتاو. وایان ماندوو کردبوو کە توانای رۆیشتنی نەما بوو. کە لە گوندەکە نزیک بووەوە، چووەسەر گردیکی بەرز کەوتە روانینی دیمەنەکانی بەرانبەری، هەتاو بەرە بەرە لە ئاسۆ نزیک دەبووەوە. تەنیا تاپۆی ریگەکان لە ژیر تیشکی هەتاوەکەدا دەبینران. لەولای ریگەکانەوە شاخی «بوغبوغا» باوەشی بۆ ئاسمان گرتبووەوە. بالاخانی لیرەوە بە جوانی دیار بوو. لە باکوری رۆژهەڵاتەوە گوندی «زابرات» دیار بوو. گوندی «رامانا» ش لە نیو بیابانەکەی چوار دەوری بالاخانییەوە دەتگوت دوورگەیەکە و بەسەر دەریایەکی شیتەوە گیرساوەتەوە.

گۆلاوەکانی «بویوک شور» لە باکوری بالاخانییەوە خۆیان دەنواند و شادییان بە دیدەی بینەر دەبەخشی.

ئەژدەر بە گردەکەدا داگەڕاو کەوتە نیو کوڵانەکانی گوند. هیشتا تینی گەرمای خۆر هەست پیدەکرا. لە هەندێ حەوشەوە سەری ریکەکان دیار بوو. چونکە ئەو سەردەمە نەوت لەسەر زەوییەوە نزیک بوو. ریکەکان هیندە بەرز نەبوون. بەرزی و نزمی ریک پیوەندی بە قووڵی بیرەوە هەیە. ئەژدەر ئیستاش لە بیری ماوە وەختێ بۆ یەکەمجار لە کانە نەوتاندا دەستی بە کار کرد، کریکاریک کە لە ئامیرە سەرەتاییەکانی نەوتی بۆ شەرح دەکرد، دەیگوت: «بیری نەوت تا قوڵتربێ، کلاوەکەشی بەرزتر دەبێ» ئەژەر بە کۆڵانەکەدا رەت دەبوو سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد ئەو ناوە یەک پارچە ریکی بەرز و نزم بوو. زۆربەی دانیشتوانی بالاخانی بەتایبەتی ئەوانەی خانووبەرەی خۆیان هەبوو، بیریان لە حەوشەدا لێ دابوو و بەسەتڵ نەوتیان دەردەهینا. خانووە بێ دەرگا و واڵاکان کە زیاتر لە قاوغە شقارتە دەچوون لەپاڵ ریکەکانا بچووکتر دەهاتنە بەرچاو. هەڵم لە کوچە تەنگەبەرەکانی گوندەوە هەڵدەستا. ئەژدەر بە کۆڵانەکانا رەت بوو. بەرەو کانەکان وەرێ کەوت. لەم زنجانەدا تەنیا بەیانیانی زوو وشەوانی درەنگ دەنگە دەنگ بەر گوێ دەکەوت. زۆربەی دانیشتوانی ئەم زنجانە کریکار بوون لەکانەکانا، بەیانی زوو دەچوون بۆ سەر کار وئیوارانی درەنگ دەگەڕانەوە. ئەوجا دەنگە دەنگ و نیشانەی ئاوەدانی دەکەوتەوە بەردێ. لە کاتەکانی دیدا گوند بیدەنگ و خامۆش بوو. ریبواری نەشارەزا وای هەست دەکرد کە ریی کەوتۆتە گۆڕستانیکی دوور و پشت گوێ خراو. چونکە تەنیا لە کاتی گەڕانەوەی پیاوانی گوندا بڕیک قڕو قەرەباڵغی و دەنگە دەنگ پەیدا دەبوو. چونکە کاتێ کە کریکار لە سەر ئیش دەگەڕایەوە دەبوا بەلای کەمەوە ئاوی بۆ گەرم بکرابا تا دەست و پیی بشوات. یان پارووە نانیکی بخریتە بەردەم. منداڵەکانیش تەنیا لەم کاتانەدا دەیانتوانی داخی دڵیان بۆ باوکەکانیان هەڵریژن، بەڵام ئەم قور و قەرەباڵغییەش ئەو پەڕی سەعاتێ دووان دریژەی دەکیشا. پیاوەکان چونکە بە رۆژەوە زۆر دەرەتان و ماندوو دەبوون، لە جیی خۆیان خەویان لێ دەکەوت. کە پیاو دەنووست ئیدی خاووخیزان بە جارێ خامۆش دەبوون و دەخەوتن. بۆیە چ بە رۆژ و چ بە شەو بیدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر ئەم شوینەدا کیشابوو.



ئەژدەر ئەو رۆژە بە پیچەوانەی رۆژەکانی دییەوە بارودۆخیکی نائاسایی لە گوندەکەدابینی، دەنگی هەمە جۆر لە ماڵەکانەوە دەبیسترا، لەکاتیکا کە بە بەرماڵیکا رەت دەبوو، دەنگیکی ژنەوت، ویستا، پیاوێ بە دەنگیکی کینەئامیزەوە دەیگوت:

– من کیم، خۆشم نازانم، عومریکی تەواو رەتاندیانم و ئیستاش وەکو موقەبایەکی بێ کەلک توریان داوم.

پیرەمیردیک وەڵامی دایەوە: کوڕم پشت بە خوا ببەستە! خوا کەریمە.

دەنگی یەکەم بە توڕەیی وەڵامی دایەوە: ئاخر « خواکەریمە» نابێ بە نان، نانەوا پارەی خۆی دەوێ.

ئەژدەر وەختێ بە بەرماڵیکی دیدا رەت دەبوو، گویی لە گریانی ئافرەتێ بوو. ئافرەتەکە بە پەڵمە گریانەوە بە یەکیکی دەگوت: دیسان ئاوارەی کوچەو کۆڵانان بووینەوە، ئیستا روو لە کوێ بکەم، لە دەرگای کێ بدەم؟

ئەژدەر چ وەڵامیکی نەژنەوت. تا کانەکانی موختاربەگ دەنگی گریەی ژنەکە هەر دەبیسترا، وەخێ گەییە کانەکان قەرەباڵغییەکی زۆر لە بەر نووسینگەکەی موختاربەگدا هەبوو هەموو سەریان داخستبوو، قەرەباڵغییەکە بەرە بەرە پتر دەبوو، هەر ورتە ورتیان بوو. ئەژدەر هەستی کرد کە ناڕەزاییەکی گەورە لە ئارادایەو هەر ئیستا دەبێ بەهەراو بەزم، زۆر چاک ئاگای لە ئەنجام و تەقینەوەی ئەم چەشنە مانگرتنە بیدەنگانە هەبوو، کە ئەژدەر لە دەستە کریکاریک نزیک بووەوە، پیاویکی باڵابەرزی بینی کە لە نووسینگەکەی موختاربەگەوە هاتە دەرێ و لە قەرەباڵغییەکە راما، ورتە ورتی «ورسکی، ورسکی» دەستی پیکرد، لەسەرەتادا هەم ورسکی و هەم کریکارەکان بیدەنگ بوون. ئەوجا کریکاریک چووە پیشەوە و گوتی: جەنابی ورسکی ئاخر بەسایەی تۆوە گیانمان دەرچوو، ئەم وەزعە تەحەمول ناکرێ.

ورسکی بە دڵنییاییەوە لە قالدرمەکانی بەر نووسینگەکەوە دابەزی و لە کریکارەکان نزیک بووەوە، سەیریکی نووسینگەگەی کرد و گوتی: راست دەکەن برایان! نەک هەر ئیوە بەڵکو من بەخۆشم لەگەڵ ئەو وەزعەدا دەرنابەم.. ئیستاکێ ئیستیقالەم نووسی.. دانیلوفیان لەجیی من دانا. بۆیە بە داخەوە چم لە دەست نایەت!

کریکاریک بە زمانی ئازەری گوتی: لە دەمی سەگ بەربووین و کەوتینە دەمی گورگ.

ورسکی کە زمانی ئازەری نەدەزانی، وای هەست کرد کە کریکارەکان قسەکەی دەسەلمینن. بۆیە بە خۆشحاڵیەوە گوتی: هەقی خۆتانە..ناڕەزایی خۆتان بنوینن، دڵنیابن دەنگی ئیوە تا رادەیەک دەیان ترسینێ.

پەنجەی بۆ نووسینگەکە راکیشا، ئەنگوستیلە ئاڵتونەکەی بە جۆریکی سەیر بریسکایەوە، ورسکی تەماشایەکی حەشاماتەکەی کرد. زەردەخەنەیەکی کرد، بە کەش و فشەوە بە نیویاندا رۆیی. کریکاریک لە دواوە سەیری کرد، چاوەکانی تەنگ کردەوە و بە تەوسەوە گوتی: یارۆ بەخۆی ئیستیقالەی کردووە یان ترۆیان کردووە؟ کریکاریکی دی گوتی: من ئەو نووسینگە بچووکە باش دەناسم، لەویدا ئینسان گۆشتی ئینسان دەخوات، دانیلوف سەری ورسکی خوارد، ئاخۆ کیی دێ سەری دانیلوف دەخوات؟

کریکاریکی ئەرمەنی کە گویی لەم قسەیە بوو، چووە لای کۆمەڵە کریکارەکەوە کە لە تەک ئەژدەرا ویستابوون، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: من دانیلوف چاک دەناسم بە خوینی کریکار تینووە، دانیلوف گورگیکی وایە کە ورسکی لە چاویا مەڕە.

هەموو لە دەوری ئەو خڕ بوونەوە، پیاویکی میانە ساڵ بوو، بوخچەیەکی بە بن باخەڵەوە بوو، بە دەنگیکی بەرز گوتی: برادەران، کریکاران! ورسکی رۆیی و دانیلۆف هاتە شوینی، هەڵبەتە ئەمە چ باریکی ئیمە سووک ناکات. من ورسکی دەری کردم، با بزانین ئاخۆ دانیلوف دەمگەڕینیتەوە؟ ئەگەرچی بە رواڵەت گورگ ئاسا قۆرگی یەک هەڵدەدڕن بەڵام لە راستیدا هەر کریکار زەرەرمەندە، من حەوت ساڵان پتر لە کانەکانی بالاخانی دا شان و قۆڵم کوتاوە. کەچی دوینێ بە نووکە قەڵەمێ دەریان کردم، ئەو پارەیەی دایانمێ دەم و دەست تەواو بوو، ئەوڕۆ هاتم شتی ناوماڵ بفرۆشم، دەستی بۆ بوخچەکە راکیشا، سەد کەڕەت بەو بازاڕەدا هاتم و چووم کەچی کەس هەر ئاوڕی لێ نەدامەوە، چونکە هەر کەسێ لەویدایە هەر فرۆشیارە و کریار بۆ دەرمانی چاویش دەست ناکەوێ.

پیاوەکە کەمێ بیدەنگ بوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشا، کە سەرنجی مانگرتووەکانی بینی لە سەری رۆیی: گیانی کریکار، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد تا عامودیکی تەلەگرافی بینی و پەنجەی بۆ راکیشا، کریکار لەلای ئەمانە لەم عامودەش بێ نرخترە، بە لای کەمەوە بۆ هەڵکەندنی عامودەکە پیویستیان بە قوڵنگ و بیڵ دەبێ، بەڵام بۆ ئیمەی کریکار، پیویستیان بە هیچ نییە، لە چاوتروکانیکدا وامان بە زەویدا دەکوتن کە هەر دەنگیشمان دەرنەیەت، بۆ بیدەنگین؟ بۆ چارەنووسی ئیمە لە دەستی موختاربەگ و ئەوانەدابێ؟ چما موختاربەگ چییە؟ چما دەست و بازوی ئەو لە هی من بەکارترن؟

گوایە میشکی ئەو لە میشکی من چاکتر کار دەکات؟ چما لە من ئاقڵترە؟ یارۆ هەر هیچ نەبو، بەڵام نەوت لە زەوییەکانی هەڵقوڵاو موختارە رووتەی ئیچری شار بوو بە موختاربەگ. ئەسلانی کوڕی حیسابی پارەی خۆی نازانێ، کەچی ئەمەش کوڕەکەی منە، - منداڵیکی لاوازی پێ خاوسی نشاندان- بەستەزمانە لە دوینیوە نانی نەچوویتە سەر زار.

هەموو سەریان داخستبوو، قسەکانی ئەو کریکارە ئاگری لە دڵیان بەردەدا، کابرا دریژەی پیدا: ئەمانە تەنیا دەردی من نین، دەردی هەموومانە، ئایا ئەم دەردانە چارەیەکیان نییە؟

لە نیو حەشاماتەکەوە دەنگێ هاتە گوێ: بۆ نییە؟ هەیە.

هەموو ئاوڕیان دایەوە، ئەژدەر، پیوتر چونیاتوفی بینی کە دەچووە پیشەوە، کریکارەکان هەر کە ئەویان بینی هەموو گەشانەوە و بە هورا کیشانەوە پیشوازیان لیکرد:

- پتیا قسان بکە.

ئەژدەر دڕی بە حەشامەتەکەدا و لە پیوتر نزیک بووەوە، چونیاتوف، ئەژدەری بە ئیشارەت حاڵی کرد کە بۆچی هاتووە، ئەوجا رووی کردە هەمووان و گوتی: چارە هەیە،



چارەکەش بەدەستی خۆتانە.

پیوتر چاویکی بە دەوروبەری خۆیا گیڕا، ئەو کریکارە نا ئومیدانەی کە لە ژیر ریکییک دانیشتبوون هەر کە دەنگی ئەویان ژنەوت هەستان و بە وردی گوییان بۆ شل کرد، چونیاتوف بە دەنگی بەرز و رەوان بەردەوام بوو.

- دەبێ بە تۆبزی ئازادی و مافی خۆمان لە سەرمایەداران بستینین، توانای ئەمەمان هەیە هاوڕییان! حکومەتی دیکتاتۆری تزار پشتیوانی ئەوانە و هیزی لە بن نەهاتووی خەڵک پشتیوانی ئیمەیە، ئەو خەڵکەی لە ژیر زەبری زوڵمدا دەتویتەوە، ئەو خەڵکە کە لە دەریای ئەشک و خوینا دەخنکینرێ. ئەوان چەک و تۆپ و تفەنگیان هەیە. بەڵام ئەو دەستانەی کە چەکەکان دروست دەکەن هی ئیمەن. لە چ دەترسین؟ چ شتیک لە کیس دەدەین؟

غەڵبەغەڵبێ لە نیو جەماوەرەکەوە پەیدا بوو، نەخیر غەڵبەغەڵبکە بوو بە هاوار، کابرای بوخچە بەدەست پرسی: پتیا، ئەدی ئیمە چبکەین؟ پیمان بڵێ چی بکەین تا منداڵەکانمان لە برسا نەمرن؟

هەر پرسیاربوو دەکرا، ئەژدەر نەیدەزانی چونیاتوف چ وەڵامیک دەداتەوە، چونکە لەم کاتەدا دوو رووداو سەرنجیان راکیشا.

پیاویکی شەپقە لەسەر بە پیکەنینەوە لە نووسینگەکەی موختاربەگەوە هاتەدرەێ، هیواش هیواش لە قالدرمەکان هاتە خوارێ و لە قەرەباڵغییەکە نزیک بووەوە، ریک لە تەک ئەژدەرا ویستا، بە پەلە لە زەلامیکی تەک خۆیەوە پرسی: کێ قسان دەکات؟

- چونیاتوف ئەگەر دەستەوستان دانیشین داروبەرد بەیەکا دەدا، بڕۆ پیشەوە بەر لەو وەڵام بدەوە.

کاتێ کابرای شەپقە بەسەر دڕی بە حەشامەتەکەدا و چووە پیشەوە، ئەژدەر گویی لە هاواری «شنتوکوف» جەنابی «شنتوکوف» بوو.

هەر لەم کاتەدا رووداویکی دی سەرنجی ئەژدەری راکیشا، هەندێ لە کریکارەکان کە بەکەمتەرخەمییەوە رییان بۆ شنتوکۆف دەکردەوە، سەریان هەڵبڕی و سەیری لایەکیان کرد. ئەژدەریش سەیری ئەولایەی کرد. لە خۆشیاندا دڵی کەوتە تەپە تەپ.

ملیک ملیکانتس لە تەک ریکییک ویستا بوو، خۆرەکە لە ئاسۆ نزیک و نزیکتر دەبووەوە، تیشکیکی سورباو بەسەر خانوو کۆڵان و حەشاماتەکەدا پەخش دەبووەوە، چونکە تیشکەکە لە پشتەوە بوو، ملیکیانتس وەکو تارماییەک دەهاتە پیش چاو. چونیاتوف لە وەڵامی پرسیاری کریکارەکەدا گوتی: دەپرسیت کە چ بکەین تا منداڵەکانمان لە برسا نەمرن؟ تەنیا ریگا خەباتە، دەبێ خەبات دژی سەرمایەدار و خاوەن کارەکان بکەین.

شنتوکۆف دەستی هەڵبڕی، بە دەنگیکی گڕی بەرز هاواری کرد: خەباتمان کردووە و سەریش کەوتووین، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەتان لیدەکەم.

ئەوجا چەند هەنگاویکی ناو لە جیی خۆی ویستا، رووی کردە ئەو کریکارانەی بە سەرسامی چاویان تیبڕی بوو، گوتی: من تۆزێ لەمەوپیش قسەم لەگەڵ گشت خاوەن کانەکانی بالاخانی دا کرد. دەستی بۆ نووسینگەی موختاربەگ راکیشا کە گوایە بەم

کارەی خەباتی کردووە، شیوەی رەوای خەبات ئەمەیە. وا نییە برایانی کریکار؟ چ وەڵامیکی نەژنەوت، بێ ئەوەی خۆی شیلۆ بکات دریژەی پیدا: خەباتم کرد و مەسەلەکەم چارەسەر کرد، قەرارە لەم رۆژانەدا کریکارە دەرکراوەکان بگەڕینەوە سەر کارەکانیان، هەروەها کریی خانوو و پارەی سابونیش دەدرێ.

ژمارەیەک کەوتنە هاوار «درۆیە، جارەکەی پیشووش ئەم قسانەت کرد و دوایی هەمووی درۆ دەرچوو.»

شنتوکوف دەیویست قسان بکات، کە ملیکانتس لە پاڵ ریکیکەوە دەچووە سەر سەکۆیەکی دارین، سەرنجی کریکارەکانی راکیشا، هەر کە میلیکانتس سەرکەوت هەموو کریکارەکان روویان تیکرد. پیوتر چونیاتوف ئیشارەتی بۆ ئەژدەر کرد، هەر دووکیان بەرەولای ریگەکە بەرەو ئەو شوینەی ملیکیانتس ی لێ ویستا بوو، رۆیشتن.

کاتێ چونیاتوف بە نیو کریکارەکان دا رەت دەبوو، هەندێ لە کریکارەکان بە ئەسپایی پییان دەگوت: پتیا بت بینین، دەمی ئەم سەگە بکە بە تەڵەی تەقیو.

کریکاریک لەبری چونیاتوف وەڵامی دایەوە: پەلە مەکە، سەیر بکە و هەقت نەبێ، بیرت نەماوە جارەکەی پیشوو ئەم «ددوشکا»یە چ حەشریکی کرد؟ یەک پارچە ئاگر بوو. ئەم سەگانە کاتێ پیوتر دەبینن قەیسەریان لێ دەبێ بە کونە مشک.

گەنجەکەی تەکی بە ئەسپایی گوتی: کەرەتی پیشوو من لیرە نەبووم، چوو بووم بۆ شار، هاوریکەی بە زەردەخەنەوە گوتی: هەر بەزمێ بوو بۆخۆی. ئەوان دەیانویست لە گەڵ خاوەن کارەکاندا سازش بکەن و ئیمە فریو بدەن. ددوشکا و پتیا حەشریکیان پیکردن هەر مەپرسە.

ئەم قسانە لە هەموو لایەکەوە دەبیستران. کاتێ ئەژدەر و چونیاتوف گەیینە تەک ملیکیانتس، ئەو بێ ئەوەی چاو لە شنتوکوف بگوازیتەوە بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

– هاوڕییانی کریکار! باوەڕی پێ مەکەن، لای لایەتان بۆ دەکات تاکو خەوتان لێ بکەوێ.

شتنوکوف، چاوی بۆ شوینیکی بڵند دەگیڕا تا لەویوە قسان بکات. دوو سێ شەقاوان کشایەوە، چووە سەر قالدرمەکانی بەردەم نووسینگەکە و بەدەنگی بەرز: کریی خانوو و پارەی سابون درۆ نییە، شادی روو لە کریکارانە.

ملیکیانتس بە توڕەییەوە پرسی: کام کریکار؟ زۆربەیان دەرکراون، گریمان کریی خانوو پارەی سابون راستە– هەرچەند من باوەڕ ناکەم، چونکە کریکارانی باکۆ چەندین ساڵە ئەمە پیشەیانە و هیچیان بە هیچ نەکردووە– لەگەڵ ئەمەشا گریمان راستە، کێ ئەو پارەیە وەردەگرێ، ئەوانەی بیکارن.

شنتوکوف بە توڕەیی وەڵامی دایەوە: کریکارە دەرکراوەکان دەگەڕینەوە سەرکارەکانیان. ئایا لە خەباتی کریکارانا ئەمە تەکانیکی سەد هەنگاوی نییە بۆ پیشەوە؟

ملیکیانتس بە تەوسەوە پیکەنی. رووی کردە کریکارەکان و گوتی: بەڵێ دروستە، جەنابی شنتوکوف لەم رۆژانەدا تەکانی گەورە بە نووسینگەی خاوەن کارەکان دەدات. نە



من و نە کریکاران هیچ لایەکمان نارازی نین.

سووکە بزەیەک نیشتە سەر لیوی ئامادە بووان، شنتوکوف لە داخا لیوی دەکرۆشت، دەیویست شتێ بڵێ لێ ملیکیانتس دەرفەتی نەدا.

– بەڵام مەسەلەکە لەمەدایە کە تۆ دەڵیی« دەرکراوەکان دەگەڕینەوە سەر کارەکانیان، دەرکردنمان راوەستاندووە، باشە تۆ لە کاتیکا کە ئەمە دەڵیی ئەدی ئەو کریکارانەی کە بە چاوی خۆیان ریاکاری و بێ شەرەفی سەرمایەداران دەبینن، بەکەڕ و کویر دەزانی، تەماشاکە، دەستی بۆ سێ، چوار کریکاری تەک خۆی راکیشا، ئەم کریکارانە تا ئیستا لەکانەکانی مانتاشف دەرکراون، هاوڕییان، وەرنە پیشترەوە با هاوڕیکانتان بتان بینن و بزانن کە دژمنانی چینی کریکار چەند بێ شەرمانە درۆ دەکەن.

تەکانیکی سەیر لەنیو کریکارەکانا پەیدا بوو، لەبری کریکارانی کانەکانی مانتاشف، ئەو کریکارانە هاتنە پیشەوە کە دەمێ بوو دەرکرابوون و تا سەری ئیسقان برسیتی و بیکاریان چەشتبوو، لە دەوری چونیاتوف و ملیکیانتس خڕ بوونەوە، تەنیا سێ، چوار کەس بە دەوری شنتوکوفەوە مانەوە. چونیاتوف کە لەسەر سەکۆکە ویستا بوو کە ئەم حالەی بینی گوتی: کەسانی وەکو شنتوکوف کە خەباتی چینی کریکار بە جۆرە گەداییەک حسیب دەکەن و لەبەردەم سەرمایەداری خوین مژدا کلکە لەقێ دەکەن، با چاک بزانن کە چینی کریکار بە هیزە، چینی کریکار بۆ پاروە نانیک خەبات ناکات بەڵکو لە پیناوی ئازادیدا دەخەبتێ.

شنتوکوف ویستی لە دوورەوە وەڵام بداتەوە، بەڵام دەنگی دلیری چونیاتوف لە تەواوی دەشتەکانی بالاخانی دا دەنگی دایەوە.

– هاوڕییانی کریکار! بە زمانی لووس و درۆو دەلەسەی ئەمانە مەخەڵەتین! ئەم چەشنە خەباتەی شنتوکوف باسی دەکات فیلیکی تازەی دژمنانی شۆڕشە، دەیانەوێ بەم فیلانە بزووتنەوەی کریکاری خەفە بکەن و شۆڕشگیڕە چالاکەکان، ئەوانەی چاوو گویی جەماوەر دەکەنەوە، بدەنە دەست پۆلیسەوە.

لەپڕ بیریک بە میشکی ئەژدەرا تیپەڕی، لەناو جەماوەرەکە دەرچوو، بە پشتی ریکیک دا پیچی کردەوە، بە پلە باریک و رووناوییەکانی دا سەرکەوت، لەناو قەدی ریکەکەدا ویستا. هەموو شوینیکی لیوە دیار بوو، هەتاو دەتگوت دەستی ناز بە قژی ئاسۆدا دینێ، وای هەست دەکرد دەنگی دلیری پیوتر چونیاتوف لە نیو ریکەکانەوە بەرز دەبیتەوە و لە بناری ئاسۆدا دەنگ دەداتەوە.

– هاوڕییانی کریکار، ئیمە لە پیناوی ئایندەیەکی پڕ لە بەختەوەرییدا دەخەبتین، ئەوکان و کارخانەنای کە بریتین لە گۆڕستانی باب و رۆڵەی ئیمە، بە دەستی ئیمە دروستکراون، ئەم ریکانە ئیمە دروستی دەکەین ئیمە بیرەکان هەڵدەکەنین، بۆیە دەبێ هەمووئەمانە ببن بە هی ئیمە، سەرمایەداران خوینمان دەمژن. تزار پشتیوانی سەرمایەدارییە، بڕۆخێ دیکتاتۆریەتی تزار.

ئەژدەر دەستەیەک بڵاوکراوەی لە گیرفانی دەرهینا و بەسەر جەماوەرە هەڵچووەکەدا بڵاوی کردەوە. بڵاوکراوەکان دەستاو دەست بە نیو کریکارانی بالاخانیدا بڵاو بووەوە.

## 14

ورا ئەورۆژە لەوبەری شار بوو، دەیویست بۆ بائیل بچێ و هەندی بتوانێ بڵاوکراوەکانی لە نیو کریکارانی کەنداو کەشتییەوانەکاندا بڵاو بکاتەوە. ورا دەیزانی فیتەرخانەی جۆراوجۆری کەشتی و دایەرەی بچووک بچووک لەم ناوچەیەدا هەن و کەوتونەتە نیوان شەقامی «نابرژنایا» و حەپسخانەی بائیلەوە، کە لەماڵ هاتە دەرێ رووی نەکردە کەناری دەریا، بەڵکو بۆ رێ بزری رووی کردە ئیچری شار، بە تەنیشت «قیزقالاسی» دا تیپەڕی. کە لە شەقامی «نابرژیانا» پەڕییەوە بەرەو بائیل پیچی کردەوە.

شنەبایەکی خۆش دەهات، ئەو کەشتییانەی کە لە کەنارەکەدا لەنگەریان خستبوو و خەریکی داگرتنی بارەکانیان بوون وەکو جولانە دەهەژین، لەگەڵ هەڵکردن و تەوژمی بایەکە دا سەری دەریاکە پڕ دەبوو، لە وردە شەپۆل و کەفی سپی، بایەکە سەرپۆشە رەشەکەی ورای دەشەکاندەوە، ورا جلیکی رەشی کۆنی لەبەر بوو، زەمیلەیەکی بچووک و جوانی بە دەستەوە بوو، کچانی لادێ کە دەچوون بۆ توترک ئەم جۆرە زەمیلانەیان لە گەڵ خۆدا دەبرد.

زەمیلەکەی ورا پڕ بوو لە نان و سەوزە، ئیستا بەچاکی ئامانجی خۆی دەزانی، بڵاوکراوەکانی لەبن زەمیلەکەوە شارد بووەوە، ورا ئەم بڵاوکراوانەی دەبرد تا لە نیو خەڵکیدا بڵاویان بکاتەوە بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسیان بەرز بیتەوە و پیوەندی بەریزەکانی شۆڕشەوە بکەن. بڵاوکراوەکان بریتی بوون لە باس و شی کردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و ریگای ئازادی چینی کریکار، ئەمە جاری دووەم بوو کە ورا کاری خەباتگیڕانەی گرتبووە ئەستۆ و بە پەلە بوو بۆ ئەنجامدانی. کە لە ماڵ چووە دەرێ بڕیاری وابوو تاکو زیندانی بائیل بڕوات، هەر جارێ پۆلیس لیی بپرسایە وای خۆ دەنواند کە بۆ دیدەنی زیندانییەک بۆ زیندانی بائیل دەچیت. بە ئارامی بە کەناری دەریاکەدا هەنگاوی دەنا، لەبەر خۆیەوە بڕیار و ئەرکەکانی خۆی تاوتوو دەکرد. لە دڵی خۆیدا دانی بە هەڵەکانی دا دەنا، ئەو هەڵانەی لەوانە بوو ببنە مایەی گومانی پۆلیس، هەڵەکان بەم جۆرە بوون: یەکەم نەیدەزانی داخۆ ئەوڕۆ مۆڵەتی دیدەنی زیندانیان هەیە یان نا. خزم و کەسی زیندانیان لە مانگی یەک جارا بۆیان هەبوو سەری زیندانییەکان بدەن و خواردن و میوەیان بۆ بەرن. هاتووچۆکەرانی زیندان ئەمەیان چاک دەزانی هەڵبەتە بێ ئاگایی ورا لەم شتانە لەوانە بوو ئەنجامی زۆر خراپی ببێ، هەڵەی گەورە وپڕ مەترسی ئەمە بوو کە ورا تاقە یەک کەسی لە زیندانیانی حەپسخانەی بائیل ناناسی. هەڵبەتە ئەگەر بیانپرسیایە دەیتوانی ناویکی درۆ بڵێ، بەڵام ئەی ئەگەر بکەوتنیایەتە گومانەوە و تەحقیقیان لێ بکردایە چی؟ ئایا خراپتر نەدەبوو؟ مەسەلەیەکی دی کە زۆری ئازار دەدا ئەوە بوو کە زیندانی بائیل زیندانییەکی سیاسی بوو، لەوانە بوو پۆلیس زووتر بکەونە گومانەوە.

ئەم بیرانە وایان لە ورا کرد ژیوان ببیتەوە لەوەی بچێ بۆ زیندانی بائیل، بڕیاریدا هەر لە جادەی بائیلەوە بگەڕیتەوە و ئەگەر کەسیک پرسیاری لیکرد بڵێ بۆ پیاسە



هاتووە بۆ دەشت. وەختێ گەییە « باغی فەرماندار» بە دەستە چەپا پیچی کردەوە و بە تەک ئەسکەلە شکاوو کۆنە کەشتییەکاندا کەوتەڕێ، زۆری پەلە بوو، چونکە بیستبووی کە ماڵی فەرماندار لەو ناوەیە، هەڵبەتە «خوای باکۆ» دەوروبەری خۆی بەو «فریشتانە» تەنیوە کەلە دایەرەی پۆلیس دا کاریان دەکرد. ورا بە سەلامەتی بە تەک «خوا» و فریشتەکان» دا رەت بوو، بە هیمنی دەڕۆیی. بایەکی توندی دەهات و بە گڤە گف خۆی بە بەینی کابینەو کەشتیی و ریکەکاندا دەکرد. لە دوورەوە دەنگی شوتی کەشتییەک بە شپرزەیی دەهات.

ورا ماوەیەک رۆیی، چوار کەشتیوانی بینی کە بەرەو رووی ئەو دەهاتن، ویستی پیچێ بکاتەوە و لە شوستەکەوە بپەڕیتەوە ئەوبەری شەقامەکە، بەڵام فریا نەکەوت، کەشتیوانەکان بەئانقەست پییان هەڵگرت تا بیگەنێ، رییان پیگرت، ورا کەوتە دڵە خورپە، چی بکات؟ ئەگەر هاوار بکات و داوای کۆمەک بکات چی دەبێ؟ ئەوسا کە لە دەمی سەگ بەر دەبێ و دەکەویتە دەمی گورگ. ئەم بیرانە وەکو چەخماخە بەمیشکیدا تیپەڕین، لەپڕ وەکو کەسیک پیی بڵێ، خۆت تیک مەدە، ئەمە یەکەمین تاقیکردنەوەی تۆیە. لەوانەیە لە داهاتوودا گیروگرفتی سەختترت بیتەرێ، بەریی خۆتا بڕۆ و گوێ مەدەرێ.

ورا زوو بەسەر خۆیا زاڵ بوو. لە کاتیکدا کە چاوی بڕیبووە کەشتیوانەکەی بەرانبەری ویستا. کەشتیوانەکە سەیریکی زەمیلەکەی کرد، قاقا پیکەنی. بە کەشتیوانەکەی تەنیشتییەوەی گوت: کوڕینە خوا کچیکی بۆ ناردووین. بە زەمیلەیەکی پڕ لە نان و سەوزەوە، بیگومان قاپێ عەرەقیشی لە ژیرەوەیە، بخۆ و کەیف بکە؟ کەشتیوانیک لەمە پتر چی گەرەکە؟

کەمیک لە ورا نزیک بووەوە، وەکو یەکیک قسەیەکی زۆر خۆشی کردبێ، قاقا پیکەنی، ورا دوو،سێ شەقاوان کشایەوە. بەڵام تووشی کەشتیوانیکی دی بوو، بە دەنگیکی دلیرانەوە هاواری کرد: بێ ناموسینە وازم لێ بینن!

کەشتیوانەکان کەمیک شڵەژان، چاوەڕوانی ئەم بەرگرییە نەبوون، کەشتیوانی یەکەم کە تۆزێ لەمەوبەر حیلکە حیلک پیدەکەنی، ددانەکانی چیڕ کردەوە و بە توڕەییەوە گوتی: تۆ لە کوێ دەزانی ئیمە بێ ناموسین.

ورا لە رقا دەلەرزی، بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆی کرد و گوتی: ئەگەر بێ ناموس نەبان ریتان لە کیژە کریکاریک نەدەگرت کە خواردن بۆ زیندان دەبات.

ورا چ ئاگای لەکاریگەی ئەم قسەیە نەبوو، لەوانە بوو کەشتیوانەکان بێ کەسی ئەو بقۆزنەوە و رژدتربن. بەڵام ئەم ترسە بێ جێ بوو، کەشتیوانەکان بەو قسەیەی ورا خەمگین بوون. کەشتیوانیکی پیریان کەلە دوورترەوە وەستا بوو، هەرکە قسەکەی ورای ژنەوت، لییان نزیک بووەوە و کەشتیوانی یەکەمی دایە لاوە و بە ئەسپایی گوتی: بچنە دواوە.

دیار بوو ئەم کەشتیوانە دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو. چونکە کەشتیوانەکان قسەیان نەشکاند و چوونە دواوە، کەشتیوانە پیرەکە بە ورای گوت:

– کیژم لە رەفتاری ئەمانە مەڕەنجێ! هیندەیان کاری سەخت کردووە کە سەختی

تیکەڵ بە بوونیان بووە! تەنانەت شۆخیشیان لەبیرچووە. جاریکی دی بە نیگا دۆستەکانی خۆی سەرزەنشت کرد و ئەوجا سەرلەنوێ بە ورای گوت: کیت لە زیندانە؟

ورا هەستی کرد کە دەبێ وەڵام بداتەوە. کە وەڵامیشی دایەوە دەبێ وریا بێ. بۆیە بەبێ خۆ تیکدان گوتی: خاڵم حەپسە.

– خاڵت کییە؟

ورا بۆ ئەوەی قسەکانی بەجیتربن گوتی: خاڵم کریکار بوو، لە مانگرتنی کانەکانی شیبایف دا گیرا، باوکیشم سوارەکانی قوزاق کوشتیان.

کەشیتوانە پیرەکە نیگەران بوو. بە خەمبارییەوە نیگای ورای کرد، ئەوجا بە سەدایەکی سەرزەنشت ئامیزەوە بە دۆستەکانی خۆی گوت: لەویدا، مەردم سینگیان کردووە بە قەڵغانی گوللە و ئیوەش هەرکە لە کەشتییەکان هاتنە دەرێ بە دووی عەرەق دا دەگەڕین. ئەم بەستەزمانە– دەستی بۆ ورا راکیشا– باوکی شەهید بووە، خاڵی لە زیندانا دەناڵینێ، ئیوەش دەتانەوێ ریی لیبگرن.

کەشتیوانە پیرەکە رووی کردەو ورا و زۆر بە هیمنی گوتی:

– کیژم لەبێ ئەدەبی ئەمانە ببوورە، بڕۆ با ماتەڵ نەبێ، بەڵام وریابە، راستە فیتەرخانەکان قەرەباڵغن، هەر کەشتییە و شووت لیدەدا. بەڵام چەندت بوێ «سەگ و گورگ»ش بڵاون.

کەشیتوانەکە ناوی «سەگ و گورگی» هینا. چاویکی داگرت و بزەیەکی هاتێ، ورا تیگەیی کە مەبەستی ئەمن و پۆلیسە. سوپاسی کرد و رۆیی. لەپڕ ویستا. کەشیتوانە پیرەکەی گاز کرد، کەمێ نان و سەوزەی دەرهینا. لە بڵاوکراوەیەکییەوە پیچا و بەبێ ترس لە پیرمیردەکە نزیک بووەوە.

– فەرموو، پێ دەچوو هاوڕیکانت برسیان بێ، من سبەیش خواردن بۆ خاڵم دەبەم.

کەشتیوانەکە هەوەڵ جار وەری نەگرت:– نانا کیژم! پیویست ناکا. خاڵت لە نیو چوار دیواری زیندانا چاوەڕیی ئەم چەند پارووە نانە دەکات. ئازادی لە هەموو شتێ بەنرخترە. بۆ ئەوی ببە.

ورا سوور بوو لەسەر داواکەی. ئەنجام کەشتیوانەکە نانەکەی وەرگرت. ورا دوور کەوتەوە ئەوجا پەی بە هەڵە گەورەکەی خۆی برد. بە دەستی خۆی بڵاوکراوەیدا بووە پیاویک ک کەم و زۆر نایناسی، بە دەم ئەم بیرانەوە پیی هەڵگرت. زاتی نەکرد ئاوڕ بداتەوە، پاش ئەوەی بە تەک کۆمەڵە بەردیکا رەت بوو. ئاوڕیکی دایەوە. کەشتیوانەکانی بینی کە لە جیی خۆیان ویستا بوون و بڵاوکراوەکەیان دەخویندەوە.

دڵی ورا پڕ بوو لە شادی. کەبێ موبالاتی کەشیتوانەکانی بینی کەوتەوە رێ. دوای تۆزیک دیسان ئاوڕی دایەوە. کەشیتوانەکان دیار نەمابوون. ورا شاد بە یەکەمین سەرکەوتنی خۆی بە دڵنیایی لە حەساریکی دارین نزیک بووەوە. بەرزی حەسارەکە باڵا زەلامیک و دریژییەکەی نزیکەی سی مەتر بوو. یەک دەرگای هەبوو، ئەم دەرگایە بە ئاسانی گالیسکەیەکی پیوە دەچوو. کۆمەڵیکی وا سەد کەسی سەرقاڵی داگرتنی تەختەی نیو کەشتییەکی چاورۆکە داربوون. پیاویک کە شەپقەکەی هینابووە سەرچاوی دەستووری بە کریکارەکان دەداو بە سەریانا دەی بۆڵاند. ورا کە بینی کەس



ئاگای لەو نییە بە هیواشی چوو بۆ ئەوپەڕی حەسارەکە. بە وریاییەوە بڵاوکراوەیەکی لە دەرگاکەیدا. کە تۆزێ لەوێ دروو کەوتەوە تووشی دوو پۆلیس بوو. سەرەتا کەمێ پەشۆکا، پاشان سەری بەرز کردەوە و ریک بە بەینیانا تیپەڕی، چوون بۆ بائیل مەحاڵ بوو. دەبێ ریگاکەی بگۆڕێ. گەییە کوبرە رییەکی کەنار کوختەکان و لە داوینی کیوەکەوە گەڕایەوە. بەو نیازەی کە جاریکی دی بە کەنار دەریاکەدا نەڕوات. بە کیوەکەدا هەڵگەرا. لە ریگایەکی سەختی بەردەلانەوە گەییە سەرەتای شەقامی «نیکولافسکی». ورا ئەم ریگا سەختەی بە یەک وچان بڕی بوو. لە سیبەری نەمامە تازە نیژراوەکانی «باغی فەرماندار» ویستا تا پشوویەک بدات. ئەوجا بە هیمنی بە شەقامی «نیکولاڤۆسکی» دا بەڕێ کەوت. گەلیک شەقامانی بڕی. بە بەر گەلێ لە ماڵاندا تیپەڕێ و هەنگاوەکانی خاو کردنەوە. بەڵام نەیتوانی سوود لە بڵاوکراوەکان وەربگرێ. ئەنجام هیلاک و ماندوو بۆ ماڵ گەڕایەوە. هیشتا دایکی نەگەڕابووەوە، زەمیلەکەی لە ژووریکا شاردەوە و لە حەوشەدا دانیشت. هەتاو لە ئاوا بوونا بوو. بایەکە بەرە بەرە توندتر دەبوو. دەتگوت خەریکە دەیکات بە رەشەبا. رەشەبا بیرەوەرییەکی تاڵی لە میشکی ورادا دەوروژاند. کاتێ کە لە ناشتنی تەرمەکەی بابی بوونەوە و بۆ ماڵە سارد و سڕەکەیان دەگەڕانەوە. ئەو رۆژەش رەشەبای دەهات و هیندەی دی خەمباری دەکرد و دەتگوت خوێ بە برینەکانییەوە دەکرێ. خەم دڵی دەگوشی، نەیتوانی بوو راسپاردەکەی هاوڕێ لادو بە تەواوی ئەنجام بدات. بەڵام لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو کە سبەینێ بەیانی زوو لە ماڵ دەرچێ و بڵاوکراوەکان لە سەرانسەری شاردا بڵاو بکاتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: « ئەدی بۆ ئەوڕۆ نەبێ؟ دەتوانرێ لە ژیر پەردەی تاریکی شەودا تەواوی دەرودیوارەکانی شار لە بڵاوکراوە بگیرێ» ئەم بیرانە تەواو ورەیان بەرز کردەوە. تا دنیا تەواو تاریک بوو هەر لە ماڵەوە مایەوە. توزێ نانی خوارد، وردە ئیشەکانی ناو ماڵی جیبەجێ کرد.

لە دەروە بایەکی توندی دەهات، گەردەلوول خۆی بە نیو لق و پۆپی درەختەکانا دەکرد، دنیا تەواو تاریک بوو، لە بری نان و سەوزە هەندێ کۆنە جلی لە زەمیلەکە هاویشت، جلەکانی گۆڕی، سەرپۆشیک لەسەر کرد و لە حەوشە چووە دەرێ. دەرگاکەی توند داخست، کەس لە کۆڵان نەبوو، بایەکە هەموویانی خزاند بووە کونی ژوورەوە. لە شەقامی «ئازیاتسکی» رەت بوو. گەییە شەقامی «بازارنی» چونکە کەسی لەو ناوەد نەبینی، بڵاوکراوەیەکی بە دەرگای دوکانی بازرگانیکەوە چەسپاند. کەمێ دوور کەوتەوە هەستی کرد کە بەشوینیکی چاکییەوە هەڵنەواسیوە، چونکە بازرگانەکە بەیانی زوو دیت و دوکانەکەی دەکاتەوە. رەنگە بڵاوکراوەکە نەخوینیتەوە و بیدڕێ. کەسیش فریای خویندنەوەی ناکەوێ. یان ئەگەر بشی خوینیتەوە رەنگە تەحویلی دایەرەی پۆلیسی بدات. ورا ئەم بڵاوکراوانەی هیندە بەلاوە پیرۆز و خۆشەویست بوون حەیفی لەوە دەهات کە بەم شوینە خراپانەوەی هەڵواسێ. بە هیواشی گەڕایەوە، بڵاوکراوەکەی لە دەرگاکە کردەوە و خستییە نیو زەمیلەکە، تا کۆتایی شەقامەکە رۆیی. هەرچەندە کەس لەو ناوە نەبوو، بەڵام چ شوینیکی وای نەدۆزییەوە کە بڵاوکراوەکەی پیدا هەڵواسێ، ئەنجام گەییە مەیدانی قوبا ئەویش هەر چۆڵ بوو،

دیاره باو تۆز و گەردەلوول کاریکی وای کردبوو کە دوکاندارەکان لە ڕۆژان زووتر دوکانەکانیان داخستبوو، ورا بە دەوری مەیدانەکەدا سوڕایەوە، دوو بڵاوکراوەی بە دوو شوینی چاکەوە هەڵواسی. دانەیەکی بە عامودیکەوە هەڵواسی. لە کاتیکا کە بەرەو شەقامی «بالاخانسکی» دەڕۆیی، دوو پاسەوانی بینی لە پیچی کۆڵانەکەدا ویستا بوون، پیی هەڵگرت، هیشتا زۆر دوور نەکەوتبووەوە چەند جاریک گویی لە دەنگی شاور بوو، لە شەقامی «ڤۆرونسوفکی»یەوە بەرەو ماڵی خۆیان کەوتە غاردان، ترپەی دڵی لەگەڵ دەنگی پوتەکانیا تیکەڵ دەبوو، بە هەزار زەحمەت خۆی گەیاندە کۆڵانەکەی نیوان هەردوو شەقامی «بازاری» و «ئیسپاسکی» چرای ماڵەکەیان هەڵنەبوو. هیشتا دایکی نەگەڕابووەوە، چ بکات؟ وەکو کۆتری لە دەست داڵاش هەڵاتوو، بۆ شوینێ دەگەڕا خۆی تیدا حەشار بدات، دەنگی پێ بەرە بەرە نزیکتر دەبووەوە، تەنیا چەند چرکەیەکی بە دەستەوەبوو کە تەگبیری خۆی بکات، ماڵی خۆیان خەتەر بوو. ئەگەر ماڵەکان بگەڕین ئەوان یەکەم جار ماڵی ئەون دەگەڕین، ئەدی چبکات؟ لەپڕ چاوی بە پەنجەرەی ئەوبەر کەوت، گلۆپی ژوورەکان دەسوتان، ئامینەی بیر کەوتەوە. بێ سێ و دوو لە شەقامەکە پەڕییەوە و خۆی بە حەوشەی ئەوانا کرد، بەپەلە بە قالدرمەکانا سەرکەوت، بە ئەسپایی لە دەرگایدا، بە دەم چاوەڕوانییەوە گوییەکی لە کۆڵانەکە بوو، گوییەکی لە دەرگاکە بوو. دەنگەکان زۆر نزیک بوو بوونەوە. پاسەوانەکان لەبەردەم حەوشەکەدا دەسووڕانەوە، لە ترسی ئەوەی نەبادا بینە حەوشەوە، ورا بە توندی لە قاپیدا، دەنگی ئامینە هاتە گوێ: کییە؟

ورا زۆر بە ئەسپایی گوتی: منم ورا.

ئامینە بەرلەوەی دەرگاکە بکاتەوە، هەرکە دەنگی ورای ژنەوت بە خۆشییەوە هاواری کرد: دایکە! ورا هاتووە، خۆت ئامادە بکە با بڕۆین.

ئەوجا دەرگای کردەوە و باوەشی بە ورادا کرد، دەستی گرت. لە ڕارەوە تەنگەکەدا بە دەوری خۆیدا سووڕاندی، گوڵئارا خانم کەوتە گلەیی: ورا ئەوە لە کویی؟ دەمیکە چاوەڕوانتین.

ورا زەردەخەنەیەکی کرد، کەس هەستی بە شپرزەیی ئەو نەکرد، ئامینە وای دەزانی کە ورا بەراستی بۆ ئەوە هاتووە بچن بۆ سەر شایی. بەڵام لەبەر ئەوەی دواکەوتووە شەرمێ دەکات و قسان ناکا. دایک و کچ بێ ئەوەی پرس بە ورا بکەن دەستیان بە گۆڕینی کرد، ئامینە بڕیاری دابوو کە ورا بە جلی ئازەریەوە بۆ سەر شایی بەرێ، چونکە جلەکانی خۆی بە بەری ئەوی نەدەکرد، ئاوەڵ کراسە ئاوریشم و کراسە سەوزەکەی دایکی بۆ ئامادە کردبوو، ورایان چەشنی بووک ڕازاندەوە. ئامینە کەمەر بەندیکی بۆ هینا، ملوانکەیەکی مرواریشی لە ملی کرد، ئەوجا بە ڕاکیش ڕاکیش بردی بۆ لای بابی و پرسی: باوکە! ئەم بووکە خانە کییە کە هەواڵی تۆ دەپرسیت.

میرزا حوسین لە هەوەڵەوە هەستی بە شۆخییەکەی ئامینە نەکرد، عەینەکەکەی کردە چاوی و بە وردی ڕوانییە ورا، کە ئامینە لە قاقای پیکەنینیدا، میرزا حوسین هەستاو تەوقەی لەگەڵ ورا کرد.

– ماشەڵڵا کیژی خۆم، بە ڕاستی بوویت بە بووکی تەواو، نەمناسیتەوە.



ورا بە شەرمیکی زۆرەوە گوتی: من هەر بیری شاییم نەبوو، ئامینە بە تۆپزی جلەکانی گوڵئارا خانمی لەبەر کردم، ڕاستییەکەی من ئەو کچەی کە شووی کردووە ناناسم.

میرزا حوسین دەستیکی بەسەریا هینا، بزەیەکی کز نیشتە سەر سیماو لیوە وشکەکانی، مامۆستای پیر بە هیمنی چاوی تیبڕی بوو.

– کیژم چوونە سەر شایی تەنیا بیانووە بۆ گۆڕینی حەواستان، ئەو کچە ئەوڕۆ شوو دەکات، کە حەوت، هەشت ساڵان بوو من مامۆستای بووم، کچیکی زەین کویر و جڕپن بوو، بەڵام کە داوەت کراون بڕۆن، بە چاوی خۆت دەبینی کە چ گەوجیتی و زەین کویری و نەزانییەک لە ژیر زیر و گەوهەردا خۆی مەڵاس داوە. ئەمە هەمووی نیشانەی بۆگەنی ئەم ڕژیمەیە.

ورا لەپڕ بە ئامینەی گوت: ئاخر دایکم نیگەران دەبێ.

میرزا حوسین لە جیاتی ئامینە وەڵامی دایەوە: من خەبەری دەدەمێ، تۆ دڵنیابە. دوای تۆزیک گوڵئارا خانمیش ئامادە بوو. ورا لەم کاتەدا زەمیلەکەی بیر کەوەتەوە. چۆن زەمیلەکەی بەو هەموو بڵاوکراوەیەوە لیرە دابنێ؟ بێ ئەقڵی نییە؟ بە بیانووەیەکەوە چووە داڵانەکە و زەمیلەکەی لە پشت دەست شۆرەکە شاردەوە. دوای کەمیک هەرسیکیان بە عەباوە لە ماڵ چوونە دەرێ، چ کەسیک لە کۆڵانەکەدا نەبوو، دنیا هیشتا تەواو تاریک نەبوو بوو، خانوو درەختەکان دەبینران، ورا وای هەس کرد کە پاسەوانەکان وەرس بوون و بە نائومیدی گەڕاونەتەوە، تۆزێ هیور بووەوە، لێ کە گەیینە سێ ڕییانەکە دوو کەسی بینی پشتیان بە دیواریکەوە دابوو، ترسی لێ نیشت، بێ ئیختیار قۆڵی ئامینەی گرت دوو پاسەوان لە سووچیکی شەقامەکەدا ویستا بوون. هاوڕیکەی گاز کرد: ماڵ ویران، ئەمانە موسڵمانن.* (مەبەست لە موسڵمان، یانی غەیرە ڕووس).

ئەوی دی بە دەم باویشک دانەوە وەڵامی دایەوە: با بڕۆین، ئیدی خواش نایدۆزیتەوە. کێ دەزانێ بەم نیوەشەوە خۆی بە چ کونیکدا کردووە.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان، ئامینە بە ئەسپایی پیکەنی و بە دایکی گوت:

– دایکە، ورا وەکو منداڵ کە پاسەوان دەبینی دەترسیت، بە جۆرێ قوڵی منی گرتبوو هەر مەپرسە..

نە گوڵئارا و نە ورا هیچیان وەڵامیان نەدایەوە، هەر دووکیان چوو بوونە ژیری، گوڵئارا بیری لە بەدبەختی ورا دەکردەوە، منداڵە چبکات؟ لە پاسەوانی ئاسایش دەترسیت. ماران گەستە لە گوریسی ڕەش و سپی دەترسیت.

وراش لەم کارەی خۆی پەشیمان بوو، ترسان و بە تایبەتی قۆڵ گرتنی ئامینەی بە کاریکی نابەجێ دەژمارد. بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ قیز لە ترس بکاتەوە. هەرگیز ئەو وتەیەی باوکی لە یاد نەدەچوو کە دەیگوت: ئینسان یەکجار دیتە دنیاوە و زۆر کەم دەژی، ئیدی بۆ دەبێ ئەم تەمەنە کورتە بە ترسەوە بگوزەرینێ. مەردانە بژی و مەردانە بمرە!

## 15

موختاربەگ و ئەسلان بە درێژایی ڕێگای بالاخانی- سابونچی ورتەیان لێوە نەهات. موختاربەگ هۆگری بیرکردنەوە نەبوو، زۆری سەر دەیەشا، دەتگوت کوتەکێکی قورسیان بە سەریا کێشاوە. موختاربەگ ئەو ڕۆژەی هەرچی کرد و کۆشا نەیتوانی لە کاتی خۆیدا بۆ شار بگەڕێتەوە، دەمە دەمی ئێوارە بە سواری گالیسکە بەرێ کەوتن. دوای دەرکردنی ورسکی و بەرێکردنی شنتوکوف وای دەزانی هەموو کارەکانی تەواو کردووە. بۆیە بە دڵنیاییەوە نارد بووی بە دووی گالیسکەدا، بەڵام لەم کاتەدا کرێکارەکانی دەرەوەی نووسینگەکە کەوتنە غەڵبەغەڵب و هەرا و هۆریا، موختاربەگ گوێی بە دەنگی شنتوکوف زرینگایەوە، لە پەنجەرە وازەکەوە بە ئاشکرا دەنگی شنتوکوف دەبیسترا. «لەم ڕۆژانەدا کرێکارە فنیش کراوەکان دەگەڕێنەوە سەرکارەکانیان. هەروەها کرێی خانوو پارەی سابون بە هەمووان دەدرێ» سیمای موختاربەگ گۆڕا، دەموچاوی بەگ هەم لە کاتی پێکەنینا و هەم لەکاتی پەستیدا چرچ ولۆچ دەبوو، وەک گەڵایەک بکەوێتەسەر زونگاوێک و بیشڵەقێنێ.

کە شنتوکوف لە قسان بووەوە حەشاماتەکە هاواری لێ هەستا، بەگ بە کوڕەکەی گوت: کاری ئەو ژنە تەواو خەتایە، تۆ زوو زوو مەچۆ لای.

ئەسلان لە شەرماندا سەری داخست. دەنگێک زنجیرەی بیرەکانی بەگی پچڕاند، یەکێک هاواری کرد: « هاوڕێیانی کرێکار! بە قسەکانی ئەو مەخەڵەتێن» چارەی بەگ گرژ بوو.

ئەسلان هەستی کرد کە لەم کاتەدا باش نییە باوکی لەبەرچاوی کرێکارەکان دەربچێ، بۆیە گالیسکەی گاز نەکرد.

موختاربەگ بە شپرزەییەوە گوتی: ئەسلان، ئەوە کێ قسان دەکات؟ من ئەم دەنگەم بەلاوە بێگانەیە.

ئەسلان کوت وپڕ دەستی بۆ گیرفانی برد، ئەم کارەی لەلابوو بوو بە خوو، جگە لە گیرفانی ئومێدی بە چ شتێکی دی نەبوو، موختاربەگیش لەو کاتەدا کە گوێی لە قسەکە دەگرت. سەیری دانیلوف و میرزا قاسمی دەکرد کە وەکو سەربازی ملکەچ لە بەردەمیا ویستا بوون. لێوەکانی تەتەڵەی دەکرد، چاوەکانی ئەبڵەق بووبوون، وەکو بێ نیو ئاو دەلەرزی، قسەکانی چونیاتوف و ملیکیانتس وەکو پۆڵای داخ کراو پزیسکیان دەهاویشت. بەگ دەتگوت لە تاو گەرمی ئەم پۆڵایە دەبرژێ و بۆ ئەوەی پزیسکێ نەچێتە چاوییەوە، بەردەوام پێلوەکانی بە یەکا دەدا.

بەگ ڕووی لە ئەسلان کرد و پرسی: ئەسلان ئەوە کێیە قسان دەکات؟ وەرە لە پەنجەرەکەوە سەیر بکە بزانە کێیە؟

ئەسلان چووە بەر پەنجەرەکە، لە سووچێکەوە ویستاو بە وردی ڕوانییە دەرێ، ئەوجا بە ئەسپایی گوتی: نایناسم باوکە، یەکێکیان پیاوێکی ڕیشنە و یەکێکیان گەنجە. هەموو لە دەوری ئەوان کۆبوونەتەوە. ئەها، یەکێکیش بڵاوکراوەی پەخش کردەوە. باوکە، ئەمە ترسناکە، بە گوللەیەک بڵاوەیان پێدەکرێ.



ئەسلان دیسان دەستی بۆ گیرفانی برد. موختاربەگ توند دەستی گرت و هاواری کرد:

– چ دەکەی ئەسلان؟ هیچمان پێ ناکرێ، ئەوجا بە ئەسپایی گوتی: میزرا قاسم وەستای ئەم جۆرە کارانەیە.

ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی میرزا قاسمی کرد، میرزا قاسمی حیسابدار لە فیکەی خۆی حاڵی بوو، خێرا هەستاو بەپەلە بەرەو دەرگا چوو، بەگ بە گورجی گوتی:

– تاقیبی کابرای ڕیشن بکە، وەکو سێبەر شوێنی بکەوە! بزانە لەگەڵ کێدا قسان دەکات، بۆ کوێ دەڕوات، ئەوشۆ پاروشینم بۆ شاییەکە دەعوەت کردووە. لەوێ بە خۆی دەڵێم.

میرزا قاسم لە نووسینگەکە دەرچوو.. ئەسلان کە لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەریی دەکرد، بانگی کرد: دەڕۆن.

موختاربەگ هەرکە گوێی لەو وشەی «دەڕۆن» بوو زاتی پەیدا کرد و لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە، بەراستیش کرێکارەکان بۆ شوێنێ دەڕۆیشتن، تەنیا سێ، چوار کەسێک لە دەوری شتنوکوف مابوون.

بەگ بە ئەسپایی بە کوڕەکەی گوت: بەرەو کانەکانی مانتاشف دەڕۆن، با بڕۆن، مانتاشف بە هێزترە، بە چاوتروکانێک خەفەیان دەکات، تۆ تەماشای ئەمە بکە. بە تەوسەوە پەنجەی بۆ شنتوکوف ڕاکێشا- بێ غیرەت! شێرە بەفرینەیە! ئەگەر دەمی چەور نەکەین هیچمان بۆ ناکات.

بەگ لە کاتێکدا کە دەستی خستبووە پشتی، چەند جارێک بە ژوورەکەدا هات و چوو، پاشان گوتی: با بڕۆین، شەومان لێداهات، میرزا قاسم هەموو شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بێ دەنگییەکی شووم باڵی بەسەر نووسینگەکەو دەرەوەدا کێشابوو، سورن پتروفچ وەکو بت بە بێدەنگی ویستا بوو، ئەو لە هەموو کەس پتر ئاگای لە قەیران بوونی وەزعەکە هەبوو، چاک دەیزانی ژیانی موختاربەگ بەتاڵە موویەکەوە بەندە. بەگ خۆشی هەستی بەمە دەکرد. بەڵام چونکە ئەوەندە سەری لە مەسەلە ئابوورییەکان دەرنەدەچوو زۆر خۆی تێهەڵنەدەقورتاند.

لەکاروباری داراییدا تەنیا ئەمەی دەزانی کە هەزار بۆشکە نەوت، بۆشکەی لە پەنجا کوپک دەکاتە ٥٠٠ مەنات، هەڵبەتە ئەگەر بۆشکەی بە ٥٥ کوپک بدات قازانجەکەی پتر دەبێ، بەڵام کەسانی وەکو دانیلوف بە گوێرەی بارودۆخ کاری دەکرد، تەنانەت لە کاتی پێویستدا بە بیست کۆپکیش ڕازی دەبوو، لەم حاڵەدا قازانجی زۆرتریان دەست دەکەوت.

بە کورتی موختاربەگ تەنیا لە وردە حسیبەکاندا شارەزا بوو.

دەنگی موختاربەگ دڕی بە کپی ژوورەکەدا: با بڕۆین.

وشەی «بابڕۆین» دوا وشە بوو کە لە بالاخانی لە دەمی دەرچوو، ئیدی تاکو سابونچی ورتەی لێوە نەهات.

خانووە نوییە دوو نهۆمیەکەی موختاربەگ کەوتبووە کەنار دەریا، لەو دەمانەدا

خانووبەرە بۆ خاوەن نەوتەکان بەسەرچاوەیەکی گەورەی دەرامەت دەهاتە ژماردن. هەرکەس پارەی هەبوایە خیرا خانوویەکی قوت دەکردەوە و بە کریی دەدا! کریی خانوو جۆرە دەرامەتیکی هەمیشەییی بوو بۆ دەوڵەمەندان. بەڵام موختاربەگ هیشتا فریای ئەمە نەکەوت بوو، چونکە ئەمە یەکەم خانووی بوو، ئەویش بۆ دانیشتنی خۆیان دروستی کردبوو نەک بۆ کریّ. راستیەکەی موختاربەگ تازە پیداکەوتوو بوو، چەند ساڵیّ لەمەوبەر بازرگانیکی بچووک بوو، دوکانەکەی لە شەقامی «بازارنی» بوو. بازرگانیکی مام ناوەندی بوو. ئەوەندەش کەیفی بە بازرگانیدا نەدەهات. بەڵام بیری کانە نەوت خەوی لیّ حەرام کرد بوو. بە چاوی خۆی دەی بینی کە هەندیّ کەس بە سایەی نەوتەوە لەپڕ دەبن بە ملیۆنیر، ئیدی شەو و رۆژ لە خولیای بە دەست خستنی کانە نەوت دابوو، ئاخری بەم ئاواتە گەیی. هەواڵی زانی کە بەشیک لە زەوییەکانی بالاخانی دەفرۆشن. دوکانەکەی بەسەر قفلڵانەدا. هەندیّ پارەشی لە جەبار بەگی ژن برای، کە لە زەویدارەکانی قاراباغ بوو، قەرز کرد و زەوی کری، بیریکی لیدا. خۆی و شانسی لە ماوەیەکی کەمدا گەییە نەوت. موختاربەگ بە ئاواتی خۆی گەیی، ل ماوەی سیّ، چوار ساڵدا بە سایەی نەوتەوە بوو بە یەکیک لە «پینج پیاوە ناودارەکانی» باکۆ. نەوت لەقەبی «بەگ»ی خستە پاڵ. خۆشی نەیدەزانی چۆن بوو بە «بەگ» نەوت ریزیکی وای پیّ بەخشی، تەواو لە خۆی گۆڕا.

موختاربەگ هەموو وردەکارییەکی نەوت فیر بوو بوو، گەرچی لە مەسەلەی سەرفوسوندا هەندیّ دەست سپی بوو، بەڵام لەبەرهەم هینانا زۆر لیهاتوو بوو. زەویەکەی چوار هیندەی جاران لیّ کردبوو، بیرە نەوتی چاکی هەبوو، لەو ساڵانەی دواییدا، کارەکەی بەرەو کەسادی دەچوو، لەگەڵ زۆر بوونی بەرهەمدا پارەی بانقی کەم دەبوو، شلۆقی و ئاژاوە لە کانەکاندا پەرەی دەسەند. کریکار ئیدی ئەو خەڵکە گویّ رایەڵ و ملکەچەی جاران نەبوو. هەندیّ دەستی نادیار کریکاریان دژی هان دەدا، موختاربەگ دەترسا رووبەرووی ئەو کریکارانە قسان بکات کە لە سەرەتادا بە بنیادەمی حسیب نەدەکردن.

وەختیّ موختاربەگ و ئەسلان گەیینە ماڵەوە، دنیا تاریک بوو بوو، بەگ لە نووسینگەکەوە تاکو ماڵیّ سەری کردبووە سەر گالیسکەچییەکە کە خیراتر باژویّ، لەوانە بوو میوانە پایەبەرزەکان لەوە زویر بن کە بەگ خۆی لەویّ نییە، لەوانەیە تقی یوف و نەقی یوفش هاتبن چونکە بەخۆی دەعوەتی کردبوون. رەنگە جەنابی فەرمانداریش بیت.

کە گالیسکەکە بە شەقامەکەی بەرماڵی ئەواندا پیچی کردەوە. موختاربەگ بەپەلە هەستا، هیشتا ئەسپەکان بە تەواوی نەوەستا بوونەوە، خۆی هەڵدایە خوارەوە و بە کوڕەکەی کە لە دوایەوە بوو گوت: زوو جلەکانت بگۆڕە، لەسەر قالدرمەکان بوەستە، خۆت پیشوازی میوانەکان بکە.

بیّ ئەوەی چاوەڕیی وەڵام بیّ، لە خزمەتکارەکەی بەر دەرگای پرسی:

– کەربەلاییی،کیّ هاتوون؟

کەربەلاییی کرنۆشی برد و گوتی: لە گەورەکان کەس نەهاتوون. ئەوانەی هاتوون



هەموو هەر وردەکانن.

– ئەوانە گرنگ نین!

بە هیمنی بە سەر قالدرمەکاندا سەرکەوت، بیّ ئەوەی سڵاو لەکەس بکات چووە ژوورەکەی خۆی. ئەم ژوورەش وەکو گشت خانووەکە لەسەر شیوەی رۆژهەڵاتی دروست کرابوو. موختاربەگ هەر بە رازانەوە نەویستابوو، بۆ خۆ نواندن هەموو رەنگەکانی جیهانی لە بن میچ و دیوارەکان هەڵسوو بوو. نیگارو وینەی ئەفسانەیی بەسەر دەرگا و پەنجەرەکانەوە هەڵواسرابوو، سۆپایەکی جوان لە ناوەندی ژوورەکە دانرابوو. وەختیّ بەگ چووە ژوورەوە، کابرایەکی ردین چەرمووی پۆشتەو پەرداخ هەستایە سەرپیّ.

موختاربەگ هەر کە چاوی پیی کەوت بەسەر سامی گوتی: جەبار ئەدی بۆ لای میوانەکان نیت.

جەبار بەگ بە کەمتەرخەمییەوە وەڵامی دایەوە: موختار، تۆ بە میوان و شت سەری من قاڵ مەکە، وەعزی دیهات باش نییە. دەبیّ بڕۆم چارەیەکم بکە. خۆم لیرەم بەڵام دڵم لەوییە.

موختاربەگ بە پەستییەوە گوتی: ئاش لە خەیاڵیّ و ئاشەوان لە خەیاڵیّ!

پەنجەرەکەی کردەوە، هاواری کرد: ئەهای منداڵ، بە سەکینەخانم بڵێن بیّ بۆ ئیرە، ئەوجا دەرگاکەی داخست و گەڕایەوە لای جەبار بەگ.

– خۆت دەزانی من وەزعم باش نییە، نەوت روو لە نەمانە، خۆشم وەکو تۆ بەرەو نابوتی دەچم. با جاریّ شایی ئەم کچە تەواو بیّ، ئەوجا بزانین چیمان بەسەر دیّ.

جەباربەگ قەناعەتی نەکرد. دووکەڵی جگەرە سمیڵی زەردە زەرد کردبوو، دەستیکی بە سمیڵی دا هینا و لە موختاربەگ نزیک بووەوە.

– موختار من پیاوەتیم بەسەرتەوە هەیە. من پارەم دایتیّ کە لە بالاخانی دا زەوی بکڕی ئیستاش کارم گەنە، دەستکەوتەکانم لە کزییە، قات و قڕی و گرانی ئەم دووساڵە پشتی شکاندووم. ئەگەر پارە پەیدا نەکەم، ناتوانم بگەڕیمەوە. بازرگانەکان کەوڵم دەکەن. بەدناو دەبم.

– باشە بۆ سەرانە و باج لە دیهاتییەکان وەرناگریت؟ سەرانە و باجیش وەکو پارەی کاش وایە.

– کوڕە هەرەکەوڵم کردوون. هەرچیەکیان هەیە هی منە. بەڵام هیشتا کەمە و بەش ناکات. زەوی و زاریکی زۆرم کڕیوە و ئەو قەرزانەی وەرم گرتوون بە وەعدەی یەک هەفتە کردوومدن. ئەگەر لەو هەفتەیەدا نەیدەمەوە دەبیّ بە دوو ئەوەندە. تۆ بازرگانەکانی قاراباغ ناناسیت. لەسەر باوکیان ناوەستن. ناتوانم چاوەڕیی تەواو بوونی شاییەکە بکەم. موختار ئەوشۆ هەندیّ پارەی کاشم بدەیە تا سبەینیّ بڕۆمەوە ئەگینا.

جەبار بەگ هیشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە ژنەکەی موختاربەگ لە دەرگاوە هاتە ژووریّ. سەکینە خانم نزیکەی سەد کیلۆ دەبوو. هیندە هەڵسوڕا بوو هەناسە بڕکیی پیّ کەوتبوو. کە بینی براکەی چووەتە ژیری، لیی راما، بەڵام جەبار بەگ گویی نەدایێ. موختاربەگ لەم قسە ناخۆشانە رزگار بوو بوو لە ژنەکەی پرسی:

– سەکینە کێ هاتوون؟ کارەکان دروستە؟

گوتی: سوناخانم ژنی تەقییف، ئەنگوستیلەیەکی ناردووە.

موختابەگ قسەگەی بڕی و گوتی: واتە خۆی نایەت.

– بیگومان نایەت، چونکە ئەگەر بهاتبایە« چاوڕۆشنی» نانارد. لەگەڵ خۆیدا دەیهینا. بەڵام ئەنگوستیلەیەکی زۆر چاکە. فەرەنگییە.

– سەکینە بەسە با بزانم!

موختاربەگ بە توندی قسەی ژنەکەی بڕی و رووی بۆ لای ژن براکەی وەرگیڕاو گوتی:

– بیگومان «حاجی»ش نایەت. هەموو ئومیدیکم ئەم شاییە بوو، وام دانابوو کە بیت. حاجی دۆستی تەنگانەیە. بەداخەوە کە نەهات. ئەگەر بهاتبایە هەم بۆ من و هەم بۆ تۆش باش بوو. تەنیا ناوی حاجی زەینەڵ عابدین بەسە.

سەکینە خانم بە هیمنی گوتی: فەرماندار گوڵی ناردووە.

موختاربەگ لە خۆشیاندا هاواری کرد: گوڵی ناردووە؟ زۆر چاکە، بیخەنە گوڵدانی هۆڵەکەوە.

سەکینە خانم دەیویست شتیکی دی بلێ کە ئەسلان بە شپرزەییەوە لەبەر دەرگاوە گوتی:

– باوکە پەلە بکە! سەرهەنگ پاروشین.

موختاربەگ پەشۆکا، نەیتوانی لە خۆشیاندا قسان بکات. بەپەلە لە دەرگاوە چووە دەرێ.

گوڵئارا و ئامینە، بوکیان لە منداڵیەوە دەناسی. میرزا حوسین سێ، چوار ساڵ مامۆستای بوو، پاش ئەوەی کچە زرە خویندەوارییەکی پەیدا کرد، ئیدی میرزا حوسین پەیوەندی لە گەڵیاندا بڕا. دەعوەت کردنیان بۆ ئەم شاییە چاوەڕوان نەکراو بوو، ژنەکەی موختاربەگ هەر بۆ ئەوەی زیڕ و گەوهەرەکانی نیشان دۆست و ئاشنای دوور و نزیک بدات، هەموویانی دەعوەت کردبوو. میوانەکان بەتایبەتی هەژارەکان هەر کە دەچوونە ژوورەوە ئەبلەق دەبوون. سەکینە خانمیش بە نەشئە و لە خۆبایی بوونیکی گەوجانەوە دەیگوت: بە موختاربەگم گوت تا دەکرێ خانووەکە سادە بیت، رازاندنەوەی زۆری ناوێ. خوانەخواستە بە چاوەوە دەبین، چاوی بەد.

قسەکانی سەکینە خانم میوانەکانی ناچار بە بسم الله کردن و ماشەڵڵا کردن دەکرد.

ئەوڕۆژە هەر کەسەو شوینی تایبەتی خۆی هەبوو، جیگاکان بە گویرەی حیسابی خشڵ و گەوهەر دابەش کرابوون. هەر کەسێ سینگ وبەرۆک و قامکەکانی لە خشڵ و گەوهەردا بریقەی بدایەتەوە ئەوا جیگای سەرووی ژووری ژنان بوو. خەڵکانی وەک گوڵئارا و ئامینە لە پاینی ساڵۆنەکەدا کز کۆڵەیان دەکرد، چ کەسیک لە هاتنی ئەوان خەبەردار نەبوو. خاوەن ماڵ لەگەڵ دەستەژنیکی ئارایشت کردوودا سەرگەرم بوو، گوڵئارا و ئامینە و ورا عەباکانیان داکەند. لە تەک کۆمەڵە ژنیکی نەناسەوە دانیشتن، ورا یەکەمجاری بوو کە دەچووە ماڵی دەوڵەمەندیک، بۆ یەکەمجار بینی کە رەنجی زەحمەتکیشان لە کوێ و بۆ چ شتێ خەرج دەکرێ. هەر خشڵ و زیر بوو،



دەبریقایەوە. ئەو ژنانەی کە لە بیکاری و زۆر خۆریا هەڵئاوسا بوون هەرکە دەگەیینە جێ دەستیان بە باسی جل و خشڵ و گەوهەر و شایی دەکرد.

پاش ماوەیەک دەستەی گۆرانی بیژ و ئاواز خوین و مۆسیقا ژەن هاتن. یەک دوو ژن کە لە تەک ورا دانیشتبوون ویستیان خۆیان وەشیرن. یەکیک بە پیکەنینەوە گوتی: خۆتان مەشارنەوە کچێ، خۆ موسڵمان نین، ئەرمەنین. دوو، سێ پیاوی تارو کەمانچە و دەف و دایەرە بە دەست لە سەرووی ساڵۆنەکەوە ویستا بوون. بەڵام تاقە ژنکیش روو خۆی دانەپۆشی بوو. کەواتە بەم پییە بێ ژنی موسڵمان تەنیا لە پیاوی موسڵمان ئیجاب دەکەن. کە دانیشتن چایان بۆ هینان. لەسەرمیزیکی جوان و رەنگین بۆیان دانان. کە چایان خواردەوە دەستیان بە لیدانی ئاوازی سەما کرد. تا ماوەیەک چ کەسیک بۆ سەما کردن هەڵنەستا. ژنیک کە بۆ گەرمکردنی کۆڕەکە بە نیو خەڵکەکەیا دەگەڕا، زۆر بە جوانی لەگەڵ هەموو ئاوازەکانا سەمای دەکرد. بەڵام نەیتوانی کەس ببزوینێ و بخاتە سەما.

کۆڕ گەرم بوو، کچانی تازە هەڵچوو سوراو کردوی دەوڵەمەند یەک یەک سەمایان کرد. دیمەنیکی سەیر بوو، لەگەڵ سەما کردنا خشڵی رەنگاورەنگ، گۆیەرۆک، کەمەربەند و ملوانکە زیڕەکان لەبەر تیشکی گلۆپی هۆڵەکەدا دەبریقایەوە. کە هاڕەی گۆیەرۆک و خشڵ و هەیاسە تیکەڵ بە نەوای مۆسیقا دەبوو، ورا هەستی بە نامۆیی دەکرد. بە قوڵی هەستی بە ناکۆکی ئەم دوو جیهانە دەکرد. کە کیژە دەوڵەمەندێ دەڕەقسی لە هەموو لایەکەوە پارەی بە سەرا دەرژا، بەمەیان دەگوت شاباش، هەندێ جار شەرمی دەکرد و شاباشی وەرنەدەگرت، ئەوجا ژنیکی خزمی بووکێ یان زاوا پارەکانی دەکردە سینییەکەوە و لە بەردەم نەوا خوانەکاندا هەڵیدەڕشت. دایەرە ژنەکەش بە کەیفیکی زۆرەوە خڕی دەکردەوە و دەیکردە کیسەیەکەوە.

ورا تا کۆتایی شەو هەر تەماشاکەر بوو، یەکیک لە کچەکان ریک لەبەردەم ئەودا دایکوتا و بە دەم سەماکردنەوە بۆ هەڵپەڕینی گاز دەکرد. ورا سووربووەوە، هەرچەندی ئیشارەت کرد کە هەڵپەڕکێ نازانێ، کچە دەست بەرداری نەبوو، تا وای لیهات ئەمە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی راکیشا. دەنگی چەند ژنیک لە سەرووی هۆڵەکەوە بەرز بووەوە: هەستە کیژێ! بۆ ناز دەکەیت؟ هەستە، هەستە!

گوڵئارا خانم ناچار بوو راستیەکەی بلێ کە ئەو کیژە رووسە و جلی ئازربایجانی لەبەر کردووە. ئەم قسەیە سەرنجی هەمووانی راکیشا. بۆ ماوەیەکی کورت هەمووان ئاگایان لە موسیقا بڕاو کەوتنە تەماشاکردنی ئەو. تەنانەت سەکینە خانم بە خۆی لە ورا نزیک بووەوە و زەردەخەنەیەکی تەڕی بە روویادا.

ورا نیگەران بوو، حەزی نەدەکرد ژنان بیناسن و بزانن رووسە، بۆ ئەوەی بواری پرسیار کردن بۆ دانیشتوان نەیەڵیتەوە بە ئەسپایی بە گوڵئارا خانم و ئامینەی گوت: تکایە ناوی راستەقینەمیان پێ مەڵێن. مەشڵێن ئازەری باش دەزانم.

بڵێن ناوی ڤالنیتنیایە، دەرسی رووسی بە ئامینە دەڵێ: تازە هاتوون بۆ باکۆ. بەڵام ئەم داوایەی ورا بێ سوود بوو، ئارەزوومەندانی «هەواڵی نوێ» دەوریان دان، هەواڵی هاتنی ڤالنتینا– ژنە مامۆستای رووس– لە نیو ئەم ئارەزوومەندانەدا بڵاو بووەوە.

هۆڵی گەورە، واتە کۆڕی پیاوان سام و شکۆیەکی پتری هەبوو، لەسەرووی هۆڵەکەوە، پیاوانی دەوڵەمەند و خاوەن پلەو پایە لە دەوری میزی رازاوەدا دانیشتبوون.

سەرهەنگ ئەو رۆژە جلی ئەهلی لەبەر بوو، خۆی زۆر گەورە گرتبوو. تاکو نیوەی هوڵەکە مەردم لەسەر کورسی دانیشتبوون، لەوەش بە خوارەوە لەسەر دۆشەکەڵە و بەڕیز لە پاڵی دیوارەکەدا دانیشتبوون. چاوەش و گۆرانی بیژەکان لە نیو هۆڵەکەدا بوون. قەتاری خەمگینی سێ گایان لیدەدا.

میوانەکانی ژوورەکەی تەنیشتەوە پتر هەستیان بە ئازادی دەکرد وسەرگەرمی قسەو پیکەنین بوون.

دانیلوف بە دەم چا خواردنەوە لە گۆشەیەکا لە گەڵ بەڕیوەبەری کانەکانی مانتاشفدا قسەی دەکرد.

– بۆشکەی بە بیست کۆپک هەرزانە، ئاغاشت رازی دەبێ.

بەڕیوەبەری کانەکانی مانتاشف سەری لەقاند و بە دەم چاخواردنەوە وەڵامی دایەوە:

– ئاغام خراپ تیکەوتووە، ئامادەیە نەوتەکەی خۆی هەراج بکات و بە مەمنوونیەوە بۆشکەی بە بیست کۆپک بفرۆشیت.

– باشە هەژدە کۆپکمان بدەنێ. ئیوە عەماری بەتاڵتان هەیە. بیکڕن و هەڵی بگرن، خۆ ئەم وەزعە هەروا نامینێ، نرخی نەوت بەرز دەبیتەوە. ئیمە لەبەر ئەوەی جیمان نییە وا هەرزان فرۆشی دەکەین.

بەڕیوەبەری کانەکانی مانتاشف گوتی: نەخیر سۆرن پترۆفچ! دەری ناهینێ.

بە زەردەخەنەوە سەری لەقاند.

سێ گاکە تەواو بوو، مۆسیقا ژەنەکان دەستیان بە لیدانی مۆسیقای سەماو هەڵپەڕکێ کرد. کەس بۆ هەڵپەڕکێ هەڵنەستا، هەموو چاویان لە پاروشین و دارودەستەکەی بوو.

موختاربەگ هەرچەند لە هۆڵەکەدا و لە تەک جەبار بەگ و ئەسلان ویستا بوو، هەندێ جار دەستوری بە پیشخزمەت و ئاشپەزەکان دەدا، بەڵام بە موو چاوی لە پاروشین نەدەگواستەوە.

لەپڕ دەستوریک لە پاروشینەوە گەیی: بۆ کەس سەما ناکات، با برای بووکێ بڕەقسێ.

ئەسلان کەمێ نازی کرد، لێ موختار بەگ بە گوییا چپاند: بڕۆ سەما بکە، پتر لەبەردەم سەرهەنگدا.

– بەسەرچاو.

ئەسلان شەپقە خورماییەکەی هینایە سەرچاوی و چووە هۆڵەکەوە، لە پایینی ژوورەکەوە دەستی پیکرد تا گەییە بەردەم گوڵی مەجلیسەکە «پاروشین» لەبەردەم پاروشیندا کەوتە سوڕدان. پاروشین چاوە فیلاوییەکانی تیبڕی و ئەوجا پارەیەکی دە مناتی بۆ فڕیدا، ئەوانی دیش دەستیان بە گیرفانا کرد، ئەسلان پارەکانی خڕ کردەوە،



لەبەر دەم چاوەشەکاندا هەڵی رشت و بە سەما کردنەوە خۆی بە ژووریکی دیدا کرد. موختاربەگ لەم کاتەدا ئاوڕیکی دایەوە. سەیری کرد میرزا قاسم لە تەکیا ویستا بوو. کاکی حیسابدار دەیڕوانییە چارەی ئاغاکەی. بە جۆرێ ویستا بوو، دیار بوو کە هەر فەرمانێ لە دەمی موختاربەگ بیتە دەرێ دەم و دەست ئەنجامی دەدا. موختاربەگ هەر کە ئەوی بینی گوتی:

– میرزا قاسم شیر بووی یان ریوی؟ بە کورتی شتەکانی ئەوڕۆم بۆ جەنابی سەرهەنگ گیڕایەوە، کابرا ریشنەکەت سۆراخ کرد؟

میرزا قاسم بێ ئەوەی قسان بکات، ئیشارەتیکی بە دەوروبەر کرد و لە ژیر لیوەوە پیکەنی، موختاربەگ حاڵی بوو.

– بچو بۆ ژوورەکەی من، هەنووکە سەرهەنگ تێ دەگەیەنم.

میرزا قاسم لەپڕ دیار نەما، موختاربەگ هەندێ ملە قوتیی کرد، هەر کە کورسییەکی تەنیشت پاروشین چۆڵ بوو، خۆی گەیاندێ و مەسەلەکەی پێ گوت: دوای تۆزێ بە دوو قۆڵی هۆڵەکەیان بەجیهیشت.

ئەسلان لە ژوورەکەی دیدا ماوەیەک سەمای کرد، یەکیکی هەستاند. خەڵکی ناوەندی شار بوو، هەموو خەڵکی ناوەندی شار شاباشیان داوە. ئەویش گەنجیکی دی هەستاند.

ئەم گەنجە خەڵکی قەراخ شار بوو، هەموو خەڵکی قەراخ شار شاباشیان داوە. بەڵام تەواوی ئەم بەزم و رەزمە کاری لەبەڕیوەبەری کانی مانتاشف و دانیلوف نەکرد. دەتگوت دوای سەوداو مامەڵەیەکی زۆر پیکهاتبوون، بۆیە بەڕیوەبەری کانەکانی مانتاشف دەیگوت: من بۆشکەی بە دە کۆپک دەکڕم بە مەرجێ لە کۆمپیالەکەدا ١٥ کۆپک بنووسرێ، واتە وا دەربکەوێ کە من ١٥ کوپکم بە تۆ داوە بەڵام لە راستیدا دە کۆپکت دەدەمێ.

سورن پتروفچ پیکەنی: ئەدی پینج کۆپکەکە؟

– پینج کۆپکەکەش بۆ ماڵ و منداڵەکانم.

سورن پتروفچ بە ئەسپایی گوتی: کەواتە منیش مەرجیکم هەیە، یەکەم هیچ کۆمپیالەیەک نانووسین. چونکە کۆمپیالە بۆ ئەم چەشنە کارانە باش نییە. دووەم ١٠ کۆپک لە تۆ وەردەگرم و ٥ی بە موختاربەگ دەدەم. وەک چۆن تۆ هەتیوی منیش هەتیوم «٥» کۆپکیش بۆ من.

هەردوو پیکەنین، نوینەری مانتاشف پرسی: باشە چەندە، دیار نییە کە چەند هەزار بۆشکە دەبێ.

– لە سبەیەوە دەستوور دەدەم حسیب بکرێ.

– لەم حسیب کردنەشدا، چەند کۆپکیکت پێ دەبڕێ.

دانیلوف چ قسەیەکی نەکرد و بە پەلە هەستا.

– دەچم هەواڵی ریک کەوتنەکە بە موختار بەگ دەدەم، کە بزانێ بۆشکەم بە (پینج) کوپک فرۆشتووە لە خۆشیانا پیی بە عاردی ناکەوێ، لە زەمانی «ورسکی» دا ئەم (٥) کوپکەشی دەست ناکەوت.

دانیلوف چووە دەرێ کە موختاربەگ بینێ.

کۆڕی ژنانیش گەرم بوو، ئەم سارد و سڕییەی سەرەتای ئاهەنگەکە نەما دوو، سێ کیژ پیکەوە دەرەقسین، ورا رووی کرابووەوە، زۆر سەربەستانە دەسوڕایەوە، سەرنجی پیاوەکانیشی راکیشابوو، بەتایبەتی جەبار بەگ و ئەسلان هەر چاویان لێ ناگواستەوە. بەڵام ورا ئاگای لێ نەبوو، هەرچی دەکرد نەیدەتوانی بووکێ ببینێ، بیستبووی کە شەوی بووکینێ، بووکێ نایەتە نیو میوان و لە ژووریکدا لەگەڵ دەستە خوشکەکانیا سەرگەرم دەبێ بەڵام باوەری نەدەکرد کە بتوانێ سێ رۆژ خۆی بشاریتەوە. چونکە ئەورۆ یەکەم رۆژی شاییەکە بوو، دوو رۆژی دی بوکیان بۆ ماڵی زاوا دەگواستەوە، ورا بە زۆر ئامینەی هەستان و بردییە دەرەوە، ئەو ئامینە بزیوە بوو بوو بەمەڕ، ورا قەناعەتی پیکرد کە پیکەوە بچنە کن بووکێ، لە یەکیک لە ژوورەکانا تووشی ژنی خاوەن ماڵەکە بوون، ورا بە زمانی رووسی لە سەکینە خانمی پرسی: ئاخۆ دەکرێ کیژەکەتان ببینم؟

سەکینە خانم لە ئامینەی پرسی: ئەهای کیژێ! دەڵێن تۆ ئەم زمانە دەخوینی، بزانە چی دەوێ.

ئامینە قسەکەی ورای تەرجەمە کرد.

سەکینە خانم رارەویکی دریژی نیشاندان و گوتی دەتوانن لە یەکیک لەو ژوورانەدا بووکێ ببنین، ورا و ئامینە زۆربەی ژوورەکان گەڕان، لەسەرسامیا ئەبلەق بوون، هیندەیان ژووری راخراو ورازاوەی چۆڵ بینی ئەگەر خانەوادەکەی موختاربەگ بە ئەندازەی یەک لەشکریش بوایە هیشتا ژوورەکانیان هەر زیاد بوو، بەوەدا چۆڵی ژوورەکانیان بۆ دەرکەوت کە زۆربەیان تاریک بوو، وەختێ گەیینە ژووریکی تاریک گوییان لە دەنگی چەند پیاویک بوو کە لە ژووریکی ئەو دیوەوە قسانیان دەکرد، ئەمانیش ویستان.

یەکیک لە پیاوەکان تووڕە بوو، بە زمانی ئازەری دەیگوت: میرزا قاسم، سەرهەنگ پاروشین زانیاری تەواوی لەسەر ئەو کریکارانە دەوێ کە لە مەتینگەکەدا بەشداریان کردبوو. بە دوو قسان نابێ، بلێ بزانم کیت بینی؟ کێ بڵاوکراوەکانی پەخش کردەوە؟ قسان بکە. بەروسی بلێ، تۆ رووسی چاک دەزانیت.

ورا بە هەڵچوونەوە، دەستی ئامینەی گوشی، هەردووکیان بیدەنگ بوون.

میرزا قاسم بە دەنگیکی لەرزۆکەوە گوتی: موختاربەگ، شەرم لەسەرهەنگ دەکەم،تۆ خوا خوات بێ دوو قسانم پێ بکرێ.

ئەوجا بە دەمە لالکیوە رووی لەسەرهەنگ پاروشین کرد و گوتی: جەنابی سەرهەنگ هەرکە موختار دەستووری دامێ، نووسینگەکەم بە جیهیشت و شوین ئەو کریکارانە کەوتم کە بەرەو کانەکانی مانتاشف دەچوون، کابرایەکی ئەرمەنی ریشن و گەنجیکی رووس پیشیان کەوتبوون.

سەرهەنگ پاروشین بە کەش وفشەوە گوتی: چۆنت زانی یەکیکیان ئەرمەنییە و یەکیکیان رووسە؟

میرزا قاسم بەترس و لەرزەوە وەڵامی دایەوە: بە شیوەی قسەکردنەکانیا زانیم، هەر



چەند ئەوان لە پیشەوە بوون، بەڵام هەموو کریکارەکان دەوریاندابوون، هەموو ئەم ئاژاوەیە لەژیر سەری پتیا دایە.

– پتیا کییە؟

سەرهەنگ پاروشین هاواری کرد: شۆرەتەکەی چییە؟

– نازانم، لە بالاخانی دا کار دەکات، زۆر خویندەوار و رۆشنبیرە، هەموو جۆرە کتیبێ لە نیو کریکارەکانا بڵاو دەکاتەوە، لە قسەکردنا کەس بە تۆزی پییراناگا.

موختاربەگ بە ئەسپایی شتیکی گوت: ورا و ئامینە لیی تینەگەیشتن، بەڵام پاروشین وەڵامی دایەوە: هەر کاتێ بمانەوێ دەتوانین بیانگرین، بەڵام بە گرتنی ئەوان شتەکان نابڕینەوە، تا یەکێ حەپس دەکەی، پینجی دی سەرهەڵدەدەن، پیویستە بنجبڕ بکرین.

تۆزێ هیورتر بووەوە، بیگومان لەگەڵ موختاربەگدا قسەی دەکرد، دوای تۆزیک، بە دەنگیکی گڕ هاواری کرد: بەردەوام بە.

دەنگی لەرزۆکی میرزا قاسم بەرز بووەوە، لە نزیکی کانەکانی مانتاشف کۆمەڵیکی دی تیکەڵیان بوون، پتیا قسەی بۆ ئەوانیش کرد.

– چی گوت؟

– گەورەم، من شەرم دەکەم بیگیڕمەوە.

– دریژەی مەدەرێ، قسە بکە.

– هاواری دەکرد و دەیگوت کە... بە خوا ناتوانم جەنابی سەرهەنگ! جنیوی بە پاشا دەدا، قسەی ناشیرینی دەکرد..

– چی دی؟

– ئەوجا یەکیک خەبەری دانێ کە پۆلیس ئاگادار کراوەتەوە، کریکارەکان لە چاو تروکانیکا شاردیانەوە، ئیدی نەمزانی بۆ کوێ چوون، تەنیا پتیا و گەنجیکی ئازەریم بینی کە دەرچوون و بەرەو سابونچی کەوتنە رێ، فەرموو ئەوەش یەکیکە لەو بڵاوکراوانەی کە گەنجە ئازەرییەکە بڵاوی کردنەوە.

بیدەنگ بوون، بیگومان پاروشین بڵاوکراوەکەی دەخویندەوە، ئامینە سوغرمەیەکی لە وردا، با بڕۆین.

دڵی ورا خیراتر لیی دەدا، بە هیچ جۆرێ چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە لەم شوینەدا ئەم چەشنە قسانە بژنەوێ، چونکە نایویست ئەنجامی قسەکانی لە دەست بچێ بە ئەسپایی بە ئامینەی گوت: تزیکی دیکەش سەبر بکە، زۆر خۆشە.

خۆیان خزاندە گۆشەیەکی تاریکی ژورەکەوە، لەم کاتەدا یەکیک لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، دەرگای ژوورەکەی تەنیشتی کردەوەو بە شپرزەییەوە گوتی:

– باوکە ، هەواڵیکی زۆر گرنگ هەیە.

موختاربەگ، بەرقەوە هاواری کرد: ئەسلان وا دەبینی کە کارم هەس.. جەنابی سەرهەنگ..

ئەسلان قسەکەی ئەوی بڕی و بە نیگەرانییەوە گوتی: باوکە! هەواڵەکە زۆر گرنگە. کانەکان گڕیان گرتووە، ئیستا هەواڵیان هینا. پاسەوانەکان زەلامەکانیان گرتووە،

دیارە ورسکی ناردوونی.

موختاربەگ ئەم هەواڵەی بە پاروشین ڕاگەیاند، پاروشین بەسەرسامی پرسی:

– ورسکی کێیە؟

– کۆنە بەڕێوەبەری خۆم بوو، ئەوڕۆ قاومدا.

سەرهەنگ ڕووی لە ئەسلان کرد و گوتی: هەر ئەوڕۆ دەستووری گرتنی ورسکی دەردەکەم، بەڵام ئەم قسەیە لە بەینی خۆمان دەرنەچێت، وای بڵاو بکەنەوە کە کرێکارە شۆڕشگێڕەکان ئاگریان لە کانەکە بەرداوە. دوای میتینگەکەی ئەوڕۆ ئاگریان تێبەردا، حاڵی بوویت؟

موختاربەگ بە پەلە وەڵامی دایەوە: بەڵێ حاڵی بووم.

ئەوجا بە شپرزەییەوە بە ئەسلانی گوت: ئەسلان خۆت و چەند برادەرێک بە پەلە بگەنە بالاخانی، من ئێستا دێم، دەبێ ئاگرەکە وەکوژێنین.

ورا و ئامینە بە پەلە لە ژوورەکە هاتنە دەرێ، واتە وات لە هۆڵەکەدا بڵاو بووەوە. هەندێ لە میوانەکان بە برسیتی ڕۆیشتن. گوڵئارا خانم و ئامینە و ورا بێ خشپە هەستان و هەر کەس پێی نەزانین، ورا بە درێژایی ڕێگا ئەو قسانەی ئەویی شی دەکردەوە، نەیدەزانی کە میرزا قاسم کێیە وچ پلەو پایەکی لەلای موختاربەگ هەیە. بەڵام دڵنیا بوو لەوەی لە بالاخانی دا جاسووسێک بە نێوی میرزا قاسم هەیە و ملیکیانتس و چونیاتوف و ئەژدەری ناسیوە. ورا دڵنیا بوو کە مەبەست لە ئەرمەنییە ڕیشنەکە ملیکیانتسە، پتیا، چونیاتوف و گەنجە ئازەرییەکەش ئەژدەری خۆیانە.

ئامینە دوور بوو لە مەسەلەکە، تەنیا باسی شایی و میوان و خاوەن ماڵەکەی دەکرد. ورا لە ماڵی میرزا حوسێن خۆی گۆڕی، زەمبیلەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵی خۆیان بەرێ کەوت. ماریا ڤاسیلیوفنا هێشتا نەخەوتبوو. چاوەڕێی گەڕانەوەی ورا بوو، ورا بە کورتی شتەکانی بۆ دایکی گێڕایەوە و لە سەر جێگاکەی خۆی ڕاکشا، وای هەست دەکرد باوکی زیندووە، بەو کارانەی کە ئەوڕۆ ئەنجامی دابوون، بە بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بزووتنەوەی کرێکاریدا گیانی بابی زیندوو کردبووەوە.



# 16

چاپخانەکە بێ وچان و پەیتا پەیتا کاری دەکرد، بۆ ئەوەی دەنگی مەکینەکە دەرنەچێ و سەرنجی پۆلیس ڕانەکێشێت تەنیا بەڕۆژ کاریان دەکرد. ئەم شەقامە چەوریژە کەوتبووە بەینی باغی پارایت و مەیدانی قوباوە. لە بەیانییەوە تاکو شەوێ هاتووچۆی گالیسکە نابڕا، دەنگی پێچکەی گالیسکەکان تێکەڵ بە دەنگی سمی ئەسپەکان دەبوو، دەنگ و هەرایەک لە شەقامەکەدا هەبوو هەر مەپرسە. چاپخانەکەش کەلکی لەم وەزعە وەردەگرت و دەنگی مەکینەی چاپەکە لە نێو ئەم هەراو هۆریایەدا دەتوایەوە.

«باوکی نینا» واتە لادوکستخوفلی، زۆربەی کاتەکانی لەم ژوورە شێدار و نیمچە تاریکەدا و لەبەر تیشکی کزی لامپایەکدا بەسەر دەبرد. «ئیسکرا»ی لەبەر ئەو فۆرمانەی کە لە هەندەرانەوە دەنێردران چاپ دەکرد، بێ ماتەڵ بوون بۆ هەندێ ئەدەرسی دیاری کراو وتایبەتی دەنارد. بەرە بەرە باکۆ دەبوو بەو شوێنەی کە «ئیسکرا»ی لنینی لە سەرانسەری ڕوسیادا بڵاو دەکردەوە. «نینا» بایەخێکی گەورەی لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی وڵاتدا وەردەگرت.

ئەگەر یەکێک بی پرسیایە، نینا چۆنە؟

وەڵام دەدرایەوە کە: نینا سەرگەرمی کارە.

بە بیری کەسا ناهات کە باس، باسی چاپخانەیەکی ژێر زەمینییە و خەڵکانی شۆڕشگێڕ هاندەدات کە خەبات بکەن بۆ سەرەنگون کردنی دیکتاتۆریەتی تزار. هاوڕێ لنین لە هەندەرانەوە بایەخێکی زۆری بەم چاپخانەیە دەدا و زوو زوو هەواڵی چالاکییەکانی ئەم چاپخانەیەی لە هاوڕێیان دەپرسی.

چاپکردنەوەی «ئیسکرا» لە چاپخانەی «نینا»دا بەتەواوی دەقی خۆی وەرگرتبوو، ئەم پرۆژە پڕ لە داهێنانەی فلادیمیر ئیلیچ لنین دەبووە هۆی ئەوەی ئیسکرا بە بەردەوامی و زووتر لە جاران بە دەستی جەماوەری زەحمەتکێشسی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا بگات. کلیشە و بابەت و تەنزیدەکان لە ڕێگای ڤینا– تەوریز یان لە ڕێگای باتوم– باکۆوە دەگەییە چاپخانەی نینا. هەندێ جار کە ڕەت کردنی لە سنوورەکانەوە عاسێ دەبوو، چاک دەیان شاردەوە و بە پۆستەدا دەنێردرا.

سەختترین بەشی کارەکە، بریتی بوو لە ناردنی ڕۆژنامە ئامادەکان بۆ شارەکانی ڕوسیا و قەفقاز و هەروەها بڵاوکردنەوەی بەشێکی بوو لە ناوچە کرێکار نشینەکانا.

دوای ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، چونیاتۆف و لادو لەگەڵ ئەژدەر و ورا دا دەربارەی یەکەم ڕۆژی چالاکیان و شێوەی پەخش کردنی بڵاوکراوەکان قسانیان کرد و ئەژدەر و ورایان ڕێنوێنی کرد.

چونیاتوف و لادو کە هەواڵەکەی ورایان دەربارەی گفتوگۆی موختاربەگ و پاروشین ژنەوت. دەم و دەست دەستیان بە کارکردن کرد و هەندێ بڵاوکراوەیان بە بۆنەی ئاگرتێبەردانی کانەکانەوە لەلایەن ورسکییەوە چاپ کرد. ئەوەیان تێدا باس کردبوو کە چۆن ئەمە کراوە بە بیانوو بۆ تاقیب کردن و ئازاردانی کرێکارانی هەق ویست.

ئەم بڵاوکراوەیە لە نیو جەماوەری کریکارانا بڵاوبووەوە و سیاسەتی ریاکارانەی موختاربەگی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کرد.

ورا ئیدی بە تەواوی شارەزای وردە کارییەکانی ئیشی نهینی بوو بوو. رۆژانی یەکەم تەجرەبەیەکی زۆری فیر کردبوو، ورا کیژیکی هیندە زرینگ و بەهۆش بوو کە دەیتوانی لە تالۆکەی زۆر سەخت خۆی دەرباز بکات، هەرچەندە لە دوو رۆژی یەکەما بریک پەشۆکا بەڵام پاشتر بە تەواوی دەقی بە کارەکەیەوە گرت. ئەو کارە گرنگانەی لەلایەن کۆمیتەی باکۆوە پیی دەسپیردران زۆر بە چاکی ئەنجامی دەدان. هەندێ جار بە بیانووی کارەکەرییەوە کۆمەڵێ جلی بە ناوی شوردنەوە لە ژیرزەمینیکەوە دەبردە دەرێ. هەندێ جار بە بیانووی کارپەیدا کردنەوە سەری کانەکانی دەدا. هەندێ جاران لەشەونشینیەکانی کۆڕ و کۆمەڵە خەیرییەکاندا گوڵی دەفرۆشت و پیشوازی لە میوانەکان دەکرد. ئەوەندە بە وردی و ئاسایی کاری دەکرد کە سەرنجی چ کەسیکی رانەدەکیشا. قورستترین و گرنگترین ماموریەت بەو دەسپیردرا. لەگەڵ ئەوەشا کە بە هەمووی چەند مانگێ چالاکی نهینی هەبوو، بەڵام ئەزموونی کەسانیکی لا دروست بوو بوو کە چەندین ساڵ لەم چەشنەکارانەدا ئیشیان کردبوو. ئەژدەریش لەو کەمتر نەبوو، ئەم جووتە هەموو ژیانی خۆیان بۆ پەخش کردنی «بەرهەمەکانی» «نینا» تەرخان کردبوو. بەراستی دەوری چالاکیان هەبوو لە گەیاندنی تەنزیدەکانی و کلیشەکانی «ئیکسرا» بۆ «نینا». زۆربەی کات کلیشە و فوتوکان لە دوو تویی بەرگی ئەلبومی جۆراوجۆرا دەنیردران. کلیشە و فۆتوکان لە سەندوقی تایبەتیدا رەوانە دەکران. هەرچەندە ئەم سەندوقانە بە ئەدرەسی کەسانی جیاوازەوە دەنیردران، بەڵام هەمیشە ورا و ئەژدەر وەریان دەگرتن و دەیانگەیاندنە «نینا».

* * *

ماموری ئەمن راپەڕی، ئەمە چیە؟ ئەمە چیە؟ کێ چاپی کردووە؟

نەڕاندی بە سەر ئەو کەسەدا کە ژمارەیەکی نویی ئیسکرای بە دەستەوە بوو:

– لە کوێ پەیدات کرد؟ کێ چاپی کردووە؟

کابرا یەکیک بوو لە پیاوانی ئاسایی دایەرەی پۆلیس، کابرا نایزانی ئەو بڵاوکراوەیە تا ئەم رادەیە مامورەکەی دەشڵەژینێ. بۆیە لە سەرەتادا لە نەڕەی مامورەکە راچلەکی. خۆی هیور کردەوە و گوتی: لە کۆڕە نهینییەکاندا باسی «نینا» ناویک دەکەن.

مامورەکە توندتر بوو: دیسان نینا؟ ئەم نینایە کییە؟ بۆ نەتگرت؟

– قوربان لە کویی بیگرم، ئەم رۆژنامەیەشم بە ریکەوت دەستکەوت. دەستاو دەست دەیگیڕن و دەی خویننەوە. بەڵام بە جۆرێ دەیشارنەوە کە کەس پەی پێ نەبات.

مامورەکە کە بینی قسەکردنی لە گەڵیا بێ سوودە گوتی: بڕۆ ناوی باوک و شۆرەتی نینا پەیدا بکە و زوو جوابم لیبگیڕەوە.

ئەوجا ئیسکراکەی لەلایەکەوە داناو موریکی لیدا و یەکراست ناردی بۆ لای سەرۆکی دایەرەی پۆلیس.

ئەو رۆژە تەواوی دایەرەکانی پۆلیسی بەیەکادا، لەوە بە دواوە ئیسکرایەکی بچووک



کە لەسەر کاغەزی بچووک چاپ کرابوو مامورانی تزاری خستە نیگەرانییەوە.

* * *

دوا رۆژەکانی مانگی دیسامبری ١٩٠١ بوو. بەفر و باو بۆران زۆر بە توندی شەقامەکانی دەکوتایەوە. دوکانیکی بچکولەی دارتاشی لە سوچی هەر دوو شەقامی «مالایامورسکایا» و «سوراخانسکی» داگیرسابووەوە، پیاویک هیواش هیواش لەو دوکانە نزیک بووەوە. ئەژدەر بوو، پیاوەکە پاڵتۆ شڕەکەی لەبەر بوو کە تەنانەت سەریشی داپۆشی بوو، هەرکە خۆی بە دوکانەکەدا کرد، دەرگاکەی توند داخست. یەخەی پاڵتوکەی کردەوە. شەپقەکەی داکەند. دەستی بە تەکاندنی بەفرەکانی سەرو رووی کرد، کابرای دارتاش، کابرایەکی ریش و سمیل بۆز بوو، هەر کە ئەوی بینی رەندەکەی دانا. نیوە سیغارەکەی بە دارسیغاریکەوە کرد و بە پشکۆی نیو مەقڵییەکە دایگیراند و لە کابرا نزیک بووەوە، ئەژدەر شەپقە تەڕەکەی کردەوە سەری و پرسی: ئەرێ گۆزەری دارت هەیە؟ ئەگەر هەرزانی بدەی کەمیک دەکڕم. منداڵەکانمان لە سەرما مردن.

– هەرچەندت بوێ هەمە، بە عارەبانە دەتەوێ یان بە گۆنی؟

– بە گۆنی، پارەم لە کوێ بوو عەرەبانە بە کرێ بگرم. گۆنییەی بە چەند دەدەی؟

– خۆ زیر و گەوهەر نییە. ریک دەکەوین، مادام لە کوڕی باش دەچیت لەوانەیە پارەشت لێ وەرنەگرم.

ئەژدەر دڵنیا بوو، لەسەر تەختیکی تازە تەواو بوو دانیشت. ئەژدەر دەمێ بوو خووی بە قسەی تویکڵدار و نهینی ئامیزەوە گرتبوو. ئەژدەر بە کاروباری ریکخستن هەر رۆژێ بۆ شوینێ دەڕۆیی و لەگەڵ شۆڕشگیڕانی راستەقینەدا دیداری دەکرد.

پاش ئەو قسانە ئیدی دەیتوانی مەبەستی خۆی بڵێ، تۆزێ دەنگی نزم کرد و گوتی:

– خورجیکی جوانتان لەلایە و من بۆ ئەو خورجە هاتووم. پیویستمانە.

– بۆ جوانی بڵێی جوانە، بەڵام بە تەنیا بۆت ناچێ، زۆر قورسە.

– بۆ ناچێ، بە هەر جۆرێ بێ دەیبەم. لە پیچی شەقامەکەدا گالیسکەی بۆ دەگرم.

– ئاوا؟ بە گالیسکە؟ «٢٠» دانەشت بۆ دەچێ.

– ئیمە تەنیا یەکیکمان پیویستە.

دارتاشەکە سەیریکی ئەژدەری کرد و پیکەنی، مژیکی لە سیغارەکەیدا، دار سیغارەکەی بە دوو قامکان گرت و بە دەستەکەی تری پەلە پیتکەیەکی لەسەری دار جگەرەکەدا، قونکە سیغارەکە کەوتە سەر زەوی. دارتاشەکە پییەکی پیدانا. ئەوجا دەرگایەکی لە کەنار دیوارەکە هەڵگرت و لەلایەکی ترەوە داینا. گۆزەرە دارەکانی پشت دەرگاکەی هەڵدایەوە. خورجەکە دەرکەوت. ئەژدەر یارمەتیداو پیکەوە تا ناوەندی دوکانەکەیان هینا.

ئەژدەر کەوتە ملەقوتێ، دارتاشەکە لە مەبەستی حاڵی بوو، گوتی: زوقم و شەختە پەنجەرەکانی گرتووە، مەترسە کەس ئیرە نابینێ.

ئەژدەر کە خەریکی بەرز کردنەوەی خورجەکە بوو گوتی: چل، پەنجا کیلۆیەک دەبێ! دارتاشەکە قسەی نەکرد، سەری خورجەکەی چاک قایم کرد. تەماشایەکی ئەژدەری کرد

وبە زەردەخەنەوە گوتی: چل، پەنجا کیلۆ بۆ گەنجیکی وەکو تۆ چییە؟ ئەگەر هیمەت بکەی کیو لە بن دینی.

ئەژدەر بە هاوکاری دارتاشەکە، خورجەکەی بە شانادا. وەکو پیشتر یەخەی پالتۆکەی داخست و لە دوکانەکە هاتە دەرێ، باو بۆران و زریان بەردەوام بوو. پیاو نایزانی ئەم بەفرە لە ئاسمانەوە دەبارێ یان لە زەوییەوە هەلّدەقولّێ. تۆف و زریانیکی سەیر بوو. ئەژدەر بە زەحمەت لە پیچی شەقامەکە رەت بوو. لە گالیسکەیەکی سەر داپۆشراو نزیک بووەوە، هەوەلّ جار خورجەکەی خستە گالیسکەکەوە وپاشان خۆی سوار بوو. ئەسپەکان کە لەسەرمانا خۆیان کورژ کردبووەوە هەرکە قامچی عەرەبانچییەکەیان بەرکەوت، بە خیرایی دەرپەڕین. گەیشتنە شەقامی «تلفوننی».
ئەژدەر عەرەبانچییەکەی لە بەردەم دوکانی پیلاوفرۆشیک راگرت. هەرکە عەرەبانەکە ویستا، ڤانۆ بە گورجی لە دوکانەکەوە هاتە دەرێ و بە پەلە خۆی هەلّدایە نیو گالیسکەکە، گالیسکەکە بە هەمان خیرایی بەرەو ویستگای ریگای ئاسن کەوتە رێ. کە گالیسکەکە کەوتە رێ تەوقەیان لەگەلّ یەکا کرد. ڤانۆ سەیریکی خورجەکەی ژیر پیی کرد و گوتی: دەلّیی قورسە؟

ئەژدەر بە زەردەخەنەوە: ناکا بترسییت هاوڕێ ڤانۆ؟ ئەگەر بۆت ناچێ ئامادەم تاکو تەفلیس لە گەلّتا بیم.

– نا، نا پیویست ناکا بۆ تەفلیس بیی، لیرە پتر پیویستیان پیت هەیە. دلّنیابە ئەگەر خورجەکە پینج هیندەی دیش قورس بێ هەر دەیبەم.

گالیسکەکە بە پەلە لە ویستگای ریگای ئاسن نزیک دەبووەوە، ئەژدەر دانەوییەوە و سەرنجی دەوروبەری دا. دەستی «ڤانۆ»ی گوشی: بە دوعا هاوڕێ ڤانوا، ورا لە ویستگاکەدا دەتبینێ. بلیتەکەت بەوە، دەبێ من بڕۆم.

تەوقەیان لەگەلّ یەکدیدا کرد. ڤانۆ پیش ئەوەی دەستی بەربدات، بە ئەسپایی پیی گوت: هەرچەندە دوو رۆژە تۆم ناسیوە، بەلاّم دەلّیی دوو سالّە دۆستین. تۆ دەبیت بە شۆڕشگیڕیکی لیهاتوو، ئاگات لە خۆ بێ پۆلیسی باکۆ زۆریان مەبەستە گەنجیکی وەکو تۆ راو بکەن.

– دلّنیابە هاوڕێ ڤانۆ. ئیمە لەو نیچیرانە نین هەروا بەئاسانی راو بکریین. هەر بژیت!

– بەرەو ویستگا!

عەرەبانچییە سمیل بابرەکە بە دوو چاوی لەسەرما سور هەلّگەڕاو و ئاوساوەوە روانییە ئەژدەر و گوتی: خالّۆ، ئەدی کریکە..

ئەژدەر بە ئەسپایی گوتی: ئەو برادەرە دەتداتێ، من بابایەکی نۆکەرم. نۆکەر پارەی لە کوێ بوو.

– بوو بە سێ قۆناغ ها.. هەر وەستانیک بە قۆناغێ حسیب دەکرێ.

– کابرا بۆ قسەی بێ سەروبەر دەکەیت، برۆ و لە ویستگاکە کریی خۆت وەربگرە.

عەرەبانچییەکە بە نابەدلّی ئەسپەکانی رانی، ئەژدەر لە پالّ عامودیکا چاوەڕیی ترامواى بوو. جگە لە ئەژدەر چ کەسیک لەو ناوە نەبوو، هەموو دەیانزانی کە ریلەکان



سەرما بەستوونی و چ تراموایەک کار ناکات.

رەوتەنیان بەسەرسامی و گالّتەپیکردنەوە سەیری ئەژدەریان دەکرد. تەنانەت دوو گەنج هەندێ پلارشیان تیگرت. یەکیکان گوتی: سویندی خواردووە تاکو بەهار لیرەدا چاوەڕوان بکات.

ئەوی تریان هاتە پیشەوە و بە گویی ئەژدەریا چپاند: خالّۆ، بە خۆرایی خۆت ماتەلّ مەکە. ئەسپەکانی ترامۆکان بۆ شکات چوون بۆ «دوما»ی شارو لە مانگێ کەمتریان پێ ناچێ.

ئەژدەر گویی نەدانێ. شەپقەکەی هینایە سەرچاوی و پالّتۆکەی پتر بە خۆیەوە پیچا. پاشان یەکیکی لە شوستەکەی ئەو بەرەوە بینی کە بەئارامی خۆی بە کۆلاّنیکا کرد. ئەمجارەیان ریک لەگەلّ تەوژمی بایەکەدا دەرۆیی. هەرچی دەکرد خۆی بگریتەوە بایەکە دەرفەتی نادا و لە دواوە دەلّەگی دەدا. بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە شەقامیکەوە بۆ شەقامیکی دی دەپەڕییەوە. ئەنجام لە نزیکی کەنار و لە یەکیک لە کۆلاّنە چۆلەکانا ویستا. دوای تۆزیک ئافرەتیکی بالاّبەرز کە پالّتۆیەکی دریژی پۆشی بوو. لەچکیکی لەسەر کردبوو، لیی نزیک بووەوە. ورا بوو.

– هیندە خیرا دەڕۆی بایەکەش پیتا ناگا.

– بەدەستی خۆم نەبوو و راگیان، بایەکە دەلّەکی دەدام.

– راست دەکەی، بایەکە شیت بووە و کەوتۆتە گیانی کۆلاّنەکان.

ورا لەسەرمانا سوور سوور بووەوە، قژە ئالّۆزەکەی و تەنانەت برۆکانیشی بەستبوویان، ئەژدەر خۆشەویستی و ریزەوە سەیری کرد و پیکەنی، لەگەلّ ئەو هەموو تۆف و زریانەدا هەستی دەکرد بەهاریکی گەش لە دلّیا دەپشکوێ، ئەوەتا ئەو جووتە دەست لە نیو دەست و چاو بە چاو ویستاون. رازو نهینییەکی گەورەی ئەوتۆیان پێ سپیردرا بوو کە کەسانی دی دەترسن لە دلّی خۆشیانا باسی بکەن. بێ چ دوو دلّییەک ئەرکیکی زۆر گرنگیان ئەنجام دەدا. ئەوەتا کیژیکی شۆخ و شەنگ و بیگەردی وەک هەتاو باوەشی دلّی بۆ خۆشەویستی ئەژدەر گرتۆتەوە؟ چ بەهاریک لەمە جوانتر و گەشترە؟ بەلاّم زستانیکی سامناک دەوری ئەم بەهارەی دابوو. ئەم بیرە خیرایە ترسیکی کوشندەی لە دلّیا زیندوو کردەوە. بۆ نیو نەخت لە جیهانی خۆشەویستی و هیوا و خەیالّ هاتە دەرێ، دنیای واقیعی بە هەموو سامناکییەوە لەبەر دەمیا قوت بووەوە.

دەستی ورای لە لیوی نزیک کردەوە. زۆر بەگەرمی ماچی کرد و گوتی: ورا گیان زۆر وریای خۆت بە، دەترسم..

– ئەژدەر وشەی «ترس» لە تۆ ناوەشیتەوە! ئەم وشەیەت لە کویوە هینا؟

– ورا، وا هەست دەکەم ئەو خۆشەویستیەی بە تۆم داوە ترس چوار دەوری تەنیوە..

بایەکە، گەردەلوولی بەفری بە روویانادا، قسەکانی ئەژدەر لەنیو گڤەی بایەکەدا توایەوە. ورا بە لەچکەکەی دەموچاوی سڕی. لەتاو بەفرەکە چوونە پەنایەکەوە.

ئەژدەر پرسی: ڤانۆ رۆیی؟

– رۆیی، بە ساغ و سەلامەتی بەریم کرد، وەک شتیکی بیر کەوتبیتەوە، بە پەلە

گوتی: با وەختەکەمان بە فیڕۆ نەدەین، لە کوێ چاوەڕوانم دەکەی؟
– چما بە تەنێ بۆ دایەرەی گومرگ دەڕۆی؟
– ڤلادیمیر زاخاروفچ گوتی کە بە تەنێ بڕۆم، جارەکەی دی تۆ ڕۆیشتی، ئەگەر ئەم جارەش بڕۆی گومانت لێدەکرێ.
– ئەو وەکالەتنامەیەی کە دکتۆری ددانەکە نووسیویەتی بە تۆیە؟
– بەڵێ لە نووسینگەی رەسمیشدا تۆمارم کردووە، ئەژدەر زۆر دوور مەکەوە، دیارە ئەمجارە سەندوقەکە زۆر قورسە. جگە لە کەرەستەی یاری دەبێ نۆزدە فۆتۆی تیدا بێ. بە نامە هەواڵیان داوە، بەتەنێ دەرەقەتی نایەم.
– من لەم ناوەم. هەرکە لە دەرگا هاتیتە دەرێ دیم، دڵنیابە!
لیک جودا بوونەوە، ئەژدەر لە پەنایەک دا ویستا.
ورا بە پەڵە ڕۆیی و لەو جیا بووەوە.



## 17

فەرمانبەری میانە ساڵی ئیسک گرانی دایەرەی گومرگ « نوگراف کارلوفچ بگورف» سەری لە سەر دەفتەریکی ئەستوری سەر میزەکە هەڵبڕی و گوتی: وەرە ژوورێ.
ورا بە ئەسپایی چووە ژوورەوە، بگورف بەر لەوەی سەیری ئەو بکات دوو، سێ چڵ داری خستە سۆپاکەوە، ژوورەکە بوو بوو بە حەمام. ئەوجا رووی کردە ورا و گوتی: فەرموو کیژەخان.
ورا لەسەرمانا هەڵدەلەرزی، شاڵەکەی کردەوە. دەستەکانی هەڵگلۆفت و پیکیا خشاندن. بە تۆبزی سیمایەکی خۆشەویست ئامیزی بە خۆی بەخشی و گوتی:
– لە هەندەرانەوە سەندوقیکیان بە ئەدرەسی خانم ناردووە، هاتووم وەری بگرم.
یگوروف بە هیچ جۆرێ چاوی لە گۆنا سوور هەڵگەڕا و و چاوە گەشەکانی ورا ناگواستەوە. بزەیەکی بۆ کرد، بەلام سیمای هیندە سامناک و ناشیرین بوو، ورا بە ناچاری سەری داخست. فەرمانبەری گومرگ لە پشت میزەکەی دانیشت و گوتی:
– وەرە پیشترەوە کیژەخان، با بزانم سەندوقەکە لە کویوە و بە ناوی کێ نیردراوە؟
ورا وەکالەتنامەیەکی پێ نیشاندا، یگوروف بە دەم ریزز ویڵ نواندنەوە هەستاو لیی نزیک بووەوە، کاغەزەکانی وەرگرت و بە وردی خویندییەوە، بە هەمان نیگای ترسناکەوە روانییە ورا، رووی کردە ژووریکی دی و:
– بلینوف!
کابرایەک بە جلی ماموری سنوورەوە هاتە ژوورێ و پرسی: ئەمریکتان هەبوو پایەبەرز؟
بگورف روو لە ژووریکی دی گوتی: ئەهای، دەست لە کاغەزەکانم نەدەن ئیستا دیم، دنگی «خیرابە» «پەلە بکە» لەو ژوورەوە دەهات، یگوروف وەسڵەکەی ورای دایە بلینوف.
– بەستەی ژمارە «١٤٧» بدۆزەوە.
بلینوف ڕۆیی، یگوروف ورای خوڵک کرد کە دانیشیت.
– خاڵت دکتۆری ددانە؟
– بەڵێ.
– کاریکی چاکە، منداڵی زۆرە؟
– نەخیر، منداڵی نییە.
یگوروف برۆکانی بەرز کردەوە و بەسەرسامی پرسی: ئەدی بۆ لە هەندەرانەوە وازی منداڵانی بۆ دیت؟
ورا زۆر بە نەرمی و بێ باکانە وەڵامی دایەوە: چونکە پتر منداڵی دەوڵەمەندان چارەسەر دەکات، ئەوانیش زۆر سرکن و نایەڵن کەس دەست لە ددانیان بدات. جا بۆ ئەوەی بیان خافڵینێ لەم بابەتە وازیبیانەیان دەداتێ، لیرە کەس شارەزای دروست کردنی وازی نییە.. ئەم جۆرە یارییانە بەکەلکی دیت. دوو هیندەی نرخی خۆیان

دەکەنەوە.

فەرمانبەری گومرگ قسەکەی بڕی: حاڵی بووم کیژەخان، خاڵت زۆر بە ختەوەرە.

ورا بە سەرسامی پرسی: هەر لەبەر ئەوەی تفاقی وازی لە دەرێ رادەهینێ؟

– نەخیر، چونکە خوشکەزایەکی جوانی وەکو تۆی هەیە، کیژەخانی نازدار، من کیژی جوان دەپەرستم، من ئەدرەسی خاڵت دەنووسمەوە– وەکالەتنامەکەی نیشاندا– ئەگەر ماوەم بوو سەریکی لیدەدەم و لە بارەی تۆوە قسانی لەگەڵ دەکەم.

لەم کاتەدا شلپەیەک قسەکەی یگوروفی بڕی، بلینوف کە سەندوقە گەورە و قورسەکەی بە باوەشەوە گرتبوو، چاوی لە ژووریکی دی بوو، سەرە سمیکی داو بەسەرا کەوت. سەندوقەکە بەمیزیکی ئاسنی کەنار دەرگاکەدا کەوت و پارچە پارچە بوو. تفاقی یارییەکان بە نیو ژوورەکەدا پەرت و بڵاو بوونەوە. سێ کەسی دی لە ژوورەکانی ترەوە بەم دەنگەوە هاتن فەرمانبەری گومرگ هەستا. بەدەم هەڵسانەوەی یگوروف و کۆکردنەوەی یارییەکانەوە چاوی بە فۆتۆکان کەوت. یگوروف لە جیی خۆی وشک بوو، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، کە بینی ورا نەماوە هاواری کرد: کوڕینە کیژەکە بدۆزنەوە خیرا کەن.. کەتنی لە ژیر سەرا بوو، ماموریک بە جلی ئەهلییەوە بەپەلە چووە دەرێ، یگوروف فۆتۆکانی لە جیی خۆیان دانایەوە و گوتی: با بەدەقی خۆیانەوە لیرە بن، کەس دەستیان لێ نەدات تا نوینەری پۆلیس دیت و بە چاوی خۆی دەیبینێ.

ئەژدەر هەرکە بینی ورا بە هانکە هانک لە دایەرەکە هاتە دەرێ، بەرەو پیری چوو.

– ورا چی بووە؟

دەنگی لە نیو گڤەگڤی بایەکەدا گوم بوو، ورا بە پەلە بە تەکیا تیپەڕی و بە شەقامیکدا پیچی کردەوە، ئەژدەر بە زەحمەت خۆی پیگەیاند.

– ورا چی بووە؟

ورا پشتی بە دیواریکەوە داو ویستا، بایەکە یاری بە شاڵ و بە قژەکەی دەکرد. دڵی بە جۆرێ لیی دەدا، دەتگوت هەر ئیستا لە سینەیەوە دیتەدەرێ، بە هەزار زەحمەت گوتی: ئەژدەر زۆری نەمابوو هەموومان تیا بچین، کیسەکە هەڵدراو فۆتۆکان کەوتینە ئەو گۆڕە.

– ورا ئەوە چ دەڵیی.. هەڵێ ئیرە خەتەرە.

ورا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشا، لەچکەکەی توند کرد، ماوەیەک بەدووی یەکا غاریاندا، ئەژدەر گوتی: ورا ئەم جۆرە راکردنە بێ سوودە. دەبێ جودا ببینەوە. من دەچم هەواڵ بە هاوڕێ لادو دەگەینم، تۆش پیش ئەوەی بۆ ماڵی خۆتان بڕۆی، ریگاکەت بگۆڕە، ئاگات لە خۆ بێ.

لە پیچەکەی بەر دەمیانا لە یەکدی جودا بوونەوە، ورا بە دەستی راستا لایداو ئەژدەر بە دەستە چەپا.

ماموره جل ئەهلییەکە، سەری لێ شیوا نەیزانی دوای کامیان بکەوێ، بە هەمان خیرایی بەڵام بەسڵ کردنەوەیەکی زۆرەوە و بە دەستە راستا پیچی کردەوە و کەوتە دوای ورا.



زریانیکی وەها بوو هەر مەپرسە، کاتێ ئەژدەر گەییە چاپخانەکە، سەیری کرد لادو شەلاڵی ئارەقەیە و چەرخی مەکینەکە خیرا خیرا با دەدات، کۆمەڵێ بڵاوکراوەی چاپکراوی لە دەوری لامپاکە هەڵخستووە تا وشک ببنەوە.

لادو دەرگاکەی داخست. بە گەرمی تەوقەی لە گەڵ ئەژدەرا کرد، دەرفەتیدا کە تۆزێ بحەسیتەوە، بەڵام کە لە سیمای ورد بووەوە راچڵەکی: چی بووە ئەژدەر؟ دەڵیی غارت داوە. چ باسە؟

ئەژدەر حاڵەکەی بۆ گیڕایەوە. لادو کەمیک بیدەنگ بوو، تەواو گۆڕا. بە پەلە پرسی:

– کەس دواتان نەکەوت؟

– من کەسم نەبینی، چەندین جار ریگایەکەم گۆڕی. بیگومان وراش هەمان کاری کردووە.

– زۆر چاکە، ریکەوتیکی بچووک چەند خەتەرە. بەڵام قەیدی نییە کەشف نابین.

ئەوجا بەدەم داخستنی قوپچەی چاکەتەکەیەوە گوتی: دەبێ بە پەلە ئەم بڵاوکراوە و رۆژنامانە لیرە بگوازینەوە. زۆر کەڵەکە بوون. یەک نوسخەی دەستنووسمان بەسە. ئەگەر بین جگە لە پۆستەری شانۆنامە چ شتیکی دی نادۆزنەوە، زۆر چاک بووکە پۆستەری زۆرم هینا بۆ ئیرە.

پاش کەمیک بیدەنگی پرسی: ڤانۆ رۆیی؟

– رۆیی، من تاکو ویستگاکە بەڕیم کرد. لەوە دواش ورا یارمەتیدا.

لادو بڵاوکراوە چاپکراوەکانی نیشاندا.

– زۆر باشەو تا من ئەمانە دەپیچمەوە، تۆ بڕۆ گالیسکەیەک بە کرێ بگرە، بەرای تۆ لە کوێ دایان بنەین.

– ژوورەکەی من چۆنە؟

– باش نییە، ماڵی غوڵام نزیکتر و لەبارترە. خەبەر بە غوڵام بدە. گالیسکەیەک بگرە و بگەڕیوە، گالیسکەکە زۆر نزیک مەخەرەوە، تا تۆ دییتەوە دنیاش تاریک دەبێ.

ئەژدەر بە بیدەنگی چاپخانەکەی بەجیهیشت. باو بۆران بەردەوام بوو. کزەبایەکی ساردی دەهات. دنیا وردە وردە تاریک دەبوو، ئەژدەر بێ گویدان بە تۆف و سەرما خۆی گەیاندە ماڵی غوڵام. پاش ئەوەی خەبەری داین، لە ئیچری شار عەرەبانەیەکی بە کرێ گرت و گەڕایەوە. هەوەڵ جار سەندوقە گەورەکانیان لە نیو عەرەبانەکەدا هەڵچنی و پاشان بچووکەکانیان خستە سەر. دنیا تەواو تاریک بوو بوو. سەرما وەکو خەنجەر بنیادەمی دەبڕی. گالیسکە چییەکە زوو زوو دەیگوت: لە دەورت گەڕیم.. رۆڵە پەلە بکە. ئەم ئەسپە رزقی دە دوازدە سەر خیزانی لەسەرە. سەرما کەسیرەی دەکات.

– هەر ئیستا برادەر، هەر ئیستا.

– ئەم سەندوقانە بۆ ئەوەندە قورسن. چییان تیدایە؟

– کتیبە!

– ئەم ریشنە نووسیونی!؟
– نەخیر، ئەمە کتیب فرۆشە. لە بەرانبەر «پاریت»دا کتیبخانەی هەیە. لەگەڵ خاوەن خانووەکەدا تیک چووە و دەگوازیتەوە.
عەرەبانچییەکە کۆنە فەروەکەی دەرهینا و دای بە پشتی ئەسپەکەدا. ئەوجا بۆ خۆی لەسەرمانا کەوتە هاتوچۆ. هەموو بڵاوکراوە و رۆژنامەکانیان لە چاپخانەکە دەرهینا و کەوتنە ریَ.
پاش ئەوەی هەموو سەندوقەکانیان داگرت و لە ژوورە تاریک و شیدارەکەی غولاّما دایاننا. چوونە ژوورەکەی تەنیشتەوە. ئەکبەر دوشەکەڵەیەکی هیناو بۆ لادوی راخست. ئەژدەر و غولاّم لە تەک ئەوە وە لەسەر لباد دانیشتن.
چرا نەوتیەکەیان کز کز دەسووتا، داری نیو سوپاکە بە جوانی دەسوتا و گەرمییەکی ئاسایی بە هۆدەکە دەبەخشی. ئەکبەر لە تەنیشت باوکییەوە چۆکی دادا بوو. چاوی لە کەلەشی پڕ و بە هیزی لادو ناگواستەوە. پورە نسا جار جاریَ لە دەرگاکەوە سەری دەکیشاو ئەکبەری گاز دەکرد. داری بۆ سۆپاکە دەهینا. چای تیَ دەکرد. ئیدی تا دەیتوانی ریزی میوانەکانی دەگرت.
غولاّم زۆر لە جاران لاوازتر بوو بوو، داوە سپییەکانی ردینی زۆرتر بوو بوون. پەیتا پەیتا دەکۆکی، هەرچەندە سینگی ئازاری زۆر بوو، بەلاّم هەولّی دەدا خۆی ئارام بنوینیَ. هەر کەسیک بیدیتان وای هەست دەکرد ئەم کۆڕە، کۆڕی پشوودانی چەند کەسیکی دەست رۆیە و چ خەمی سبەینییان نییە، بەلاّم لە ژیر پەردەی ئەم بیدەنگییەوە بیری نارەحەت میشکی دەکرۆشتن. هەڵبەتە ئەم بیدەنگییە، بیدەنگی کۆمەڵە کەسیکی بیَ خەم نەبوو. بەڵکو بیدەنگییەکی رەوتەنی کۆمەڵە ئینسانیَ بوو کە لە پیناوی ئازادی و سبەینیی پرشنگدارا دەخەبتین.
لادو بەخۆی لیرە بوو، بیری لە شوینیکی دی بوو، تەفلیس و ریکخراوی مارکسیستی کریکارانی شۆڕشگیڕ و سووسوی ریبەریانی لەبەرچاو بەرجەستە دەبوو. خەباتی کریکاران لیرەشا وەکو باکۆ روو لە بەرزی و گەشە سەندن بوو.«سوسو، وقوبا، ناوی حیزبی ستالینن.»
رزگار کردنی ئەدەبیاتە نهینیەکان ئەژدەری شاد کردبوو. ئەژدەر ئیستا بیری لای ورا بوو. ئاخۆ رزگاری بووە؟ ریگاکەی گۆڕیوە؟ بە سەلامەتی گەییوەتە مالّیَ؟ هەنووکە چ دەکات؟ دیمەن و چاوە گەشەکانی ورا کاتیَ کە پشتی بە دیوارەکەوە دابوو، بایەکە یاری بە قژی دەکرد لەبەرچاوی ئەژدەر گوم نابوو.
غولاّمیش بیری لەشتی دی دەکردەوە. ئاخۆ تەمەن مەودای دەدا تا ئەکبەر گەورە دەبیَ؟ نەخۆشی رۆژ بە رۆژ کەسیرەی دەکرد و پەنجەی مەرگ هەڕەشەی لیدەکرد. وشکە کۆکە خەوی لە خۆی و مالّ و منداڵەکەی حەرام کردبوو. ئاخۆ ئەو رۆژە دیَ کە ئەم هەموو نەخۆشی و کلۆڵیە، واتە نەگبەتی شانی سەرجەمی کریکاران بەربدات؟ ئایا رۆژانی بەختیاری و ئازادی زەحمەتکیشان نزیکە؟
لادو وەک بیر و خەیاڵەکانی غولاّمی خویندبیتەوە گوتی: ئەوەندەش بیری لیَ مەکەوە هاوڕیَ غولاّم! رۆژی لە نیوچوونی ئەم رژیمە و بەرپابوونی سوسیالیزم نزیکە.



ئەوجا دەستی دڵسۆزی بەسەر ئەکبەرا هینا؟
– ئیمە لە پیناوی سوسیالیزمدا دەخەبتین و ئەمانە بنیاتی دەنین.
غولاّم پاش هەندیَ کۆکەی دوا بەدوای یەک پرسی: فلادیمییر زاخاروفچ! بۆ نزیک کردنەوەی ئەو رۆژە مەزنە دەبیَ چ بکریَ؟
لادو ژمارە دوو، و سیی رۆژنامەی «بردزولا»ی لە گیرفانی دەرهینا.
– دەبیَ بە گوتەکانی مارکس و ئەنگلز بکریَ، ئەوان گوتویانە...
لادو گوتاریکی رۆژنامەی «بردزولا» بە روسی خویندەوە و تەرجەمەی کرد.
– مارکس و ئەنگلز دەڵین: ئازادی چینی کریکار تەنیا بە دەستی خۆیان دیتە دی.
ئەژدەر بە گەرمی گوتی: کە قسەی دروست و بەجین!
لادو لەسەری رۆیی:
– دەبیَ بەرنامەی رۆژانەمان بییَ بۆ رزگار بوون لە کۆت و زنجیری ناسیونالیستی و نیشتمان، یەک بگرین و ببین بە هیز و ریکخراویکی مەزن و لە پیناوی ئازادیدا بخەبتین.
گڕیَ چڵە دارەکانی نیو سوپاکە، سیمای لادوی رووناک دەکردەوە، وەختیَ کە باسی پاشەرۆژی دەکرد ئومید لە چاوەکانی دەباری و لە پشت عەینەکەکەیەوە دەبریسکایەوە. تا بەشیکی تەواوی شەو رابورد هەر باسی پاشەرۆژیان کرد. دەنگ و گڤە گڤی با کپ بوو. ئەنجام لادو هەستا و هەموو لە گەڵیا هەستان. چوونە نیو حەوشە. زریانەکە کپ بوو بوو. مانگ لە ژیر هەورەکانەوە بە کزی سەرەتاتکیی بوو. دنیا سارد بوو.
– هاوڕیَ لادو! جلەکانت تەنکە سەرمات دەبیَ. شەو لە مالّی ئیمە بخەوە. بەیانی زوو بڕۆ.
لادو سوپاسی غولاّمی کرد.
– دەبیَ چەند نامەیەک بنووسم. دەبیَ هەواڵ بە فلادیمیرئیلیچ و سوسو بدەین و پییان رابگەیەنین کە فۆتۆکان کەشف بوون. بزانین ئەوان چ دەڵین. بیگومان ئیستا پۆلیس هار بوون. مالّ گەران و گرتن دەست پیدەکات. ئەژدەر هەر چۆنی بووە پیوەندی بە ورا وە بکە و ئاگاداری بکەوە کە تا خۆمان جوابی لیَ نەگیرینەوە بەلای چاپخانەکەدا نەیەت. خۆتیش مەیە. هەر کاتیَ پیویستی کرد ئاگادارت دەکەمەوە.
لادو سەعاتەکەی دەرهینا و دایە بەر تریفەی مانگەشەوەکەو و گوتی:
– هاوڕییان سەعات دوانزدەی تەواوە. ئەوا سالّی ١٩٠١یشمان بەری کرد. سالّی نویتان پیرۆز و پڕ لە خەبات و سەرکەوتنی گەورە بیَ! سەرکەوتووبن.
بەدەم دوعا خوازییەوە لییان جودا بووەوە. غولاّم لە حەوشەدا مایەوە.لادو و ئەژدەر چوونە دەریَ. ئیچری شار لە باوەشی خەویکی قوولا بوو. ئیچری شار گەرەکی هەژاران بوو. ئیچری شارییان چ خیر و خۆشییەکیان لە سالّی پار دیتبوو. تا پیشوازی لە سالّی نویَ بکەن! خانووەکان، دارودیوارەکان کپ و خامۆش بوون. ئیچری شار سالّیکی تریشی بە تەمەنی پیری سپارد. لادو و ئەژدەر تا پیچی کۆلاّنەکە پیکەوە هاتن. لەویَ دوعا خوازیان لیکدی کرد و جیا بوونەوە.
ئەو ١٩ فۆتۆیەی کەوتە دەستی پۆلیس، هی ژمارەکانی مانگی ئوکتەبەر و نۆڤامبر

و دیسامبری «ئیسکرا» بوو. ئەم رووداوە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی باکۆی تووشی پەشیوی و خەم کرد. فلادیمیرئیلچ لنین زۆر رازی بوو لە چاپی ئەم چاپخانەیە. لەو نامانەدا کە بۆی دەنووسین هەمیشە رینوینی دەکردن و جۆری کارکردنی نیشان دەدان. لە نامەیەکی سەرەتای مانگی هەشتدا بۆ ئەندامانی کۆمیتەی باکۆی نووسیبوو: ئاخۆ چاپچی بە تەجرەبەتان هەیە؟ ئەگەر هەتان بێ دەتوانن بە چاکی سوود لە مونتیف و فۆتۆ نیردراوەکان وەربگرن. جۆری مەکینەکەتانم بۆ بنووسن. ئایا دەتوانن لەسەر شیوەی «ئیسکرا»کەی ئیمە چاپی بکەن؟ ئەگەر دەتوانن نوسخەیەکم بە نموونە بۆ بنیرن.

چاپچی شارەزا پەیدا بوو. دەستیان بە چاپکردنی ئیسکرا کرد. لە پاڵ ئەمەشا «نینا» زۆربەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلز و لنینی چاپ دەکردەوە.

ئایا دەکرا هەروا بە ئاسانی ئەم هەمو سەرکەوتنانە بکەونە دەستی پۆلیس؟ هەڵبەتە نە. بە هەر نرخێ بوایە دەبوو وریا بن.

هەرچەندە هۆدەکە زۆر سارد بوو. بەڵام چونیاتوف و لادو کە بەم نیوەشەوە بۆ تەگبیر کردن و راویژ لەمەڕ ئەو بارودۆخە کۆ بوو بوونەوە هەستیان بەوە نەدەکرد. بە پەلە کاریان دەکرد. هەر جارەی تەگبیریکی تازەیان دەدۆزیەوە. پاش تەواو کردنی نامەکان. کەوتنە دارشتنی پلان و بەرنامەکانی کۆمیتەی باکۆ. هەروەها ئەرکەکانی داهاتووی کۆمیتەکانی باکۆ، بالاخانی، بی بی هەیبەت، قاراشار و ئاخ شاریان دیاری کرد.

لەگەڵ سپیدەدا کارەکانیان تەواو کرد.

راستییەکەی ژیانی بنیادەم بە تاڵە موویەکەوە بەندە. ئیستا سەر بەستانە رێ دەکەی، قسان دەکەی، پیدەکەنی، بەڵام نازانی ساڵیکی دی، رۆژیکی دی و تەنانەت سەعاتیکی دی چ شتیک چاوەڕوانتە. تا دوینێ بگۆورفی فەرمانبەری دایەرەی گومرگ خۆی بە بەختەوەرترین کەسی دنیا دەزانی، بەختەوەر بەوەی کە دایەرەیەک بەناوی دایەرەی گومرگەوە لەم دنیایەدا دروست بووە زەلامیک، زەلامەکەش ئەوە نەک یەکیکی دی لەم دایەرەیەدا وەکو فەرمانبەریکی پایەبەرز دامەزراوە. تا حەز بکەی باری تیدا بوو، قاسەی دایەرەکە لە ژیر دەستی خۆیدا بوو. کەسی لێ نەدەبوو بە مووی لووت. بەڵام ئەفسوس و هەزار ئەفسوس کە ژیان ئەوەندە بێ وەفایە. ئەگەر کیژەخانی بگرتایە هەڵبەتە بەختەوەرییەکەی هیندەی دی زیاد دەبوو. بەڵام کچەی زۆر زان لە نیوان بەفرو بارانەکەدا بوو بە دڵۆپێ ئاوو و زەوی هەڵی لووشی. بوو بە پارووە نانیک بنیادەمیکی برسی قووتیدا.

ماموریکی دریژ و لاواز لە پشت میزیکەوە شتیکی دەنووسی. یگوروف ویستی لەم ماموورە نزیک بیتەوە و بزانێ بۆ داوایان کردووە و چ بەڵایەک چاوەڕوانیتی. بەڵام زاتی نەدەکرد، چارەی ماموورەکە ژەهری لیدەباری. هەڵبەتە لەم کاتانەدا بیدەنگ بوون زۆر چاترە.

ئەنجام دەنگی زەنگیک بیدەنگی ژوورەکەی شڵەقاند. ماموورەکە قەڵەمەکەی لەسەر میزەکە داناو هەستا. بە شیوەیەکی سوپایی بەرەو ژووریکی دی رۆیی. دوای ماوەیەک گەڕایەوە. سەیریکی فەرمانبەری گومرگی کرد و ئیشارەتی بۆ دەرگاکە کرد. خوایە



خۆت رەحم بکە!

چوون بۆ ئەو ژوورە چەند زەحمەتە! بیگومان دۆزەخی ئەو دنیاش هەر ئەوەندە بە ئازارە. یگوروف بە هەنگاوی لەرزۆکەوە چووە ژوورەوە. بە ئەسپایی دەرگاکەی داخستەوە. چووە هۆڵیکی گەورە و جوانەوە. وینەیەکی گەورەی شا لەسەرووی هۆڵەکەوە دانرابوو. یگوروف کە وینەکەی بینی شەپقەکەی داگرت. کرنۆشی برد. لەنکاو کەسیک نەڕاندی: وەرە پیشەوە.

یگوروف لەجیی خۆی وشک بوو. تەماشایەکی ئەملاو ئەولای کرد. میزیکی گەورە لە سەرووی هۆڵەکەوە بوو. سەرهەنگ پاروشین لە پشت میزکەوە دانیشتبوو.

پاروشین لە وینەکەی شا بە سامتر بوو، یگوروف هەرکە پاروشینی بینی هەناوی هاتە خوارەوە. بە هەر ترس و لەرزێ بوو یەک، دوو شەقاوان چووە پیشەوە و ویستا.

سەرهەنگ دەستەکانی خستبوونە گیرفانی، دوو، سێ جار بە نیو هۆڵەکەدا چوو. ئەوجا ریک لەبەردەم یگوروفدا ویستا و بە رقەوە گوتی: کوا ئەو کیژەی بۆ مۆنتیفەکان هاتبوو؟

یگوروف متەقی نەکرد، رەنگی بوو بوو بە جاوی سپی.

– فیراری کرد جەناب... بمبەخشە.. پایەبەرز کرد هەرچیمان کرد نەمانتوانی بیگرین پایەبەرز!

– بیدەنگ بە هەی گەوج! بێ برەوە.

سەرهەنگ بە جۆریێ نەڕاندی، یگوروف خەریک بوو هەترەشی بچێ، ویستی قسان بکات کەچی دەنگی نووسا. ژوورەکە لەبەرچاوی دەسوڕا.

سەرهەنگ پاروشین تۆزێ لە روخساری ترساوی یگوروف راماو ئەوجا گەڕایەوە پشت میزەکەی. یگوروف لە جیی خۆی وشک بوو بوو. رەنگی مردووی لێ نیشتبوو. سەرهەنگ لە زەنگی دا، یگوروفی بەو ماموورە سپارد کە هاتە ژوورەوە.

بەم چەشنە ئەستیرەی بەختی فەرمانبەری پایە بڵندی دایەرەی گومرگ کەوتە کزی و هەرگیز گەشییەکەی جارانی نەهاتەوەبەر.

کە یگوروف برا، سەرهەنگ کەوتە هاتووچۆ بە ژوورەکەدا، چ بکات؟ لە سەدا سەد چاپخانەیەکی نهینی لە باکۆدا کار دەکات. بیگومان ئەم چاپخانەیە بۆ تەفلیس کار دەکات و لەویوە دەستور و فەرمان وەردەگرێ. سەرهەنگ هەم خۆی ئەم گومانەی لا پەیدا بووبوو هەم لە تەفلیسەوە خەبەریان دابوو. باشە ئەم چاپخانەیە لە کوییە؟ ئەو دکتۆری دادانەی کە سەندوقەکانیان بە ناوییەوە ناردبوو. گیرا، بەڵام چ شتیک نازانێ، باشە ئەم کیژە کیوە چووە؟

ئەم بیرانە وەکو خۆرە میشکیان دەخوارد. ماڵ بە ماڵ و زەڵام بە زەڵامی باکۆی بە بیرا هات و تیپەڕی. ماموریک هاتە ژوورەوە و پیی راگەیاند کە جەنەراڵ فەرماندار داوای کردووە و دەستووری داوە کە بۆ «ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی» بچیت.

پاروشین لە ناوەندی هۆڵەکەدا ویستا، تا ماوەیەکیش دوای رۆیشتنی ماموورەکە.لە جیی خۆی نەجۆڵا. کەواتە مەسەلەی مونتیفەکان بە ژەنەراڵ فەرماندارش گەییوە؟ کێ ئەمەی تێ گەیاند؟ چ گۆڕستانیکە! لە راستیدا ئینسان دژمنی ئینسانە.

یاریدەدەرەکەی فەرماندار وەکو سەگ بۆن دەکات. سەرۆکی پۆلیس ماستاوکەرەوە بۆ نیشاندانی دڵسۆزی خۆی هەمیشە لە تەکیایە. باشە بۆ بەخۆی خەبەرەکەی پێ رانەگەیاند؟ بۆ بەیانی زوو سەری فەرمانداری نەدا؟ پیاو کە گەوج بوو.

سەرهەنگ قەدەرێ جوینی بە خۆیدا. ئەوجا چەکمەجەی میزەکەی داخست و ژوورەکەی بەجیهیشت. بیگویدان بەو دوو، سێ کەسەی چاوەڕوانی بوون. بە پەلە لە قالدرمەکانەوە دابەزی. سواری عەربانە بوو. وەک چۆن یگوروف بە پەشۆکاوی هاتبووە نک ئەو. ئەویش بە هەمان شیوە خۆی بە ژووره ئاوینە بەندەکەی «بارەگای ئەنجومەنی کۆمەڵایەتیدا» کرد. جەنەراڵ فەرماندار ئودینتسوف لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەریی دەکرد، کە سەرهەنگ چووە ژوورەوە، فەرماندار هەر ئاورشی لێ نەدایەوە. بە تووڕەییەوە شانەکانی هەڵتەکاند و بە دەنگیکی هیمن ئامیزەوە پرسی:

– دەمیکە هەواڵ و رووداوەکانی شار لە من دەشاریتەوە سەرهەنگ!

سەرهەنگ دەمی وشک بوو بوو. بە زەحمەت وەڵامی دایەوە: پایەبەرز، سەرقاڵی ئامادە کردنی سەرجەم هەواڵەکان بووم کە بۆ ئیوەی بنیرم.

– هەواڵ؟

جەنەراڵ رووی وەرگیڕا. ریک لە بەردەم پاروشیندا ویستا. وەکو چۆن پاروشین لە بەردەم یگوروف دا ویستا بوو.

پاروشین لە یگوروف خراپتری بەسەر هات. لوول بوو. جەنەراڵ دیسان پرسی:

– هەواڵ؟ کەواتە سەرقاڵی هەواڵ و نامە نووسینی..

پاروشین لە مەبەستی تینەگەیی. لەوانەیە ئاگای لەو نامە دڵدارییەش هەبێ کە مانگی پیشوو بۆ پترسبۆرگی ناردبوو. بەڵام جەنەراڵ زۆر تاکیدی لەسەر وشەی «نامە» نەکرد و دریژەی بە نەڕە نەرەی خۆیدا: ئەوان بڵاوکراوە دەنووسن. رۆژنامە چاپ دەکەن و تۆش سەرقاڵی ئامادەکردنی هەواڵ ونامەی دڵداریت.

پاروشین لە جیی خۆی وشک بوو. ویستی قسەیەک بکات بەڵام نەیتوانی. جەنەراڵ ئودینتسوف بێ گویدان بەوەی کە ئەو دەیەوێ قسان بکات. لەسەری رۆیی:

– بە بەرچاوی تۆوە «ئیسکرا» چاپ دەکەن، خەڵکی دژی شا هاندەدەن.

جەنەراڵ رووی کردە وینەکەی شا و وەکو بت پەرستیک ویستا. پاروشین بەرەو وینەکەی شا وەرچەرخا. دوای کەمیک بیدەنگی، ئودینتسوف لەسەری رۆیی:

– غیرەتی گرتنی کچۆڵەیەکت نییە. بەدەستی خۆتان لە هەندەرانەوە مونتیفیان بۆ دەهینن. من کە ئەمانە دەبینم گومانم لا پەیدا دەبێ...

تۆزیکی تریش هاتە پیشەوە و ریک بەرانبەری ویستا. غەزەب لە چارەی دەباری ددانەکانی جیر کردەوە و بەرقەوە گوتی: وا هەست دەکەم ئیوەش خۆتان بۆ دژایەتی پاشا حازر بکەن.

سەرهەنگ راچڵەکی، بەڵام نەیویرا لیوی ببزوێ. جەنەراڵ لەسەری رۆیی:

– دوور نییە تۆش یەکیک بی لەوان. یان وایە یان ئەوەندە گەوجیت شارت پێ بەڕیوەناچیت و لە خۆڕایی و بە هەڵە ئەم شارە بە تۆ سپیردراوە..

جەنەراڵ بە تەوسەوە سەیریکی سەرهەنگ پاروشینی کرد. رووی وەرگیرا. کەوتە



هاتووچوو بە ژوورەکەدا. جەنەراڵ ئەو رۆژە زۆر نارەحەت و نیگەران بوو. عادەتی وابوو لە هەر شوینێ ئاوینەیەک ببینێ، سەعاتێ لە قەد و قەڵافاتی خۆی رامینێ. بەڵام ئەورۆ تەماشای هیچ ئاوینەیەکی نیوژوورەکەی نەکرد. بەمەیا هەست بە نیگەرانییەکەی دەکرا. جگەرەیەکی دەرهینا. بێ ئەوەی دایگیرینێ لەسەر تەپلەکەکە داینا. لەبەرانبەر پاروشیندا ویستا. دوو، سێ جاران پاژنەکانی بە زەویدا کوتان و پرسی: لاڤۆورف هاتەوە؟

پاروشین وەکو یەکیک لەبیرکردنەوەیەکی قوڵ دایانبڕی بێ، پاش کەمیک رامان گوتی:

– نەخیر پایەبەرز، قەرارە لەم رۆژانەدا پەیدا ببێ.

– هەڵبەتە ئیوەی دەستەوسان دەبێ لە شوینانی دییەوە یارمەتی بدرین؟ مامۆستاتان پیویستە.

پاروشین تەواو سەخڵەت بوو: پایەبەرز! ئیمە شکارچی کارامەمان هەیە. روتستیر لاڤۆروف لە تەفلیسدا ناوی دەرکردووە.

جەنەراڵ ڤۆدینسوف کە ناوی تەفلیسی ژنەوت کەللەیی بوو:

–باسی تەفلیسم بۆ مەکە جەنابی پاروشین. تەفلیس عەماری باروتە و هەر چرکەیەک بتەقیتەوە. دەتەقیتەوە. لەلایەکەوە مانگرتنی کریکارانی کارخانەی پیڵاوسازی عادل خانوف لەلایەکەوە مانگرتنی کریکارانی ریگای ئاسن.. مانگی رابوردوو لە باتومدا مانگرتن و خۆ پیشاندانی شەش هەزار کەسی بەرپا بووە... زیندانەکان پڕ بوون لە کریکار. بەڵام حەپس و چەک و زەبروزەنگ هیچ بە هیچ ناکەن. کریکاری کارخانە و کانەکان هەرکە نیوی ریبەرەکانیان بەرگوێ کەوت یان تەنیا ناوی لنین یان بەسە کە بە هەفتە و مانگ مان بگرن. جەنەراڵ بە یەک بین ئەم قسانەی کرد و بیدەنگ بوو. بە تەوسەوە تەماشای پاروشینی کرد.

– لاڤوروفیش بەرانبەر بەم لافاوە هیچی پێ ناکرێ.

پاروشین چ وەڵامیکی نەدایەوە. چونکە قسە کردن لەم جۆرە کاتەدا بیسوود بوو، ئەگەر بۆ ئاهی سویند قسەیەکی نارەزایی ئامیز لە وتەکانیا هەبا، ئەوا جەنەراڵ ئاماری تەواوی رووداوەکانی باکۆی بە روویا دەدایەوە. بۆیە بیدەنگی و کڕی تەنیا چارە بوو.

جەنەراڵ تووڕە بوو، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا، لە بەرانبەر پاروشیندا ویستا:

– جەنابی پاروشین چاکەتەکەت داکەنە و تەماشایەکی پشتەکەی بکە بزانە کاتێ کە قسانت لە گەڵ مندا دەکرد. شۆڕشگیڕەکان بڵاوکراوەیان پیوە هەڵنەواسیوە؟!

پاروشین نقەی نەکرد. خۆ ئەگەر بیوستیایە قسەیەکیش بکات ئەوا جەنەراڵ لەوان کەسانە نەبوو کە دەرفەتی قسەکردنی بدات.

– ئەو دکتۆری ددانەی کە سەندوقەکانیان بە ناوییەوە ناردبوو، دۆزرایەوە یان نا؟

– تەوقیفیان کردووە قوربان! بەڵام دەڵێ ئاگای لە هیچ نییە.

– ئەدی ئەو کیژەی بە نیوی خوشکەزای ئەوەوە هاتبوو؟

– خۆی و شانسی ئەو رۆژە زریان و با و بۆران بوو، رزگار بوو.

یەک ساڵە لە باکۆیە. پیوەندییەکی نزیکی بە جوگاسویلی* (ستالین)یەوە هەیە. سوشیال دیموکراتەکان لە باکۆدا ریکخراویکیان پیکەوە ناوە. زوو زوو کۆبوونەوە دەکەن. لە کام ماڵدا؟ ددوشکا کییە؟ کنونیانتس لە کوێ کار دەکات؟ ناوی نهینی لادوکتسخوفلی و مونتین چییە؟ زۆر میشکی خۆت مەگوشە جەنابی پاروشین! چونکە وەڵامی هیچ یەکیک لەو پرسیارانەت پێ نییە. زۆر بوونی رۆژانەی ئەم پرسیارانە ملمان لە پەتی سیدارە نزیک دەکاتەوە. تێ دەگەی یان نا؟

پاروشین دیسان چ وەڵامیکی نەدایەوە. لەدڵی خۆیدا شوکرانەی خوای دەکرد کە جەنەراڵ ئاگای لە ئاگرەکەی باڵاخانی و قسەکردنەکانی لادو نییە. پاروشین لیی عەیان بوو کە قسەکەرەکەی ئەورۆژە لادۆ بوو. هەرچەند میرزا قاسم دەیگوت ئەرمەنییە بەڵام پاروشین دڵینا بوو. دیسان بارانی پرسیاری بە سەرا باری. ریک لەم کاتەدا ماموریکی پۆشتەو گەنج سەری دانەواند و گوتی:

– سەما دەستی پیکرد جەنابی جەنەراڵ، بۆ ڤالسی * (جۆرە سەمایەکی ئەڵمانییە) یەکەم قەولتان بە خانم داوە.

جەنەراڵ پاش ئەم قسەیە تەماشای ئاوینەی کرد. دەستیکی بە قژیا هیناو بە پاروشنی گوت:

– خانمەکەی تۆ، نینا خانم، زریان قوتیدا، بچۆ بیدۆزەوە و سەما لەگەڵ ئەودا بکە.

پاروشین، پاژنەکانی بە یەکدادا، کرنۆشی برد. پاشەو پاش کشایەوە، لە ژوورەکە دەرچوو.



18

لە سبەینیی ئەو رۆژەوە گرتن لە شارا دەستی پیکرد. هەرکە یەکیک دەگیرا سەرهەنگ پلەیەک بەرز دەبووەوە، ئەدی دایەرەی پۆلیس و ئەمن بۆچی دروست بووە؟ بۆ گرتن، حەپس کردن، کوشت و کوشتار و ئیعدام.

پاروشین لە رۆژەکانی هەوەڵەوە بڕیاری دابوو، تۆڵەی بیزکاڵییەکانی جەنەراڵ لە مەردم بکاتەوە. تەڕو وشکی پیکەوە دەسووتان. زۆری پێ نەچوو لەم گەمەیەش وەرس بوو. بەخۆی کەوتە تەحقیق کردن لەگەڵ گیراوەکانا. فەرتەنەیەک بوو هەر مەپرسە. هاوار و فریادی کەسانی دەست و پیشکاو، چاودەرهینراوان، دیوارەکانی زیندانی دەلەرزاند. لەم گەمەیەش بیتاقەت بوو.

هەر زوو ئومیدەکانی هەڵوەرین و چاوی رەشی کاڵ بووەوە، ژیانی لەبەر چاو رەش بوو. حەپس و تیهەڵدان سوکنایی دڵیان نەدەدا. تەحقیق و تەحقیق کاری میشکیان دەکرۆشت. چاپخانەکەش بێ ووچان کاری خۆی دەکرد. پاروشین ئەمەی چاک دەزانی، ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی کە هەموو رۆژێ مامور و پیاوەکانی لە دەرگا و دیوارو عامودەکانیان دەکردەوە و بۆیان دەهینا رۆژ بەرۆژ پتر دەبوو. سەرهەنگ هەستی دەکرد کە بێ ئەنجامی تەحقیق و زۆربوونی بڵاوکراوەکان هەڕەشە لە کورسییەکەی دەکەن.

تورە بوو، بێ ئارام، خەو نەدەچووە چاوانی. نەخشەی شاری باکۆی لەبەردەستی خۆیداً دادەنا بە سەعاتان بیری دەکردەوە، رۆژانە هەواڵ و بڵاوکراوەکانی دەخویندەوە و دەخویندەوە. بە قەڵەمی شین ئەو شوینانەی دیاری دەکرد کە بڵاوکراوەکانی تیدا هەڵواسرابوون. بڵاوکراوەکان بە زۆری لە گەڕەکە کریکارنشینەکان هەڵدەواسران. هەر کەسێ بڵاوکراوەی پێ بگیرایە یان بیخویندایەتەوە دەگیران و حەپس دەکران. بەڵام هەموو ئەم زەبرو زەنگانە جییان بە چاپخانەکە لەق نەکرد. بچووکترین زانیاری لەسەر دەست نەدەکەوت. بە تەواوی هاتبووە سەر ئەو باوەڕی کە نینا هەمان کیژە کە بۆ فۆتۆیەکان هاتبوو. ئەدی بابی نینا کییە؟ هەر کەسیک بێ، ئاگری بن کایەکە ئەوە. خوایە ئەم بابە کییە؟ پیرە، گەنجە؟ یان نینا و بابی نینا ناوی نهینین! ئەو هەواڵە ناکۆک و درۆیانەی کە مامورەکانی لەم بارەیەوە دەیانگەیاند کەم نەبوو.

لەولاشەوە بە دەست تەفلیسەوە دین بوو بوو. دایەرەی ئەمنی تەفلیس ئەوەیان دەسەلماند کە رۆژنامەی «بردزولا» بەرلەوەی بگاتە تەفلیس لە باکۆ بینراوە. کەواتە لە باکۆ چاپ دەکرێ.

چالاکی پۆلیس و ئەمنی تەفلیس پتر بۆ کتسخوفلی تەرخان کرابوو. ناوی راستەقینە و ناوی نهینیان بە هەموو لایەک گەیاند بوو. وایان راگەیاند بوو کە زاخاروفچ دەستە راستی سوسوی بە ناوبانگە و حاڵی حازر لە باکۆدا چالاکی دەکات. لە نامەیەکی دۆستانەدا داوا لە جەنەراڵ فەرماندار کرابوو کە کتسخوفلی بگرێ و رەوانەی تەفلیسی بکات.

پاروشینیش دڵینا بوو کە کستخوفلی لە باکۆدایە. هەر دڵنیا بوو کە لادو لە بالاخانیدا قسەی کرد و چۆنیەتی مانگرتنەکەی ریک خست. هەر باش بوو کە ئەم

هەواڵە نەگەییە جەنەراڵ، ئەگینا ڕۆژێ سەد کەرەتی سەرکۆنە دەکرد.

سەرهەنگ دڵنیا بووتا چاپخانەکە نەدۆزیتەوە لادوش ناگیرێ. پاروشین زۆر بێ قەرار بوو. نیشانەکانی سەرنەخشە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەبوو. ئەویش هیندەی دی نیگەران دەبوو. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە چاپخانەکە لە ناوچە و گەڕەکە کریکارنشینەکانا نییە. بەڵکو لە ناو شار دایە. چونکە سەرهەنگ تەواوی ناوچەکانی بالاخانی، بی بی هیبت، ئاخ شار و قارا شاری پشکنی بوو. هەروەها گەیی بووە ئەو سەرەنجامەش کە شۆڕشگیرەکان ئەدەبیاتی نهینی لە شوینیکا بڵاو ناکەنەوە کە چاپخانەکەی لێ بێ، لەسەر نەخشەکە تەنیا ناوەندی شار مابوو نیشانەی شینی لێ نەدرێ. سەرهەنگ پۆلیسی بەهەموو لایەکدا بڵاو کردبووەوە لە کەناری دەریاوە تا جادەی شماخی.. لە ویستگاوە تا گەڕەکی داغلی. ئیدی پیاوی سەرهەنگ و چەقۆکیشەکانی وەکو سیبەر بە شوینی خەڵکەوە بوون. سەریان بە هەموو ماڵ و دوکان و موغازەیەکدا دەکرد. بەراستی کەس لە خۆی دڵنیا نەبوو.

سەرهەنگ لەپڕ ئەوەی بە بیرا هات کە لەم شارەدا تەنیا یەک کەس نینای بە چاوی خۆی بینیوە و قسەی لەگەڵ کردووە، ئەویش بگورفی فەرمانبەری دایەرەی گومرگە. باشە بۆ سوود لەو وەرنەگرێ؟ بە پەلە مامووریکی بۆ دایەرەی گومرگ نارد. کە یگوروف لەوێ نەبوو ئەوجا زانی حەپسی کردووە. هەرچەندی بیر کردەوە نەیدەزانی بۆ حەپسی کردووە. ئیدی حوکمی قەرەقوشە و ئەم بابەتە حاڵانەی زۆر تیدایە. هیندە خەڵکی بێ سووچ و تاوان لە زیندانا بوو کە سەرهەنگ ئەم حاڵانەی بیر نەدەما.

پاروشین مامووریکی بەپەلە بۆ زیندانی شار نارد. یگوروف ئازاد کراو داوای لێ کرا کە تەواوی شار بداتە ژیر پیوە و نینا بدۆزیتەوە. بەم چەشنە یگوروف لە زیندان دەرچوو. چووە ریزی خەفیکانەوە.



# 19

لادوش لەسەر داوای کۆمیتەی باکۆ، کاری نهینی توندتر کرد. ماوەیەکی زۆر لە چاپخانەکە نەهاتەدەرێ. پیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا بپچڕی. کارو پیشەی چاپکردن بوو. هەستی بەو خەتەرە کردبوو کە هەڕەشەی لە نینا دەکرد. تەنیا دوو پیت ریکخەرەکە هەقی هاتووچۆیان بو چاپخانەکە هەبوو. ئەژدەر و ورا بە شیوەیەکی کاتی هاتووچۆی ئەو ناوەیان لێ قەدەغە کرابوو. هەندێ جار پیت ریکخەرەکانیش بە مامووری دەرۆیشتن و یەک دوو هەفتەیان پێ دەچوو. تەنیا لادو دەمایەوە. بە چەند هەفتە لە چاپخانەکە نەدەچووە دەرێ، پیوتر چونیاتوف پیویستی و خواردەمەنی بۆ دابین دەکرد. ئەژدەر و ورا بۆیان نەبوو راستەوخۆ بیدینن. هەندێ جار لە ریگای خەڵکانی دییەوە فەرمان و دەستوورەکانی ئەویان پیدەگەیی.

ئەژدەر یەکیک لە ڕۆژە ساردەکانی مانگی ٢ی ساڵی ١٩٠٢ی هەرگیز لە یاد نەدەچوو، ئەو ڕۆژە چاکەتە پیناوییەکەی لەبەر کرد و لەماڵ چووە دەرێ. سەرەو خوار شەقامەکەی بڕی. کە گەییە «درد نیل» بایەکی سارد هەڵیکرد. خۆی پینەگیرا و کەوت. بە تۆبزی خۆی لە چنگی زریانەکە رزگار کرد و بە کیوەکەدا بەرەو شار داگەڕا. گەییە یەکیک لەشەقامەکانی شار و خۆی بە کۆڵانیکدا کرد. لە سەرمانا لە سوچیکەوە کزکولەی کرد. برسیتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو. دوو ڕۆژ بوو نانی نەخواردبوو. نەیدەزانی روو لە کوێ و چی بکات. غوڵام لە شوینیکا کریکاری دەکرد و لەم دەمەدا لە ماڵ نەبوو. پورە نسا ژنیکی زرینگ بوو، ئەگەر بۆ ماڵی وان چوو با یەکسەر هەستی بە برسیتی ئەو دەکرد. بەڵام نا، ئەمە کاریکی چاک نییە.

وراش لە ماڵ نەبوو. لە دوینیوە بە کار ڕۆیی بزز، بۆیە نەدەکرا بۆ ماڵی ئەوانیش بڕوات. ئەدی چ بکات؟ ئەگەر شتێ نەخوات ناتوانێ بەرگەی ئەم سەرما و تۆفە بگرێ... ئەژدەر بیری کەوتەوە کە ملیکیانتس داوای لیکردبوو کە لە دایەرەی کارەبای بائیلدا بە ڕۆژانە ئیش بکات. ئەگەر ئەوڕۆ کاری کرد با بەلای کەمەوە چەند «کوپک»یکی *(جۆرە پارەیەکی سەردەمی روسیای تزارییە) بۆ سبەی دابین دەکرد.

بەشەقامی نیکولایوفسکیدا تیپەڕی و لە ریگای «سادوو» وە گەییە کەنار دەریا. لەویوە بەرەو بائیل بەڕیکەوت. بڕینی ئەم ریگایە زۆر زەحمەت بوو. زریان و تۆف زەلامی دەبرد. بەزەحمەت خۆی گەیاندە کۆختەکەی تەک دایەرەی کارەبا. بە دەستە ڕچیوەکانی دەرگای کردەوە وخۆی بە کۆختەکەدا کرد. سۆپایەکی نەوتی لە ژوورەوە دەسووتا، ئەژدەر تۆزێ گەرمی بووەوە، ئیرە ژووری پاسەوانی دایەرەی کارەباکە بوو.

کریکاریکی ئاشنا لە پاڵ سۆپاکەدا و لەسەر تەختیک دانیشتبوو. خەریکی چا خواردنەوە بوو. هەر کە ئەژدەری بینی، زەردەخەنەیەکی کرد و بە دەم چا تیکردنەوە و بە شۆخییەوە گوتی: برادەر، دەڵیی لەسەرما ڕەق بوویتەوە!

ئەژدەر بێ وەی چ قسەیەک بکات لە سۆپاکە نزیک بووەوە، ویستی قسەیەک بکات کەچی لیوەکانی نەبزوان، پاش ئەوەی کەمیک هاتەوە سەرخۆ، بە زەحمەت گوتی: خوینی نیو دەمارەکانیشم مەیوون.

کریکارەکە، چایەکەی لە بەردەم ئەوا دانا.
– دانیشە چا بخۆرەوە، تۆزێ خۆت گەرم بکەوە.
ئەژدەر دانیشت، دەستی بە خواردنەوەی چای گەرم کرد. تۆزێ گەرمی بووەوە، پیاڵە بە تاڵەکەی بۆ کریکارەکە درێژ کرد و گوتی: هەربژی برادەر، چایەکەت لەجیی خۆیدا بوو.
– پیاڵەیەکی تریش وەخۆ.
– سەلامەت بی.
پیاڵەی دووەمی رەت کردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: پەندی پیشینیانە « برسی رقی لە ئاوە».
– ئەرێ ددوشکا لە کوێ دەبینم؟
کریکارەکە سەیریکی ئەژدەری کرد و بە گومانەوە پرسی: ددوشکا کییە؟ کەسی وامان نییە.
– یانی چی، لیرە نییە؟
ئەژدەر ئەمەی گوت و بە وردی روانییە روخساری کریکارەکە.
– دەبێ لیرە بێ.
– تۆ چوزانی دەبێ کێ لیرە بێ؟ دەڵێی سەرما میشکی تیک داویت؟
– یانی چی، چووزانم؟ یانی من جیگای بابە گەورەی خۆشم نەزانم؟ من نەوەی ئەوم.
– چی؟ تۆ نەوەی ئەوی؟
کریکارەکە زەردەخەنەیەکی کرد. بە ئەسپایی گوتی: کە لیرە دەرچوویت، دەچیتە حەوشەکەوە، بابە گەورەت لە زنجەکەی بەرانبەر دایە.
بەدەست دەرگایەکەی نیشاندا. ئەژدەر سوپاسی کریکارەکەی کرد و چووە نیو حەوشەکە. حەوشەکە چەپەک بوو، با هیندە نەیدەگرتەوە. بەڵام دنیا سارد بوو پێ دەچوو بەفر بباریێ، ئەژدەر کڵاوەکەی هینایە سەرچاوی. پاڵتۆکەی پتر لە خۆوە پیچا. لە زنجەکە نزیک بووەوە. زنجەکە نیوەی گڵ و نیوەی بەرد بوو. لە پەنجەرەکەوە نیو زنجەکە دیار نەبوو. بەرەمز لە پەنجەرەکەیدا، جامی پەنجەرەکە لە ناوەوە بە رۆژنامە گیرابوو. چووە بەر دەرگاکە، پاش کەمیک دەرگا کرایەوە.
کابرایەکی لاوازی ردین هاتوو دەرگای کردەوە. کە ئەژدەری بینی پرسی:
– کیت دەوێ؟
دەنگ و قەلافاتی ئەم زەلامە زۆر ئاشنا بوو. بەڵام چونکە ناو زنجەکە نیمچە تاریک بوو، ئەژدەر زەلامەکەی بەباشی نەناسیەوە. ئەژدەر یەخەی پاڵتۆکەی ریک خست، کڵاوەکەی چاککرد و چەند شەقاویک چووە پیشەوە.
کابرای ردین هاتوو بە زەردەخەنەوە گوتی: ئەژدەر، ئەمە تۆی؟ من ناناسیت؟ وەرە ژوورەوە.
ئەژدەر بەسەرسامی وەڵامی دایەوە: هاورێ کنونیاتس، هەر نەمناسیتەوە. هەڵبەتە تۆش منت نەناسیەوە.



چوونە ژوورەوە، دەرگایان داخست. ژوورەکە زۆر تەنگ و سارد بوو. ملیکیانتس و لادو لە پشت میزیکی ناوەندی ژوورەکەیا دانیشتبوون. لادو هەرکە ئەژدەری بینی برایانە لەبەری هەستا و باوەشی پیدا کرد. ئەوجا دەستی گرت و هینایە شوینیکی روناکی کەنار میزەکە و بە وردی لیی راما و گوتی:
– ئەژدەر، هاوریی شیرین! لە میژە نەمدیویت. بۆ هیندە لاواز بوویت؟
– فلادیمیر زاخاروفچ من ویستم ئەم پرسیارە لە تۆ بکەم، بەڵام تۆ دەست پیشخەریت کرد. زۆر لاواز بوویت و تەواو گۆڕاوی.
ئەژدەر پاش چاک و خۆشی لەگەڵ ملیکیانتس و بوگدان کنونیانتس، دریژەی بە قسەکانیدا، هاورێ بوگدانیش ئەوەندە گۆڕاوە هەر نەمناسیەوە. ددوشکاش تۆزێ پیر بووە.
لادو ئەژدەری لە تەنیشت خۆیەوە دانا.
– لاواز بووین، گوێ مەدەرێ ئایندەی پر لە بەختیاری نزیکە. بزانە چیمان کردووە.
روانییە روخساری هاوریکانی. دەستی بە یەکا دا و بە زەردەخەنەوە گیرفانەکانی خۆی گەڕا. ئەژدەر دەم ودەست هەستی کرد کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی باکۆیان هەبوە و ئەم لە دوادواییدا فریا کەوتووە.
فلادیمیر زاخاروفچ لە گیرفانە نهینیەکەی پشتیەوە پارچە رۆژنامەیەکی دەرهینا. ژمارەیەکی تازەی ئیسکرا بوو.
بە شادییەوە گوتی: نینا وردە وردە گەورەتر دەبێ، ئیسکرا، بردزولا، نامیلکە و بڵاوکراوەکان.. بزانە چەند جوان چاپکراون. چاپخانەکەمان چاکە. وانییە؟
بەڵام نازانم ئەگەر جارێ کەرەستە سەرەتاییەکانمان پینەگات، یان مۆنتیفەکان دوا بکەون چی بکەین. مەخابنە مەکینەکەمان بێ کار بێ، حەیفمان لێ دێ کتیبی ئەندازە و جەبر چاپ بکەین.
هەموو بەم شۆخییەی ئەو پیکەنین. زاخاروفچ دەستی خستە سەرشانی ئەژدەر و بە دڵسۆزییەوە پرسی: لە دووری نینا دڵتان تەنگ نییە؟
– هەر تەنگ! کەی مۆڵەتمان دەدەی؟ زۆر جار بەم ناوەدا دەسوڕیمەوە بەڵام چونکە قەدەغەت کردووە ناویرم بیمە ژوورەوە.
لادو گوتی: نیزام یەکەمین یاسای ئیمەیە، کە قەدەغە کرا ناتوانی بی، ئەدی نابینی چۆن ئابلۆقەیان داوین؟ سەر بەهەموو کونیکا دەکەن. شوین پیی پاروشین لە هەموو کۆڵان وشەقامەکانا دیارە. ئەو بابایەکی زۆڵە. دەبێ زۆر وریا بین.
بایەکە لە دەرێ را دەیلوراند. ژوورەکە ساردتر بوو. لادو لە سەرما کزکۆڵەی کرد بوو، هەستا دوو، سێ جار بە ژوورەکەدا هاتوچۆ، دەستەکانی هەڵگلۆفت و لە ئەژدەری پرسی: ورا چۆنە؟ بەم زستانە ساردە بۆ شوینی دووری مەنیرە. لاوازە زوو سەرمای دەبێ.
ئەژدەر سەری داخست، چ قسەیەکی نەکرد. شەرمی دەکرد. دەیویست قسەکە بگۆڕێ، لادو کە بینی ئەژدەر بیدەنگە بزەیەکی کرد.
– بەم زووانە مۆڵەتی هەردووکتان دەدەم کە بۆ چاپخانەکە بین، وەک بڵیی لەم

ئاستەنگە خەلەساین. ئوردوی جاسوسانی پاروشین بەرە بەرە گۆڕیان گوم دەکەن. هاورێ چونیاتوف جوابتان لیدەگیڕیتەوە.

ئەژدەر کە بینی قسەکان تەواو بوون، هەستا. لادو داینیشاندەوە. بە میهرەبانییەوە دەستی بەسەریا هینا: دانیشە، مەڕۆ پیویستە تۆزێ نان بخۆی. دەزانم برسیتە.

ئەژدەر سوور بووەوە، چۆن زانی کە ئەم برسیتی؟

– ناخۆم، برسیم نییە.

لادو گویی نەدایە قسەکەی، دۆڵابەکەی کردەوە و کەمێ نان و پەنیری دەرهینا، لە بەردەم ئەژدەرا داینا و گوتی: بخۆ سەیری چاوی هەر کەسێ بکەم دەزانم برسییە یان تیرە. خەڵکی برسیم زۆر بینیوە، بۆیە هەموو ژیانی خۆم بۆ خەبات لە پیناو جیهانیکی بێ برسیتی تەرخان کردووە.

ئەژدەر گەرچی نان و پەنیرەکەی لەوێ نەخوارد، بەڵام هەڵی گرت و خستییە گیرفانییەوە و هەستا.

– هەر بژی فلادیمیر زاخاروفچ! بە یارمەتیت با بڕۆم.

ئەژدەر تەوقەی لەگەڵ هەموویانا کرد، ملیکیانتس بە چپە پیی گوت: سبەی وەرە بە رۆژانە ئیش بکە. کەمێ پارەت دەست دەکەوێ هەر باشە.

– بەسەرچاو، سبەینێ دیم. سەلامەت بی.

ئەژدەر هەمیشە ئەم رووداوەی لەبیر بوو، لەوە بەدواوە، هەرچەندە مۆڵەت بە هەردووکیان درا کە هاتوچۆی چاپخانەکە بکەن، بەڵام ئەژدەر شەرمی دەکرد سەیری چاوانی فلادیمیر زاخاروفچ بکات. وای هەست دەکرد دیسان پەی بە دەستکورتی و برسیتی ئەو دەبات. ئەم پیاوە دەیتوانی بیری ئینسان لە چاویا بخوینیتەوە.



## 20

بەمجۆرە کۆتایی بە مانگی یەک و دووی ساڵی ۱۹۰۲ هات. بەڕاستی رۆژگاریکی سەخت بوو. راونان، گرتن، کوشتن، سەرما، برسیتی و هەزار ناخۆشی دی... پاشا گەردانییەک بوو بۆخۆی. وەعزی ورا زۆر خراپتر بوو. هەندێ رۆژ لە ماڵ نەدەهاتەدەرێ و هەندێ شەو بیانوویەکی دەدۆزییەوە و لەماڵی میرزا حوسین دەمایەوە. بۆ رێ بزری زوو زوو جلەکانی دەگۆڕی. قژە زەرد و خاوەکەی هەرجارەی بە شیوەیەک شانە دەکرد.

مانگی دوو هات، لەپڕ دنیا ئەوەندە گەرم بوو کە خەڵکی پاڵتۆیان لیفریدا.

ئەژدەر هەموو رۆژێ هاتوچۆی چاپخانەی دەکرد، بە هەڵس و کەوت و رەفتارەکانی لادو و پیوتردا بزووتنەوەی کریکارانی بۆ دەردەکەوت. بۆ وینە ئەو رۆژە زۆر شاد و بە کەیف بوون. شۆخیان دەکرد و پیدەکەنین. لادو هەرکە ئەژدەری بینی بە شادییەوە گوتی: ئەژدەر هەواڵی خۆش و باش لە باتومەوە بە دەست گەییوە. هاوڕییان خۆپیشاندانیکی سیاسی گەورەیان بەرپا کردووە. گرتن دەستی پیکردەوە. سەرمایەدارەکان پەشۆکاون. بڵاوکراوەیەکی بە نرخمان لەم بارەیەوە چاپ کردووە. دەبێ ئەوڕۆ بگاتە دەستی کریکارانی باکۆ. کومیتەی باکۆ بڕیاری داوە کە بە زووترین کات ئەم رووداوانەی باتوم لە کریکارانی باکۆ بگەیەنێ.

ئەژدەر بڵاوکراوە تازە چاپکراوەکەی لە لادو وەرگرت. بەڵام دەرفەتی خویندنەوەی نەبوو. لادو دووەم بڵاوکراوەی بۆ دریژ کرد.

– ئەمەش، بڵاوکراوەی سەرەتای مانگی پینجەو بە چەند زمانیک چاپ کراوە. دەبێ سەرەتای مانگی پینجی ئەمساڵ بکرێ بە خۆپیشاندانیکی سیاسی گەورە.

پاش ئەم قسەیە، لادو خورجیکی لە سوچیکی ژوورەکەوە هەڵگرت و بە شانی ئەژدەریا دا. ئەوجا کڵاویکی چەرمی لە سوچیکەوە پەیدا کرد و کردییە سەر ئەژدەر و دەرگاکەی نیشاندا.

– یەکراست بەرەو کانەکان، تا لای هاوڕێ کریکارەکان مەوەستە، ئاگات لە خۆ بێ.

ئەژدەر و ورا کە ئەو رۆژە لە ویستگای «کوکوشکا» دا یەکیان گرتەوە ئەم ئەرکەیان بە سەرکەوتووی ئەنجامدا. لە نیوەی یەکەمی مانگی پینجا هیندە سەریان قاڵ بوو نایان پەرژایە سەر هیچ. خۆپیشاندان، مانگرتن، وتار خویندنەوە، داواکاری تازە و.. لە نیوەی مانگ بە دواوە بارودۆخ لەپڕ گۆڕا، ئەژدە ئیستاش لە بیریەتی کە رۆژیک بە تاقی تەنیا لەگەڵ لادودا لە چاپخانەکە بوون. هاوڕیکانی دی بەکاروبار رۆیی بوون. لەپڕ لە دەرگا درا. فلادیمییر زاخاروفچ بە وریاییەوە لە دەرگا نزیک بووەوە: کییە؟

ورا لەو دیو دەرگاکەوە گوتی: کاکە منم! دەرگا بکەوە. خوشکەکەتم...

لادو دەرگای کردەوە. ورا هاتە ژوورەوە. لادو دەرگای داخستەوە.

ورا شڵەژا بوو، دەست و لیوی دەلەرزین. لادو کە ورای بەو حاڵەوە بینی هەر دووکیانی بردە ژوورەکەی تەنیشتەوە و لە ورای پرسی:

– هیوربە خوشکم.. مەشلەژێ، چی بووە زوو قسان بکە!

ورا بە سەرخۆیدا زاڵ بوو. بە ئەسپایی گوتی: لە دوینێ شەوەوە دەستیان بە گرتنی

کریکاران کردووه. گرتن هیشتا بەردەوامە. پۆلیس ناوچە کریکارنشینەکانیان گرتووە و تاکو نهۆ بیست و پینج کەسیان گرتووە. ماڵی گیراوەکان دەپشکنن، تەنانەت بن میچی ژوورەکان، ژیر گڵیم و رایەخەکانیش دەگەڕین. فلادیمیر زاخاروفچ بە شوینی توشدا دەگەڕین.

لادو ددانەکانی جیر کردەوە و بە رقەوە گوتی: کەواتە دەستیان داوەتە پەلامار دان؟ قەیدی نییە. ئیمەش خۆمان بۆ هیرش و پەلامار ئامادە دەکەین..

دوای کەمیک رامان پرسی: هەواڵیکی بوگدان کنونیاتس و پیوتر چونیاتوف نازانی؟

ورا بە توندی وەڵامی دایەوە: نەخیر، ئەوانیان پێ نەگیراوە. گیراوەکان لە هەوەڵەوە لە ماڵی خۆیانا تەحقیقیان لیدەکرێ، هەواڵی تۆ، ددوشکا، بوگدان و چونیاتوف لە هەموویان دەپرسن. پییان دەڵین: ئەگەر ئەوان دەناسیت و جیگاکانیان پێ دەزانی پیمان بڵێ، هەقمان بەسەرخۆتەوە نییە.

لادو بە پەلە پرسی: ئاخرێ؟ کەسیان بۆ هەڵخەڵەتا یان نا؟

ورا گوتی: چۆن شتی وا دەبێ؟ کێ شان دەداتە بەر ئەم خیانەتە؟

زاخاروفچ برۆکانی هینایەوە یەک: ساکار وخۆش باوەڕ مەبن ئەم چەشنە خەیانەتە لە ئۆکۆنۆمیستەکان، لەوانەی کە خۆیان بە مارکسی ئاشکرا حسیب دەکەن و خزمەت بە دیکتاتۆر دەکەن. لە داشناکەکان، لە پان تورکیستەکان و پان ئیسلامیەکان دوور نییە.

لادو گەڕایەوە بۆ ژووری چاپەکە، دەتگوت هەر هیچ نەبووە دوو، سێ جاران دەسکی مەکینەکەی بادا، بڵاوکراوەیەک چاپ بوو، بڵاوکراوەکەی لەسەر میزەکەدانا، ورا و ئەژدەر لە دوای ئەوەوە هاتنە ژوورێ، لادو پیی گوتن:

– خۆش باوەڕی هاوتای مەرگە، دەبێ زیاتر وریایی و نهینی کاری رەچاو بکرێ. ئیوە تا ماوەیەک مەیەن بۆ چاپخانە، بۆ چەند رۆژیک بەم ناوەدا مەیەن..

بەم شیوەیە نیوەی دووەمی مانگی پینج و سەرەتای مانگی شەش تیپەڕین. پۆلیس شەلم کویرم.. کەوتبوونە گیانی خەڵک. نەک هەر گەڕەکە کریکارنشینەکان بەڵکو تەواوی شار لە ژیر کۆنترۆڵی پۆلیس دابوو، ویڕای ئەمانەش کۆمیتەی باکۆ زوو زوو لەماڵ و شوینە ئەمین و قایمەکان کۆبوونەوەیان دەکرد و بارودۆخی وڵاتیان شی دەکردەوە و بڕیاری تازەیان دەردەکرد.

لە یەکیک لەم رۆژانەدا ئەژدەر بە پەلە بۆ چاپخانە داواکرا. هاوڕییان هەموو غەرقی بیرکردنەوە بوون. بەتایبەتی لادو یەکجار توڕە و نارەحەت بوو. وەکو شیری لە قەفەزا گیروّدە حەجمانی نەبوو. هەرکە ئەژدەر هاتە ژوورەوە چونیاتوف بەپەلە دەرگای داخستەوە.

– ئەوڕۆ نامەیەکمان لە نادژناکنستانیتنوڤنا*( هاوسەر و هاوسەنگەری لنین بوو.)وە پێ گەییوە، هاوڕێ لنین پیشنیازی کردووە کە چاپخانەکە دابخەین و بۆ یەکیک لە شارەکانی ناوەندی رووسیا برۆین. وەک دەبینی ئیمە هەموو ئامادەین، بە هاوکاری هاوڕییان هەموو شتیکمان ئامادە کردووە.. بڕیارمان داوە فلادیمیر زاخاروفچ



بۆ ئەم کارە بنیرین.

بەتاڵبوونی کارتۆنی پیتەکان و چەند سەندوقیکی کونجی دیوارەکە سەرنجی ئەژدەری راکیشا. لادو سەری یەکیک لە سەندوقەکانی هەڵدایەوە و گوتی:

– وەرن با مەکینەی چاپەکە هەڵوەشینین.

مەکینەکەیان هەڵوەشاندەوە و پارچە پارچە خستیانە نیو سەندوقەوە. لادو دەیگوت هەموو پیتەکانمان خستۆتە چوار سەندوقەوە و هەر سەندوقەی ٦٠ کیلۆیە. ناردوومانن بۆ ماڵی «باکرازدە»ی یاریدەدەری مەکینەچی. خۆی لە حاجی قابول ئیش دەکات. سەندوقەکان لەوێ دەشاریتەوە. پینج سەندوقیش بۆ شوینیکی دی دەنیرین. هەر کاتێ ئاگادارم کردیتەوە ئەوانە هەواڵەی هشترخان دەکەی.

ئەوجا گوتی: باکۆ ئیدی زۆر خەتەرەو لەبەر خەفێ و جاسوسان رێ بەر ریدار ناکەوێ.

ئەژدەر هەر ئەو رۆژە سەندوقەکانی بۆ بەشی «قەفقاز–مرکوری» برد و بەناوی کەلوپەلی نیردراو بۆ ئاسیای ناوەڕاست. لە ژووری نیگابانی ئەوێ داینا. سبەینیی ئەوڕۆژە ئەژدەر و ورا لادویان کە بە تەواوی روخساری خۆی گۆڕی بوو، لە یەکیک لە ویستگاکانی باکۆوە بەرەو روسیا بەڕێ کرد.

## 21

یەکەم رۆژی جەژنی ئایاری ساڵی ١٩٠٢ لە بەیانی زووەوە کریکارەکان وردە وردە لە باخی پارایتدا خڕ دەبوونەوە. چونکە باخی پارایت کەوتبووە سەر هەشت شەقامی سەرەکی شارەوە، کۆبوونەوە لەویدا بۆ هەموو کریکاریک ئاسان بوو، ئەو رۆژە هیزی پۆلیس و ئەمن هەموو لایەکی بالاخانی، سوراخانی، یائیل و تەنانەت پشت شاخەکانی رازینشیان تەنی بوو. هەرگیز بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کە کۆبوونەوەکانی یەکی ئایار لە ناو جەرگەی شارا بەرپا دەبێ. چاوەڕوانی ئەم چەشنە غیرەت و ئازایەتییەیان لە کریکاران نەدەکرد. زۆر بوونی ژمارەی کریکاران لە پارایتدا سەرنجی پۆلیسی راکیشا. پۆلیس و ئەمن بە جلکی ئەهلییەوە لە دەوروبەری باخەکەدا پەرت بوو بوون. ئەژدەر هیشتا نەگەیی بووە باخەکە، پۆلیس و ئەمنەکانی ناسیەوە، بەڵام بێ پەروا چووە پیشەوە. باخی پارایت هیندە قەرەباڵغ بوو دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. کورسی و تەختەکان پڕ بوو بوونەوە، گەلیکیش بە پیوە ویستابوون. هەر کۆمەڵیک و لە شوینێ ویستا بوون.

کریکارەکان شۆڕشگیریان لیدەباری. ئەژدەر کە چووە باخەکەوە زۆربەی هاوریکانی خۆی نەناسیەوە، هەموویان جلی پۆشتەو پاکیان لەبەر کردبوو. ئەم جلانە نیشانەی خۆشی و شادی بوو، ئەژدەر هەستی کرد کە کریکارەکان وەکو جەژنیکی گەورە پیشوازیان لە یەکی ئایار کردووە.

ئەژدەر بە وردی دیقەتی دەوروبەری خۆیدا. محەمەد یاروفی بینی لەگەڵ یەکیکدا قسەی دەکرد، کەلەشی پڕ و پیاوانەی محەمەد یاروف بەرچاوی ئەژدەری گرتبوو، زەلامەکەی بەرانبەری بەباشی نەدەبینی. کە تۆزێ هاتە پیشترەوە ناسییەوە. ڤانیافیولتوف بوو. ئەژدەر فیولتوفی دوور بەدوور دەناسی. یەک دوو جاران لە کۆڕی کریکارانا بینی بووی. سلگونوف و میربشیر قاسموف و هەندێ هاوڕیی دی لە لایەکی ترەوە ویستا بوون.

هاتنی ئەژدەر سەرنجی هەموویانی راکیشا. چونکە هەموو دەیانناسی بە گەرمییەوە چاک و خۆشیان لەگەڵدا کرد. ئەژدەر کە بینی ئەوەندە خۆشەویست و ناسراوە گەز گەز باڵای دەکرد. هەڵبەتە ئەمە ئەنجامی فیداکاری خۆی بوو لە پیناوی مەردمدا، مەردمیش دۆست و دژمنی خۆی دەناسیت. ئەژدەر چاوی بۆ غوڵام دەگیڕا، وەلێ غوڵام دیار نەبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: بیگومان نەخۆشە، لە محەمەد یاروف نزیک بووەوە.

محەمەد یاروف لەگەڵ ڤانیا فیولتوف دا قسەی دەکرد. ئەژدەر سڵاوی لیکرد و پاشان تۆزێ دوور کەوتەوە تا ئەوان قسەکانیان تەواو کرد. بەڵام محەمەد یاروف بە گەرمی باوەشی پیداکرد و بە فیولتوفی گوت: ڤانیا ئەژدەر بناسە.. یەکیکە لە هاوڕێ هەرە چالاک و فیداکارەکانمان. شۆڕشگیڕیکی کۆکە.

فیولتوف دیسان تەوقەی لەگەڵ ئەژدەرا کرد وپاش بزەیەکی فینک گوتی: گەنجانی وکو ئەژدەرمان زۆر پیویستن.

محەمەد یاروف دەستی خستە سەرشانی ئەژدەر و پیکەنی.



– تو حەکایەتی جووتە براکەت بیستووە؟ یەکیکیان لە ئاو دەترسێ و یەکیکیان لە ئاگر، ئیمە کۆمەڵە برایەکیین کە لە ئاگر ناترسیین.

فیولتوف بە محەمەد یاروفی گوت: ها محەمەد دووساڵ لەمە پیش باسی یەکی ئایارت دەکرد.

محەمەد یاروف کەمیک بیدەنگ بوو، ئەوجا گوتی: ئەورۆکە بۆ جەژنی یەکی ئایار لیرە کۆدەبینەوە. ئەو کۆبوونەوەیەم بیر دەخاتەوە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٠دا کردمان. ئەوسا تۆ لە باکۆ نەبوویت. ئیمە لە داوینی کیوی رازین کۆبوو بووینەوە. بۆرێ بزری هەندێ خواردن و خواردنەوەشمان بردبوو. بەڵام کەسمان لە بیری خواردنەوە نەبووین. دەربارەی وەعزی چینی کریکار، زۆرداری سەرمایەداران، مامورانی پۆلیسی تزاری و کارەکانی ئایندەمان قسەمان دەکرد. بە داخەوە ژمارەمان کەم بوو. هەر هەموومان سی کەسیک بووین. لادو کتسخوفلیم بۆ یەکەمجار لەویدا ناسی. ژمارەی بەشدارانی جەژنی یەکی ئایاری پار زۆرتربوو. تەنیا لەبالاخانیدا ١٣٠ کریکار کۆبوونەوە. پتر لە ٣٠٠ کریکار لە خۆپیشاندانا بەشداریان کرد. پۆلیس و ئەمن ترسیان لینیشتبوو، ئەمساڵیش ببینە– ئیشارەتی بۆ لای باخەکە کرد– ئەژدەر ئاوڕی دایەوە و سەیری باخەکەی کرد. دەرزیت هەڵدایە ناکەوتە سەر زەوی. ئەژدەر بە ئەسپایی بە محەمەد یاروفی گوت:

– وەختیتی.. نابێ ماتەڵ ببین.

محەمەد یاروف بە فیولتوفی گوت: ڤانیا سەعات چەندە؟ دوا دەکەوێ.

فیولتوف سەیری سەعاتەکەی کرد: پینج دەقیقەی ماوە بۆ دوازدە...

محەمەد یاروف بە پەلە گوتی: کەواتە تۆ برۆ، لە سەعات دوازدەی تەواوا ئاگرەکە هەڵبدە. هەرکە تۆ ئاگرەکەت هەڵدا ئیمە لە ریگای «نیکولایوسلی»یەوە بەرەو دۆمای دەوڵەتی دەجۆڵین.

فیولتوف لە نیو جەماوەرەکەدا بزر بوو. محەمەد یاروف و ئەژدەر دڕیان بە جەماوەرەکە داو بەرەو شەقامی ئۆلگینسکی» کەوتنە رێ. چونیاتوف، شلگونوف، میربەشیر قاسموف، کنونیانتس و ئەوانی دی لە ریزی پیشەوە ویستا بوون. وەختێ محەمەد یاروف و ئەژدەر لییان نزیک بوونەوە، قاسمۆف بە جلکی تازە و کڵاوی لارەوە گوتی: زوو وەرنە ئیرە، ئاڵاکە کوا محەمەد؟ زوو بیهینە. وەختیتی.

محەمەد یاروف رۆیی، چونیاوتوف بە گویی ئەژدەریا چپاند: لەسەر بڕیاری کۆمیتەی باکۆ، تۆ ئاڵاکە هەڵدەگری. ریک لە سەعات دوازدەدا، فیولتوف ئیشارەت دەدا، هەرکە ئاگرەکە بەئاسمانا چوو، ئاڵاکە هەڵدەگری و دەکەویتە پیشی پیشەوە. ئیمەش دوات دەکەوین.

دڵی ئەژدەر کەوتە پەلە پەل، بزەیەکی بۆ کرد. محەمەد یاروف داریکی دریژی هینا، پارچەپەرۆیەکی کۆنەی بەسەری دارەکەوە بەستبوو. ئەو پەتەی پێ نیشاندا کە بەدارەکەیانەوە بەستبوو.

– سەیرکە ئەژدەر! کە ئەم پەتەت راکیشا ئیدی ئاڵاکە ئامادەیە. ئاگات لێ بێ پەتەکە گرێ نەخوات.

لەم کاتەدا غەڵبە غەڵبێ پەیدا بوو. ئاگریکی سوور بە ئاسماندا چوو.. ئەژدەر

سەیریکی ئاسمانی کرد. گڕیکی سووری بینی کە بە خیرایی بە ئاسمانا چوو. پەتەکەی ڕاکیشا. پارچە کۆنەکە کەوتە خوارەوە. ئاڵایەکی سوور کەوتە شەکانەوە.

محەمەد یاروف ئاوری دایەوە، رووی کردە جەماوەری بەشکۆی کریکاران کە هەموو بەڕیز و خۆشەویستییەوە دەیانڕوانییە ئاڵا سوورەکە، هاواری کرد: برادەران! بژی یەکی ئایار.. بڕۆخێ سەرمایەداری.. بڕۆخێ دیکتاتۆرییەت!

هاواری «بڕۆخێ» و «بژی» کریکاران باخەکەی هینا بووە لەرزە. لە هەموولایەکەوە هەر هۆرا کیشان بوو. هەر دروشمی شۆڕشگیرانە بوو، دەگوترایەوە. ئەژدەر چووە پیشەوە. جەماوەری خرۆشاو کەوتە شوین ئاڵاکە. زەلامیک دەستی بە گوتنی سروودی شۆڕشگیڕانەکرد. ئەوانی دی بۆیان دەسەندەوە. ئەژدەر تا دەیتوانی ئاڵاکەی بەرز دەگرت و لە پیشی هەموویانەوە ریی دەکرد. شەقامەکانی «ئۆلگینسکی» و «نیکولایوسکی» جمەیان دەهات لە خەڵکیدا، هەندێ لەوانەی کە دەیان ویرا دەهاتنە نیو کریکارەکانەوە و هەندیکی دی خۆیان دەدزیەوە. خاوەن کارخانە و ژن و منداڵی دەوڵەمەندان لە ترسا قەیسەرییان لێ بوو بوو بە کونە مشک.

پۆلیس و سوارەی قوزاق دەترسان لە خۆپیشاندەران نزیک ببنەوە. لە هەموو لایەکەوە «بڕۆخێ تزار» «پایەدارر بێ سوسیالیزم» دەگوتراو دەگوترایەوە. سروودی شۆڕشگیڕی دەستی پیکرد. قۆزاقەکان کە ئەوەیان بینی پەلاماری کریکارەکانیاندا. دەستەکان لیک جودا بوونەوە. کریکاران بەرەو «باخی فەرماندار» غاریان دەداو لەوێ کۆ دەبوونەوە. لە چاوتروکانیکا شەقامەکە پڕ بوو لە خۆپیشاندەران. پۆلیس دەستەوستان لەلایەکەوە ویستا بوون، ئەژدەر ئەمجارەش لە پیش هەموویانەوە لە تەک چونیاتوفدا ویستا بوو. وراش کەوتبووە پیشی دەستەیەکەوە و لەوێ بوو، بوگدان کنونیانتس بە پەلە لە چونیاتوف چووە پیشەوە و بە گوییدا چپاند: پتیا، خیراکە کۆڕەکە دەست پێ بکە، دەبێ بە پیی پلانەکە کار بکرێ، دوای تۆ، من، غولام، ئەژدەر.. ئەدی غولا کوا؟

پیوتر وەڵامی دایەوە: غولام زۆر نەخۆشە.. تایەکی گەرمی لیهاتووە و نەیتوانی بیت.

کنونیانتس بە کەسەرەوە سەری لەقاند و ئەوجا بە ئەژدەری گوت: خۆت ئامادە بکە دوای من نۆرەی تۆیە.

– بۆ ئامادە بوون ئامادەم.. بەڵام..

کنونیاتنس بەسەرسامی پرسی: دەتەوێ چ بڵیی ئەژدەر؟

– ئاخر من تا ئیستا گوتار بیژیم نەکردووە، ئەمە یەکەمجارە..

– فیر دەبی.. نابی لە برادەرانی هاوچینی خۆت شەرم بکەی.

دڵی ئەژدەر بە توندی لییدەدا. ئەژدەر ئاگای لە مەرجەکانی ژیانی کریکاران و ئەو رێ و شوینانە هەبوو کە حیزب بۆی دادەنان. بەڵام مەسەلەی گوتاربیژی و لەبەردەم هەزاران کەسدا...

ئەژدەر بواری بیرکردنەوەی بۆ نەرەخسا. کنونیانتس سوغرمەیەکی لیدا.

– پیوتر سەرکەوتە سەر دیوارەکە... بابڕۆین!

دریان بە حەشامەتەکەدا و چوونە پیشەوە. چونیاتوف لەسەری دیواری باخی فەرمانداریەوە چاوی بە حەشامەتەکە دا دەگیڕا. هاواری «چونیاتوف» «چونیاتوف» لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە.



چونیاتوف بە دەنگی بەرز و ئاشکرا دەستی پیکرد: هاوڕییانی کریکار! پرولیتاریای قارەمانی شاری باکۆ! ئەورۆ رۆژی یەکیتی و یەکبوونی ئیمەیە. دەبێ داوای مافی خۆمان بکەین. دەبێ ئەورۆ داخی چەند ساڵەی دڵمان بۆ یەک هەڵڕیژین.

قسەکانی پیوتر وەکو موگناتیس هەموویانی راکیشا. هەموو کپ بوون. تیشکی هەتاو کە چاوی چونیاتوفی ئازار دەدا. دەستی کردبە چەتری چاوەکانی. تەماشایەکی کریکارەکانی کرد، بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستی بە رووبانادا و لەسەر قسەکانی رۆیی.

ئەژدەر بۆ ئەوەی فیری چۆنیەتی گوتاردان بێ، چاوی هەر لەو بوو، بە وردی گویی بۆ رستە دروست وسادە و پڕ ماناکانی ئەو شل دەکرد. هیندە لەگەڵ گوتەکانی ئەوا تیکەڵ بوو بوو، ئەوەی بیر چوو بووەوە کەدەبێ خۆشی قسان بکات.

چونیاتوف زۆر لەسەر باسی مافی چینی کریکار، چەوساندنەوە، کوشتاری نەتەوەیی و زوڵم و زۆری بورژوای خۆماڵی و دیکتاتۆریەتی تزار رۆیی. ئەوجا بەم رستانە کۆتایی بە گوتارەکەی هینا: دەبێ بە زەبری راپەڕین و خەباتی چەکداری مافی خۆمان لەمانە وەربگرین. تەوقی چەوسانەوە لە مل داماڵن. دەست لە نیو دەستی یەک بکەن تابن بە هیزیکی مەزنی ریک و پیک و بە دەستی خۆتان دەسەڵات وەربگرن. بڕوخێ دیکتاتۆریەتی تزار، پایەدار بێ ئازادی و سوسیال دیموکراتیزم.

هاواری ئافەرین و ستایش شەقامەکەی پڕ کرد. جموجوڵ کەوتە نیو خەڵکەکە. هەندیک هەڵدەهاتن، پۆلیسی سوارە و قوزاق زۆرتر بوون.وەلێ کەس گویی نەدەدانێ. قسەکانی چونیاتوف کریکارەکانی تەواو خروشاند بوو.

بوگدان کنونیانتس بە هەمان گەرمی و جۆشەوە قسەی کرد. پاشان چونیاتوف بە دەنگی بەرز گوتی: ئیستاش ئیوە و ئەژدەر، ئەو برادەرەی بە تاوانی بەشداربوون لە مانگرتنا، لە کارخانەی شیبایف دەرکراوە.

کاتێ ئەژدەر چووە سەر دیوارەکە، لە هەوەڵەوە کەمیک سوور بووەوە، بڕیک پەشۆکا بەڵام دوایی شانی پیدا کرد. سەرەتا بە نەرمی و پاشان بە دەنگیکی رق ئامیزەوە گوتی:

– برادەرانی کریکار! ئازادی چینی کریکار لەدەستی خودی خۆیدایە، جا چ روس، ئازەری، گورجی، ئەرمەنی، جولەکە و یان لە هەر نەتەوەیەکی دی بێ، کریکار کریکارە و سەرمایەدار، سەرمایەدارە، پیویستە بێ گویدان بە نەتەوە و نەژاد یەک بگرین و ئاڵای خەبات بەرز بکەینەوە.

ئەژدەر هەستی کرد شتیکی قورس بەسەری کەوت، هەرچی کرد نەیتوانی دریژە بە قسەکانی بدات. دیمەنی پەلاماری سوارەی قوزاق، کەوتنی پیکراوان، داباریینی قوناغە تفەنگ و قامچی بەسەر کریکارانا وەکو شریتی سینەما بە خیرایی بە بەرچاویا تیپەڕی. ئەوجا چاوەکانی کەوتنە ریشکە وپیشکە. لەتریکی داو لە دیوارەکەوە کەوتە خوارێ. یەکیک هەڵی گرتەوە. ئەژدەر هەرچییەکی کرد چاوەکانی هەڵنەهاتن. هەستی دەکرد کە هەر دوو دەستیان گرتووە. بۆ کویی دەبەن؟ کێ دەیبات؟ ویستی هەستیتە سەر پێ بەڵام نەیتوانی. هۆشی لە خۆ نەما. پاش ماوەیەک کە چاوی هەڵینا خۆی لە ژیر درەختیکدا بینی. دووچاوی دڵسۆز لیی راما بوون. ئەژدەر بە دەنگیکی هیواش و کز پرسی:

– ورا من لە کویم؟
– ئەژدەر! بە هەزار شەڕە شەق لە نیو باخەکەوە تا ئیرەمان هینایت، چۆنی، برینەکەت نایەشیت؟
– برینەکەم؟
ئەژدەر دەستی بۆ سەری برد، شتیکیان بەسەربییەوە بەستبوو. دەستی لیدا دەستی بەر شتیکی تەڕ کەوت.خوین...
– بە چی لییان داوم؟
ورا رووی وەرگیراو بە دزییەوە فرمیسکەکانی سڕی و گوتی:
– قۆزاقەکان بەر لە هەموو کەسیک پەلاماری تۆیاندا. گوللە بەر سەرو سینگت کەوتووە.
ئەژدەر کە بینی ورا نیگەرانە. وا خۆی نواند ک عەلەمی نییە ودەستی بۆ لای ئەو دریژ کرد.
– دەستم بگرە با هەستم ورا.چ نییە. تۆزێ تەویلم روشاوە.
بێ گویدان بە ئازاری سەروسنگی، هەستا، پشتی بە درەختەکەوە داو گوتی:
– چۆن تا ئیرەت هینام؟
– بە تەنێ نەبووم. کنونیانتسشم لەگەڵ بوو. ئەو چوو گالیسکە بینێ. هیرشیکی دڕندانەیان کردە سەر کریکارەکان. گەلیکیان گرتووە، لەمالی غولاما کۆبوونەوەی نا ئاسایی کومیتەی باکۆ دەکرێ. دەبێ هاوڕییان ئاگادار بکەمەوە. ئەگەر تۆ بگەیەنمەوە مالی خۆمان دایکم سەرپەرشتیت دەکات. راکشێ عەزیزم.
ئەژدەر رانەکشا: نەخیر دەبێ منیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری بکەم. دەبێ یارمەتی هاوڕێ گیراوەکان بدرێ..
قسەکەی پێ تەواو نەکرا، کەوتە سەر زەوی و بورایەوە.
ورا بە دەستە لەرزۆکەکانی سەری ئەژدەری بلند کردەوە. بە پەشۆکاوی روانییە دەوروبەری خۆی. لە دلی خۆیدا گوتی: باشە هاوڕێ بوگدان چی لیهات؟ زوو دەگەریتەوە؟ ئایا ئەو دیتەوە قۆزاقەکان هەست بەمان دەکەن؟
دوای ماوەیەک، کە هەر چرکەیەکی بە سالێ بوو، گالیسکەیەک لە دەرگای باخەکە نزیک بووەوە. بوگدان بەپەلە لە گالیسکەکە دابەزی. هەر کە ئەژدەری بەو حالەوە بینی گوتی: خیراکە کیژێ! حالی باش نییە. دەبێ زوو بگەیەنریتە کن دکتور.
بە زەحمەت ئەژدەریان هەلگرت و خستیانە نیو گالیسکەکەوە، ورا لە تەکی دانیشت و دەستی گرت، کنونیانتس سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد، کە کەسی لەو ناوە نەبینی ئیشارەتی کردنێ بکەونە رێ. خۆشی لە نیو درەختی باخەکەدا وون بوو.
گالیسکەکە بە تەقە تەق جادەکانی بڕی. کۆلان و شەقامەکان چۆل بوون، کێ لە رۆژی وادا دیتە دەرێ؟ پۆلیس وەکو سەگی هار پەلامار دەدەن.



## 22

ورا بە ناچاری گالیسکەکەی لە ریگادا راگرت، ئەژدەر پتر خوینی لەبەردەڕۆیی.
گالیسکەچییەکە کابرایەکی کورتەبالای بێ خەم بوو، هەر گویی بەزامە سەختەکەی ئەژدەر نەدەدا. گالیسکەکەی راگرت، دابەزی و چوو لەسەر کۆلانیکا ویستا. ئەژدەر بێ هۆش کەوتبوو. خوینی سینگ و تەویلی کراسەکەی و لایەکی دەموچاوی سوور کردبوو.
– ئەژدەر! ئەژدەر!
ئەژدەر متەقی نەکرد، چ بکات؟ گوللەکە بەر کوییوە کەوتووە؟ دلی؟ جگەری؟ ورا نایزانی، باش بوو گالیسکەکەی راگرت، خوینەکە کەمتر بوو بووە، ئەو دەستەسرەی بە سەری ئەژدەرەوە بەسترابوو خەلتانی خوین بوو. زامەکەی سەر سینگی تەواو دەمی کردبووەوە، ورا نەیدەزانی بە چ شتیک سینگی ببەستێ، کراسەکەی خۆی بدرێ؟ ئەمە مەحالْ بوو. ئەدی چۆن خۆیان بگەیەننە مالەوە؟ کراسەکەی ئەژدەری بیر کەوتەوە. بە پەنجە لەرزۆکەکانی هەندیکی لە کراسە قاوییەکەی ئەژدەر دڕی. ئەژدەر لە دەنگی دڕاندنی کراسەکەی خەبەری بووەوە. چاوە گیژ و لیلەکانی هەلبڕی و سەیریکی ورای کرد. ورا بە نیگەرانییەوە دوو، سێ جاری گاز کرد: ئەژدەر! بەهۆش هاتییەوە؟
ئەژدەر دیسان چاوەکانی لیک ناو نالاندی، دەستەکانی وەکو دەستی مردوو بەلادا کەوتن.
بە ریکەوت گالیسکەکە لە شەقامیکی هەندێ چۆلدا ویستابوو. کاتێ سارغی ئامادە بوو، ورا ویستی کراسەکە لابدات و برینەکەی سەر سینگی ببەستێ، بەلام کراسەکە بەزامەکەوە نووسابوو. لابردنی برینەکەی دەکولاندەوە و پتر خوینی لەبەر دەڕۆیشت. ناچار سارغییەکەی لەسەر کراسەکەوە بەست. ئەوجا چاوی بۆ گالیسکەچییەکە گیڕا. گالیسکەچییەکە پشتی بە دیواریکەوە دابوو. بە بێ خەم سەیری ئەوی دەکرد. ورا کەئەمەی بینی کەمیک تووڕە بوو، بە دەنگی بەرز گازی کرد: وەرە! با بڕۆین..نابینی ئەم گەنجە خەریکە دەمرێ.
گالیسکەچییەکە بە دەم باویشک دانەوە وەلامی دایەوە: هاوار مەکە خانم. ئەگەر پۆلیس گویی لیبێ بۆخۆتان باش نییە.
ورا دەنگی نزم کرد و پاڕایەوە: باشە وەرە با بڕۆین.
گالیسکەچییەکە بێ ئەوەی لە جیی خۆی بجولیتەوە گوتی: ناکرێ ئەدی نابینی ئەسپەکان نیازی جولانیان نییە؟ کە گالیسکەکە لە ریدا ویستا ئیدی تەواوە کە کە بکەویتەوە رێ دەبێ کریی قۆناغی دووەم بدەیت. ئەگەر پیش جولان پارەی قۆناغی یەکەم وەرنەگرم، گالیسکەچییەکانی باکۆ تف بارانم دەکەن.
ورا سەیریکی گالیسکەچییەکەی کرد. ئەوجا تەماشای ئەژدەری کرد کە وەکو کۆترە باریکە دەینالاند. ئەوجا دەستی بە گیرفانیا کرد و ئەسکەناسیک و هەندێ پارەی وردەی دەرهینا: بۆ گالیسکەچییەکەی دریژ کرد.
– بگرە، هانی هەمووی بۆتۆ، خیراکە و بکەوە رێ.

کابرای گالیسکەچی کە چاوی بە پارەکە کەوت بە گورجی هاتە پیشەوە و دەستی پان کردەوە. زرەی پارە بزواندی. بە جادەیەکی چەوریژا کەوتنەرێ. هەرکە عەرەبانەکە تەکانیکی دەدا نالەی ئەژدەر بەرزتر دەبوو، ورا لە دوولاوە گرتبووی. دەست و پەنجەی لە خوینی گەرم و لینجی ئەژدەری خۆشەویست و دلبەندیدا هەلکشا بوو.

کە ئەژدەری بەو حالەوە دەبینی، مەرگی بابی دەهاتەوە یاد، ئیڤان نیکولایوفچش خلتانی خوین و بێ هۆش بوو، وەکو ئەم دەینالاند... لەپڕ تەزوویەکی پیداهات.. چما چارەنووسی ئەو بە خوین نووسراوە؟ هەر کەسێ ئەو، تا رادەی پەرستن خۆشی بوێ، دەبێ لە خوینی خۆیدا بگەوزێ؟ دوینێ باوکی.. وا ئەوڕۆش ئەژدەر...ورا تەواو پەشۆکا. موچورکەیەکی پیداهات.. جلەوی خۆی پینەگیرا و هون هون کەوتە گریان. ئەنجام گالیسکەکە لەبەر مالیانا ویستا. عەرەبانچییەکە بۆ وەی زوو رزگار بێ یا لە بەر هەر هۆیەکی دی بووبێ، لە داگرتنی ئەژدەردا یارمەتی ورای دا، کە تەماشای خوینی نیو عەرەبانەکەی کرد کەوتە بۆلە بۆل و رۆیی.

ورا بە تەنێ لەگەل ئەژدەرا مایەوە. دەرگای حەوشەیان داخرا بوو. دیار بوو کە دایکی لە مال نییە. نایزانی چ بکات. ئەگەر ئەژدەری بەو حالەوە جیهیشتبا و بە دووی دکتۆرا چوبا تا دەهاتەوە چی رووی دەدا؟ ئەدی بۆ راسپاردەکەی هاوڕییان چ بکات؟ دەبوو ئەندامانی کومیتەی باکۆ لەمالی غولامدا کۆ بکاتەوە.

سەری هەلبڕی و نیگا خەمگینەکانی بەسەر مالی میرزا حوسیندا گیرسایەوە. بەراستی پیاوی رۆژی تەنگانە بوون. ئەگەر پەنایان بۆ بەرێ بیگومان بەهانایەوە دین. ورا کەمیک هیور بووەوە. خیرا چارشیویکی قەد کرد و خستیە ژیر سەری ئەژدەر. بە پەلە خۆی گەیاندە بەر مالی میرزا حوسین و لە دەرگای دا، چرکەیەکی نەخایاند کە دەرگا کرایەوە، بەلام ئەم چرکەیەی بەسالێ لێ رۆیی. هەستی دەکرد دلی لە کۆلانەکەدا و بەدیار ئەژدەرەوە بەجێ ماوە. ئەوەی لە سینیگیا لیدەدا دلی نییە. بەلکو هەزاران دەرگایە و بە توندی لیدەدرین. سەری لەوە سوڕ دەما کە چ کەسیک ئەم دەنگە ناژنەوێ!

ئەو چرکەیەش رابورد، دەرگا کرایەوە. ئامینە هەر کە ئەوی بینی باوەشی بۆ گرتەوە و بە خۆشییەوە هاواری کرد. بەلام لە پڕا حەپەسا. بەسەر سامی روانییە ورا و زۆر بە ئەسپایی پرسی: ورا چی بووە؟

ورا بە کزییەوە گوتی: ئامینە بابت لە مالە؟

– بەلێ چی بووە؟ چی قەوماوە؟ بۆ هەموو گیانت خوینە؟ بریندار بوویت؟

ورا گوتی: نا ئامینە من ساغم، ئەژدەر پیکراوە، ئەوەتا لە کۆلانەکەدا کەوتووە. بە بابت بلێ بەلکو هیمەتێ دەکات و ماوەم دەدات بۆ یەک، دوو سەعات بیهینمە مالی ئیوە.

ئامینە بەسەرسامی پرسی: ئەژدەر؟ ئەژدەر کییە؟

بەلام لەپڕ شتیکی بیرهاتەوە: ئەها ئەو گەنجەی ئەو رۆژە..هەر ئیستا.. ئامینە دەرگاکەی بە وازی جیهیشت و بەپەلە بە قالدرمەکانا سەرکەوت. ورا نەیتوانی تا ئامینە دەگەڕیتەوە لەوێ بوەستێ. بۆ لای ئەژدە گەڕایەوە. ئەژدەر هەر وکو جاران بوو



بەلام نەیدەنالاند. ورا بە ترس و شلەژانەوە لیی نزیک بووەوە. سەری ئەژدەری خستە سەر رانی خۆی و بۆ ئەوەی بزانێ کە مردووە یان زیندوو سەری بەسەر دەموچاوییەوە داگرت ئەوەندە بە هیواشی هەناسەی دەدا پیاو نەیدەزانی چ بلێ.

– ئەوە چ دەکەی کیژم؟ بۆ لەم خاک و خۆلەدا فڕیت داوە؟

ورا سەری هەلبڕی، کە میرزا حوسین و ئامینەی بینی ئاهیکی پیدا هاتەوە و گوتی:

– دایکم لە مال نییە.چ شوینیک نییە کە...

میرزا حوسین بە خەمبارییەوە سەیری روخساری لە خوینا هەلکشاوی ئەژدەری کرد و کەمیک مات بوو. ئەوجا لەبەر خۆیەوە ورتە ورتیکی کرد:

– بە چوار دەستە ناڕوات، دەبێ تەختەیەک پەیدا بکەین.

رووی کردە ئامینە و گوتی: با بڕۆین کیژم! لە کۆلانەکەی خوارەوە دەرگایەکی یەک لایی هەیە با بڕۆین ئەوە بینین.

ئەوان رۆیشتن، ورا لە دواوە سەیری دەکردن و ئافەرین و ستایشی دەکردن. سەری بەسەر ئەژدەرا شۆڕکردەوە. ئەژدەر بە ئاستەم هەناسەی دەدا. خوینەکەی وەستا بووەوە. ورا پاش کەمیک،ئامینەو میرزا حوسینی بینی کە بکیش بکیش دەرگایەکی گەورەیان دەهینا. هەستا و بە غاردان بەرەو پیریان چوو تا یارمەتیان بدات.

دەرگاکەیان لە تەنیشت ئەژدەر دانا. ئامینە لە بری رایەخ پارچە پەرۆکیکی لەسەر دەرگاکە راخست و پشتییەکی بچووکی لەسەریکیەوە دانا. وردە وردە خەلک لە دەوریان کۆ بووەوە، سەرەتا دوو ژنی عەبا بەسەر لییان نزیک بوونەوە.ورا گویی لێ بوو کە یەکیک لە ژنەکان دەیگوت: نە گیانە.. دەلێن پۆلیس وسوارەی قوزاق لە باخی فەرماندارییدا حەمامی خوینیان داخستووە. کریکارەکانیان بەر گوللەداوە. هەبێ و نەبێ ئەم نەگبەت دایکە لەوێ پیکراوە.

ژنەکان رۆیشتن، دوو پیاوی ریبوار گەیشتنە ئاستی ئەوان و هەلوەستەیەکیان کر. ورا شلەژا، لەوانە بوو پۆلیس یان پاسەوان پێ بزانن. ئەگەر بەم حالەوە ئەژدەر بگرن و بۆ زیندانی بەرن ئەوپەڕی دوو سەعاتان دەمینێ. خۆ ئەگەر خۆشی بگرن ئەوسا کێ هەوالی کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمیتەی باکۆ بە ئەندامانی کۆمیتە رابگەیەنێ. هاوڕییان پشتیان بەو بەستووە و ئەگەر ئەویش...

بەدەم ئەم بیرانەوە بە ئەسپایی بە ئامینەی، کە خەریکی ریکخستنی جیگا و پشتییەکە بوو، گوت: خیراکە ئامینە.. خیراکە.

میرزا حوسینیش کە هەستی بە مەترسی کرد بوو بە ئەسپایی گوتی: ورا کیژم تۆ بە وریایی سەری هەلبڕە و من و ئامینەش دەیخەینە سەر تەختەکە. دەبێ دکتۆری بۆ بینم.

بە هەر جۆرێ بوو ئەژدەریان خستە سەر تەختەکە، میرزا حوسین دەیزانی ئەژدەریان بۆ ناچیتەوە. دوو زەلامی بینی کە دوور بە دوور سەیری ئەمانیان دەکرد. داوای یارمەتی لیکردن: وەرن یارمەتیمان بدەن، ئەمانە ناتوانن. ئەم لاوە خەریکە دەمرێ دەبێ پەلە بکەین.

ئینسانی ئابڕومەند داواکردنی کۆمەک ڕەت ناکاتەوە. بەتایبەتی لە کاتیکا کە لاویکی ڕەشیدی وەکو ئەژدەر لە گیانەڵڵا دایە. بابایەکی پیر لەگەڵ دوو کیژا چی پێ دەکرێ؟

ئەو دوو پیاوە کەسانی ئابڕومەند بوون. بێ چەند و چون ئەم سەروئەوسەری تەختەکەیان هەڵگرت و بە پەلە بە کۆڵانەکەدا ڕەت بوون. بە قاڵدرمەکانی ماڵی میرزا حوسیندا سەرکەوتن. پیاوەکان ئەژدەریان لە ژوورەکەی میرزا حوسێن داناو گەڕانەوە.

هەرکە ئەوان ڕۆیشتن ورا و ئامینە بە پەلە لە ژوورەوە جیگایان بۆ ئەژدەر ریک خست. ورا بۆ ڕێ بزری تەنیا بە ئازەری قسەی دەکرد و کەم و زۆر بەلای زمانی رووسیدا نەدەچوو. ئەژدەریان لەسەر جیگایەکی پاک و تەمیز ڕاکشاند.

میرزا حوسێن دەستی خستە سەر مەچەکی ئەژدەر و پاش کەمیک بیدەنگی گوتی:

– خوینیکی زۆری لەبەر ڕۆیوە، پیویستە زوو دکتۆری بۆ بینم. ئیوە بە وریایی گیانی پاک بکەنەوە، من بە دوای دکتۆرا دەچم.

ورا نەیدەزانی چ بکات؟ لەلای ئەژدەر بمینێ یان بڕوات؟ دەبێ لیرە بمینێ چونکە دڵنیا بوو کە میرزا حوسێن لەبەر خاتری ئەو ئەژدەری هیناوەتە ماڵی خۆی. باشە ئەگەر ئەژدەر بەوان بسپیرێ وخۆی بڕوات، ناڵێن ئەژدەری لە کۆڵ خۆی کردەوەو ڕۆیی؟ ئەگەر بزانن بۆچی و بۆ کوێ دەڕوات هەڵبەتە لۆمەی ناکەن. بەڵام نا، نەیتوانی یەک وشەش لەمبارەیەوە بدرکینێ. دەبێ بڕوات و چی دەڵێن با بڵێن.

لەو کاتەدا کە میرزا حوسێن شەپقەکەی لەسەر کردبوو. دار عاساکەی هەڵگرت و لەسەر ڕۆیشتن بوو. ورا پیی گوت: ببورە میرزا حوسێن، ئیوەشم تووشی زەحمەت و خەتەر کرد.

میزرا حوسێن بە سەرسامی پرسی: خەتەری چی؟

ورا بە جۆرێ وەک بڵیی لە دیوارەکانیش بترسێ، دەنگی نزمتر کردەوە و گوتی:

– ئەژدەر لە خۆپیشاندانا بریندار بووە، یەکیکە لەشۆڕشیگڕەکان.

میرزا حوسێن زەردەخەنەیەکی ناسکی بۆ کرد، بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:

– ئەگەر بتگوتبا لەگەڵ چەقۆکیشاندا، یان لە ڕۆژی عاشوردا بریندار بووە هەرگیز ریم نەدەدا بیهینیتە ماڵەکە.

– قسەیەکی تریشم هەیە..

– کیژم ئەگەر وەختەکەمان بە قسانەوە بکوژین دژمنانی کریکاران بە ئاواتی خۆیان دەگەن. دەبێ دکتۆرێ پەیدا بکەم تا بە لای کەمەوە دوو گوللەی دژمن بەبەلاش بڕوات.

ورا ریک لەبەر دەرگاکەدا ویستا. بەدەستە لەرزۆکەکانی قۆڵی میرزا حوسینی گرت:

– من دەزانم دکتۆری پیویستە.. تۆ پیاوەتییەکی گەورە دەکەی.. بەڵام من دەبێ بڕۆم کاریکی زۆر گرنگم هەیە. ئاخۆ ئامینە دەتوانێ بە تەنێ سەرپەرشتی ئەژدەر بکات؟

میرزا حوسێن کەمیک ڕاما و ئەوجا گوتی: تۆ بڕۆ کیژم، زۆر خۆشحاڵم کە خەریکی



ئەم کارانەیت، هەڵبەتە ئامینە بەتەنێ کارەکان جیبەجێ دەکات. ئیستا دایکیشی دیتەوە من دەبێ دکتۆر پەیدا بکەم.. دکتۆر.. دکتۆر..

بەپەلە لە دەرگا چووە دەرێ، ورا کراسە خویناوییەکەی داکەند و کراسیکی ئامینەی لەبەر کرد. دەستەکانی شۆرد و لەچکەکەی لەسەر کرد. کە لە دەرگا دەچووە دەرێ بە گویی ئامینەی دا چپاند. ئامینە لە بیرت نەچێ. ئەو لاوەی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاوە دڵی زامداری منە. ئامانەتی تۆ و دڵەکەم.

ورا کە ئەم قسەیەی کرد سوور بووەوە، بە پەلە ڕۆیی.

## 23

دکتۆر ئوسیبوف پیرەمێردیکی سەرسپی و دنیا دیتە بوو. دەیانگوت دەستی بەهەر نەخۆشێ بگات تەنانەت بێ دەواو دەرمان چاکی دەکاتەوە. پێ بەهەر ماڵێکدا بکات ئیدی خێروخۆشی روو لەو ماڵە دەکات. دکتۆر ئۆسیبوف دریغی لە یارمەتیدانی نەخۆشان نەدەکرد. زۆر جار لە کیسەی خۆی دەرمانی بۆ نەخۆشانی دەست کورت دەکڕێ. پیاویکی ئابڕومەند و پاک بوو. هەموو کەس خۆشیان دەویست. تەنانەت بۆ رینوینی وراویژیش هەندێ کەس پەنایان بۆ دەبرد.

ئەمجارەش هەموو ئەم گوتانە راست دەرچوو. ئوسیبوف بە پەنجە لەرزۆکەکانی برینەکانی ئەژدەری دوربیەوە وتیماری کردن. چونکە دۆستی میرزا حوسێن بوو هەق دەستیشی وەرنەگرت. پاش ئەوەی تۆزیک باسی سیاسەتیان کرد رۆیی. میرزا حوسێن هەتا بەردەرگا بەریی کرد.

لەم کاتەدا ئەژدەر چاوی هەڵێنا. هەستی بە ئازار کرد. بەرلەوەی بیر لە شوینەکەی بکاتەوە دەستی بۆ زامەکانی سەر سینگ و نیوچەوانی برد و بیری لە هۆی ئازارەکەی کردەوە. بەڵام دەستەکانی بۆ بەرز نەکرانەوە. هەر نەیتوانی بیان جوڵێنێ. دەتگوت شتیکی قورسیان خراوەتە سەر. سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد. چاوی بە چاوە رەشەکانی ئامینە کەوت کە بە دیارییەوە ویستا بوو.

ئامینە کە بینی ئەژدەر بەهۆش هاتەوە بە شادییەوە بە دووی بابیا چوو ئەژدەر ویستی گازی بکات، بەڵام دەنگی دەرنەهات. راستیەکەی دەنگی ئەوەندە کز بوو کە خۆشی بە چاکی نایژنەوت چ جای ئامینە!

وەختێ ئامینە وبابی هاتنە ژوورەوە. ئەژدەر کە هیچیانی نەدەناسی پیی گوتن:

– ئیرە کوییە؟ من لە کویم؟

میرزا حوسێن بە بزەیەکی خۆشەویستی ئامیزەوە وەڵامی دایەوە:

– کوڕم خەمت نەبێ، لەماڵی دۆستانیت.

ئەژدەر بەم وەڵامە وازی نەهینا و جاریکی دی پرسی:

– ئەرێ کویم بەرکەوتووە؟ برینەکەم خەتەرە؟

– کوڕم نابێ بەم حاڵەوە قسان بکەیت. خوینیکی زۆرت لەبەر رۆییوە، برینەکانت چ نین، گوللەیەک بەر سەرت کەوتووە و تۆزێ رۆشاندویەتی. یەکیکیش بەر شانت کەوتووە. دکتۆر بە خۆی برینەکانی تیمار کردیت.تا چاک دەبیتەوە لەماڵی ئیمەدا ئیسراحەت دەکەی.

ئەژدەر کەمیک داما. ئەوجا بە وردی سەرنجی میرزا حوسینیدا، هەرچی کرد نەیناسی. دەتگوت دەستیکی قورس هات و چاوەکانی داخست.

میرزا حوسێن کە ئەمەی بینی بە ئەسپایی بە ئامینەی گوت: کیژم تۆ بڕۆ چای ئامادە بکە. منیش دەچم دەرمانی بۆ دینم. تای لیهاتووە، تینویتی ئازاری دەدا. هەر کاتێ داوای ئاوی کرد بە کەوچک چای شیرینی بە دەمەوە بکە.

ئامینە گوتی: بەسەرچاو باوکە.



هەستا لەم کاتەدا دەنگی پیی گوڵئارا خانم هاتە گوێ. لەم ماڵەدا وا باو بوو هەر کەسێ شتیکی لێ قەومابا یارمەتیان دەدا پاشان شتیان لێ دەپرسی.

وەختێ گوڵئارا خانم هاتە ژوورەوە. میرزا حوسێن راچیتە بە دەست خۆی ئامادە دەکرد کە بۆ دەرمانخانە بچیت. گەنجیک بەسەری پیچراوەوە لەسەر قەنەفەکە نووستبوو، ئامینە بە دیارییەوە ویستا بوو.

گوڵئارا خانم کە ئەمەی بینی گوتی: حوسێن تۆ کە دەتزانی من لەکویم بۆ گازت نەکردم؟

– تا ئیستا خۆمان هەموو شتیکمان جیبەجێ کردووە. باش بوو تۆ لە کاتی خۆیدا هاتیەوە. چای حازر بکە و زوو زوو بە کەوچک چای شیرینی بەدەمەوە بکە. بەتەنێ جیی مەهڵیە، منیش هەر ئیستا دەگەڕیمەوە.

گوڵئارا خانم راسپاردەکانی شووەکەی ئەنجامدا، پاشان لە ئامینەی پرسی:

– ئەم پیاوە کییە؟ لە کوێ پیکراوە؟ بۆ لە ماڵی ئیمەیە؟

پاش ئەوەی ئامینە شتەکانی بۆ گیڕایەوە. هەم خەمگین بوو، هەم ترسا. لەم دواییەدا حکومەت خۆشی بە شووەکەیا نەدەهات. دەریان کرد. ئیستا بە دەرس گوتنەوەی ماڵان خەرجی ماڵ و منداڵەکەی دابین دەکرد. لە گەڕەکە کریکارنشینەکانا بە خۆرایی دەرسی دەگوتەوە. تاقە پولیکی لێ وەرنەدەگرتن. ئەگەر ئەم شتە بە دەوڵەت بگاتەوە.

لەپڕ ئەوەی بە بیرا هات کە ئەگەر خەبەریان لیدرابا دەمێ بوو بۆیان هاتبوون ٥-٦ سەعاتی بەسەرا رۆییوە، رەنگە لە ژیر چاودیری دابن.. لەونەشە بیانەوێ بزانن کە داخۆ خۆمان خەبەر دەدەین یان نا؟ رەنگە تاقیمان بکەنەوە.... گوڵئارا خانم چاک دەیزانی کە شۆڕش یانی چی و شۆڕشگیڕان لە پیناوی چیدا دەخەبتن. میردەکەی زۆری لەمبارەیەوە قسە بۆ کردبوو؟ بۆیە پتر ترسی لینیشت. لەو رووەشەوە کە بە چاوی خۆی ئەو بەڵایانەی بینی بوو کە حکومەت بەسەر میردەکەیا هینابووی، حەزی دەکرد تا زووترە شۆڕش بەرپا ببێ. بەلای کەمەوە دەرفەتی هەناسەیەکی ئازاد دەرەخسێ.

ژیانێ لە سایەی زوڵم وستەما بێ چ لەزەتیکی هەیە؟

گوڵئارا خانم سەرباری ئەم هەموو شتانەش هیندەی دەیتوانی خزمەتی ئەژدەری دەکرد، میرزا حوسێن دەرمانی هینا. بە پێ ئامۆژگارییەکانی دکتۆر هەرچۆنێ بووە دەرمانەکانیان دەرخواردی دا. ئەوجا ئەندازەی تایەکەیان گرت، کاتێ دکتۆر ئەندازەی گرت ٥/ ٤٠ بوو، بەڵام ئیستا بووە بە ,٣٩/٥ کەواتە حاڵی نەخۆشەکە روو لە چاکییە.

## 24

خۆپیشاندان و گرتن شاری شیواند بوو. چەقۆکیشانی باکۆ کە زۆریان حەز بە پەلاماردانی خەڵکانی بێ چەک و ترساندنیان دەکرد وەکو سەگی پێ سووتاو بە کۆڵانەکانا دەگەڕان و هاوکاری پۆلیسیان دەکرد بۆ هێرش بردنە سەر ماڵان.

خەفێ و جاسوسان هەموو جێیەکیان دابووە ژێر پێوە. بە ناوچە نەوتاوی و کریکار نشینەکانا دەگەڕان و هەر کەسیکیان دیتبا دوای دەکەوتن. یگوروفی فەرمانبەری دایەرەی گومرگ لەبەر گوم کردنی کچیک لە دایەرە دەرکرابوو. پاش مانگیک حەپسی ئێستا بە جلی ئاساییەوە و زۆر بەغەمگینی بە شارا دەگەڕا. لەمانگی یەکەوە تا ئێستا دوای سەدان ژن کەوتبوو، بەڵام ئەو ژنەی ئەو عەودالی بوو هەر نەدۆزرایەوە. سەروان لاڤۆروف هەمیشە دەی بوغزاند و تۆمەتی ئەوەی دەخستە پاڵ کە بە ئانقەست یارمەتی شۆڕشگێڕەکانی داوە.. هەڕەشەی سیبریایان لیدەکرد.

بگوروف نەگبەتییەکەی خۆی لەوەدا دەدیت کە دەبێ سۆراخی ژنان بکات، سۆراخ کردنی پیاو هەر نەیسە! کاریکی ئاسانە! بەڵام ژن.. بەلای ئەوەوە ژن فیلبازترین بوونەوەرە. هەر رۆژەی چەند جۆرە جلوبەرگیک دەپۆشێ. قژی بە هەزار شیوە دادینێ، خۆی بە هەزار تەرح دەنوینێ.

ئیدی رۆژگارە! ئەو ژن پەرستە دیرینە ئەورۆ زۆر نەفرەت لە ژنان دەکات.. ناچار رۆژی چەند جاریک جلەکانی دەگۆڕێ.

ئەورۆژە شەپقەیەکی حەسیری خری لەسەر کردبوو. جووتێ پوتی زەردی لە پێ کردبوو. چاکەتیکی دریژ وپانتۆڵیکی کورتی لەبەر کردبوو. سمیلەکانی بادا بوو. ئەمانە دیمەنیکی سەیریان پێ دەبەخشی. ئەو رۆژە هاوکارەکانی راوی چاکیان کردبوو. ئەویش لۆژ لۆژ سۆراخی ژنانی زەمیلە بە دەستی دەکرد. بەڵام ئەو ژنانەی ئەو تاقیبی دەکردن یا کریکار دەردەچوون یان کارەکەر. ژنی دی لەم کاتانەدا لەماڵ نایەتە دەرێ!

بەبێ هودە شەقامەکانی تەی دەکرد. گەییە دەروازەی «قوشاقالا» ئیعلان و تابلۆی جۆراوجۆر بە دیوارەکانیەوە هەڵواسرابوو. بە نیگای تەم گرتووەوە تەماشایەکی کردن و خۆی بە «ئیچری شارا» کرد. جگە لەو عەرەقەی بەیانی چیدی نەخوارد بوو. دەبوو لەسەری بڕوات بەڵام پارەی نییە؟ سەریشی دەیشا، ئەدی چاری چی بوو؟

یگوروف بە دەم بیرکردنەوەوە خۆی بە شەقامیکی تەسکا کرد، لە پیچیکدا تووشی ژنێ بوو کە بە پەلە دەڕۆیی، خۆیەتی، خۆیەتی.. خۆیەتی.. خوایە گیان! لەم خۆشیە گەورەیە! بەبێ موبالاتی بە تەکیا رەت بوو، زۆر بە روپایی بۆ شۆستەکەی ئەوبەر پەرییەوە تا دوای ژنەکە بکەوێ.

نابێ ئەم هەلە لە دەست بدات، ئەگەر بمریتیش نابێ دەستبەرداری ئەم ژنە بێ، ئەو ژنەی بگوروف دوای کەوتبوو ورا بوو. ورا بە پەلە و بێ گویدان ریبوارانی بەرەو ماڵی غوڵام دەڕۆیی.

ورا هەموو شار گەڕابوو، هەنووکە بۆ ماڵی غوڵام دەڕۆیی. سەرجەمی ئەندامانی کۆمیتەی باکۆی ئاگادار کردبوو، هەنووکە بۆ ماڵی غوڵام دەرۆیی. هەرچەندە لام



سەرلایی تەماشای ئەوپیاوە سەراپا زەرد پۆشەی کرد. بەڵام وای هەست کرد کە یەکیکە لەو پیاوانەی کە بە دیتنی ژنان خۆیان بیر دەچێ. بۆیە بەبێ موبالاتی بە تەکیا رەت بوو. کە گەییە بەر ماڵی غوڵام چاویکی بەو ناوەدا گیڕاو بە دڵنیاییەوە خۆی بە حەوشەدا کرد. یگوروف هەڵوەستەیەکی کرد. لیرەدا چاوەڕوان بکات یان بڕوات و خەڵکانی دی لەگەڵ خۆیدا بینێ. تۆزێ بیری کردەوە، هەستی کرد چاوەڕوانی بێ مەعنایە، یەکراست بەرەو دایەرەی ئەمن کوتای تا خەبەر بدات.

پورە نسا پیشوازی لە ورا کرد، رەنگی زەرد و چاوەکانی لەبەر زۆر گریان سوور هەڵگەرا بوو. لەم چەند مانگەی دواییدا زۆر لاواز و پیر بووبوو.

ورا بەئەسپایی پرسی: پورێ غوڵام چۆنە؟

پورە نسا هەناسەیەکی هەڵکیشا و گوتی: تای لییە، هیچ ناخوات. دوو رۆژە لە ئاو زیاتری نەخواردووە.

ورا چووە ژوورەوە. ئەکبەری بینی کە لە سوچیکا کزکۆڵەی کردووە و فرمیسک لە چاوەکانیا قەتیس ماوە.

غوڵام کە کۆنە لیفەیەکی بە خۆدا دابوو، خەوی لیکەوتبوو لە دەنگی دەرگاکە بیدار بووەوە، چاوی هەڵینا و بە ئەسپایی گوتی: نسا! ئاو بینە. قۆرگم وشک بووە...

دیسان چاوی لیک نایەوە. نسا چوو ئاو بینێ. ورا لە هەمان شوینا ویستا.

گۆناکانی غوڵام قوپا بوون. چاوەکانی بە قوڵا چوو بوون. ئەگەر هەناسە کزەکەی نەبوایە چ جیاوازییەکی لەگەڵ جەستەیەکی بیگیاندا نەبوو. کە نسا ئاوەکەی هینا غوڵام ئانیشکی دادا وچەند قومە ئاویکی خواردەوە. ئەوجا هەستی بە ورا کرد، بزەیەکی کرد و بە دەنگیکی کز پرسی: خۆپیشاندانەکان چۆن بوو؟

ورا لیی نزیک بووە و بە ئەسپایی گوتی: قوزاق و پۆلیس پەلاماری خەڵکیاندا، کریکاری زۆر بریندار بوون. هەندێ لە هاوڕییان گیران. ئەورۆ کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمیتەی باکۆ لە ماڵی ئیوەدا دەکرێ. هاوڕییان هەر ئیستا دین.

غوڵام تەماشایەکی نسای کرد و پرسی: نسا هیچمان هەیە بۆ میوانەکان؟

نسا بە داخ و کەسەرەوە دەستی نەبوونی تەکانداو چ وەڵامیکی نەدایەوە.

ورا ویستی دڵیان بداتەوە.

– هاوڕێ غوڵام خەمتان نەبێ. چما میوانەکان هاوڕیی خۆتان نین؟ کریکار لە هەموو شوینیکا هەر ئەمە حاڵیانە.

غوڵام یەک، دوو هەناسەی هەڵکیشا، دوو، سێ جاران کۆکی، لەپڕ چاوە بە قوڵاچووەکانی بریسکانەوە. ورتە ورتەیکی کرد: حاڵی چینی کریکار هەروا بە خراپی نامینیتەوە.

بە هەزار حاڵ هەستاو دانیشت: نسا ئەکبەر بنیرە بۆ لای دوکاندارەکەی سەر کۆڵانەکە با هەندێ شەکر و چا بەقەرز بینی. بەلای کەمەوە چایان بۆ حازر بکە.

ورا کە ئەم وەعزە نالەبارەی بینی خەم دایگرت: هاوڕێ غوڵام ئەوان بۆ چاخواردنەوە نایەن، بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دین. تووڕە مەبە تۆ تات لییە. راکشێ.

ئاخری ئەکبەری هەر نارد، غوڵام داوای لە ورا کرد کە بە تیروتەسەلی باسی

خۆپیشاندانەکان بکات. ورا بریندار بوونی ئەژدەر نەبێ، ئیدی هەموو شتەکانی بۆ گیڕایەوە. دەترسا هەواڵی پیکرانی ئەژدەر کاری تیبکات.

پورە نسا و ورا خەوتنی غولاّمیان بە هەل زانی و بە دوو قۆڵی ماڵەکەیان ریکخست. دوای ماوەیەکی کەم ئەکبەر گەڕایەوە. هیچی بەدەستەوە نەبوو. پەشۆکابوو، پورە نسا پرسی: ئەکبەر بۆ بەدەست بە تاڵی گەڕایتەوە؟ دوکاندارەکە نەیدایتێ؟

– نا دایکە– ئەکبەر بە پەشۆکاوییەوە سەیری دایکی کرد– لە نیوەی رێ گەڕامەوە.

– بۆ؟

خەڵکانی بیگانە لە دەوروبەری ماڵمانن. سوارەی قوزاق لە دوورەوە بۆ ئیرە دەهاتن. نەیان هیشت بۆ ماڵی خۆمان بیمەوە. لەسەر دیوارەکەوە هاتم.

غولاّم چاوی هەڵینا، هەستاو دانیشت. تۆزێ بیدەنگ بوو ئەوجا بە دەنگی لەرزۆکەوە هاواری کرد: نسا! پەیژەکە ئامادە بکە با ورا خۆی بگەیەنیتە حەوشەی دراوسیکەمان ماڵی چاکن ئیمە بە دەستەوە نادەن.

ئەوجا بە ورای گوت: هەموو هاوڕییان تێ بگەیەنە کە توخنی ئەم ناوە نەکەون. بیگومان شوین پیی تۆیان هەڵگرتووە.

ورا بە پەلە لە ژوورەکە دەرکەوت، هەر باش بوو کە ئەکبەر دەرگای حەوشەی توند داخست بوو. لە چاوتروکانیکا ورا خۆی گەیاندە حەوشەی دراوسیکەی ماڵی غولاّم. پەیژەکە خرایەوە شوینی خۆی. لە دەرەوەبە بەرد و بەلەقە لە دەرگایان دەدا.

پورە نسا دەرگای کردەوە. هەرکە دەرگای کردەوە چەند پۆلیسیک و پیاویکی سەیری سەراپا زەردپۆش نسایان دەڵەک داو رژانە حەوشەوە.

یەکیک لە پۆلیسەکان لە نسای پرسی: کوا ئەو کچە؟

– کچی چی؟

– ئەوەی ئیستا هاتە ئیرە.

– چ کیژیک نەهاتۆتە ئیرە...

پۆلیسەکە نەڕاندی: پیرە کەمتیار درۆ دەکەی...

ئەوجا دەستوری بەهاوڕیکانیدا: بگەڕین..

بست بە بستی حەوشەکە گەڕان. ژوورە نیمچە تاریکەکەیان ژیر و ژوور کرد و خۆیان بە ژوورەکەی غولاّما کرد. جیگاو نوینەکانیان بە جۆرێ پشکنی دەتگوت بۆ دەرزی دەگەڕین، غولاّمیان هەستان و جیگەکەی ئەوییشیان پشکنی. هەموو دەرگاکان لەسەر گازی پشت بوون. سەرمای مانگی ئایار بە ژوورەکەی غولاّما فڕکەی دەکرد. لە کۆلاّنەکەوە حیلەی ئەسپ و لە حەوشی دراوسیکەیانەوە حەپەی سەگ دەهاتە گوێ.

غولام تەنیا جلی ژیرەوەی لەبەر بوو، سەرماکە نیگەرانی دەکرد، بەلاّم گویی بەسەرما نەدەدا هەموو ئاواتیکی ئەوە بوو سەندوقەکەی تەنیشت جیگاکەی نەگەڕین. دەمێ بوو ئەو بلاّوکراوە و رۆژنامانەی کە لادو وئەژدەر بۆیان هینابوو شاردبوونیەوە، بەلاّم چەند دانەیەکیان لە نیو سەندوقەکەدا مابوون.

پۆلیسەکان وەکو سەگی راو، وریا و گوێ قولاّخ بوون، هەر کە چاویان بە سەندوقەکە کەوت.. بێ ئەوەی داوای کلیلەکەی بکەن بەر قۆناغە تفەنگیان داو شکاندیان. جلی ژنانە و بوخچە وهەندێ شتی تریان هەڵرشتە ئەوگۆڕە. هەربەمە وازیان نەهینا و بە



چەکوش بەربوونە سەندوقەکە. پۆلیسیکی قەڵەو پاش ئەوەی پارچە ئاسنیکی لە نیو سەندوقەکە دەرهینا، بەسەرسامییەوە هاواری کرد: پایەبەرز! سەندوقەکە پڕە لە بلاّوکراوەی...

پایەبەرز بە دەم هاوارەکەوە چوو، گوتی: ئیمەش ئەو بلاّوکراوانەمان گەرەکە. کە بلاّوکراوەکان کەشف بوون، ئیدی غولاّم بە پیویستی نەزانی بە پیوە بوەستێ. لەسەر جیگاکەی راکشایەوە، رووی کردە ئەکبەر کە لەبەر دەرگاکە ویستا بوو. بە رقەوە سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد، گوتی: رۆڵە، وەرە لیفەکەم پیدا بدە سەرمام بوو.

ئەکبەر لیفەکەی بە بابیادا، غولاّم دەستی گرت، دەتگوت ئاسنیکی سوورەوە کراوە بە دەستی منداڵەکەدا چزا.

– کوڕم مەترسە، تۆ پیاوی و پیاو نابێ بترسیت.

ئەکبەر چاوی بڕییە روخساری بابی، دوو، سێ دڵۆپە فرمیسکی پاک و بیگەرد لە چاوەکانی ترازان ورژانە سەر قەرەویڵەکەی بابی.

– من ناترسم باوکە! دڵنیابە من لەم ئاژەلاّنە ناترسم.

غولاّم دەیویست قسەیەک بکات کە هاواری دڕندانەی پۆلیسیک پیی بڕێ.

– ئەمانە چییە؟

غولاّم زۆر بە هیمنی وەلاّمی دایەوە: بلاّوکراوەی شۆڕشگیرییە.

مەسئولەکەیان بلاّوکراوەکەی بۆ غولاّم دریژ کرد: چی لیرە نووسراوە؟

غولاّم تەواو وەکو ئەوسەردەمەی کە لە گویز ساختربوو، بە توندی سەری هەڵبڕی و بە رقەوە و بە زمانی روسی هاواری کرد: نووسراوە «بڕوخێ دیکتاتۆریەتی تزار» «بژی شۆڕش و ئازادی».

مەسئولەکە بلاّوکراوەیەکی تری نیشاندا: ئەدی لیرە چی نووسراوە؟

غولاّم هەوەڵ جار چ وەلاّمیکی نەدایەوە، پاشان رووی وەرگیڕاو گوتی:

– هەمووی باسی روخانی ئیوەیە. چیدیم لێ مەپرسە، چونکە تاقە وشەیەکم لێ ناژنەوی.

ئەوجا بەرەو ئەکبەری کوڕی چوو، باوەشی پیدا کرد و بە ئەسپایی پیی گوت:

– کوڕم! من پیم بەلیوی قەبرەوەیە، تۆ تۆڵەی من لەمانە بستینە.

پورە نسا بە چاوی وشک و ترساوەوە دەیڕوانییە غولاّم، غولاّم لیی نزیک کەوتەوە و گوتی: بە دوعا نسا!

ویستی لەسەر جیگاکەی راکشیت، بەلاّم نەیانهیشت، جلەکانیان لەبەری کرد، راکیش راکیش بردیانە نیو حەوشەوە و لەویوە بۆ کولاّن و ئەوجا بۆ زیندانیان برد. شیوەن و فریادی «غولاّم، غولاّم»ی پورە نسا وبانگی «باوکە، باوکە»ی ئەکبەر دڵی ئەرزو ئاسمانیان دەسووتاند.

غولاّم قارەمانانە خۆی راگرت و تا دوا هەناسە تاقە یەک وشەی نەدرکاند. بۆ سبەینیی ئەو رۆژە لەژیر ئەشکەنجەی پیاوکوژانا گیانی سپارد و لە زیندانی بائیل دا شەهید بوو.

## 25

دەمە دەمی رۆژئاوا، لەکاتیکدا تەمومژیکی چڕ بەری ئاسمانی باکۆی دەگرت، ورا شەکەت و ماندوو، بێ ئەندازە شەرمەزار، گەییە ماڵی میرزا حوسێن. ئامینە و دایکی تاکو بەیانی بە نۆرە ئیشکی ئەژدەریان گرتبوو، چ کەسیک هەستی بە پەشیوی دڵی ورا نەکرد، هەر خەمی غولامی بوو.

کاتێ ورا بەچاوی بێ خەو وخەمبارەوە دەیڕوانییە ئەژدەر کە هیدی هیدی هەناسەی دەدا، تیکڕای رووداوەکانی ئەو رۆژەی لەبەرچاو بەرجەستە دەبوو. وای هەست دەکرد کە هەرگیز ناتوانێ قەڵافاتی غولام لەکاتی پەلاماری قۆزاقەکانا فەرامۆش بکات. باشە پاش ئەوچی بوو؟ چیان لە غولام کرد؟ ورا ئاگای لەمانە نەبوو.

لەسەر دیوارەکەی ماڵی غولامەوە خۆی هاویشتە ناو حەوشەیەکی بەرد ریژەوە کە پەیژەکەی هەڵگرت ویستی لەپاڵ دیوارەکەدا داینێ، هەوشاریکی لیڕاپەڕی. ورا دوو، سێ بەردی هەڵگرت و هاویشتییە سەگەکە، ئەوجا بە هیواشی لە دەرگاکە نزیک بووەوە.

بەڵام سەگەکە بەردەمی گرت و بە تووڕەییەوە کەوتە وەڕین. ورا ئەوەندەی لە پۆلیسەکان دەترسا لە سەگەکە نەدەترسا. ورا لەوە دەترسا پۆلیسەکان بە دەنگی سەگەکەوە بێن و ئیدی دەرفەتی دەرباز بوونی نەمینێ.

خۆی و بەختی، ئەمەش بە سەلامەتی تیپەڕی، پیریژنیکی ئازەری لەژوورەوە هاتە دەرێ، سەگەکە بە دیتنی پیریژنەکە کڕ بوو. پیرەژنەکە لە ورای پرسی:

– ئەوە چییە؟ چیت دەوێ؟ لەم حەوشەیەدا چ دەکەی؟

ورا زۆر بە هیمنی بە زمانی رووسی وەڵامی دایەوە: خوشکێ، ریم بزر کردووە بە ئەرک نەبێ ریم نیشان بدە!

پیریژنەکە کەم و زۆر لیی حاڵی نەبوو، تەنیا یەک وشەی روسی دەزانی خیرا ناوکیشی کرد: نزنایەم... نت... * (نازانم.... نا)

ئەوجا سەگەکەی گاز کرد. هەرکە سەگەکە لا کەوت ورا خۆی بە کۆڵانیک دا کرد. کەوتە غاردان، ورا یەکەمجاری بوو بەم کۆلانەدا بڕوات. ملی ریگای گرت تا گەیە رۆخی «ئیچری شار» تیکەڵ بە خەڵکەکە بوو، لە شەقامی «نابرژنی»یەوە بەرەو خوار شۆڕ بووەوە.

ئیستا کە لە تەک ئەژدەر دانیشتبوو، رووداوەکانی ئەورۆژەی بەسەر کردەوە، سەری لە خۆی سووڕ دەما کە چۆن بەرگەی ئەو هەموو دڵە خورپەیەی گرتبوو، بیگومان ئەو بووە هۆی ئەوەی کە پۆلیس بەسەر ماڵی غولاما بدەن. ئەمەش ئەنجامی کەمتەرخەمی، چونکە چ ئاگایەکی لە چارەنووسی ماڵی غولام نەبوو زۆر نیگەران بوو. داخۆ چییان بەسەر غولام هیناوە؟ حەپسیان کردووە یان ئەویش رای کردووە؟ ئەم پرسیارانە میشکیان دەخوارد.

بابایەکی نەخۆشی وەکو غولام چۆن دەیتوانی رابکات؟ بۆ کوێ بڕۆشتایە؟ بە دەم ئەم بیرانەوە بۆ بنکە نهینییەکانی شۆڕشگیڕان دەگەڕا، تەواوی شاری دایە ژیر پیوە،



باش بوو لە کۆلانیکی دوورا تووشی چونیاتوف بوو کە بەرەو ماڵی غولام دەڕۆیی.

چونیاتوف ئەو رۆژە بە هەزار حاڵ خۆی لە چنگی پیاوانی دەوڵەت رزگار کرد بوو، هیندەی ئەم لاو ئەولا کردبوو توانای رۆیشتنی نەمابوو، دەیویست تۆزێ زووتر بگاتە ماڵی غولام و پشوویەک بدات. ورا کە تووشی ئەو بوو بە دوو، سێ وشە هەموو شتەکانی لێ گەیاند. چونیاتوف یەکیکی بەرەو دەروازەی قوشا ڤالای ئیچری شار نارد تا ئەو هاوڕییانە ئاگادار بکاتەوە کە بە نیازی ماڵی غولام بوون. ئەوجا ئەدرەسی ئەو هاوڕییانەی دایە ورا کە دەبوو زوو زوو ئاگادار بکرینەوە.

ئەو رۆژە هاتوچۆی نیو شار زۆر خەتەر بوو، ورا لەلایەن بەکریگیراوانی تزارەوە تاقیب دەکرا. جا بۆ ئەوەی سەرنجی جاسوسان رانەکیشیت هەزار جار ریی خۆی گۆڕی تا بگاتە بنکەی نهینی هاوڕییەکی لیپرسراو. چەندین قۆناغی بڕی تا گەییە شوینی مەبەست.

کە دنیا تەواو تاریک بوو، گەیشتەوە شەقامەکەی بەر ماڵی خۆیان. لاقەکانی دەیەشان. بڕیاریدا لە پیشا سەریکی ئەژدەر بدات ئەوجا بۆ ماڵی خۆیان بچیتەوە. رۆژی ئەمڕۆ بە هەر لایەکدا دەڕۆیی تاپۆی ئەژدەری لەبەرچاو بوو. بەڵام شەرمی دەکرد بەم پەشیوییە بۆ ماڵی میرزا حوسێن بچیت. پیڵاوەکانی دەمیان کردبووەوە، سەرو رووی تۆزاوی و قژەکەی ئاڵۆزکا بوو.

ئەو رۆژە بۆ یەکەمجار گلەیی ئەوەی لە دایکی کرد کە کاتێ ئەژدەری هینایەوە ئەو لە ماڵ نەبوو.

ماریا ڤاسیلیۆفنا کە کیژەکەی بەو حاڵەوە بینی چ قسەیەکی نەکرد. بە پەلە خواردنی بۆ هینا. پاش ئەوەی ورا جلەکانی گۆڕی بە دوو قۆڵی بۆ لای ئەژدەر چوون. ورا لە ماڵەوە تا لای ئەژدەر زۆر نیگەران بوو. بۆیە کاتێ لە تەک ئەژدەر دانیشتن– ئەژدەر جارێ بیدار بوو بووەوە و خەوێ لیکەوتبووەوە– سەری لەوە سوڕ دەما کە چۆن ئەورۆ بەرگەی ئەو هەموو نارەحەتی و نیگەرانییەی گرتبوو.

میرزا حوسێن لە هەمان ژوورا لەسەر کورسییەکی نەرمی دەسک دار دانیشتبوو، کتیبیکی بە دەستەوە بوو، کتیبەکە واز بوو بەڵام مامۆستای پیر نایخوینیەوە، نقومی دەریای بیر کردنەوەیەکی قوڵ بوو. بیری لە ژیانی خۆی دەکردەوە. تۆ بڵیی هەروا بەئاسای ئەمەی لێ بەسەربچێ؟ ئەو بابایەکی وەکو ئەژدەری هینابووە ماڵی خۆی و مالیجەی دەکرد، ئەژدەرێ کە بەشداری خۆپیشاندانی کردبوو. بریندار بوو بوو، دیارە ئەم کارە بۆ ئەو مەسەلەی مەرگ و ژیان بوو. چونکە رۆژەکەی رۆژی ئینسانی رۆشنبیر و هۆشیار نەبوو. هۆشیاری بڤە بوو. تەنیا کەسانی کۆنەپەرست و بێ میشک دەیانتوانی ئاسودە بژین. ئەوانەی بیریان دەکردەوە، ئاگاداری بارودۆخ بوون، بە بیری ئایندەوە دەچوون، بێ پەردە بیروباوەڕی خۆیان دەردەبڕی. هەرگیز سەری سەلامەتیان نەدەبردە گۆڕەوە.

میرزا حوسینیش لەم جۆرە کەسانە بوو. لەمیژ بوو ناویان خستبووە لیستەی رەشەوە و زۆر دەمێ بوو لیی بە بیانوو بوون و دەیانویست لە شەڕی رزگار بن.

مجیدۆف خەفێ سیفەتی وەزارەتی مەعاریف، بە سمیڵە دریژەکەیەوە کە لایەکی

بەرەو رۆژهەڵات و لایەکی بەرەو رۆژئاوا چوو بوو، وەکو سیبەر بە دوایەوە بوو. دەمێ بوو لیی بە بیانوو بوو تا یەخەی بگرێ و تووشی بکات.

میرزا حوسێن زۆری حەز لەوە بوو لە پۆلدا باسی کەڵە نووسەرەکانی روس: پوشکین، لرمانتوف، گوگول، شدرین و تولستوی بکات، هێندە بە پوختی و ناسکی باسی بەرهەم و ژیانی پڕ لە خەباتی ئەو نووسەرانەی دەکرد کە قوتابییەکانی بە دڵ و بە گیان گوێیان بۆ دەگرت.

رۆژیک، کاتێ لە پۆلدا لەمەڕ کتیبی «ژیانەوە»ی تۆلستوی دەدوا، مەجیدوف خۆی بە پۆلا کرد، مامۆستاکانی دی کە مەجیدۆف یان بینی سەریان بۆ دادەنواند و وەکو ریز لینان قوتابییەکانیان لەبەری هەڵدەستاند و تەنانەت هەندیکیان سروودی بەخیرهاتنی ئەویان بە قوتابییەکان دەگوت. بەڵام میرزا حوسێن بە جۆرێ رەفتاری کرد وەکو ئەوەی هەر میشیش میوانی نەبێ، نەک سەرپەرشتیاری پایەبەرزی وەزارەت هاتبێ. باسی دادگاکانی تزاری و ئەو ناعەدالەتیانەی کرد کە بە چاوی خۆی دیتبوونی و هەوڵیدا ئەوە بسەلمینێ کە ئەم ناعەدالەتیانە هیشتا هەر بەردەوامە.

مەجیدۆف کە پلەوپایەخوازیکی چەپەڵ بوو خۆی پینەگیرا ولە ناوەڕاستی دەرسەکەدا کلاسەکەی بەجیهیشت، بەڵام نەیتوانی تۆمەتی «ئاژاوەچیتی» و «جنیودان بە شا» بداتە پاڵ میرزا حوسێن.

قوتابییەکان تیکڕا گەواهیاندا کە میرزا حوسێن قسەی وای نەکردوون و تەنیا باسی «ژیانەوە»ی کردووە.

رۆژیکی سار و باران بوو، میرزا حوسێن دوای تەواو بوونی دەرس بە تەنێ لە نووسینگەی قوتابخانەی رووس - تاتار دانیشتبوو، لەپڕ دەرگا کرایەوە. مەجیدۆفی کۆنەپەرست بە کەش و فشەوە خۆی بە نووسینگەکەدا کرد. میرزا حوسێن هیشتا سەری هەڵنەبڕی بوو کە نەڕەیەکی بیست: هەستە هەی بێ ئەدەب!

میرزا حوسێن بەبێ موبالاتی روانییە سەراپای مەجیدۆف، بەڵام لە جیی خۆی نەجولا، نیگاکانی میرزا حوسێن بە ئاشکرا بە مەجیدۆفی دەگوت: تۆ کیی تا من لەبەرت هەستم؟

دەستووری دووەم درا: شەپقەکەت داگرە، هەی بێ ئابڕو.

میرزا حوسێن بە هیمنی وەڵامی دایەوە: بۆ؟ شەپقە بۆ ئەوە دروست کراوە کە لەسەر بکرێ، مەجیدۆف وەک ئەوەی گوێی لەم قسەیە نەبووبێ، پەنجەی بۆ تابلۆی قەد دیوارەکە راکیشا و بە دەنگیکی لەرزۆک گوتی: لە شوینیکا کە وینەی پیرۆزی شاهنشا هەڵواسرابێ نابێ بە شەپقەوە دانیشیت.

ئەوجا مەجیدۆف بەو قەد و قەڵافاتەوە لەبەردەم وینەکەی شادا کە میش گوی پیدا کردبوو ویستا و کرنۆشی برد...

میرزا حوسێن نە شەپقەکەی داگرت و نە لە جیی خۆی جولا، مەجیدۆف سوور هەڵگەڕا. بە توندی دەرگاکەی بە یەکا داو چووە دەرێ.

ئەم رووداوە چارەنووسی میرزا حوسینی گۆڕی و وەکو گومانلیکراو و خاین دەریان کرد.



بە دوعا قوتابخانە، بە دوعا هاوکاران و بە دوعا ئەی قوتابیانی زیرەک! کاتێ میرزا حوسێن کتیبەکانی خۆی پیچایەوە، چەند کۆنە کتیبیکی قوتابییەکانیشی وەکو یادگار لەگەڵ خۆیدا برد. هەر کە لە قوتابخانەکە چووە دەرێ کۆمەڵیک لە قوتابییەکان بە دویا گریان، چاوەکانی میرزا حوسینش پڕ بوون.

ئیستا بە دەرس دانەوەی تایبەتی رۆژگاری دەگوزراند. باشە بە دەرسدانی چەند قوتابییەکی کەم، ماڵ و منداڵ بەڕیوە دەبرێ؟ ماڵ، ئیدی ماڵەکەی جاران نەبوو. چونکە پارەی کرییان نەبوو تەنیا دوو ژووریان بە کرێ گرت. جلوبەرگ و شتی ناوماڵ و گەلیک لە کتیبەکانی هاتبوونە فرۆشتن. قیروسیا لە شمەک و کتیبان، ژیانیشی بەتاڵەموویەکەوە بەند بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشا، ئەژدەری لە ماڵی خۆیا گڵ دایەوە و کەوتە چارەسەرکردنی، هەڵبەتە ئەم کارە گەلیک خەتەر بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریکی دروست بوو، میرزا حوسێن باوەڕی بە دروستی ئەم کارەی خۆی هەبوو، میرزا حوسێن یارمەتی دانی کەسیک کە لەم رۆژە سەختەدا ئاڵای سووری ئازادی هەڵگرتبوو، پیش هەزاران کەس کەوتبوو، بە گوللەی پۆلیسی خوینمژ پیکرابوو، بەکاریکی ئابڕومەندانەی دەزانی، بە خۆشەویستییەکی باوکانەوە سەیری ئەژدەر و ورای دەکرد کە بە دیار ئەژدەرەوە دامابوو، میرزا حوسێن وای هەست دەکرد کە ورا ئەورۆژە کاریکی گەلیک گرنگی ئەنجام داوە، بۆیە ماندووە و ئیستاش تەنیا بیر لە ئەژدەر ناکاتەوە. چەند خۆشە کە دنیا لە ئینسانی چاک خاڵی نییە و ئەم جۆرە گەنجە فیداکار و خەباتگیرانەش پەیدا دەبن.

## 26

سێ ڕۆژان بە نۆرە ئیشکی ئەژدەریان گرت، ئەژدەر یەک تەختە بە بێ هۆشی کەوتبوو، هەندێ جاران بە ئاگا دەهاتەوە و بە چاوی لیلّەوە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی، هەندێ جار ورینەی دەکرد، ورا زوو زوو دەستە سڕی تەری دەخستە سەر تەویلی گەرمی و دەستی دەخستە نیو دەستەکانی خۆی و بە خۆشەویستییەوە دەیگوشی.

جەنگی هەمیشەیی مەرگ و ژیان جەستەی ئەژدەری کردبوو بە مەیدانی خۆی. لەوە دەچوو ژیان مەرگی تەنگەتاو کردبێ، برینداڕەکە وردە وردە بەرەو چاکی دەچوو. کە لەشی بتەوی ئەژدەر ڕۆڵی بنەڕەتی لەم جەنگەدا دەبینی، پاشان دکتۆرەکە ڕۆژی چەند جاریک سەری ئەژدەری دەدا و تیماری دەکرد. ئەمە جگە لە دەوری ماڵی میرزا حوسێن کە تای تەرازووی جەنگەکەی بە قازانجی ژیان قورس دەکرد.

پاش چەند ڕۆژیک، بەیانییەکی زوو ئەژدەر چاوی هەڵێنا و تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، بۆ یەکەمجار لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا توانی میشکی خۆی بگوشێ و بە تەواوەتی ڕووداوەکان بینیتەوە یادی خۆی. ئەژدەر ماریای گاز کرد کە لەسەر شڕە کورسییەک دانیشتبوو، سەری خستبووە سەر باسکی و خەوتبوو، بەڵام دەنگی هیندە کز بوو ماریا بیدار نەبووەوە، ئەوجا بە هەموو هیزیکەوە گازی کرد، بەڵام دیسان دەنگی کز بوو، ئەژدەر پیکەنینی بە خۆی هات.

ماریا ڕاپەڕی، چاوە خەواڵووەکانی هەڵگلۆفت و ڕوانییە دەوروبەری خۆی کە بینی ئەژدەر بە زەردەخەنەوە دەڕوانیتە ئەو، بە شادییەوە گوتی:

– ئەژدەر، کوڕەکەم، بەهۆش هاتییەوە؟

ئەژدەر هەستی بە دڵسۆزی و خۆشەویستی دایکایەتی ئەو کرد، بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: بەڵێ پورە ماریا! بەڵام هەست دەکەم کەمێ بێ تاقەتم.. برینەکانم وەکو جاران نایەشیت.

ماریا پەنجەرەکەی کردەوە، چرا بچکۆلەکەی کوژاندەوە، ڕووناکی بەرەبەیان خۆی بە ژوورەکەداکرد.

ئەژدەر پرسی: پورە ماریا ئەوڕۆ چەندی مانگە؟ چەند ڕۆژە من لیرەم؟

– ئەوڕۆ چواری مانگی ئایارە. چوار ڕۆژە بریندار بوویت... زۆرت ترساندین بەڵام شوکر حاڵت باش بووە، ئەگەر کۆمەکی میرزا حوسێن و ماڵ و منداڵەکەی نەبایە بە هیلاک دەچووین، من و ورا بە تەنێ چمان پیدەکرا؟

ئەژدەر پاش کەمیک بیدەنگی پرسی: پورە ماریا ئەدی ورا کوا؟

بەیارمەتی ئانیشکی ڕاستی تۆزێ سەری هەڵبڕی، ماریا پشتییەکی تری خستە ژیر سەری، لیفەکەی چاک کرد و ئەوجا وەڵامی دایەوە:

– ورا دوینێ تا بەرەبەیان ئیشکی بە دیارتەوە گرت.. نزیکی بەیانی بەزۆر خەواندم.

ئەژدەر ورتە ورتیکی کرد: پورە ماریا من بە حاڵ دایکی خۆم بیر دێ! من بە هەتیوی گەورە بووم.. بۆ یەکەمجار سۆزی دایکایەتی لە تۆ دەبینم.. تۆ دایکی



منی...

سیما و ڕوخساری ئەژدەر وەکو گەڵای پایز زەرد هەڵگەڕابوو. گوناو لیوەکانی بوو بوو بە جاوی سپی. ماریا بۆ ئەوەی هیلاکی نەکات چ قسەیەکی نەکرد. دەستی سۆزی بەسەریا هینا. ئەژدەر کەوتە ماچکردنی دەستە لاواز و چرچەکانی ماریا. ماریا بە زەردەخەنەوە گوتی: دایکی کوڕیکی وەکو تۆ چەند بەختەوەرە!...

دەرگا کرایەوە، گوڵئارا خانم بە ئەسپایی هاتە ژوورەوە، کە بینی ماریا لەگەڵ ئەژدەرا سەرگەرمی قسە کردنە سەرسام بوو: ماریا ڤاسیلیۆفنا ئەوە ئەژدەر کەی بە هۆش هاتەوە؟!

– هەموو کاریکی گەنجانی ئەم دەوروزەمانە نائاساییە. چوار ڕۆژە لەگەڵ مەرگا دەجەنگێ، سەد جار ئیمەی کوشت و زیندوو بووینەوە. کەچی وا ئیستاش چاوی هەڵیناوە بە جۆرێ قسان دەکات دەڵیی نەبای دیوە نەباران.

گوڵئارا خانم بێ ئەوەی چ قسەیەک بکات، بە خۆشییەوە چووە دەرێ، دوای تۆزیک ئامینە لە دەرگاوە سەریکی کیشا. تەماشایەکی ئەژدەری کرد و بە سەرسامی ویستا.

– خوا خوامان بوو بە هۆش بیتەوە، کەچی وا دانیشتووە. وراش لە پڕخەی خەو دایە... با بچم هەڵیسینم.

بەهۆش هاتنەوەی ئەژدەر، گیانیکی بە ماڵەکە بەخشی. دیسان دەنگە دەنگی ئامینە لە هەموو لایەکی ماڵەکەوە، لە پشت دەرگاوە، لە پاڵ پەنجەرەکانەوە و لە هەموو شوینیکەوە دەهاتە گوێ. بەڵام ئەژدەر هەر چاوی لە دەرگا بوو، ورا زۆری پێ چوو بوو، هەموو بەمەیان زانی بوو، ئامینە پەیتا پەیتا دەچووە دەرێ و دەیگوت: نازانم ورا لە کوییە؟ چۆن خەڵکی دەخاتە چاوەڕوانیەوە..!

ئیدی ماریاش تاقەتی نەگرت و بە دوای ورا دا ڕۆیی. بەڵام پاش کەمیک بە نائومیدی گەڕایەوە، کاغەزیکی بە دەستەوە بوو، کاغەزەکەی دایە دەستی ئەژدەر، لە کاغەزەکەدا نووسرابوو، دایکە! من ناچار بووم بۆ لادێ بڕۆم، پیویستە هەندێ میوە بۆ فرۆشتن بینم، چونکە نەمویست نارەحەتتان بکەم بەیانی زوو خەبەرم نەکردنەوە، شەویش دڵنیا نەبووم کە دەڕۆم، نیگەرانی من مەبە. ئاگات لە ئەژدەر بێ، هەر کاتێ بە هۆش هاتەوە سڵاوی منی پێ بگەیەنە، بە دوعا. ئیمزا... ورا.

ماریا و گۆڵئارا و ئامینە نامەکەیان دەستاو دەست گیڕا، هیچیان نایانزانی ورا بۆ کام دێ و بۆچی چووە. لە کەیەوە ورا بووە بە میوە فرۆش و ئەمان نەیا زانیوە؟

ئەم پرسیارانە بێ ئەندازە پورە ماریایان نیگەران دەکرد، ئەمەیە یەکەم جار بوو کە ئەم کیژو دایکە بێ پرس لیکدی جودا ببنەوە. دڵی دایکایەتی ماریا کەوتە ترپە ترپ. دڵی ئەژدەریش کەوتە نارەحەتی، هەرچەند ئەو دەیزانی ورا بەکاری نهینی چووە، بەڵام بیری ئەوەی کە بۆ کوێ چووە، کەی دەگەڕیتەوە، ئاخۆ کارەکەی خەتەرە، یان نا. ئازاری دەدا.

ئەژدەر کە چوار ڕۆژان بیهۆش بووو خوینیکی زۆری لەبەر ڕۆیی بوو، هەستی بە بێ تاقەتی دەکرد. برینەکانی هاتنەوە سوێ، ئارەقەیەکی ساردی لێ نیشت، بەبێ حاڵی

راکشا، ئەو جەنگی ژیان و مەرگەی کە لەشی کرد بووە بە مەیدان سەر لە نوێ گەرم بووەوە. خەویکی قورس و ئالۆز بردیەوە.

نزیکی نیوەڕۆ لە دەنگی پیی میرزا حوسێن بیدار بووەوە، میرزا حوسێن لە تەکیا دانیشت بە زەردەخەنەیەکی خەمناکەوە لیی راما.

– چۆنی رۆڵە؟

– زۆر بێ تاقەتم میرزا! بزانە بابایەکی نەناس چۆن زەحمەتتان دەدا..!

میرزا حوسێن بەسەرسامی پرسی: نەناس؟ کوڕی من ئەگەرچی راستەوخۆ تۆ ناناسم بەڵام زۆر لە نزیکەوە ئاشنای گیان و ورەی گەنجانی فیداکاری وەکو تۆم من زۆر چاک ئەو کۆمەڵە دەناسم کە ئینسانی گەورەی وەکو تۆ پەروەدە دەکات و دینیتە بەر.

ئامینە خواردنی بۆ ئەژدەر هینا. ئەژدەر بە زۆری میرزا حوسێن چەند کەوچکیکی لە خواردنەکە خوارد و بە بێ حاڵی راکشایەوە. ماوەیەک تیپەڕی، ئەژدەر چاوی هەڵینا کە بینی میرزا حوسێن هیشتا بە دیارییەوە دانیشتووە زەردەیەکی کرد.

پاش کەمیک بیدەنگی میرزا حوسێن گوتی: رۆڵە، بە هیچ جۆرێ لیرەدا هەست بە نامۆیی مەکە، ماڵی من ماڵی هەموو ئینسانیکی ئابڕومەندە، کیژەکەم بە خوشک و ژنەکەم بە دایکی خۆت حسیب بکە، من ماڵ و منداڵەکەم لەسەر رێ و شوینی بۆ گەنی ئیسلام پەروەردە نەکردووە. من خۆم بە عاشقی تولستوی، چرنیشفسکی و دوبرولیوف دەزانم. بیری پرشنگداری ئەوان ریگای من رووناک دەکاتەوە..

ئەژدەر چاوی بە تابلۆیەکی قەد دیوارەکە کەوت. پیرەمیردیکی ردین سپی، دەستی خستبووە کەلەکەی و بە پیی خاوس وەستا بوو، ئەمە تولستویە؟

میرزا حوسێن وینەکەی پێ نیشاندا.

– میرزا تولستۆی زیندووە؟

– زیندووە رۆڵە، لە «ناسنایا پولیانا»وە خەڵکی بۆ لەنیو بردنی زوڵم و ستەم هاندەدا «جەنگ و ئاشتی» «ئاناکارنینا» و «ژیانەوە»کەیت دەدەمێ، پاشان «دەبێ چ بکرێ» کەی چرنشفسکی بخوینەوە، ئەویش یەکیکە لەو نووسەرانەی کە جەماوەر بۆ خەباتکردن لە پیناوی دوارۆژی بەختیارا هان دەدا.

ئەم قسانە بەتەواوەتی بەلای ئەژدەرەوە تازە بوون. قسەکانی میرزا حوسێن بیری بۆ لای ئەو کریکارانە راکیشا کە ئەرک و ناخۆشی ژیان لە خویندنی بیبەش کردبوون. میرزا حوسێن بۆ ئەوەی پتر ئەژدەر بێ تاقەت نەکات لە ژوورەکە چووە دەرێ. پاش رۆیشتنی ئەویش ئەژدەر هەر لە گەڵ ئەم بیرانەدا سەرگەرم بوو، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد ورا لەویبا و ئەم بیرانەی لەگەڵ دابەش کردبا، بەڵام ئەفسوس ورا لەوێ نەبوو، ئاه کە وەختێ ورا دیار نابێ چ بۆشاییەکی گەورە دەکەویتە ژیانی ئەژدەرەوە.

ئەژدەر لە دڵی خۆیدا هاواری کرد: ورا لە کویی، لە کویی؟ ئەوجا بە بیهۆشی چاوانی لیکنا.

لەم کاتەدا ورا زۆر لە شار دوور کەوتبووەوە، کارەکە وای پیویست دەکرد شەو بەڕێ بکەوێ، بۆیە بە دایکی نەگوت، دەترسا ئەو لیی بپرسیت کە بۆ کوێ دەچیت و ئەمیش نەتوانێ وەڵامی بداتەوە و ئەو زویر ببێ، تا بەرە بەیان بە دیار ئەژدەرەوە دانیشت،



بەیانی شەبەقی رومەتی دوست و هاوخەباتەکەی کە چەند رۆژێ بوو بیهۆش کەوتبوو، ماچ کرد، وەک یەکیک تاوانیکی گەورەی کردبێ بە ترسەوە سەیریکی ئەملاوئەولای کرد. سوور بووەوە، کە گەییە ماڵی خۆیان دایکی بیدار کردەوە و بۆلای ئەژدەری نارد. نامەیەکی لەسەر میزەکە دانا، جانتاکەی هەڵگرت و کەوتە رێ، ورا کاریکی گەورەی لە ئەستۆدا بوو.

لەم سەفەرەیا دەبوا لە هەموو کاتێ وریاتر بێ، هەفتەی رابوردوو دوو کەس لە کاتی گواستنەوەی ئەدەبیاتی نهینیدا گیرا بوون. وەعزەکە زۆر خەتەر و ئالۆز بوو. نینا کاری نەدەکرد، دەبوایە ژمارە تازەکانی ئیسکرا بە کریکاران بگات. هینانی رۆژنامە لە ریگای ڤینا– تەوریزەوە بەناو پیاوانی پۆلیس و ئەمندا لیهاتووی و زرینگییەکی تایبەتی دەویست.

چونیاتۆف ئەوی راسپارد بوو کە بەهەر شیوەیەک بووە، گەمارۆی پۆلیس بشکینێ و هیزی تزاری بخەڵەتینێ و رۆژنامەی ئیسکرا بگەیەنیتە باکۆ.

ورا ئەورۆژە تا رۆژئاوا بەگالیسکە رۆیی و لە یەکیک لە ویستگا دوورەکانا سواری شەمەنەفەری تەفلیس بوو، چونکە بلیتی دەرەجە سیی بڕی بوو لە یەکیک لە فارگۆنە پیس و نیمچە تاریکەکانا جیگایان دایێ، لە سووچیکەوە دانیشت، چاوی بۆ شوینێ گیڕا کە سەرخەوێ بشکینێ بەڵام زوو نائومید بوو.

جیگای دەست نەدەکەوت، ورا شوینی بۆ جانتاکەی دەست نەکەوت، ناچار بوو بە پیوە بوەستێ، شوینی دانیشتنی نیو فارگۆنەکە هەر تۆز و خۆڵ بوو، تەقە تەقی شەمەندەفەرەکە سەعاتە رییە دەڕۆیی، ورا جانتاکەی دانا و لەسەری دانیشت، ویڕای تەقە تەقی شەمەندەفەرەکە چاوی چووە خەو. نەیزانی چەندێ رۆیشتوون کە لەپڕ تەکانیکی توند بیداری کردەوە کە چاوی هەڵبڕی سەیری کرد شەمەندەفەرەکە لە یەکیک لە ویستگاکانا ویستا بوو. کزە تیشکێ لە بینای ویستگاکەوە دەهاتە دەرێ. نیگابانەکە چرا بەدەست، لەسەر شوستەی ویستگاکەدا هاتوچۆی دەکرد. تیتی* (تیتی: مفتش) یەکی پیر لەسەر پەیژەی شەمەندەفەرەکەوە بێ وچان هاواری دەکرد: ئەم فارگۆنە پڕە، بچنە ئەوی دی.. جیگا نییە.

خەڵکی بار بەکۆڵ بە پاڕانەوەوە بلیتەکانی خۆیان نیشان دەدا، کە لیرە نائومید دەبوون بەرەو فارگۆنەکەی دی غاریان دەدا. کە شەمەندەفەرەکە هەرەکەتی کرد جموجۆڵیان پیکەوت، ئەوانەی جیگایان دەست نەکەوتبوو خۆیان بە شەمەندەفەرەکەوە هەڵواسی، ئاخری هەندیکیان بە هەر جۆرێ بوو خۆیان خزاندە نیو شەمەندەفەرەکەوە هەموویان لە تەک ورا دا ویستان، کە شەمەندەفەرەکە کەوتە رێ زەڵامیکی تریش خۆی بە شەمەندەفەرەکەیا هەڵواسی. تیتییەکە ویستی ریی نەدا، ئەویش لە حاڵیکداکە دەستیکی بە پەیژەکەوە بوو گوتی: من بلیتی دەرەجە یەکەم بڕیوە، بەڵام چونکە لە ویستگاکە دوا کەوتم، نەمتوانی بگەمە فارگۆنەکەی خۆم.

تیتییەکە بە ریزەوە ریی بۆ کردەوە. ورا ناسییەوە، جەبار بەگی ژن برای موختاربەگی سەرمایەدار بوو.

جەبار بەگ نیمچە مەست بوو. چاکەتی لەبەر نەبوو، بلوزیکی لەبەر کردبوو کە

کاغەزی نوقڵ و شوشەی کۆنیاک لە گیرفانییەوە سەریان دەرهینا بوو، ورا لە سوچیکا کزکولەی کرد. جەبار بەگ هەرکە دیهاتییەکانی بینی نەڕاندی: ئەمە چییە؟

ئەمانە بۆ وەکو مەڕ لیرەدا خڕ بوونەتەوە! یالڵلا بۆ دەرەوە. خیرا بن!

تیتییەکەش گویێ بە گوێی ئەو بە ریبوارەکانی گوت: یالڵلا بۆ دەرێ، وەستان لیرە قەدەغەیە.

دیهاتییەکان لە ترساندا رۆیشتن. جەبار بەگ بە بیدەنگی چاوی بڕییە ورا کە بەتەنێ ما بووەوە، ورا رووی وەرگیڕا، بەگ چاویکی لە تیتییەکە داگرت و لە ورا نزیک بووەوە گوتی:

– تۆ بۆ ناڕۆی کچێ؟ دەستوورەکە تۆ ناگریتەوە؟ حسیب بۆ قسەی مامورەکە ناکەیت؟

ورا سەری هەڵبڕی و بە رەقی وەڵامی دایەوە: جێ نییە.. بلیت دەفرۆشن و جیگای خەڵکی ناکەنەوە. نابینی کە شوینی دانیشتنم نییە؟

جەبار بەگ تۆزێ دانەوییەوە بە چاوانی مەست و ئاوساوەوە سەرنجی دایێ و ئەوجا بە زمانە لووسەکەی: مەرحەبا ڤالتینینا!

ورا کە تۆزێ لەمە پیش خەو چاوی قورس کرد بوو راچلەکی، قەت بە بیریا نەدەهات کە جەبار بەگ بیناسیتەوە، تەنانەت ناوە دەستکردەکەی شەوی شاییەکەشی بیر مابوو، ورا زۆری سەر سوڕما، بەڵام زوو بەسەر خۆیا زاڵ بوو، وەڵامی دایەوە: جەناب تۆ چیت لەمن گەرەکە، نە تۆ و نە ڤالنتینا ناناسم، بڕۆ بەریی خۆتەوە و یەخەم بەردە.

جەبار بەگ تەماشایەکی تیتییەکەی کرد و بە حاڵەتیکی مەستانە پیکەنی، دیسان بە ورای گوت: کیژێ! خۆتم لێ مەگۆڕە. شەوی شاییەکە یەک سەعاتی ریک چاوم لە دوای تۆ بوو، من مشتەری ئەم جۆرە شتانەم.. تۆی مامۆستای زمانی رووسی بەم جلە دیهاتییانەوە کیوە دەچی؟ ئەگەر کارت نییە وەرە دەتبەم بۆ قاراباخ.. لە نیو ئەم تۆز وخۆڵەدا دامەنیشە! هەستە با بڕۆین بۆ فارگۆنی دەرجە یەک..

ورا هەر بۆ ئەوەی رزگاری بێ، یەک سەعات چەنەی لە گەڵیا لیدا، ئەنجام لە ویستگای بولاخدا قسەکانیان تەواو بوو، بەگ لە ویستگایەکی نزیکی بۆلاخ بە پەلە دابەزی تا بۆ فارگۆنەکەی خۆی بڕوات.

ورا تا گەییە جیگای مەبەست چ شتیکی دی نەهاتە رێ. سبەینێ ئەو رۆژە.. دەمە دەمی رۆژئاوا شەکەت و ماندوو لە ویستگایەکی نزیکی تەفلیس دابەزی. دنیا تاریک بوو. باران دەباری. جانتا رەشە بە تاڵەکەی دانا و لە تەکیا ویستا. جلی سادەی دیهاتیانی لە بەر بوو، ملپیچیکی خودی سیواژی لە مل پیچا بوو. وەکو کیژە دیهاتییەکی تەواو بەر بارانەکەدا ئەم بەرو ئەوبەری دەکرد، دیار بوو چاوەڕوانی گەیشتنی گالیسکە بوو، کەس هەر ئاوریشی لێ نەدایەوە. بۆ ئەوەی تووشی جەبار بەگیکی دی نەبێ سەر و رووی خۆی جوان پیچایەوە.

دوای ماوەیەک بارانەکە وەستایەوە و بایەکی ساردی هەڵکرد. ورا لە سەرمانا مل پیچەکەی کردە لەچکی و کەوتە وەنەوز دان. لە بێ خەویدا چاوەکانی دەکزانەوە. ئەژنۆکانی دەیەشان. چ کەسیک لە ویستگاکە نەبوو، کزە تیشکیک لە ژووری



نیگابانی ویستگاکەوە دەهاتە دەرێ. تیشکەکە بە ریڵەکان دەکەوت و تەنیا بریسکانەوەی ریڵەکان لە نیو تاریکییەوە دەبنیرا. چرایەک بە کۆڵەکەی هەیوانی پشت ویستگاکەوە هەڵواسرابوو. بایەکە لیی دەدا و پرتە پرتی پێ دەخست و سیبەری سەیر سەیری دروست دەکرد.

ژیر هەیوانەکە کەمیک پەنا بوو، با نایگرتەوە. ورا جانتاکەی هەڵگرت و چووە ئەوێ. لە پاڵ کۆڵەکەکەدا کەوتە وەنەوزدان. پاش ماوەیەک گالیسکەیەک لەولاوە بەرەو ویستگاکە نزیک دەبووەوە، کابرای گالیسکەچی داردەستەکەی خستە نیو گالیسکەکە. سەرورووی تەکاند و چاویکی بەو ناوەدا گیڕا. دەتگوت بۆ یەکیک دەگەڕێ، کە ورای بینی بە پەلە لیی هاتە پیشەوە. – ئیڤان فیودوروفچ منی ناردووە، تۆ خوارزای ئەوی؟

ورا هەستایە سەرپێ: منم، ئەم عەرەبانەیە بە شوین منا هاتووە؟

– یەکەم عەرەبانەکە خۆی نەهاتووە، من هیناومە. دووەم نازانم بە شوین تۆیا هاتووە یان بە دووی یەکیکی دیدا، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە ئیڤان فیودوروفچ بۆ خوارزاکەیی ناردووە.

– ئەوە منم.

– ئیستاکە زانیمان «ئەوە تۆیت» ئەدی نیوت چییە؟

– خاڵم هەمیشە بە «بچکۆل» گازی دەکردم.

– مادام «بچکۆلی» پیلاوت بەسەر چاوان، فەرموو با بڕۆین.

عەرەبانچییەکە کابرایەکی روسی میانە باڵای ئیسک سووک بوو. بە گورجی جانتاکەی ورای هەڵگرت. سەری لە سووکی جانتاکە سوورما، گوتی: کیژم! ئەوە تۆ جانتای خاڵی بۆ خاڵت دەبەی؟

ورا بە خەمبارییەوە وەڵامی دایەوە: چیم هەیە تا بۆی بەرم هاپۆ، هەرچیمان هەبوو فرۆشتمان و خواردمان.

عەرەبانچییەکە چ قسەیەکی دی نەکرد. سوار بوو، ورا لە نیو عەرەبانەکەدا لە سەر پۆشەکان دانیشت.

– بکەونە رێ بەڵام بتان بینم پاڵەوانان..

پاش ئەوەی سەری گایەکانی بەرەو گوندەکە وەرگیڕا. کەمیک گەڕایە دواوە: عەرەبانە نییە، شەمەندەفەریکە بۆ خۆی.. دوو سەعاتی دی نابا کە دەتگەیەنمە کن خاڵت..

کە بینی ورا بیدەنگە.. چ قسەیەکی نەکرد.

ورا هەر کە لە سەر پوشی نیو عەرەبانەکەدا راکشا، کەوتە وەنەوز دان. ویڕای جیڕە جیڕی عەرەبانەکەش هەر زوو خەوی لیکەوت.

ورا نەیزانی چەندیان پیچوو، کاتێ لە حەپەی سەگ بیدار بووەوە بینی عەرەبانەکە لە نیو کۆمەڵە درەختیک دا ویستاوە. دوو سەگ بە تووڕەیی زنجیرەکانی ملیان رادەپسکاند و دەوەڕین. لەو بەرەوە تارمایی خانوویەک دیار بوو، رووناکی پەنجەرەی ماڵەکان دیار بوو، عەرەبانچییەکە هەستایە سەر پێ و گازی کرد: ئیڤان فیودوروفچ!

وەرە دەرێ دیاریم بۆ هیناوی.
یەکیک لە ماڵیکەوە هاتە دەرێ و جانتاکەی ورای هەڵگرت.
– وەرە «بچکۆل»

ورا دوای کەوت تا چوونە ژووریکی پەرپوتەوە، بۆ یەکەمجار لەبەر رۆشنایی چرای ناوەندی هۆدەکەدا روخساری «خاڵی» بینی. ئیڤان پیاویکی باڵابەرزی لاواز بوو. تەمەنی لە پەنجا پتر بوو، «خاڵی» بە وردی سەیری دەکرد، پاش ئەوەی تیر لە باڵای «بچکولی» هەلڕوانی بە زەردەخەنەوە گوتی: کیژم.. بەراستی بچکولەی کە لەم تەمەنەدا خەریکی ئەم کارانەی دیارە زۆر ژیری. دانیشە بزانم زۆر ماندووی.

ورا دانیشت. ئیڤان ورای بە ژنەکەی و هەر شەش کچەکەی کە لە ژووریکی دی دابوون ناساند. کیژەکان و دایکیان هیندە بە گەرمی پیشوازیان کرد کە ئیدی ورا بیگانەیی خۆی بیر چووەوە. نە کیژەکان و نە دایکیان هیچیان لییان نەپرسی کە کییەو بۆچی بۆ ئیرە هاتووە؟ دیار بوو ئەم خیزانە لەگەڵ میوانانی وەکو ئەودا راهاتبوون.

ورا وایدەزانی کە سبەینێ دەگەڕیتەوە. بەڵام وا نەبوو، ئیڤان هەموو بەیانییەکی زوو هەڵدەستاو دەچووە دەرێ. دوای دوو سەعاتان دەگەڕایەوە و دەیگوت دەبێ چاوەڕوان بکا.

ئەم گوندە کەوتبووە داوینی چیایەکی زۆر جوانەوە. ورا لەگەڵ هەموو ئەندامانی خیزانەکەدا وەکو خوشکی لیهاتبوو، یارمەتی گەورەکانی دەدا و گەمەی لەگەڵ بچووکەکانا دەکرد. بەو دەشتە سەوز و جوانانە دا دەگەڕا. بەڵام ئارامی نەبوو، دڵی هەر لە لای ئەژدەر و دایکی بوو.

دوای هەفتەیەک ورا لە ئیڤانی پرسی کە ئاخۆ کارەکە زوو تەواو دەبێ یان نا؟ چونکە لە باکۆ کاری هەیە، ئیڤان دەرگاکەی داخست و بە ئەسپایی گوتی: کیژم من لە تۆ پەلەترمە. بەڵام جارێ وەختی نییە. تۆ ئاگات لە باتوم و تەفلیس نییە. حاڵی حازر لەو شارانەدا مانگرتن و خۆپیشاندانی گەورە هەیە، لەبەر ئەمە پۆلیس و حکومەتی تزار بوونە بە سەگی هار و کەوتونەتە گیانی خەڵکی، بۆیە برادەرانی ئیمە سڵ دەکەنەوە. نایانەوێ ئەدەبیاتە نهینیەکان کەشف بیت. کیژم سەبر بکە. بۆ پەلە دەکەی؟ وەکو دەڵێن باکۆ بۆ ئاهی سویند درەختیکی تیدا نییە. بەڵام سەیر کە ئیرە چەندە سەوزە. خۆ ئەگەر بۆ خەم و خەفەت دەڵیی چ جیاوازییەک نییە. لیرەش هەیە، پەلە مەکە.. ورا بە دەم چاوەڕوانییەوە مایەوە. رۆژ تا ئیوارە دەگەڕا، بۆ هەر لایەک دەچوو ئەژدەری هەر لە بیر بوو. ئەگەر لیرەبا، لەم هەوا خۆش و سازگارەدا چەند زوو چاک دەبووەوە..

ورا بە دەم ئەم چەشنە بیرانەوە چاوەڕیی دەکرد.



## 27

کاتێ جەبار بەگ لە ویستگای یولاخ دابەزی دنیا بەرەو رووناک بوون دەچوو، تاریکی بەرە بەرە هەڵدەهات و ئاسۆ کەم کەم سوور دەبوو، شەونم زەوی و پەلکی درەختانی تەڕ کردبوو. دەتگوت بەیانی زوو نمە بارانیک باریوە. گزیری قارا قوینلو پیشوازی لە بەگ کرد. هەر کە بەگ دابەزی کاکی گزیر خیرا بەرەو پیری چوو، و جانتاکانی بۆ هەڵگرت.

جەبار بەگ کە بە دریژایی ریگا کونیاکی خواردبووەوە بە چاوانی سوور هەڵگەڕاو و ئاوساوەوە سەیریکی گزیری کرد و گوتی: ها گزیر، تۆ چ دەکەی لیرە؟ چۆن زانیت ئەورۆ دیمەوە؟

– ئاغا، یەک هەفتەیە لیرەدا چاوەڕیی تۆم، لە خانمەکانم پرسی گوتیان لەم رۆژانەدا دیتەوە. منیش ئەمە یەک هەفتەیە لیرە لەماڵی عەلی ئەشرەفم. هەموو رۆژێ بۆ ویستگا دەهاتم.

خۆیان بە هۆڵی ویستگاکەدا کرد: هۆڵەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، مەردم مەڕ ئاسا بە پاڵ یەکەوە نووستبوون. ساختمانی ویستگاکە تۆزاوی و پیس بوو. میشولە حەشری دەکرد. لەسەر کراس و گۆریەشەوە بە خەڵکیانەوە دەدا. جەبار بەگ بەو دارەی کە گزیردابۆیێ دەیتاراندن. بەڵام هیشتا دەرەقەتیان نەدەهات. ئەوانەی کە خەوتبوون هەر میشیش میوانیان نەبوو، دەتگوت مردوون. لەو دەمەدا کە گزیر لە ژیر قورسایی جانتاکانا بەلادا دەهات. جەبار بەگ پیی گوت: خیراکە، خیرا میشولە بە پەندیان بردم. گالیسکەکەت لە کوێ راگرتووە؟

– قوربان لە بەردەم ویستگاکە دایە.

گزیر لە کۆنە نۆکەرەکانی جەبار بەگ بوو. هەرچەندە لەئاکامی خزمەتگوزاری زۆرەوە بە پلەو پایەی گزیری قاراقوینلو گەیی بوو، بەڵام هەمیشە وەکو نۆکەریک لەگەڵ ئاغای دا رەفتاری دەکرد. بۆیە هەرگیز ئاغا لیی نەغەزری بوو، چونکە شارەزای رەوشت و عادەتی ئەو بوو دەیتوانی هەموو کارەکان لە جیی خۆیا ئەنجام بدات.

دەمێ بوو بەفر توابووەوە، زیاد لە پانزە رۆژ بوو، بارانیش نەدەباری، قوڕ و چلپاوی بەر ویستگاکە تا ئەژنۆ دەهات تەنیا لە هاویندا وشک دەبوو، ئەوساش بایەکە دەیکرد بە گەردەلوول وتەپ و تۆز و پەخشی ئەو ناوەی دەکرد، لە ساڵیکدا نۆ مانگان قوڕە لیتە بوو، ئەو زەلکاوانەی کە لە ئەنجامی لافاوی «کر» ەوە دروست دەبوون، ملیۆنان میشولەی هەڵدەهینا. بەتایبەتی لە بەهار و پایزانا بەیانی زوو، کاتێ هەتاو کەوتن و شەوان تەنورەی میشولە هیند زۆر بوو وەکو هەور بەری ئاسمانی «یولاخی» دەگرت.

جەبار بەگ هەر کە لە ویستگاکە دەرچوو، بێ گویدان بە قوڕاوی بوونی پانتۆڵەکەی خۆی هەڵدایە نیو گالیسکەکەوە.

– گزیر خیراکە جانتاکان بینە با لەم دۆزەخە دەرچین. ئەگینا میشولە کەوڵمان دەکەن کابرای عەرەبانچی کە ئەویش لە نۆکەرانی بەگ بوو هەر کە بەگی بینی لە سەر کورسییەکە هەستاو کرنۆشی برد، خیرا لە عەرەبانەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێ و چووە

کۆمەگی گزیر. جانتاکانیان لەپشت عەرەبانەکەوە قایم کرد و ئەوجا هەردووکیان لەسەر کورسی عەرەبانچییەکە دانیشتن.

جەبار بەگ ئەمری کرد: یالّلا زوو کەن بکەونە رێ، میشولە چاوی پیاو دەردینێ. عەرەبانەکە بە دەم قوڕ و چلّپاو هەلّدانەوە کەوتەرێ. جەباربەگ دەستی بەرووییەوە گرتبوو تا قوڕو چلپاوی بەر نەکەوێ.

یولاخ یان جیهشت و چوونەسەر جادەی «بردعە» تیشکی هەتاو ئەو دەشتەی پڕ کردبوو، کزەبایەکی فینک لە چیاکەوە دەهات، ئیدی میشولە نەمان. جەبار بەگ لە نەرمترین بەشی عەرەبانەکەدا راکشا و کەوتە بیرکردنەوە و وەنەوزدان. هەرچەند نیازی وابوو هەفتەیەک لەباکۆ وەمینێ بەلّام سەفەرەکەی ۱۵ رۆژی خایاند بوو. ۱۵ رۆژ چییە، دەیتوانی ۱۵ مانگان لەباکۆدا وەمینێ. داوەت، شایی، خوارنگا، کاباریە، کێ حەز لەمانە ناکات؟ بەلّام رووداوەکانی گوند دەرفەتی کەیف کردن و رابواردنی نەدەدا. تەنیا بۆ تەگبیر کردنی هەندێ پارەو پول بۆ باکۆ چوو بوو، تا ناقرگەی لە قەرزا بوو. لە ماوەی سێ سالّا دوو دیی بە بارزگانەکان هەراج کردبوو، تەنیا ۱۳ گوندی بۆ ماوەتەوە لە دلّی خۆیدا دەیگوت: چونکە سیانزدەیە بیگومان یەکیکی تریش لە دەست دەدەم. پشتی بە زاواکەیان قایم بوو، بەلّام شتیکی وای لەویش هەلّنەکراندبوو، تەنیا ۵ هەزار مناتی لێ وەرگرت. حالبوکی ۲۰ هەزار مناتی عەولّای بەزاز قەرزار بوو، ئەم هەموو قەرزەکەی وا کەلەکە بوون؟ بۆ لە نکاودا بێ پارەیی یەخەی گرت؟ خۆشی نەیدەزانی، هەرچەند لای موختار بەگ گوتبووی کە زەوی وزاری تازەی کڕیوە وپارەی پیویستە بەلّام درۆی کردبوو. ئەمە تەنیا هەنجەت بوو بۆ نەرمکردنی میردی خوشکەکەی تا هەندێ پارەی لێ وەرگرێ. راستییەکەی مەسەلەکە تەواو پیچەوانە بوو، لەبری زەوی و زاری تازە، بەرە بەرە ئەوانی تریشی لە دەست چوو.

جەبار بەگ لە «شوشا» دا دەژیا، کۆشکیکی گەورەی لە جوانترین شوینی شارا هەبوو، دوای دووسالّ ژنی بەسەر ژنە کۆنەکەیا کە ئیستا دایکی شەش مندالّە هینا بوو. چونکە ژنەکانی زوو زوو بە شەڕ دەهاتن ناچار بوو دوو مالّی جیایان بۆ بکات. سەرپەرشتی و بەخیوکردنی دوو مالّ لە شاریکا کاریکی قورسە، مەسرەفی رۆژانە، کەم بوونەوەی بەرە بەرەی دەرامەت، وشکە سالّ و نەهاتە سالّ. ئاژاوەی گوندەکان، ئەمانە هەموو وایان لە جەبار بەگ کرد کە پەنا بۆ عەولّای بەزاز یان عەبدولحوسینی «سوخور» بەرێ.

لەم دواییەدا ئیسراحەتی نەبوو، بەردەوام هەوالّی بۆ دەهات کە فلان گوند گرفتاری قات و قڕییە، لە فلان گوندا کوللە بەسەر دەغلّ و دانیا داوە. لە فیسارجێ نارەزایی توند بووە، هیرشی کوللە هەمیشە دەبووە مایەی نارەزایی دیهاتیان. بۆیە جەبار بەگ ناچار بوو مامور و پۆلیسیان بە دیارەوە دابنێ. هەلّبەتە ئەم کارەش پارەی کاشی دەویست. لە لایەکی تریشەوە مەسرەفی زۆر بوو، هەندێ جار سەد و دوو سەد و پینج سەد مناتی لە سەر قومار دادەنا. لەم دواییەدا شانس و ئیقبال پشتی تیکرد بوو، راوو شکار یەک دنیا مەسرەفی دەویست، ئەسپ و گالیسکە، نۆکەر و کارەکەر ئەوا هەر مەپرسە.



هەنووکە تەنیا ۳ هەزار مناتی لەگەلّ خۆیدا هینا بوو، دوو هەزاری لەو پینج هەزارەی کە لە موختاربەگی وەرگرتبوو لە باکۆدا خەرج کرد. باش بوو زوو بلیتی بڕی و گەڕایەوە، ئەگینا دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەردەچوو، لە باکۆدا پارە بەرگەی نەدەگرت. جەبار بەگ جاران ریک بە پیچەوانەی ئیستاوە بیری دەکردەوە. وای دەزانی لە باکۆدا پارە دەبارێ. وای دەزانی موختاربەگ حسیبی پارەی خۆی نازانێ. حەوزەکانی بە شەمپانیا پڕ کردووە و مەلەیان تیدا دەکات. دەرگا و پەنجەرەکانی زیڕی خالیسەن.

ئەو دیمەنەی کە جەبار بەگ بینی ریک بە پیچەوانەی بۆچوونەکانییەوە بوو، شار لە گوند خراپترە! کەسانی نادیار ئاژاوە دەگیڕن. خەلّکانی عەوام فیرە زمان دریژی دەکەن، ئەو کریکارانەی جاران رووحیان بەسەر پارووە نانیکەوە دەردەچوو، ئیستا دەم لە ئازادی و ماف دەکوتن. ئەو شەوە، شەوی شایی خوشکە زاکەی، سەری لەهیزی کریکارانی رووتە سوڕ مابوو، هەرچەندە شایی جگەرگۆشە بۆ باوک خۆشە بەلّام موختاربەگ ئەو شەوە نەیتوانی بوو تا درەنگانێ بگەڕیتەوە بۆ مالّێ. دەیگوت لە ترسی خۆپیشاندانی کریکاران نەیتوانیوە. تەواوی شەو بێ کەیف و نیگەران بوو. لە کۆتایی شەویشا هەوالّی گرگرتنی کانەکە هەموو شتیکی لەبیر بردەوە. میوانەکان، بووکێ و ئاهەنگەکەی بەجیهیشت و بە هەلەداوان بەرەو کانەکان غاری دا، ئاگرەکە سێ رۆژی تەواو بەردەوام بوو. بە گوتەی خوشکەکەی «کەس نەیدەویرا قسە لەگەلّ موختاربەگ بکات، وەکو فیشەکە شیتە بە ئاسمانا دەچوو» سەدان هەزار منات زیانی لیکەوتبوو، لەگەلّ ئەمەشا نەدەکرا تاقە کریکاریک بگیرێ.

ئەو قسانەی کە هەمان شەو لە پشت دەرگای داخراوەوە لە نیوان سەرهەنگ پاروشین و میردی خوشکەکەی دا کرابوون بۆ رۆژی دوایی وشە بە وشەی لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشگیری کریکارانەوە لە بلّاوکراوەی بچووکدا پەخش کرابووەوە، باشە کێ ئەم قسانەی بە شۆڕشگیڕەکان گەیاند بوو؟ ئەم کاغەزانە لە کوێ چاپ دەکرێ؟ لەشارا وا قاو بوو کە هەموو ئەم کارانە لە ژیر سەری نینا و باوکی دایە، ئەوانە کێن؟ چ گۆیچکەیەکی ئەفسون ئامیزیان هەیە ک قسەی ناو مالّ و پشت دیواران دەبیەن؟

گوند چەند باشە، هەرچەندە لە گوندیشا ئاژاوە هەیە بەلّام بەلای کەمەوە بلّاوکراوەی ئاژاوەگیڕانەی وەکو هی شار نییە، جەبار بەگ ماوەیەکی زۆر بەم بیرانەوە سەر گەرم بوو، پاشان کەوتە وەنەوزدان. گالیسکەکە وەکو لانکە رای دەژاند. خەوی لیکەوت، دوای ماوەیەک گویی بەدەنگی «ئاغا، ئاغا» زرینگایەوە و چاوی هەلّینا عەرەبانەکە لە کەنار جادەیەک ویستا بوو، جەبار بەگ بە پەلە هەستا چاویکی بەو ناوەدا گیڕا. کە دوو پۆلیسی سوارە و گزیر و زەلامیکی دی بینی بەسەرسامی پرسی: ها چی بووە؟ کێ گازی کردم؟

ئەو پیاوەی کە لەگەلّ گزیرا دەدوا بە ترسەوە لە جەبار بەگ نزیک بووەوە، بەگ بە سەرسامی پرسی: کابرا تۆ لە نۆکەرانی قارە قوینلونیت؟ چ دەکەی لیرە؟ ئەم پۆلیسانە چ دەلّین؟

نۆکەرەکە چەند جاریک کرنۆشی برد و بە زەردەخەنەیەکی ساختەوە گوتی: بەگ

چاکت ناسیمەوە، من خەڵکی قەرە قوینلوم، ببوورە کە خەبەرم کردیتەوە.

جەباربەگ نەڕاندی: باشە چەنەبازی مەکە.

ئەوجا رووی کردە پۆلیسەکان و گوتی: ئەوە چییە، بینە پیشەوە بزانم!

پۆلیسەکان ئەسپەکانیان رانییە پیشەوە، نۆکەرەکە دەست لەسەرسنگ ویستا بوو، سەری وەکو بەندۆڵی سەعات لە جولانا بوو.

– بەگ، من خۆم ئەمانەم هینان، وەعزی دێ پەشیوە، شیرازەی هەموو شتەکان لیکپچراوە، قوربان خۆت دەزانی کە خەڵکی قەرە قوینلو هەر لە هەوەڵەوە گویرایەڵ و ملکەچ نەبوون، منیشیان دەستخەرۆ کرد، ئەوەندەیان بەگویدا خویندم کە خاکی ئیرە چاکە و تۆزێ بکرە.. منیش بە قسەم کردن.

جەباربەگ بە تورەیی لە عەرەبانەکە دابەزی. نۆکەرەکە دەمودەست دەمی داخست و پاشەوپاش کشایەوە.

پۆلیسەکان سەری ئەسپەکانیان وەرگیراو ئامادە ویستان.

جەباربەگ پیی گوتن: ئەم قەرەقوینلویانە هەروا چەنەبازن، ئیوە بڵێن بزانم چی بووە؟

یەکیک لە پۆلیسەکان تفەنگەکەی ئەم شان و ئەو شان کرد، سەری ئەسپەکەی وەرگیرا و گوتی: بەگ وەعزی ئیرە زۆر خراپە، هەموو دیهاتییەکان قسەیان کردۆتە یەک و سەرانە و باج نادەن. گزیر چوو بوو بۆ یولاخ بە دوای ئیوەدا، براکەی ویستی خەڵکەکە بینیتەوە سەر رێ کەچی دارکارییەکی چاکیان کرد. عەمارەکەی تۆشیان تاڵان کرد.

بەگ ئەبلەق بوو، بەسەر کابرای نۆکەریا نەڕاند: عەماری منیان تاڵان کردووە؟ دیسان بە دەم سەرەلەقیوە کرنۆشی برد و وەڵامی دایەوە: بە گیانی خۆم، خەڵکی دیهاتەکانی ئارانم، نازانم چ شەیتانیک لە خشتەی بردم کە..

– هەتیوچە! عەمارەکەی منیان تاڵان کردووە یان نا؟ لەبری سەرلەقان تۆزێ زمان بکەوە! هەی زمانت بە برین چێ..

نۆکەرەکە بە هەزار زەحمەت توانی بڵێ: بەڵێ بەگ.. تاڵانیان کرد، دوینێ تاڵانیان کرد، هەموو بنەتۆوەکەیان برد.

جەباربەگ خۆی هەڵدایە نیو عەرەبانەکەوە نەڕاندی: خیراکەن بۆ قەرەقوینلو برۆین، بەمەخفەرەکەدا برۆ با باش چاوەشیش لەگەڵ خۆدا بەرین.

کە عەرەبانەکە هەرەکەتی کرد، ئاورێکی داوە و بە پۆلیسەکانی گوت: بە دوای منا وەرن...

نۆکەرەکە کە هیشتا دەستە و نەزەر ویستا بوو، هەرکە ئەسپەکان جولان بە پەشۆکاوییەوە هاواری کرد: ئاهای بەگ، بەگ، ئاخر من بەجیمام.

دەنگی لە نیو تەقەتەقی عەرەبانەکەدا توایەوە ناچا بوو تا قەرەقوینلو بە پییان بیکوتێ.

قەرەقوینلو گوندیکی داوینی زنجیرە چیاکانی قەفقازی بچووک بوو، لە رووی بەرو بومەوە گەورەترین گوندی ئەو ناوچەیە بوو، بەراستی خاکی ئەم گوندە بە پیت و



بەرەکەت بوو، بەڵام بەداخەوە کەم ئاو بوو، کەمی ئاو دەبووە مایەی ئەوەی بەروبوم و حاسڵاتی گران بەهای وەک پەمووی لێ نەبێ، بۆیە زۆربەی کات جەباربەگ قەناعەتی بە حاسڵاتی دیمی دەکرد، دیارە هەموو ئەم حاسڵاتانەش بەدەست نەدەهات. چونکە دیهاتیەکان میوانی گەلیک نامەرد و بێ ویژدانیان هەبوو، دیهاتییەکانیان رووت دەکردەوە. بەڵام ئەم «میوانانە» چ کەسانیک بوون؟

سەرەڕای ئەو سەرانە و باجانەی کە بە مامورانی تزار دەدرا، دەبوایە باج وسەرانە بە بەگیش بدرێ، هەقی موڵکانە نەک تەنیا لەسەربەروبوومی هەڵگیراو وەردەگیرا، بەڵکو لەسەر ئەو بەروبومانەش وەردەگیرا کە هیشتا نەبووە، یانی خەڵکی قەرەقوینلو بۆ هەر «١٠٠» هکتار زەوی مولکانەیەکی دیاریکراوی لێ دەسەندرا، جا ئەگەر زەوییەکەی ئەوبەروبوومەی بووبێ یان نا گرنگ نییە، دیهاتی دەبوایە بێ چەند و چوون بیدایە، ئیدی دیهاتی با هەر لە ورگی خۆیان دابا کێ گوێمان لیدەگرێ، بۆیە زۆربەی کات لەسەر «٢٠» تەغار بەرووبووم «٢٥» تەغار وەردەگیرا.

هیشتا لە شەڕی بەگ رزگار نەدەبوون، لەپڕ مەلا و سەید قوت دەبوونەوە، ئەوانەت بەری نەدەکرد، بازرگان بە خۆی و دەفتەری قەرەزە دەهاتە کۆڵت، لە کۆتاییی هەمووان مامورانی تزار جۆریان دەدان. لە فەرماندارەوە بیگرە تا پاسەوانی ئاسایی هەموو هەر چاویان لە کیسە و باخەڵی بەتاڵی جوتیار بوو.

دیهاتی پاش ئەوەی ئەم میوانانەی رایی دەکرد دەکەوتە سەر ساجی عەلی.. تورەکەی سواڵی دەکردە مل و بەر دەرگای هەمان ئاغایانی دەگرت. بەڵام ژیان هەمیشە بەم ئاساییە نەدەڕۆیی، زۆر جار بەروبووم و حاسڵات گرفتاری کوللە و تەرزە دەبوو. وشکە ساڵ دەی سووتاند و لافاو دەیبرد. جەنگی راستەقینە ئەوکاتانە دەستی پیدەکرد دیهاتی بەدەستی بەتاڵ دەگەڕانەوە، بەڵام میوانەکان نیازیان نەبوو بە دەستی بەتاڵ بگەڕینەوە، شەڕو فەرتەنە دەستی پیدەکرد، یەکیک لە ژیر ئەشکەنجەدا دەمرد، یەکیک بۆ سیبریا نەفی دەکرا و یەکیک دەیدایە شاخ، بە کورتی ژیان وەکو دەستار دیهاتی دەهاڕی.

ساڵی رابوردوو قەرەقوینلو لە بارودۆخیکی وادابوو، پارەکە لەبەر بێ بارانی دەغڵ و دان نەبوو، تەنانەت تورەکەیەک بۆ تۆویش نەما بوو. خەڵکی قەرەقوینلو کەوتبوونە شار و گوندەکانی قراباغ و چنگ چنگ گەنمیان بۆ تۆ و سواڵ دەکرد، بەڵام «میوانەکان» ئەو گەنمی سواڵییەشیان پیرەوا نەبینین و هەموویان لێ ئەستاندن.

زەوی و زاری قەرەقوینلو بە تەنیا هی جەبار بەگ نەبوو، هی مولکدارانی دیکەش بوو، جگە لە بەگ ویەک– دوو گزیر نەبێ کەسی دی تۆوی نەکرد، جووتیارەکان لە برسانا ئاوارە و پەراکەندە بوو بوون، خانەکان، بەگەکان و بازرگانەکان خەڵکی قەرەقوینلویان سەرزەنشت دەکرد کە گوایە زۆر بڵێ، سواڵکەر و بێ حەیا واتە رەقن، راستیەکەشی وابوو، قەرەقوینلو زۆریان قسان دەکرد، چونکە دیهاتی نەخویندەوار چونی دەتوانی ئەو هەموو خەم و خەفەتە بە دوو وشان دەربڕێ؟ سواڵکەریش ئەنجامیکی مەنتیقی ژیانی پڕ لە کویرەوەریان بوو، هەرچەندە خەڵکانیکی زەحمەتکیش و ئیشکەر بوون بەڵام هەمیشە هەر برسی بوون، باشە جگە لە سواڵ و

گەدایی چ کاریکیان لە دەست دەهات؟ قسە رەقی و بە حەیایش ژیانی نا هەموار و کلۆڵی فیری کردبوون.

بەهار رۆیی، وەعزی جوتیارانی قەرەقوینلو گەلیک خراپ بوو. گاجووت هەر باسی مەکە. بە خۆیان لەبری گاجووت هەو جارەکانیان رادەکیشا و زەویان دەکیلا بەڵام تۆویان نەبوو کە دای چینن، تۆوی چی! گژو گیای دەشتەکانیان دەخوارد.

*　*　*

حەمەعەلی دوای دەرباز بوون لە دەست پۆلیس و پاش دیتنی ئەژدەر یەک چرکە لە باکۆدا بەند نەبوو، یەکراست بۆ ئیرە، بۆ قەرەقوینلو، بۆ لای حەمە جەعفەری برای هات.

حەمە جەعفەر پینج ساڵ لە حەمە عەلی گەورەتر بوو، پیاویکی تۆکمەی باڵابەرزی پیاوانە بوو، سەرەرای سپی بوونی سەری و گوزەراندنی تەمەنیکی پڕ لە رەنج و بەخیوکردنی خیزانیکی گەورە هیشتا هەر بە هیز و گورج و گۆڵ بوو. لەو دیهاتیانە بوو کە دەست و پێ قلیشاو لە ئەنجامی کۆڵەدار هینان لە شاخانەوە و هەو جاڕ راکیشان شانەکانی بریندار بوو بوون. مانگ بە مانگ حەسرەتی بۆ ژەمە خواردنیکی گەرم دەکیشا.

حەمە جەعفەر سەرباری ئەم ژیانە دۆزەخە، سەرباری ئەم هەموو ئازارە، نارەحەتی و ستەم و برسیتییە بەهەوڵی پیاوانەی خۆی نووسین و خویندن فیر بوو بوو، پیاویکی زرنگ و هۆشیار بوو، یەک کەرەت گویی لە شتێ بایە ئیدی هەرگیز لەبیری نەدەچۆوە.

چونکە پیاویکی ئابرومەند و فیداکار بوو نەک هەر لە قەرەقوینلودا بەڵکو لەگشت دیهاتەکانی ئەم ناوچەیەدا ریز و حورمەتیکی تایبەتی هەبوو، حەمە عەلی ریزیکی زۆری لە کاکی دەگرت، چونکە بابیان زوو مرد بوو هەموو ئەندامانی خیزانەکەیان حەمە جەعفەریان لە جیی باوک دادەنا.

حەمە جەعفەر و حەمەعەلی چەند رۆژێ بوو کە بەیانیان زوو لەخەو رادەبوون و بۆ دارهینان دەچوونە کیوی. داربڕین و هینانەوەی کاریکی سەخت بوو، بەڵام ئەوان کۆڵیان نەدا، دەیانویست یەک- دوو عەرەبانە دار و چیلکە کۆ بکەنەوە و بیفرۆشن تا حەمەعەلی بە پارەکەی بۆ باکۆ بگەڕیتەوە.

ئەنجام رۆژیک بەیانی زوو عەرەبانەکەی گزیریان بە کرێ گرت و بۆ دارفرۆشتن بۆ گوندەکانی دەوروبەری قەرەقوینلو رۆیشتن. چونکە هیچیان سەریان لەمامەڵە و سەودا دەرنەدەچوو، عەرەبانە دارەکەیان هەزران فرۆش کرد و گەڕانەوە.

هیچیان قسەیان ناکرد، چونکە هەموو قسەیەکیان کردبوو، لەو ساوە کە حەمەعەلی لە شار هاتبووەوە هەموو قسەیەکیان کردبوو، دڵی خۆیان خاڵی کردبوو، عەرەبانەکە جیرە جیری دەکرد. گایە قەڵەوو و تەمەڵەکانی گزیر هیدی هیدی دەجولان. مەسافەیەکی زۆریان بڕی، گوندی قەرەقوینلو و خانوەکانیان کە پتر لە هیلانە پەپو دەچوون، لێ دەرکەوت.

حەمە عەلی گوتی: باشە تۆ بە چاکی دەزانی کە ئەورۆ بڕۆم؟

حەمە جەعفەر کە دەتگوت لە خەویکی قوڵ راپەڕیوە گوتی:



– بەڵێ، ئەورۆ، ئەورۆ.. تازووتر بڕۆی باشترە... زوو دەگەڕییتەوە..

– دڵنیابە بەچوون و هاتنەوە لە مانگێ پترم پێ ناچێ..

حەمەعەلی لە ژیر برۆکانییەوە کە وردە وردە بەرەو سپی بوون دەچوون تەماشایەکی حەمەعەلی کرد: نە من نە تۆ.. هیچکەس نازانێ هەفتەیەکت پێ دەچێ یان مانگێ.

جیرە جیری عەرەبانەکە دەرفەتی نەدا دریژە بە قسەکانی بدات.

حەمە جەعفەر دەستی بە گالیسکەکەوە گرت و خۆی هەڵدایە خوارەوە. ئیشارەتی بۆ براکەی کرد کە ئەویش دابەزێ. حەمە عەلی دابەزی. حەمە جەعفەر لە کاتیکا کە هیواش هیواش بە دوای عەرەبانەکەدا دەرۆیی، دریژەی بە قسەکەیدا: پەلە مەکە.. تۆ کە لە باکۆ رات کرد و بۆ ئیرە هاتییەوە وات دەزانی لیرە رۆن رژاوە و هەر ئەوەندەت لەسەری کۆی بکەیتەوە بەڵام ئیستا کە بە چاوی خۆت حاڵی ئیمەت بینی، حاڵی بوویت کە لە چ حاڵیک داین؟ کە دیهاتی گیانی گەییە کونە لووتی ئەوسا ناچارە یا بەگ تاڵان بکات یان ماموران بکوژێ.. بەڵام کریکار لە ئیمە هوشیارتر و زرنگترن. تۆ دەتگوت کە.. ناوی ئەو گەنجە چی بوو؟

حەمەعەلی کە بینی براکەی دیسان گلەیی لیدەکات، لە ژیر لیوەوە گوتی: ئەژدەر..

– بەڵێ ئەژدەر، دەتگوت کە کارەکەی تۆی، کە لە حیسابدارەکەت دابوو، بە دڵ نەبووە دەبینی؟ ئەو کوڕە هەرچەندە بە تەمەن لە تۆ بچووکترە، بەڵام هەستی گەلیک لە تۆ زیاترە. تۆ لە گەڵ ئەوەدا کە کریکاری بەڵام دیسان وەکو دیهاتییەک رەفتارت کردووە و بە هیزی خۆتەوە نازیویت، بۆیە گرتوویانیت و خستوویانیتە زیندانەوە. ئەگەر خۆت فیرارت نەکردبا چ کەسیک فریات نەدەکەوت، چونکە ئەو یارۆیە، حەمەجەعفەر تۆزێ بیدەنگ بوو، ئەوجا لەسەری رۆیی، لە باکۆ بەو سوپاییانە چ دەڵین؟

– پۆلیس.. ئەمن، نازانم کامیانت مەبەستە بێ شەرەفانە ئەوەندە زۆرن ئیژی رەوە سەگن.

– ئا.. ئا.. من ئەو ئەمنانەم مەبەستە، دەڵین ئەمن هەر کەسێ لە یەکیک بدات و بیگرن بە پیی یاسا رەفتاری لەگەڵ دەکەن.. بەڵام ئەگەر تۆیان لەسەر ئەوە بگرتایە کە قسەی راستت کردووە مەسەلەکە جۆریکی دی دەبوو. برادەرانی کریکار یارمەتیان دەدایت، ئەوان وەکو جوتیار نین.. کریکار یەک دەنگ ویەکگرتوون.. لە ماوەی یەک چرکەدا ناچاریان دەکردن کە ئازادت بکەن.. حاڵی عەرزم بوویت؟

کەمێ دەنگی نزم کردو.. : من لەسەردەمی هەرزەکاریا لە دەستی زوڵم و زۆری بەگ هەڵاتم و لە گوندیکی نزیکی تەفلیسدا رەنجبەریم دەکرد، باوکم تازە مردبوو، دایکم لە «شوشا» دا کارەکەری دەکرد. تۆش لای ئەو بوویت، لەو گوندەدا تووشی سەربازیکی رووس بووم کە لە رووسیا نەفی کرابوو، چونکە لە کۆبوونەوەیەکی کریکارانا بەشداری کردبوو، قسانی بۆ کردبوون، پەح کە پیاویکی زانا بوو! بە دریژایی رۆژ کتیبی دەخویندەوە.

زۆری حەز دەکرد قسانم لەگەڵ بکات، لە هەوەڵەوە بە ئیشارەت قسەی دەکرد و ئەوجا وردە وردە زمانی ئیمە فیر بوو، ئەو دەیگوت: هیزی کریکار گەلیک مەزنە.

دەیگوت وەک چۆن برا بچووک لە دوای براگەورەوە رێ دەکات، دەبێ جوتیاریش دوای کریکار بکەوێ.

حەمە جەعفەر سەیریکی ئەو دەوروبەرەی کرد، لەوان زیاتر کەسی دی لەو جادە پڕ چاڵ و چۆڵەدا نەبوو، کاغەزیکی گرمۆڵە بووی لە گیرفانی کونە چاکەتەکەی دەرهیناً وکردییەوە. ئەم کاغەزە هەمان بڵاوکراوە بوو کە حەمەعەلی لە دەرگای کارخانەکەی شیبایف کردبوویەوە. حەمە جەعفەر بەوردی سەرنجی بڵاوکراوەکەیدا و گوتی: بزانە برام، هەر کاغەزێ لەمانە بەرانبەر بە هەزار بوکسە، تۆ کە بۆکس و زللە دەوەشینی تەنیا یەک کە هەست بە ئازارەکەی دەکات، کەس ئەمە نەزانێ هەقی وایە تۆ بیزانی، بەڵام ئەم کاغەزانە هەزارانی وەکو من و تۆ دەیخویننەوە.

بڕۆ بۆ باکۆ، تەواو لە حەمەعەلی نزیک بووەوە، بە پەنجە رەق و لاوازەکانی ئیشارەتی بۆ پشت کیوەکان کرد، باکۆ گیانی ئیمەیە، ئەگەر برادەرانی کریکار لەویوە یەک تۆز هاریکاریمان بکەن، ئیمە لیرە لەوارو ویخی بەگ دەنیشین، بڕۆ بۆ باکۆ و بەر لە هەموو شتێ نینای خوشکمان بدۆزەوە، ئەو نینایەی کە ئەم کاغەزانەی چاپ کردووە، ژیان و گوزەرانی ئەم گوندەی بۆ بگیڕەوە و هەقت نەبێ، بە ناوی ئیمەوە تکای لیبکە با هەندێ شت دەربارەی ئیمە بنووسیت، ئەوسا لەگەڵ خۆتا بیهینەوە و وەرەوە بۆ ئیرە، پاشان ئەژدەریش بدۆزەوە. کە تۆ قسەت بۆ کردم یەکسەر زانیم کە ئەو ئەژدەرە ئەم بڵاوکراوەیەی بە دەرگای کارخانەکەی شیبایفەوە هەڵواسیوە، پیی بڵێ ئەرکی یەکخستنی هەموو جوتیارانی هەژاری قاراباغ بخاتە ئەستۆی من.. بە ئەژدەر بڵێ کە لە زمانی ئیمەوە بە هەموو هاوڕییانی روسو گورج، ئەرمەنی و ئەوانی دی بڵێ کە.. ئیرە گوندە گوند تەنیا چارە خەباتی چەکدارییە، هەندێ چەکمان بۆ بنیرن و با تەماشا بکەن کە ئیمە بە زەبری چەک کیوەکانی قاراباغ لە رەگەوە هەڵدەتەکینین یان نا..

حەمە جەعفەر نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، ئەوەندە لە دێ نزیک بوو بوونەوە کە هەنارەکانی سەر «قوشابولاخ» بە ئاشکرا دەبینران، خەڵکیکی زۆر لە ژیر دار هەنارەکانا کۆ بووبوونەوە، حەمە جەعفەر دەم و دەست بیدەنگ بوو، دەستی کرد بە سیبەر بۆ چاوی و دیقەتیدا، ئەوجا بەسەرسامی پرسی: ئەوانە کین؟ دیهاتییەکان بۆ لەوێ خڕ بوونەتەوە؟

حەمەعەلی بە داردەستەکەی گایەکانی راگرت و چووە سەر عەرەبانەکەو سەرنجی دا، بیگومان جووتیارەکانیش ئەمانیان بینی بوو، چونکە جموجوڵیان تیکەوت، لە کاتیکا کە دەستیان لەمان هەڵدەتەکاند هاواریان کرد: حەمە جەعفەر... حەمە جەعفەر..

جووتە برا بەپەلە سواری عەرەبانەکە بوون، بە نیو وەردە دانەچینراوەکەدا رەت بوون و گەیینە قوشا بولاخ، جووتیارەکان باسی مەسەلەیەکیان دەکرد، حەمە جەعفەر لە گالیسکەکە دابەزی و لییان نزیک بووەوە، بە دەنگی بەرز پرسی: چی بووە؟

هەموو تیکڕا وەڵامیان دایەوە: جەبار بەگ..

– جەبار بەگ بە مامورەوە گەڕاوەتەوە..



– نۆکەر خەبەری بە بەگ داوە.

حەمەجەعفەر دەستی هەڵبڕی و گوتی: باشە ئیوە بڵێن بزانم چی بووە؟ هەمووتان هەر قسان دەکەن، من جگە لە ناوی «جەبار بەگ» چ شتێ ناژنەوم. باشە جەباربەگ چی کردووە وا وەکو چۆلەکەی ترساو جریوە جریوتان تیکەوتووە؟ ئەدی بەگ نییە کەری خۆیەتی و گویی ناڵ دەکات! برسیتانە، بیکارن، لەمە خراپتر چی لە دەست دێ؟

جووتیاریکی میانەساڵ بیدەنگ بوونی مەردمەکەی قۆستەوە و کەمی چووە پیشەوە:

– گوێ بگرە حەمەجەعفەر! تۆ بەیانی زوو لەگەڵ حەمەعەلیدا دارتان بۆ ئارانێ برد و ئاگات لە مەسەلەکە نییە، زەلامیک شەو چووە عەمارەکەی جەباربەگی بڕیوە و هەموو بنە تۆوەکەی دزیوە، گزیریش هەر کە ئەمەی بیستووە، بۆ ئەوەی گوندەکە بە یەکا بدات یەکراست خەبەری بۆ بەگ بردوە. ئیستاش ئەو چەند کەسەی گومانیان خراوەتە سەر لەلای بەگ حەپسن، بیگومان دارکاریان دەکەن. خۆت دەزانی تا ئیستا کەس بە سەلامەتی لە ژیر کوتەکی بەگ دەرنەچووە، ژن و منداڵە بیچارەکانیان هەروا شیوەن دەکەن.

حەمەجەعفەر بەدەم لیوکرۆشتنەوە روانییە گوندەکەی و گوتی: ئەی دنیای دون، چما ئینسان تەنیا بۆ جەورکیشان دروست بووە؟ یەکیک بە عەماران گەنم هەڵدەداتەوە و یەکیکیش بنە تۆوی نییە.

کەس قەسەی نەدەکرد، دەیانزانی کە حەمەجەعفەر قسەی ماقوڵ دەکات، بۆیە بە بیدەنگی گوییان دەگرت، حەمەجەعفەر بە توڕەیی ئاوڕی دایەوە و بە جووتیارەکانی گوت:

– بۆ لیرە وەستاون؟ دەترسن جەباربەگ ئیوەش بگرێ؟ مەترسن، تەنیا سێ، چوار کەس بەسە، ئەگەر هەمووان بگرێ ئەدی بەرەنجی شانێ کێ دەژی؟ با بڕۆین ئەو بەستەزمانانە ئازاد بکەین. نامەردیە بۆ ئیمە رزگاریان نەکەین.

حەمە جەعفەر پیش جووتیارەکان کەوت بە پەلە بەرەو گوند کەوتە رێ. حەمەعەلی و ئەوانی دی دوای کەوتن، ئاوی «قوشابولاخ» کە دەرژایە نیو ئاشەکەوە دەنگی دەدایەوە. تا جووتیارەکان دوورتر دەکەوتنەوە دەنگی ئاوەکەش دەگۆڕا، دەتگوت کۆمەڵە ژنیک لە دوورەوە شیوەن دەکەن، هەتاو هەندێ جار هەموو دەشتەکانی لە ئامیز دەگرت و هەندێ جار لە پشت هەورەکانەوە ون دەبوو، لەم کاتەدا دیمەنیکی هیندە دڵتەزین باڵی بەسەر گوندەکەدا دەکیشا هەر مەپرسە.

کاتێ لە دیوەخانی بەگ نزیک بوونەوە، لە دوورەوە دەنگی نەڕە نەڕی جەباربەگ دەهاتەگوێ، بەگ هیندە بە توندی دەیشیراند پیاو لیی حاڵی نەدەبوو کە چی دەڵێ. ژنان لە سووچی حەوشەکانا بە ترسەوە ویستا بوون و گوییان لەم هات و هاوارە دەگرت.

حەمەجەعفەر دەرگای حەوشەکەی جەباربەگی کردەوە و بێ ترس چووە حەوشەوە. ئەوجا ئاوڕی دایەوە و بە جووتیارەکانی گوت: وەرنە ژوورەوە، مەترسن..

جەباربەگ قۆڵی لیهەڵماڵی بوو، قامچییەکی ئەستوری بە دەستەوە بوو، لە

ناوەندی حەوشە پڕ گوڵ و گوڵزارەکەی ویستا بوو، کە حەمەجەعفەر چووە حەوشەوە سەیری کرد دوو پۆلیس و باش چاوەشیک دەوری پینج جووتیاریان گرتبوو، بەگ قامچی رادەوەشان و بە چاوی خوین گرتووەوە مۆڕەی لە جووتیارەکان دەکرد و دەیگوت: من هەقم نییە کە ئیوە دزیوتانە یان کەسانی دی، ئەگەر گەنمەکەم بۆ پەیدا نەکەنەوە لە ژیر کوتەکا داتان دەرزینم... ئیوە...

حەمە جەعفەر کە تا ئەوکاتە دوو، سێ جاران لە گەڵ بەگا یەخانگیر بوو بوو، ئەمجارەش خۆی پێ نەگیراو چووە پیشەوە، بە دەنگی بەرز گوتی: بەگ.. گوییەکیش لە ئیمە بگرە.

جەباربەگ قسەکەی تەواو نەکرد، خیرا ئاوڕی دایەوە، کە بینی حەمەجەعفەر و جووتیارەکان هاتوونەتە ژوورەوە، نەعرەتەیەکی کیشا: کێ ریی دان بینە حەوشی منەوە؟

حەمەجەعفەر بە پیچەوانەی بەگەوە زۆر بە هیمنی وەڵامی دایەوە: لە تۆوە فیر بووین کە بەبێ ئیزن بچینە حەوشی خەڵکەوە.

ئەم قسەیە وەکو کارەبا جەباربەگی گرت، دوو، سێ شەقاوان هاتە پیشەوە، قامچییەکەی بادا، بەڵام کە بینی حەمەجەعفەر وەکو درەختی بەڕوو رەق راوەستا بوو بە حەپەساوییەوە دەستی راگرت. حەمە جەعفەر ئەم هەلەی قۆستەوە و لە جاران هیمنتر گوتی: ئینسان بۆیە دروست بووە کە بە ئەجەلی خۆی بمرێ، بەڵام تۆ هەمیشە هەڕەشەی ئەوەی دەکەی کە «لەژیر کوتەکا دەتانکوژم» ئیمە بیستوومانە کە تەنیا عیزرائیل دەتوانێ ئینسان بکوژێ، کەواتە تۆ کاری ئەو ئەنجام دەدەیت، وا نییە بەگ؟

جەباربەگ گوتی: بەڵێ من عیزرائیلی ئیوەم.

تەکانی دایە خۆ، ریک لەبەردەم حەمەجەعفەردا ویستا، دەستە لپرەکەی کە پتر لە خاکەناز دەچوو، بەرز کردەوە تا حەمەجەعفەر بەر زللان بدات، بەڵام نەیتوانی چ کاریک بکات، حەمەعەلی خیرا پەلاماری داو دەستی گرت. جەباربەگ حەمەعەلی بۆ بەرهەق نەکرا، بە دەوری خۆیا سوڕا، خۆی پێ نەگیرایەوە و کەوت، کڵاوەکەی کەوتە قوڕ و چڵپاوەکەوە، جەباربەگ شیت و هار بوو بەپەلە هەستایەوە، بێ ئەوەی خۆی بتەکینێ بۆ ئەو سەری حەوشەکە غاری دا و بەسەر پۆلیسەکانیا نەڕاند: بیانکوژن، بیانکوژن، ئەم سەگانە تەمێ بکەن، بزانە چۆن هار بوون، وایان لیهاتووە دەست لە من بکەنەوە! بۆ تفەنگەکانتان وەکو دار گەڕان بەخۆوە هەڵواسیوە؟ تەقەیان لیبکەن.

باش چاوەشەکە چووە پیشەوە و دەستی بۆ دەمانچەکەی برد. پۆلیسەکان تفەنگەکانیان لە شانیان داگرت، بەڵام تەقەیان نەکرد، چونکە جگە لە خۆیان کەس لە حەوشە نەمابوو.

هەوریکی رەش بەری ئاسمانی قەرەقوینلوی گرتبوو، هەتاو دیار نەبوو، بایەکی فینک لە زۆزانەوە دەهات و گەڵا تازە چرۆکردووەکانی رادەتەکاند، ئاسۆ رەنگی خوینی لینیشت بوو، دەتگوت بەڵایەکی گەورە بەسەر گوندا نازڵ بووە، دەتگوت گەلە گورگیکی برسی پەلاماری گوندیان داوە، جەباربەگ و باش چاوەشەکە و پۆلیسەکان ماڵ بە ماڵی گوند دەگەڕان لە بری گەنمی دزراو کەلوپەلی جووتیارانی توڕ دەدایە



دەرێ، لە هەمانکاتا هەڕەشەی لە جووتیارەکان دەکرد، ئەگەر ئەو جووتە برایەم بۆ نەدۆزنەوە ئەوشۆ بە خانووەکانتانەوە دەتانسووتینم، لە وەتەی ئەم گوندە گوندە کەس لە بەگ هەڵنەگەڕاوەتەوە.

ئەگەر زیندوو و مردووی حەمەجەعفەر و حەمەعەلی یان بۆ بەگ هاوردبا هیشتا دڵی داناکەوت، لە چاوتروکانیکا خانووەکەی حەمەجەعفەریان روخاند، هەرچی هەبوو و نەبوو بۆ ماڵی بەگیان برد. ژن و منداڵەکانیان فرێ دایە کۆڵان، بەڵام جووتە برا هەر نەبوون و نەبوون. جەباربەگ بە خۆی بۆ ماڵی حەمەجەعفەر هات تا بە دیتنی گریە و زاری منداڵەکانی و شیوەن وواوەیلای ژنەکەی، کەمێ دڵی فینک بیتەوە، بەڵام بە پیچەوانەوە ئەم دیمەنانە هیندەی دی شیتگیری کرد.

ژنەکەی حەمەجەعفەر، ژنیکی باڵابەرزی گورج و گۆڵ بوو، کە جەباربەگ خۆی بە ماڵیانا کرد، ئەو بە خەمباری لەبەر هەیوانەکە ویستا بوو، کە بەگی بینی هاتە خوارەوە و لە ژیر رووپۆشەکەیەوە خیسەکی لە بەگ کرد و رۆیی. منداڵەکانی دیار نەبوون، گزیر بە ئەسپایی بەگویی بەگیا چپاند کە جووتیارەکان منداڵەکانیان بۆ ماڵی خۆ بردووە.

قەرەقوینلو گوندیکی گەورەیە، کێ منداڵەکانی بۆ ماڵی خۆی بردووە؟ ئەدی ژنەکەی بۆ کیوە چووە؟ جەباربەگ وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەدۆزییەوە، ماڵ بە ماڵ بە دووی جووتەبرایا گەڕان، بەڵام نەدۆزرانەوە، ئەوەی تۆزێ دڵی بەگی خۆش دەکرد زنجە روخینراوەکەی حەمەجەعفەر بووو دەرگا و پەنجەرەکان شکابوون، بابە ژوورەکانا فڕکەی دەکرد. گڵی سەربانەکان بەرەبەرە دادەتەپی، کە تاریکی وردە وردە گوندەکەی گرتە باوەش، جەباربەگ نۆکەر و پۆلیسەکان وگزیری لە مەخفەرەکەدا دانان و رایسپاردن کە جووتە براکە بگرن و بۆی بینن، خۆشی لە ترسانا باش چاوەشەکەی لە گەڵ خۆدا برد و بە عەرەبانەکە بەرەو قەڵای شوشا کەوتە رێ.

کە عەرەبانەکە ریگای قەرەقوینلوی بڕی و لە چاو ون بوون، دوو زەڵام لەژیر دار هەنارەکانی سەر «قوشابولاغ»ەوە هاتنە دەرێ، حەمەجەعفەر و حەمەعەلی بوون.

حەمەجەعفەر باوەشی بە براکەیدا کرد و گوتی: برۆ برام، بە برادەران و هاوڕییانی باکۆ بیژە کە دوو جۆرە چەکمان بۆ بنیرن، یەکیکیان باروت و گوللەی راستی بێ ئەوی تریان نووسراوی باروت و گوللە ئاسا بێ.

ئەملاو ئەولای یەکیان ماچ کرد، کە حەمەعەلی ویستی بکەویتە رێ، حەمەجەعفەر قۆڵی گرت و بۆ وەی لە تاریکییەکەدا باشتری ببینێ، تەواو لیی نیزیک بووەوە و زۆر بە ئەسپایی گوتی:

– بچۆ بۆ باکۆ، بۆ لای هاوڕێ شۆڕشگیڕەکانمان، ئەوانەی یەک دنیا ئەزمونی شۆڕشگیڕانەیان هەیە و لە ئازایەتیدا هەڵۆن، تا بە تەواوی کارە شۆڕشگیڕییەکانیان لیوە فیر نەبی بۆ لای من مەگەڕیوە، ئەورۆ ئەو کارەی تۆ هەموو گوندەکەی تازییەبار کرد، لەبری ئەوەی هیز بە دەست و بازووت بدەی، هیز بە میشک و ئەقڵت بدە.. برۆ هاوڕێ! کە گەرایتەوە کۆمەڵیکی زۆرم بەدوورەوە دەبینی.. برۆ..

حەمەعەلی بە کەسەرەوە وەڵامی دایەوە: راست دەکەی برام! من ئەورۆ حاڵی بووم

که به لیدانی حیسابدار و بەگ هیچ بەهیچ ناکرێ، دەبێ ئەم رژێمە لە رەگەوە هەڵکەندرێ.. لە رەگەوە.

حەمەجەعفەر کە ئەم راستگۆییەی حەمەعەلی بینی زەردەخەنەیەکی کرد. دەستی بە شانی داداو گوتی: ئەگەر بەخێرێ گەیشتی.. لە باکۆ بە هاوڕییان بڵێ کە ئیمە دەست بە قوڵنگ ئامادەین بۆ ریشەهەڵکەندنی ئەم رژێمە. با ئەوان ریگا بکەنەوە و پیش بکەون ئیمەش وەکو لافاو بە دوایانا دیین.

جووتە برا دیسان دوعاخوازیان کرد. حەمەعەلی بەناو وەردەکانا بەرەو یولاخ کەوتەرێ، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی تۆز نەکەن و سەرنجی کەس رانەکیشیت بە باریکە ریبیەکی هەورازا کەوتە رێ.

کانی «قوشابولاغ» بەخوڕ دەرژایە ناو ئاشەکە. دەتگوت لە دوورەوە، لە کولانەکانی گوندا خانووەکان بەسەر جووتیاراندا دەڕوخێن.



28

ورا پاش هەفتەیەکی دی بە ئامانجی خۆی گەیی، بەیانییەکی زوو ئیڤان فیودوروفچ ورای لە خەو هەستاند و زۆر بە ئەسپایی، بە شیوەیەک کە ئەوانی دی گوییان لێ نەبێ گوتی:

– کیژم، هەستە با بڕۆین.. دۆستەکانمان خەبەریان ناردووە.

ورا بەپەلە خۆی گۆڕی، هاتە نیو حەوشەوە، دوو ئەسپی ئامادە و زین کراو لە پاڵ تەمانیک دا ویستا بوون و گیایە نەرم وناسکەکەی باخچەکەیان دەخوارد، هەندێ جار سەیری یەکدیان دەکرد و دەیان حیلاند، ئیڤان فیودوروفچ شاڵە ئەستوور وخوورییەکەی ژنەکەی هینا و بەسەری ورایەوە بەست. ئیڤان وەکو چۆن لەگەڵ کیژە چکۆڵەکەی خۆیا رەفتاری دەکرد بەو جۆرەش رەفتاری لەگەڵ ورا دا دەکرد، رەشمەی یەکیک لە ئەسپەکانی گرت و ورای لە سەر زینەکەدانا. ورا کە بۆ یەکەمجار لە ژیانیا سواری ئەسپ دەبوو، پییەکانی لە ئاو زەنگییەکە توند کردن. رەشمەکەی توند گرت. ئیڤان جانتاکەی ورای لە پاشکۆی ئەسپەکەی خۆی بەست. جۆری دانیشتن و هەوسار گرتنی فیر کرد. ئەوجا بە هیواشی لە حەوشە دەرچوو. ئەسپەکەی وراش دوای ئەو کەوت.

تازە سپیدەی دەدا. کەڵەشیر لیرەو لەوێ دەیان خویند. گایەکان کاویژیان دەکرد بێ ئەوەی تووشی کەس بن ماوەیەک بە کولانەکانی گوندا رۆیشتن و لە ریی «ماڵرۆ» وە بە کیویکدا هەڵگەڕان.

دوای بڕینی مەسافەیەک دیمەنی دلڕفینی چیایەکان دەرکەوت. ورا تا ئەو رۆژە دیمەنی وا جوانی سروشتی نەبینی بوو، شاخی سەر سەوز دەتگوت یەکیان گرتۆتە باوەش. یەکەم گزنگی بەیان لە ئاسۆوە سەری دەرهینا. دەتگوت یەکیک لە پشت شاخەکانەوە پەنجە سوورەکانی بۆ گومەزی شینی ئاسمان دریژ کردبوو. لە هەموو لایەکەوە بۆنی گوڵە کیوی و گیای کویستانان دەهات. ئەسپەکان بە تەک تاشەبەردی زل زلدا تیپەڕین و گەیینە لوتکەی شاخەکە. ئەنجام لە کەنار دەریایەکی گەورەدا ئیڤان فیودورفچ لە ئەسپەکەی دابەزی و یارمەتی ورای دا لە دابەزینا. تاشەبەردیکی زەلام کە لە دۆڵیکەوە سەری دەرهینا بوو ریگای مالرۆی گرت و ئەوانی خستە پەنای خۆی. ئیڤان جانتاکەی داگرت و لەسەر سەوزە گیایەکە داینا. کە دڵنیا بوون ئەسپەکان ئارەقەیان نەکردۆتەوە زینەکانی لێ گرتنەوە. رەشمەکانی بە دەستیانەوە بەست و بەرەڵلای نیو سەوزە گیایەکەی کردن. ئەسپەکان دەستیان بە لەوەڕاندن کرد.

ئیڤان فیودورفچ جلی ئەسپەکانی لەسەر گیایەکە هەڵخست. دانیشتن و ماوەیەکی زۆر دەربارەی گەلێ مەسەلان دوان. دوای تۆزیکی دی نانیان خوارد. ئاویان لەکانیاوەکانی تاشەبەردەکان خواردەوە. بەڵام دەربارەی ئەوەی کە بۆ ئیرە هاتوون و چاوەڕیی چ کەسیکن چ قسەیەکیان نەکرد. پیویستی بەمە نەدەکرد.

ماوەیەکی زۆر بە دەم چاوەڕوانییەوە دانیشتن. خۆر لە ناوەندی ئاسمان نزیک دەبووەوە پاشان بەرەو رۆژئاوا داکشا. دەوروبەری رۆژئاوا دوو سواریان بینی کە لە

پشت گابەردەکانەوە بەرەو لای ئەمان دەهاتن. سوارەکان کڵاوی زل و کۆڵەباڵیان لەبەر بوو، سوارەکان لە پشت تاویرەکانەوە دابەزین و لە ورا و ئیڤان نزیک بوونەوە. ئیڤان وەکو هاوڕێیەکی کۆن تەوقەی لەگەڵ هەردووکیانا کرد و ئەوجا ورای پێ ناساندن.

– ئەم کیژە بچکولەیە دەرەقەتی راپەڕاندنی راسپاردەی زۆر گرنگی حیزب دیت. یەکدی بناسن!.

تەوقەیان لەگەڵ ورادا کرد، گەنجیکی قژ زەرد کە لە پیش هەموویانەوە ویستابوو گوتی:

– با کارەکە تەواو بکەین. دوا کەوتووین، لە ریگادا گەلێ کۆسپ و بەرهەڵستمان هاتنە رێ، بزووتنەوەی جووتیارانی هەژار حکومەتی خستۆتە لەرزە. لە هەموو شوینێ ماموریان داناوە. جانتاکە بینن لەگەڵ جانتاکەی ئیمەدا بیگۆڕین.

گەنجە قژزەردەکە ئیشارەتی بۆ ئەوەی تەک خۆی کرد، ئەم گەنجە لە گورجی دەچوو، دووەمیان خیرا جانتاکەی لە ئەسپەکەی خۆیان داگرت و دایە دەستی ئیڤان. ئیڤانیش جانتاکەی ورای هەڵگرت و دایە دەستی ئەو. گەنجەکە جانتاکەی وەرگرت و بە ورای گوت:

– ئەگەر جانتاکەی ئیمە سەرنجی سەگەکانی راکیشا تەنیا ئاوەڵ کراس و کراسیکی کۆنەی تیدایە. زوو بکەونە رێ. حکومەتی تزار لە لادیکانا دەستی بە کوشت و کوشتاریکی دڕندانە کرووە.

سوارەکان جانتا بەتاڵەکەی ورایان لەگەڵ خۆدا برد و پاش دوعاخوازی بە هەمان ریی خۆیانا گەڕانەوە. تا سوارەکان دوور نەکەوتنەوە و لە چاو گوم نەبوون ورا و ئیڤان لە جیی خۆیان نەجولان. ئەو جا ورا رووی لە ئیڤان کرد و گوتی: ئیڤان فیودوروفچ من سەرم لەم کارە دەرناچیت! من لە باکۆوە بە ناو ئەو هەموو خەتەرەدا بۆ کراس و ئاوەڵ کراس نەهاتبووم.

ئیڤان چ وەڵامیکی نەدایەوە. دەستەکانی خستبوونە باخەڵی و وەکو پەیکەریک لە سەرتاشە بەردیک ویستا بوو. بای زۆزان یاری بە قژی دەکرد. وردە وردە دەبوو بە شەو. هەتاوی خۆرئاوا رەنگی جوان و هەمە جۆری بە شاخە بەرزەکەی بەرانبەریان دەبەخشی. تەمیکی چڕ کە تەواوی ئەو ناوەی گرتبوو بەرە بەرە لە دۆڵە گەورەکەی داوینی چیایەکەدا دەنیشتەوە. بۆنی گیای کیو دنیای پڕ دەکرد. ئەسپەکان بە تاسوقەوە لەم گیایەدا دەلەوەرین و جار جارێ دەیان حیلاند. ورا کە بینی ئیڤان بیدەنگە، دیسان پرسی:

– ئیڤان فیودوروفچ من بۆ باریکی گەلێ قورس هاتبووم، بەڵام ئەوانە گوتیان ئەم جانتایە تەنیا ئاوەڵ کراسیک و کۆنە کراسیکی تیدایە، من لە باکۆ چی بە هاوڕێیان بڵێم؟

ئیڤان سەیریکی ورای کرد و زۆر بە هیمنی گوتی: پیویست ناکا هیچیان پێ بڵێی کە جانتاکە بدینێ ئەوسا دان بە قورسییەکەیا دەنێن، ورا حاڵی بوو، چ پرسیاریکی دی نەکرد. بە خیرایی سواری ئەسپەکانیان بوون و گەڕانەوە. ورا دوعاخوازی لە ماڵ و منداڵەکەی ئیڤان کرد و بەهەمان گالیسکەی کە بەرەو یولاغ هاتبوو کەوتە رێ. ئیڤان



خۆشی تا جادەکە لەگەڵیا هات. لە دووڕریانەکەدا لەپڕ عەرەبانچییەکە پەیدا بوو، ئیڤان هەرکە ئەوی بینی لە عەرەبانەکە دابەزی. بۆ دوا جار دوعا خوازیان لیکدی کرد. ورا گوتی:

– ئیڤان فیودروفچ، من لەم ماوە کورتەدا زۆر هۆگری خۆت و ماڵ و منداڵەکەت بووم، تۆ پیاویکی قایم کاریت تەنانەت تاقە قسەیەکی زیادت نەکرد. بابی منیش وابوو، ئیڤان فیودوروفچ با ئەوەش بڵێم کە بابم هاوناو بوو لەگەڵتا، ناوی یەکەمی ئەویش ئیڤان بوو..

ئیڤان زەردەخەنەیەکی کرد و بە هیمنی گوتی: کیژم، نیگەران مەبە، من یەکیکم لە هەزاران کەس و مۆڵەتم نییە ئەم هەزاران کەسە بخەمە مەترسییەوە.

وەکو باب و جگەرگۆشە یەکیان لەئامیز گرت. ئیڤان فیودروفچ دەستە زبرەکانی بە قژە خاو و زەردەکەی ورادا هینا و لە سوار بوونا یارمەتیدا.

ئەو رۆژە نەفەری باکۆ کەم بوون، ئەو فارگۆنەی ورا سواری بوو نیوەی چۆڵ بوو. لە گۆشەیەکا کزکۆڵەی کرد، جانتا سووکەکەی توند توند گرت. لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرێ. پێ دەشتەکان، مەزراکان، دیهات و دڕک و داڵی کەنار ریگاکە بە خیرایی جێ دەمان. شاخەکان بەرە بەرە دوور دەکەوتنەوە. لەگەڵ فیشەکە و داکشانی شەمەندەفەرەکەدا شاخەکانیش وردە وردە لەچاو ون دەبوون.

ورا هەرچی دەکرد نەیدەتوانی ئەو شوینەی کە ماوەیەک لەمەوبەر جیی هیشت و ئەو خەڵکانەی لەوێ دیتبوونی لەبیر خۆی بەریتەوە، ئیڤان فیوردوفچ، خانەوادەکەی، دیمەنی جوانی گوندان، وەعزی نالەباری جووتیاران لەبەرچاوی بەرجەستە دەبوون. لەگەڵ داکشانی شەمەندەفەرەکەدا وردە وردە بیری لە گوند جیا بووەوە و بەرەو باکۆ، بەرەو لای ئەژدەر و هاوڕیکانی دی باڵی گرت. ورا خەمی ئەژدەری بوو، وردە وردە نەفەر زۆرتر دەبوون. ورا لە جیی خۆی نەجۆڵا، بە نیو نەخت جانتاکەی لەخۆی دوور نەدەخستەوە. یەکیک لە نەفەرە تازەکان هات و ریک لەبەردەم ورا دا دانیشت. بوخچەکەی خستە ژیر سەری و راکشا، جیگایەکی نارەحەت بوو، هەستاو بە وردی سەرنجی ورای داو بە ئەسپایی گوتی: خوشکێ، تۆ کیژی ئیڤان نیکولایوفچ نیت؟

سیمای ئەو پیاوە بەلای وراوە زۆر ئاشنا بوو، بیگومان لە جییەکدا بینی بووی، رەنگە لە هاوکارەکانی بابی بێ، یان رەنگە لەو کاتانەدا دیتبی کە هاتووچووی کان و کارخانەکانی دەکرد، بەڵام ئەگەر بیگوتایە بەڵێ، پرسیاری تری وەکو «لە کویوە دیی؟» «بۆچی چووبووی؟» دەستی پیدەکرد. بۆیە ورا بۆ وەی لە کورتی بیبڕیتەوە و ریگای چ پرسیاریکی دی نەیەڵیتەوە، گوتی: نەخیر.

ئیدی چ قسەیەکی دی نەکەوتە نیوانیان.

نزیکی بەیانی شەمەندەفەرەکە گەییە باکۆ، ورا بەدەم دابەزینەوە دەیگوت: باش بوو بەسەلامەتی گەییمەوە باکۆ». بەڵام ریک لەم کاتەدا تووشی شتیکی چاوەڕوان نەکراوبوو، یەکیک بەتوندی قۆڵی گرت و هاواری کرد: وەرە بەملاوە..

ورا کەمیک شڵەژا، دەستیکی کەوتە ئەم بەرو دەستیکی کەوتە ئەوبەر، نەیزانی خۆی بە دەستەوە بدات یان بەرگری بکات؟ پاشان بۆی دەرکەوت کە هەموو ویستگاکە

لەلایەن پۆلیسەوە ئابلۆقە دراوە. پۆلیسەکان هەرچی ژن هەبوو گلیان دەدایەوە ودەستیان نەدەهینایە ریی پیاوەکان، وراش بە شلەژاوی لە نیو پیاوەکانا ویستا و چاوەڕوانی ئەنجام بوو. ئەگەر لییان پرسیبا «جانتاکەت چی تیدایە؟» و بۆ دلنیا بوون جانتاکەیان بکردایەتەوە چی رووی دەدا؟ ئەمە نیگەرانی دەکرد. بە دریژایی ریگا هەر چەند هەولیدا جانتاکە بکاتەوە نەیتوانی. بۆیە چەندیتی و چۆنیتی جلەکانی بۆ مەعلووم نەبوو. گەلێ پرسیاری خیرا و جۆراوجۆری دی نارەحەتیان دەکرد. بە دوای کیدا دەگەڕین؟ بە چ مەعلووم بۆ ئەو ناگەڕین. رەنگە گرتنی تازە لە شارا دەستی پێ کردبێ، لەوانەیە ئەژدەریان گرتبێ ئەنجام و پاش دابەزینی هەموو نەفەرەکان، گشت ژنەکانیان لەلایەکەوە خڕ کردنەوە. پۆلیسیکی پیر خۆی بەناویانا کرد و بە دەنگیکی ناساز نەڕاندی:

– کێ ناوی نینایە با هەنگاوێ بیتە پیشەوە. ئەوانی دی لەپاڵ دیوارەکەدا ریز بن و چاوەڕوان بن.

دوو کەس چوونە پیشەوە. ژنیکی پیری ئەسپ روخسار کە لە تەک پۆلیسەکەوە ویستا بوو، نینا ناوەکانی پشکنی. ئەوجا پۆلیسەکە بە خۆی جانتا و بوخچەکان گەڕا.

پشکنینەکە زۆر بەوردی کرا. بەڵام پۆلیسەکان چونکە هیچیان نەدۆزییەوە زۆر توڕە بوون لە نینا ناوەکان توڕە بوو. دەستوری دانێ کە لەلایەکەوە بوەستن. نۆرە هاتە سەر ئەوانەی کە نینایان ناو نەبوو. مەعلووم نەبوو بە دووی چیدا دەگەڕان. بەڵام بێ ئەندازە ورد بوون لە رەفتاریاندا. پشکنینی هەر کەسیک پتر لە نیو سەعاتی دەخایاند.

کە نۆرە گەیشتە سەر ورا، دنیا بەرەو روناک بونەوە دەچوو. روناکییەکی کز لە نیو هۆڵە شیدار و تاریکەکەی دەدا. ژنە ئەسپ روخسارەکە قۆڵی ورای گرت و هینایە بەر چراکە. کابرای پۆلیس کە جگەرەیەکی خستبووە لا لیوی تەماشایەکی پڕ گۆمانی ورای کرد ونەڕاندی:

– وەرە پیشەوە.. وەرە پیشەوە... ئەدی تۆ کە نیوت نینایە بۆ قسان ناکەیت؟ من تۆ زۆر چاک دەناسم.. وەرە پیشەوە!

ورا دڵنیا بوو کە پۆلیسەکە بلۆفی لیدەدا، هەولیدا وەکو کیژە دیهاتیەکی ئاسایی خۆی بنوینێ. بە دەنگیکی لەرزۆکەوە گوتی: جەناب تۆ لە کوێ من دەناسیت؟ ئەمە یەکەمجارمە کە بۆ باکۆ دیم، نیوم نینا نییە بەڵکو ڤاسیلیسایە..

پۆلیسەکە خیسەیەکی لیکرد و بە ژنە ئەسپ روخسارەکەی گوت: ئەوە بو وەکو مەرەلات ویستاوی تەماشا دەکەی؟ بی پشکنە. نینا یان ڤاسیلیسا بۆ ئیمە هەر یەکن.

ژنەکە لە ورا نزیک بووەوە کەوتە پشکنینی، کە پەنجە سارد و رەقەکانی بەربەدەنی ورا دەکەوت، ورا ختوکەی دەهات ودەلەرزی. دەتگوت تەزووی کارەبای لێ دەدەن. پشکنین تەواو بوو، ژنە ئەسپ روخسارەکە بەو دەستە سڕەی کە لە گیرفانی ورای دەرهینابوو، دەم و چاوی خۆی سڕی و بە پۆلیسەکەی گوت: تەواو با جانتاکانیش



بگەڕیم.

پۆلیسەکە بۆڵەیەکی لیوەهات: خۆمان جانتاکان دەگەڕیین.

ئەوجا بە پۆلیسەکەی تەنیشتیەوە گوت: جانتاکە بکەوە...

ئەمە سامناکترین سات بوو، دڵی ورا وەکو چۆلەکەیەکی گیرۆدە دەلەرزی. پۆلیسەکە بێ ئەوەی داوای کلیلکەی لە ورا بکات پەنجەیەکی بە قفڵەکەدا کرد و شکاندی.

جانتاکەی کردەوە و ناواخنی جانتاکەی هەڵڕشت. ناواخنی جانتاکە پتر سەرنجی ورای راکیشا تا پۆلیسەکە، بەوردی سەیری جانتاکەی دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێ وەڵامی پرسیاری وەک «ئەمانە چییە و لە کویت هیناون» بداتەوە. خۆشبەختانە جگە لە هەندێ کۆنە جلکی ژنانە چیدی لە جانتاکەدا نەبوو. جانتای خاڵی دەست بەدەست گەڕا. هەموو لایەکی جانتاکەیان پشکنی و ئەوجا بۆ ورایان توڕدایەوە.

– ئەو بوزگوڕانە کۆ بکەرەوە. با لە لایەکەیەوە بمینێ.

ورا جلەکانی کۆ کردنەوە و خستینە سەر ئەو جلانەی کە لە سوچیکی هۆڵەکەدا هەڵچنرا بوون. ئەوجا هەموو ژنەکانیان بە توڕەیی کردە دەرێ و سەر لەنوێ جانتاکانیان پشکنییەوە.

دنیا تەواو رووناک بووبووە. ئەو نمە ئاونگەی کە دەمەو بەیانی کەوتبوو، زەوییەکەی تەڕ کردبوو، هەموو ژنەکانی دەرەوەی هۆڵەکە خەواڵو بوون، کەس نەیدەزانی ئەم عەزابە کەنگێ تەواو دەبێ. بۆ ئەو هەموو خەڵکە بێ گوناحەیان لە شەویوە راگرتووە؟

ئەنجام هەر کەسەو جانتای خۆی وەرگرتەوە. ورا بە پەلە لە ویستگاکە دەرچوو. بە شەقامی «تلفونني» دا کەوتەرێ. جانتاکەی سووکتربوو بوو، چونکە مامورەکان زۆریان زەحمەتکیشا بوو هەندێ لە جلەکانیان وەکو هەقی زەحمەتکیشان بۆ خۆ گلڵدا بووەوە.

بۆ ئیسراحەتی میشک و دەروون ماوەیەکی زۆر بە شەقام و کۆڵانەکانی شارا گەڕا. ئەوجا خۆی گەیاندە بنکە نهینییەکەی چونیاتوف و لە دەرگایدا.

لەم ژوورە تاریک و بێ پەنجەرەیەدا پەی بە نهینی جانتاکە برد. تۆمەز ئەستەری جانتاکەیان بە نەشتەر هەڵدڕی بوو، ژمارە تازەکانی «ئیسکرا»یان تێ خستبوو. وەکو خۆی دروبویانەوە. رۆژنامەکە لەسەر پەڕەی سیغار چاپکرابوو. وایان قایم کردبوو ئەگەر جانتاکە پارچە پارچە نەکرابا نەدەدۆزرایەوە. چونیاتوف بە بەرچاوی وراوە جانتاکەی هەڵدڕی و بە پیکەنینەوە گوتی:

– ورا تۆ هەندێ جار دەمان ترسینی و هەندێ جار شادمان دەکەیت. زۆرت پێ چوو. وردە وردە نائومید دەبووین، ئیستاش بزانەچۆن خۆشحاڵت کردین؟ ئەو ئیسکرایانەی هیناوتن بیگومان ئاگر دەکەنەوە. دژمنەکانیشمان هەستیان بەمە کردووە.. نابینی چۆن بۆ جڵەوگرتنی ئەم ئاگرە کەوتونەتە خۆ، هەر شەمەندەفەرێ لیرەوە دەڕوات گەمارۆی دەدەن.

کنونیانتس بەدەم دەرهینانی ئیسکراکانەوە گوتی: بە دوای نینادا دەگەڕین. سەریان لیشیواوە، وا حاڵی بوون کە کچیکی ئازای رووس ئەم کارانە دەکات، بەڵام چ کەسیکی دیاری کراو ناناسن. وا دەزانن کە ئەم کچە هەر کە لە شەمەندەفەرەکە

دابەزی یەکڕاست دەچیتە بەردەمیان و دەڵێ: من نینام، وەرن بمپشکنن.

ورا پیکەنی، بۆگدان دەستی سۆزی بە قژە زەرد و خاوەکەیا هیناو گوتی: دوو جاران سەری دایکتمدا، زۆر نیگەرانە، هیشتا بۆ ماڵی خۆتان نەچوویتەتەوە؟

– نەخیر، یەکراست بۆ ئیرەهاتم..

– کەواتە خیراکە.. ئەو ژنە بەستە زمانە بەردەوام فرمیسک دەڕیژێ...

چونیاتوف بە زەردەخەنەوە گوتی: هەر دایکی نیگەران نییە. من چوومە دیدەنی ئەژدەر. ئەویش نیگەرانە.

ورا لە شەرمانا سەری داخست. پاش ئەوەی دوعاخوازی لە هاوڕییانی کرد، بەرەو ماڵی خۆیان بەڕێ کەوت.



## 29

سەفەرەکەی ورا مانگێ پتری خایاند. ئەژدەر چاک بووبووەوە، هەرچەند هیشتا برینەکانی پیچڕابوون بەڵام هەستا بووەوە. بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، کتیبی دەخویندەوە، سەرەڕای ئەوەی لە ماڵیکی باش و میوان پەروەردا بوو بەڵام هەر نارەحەت بوو.

ئەو رۆژە، رۆژیکی خۆش بوو، برینەکانی ئەژدەریان کردەوە، ورا ئەو رۆژە لەماڵی میرزا حوسین و لە تەک ئەژدەرا مایەوە، لەو رۆژەوە کە ئەژدەر پیکرا ئیدی ماڵی میرزا حوسین و ئیڤانی شەهید و ئەژدەر بوو بوون بە یەک خیزان. خۆشەویستی و دۆستایەتییەکی بێ ئەندازە کەوتبووە بەینیان، خواردن و خواردنەوە و ژیانیان هەموو هەر بەیەکەوە بوو.

ئەژدەر و ورا بە تەنێ لە ژوورەکەی میرزا حوسین دا بوون، ئەژدەر تەواو چاک بووەوە و دەیتوانی لەماڵ بچیتە دەرێ، چەند مانگیک بوو چاوەڕیی دەرفەتیکی وا بوو کەچی بیرییکی سەیر باڵی بەسەرا کیشا بو، وراش مات و بیدەنگ بوو. ترس و دڵەخورپەی ئەم مانگانەی دوایی لاوازتر و ژاکاوتری کردبوو.

هەردووکیان وەکو یەک غەمگین بوون، ئەنجام ئەژدەر دڕی بە بیدەنگییەکەدا و لە ورا نزیک بووەوە، دەستی خستە نیو دەستەکانی خۆی و گوتی:

– ئەورۆ من ئەم ماڵە بەجیدیڵم، بەمەش هەم شاد دەبم و هەم غەمگین، ئەوەندە خووم بە تۆوە گرتبووە.. ورا گیان لیرەیا هەمیشە بەیەکەوە بووین، لەمەودوا، قسەکەی تەواو نەکرد کە ورا ورتەیەکی لیوەهات.

– ئەژدەر منیش وەکو تۆم، هەست بەمە دەکەم، سەلامەتی و تیهەڵچوونەوەی تۆ پیویستە خۆشحاڵم بکات کەچی وەک دەبینی زۆر شاد نیم، چونکە دەڕۆیت و ئەوجا مەگەر بە ریکەوت یەکدی بدینین، بە ئەسپایی دەستی ورای گوشی و ماچی کرد. لەم کاتەدا ماریا ڤاسیلیۆفنا هاتە ژوورەوە. ئەژدەر بە شەرمەزارییەوە لە ورا دوور کەوتەوە. ماریا وا خۆی نواند کە نەیدیتوون و بە شادییەوە گوتی: ئەژدەر ئەورۆ رۆژیکی خۆشە بۆ تۆ دەچینەوە ماڵی ئیمە، من دەعوەتی خواردنیکت دەکەم کە ئیڤان نیکولایوفچ زۆری حەز لیبوو، بیرت ماوە؟ تۆش زۆر حەز لەو خواردنە دەکەیت. هەمیشە هەر ستایشت دەکرد: ئەژدەر بە خەیاڵی پەرتەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ لەبیرمە..

ئەوجا وەک بڵیی شتیکی بە بیرا هات، لە ماریا نزیک بووەوە باوەشی پیداکرد.

– ئەژدەر ئەوە چییە؟

ئەژدەر تەماشایەکی کرد و بە ئەسپایی گوتی: پورە ماریا دەمەوێ رازی دڵم بە تۆ بڵیم، کەمیک شڵەژاو ئەوجا بەسەر خۆیا زاڵ بوو، بەردەوام بوو، من.. ئیمە یەکدیمان خۆش گەرەکە.. جودایی بۆ ئیمە کاریکی گەلەک سەختە... ئەگەر لە یەکدی دابڕیین..

نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات، بە شەرمەزارییەوە سەری داخست و بیدەنگ بوو، ورا سوور سوور بوو بووەوە و دەستی بە دەموچاوییەوە گرت.

ماریا سەیری ورا و ئەژدەری کرد، لەپڕ فرمیسک زایییە چاوانی. ئەژدەری ڕاکیشایە لای خۆیەوە و بەسۆزی دایکایەتیەوە تەویڵی ماچ کرد. بەدەم گریان و پیکەنینەوە گوتی: بەختەوەربن، ئەمە ئاواتی ئیڤان بوو، ئەو دەیگوت «ماریا ئەم دووە بۆ یەک دروست بوون» ئەوجا لە ورا نزیک بووەوە و ئەویشی لە ئامیز گرت.

– کیژم شەرمێ مەکە.. پیکەوە پیر وخەرۆ بن...

دایک و جگەرگۆشە توند باوەشیان بە یەکا کرد، ئەژدەر لییان نزیک بووەوە، سێ دڵ پیکەوە کەوتنە ترپە ترپ.

دکتۆر ئوسیبۆف بە هیمنی برینەکانی ئەژدەری کردەوە. شوینی گوللەکە بە هەنیەی ئەژدەرەوە مابوو. دکتۆر وەکو نیگارکیشانێ کە بە عەشقەوە تەماشای تابلۆکانی خۆ دەکەن، سەیریکی ئەژدەری کرد و بە پیکەنینەوە گوتی:

– دەتوانرێ بگوترێ کە تۆ جاریک چوویتە ئەو دنیا و گەڕایتەوە. حەزت لەوێ نەکرد! نا، هەڵبەتە ئەم دنیایە سەد کەڕەت باشترە.

دکتۆر تۆزێ چووە دواوە، تەماشایەکی میرزا حوسینی کرد و قاقا پیکەنی، ئەژدەر وای هەست دەکرد کە میرزا حوسینیش لە قاقای پیکەنین دەدا، بەڵام نە.. میرزا حوسین تەنیا زەردەخەنەیەکی ساردکشتەکی لیوی کشاند. مامۆستای پیر لەم دواییەدا زۆر شکا بووەوە، ئەژدەر بە چاکی هەستی بەمە دەکرد، میرزا حوسین ڕۆژ بە ڕۆژ پیرتر دەبوو. پشتیشی بەرە بەرە دەچەماوە.

دکتۆر ئۆسیبوف هەستی بەم گۆڕانە نەدەکرد، برینە چاک بووەوەکانی ئەژدەری دەرمان کرد و گویی بە دڵییەوە نا، ئەوجا دەستەکانی پیکدا خشاند و بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– کوڕم.. هەنووکە لە جاران ساغتریت، ئازایەتی دەرمانەکانی من نەبوو کە چاک بوویتەوە بەڵکو پتەوی کەلەشی خۆت بوو.

ئاوڕیکی لە میرزا حوسین دایەوە و بە دەم پەنجە ڕاوەشانەوە گوتی: میرزا ئیمەی ئەرمەنیان لە بۆنەی وادا شیرینی دەخۆینەوە. دەبێ شیرینی چاک بوونەوە و سەلامەتی ئەژدەر بکەیت.

میرزا حوسین بەزەردەخەنەیەکی ساردەوە گوتی: ئەم عادەتە لە لای ئیمەی ئازەریش هەیە.

– خەڵکی ئیمە دەڵین کە ئەرمەنی و ئازەری هەرچەندە زمان و ئاینیان یەک نییە، بەڵام برای یەکن، بۆیە عادەت و خوو ڕەوشتی هەردوو نەتەوەکە وەکو یەکە.. با لەمانە گەڕیین، بێ چەند وچون دەبێ شیرینییەکەمان بۆ بکەیت.

– دڵنیابە بۆتانی دەکەم، ئیمە لە قسەی خۆمان ژیوان نابینەوە.

دکتۆر دەستی شۆرد و دوعاخوازی لە هەموویان کرد، لەبەر دەرگا بە میرزا حوسینی گوت: ژاپۆنییەکان هەروا دانانیشن، تۆ چ دەڵیی؟

میرزا حوسین کە ئاڵووەدای باسی سیاسی بوو وەڵامی دایەوە:

– درەنگ یا زوو بارودۆخ تیک دەچیت.... ئەوان هەستیان کردووە کە بارودۆخی ناوخۆی ئیمپراتۆریەت تیکەڵ و پیکەڵ و بێ سەروبەرە...



دکتۆر ئوسیبوف گوتی: هەر خۆمانین، ئیمە سوپایەکی ڕیک و پیکمانیش نییە، پارەی خەزینە هەموو بۆ ئەمن و پۆلیسە. بەرتیل و دزی ئامانی لەبەر خەڵکی بڕیوە...

بەدەم قسەوە لە ژوورەکە چوونە دەرێ. پاش ڕۆیشتنی دکتۆر، گۆڵئارا خانم چووە ژوورەوە، گۆڵئارا ئەژدەری بە قەد کوڕیکی خۆی خۆشدەویست، بۆیە وەکو دایکیک بە چاک بوونەوەی ئەژدەر شاد بوو. گوڵئارا پیرۆزبایی لە ئەژدەر کرد، ئەوجا ئامینە هات ئامینە کە لە کاتی نەبوونی ورادا وەکو خوشکیک سەرپەرشتی ئەژدەری دەکرد کە ئەژدەری بەو حاڵەوە بینی خەریک بوو لە خۆشیانا شاگەشکە ببێ، هەموو دەتگوت چەندین ساڵە ئەژدەر، ئەم لاوەی تازە لە چنگی مەرگ ڕزگار بووبوو، دۆست و ئاشنایانە.

ئەم دیمەنە ناکۆکییەکی تەواوی لەگەڵ بارودۆخی ئەو ڕۆژانەدا هەبوو، لیرەدا جەژن و شادی بۆ گەنجیک کە لە چنگی مەرگ ڕزگار بوو بوو دەگیڕدرا و لە سەرانسەری شاریشدا ڕۆژێ سەدان دەهاتنە حەپس کردن و کوشتن و خەنەقاندن.

کە میرزا حوسین دکتۆری بەرێ کرد و گەڕایەوە، ژنەکان چوونە دەرێ و ئەوان بە دوو قۆڵی مانەوە، ئەو ڕۆژە میرزا حوسین توڕە بوو، گوڵئارا و ئامینە فیر بوو بوون کە هەر کاتێ میرزا حوسین توڕە بوایە، لە ماڵەوە بەسەری پەنجە و بە ماتە مات دەڕۆیشتن،

میرزا حوسین لە پشت میزەکەی خۆیەوە دانیشت: چ کتیبیکی منالانی لەسەر نەبوو، میرزا حوسین دەمێ بوو لە دەرس گوتنەوە مەحروم کرابوو» ئیشارەتی بۆ ئەژدەر کرد کە بەرانبەری دانیشیت، ئەژدەر ئەم دەرفەتەی بە هەل زانی کە سوپاسی میرزا حوسین بکات، گوتی: میرزا، ئیوە منتان لە مەرگ ڕزگار کرد، نازانم بە چ زمانێ سوپاستان بکەم...

– پیویست بە سوپاس ناکا...

میرزا حوسین قسەکەی ئەژدەری بڕی، هەستایە سەر پێ کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا، ئەمە ئەرکی سەرەکی سەرشانی منە. لە ئیستا بە دواوە ژیانی خۆم تەنیا بۆ ئەم کارانە تەرخان دەکەم، منیش ئیدی دژ بە زوڵم و ستەم دەخەبتم، هەرچەندە تەمەنم زۆرە و ماڵ و منداڵم بەسەرەوەیە.. بەڵام بە پیی توانا... هەڵبەتە چ کەسیک نییە کە کاری چاکی لە دەست نەیات...

زۆر توڕە بوو یەک، دوو جاران بە ژوورەکەدا هاتووچوو. ئەوجا ڕیک لە پاڵ ئەژدەرا دانیشت و بە دەنگیکی نزم گوتی: من ئیدی دەزانم تۆ کییت و چ کارەیت.. یەکیک هاتبووە دیدەنیت.. ها لە بیرتە؟ تۆ بە «پتیا» گازت دەکرد.. من دوینێ زانیم کە ئەو کابرایە کییە... پاش ڕۆیشتنی ئەو، تۆ لە دڵما شیرینتر بوویت...

ئەژدەر چ وەڵامیکی نەدایەوە. میرزا حوسین بە گویی ئەژدەریا چپاند:

– ئەو پیاوە شۆڕشگیڕی بەناوبانگ پیوترچونیاتوفە..

ئەژدەر حەپەسا.

– لە دایەرەی ئەمن ئەمەیان پێ گوتم...

ئەژدەر بەسەرسامی پرسی: دایەرەی ئەمن؟

میرزا حوسین بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: بەڵام لە دوینیوە تا ئیستا دووجاریان بۆ

ئەویٚ بردووم دەڵێن: بینراوە کە چونیاتوف هاتۆتە ماڵی تۆ. بەڵێ چ شتێک دەربارەی تۆ و دەربارەی ئەوەی کە لیرەیت نازانن. تەنیا سوراخی چونیاتوف دەکەن... هەرەشەم لیدەکەن... کاتێ کە گوتم من چونیاتوف ناو ناناسم. هەڕەشەی ئەشکەنجەدانیان لیکردم.

شەویلکەکانی میرزا حوسێن دەلەرزین، رق و کینە لە چاوە پیرەکانی دەباری. ئەژدەر کە ئەمەی ژنەوت بە شپرزەییەوە سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

– میرزا، دەبێ من لە ئیستاوە ئیرە بەجیبڵیم.. دەستی بۆ کڵاوەکەی کە بە بزماریکەوە هەڵواسرابوو برد. ئەگەر من لیرەدا بگرن بۆ تۆ خراپ دەبێ... هەڵبەتە هاتنی پیوترچونیاتوف بۆ ئیرە کەمتەرخەمی بووە.

میرزا حوسێن دەستە لەرزۆکەکانی خستە سەرشانی ئەژدەر.

– نەخیر ئەو کەمتەرخەمی نەکردووە، ئەو لە کوێ بزانێ کە بەکریگیراویکی وەکو مەجیدۆف کون بە کون تاقیبی من دەکات. ئەگەر تۆ لیرەد بگرن نەک بۆ من بەڵکو بۆ خۆت خراپ دەبێ من کیم؟ بە کەڵکی چی دیم؟ ئەگەر من بگرن شۆڕش هیچی لە کیس ناچێ، بەڵام تۆ نابێ بمری، تۆ دەبێ بۆ دوارۆژ وەمینی...

ئەژدەر ویستی بەرپەرچی بداتەوە، بەڵام میرزا حوسێن دەرفەتی نەدا:

– من هەرگیزم خۆم بەدەستەوە نادەم. دڵی من گەورەیە، من قیز لە یاساکانی ئەوان دەکەمەوە. ئەو یاسایانەی پشتیوانی لە زوڵم و زۆر و سەرشۆڕی و ملکەچی و بیویژدانی دەکات.. رۆڵەکەم ئەگەر دەرۆی برۆ و مەردانە و ئازایانە کاری خۆت ئەنجام بدە. ئەگەر متمانەت بە من کرد کاریکم پیبسپیری ئەوا ئامادەم لە سنووری توانای خۆما راستگۆیانە ئەنجامی بدەم... تۆ ئەمە بە چونیاتوف و هاوریکانی ترت بڵێ!

مامۆستای پیر هەڵچوو بوو، بە دەستە سرەکەی فرمیسکەکانی سری. بەدەم دەست گوشینی ئەژدەرەوە گوتی: ئەنجام... من لەم تەمەنە زۆرەدا ریگای خۆم دیاری کرد. تا ئەو رۆژەی زیندووم، بۆ چاوکردنەوە و هوشیاراندنی خەڵکی تیدەکۆشم. تا جەماوەری رەش و رووت بە چاکی هەستت بەم زوڵم و زۆرە بکەن و تەوقی چەوسانەوە لە ملی خۆ داماڵین.

ئەژدەر هەستی بە ویستی پۆلایین و راستگۆیی بێ ئەندازەی قسەکانی میرزا حوسێن کرد. دەیزانی یەکیک کە لە ئەنجامی تەجرەبەی تەمەنیکی زۆرەوە بەم ئەنجامە بگات هەڵبەتە هەر بە قسان دڵی داناکەوێ ودەست بەکار کردن دەکات. ئەژدەر ئیدی دەیزانی کە میرزا حوسێن لە ریزی ئەوان دایە، ژیان پیاویکی وا ئابرومەند و بە ویژدانی بەرەو کۆڕی خەبات هانداوە.

وەکو باب و کور یەکیان ماچ کرد، ئەژدەر دوعا خوازی لە گوڵئارا خانم و ئامینەش کرد. لەم ماڵەدا کە چەند مانگێ لەوە پیش بە بیهۆشی و خلتانی خوین ریی تیکەوتبوو. ئەورۆ بە لەشی ساغ و ئامادەی خەباتەوە دەچووە دەرێ.

***

سەر میزەکەی سەرهەنگ پاروشین پڕ بوو لە میوە، لە مانگی دیسامبرا ترێ و هەنجیر لە باکۆدا مشەنە. سەرهەنگ زۆری حەز لە هەنجیر و کونیاک بوو. پەیتا پەیتا



پەرداخە چکۆڵەکەی تەژی دەکرد و هەڵی دەدا، بە بەر پەنجەرە وازەکەدا هاتوچۆی دەکرد، قوبچەی چاکەتەکەی کردبووەوە.

پاروشین غەرقی بیری جۆراوجۆر بوو، هەندێ جار دوورتر دەفڕی، بەرز بوونەوەی بەرە بەرە و وەرگرتنی پلەی سەرهەنگییەکەی وەبیر دەهینایەوە. سەرەهەنگ هەر کاتێ رۆژانی هەرزەکاری خۆی وەبیر دەهینایەوە بزەیەکی رەوتەنی دەنیشتە سەر لیوانی. بە شادییەوە سەیری وینەی سەر میزەکەی دەکرد و پیکە کونیاکی دەنوشی، ئەوجا بەدەم هاتوچووە وعزی راستەقینەی خۆی دەهینایە بەرچاو. بەهەمان ئەندازەی کە رۆژانی رابردووی خۆش و شاد بوو. ئەمڕۆی تاریک و نادیار بوو، چ دەبیت؟ کار دەگاتە کوێ؟ خۆشی نایزانی. ئەگەر کار وا بڕوات ئەوا ناچار دەبێ ئستیقالە بکات و ئەوجا لەبری کونیاک ئاوی سارد بخواتەوە.

لە مانگی هەشتدا ئەمن خەبەریان دابوو کە لادوکستخوفلی لە باکۆیە. ئەگەر ئەم هەواڵە بە ژەنەراڵ فەرماندار رانەگەیەنێ باش نییە. بەڵام ئەفسوس ژنەراڵ تەنیا بە هەواڵەکەی وازی لینەدەهینا، پیی لێ دەکردە کەوشەوە: «بیدۆزەوە و برایەوە» جەنەراڵ ئەوەی بە گویدا ناچوو کە ئەو پیاوە وەکو جنوکەیە. دەرزییەکەو کەوتۆتە دەریایەکی گەورەوە. دۆزینەوەی مەحاڵە، خۆ ئەگەر بە ریکەوت بدۆزریتەوە ئەوا ئیدی مەسەلەی نینا دەبێ بە بەردی بن گۆم و بۆ هەمیشە کۆتایی دیت. ئایا ئەم کیژە بەراستی هەیە یان تەنیا جۆرە فیلیکە؟ سەرهەنگ هیچی لەم بارەیەوە نەدەزانی. تەنیا وای هەست دەکرد کە نینا کیژیکی ئاسایی نییە. بەڵام ژنەراڵ تەواو بە پیچەوانەی ئەوەوە، باوەڕی وابوو کە کیژیک بە نیوی «نینا»وە هەیە. سەرهەنگ لەم مانگانەی دواییدا چەندین نینا ناوی گرتبوون و ئازادی کربوون! خۆ گرتنی هەموو «نینا»کانی دنیاش کاری کردە نەبوو.

سەرهەنگ بەدەم کاویژ کردنی ئەم بیرانەوە بە ژوورەکەیا دەهات و دەچوو، لەپڕ یاریدەدەرەکەی «روتیستر ڤاڵتر» بە شپرزەیی خۆی بە ژووریدا کرد و ئامادە ویستا.

– ببورە جەنابی سەرهەنگ.. لیم تیک دایت، بەڵام کارەکە زۆر پەلەیە.

سەرهەنگ لە دنیای خەیاڵ هاتەدەرێ، بە زەردەخەنەیەکی سارد و خەمبارەوە گوتی:

– وەرە پیشترەوە ڤالتر.. پەرداخیکی بەتاڵ لە دۆلابەکەدا بینە..

ڤالتر بە هەمان شیوەی یەکەم گوتی: ناکرێ جەنابی سەرهەنگ، ئەم هەواڵەی هیناومە بێ ئەندازە گرنگ و پەلەیە.

پاروشین چارەی گرژ بوو: ڤالتر لەنیو ئەم هەموو هەواڵە گرنگ و پەلانەی تۆدا شتیکی بە کەڵک دەستگیر نابێ! تۆ نینام بۆ بدۆزەوە.

– خۆی نا، بەڵام جیازییەکەیم دۆزیوتەوە جەنابی سەرهەنگ.

– چی؟

چاوانی سەرهەنگ ئەبڵەق بوون، دەم و دەست خەیاڵەکەی فڕی. چاکەتەکەی داخست، چووە پشت میزەکەوە بە دەنگیکی گڕ نەڕاندی: وەرە پیشەوە: هەموو شتیکم لە نووکەوە بۆ باس بکە.

ڤالتر بە هەنگاوی سوپاییانەوە چووە پیشەوە لە بەردەم میزە گەورەکەدا ویستا.

– له «ئاغجا قابول»ەوە هەواڵیان داوە کە «باکرادزە»ی یاریدەدەری تایبیستەکە بەدوو سەندوق پیتەوە گیراوە.
پاروشین نەڕاندی: بە وردی بۆم بگێڕەوە.
ڤاڵتر گوتی: کە بەسەر ریلەکانا رەت بووە، پیی هەڵنووتاوە وکەوتووە، جاسووسانی خۆمان گرتوویانە، ئەو پیتانەی کە گیراون لەگەڵ پیتی نووسراوەکانی نینادا جووتن. باکرادزە لە لقی ئاغجاقابولدا حەپسە و وەکو بیلبیلەی چاو ئاگاداری دەکەن. لە تەحقیقدا بنکە نهێنییەکەی باکۆ ئینکار دەکات، ئەو تەحقیقاتەی کە کردومانە ئەوە نیشان دەدەن کە لە باکۆدا زەلامیک بە ناوی «باکرادزە»وە خانوویەکی بەکریگرتووە.
پاروشین راپەڕی و بە شادییەوە گوتی: ژمارەی نیگابانەکانیش زیاد بکەن، با ئەو خانووەی کە لە باکۆدا بەناوی باکرادزە بەکرێ گیراوە گەمارۆ بدەن. با بڕۆین ڤالتر، با خۆشمان لەو ناوە بین، ئەگەر ساڵیکیش دریژە بکیشێ هەر لەوێ دەبین، هەر کەسێ لەم خانووە نزیک بووەوە دەبێ حەپس بکرێ.
پاروشین و ڤالتر بە پەلە رۆیشتن.
دوو کەس بە پەلە بە هەورازەکەی شەقامی «چادرڤۆی» دا رییان دەکرد و بە ئەسپایی قسانیان دەکرد. شەقامی «چادرڤوی» هەر قۆرت و زر و زبڵ بوو، ئەم شەقامە کە ئەمبەرو ئەوبەری هەمووی خانووی یەک نهۆمی بوو، دەتگوت لە ژێر عەبادایە، خانووەکان لە بری ئەوەی بەریکوپیکی و بەریزی یەکەوە دروست بکرین، هیندە بە خوارو خیچی و ناڕیکی دروست کرا بوون دەتگوت لە یەکدی تۆراون، ئەم دوو زەلامە هەر کە دەگەیینە قورتێ یان زبڵدانێ لایان دەدا و لە لایەکی ترەوە دەرۆیشتن، بەڵام ئەم کارە بەهیچ کلۆجێ قسەکانی پێ نابڕین، یەکیکیان فلادیمیر زاخاروفچ و ئەویتریان ملیک ملیکیانتس بوو.
لادو بە ملیکیانتسی دەگوت: لە روسیادا شان بە شانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کریکاری زەبروزەنگی پۆلیسش توندتر دەبێ، لنین لە کتیبی «دەبێ چ بکرێ»دا ئیکونومیستەکانی خستۆتە بەر پەلامار. ئەو ئیکۆنومیستانەی کەلەگەڵ ئەوەدا نین بزووتنەوەی کریکاری بە بیروباوەڕی مارکسیزمی چەکدار بکرێ. زاراوەی «ئیکونومیست» ئەورۆ لەنیو کریکارانی شۆڕشگیڕدا هاوتای جنیوە. بەڵام لە روسیای ناوەڕاستا زەبروزەنگی پۆلیس زۆر توندە، لەسەر راسپاردەی «نادژناکنستانتینو» هاوڕییان لە «کییف و ساوا» دا زۆریان یارمەتی داوین. بەڵام من دڵنیام گویزانەوەی چاپخانەکە بۆ ئەوێ مەحاڵە، دەستبەجێ دەگیریین، باکۆ گەلێ باشترە، پینج مانگە باکۆ کار ناکات، هەڵبەتە دایەرەی ئەمن گەییونەتە ئەو ئەنجامەی کە نینا کار ناکات. بۆیە پیویستە نینا سەرلەنوێ و لیرەدا بکەویتەوە کار. من لەو بەر رۆشنایی ئەم بیرۆکەیە قسەم لەگەڵ پیوتر کردووە و خانووەکەی جبرائیلم بە کرێ گرتووە، دەمێ بوو ئەم خانووەمان دابووە چاو. یەک، دوو جاریش جبرائیلمان تاقی کردۆتەوە.
ملیکیانتس بە ئەسپایی گوتی: ماڵی جبرائیل زۆر چاکە، هەرچەند کەمێ پارە پەرستە بەڵام پیاویکی نهینی پاریز دیارە.
لادو گوتی: دەزگای چاپەکە و هەندێ لە پیتەکانم لە خانووەکەی ئەوا شاردۆتەوە.



– هیشتا هەموو پیتەکان نەنیردراون؟
– نە، بڕیارە ئەورۆ سەندوقیکی دی وەربگرین و لە دەرفەتیکی دیدا، سەندوقەکەی تریش وەربگرین.
ملیکیانتس سەیری سەعاتەکەی کرد: بیگومان تا ئیستا هاتووە.. ئەژدەر لە یەکیک لە ویستگاکانا ئەو دەبینێ.
ماوەیەک کەسیان قسەیان نەکرد، لادو لە کۆڵانیکا بەسەرسامی ویستا، پەنجەی بۆ دوور راکیشا، زەلامیک بە غاردان بەرەو لای ئەوان دەهات.
– هۆوە، ئەژدەر نییە..
ملیکیانتس دیقەتیدا: خۆیەتی بۆ غار دەدا؟
لادو بە شڵەژاوی باسکی ملیکیانتسی گرت و دەرگای حەوشی خانوویەکی گەورەی نیشاندا: من خۆم بەم حەوشەیەدا دەکەم، شارەزام، دەچیتەوە سەر شەقامەکەی دی تۆ و ئەژدەریش لە دەرگای پشتەوە وەرن. ملیک تۆ کەمێ خۆت دواخە بزانەکەس بەدوای ئەژدەرەوە نییە؟ من لەوێ چاوەڕیتان دەکەم.
لادو خۆی بە حەوشەکەدا کرد، بە پەلە خۆی گەیاندە سەر شەقامەکە، لەبەر دەرگاکە ئەژدەر و ملیکیانتسی بینی، ئەژدەر هەناسە بڕکیی پێ کەوتبوو، بیگومان زۆری غاردا بوو، ملیکیانتسش پەشۆکا بوو، لادو لییان نزیک بووەوە، لە ئەژدەری پرسی:
– چی بووە؟ باشە نازانی ئەو غاردانە سەرنجی خەڵکی رادەکیشیت؟
ئەژدەر بە زەحمەت گوتی: دەچووم بۆ ماڵی جبرائیل بە شوینی ئیوەدا.
– چی قەوماوە! وەختەکە بە فیرۆ مەدە ئەژدەر... زووتر بڵێ...
– باکرادزە لە حاجی قابولدا گیراوە.
– ئەوە چ دەڵیی ئەژدەر؟ چۆنت زانی؟
– سایەقیکی ئاشنا پیی گوتم.
برۆکانی لادو هاتنەوە یەک، چاوەکانی لە قین و تووڕەییا دەبریسکانەوە، ملیکیانتس ورتەیەکی لیوەهات: ئەگەر ئەدرەسی بنکە نهینییەکەی باکۆی لێ دەربینن کار لە کار دەترازێ.
لادو دوای کەمێ بیرکردنەوە گوتی: تا هەواڵەکە دەگاتە دایەرەی ئەمنی ئیرە دەبێ شتێ بە شتێ بکەین. ملیک تۆ هاوڕییان ئاگادار بکەوە کە لەم رۆژانەدا بە هیچ جۆرێ کۆبوونەوە نەکەن، منیش دەبێ جبرائیل ئاگادار بکەمەوە کە جگە لە من ریی هیچ کەسیک نەدات هاتوچووی ماڵەکەی بکات، دەرگاکانیش توند قفڵ بدەم، ماڵی جبرائیل ئیدی بەکەڵک نایەت، دەبێ شوینیکی دی بدۆزینەوە و وریاتر بین. ئەژدەر تۆ لە دوای منەوە بێ، لەوانەیە کاری بە پەلە بیتە پیشێ و پیویستمان پیت بێ.
قسەکانی تەواو کرد.سەرو ژوور بە شەقامەکەدا بەرەو ماڵی جبرائیل کەوتە رێ. ملیکیانتسش بەرەو خوار بووەوە. ئەژدەر لە سوچیکا ویستا بوو، دوور بەدوور سەیری ماڵەکەی «باکرادزە»ی دەکرد، جگە لە کابرایەکی کوچە ماڵ و کوڕیکی بەڕوو فرۆش کەسی دی لە کۆڵانەکە نەبوو، چ شتیکی گومان بزوین نابینرا. لادۆش پتر لە دە چرکە بوو کە لە خانووەکەی باکرادزەدا بوو.

لەپڕ چەند کەسیک لە شەقامەکەی بەرانبەرەوە دەرکەوتن. هەندێ سەرەتاتکیان کرد و لەبەردەم خانووەکانا ون بوون. دوو کەسی تریش بە دوایانا هاتن. ئەم دووە بەبەر ماڵەکەی باکرادزەدا ڕەت بوون و دوور کەوتنەوە. ئەژدەر ترسی لینیشت، گومان لەوەدا نەما کە ئەمانە چاودیری ماڵەکەی باکرادزەیان دەکرد.

ئەگەر لە سوچیکا بوەستێ ڕەنگە سەرنجی پۆلیس راکیشیت، زۆر بە هیمنی لە کوریژگە بەڕووفرۆشەکە نزیک بووەوە، کەمێ بەڕووی کڕی، ئەوجا گەڕایەوە بە هەنجەتی ئەوەی کە بەڕووەکەی باش نییە هەندیکی دایەوە. بەم جۆرە پینج چرکەیەک لەویدا ویستا، چ هەواڵیک لە لادو نەبوو. چۆن هەواڵی ئابلوقەدانی خانووەکەی پێ رابگەیەنێ؟ هەرچەند سەری هیناو سەری برد، دەبوایە یەکڕاست خۆی بە خانووەکەدا بکات، ئەمەش مەحاڵ بوو، عەرەبانەیەکی جوان کە دوو ئەسپی ڕەش رایان دەکیشا پیچی شەقامەکەی بڕی و لەبەر دەم ماڵەکەی باکراد زەدا ویستا. ڤالتر دابەزی و یارمەتی سەرهەنگ پاروشینیدا کە دابەزێ، ئەژدەر ئەوانی چاک دەناسی، بەلای کەمەوە دوور بەدوور دیتبوونی. کەس نەبوو لە باکۆدا ئەوان نەناسێ.

پاروشین و ڤالتر دەمانچەکانیان دەرهینا و بە پەلە خۆیان بە خانووەکەی باکرادزەدا کرد.

ئەژدەر لە بەڕوو فرۆشەکە جیا بووەوە، خۆی بە حەوشیکی بچووکی بەرانبەرا کرد، ئیرە حەوشیکی بچووک بوو، تەیمانیکی چڕ لە جادەکەی جیا دەکردەوە. ئەژدەر خۆی لیرەدا مەلاسدا و چاوەڕوانی ئەنجام بوو.

هەتاو کەوتبووە پشت هەورەکانەوە، دنیا تاریک بوو، چ دەنگێ لە خانووەکەی باکرادزەوە نەدەهات. ئەژدەر چاوەڕوان بوو دەنگی گوللە بژنەوێ. چونکە لادو بۆ کاتی تەنگانە هەمیشە دەمانچەی پێ بوو، وەلێ چ دەنگێ نەهات.

چەند کەسیکی «ئاسایی» بە بێ خەمی لە ژیر پەنجەرەی خانووەکەی باکرادزە ویستان. چ کەسیک ئەژدەری نابینی، لە پشت تەیمانەکەوە ون بوو بوو، ئاگای لە ئەنجامی کارەکە نەبوو، ژوورەکەی باکرادزە ریگای بەسەر حەوشەکەی تەنیشتیا هەبوو. ئەگەر لادو لەویوە رای کردبا. ئەژدەر نەیدەزانی چەندی چاوەروان کرد. ئەنجام دەرگا کرایەوە، لادو، زەلامیکی دی کە ئەژدەر تا ئەو کاتە نەیدیتبوو، بە دەستی کۆمەلێ ئەمنەوە بوون و هینرانە دەرێ. ئەژدەر نەیدەزانی کەی ئەم هەموو ئەمنە رژابوونە ئەوێ. لەپڕ پۆلیسی نهینی بە جلکی مولکییەوە دەوری ئەو ناوەیان گرت. نزیکەی بیست کەس قۆڵ و باڵی فلادیمیر زاخاروفچیان گرتبوو. بە جۆرێ دەوریان گرتبوو دەتگوت ئامانیکی یەکجار گران بەهایان هەڵگرتووە و دەترسن بشکیت.

ئەژدەر سەرنجیدا کە بزانێ ئایا چ سەندوقیک یان کیسەیەکیان بەدەستەوەیە یان نا؟ کەهیچی نەبینی هیور بووەوە، دیارە فلادیمیر زاخاروفچ فریای شاردنەوەی کەرەستەی چاپخانەکە کەوتبوو.

سەرهەنگ پاروشین و ڤالتر تا دوور کەوتنەوەی ئەمنەکانیش هەر لەوێ ویستان. ئەوجا سواری گالیسکەکە بوون و رۆیشتن، کەس لە کۆڵانەکەدا نەما. کوچەماڵ و بەڕووفرۆشەکەش دیار بوو لە ترسا رۆیشتبوون، ئەژدەر لە پشت تەیمانەکەوە هاتە



دەرێ، بە پیچی شەقامەکەدا ڕەت بوو، بە ریی خۆیدا رۆیی، زۆر دڵی تەنگ بوو، لادو گیرا. بەبەرچاوی خۆیەوە فلادیمیر زاخارفچی دڵسۆزیان گرت، بەڵام ئەژدەر نەیتوانی بچووکترین کۆمەکی پێ بکات، ئاخۆ دەیتوانی یان لە گوینابوو جاریکی دی فلادیمیر زاخارفچ ببینێ؟ ئەژدەر بە خەمباری و بە پەلە شەقام و کۆڵانەکانی بڕی. ڕەنگی پەڕی بوو، ئەژنۆکانی دەلەرزین. لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە: ڕەنگە بتوانێ رزگاری بکات. بەڵام دەربازکردنی پیاویکی وەکو لادو لە چنگی ئەمن دەچووە ئەقڵەوە؟ پاسەوانی تایبەتی بۆ دادەنین تەنانەت نایەڵن باڵداریش بەسەریا بفرێ. ئەژدەر پەلەی دەکرد کە بگاتە چونیاتوف.

پازدە رۆژ دوای ئەم رووداوە. دیسان سەرهەنگ پاروشین لە رۆژی ١٨ی سپتامبردا بە خەمبارییەوە لە پشت میزەکەی دانیشتبوو، خەریکی راپۆرت نووسین بوو بۆ دایەرەکانی سەرەوە. لەو راپۆرتانەدا کە بۆ پاریزگای دەنووسی ئەوەی قەید دەکرد کە لادوکتسخوفلی بە هیچ جۆرێ زانیاری بەدەستەوە نادا، هەموو تۆمەتەکان دەگریتە ئەستۆی خۆی. دەڵێ چاپخانەکە بۆ شوینیکی دی گویزراوەتەوە. بەڵام ناوی شوینەکە ناڵێ، بە کورتی ئەوەی بە تەمای بووین دەست نەکەوت.

ئەوەی پاروشینی نیگەران دەکرد ئەوە بوو، ئەو لادۆیەی کە چەندین مانگ و ساڵ کون بەکون بۆی دەگەڕا ئیستا لەبەر دەستیا بوو. پاروشین سەری لیشیوا بوو، تەحقیقی بێ ئەندازە، ئەشکەنجە و ئازار و تیهەڵدانەکانی بەردی دەهینایە قسان، کەچی هەموو ئەمانە لەبەردەم ویستی پۆڵایینی لادوا هیچ نەبوون. هەموو جارێ قسەکانی هەوڵ جاری دووبارە دەکردەوە و چ زانیارییەکی بەدەستەوە نەدەدا.

پاروشین نەیدەزانی چی بنووسیت. برۆکانی هینایەوە یەک، سەری بەسەر کاغەزەکەیا داگرت و بەخەتی ورد کەوتە نووسین.

«ئەوجا دەڵێ کە بینی شوینە کۆنەکە بە کەڵکی چالاکی نینا نایەت، ناوی ئەم شوینە ناڵێ» بڕیاریدا بۆ شوینیکی تری بگوازیتەوە، ناوی شوینە تازەکە ناڵێ.

وشەی «ناڵێ» کە خۆی نووسی بووی، هیندەی تووڕە کرد کە لە رقاندا قەڵەمەکەی داناو هەستایە سەرپێ، زۆر تووڕە بوو، لە پشت میزەکەوە ئارامی نەدەگرت. یەک، دوو جاران بە ژوورەکەدا هاتو چوو، لەبەر پەنجەرەکەدا ویستا و کەوتە تەماشاکردنی ئەو خانووانەی کەلە ژیر تیشکی هەتاوەکەدا مۆڵیان خواردبوو، هەرچی کرد کە لادو لە هزری خۆی دوور بخاتەوە، نەیتوانی. دیسان کەوتە بیرکردنەوە، ژیانی لێ بوو بوو بە دۆزەخ، جەنەراڵ دەست بەرداری نەبوو، هاواری دەکرد، تووڕە دەبوو، جنیوی دەدا، هەڕەشەی دەکرد. دەتگوت مەنجەڵیکەوە و خراوەتە سەر ئاگر. یاری دەدەری جەنەراڵ فەرماندار «لیلیف» هەر تۆزە نا تۆزێ ئاگرەکەی جۆش دەدا و دەرفەتی ساردبوونەوەی بە مەنجەڵەکە نەدەدا، جگە لە جەنەراڵ فەرماندار، پەیتا پەیتا لە تەفلیسەوە نامە و تەلەگرافی سەرزەنشتی دەکرایە سەر. لە پترۆز بۆرگیشەوە هەر رۆژەی هەواڵیکی تازە دەهات. بەکورتی پاروشین سەری لێ شیوا بوو. ئیدی تەرفیع و بەرزبوونەوە و پلە وپایەی فەرامۆش کردبوو. خۆ ئەگەر ئەم ئەستیرانەی سەرشانی بۆ بپاریزرایە مەمنونی خوا دەبوو.

ئەنجام راپۆرتی بۆ تەفلیس و پترزبۆرگ نووسی، بە دوور و دریژی باسی کەسیتی و رەفتاری لادۆی کردبوو، تا ئەوانیش بزانن کە پاروشین خەنیمی چ بەلایەکە، بەمجۆرە باسی لادۆی کردبوو: «زۆر وریا و سرکە، لە کاتی تەحقیقدا هەوڵ دەدا ناوی ئەوانی دی نەڵێ.. ئەویش وەکو ئەوانی دی ناوی هاوکارەکانی ناڵێ.. بۆیە ناتوانرێ رادەی پیوەندی ئەو و شۆڕشگیڕەکانی دی دیاری بکرێ.»

ئەم جۆرە راپۆرتانە بیسوود بوون، باری پاروشین کەوتبووە لیژی. لەو لاشەوە بیریکی دی ئازاری دەدا. هەرچەند سەربازی لە دەوری زیندانەکە دانابوو، بەلام شەوان خەوی لێ نەدەکەوت، دەترسا لادو برفینرێ، پاروشین دڵنیا بوو کە ئەندامانی ریکخراوی باکوو رابەرەکانیان هەنووکە لە بیری دەرباز کردنی لادو دان. بۆیە بیری پاروشن لەلای ئەم مەسەلەیە بوو، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەییە ئەو ئەنجامەی کە هیشتنەوەی لادو لە زیندانی باکۆدا خەتەرە. لە ئاخروئوخری سپتامبردا، لادو بۆ زیندانی مەحکەم و ترسناکی «متخ»ی تەفلیس گویزرایەوە.

ئەورۆژە لە گەڵ سپیدەدا بەردەمی زیندان لە نوینەری کریکارانا جمەی دەهات تاکو ویستگا «لادو»یان بەریکرد، لەگەڵ یەکەم گزنگی بەیاندا لادو بە پەیژی فارگۆنەکەدا سەرکەوت، ریک لەم کاتە ئاوڕی لەو هاورێ کریکارانە دایەوە کە ئەویان بەرێ دەکرد، بە دەنگیکی دلیری پیاوانە هاواری کرد: برۆخێ زوڵم و ستەم! بژی ئازادی!

چەکی لەسەر پیی پاسەوانان هارەیان کرد، بەلام لادو بێ ئەوەی بایەخیان پێ بدات، چووە فارگۆنەکەوە، ئەمە دوا دیداری لادوکتسخوفلی بوو لەگەڵ کریکارانا.



30

کوت پڕ پایزیکی سارد دەستی پیکرد. پاش هاوینی گەرم سەرمایەیەکی تووش باکۆی داگرت، ئەگەر لە یەکیکی شارەزای کەش و هەوای باکۆ بپرسی «زستانی باکۆ کەی دەست پیدەکا؟» دەڵێ: « هەر کاتێ بایێ خەزەر *(مەبەست لەوبایەیە کە لەسەر دەریای خەزەرەوە دێ) هەڵکات.

هەفتەیەکە بای شیتی خەزەر شاری بەیەکا داوە، لەبەر تۆز و گەردەلوول چاوچاو نابینێ، دنیا تەمومژە، ئاسمان مۆنە، ژینیش ریک وەکو رۆژگاری پایز تاریک و تۆفانە. هەموو رۆژەکان چون یەکن، ئەوەی ناوی لە کولەکەی تەرا نەبێ شادی و خۆشییە. بەلام لەگەڵ ئەمانەشا ئینسان دەتوانێ لەم رۆژگارە ئالۆز و جەنجاڵەدا دڵخۆشی خۆی بداتەوە. ئومید و کەڵکەڵەی خەبات لە پیناو ئایندەی بەشکۆدا هیز و توانای بە ئەژدەر دەبەخشی، ئەو ئایندەی کە لە پیناویدا دەخەبتێ وەکو موگناتیس ئەژدەری بۆ لای خۆی رادەکیشا. ئایندە سەختە، لە هەموو هەنگاویکا حەپس و ئەشکەنجە و ئیعدام بۆی لە بۆسە بوو. بەلام گرنگ نییە هەمووی لە پیناوی ئازادی ملیۆنان رەش و رووتایە.

لادوی دلیر لە قەلای «متخ»ی تەفلیسدا حەپسە. لە زیندانیشا وەکو رۆژانی ئازادی سەربەرز و قارەمانە. ئەمنی دڕندە چوار دەوریان تەنیوە. لەو رۆژەوە کە لادو گیراوە کەس نەیتوانیوە بیبینێ، تەنانەت رێ نادەن خواردنی بۆ بنیردرێ. کە لە زیندانی باکۆ بوو، ئەژدەر دووربەدوور هەوڵی دیتنی دابوو. نەک هەر چوون بۆ زندان بەڵکو نزیک بوونەوە لەو ناوەشیان قەدەغە کردبوو. بەلام ئەژدەر بە هەزار فڕوفیڵ لەو ناوە نزیک بووەوە، تەنانەت لە رۆژیکی دیدارا هەوڵیدا خواردنی بۆ بنیریتە ژوورەوە. ئەمەش چ ئەنجامیکی نەبوو. پەنجەرەی ژوورەکەی لادو بەسەر حەوشەکەدا دەکرایەوە. بیستنی دەنگی و دیتنی خۆی لە دەریرا مەحاڵ بوو.

ئەو رۆژەی کە لادویان لە باکۆوە بۆ زیندانی تەفلیس دەگواستەوە. ئەژدەر دیتی. ئەوان پیوەنیدان لەگەڵ نیو زیندانا بەستبوو، چەند رۆژێ بوو ئاگاداری تەواویان لەمەڕ حاڵی لادو، ژوورەکەی و نیگابانەکانی هەبوو، لەم رۆژانەدا بوو کە هەواڵی گواستنەوەی لادویان بۆ تەفلیس پیگەیی.

ئەژدەر، پیوترچونیاتوف، بوگدان کنونیاتس کۆبوونەوەیەکی خیرایان کرد و دەربارەی ئەوە دوان کە ئاخۆ دەشیت لادو لە دەریی زیندان یان لە ویستگادا بفڕینرێ، بەلام هەر زوو پەیان بە بێ هوودەیی تەگبیرەکانی خۆیان برد. چونکە ئەمن و پۆلیس بە جۆرێ لادویان گەمارۆ دابوو. نزیک بوونەوە لیی مەحاڵ بوو.

ویرای هەموو ئەمانە ئەورۆژەی بڕیار بوو لادو بەرن، قەرار بوو شەمەندەفەرەکە پیش هەتاو کەوتن هەرەکەت بکات. نزیکی بەیانی کریکارانی ناوچە جیاوازەکان لە شەقامی بائیلدا خڕبوونەوە. کە کۆمەڵە گورگیکی چەکدار لادویان بەرەو ویستگا دەبرد. کریکارەکانیش دوایان کەوتن. سەکۆی ویستگاکە ئابلوقە درابوو، بەلام کریکارەکان لە پشت فیتەرخانەکەوە هاتن و بۆ دواجار لەگەڵ هاورێ دڵسۆزەکەیانا

دوعاخوازیان کرد. ئەو تاقە رستەیەی کە فلادیمیر زاخاروفچ لە کاتی چوونە ناو فارگۆنەکە گوتبووی هیشتا لە گوێی ئەژدەرا دەزرنگایەوە: «بڕۆخێ زوڵم و ستەم، بژی ئازادی.»

لە دەریرا رەشەبایەکی توندی دەهات، بەڵام لە ژوورەکەی ماریا فاسیلیۆفنادا بێ دەنگی زاڵ بوو. ئەژدر نەیدەتوانی قسان لە قسەی پورە ماریادا بکات. قسەی ئەو بۆ ئەژدەر یاسا بوو. ئەژدەر لە پشتی میزیکی بچووکەوە دانیشت و بە پەلە کەوتە خواردنی ئەو شوربایەی لە دوینیوە بۆیان هەڵگرتبوو، ورا سەرگەرمی ئوتوکردن بوو، کارەکەی تەواو کرد. کراسە ئوتوکراوەکەی بۆ ئەژدەر هینا. ئەژدەر کراسەکەی لەبەر کرد. ورا سەرنجیدا، یەخەی کراس و چاکەتەکەی بۆ ریک خست.

ورا و ئەژدەر ماوەیەکە لیک مارە کراون، ئەژدەر کە لە هەموو ژیانیا خیزانی بە خۆوە نەدیتووە و هەمیشە عەزرەتی ژەمە خواردنیکی گەرم بووە، ئیستا بۆ یەکەمجار لەزەتی خیزان دەچیژێ، پیکەوە کار دەکەن. هەرچەندە ئەژدەر شەوان بۆ خەوتن دەڕۆیشتەوە بۆ ژوورە تاریک و شیدارەکەی خۆی بەڵام بەیانی زوو لیرە بوو.

ماوەیەک بوو ئەژدەر لە دایەرەیەکی چکۆڵەی کارەبادا بە رۆژانە ئیشی دەکرد و هەندێ پارەی وەردەگرت. وراش لەگەڵ دایکیا جل درونی مالانی دەکرد. هەنووکە هەردووکیان جلی نوییان لەبەردایە. ئەو کراسەی کە ماریا دروو بووی زۆر لە ئەژدەر دەهات، ورا لە تەماشا کردنی تیر نەدەبوو.

ورا و ئەژدەر سووکە یارمەتییەکی پورە نساشیان دەدا. چونکە پاش مەرگی غولام حاڵیان زۆر خراپ بوو. ورا تا بەر دەرگا لەگەڵ ئەژدەرا هات. لەبەر دەرگا لیی پرسی:

– زوو دەگەڕییتەوە؟

– نازانم ورا گیان! بە سۆراخی کاریکی گەلێ گرنگەوە دەچم.

ورا هەرگیز خۆی لە کارەکانی ئەژدەر هەڵنەدەقورتاند. ئەگەر پیویستی کردبا خۆی دەیگوت: ئەگەر کارتان بە من بوو، پیم بیژە ئەژدەر.

ئەژدەر بە دڵسۆزییەوە نیگای دەکرد و دەیگوت: بیگومان پیت دەڵیم ورا گیان.

ئەژدەر هاتە کۆڵانەکە، هەرچەندە بایەکی ساردی دەهات بەڵام هەر رۆیی، لە پیچی هەر دوو شەقای «چادرووی» و «سباسکی» دا چونیاتوفی بینی کە چاوەڕیی ئەو بوو. چونیاتوف لە دوورەوە دەستی بۆ هەڵتەکاند. کە نزیک کەوتەوەبە پیکەنینەوە پیی گوت: خیرا کە برا، لە سەرما مردم.

چاک و خۆشیان کرد، بە دوو قۆڵی بە شەقامەکەدا سەرکەوتن، لەسەربەرە ژورەکەیا تووشی ملیک ملیکیانتس بوون.. ملیکیانتس بە بێ موبالاتی بە تەکیانا رەت بوو، پاش ئەوەی ماوەیەک چاوی بەو ناوەدا گیڕا و ئەوان دوورکەوتنەوە. هیواش هیواش دوایان کەوت.

چونیاتوف بە چپە بە ئەژدەری گوت: دەبێ ئەوڕۆ دوا هیرش بکەینە سەر جوبرائیل... دەبێ مەکینەکە و هەندێ پیتی لێ وەربگرینەوە، کارەکانمان دواکەوتووە...

– راستە، دەبێ ئەوڕۆ شتێ بە شتێ بکەین.



ماویەک بە شەقامی «چادرووی» دا رۆیشتن و خۆیان بە حەوشەیەکی بچووکا کرد. میلکیانتس هەڵوەستەیەکی کرد و دوا بە دوای ئەوان خۆی بەهەمان حەوشەیا کرد. حەوشەیەکی بچکولە و پاک و تەمیز بوو، هەر کە ئەوان چوونە حەوشەوە پیاویکی پەنجا ساڵە کە جڵ و بەرگی کوچەماڵی لەبەربوو، هاتە بەرانبەریان، بە وردی دیقەتی دان و بە دەنگیکی گڕ گوتی: برادەران، کاریکتان بە من هەیە؟

چونیاتوف سەری بردە بناگوێی ئەژدەر و ورتەورتیکی کرد: بە زمانی ئازەری قسە لەگەڵ ئەم پیاوەدا بکە، بڵێ جبرائیل گاز بکە، کاری تایبەتیمان پیی هەیە.

– من جوبرائیلم، روسیش دەزانم، فەرموو بڵێن.

چونیاتوف لیی نزیک بووەوە و بە ئەسپایی گوتی: بۆ شتەکان هاتووین.

جبرائیل برۆکانی هینایەوە یەک و: کام شتانە؟

ئەژدەر بە هیمنی گوتی: مامە جبرائیل! بۆ ئەو سەندوقانە هاتوین کە هاوڕیکەمان لای تۆی داناون.

چونیاتوف قسەکەی ئەژدەری قۆستەوە. هاوریکەمان سەندوقەکانی لای تۆ داناوە. نیشان بەو نیشانە کە دەیویست نهۆمی سەرەوەش بە کرێ بگرێ.

جبرائیل گسکەکەی خستە سەرشانی و بەرەو دەرگا چوو، بە ئەسپایی گوتی: نە هاوڕیتان دەناسم و نە خۆتان. سەرم قاڵە، دەبێ ئیرە گسک بدەم، بایەکە چی زڕ و زبڵی ئەم ناوەیە لەبەر ماڵەکەی منا خڕی کردۆتەوە.

کە ویستی لە دەرگا تیپەڕێ، چونیاتوف توند قۆڵی گرت: مامە، تۆزێ سەبر بکە. جبرائیل هەستی بە قورسی دەستی چونیاتوف کرد، ویستا، گسکەکەی لەلایەکەوە دانا، بە توندی گەڕایەوە: هەڕەشەم لێ دەکەن؟

چونیاتوف زۆر بە ئارامی گوتی: هەڕەشە بۆ؟ وەرە شتەکە بە قسەی خۆش ببڕینەوە. جبرائیل بە وردی دیقەتی هەر سێ کیانی داو گوتی: ئیستا ئیوە کە بە مەسەلەکە دەزانن، با ریک و رەوان پیتان بڵیم، من بەڵینم بەو پیاوە داوە، بەو کابرا گورجییەی کە سەندوقەکانی لای من داناوە، خۆی پیی گوتم: ئەو شتانەم بەکەس مەدە. منیش گوتم «بەسەرچاو» من بەڵینی پیاوانەم داوەتێ. ئەویش پیاویکی بەڕیزە و نینۆکیکی بە هەزار کەس ناگۆڕمەوە، با خۆی بیت و هەرچی هەیە ببیات.

– خۆی لیرە نییە، ئیمەی راسپاردووە، ئیمە هاوڕیی نزیکی ئەوین.

جبرائیل زەردەخەنەیەکی کرد، هەردوو دەستی خستە سەر سنگی و بە ئاستەم سەری دانواند: دۆستی دۆستەکەم، دۆستمە، فەرموونە ژوورێ. پیاڵە چایە بخۆنەوە. بەڵام با باسی ئەم مەسەلەیە نەکەین لەبیری خۆتانی بەرنەوە.

چونیاتوف و ملیکیانس تەماشای یەکیان کرد. چونیاتوف بە زمانی ئازەری گوتی:

– برای عەزیز ئیمە وەختی چا خواردنەوەمان نییە.

– ئی باشە کاتیکی دی وەرنەوە.

جبرائیل ئەمەی گوت، گسکەکەی هەڵگرت و چووە کولان، ملیکیانتس تۆزێ بیری کردەوە گوتی: پاش سەعاتیکی دی هەمووتان وەرن بۆ بائیل با تەگبیریکی ئەمە بکەین. ئیستا با بڵاوەی لێ بکەین.

رۆیشتن و له یەکدی جودا بوونەوە، ئەژدە ر یەک سەعاتی تەوو ماوەی بە دەستەوە بوو تا بۆ بائیل بچێ، بۆیە بە کۆڵانەکانا بەرەو کەناری دەریا کەوتە رێ. بایەکە وردە وردە کەم و هێدی دەبووەوە. کەش و هەوای باکۆ لە سروشت و رەوشتی هەندێ بیروکرات دەچوو. کەس کاتی هەڵچوون و هێمن بوونەوەی نەدەزانی. بۆ وینە ئەو بایەی لە بەیانییەوە هەموو شتێکی بەسەر یەکا دابوو. ئێستا خستبووی. ئەمە بۆ! کەس نەیدەزانی. ئەژدەر لە پێچی شەقامێکا تووشی پیاوێکی شپرزەی ریش و سمێڵ هاتووی ئاڵۆزاو بوو، خۆی لادا کە ئەو رەت بێ، بەڵام پیاوە ریشنەکە بە شادییەوە هاواری کرد و باوەشی پێدا کرد. قەدەرێ لە یەکدی رامان، پیاوە ریشنەکە بە زەردەخەنەوە گوتی: نەت ناسیمەوە؟ چەند زوو هاوڕێکەت فەرامۆش کرد؟

ئەژدەر وردتر دیقەتیدا، بە چاوەکانیا ناسییەوە و بە سەرسامییەوە گوتی:

– حەمەعەلی ئەوە تۆیت؟ بۆ وات لیهاتووە؟ خۆ حەپس نەبوویت؟

حەمەعەلی قۆڵی ئەژدەری بەردا و بە ئەسپایی گوتی: هەر ئێستا هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە برا! وەرە با بڕۆین، دەست بەردارت نابم.

چوونە کۆڵانێکی لاتەریک و بێدەنگەوە. ئەژدەر بەسەرسامی لە حەمەعەلی رامابوو. کراس و پانتۆڵەکەی لەبەر پینە دیار نەبوون گۆناکانی قوپا بوون، ئێسکەکانی دەموچاوی دەرپەڕی بوون. دیار بوو زۆر لەمێژبوو تەراشی نەکردبوو. کە ماوەیەک رۆیشتن حەمەعەلی گوتی: ئەژدەر مانگێک پترە بە دووی تۆدا ویڵم، کانزاو کارخانە نەما نەگەڕیم، کەس هەواڵی تۆی نازانی، هەندێ کەس بە ئەسپایی بە گوییانا دەچپاندم کە: «دوای ئەوەی لە خۆپیشاندانەکەدا بریندار بوو، ئیدی چ هەواڵێکی نازانین» تەماشایەکی ئەژدەری کرد و پێکەنی، ئەژدەر لەم کاتەیا هەستی کرد کە حەمەعەلی چەند رۆژێکە هیچی نەخواردووە بۆیە ئەوەندە چڕوساوەتەوە. حەمەعەلی وەک بڵێی لە نیگاکانی ئەو حاڵی بوو.

– وەکو دەرۆزەکەران دەژیم، بە چەند رۆژ جارێ ژەمێ نانم دەخوارد. با لیرە رەت بین...

ئەوسا پێت دەڵێم کە بۆ وام بەسەر هاتووە و بۆ بە دوای تۆدا دەگەڕام.

گەیینە کەناری دەریا. کۆڕنیشەکە یەک پارچە هات و هاواری کۆڵ هەڵگر و عەرەبانچی بوو. دیار بوو لە ئیرانەوە کەشتی هاتبوو. چونکە کۆڵ هەڵگرەکان تەلیسە میوژیان لە عەرەبانەکە بار دەکرد.

چونە ئەوبەری شەقامەکە، ماوەیەک بە کەنارەکەدا پیاسەیان کرد و ئەوجا لەسەر تاشەبەردێک کە شەپۆلی دەریا نایگرتەوە، رووە و دەریا دانیشتن. ئەو دەریایەی کە دوو رۆژ بوو بە دەستی تۆفانەوە دەیناڵاند. ئەورۆ نیشتبووەوە. کەفی سەردەریاکە لە پۆلە کۆترێکی سپی دەچوون کە بەریز بەرەو کەنار دەکشان و لەگەڵ وردە شەپۆلەکاندا ون دەبوون. لەم کاتەدا ئاوی دەریاکە زەردی دەنواند. سۆنەی ئاوی لە نزیکی کەنارەکەوە دادەکشان، دەنووکیکیان لە ئاوەکە دەدا و هەڵدەستانەوە و بەرە بەرە لە میانی کیوەکاندا لە چاو گووم دەبوون.

حەمەعەلی دوای ئەوەی بە خەمبارییەوە تەماشای ئەم دیمەنەی کرد، بێ ئەوەی



تەماشای ئەژدەر بکات کە چاوەڕیی قسەکردنی ئەو بوو، دریژەی بە قسەکەیدا: ئەژدەر من ئیدی حەمەعەلییەکەی جاران نیم، ئەو حەمەعەلیەی کە حیسابدارەکەی دارکاری کرد و پەلاماری پۆلیسیدا، نەماوە. من پەیم بە هەڵەکەی خۆم برد، نەک لیرە.. بەڵکو لە لادیدا پەیم پیبرد. پاش ئەوەی تۆم بینی چوومەوە بۆ گوندەکەی خۆمان. جووتیاران لە دەورم خڕ بوونەوە. گوتیان باسی شارمان بۆ بکە! منش هەر چیم دیتبوو و بیستبوو بۆم گیڕانەوە. وام پیشبینی دەکرد کە هەر ئیستا هەموویان ئافەرین و دەست خۆشیم پێ دەڵێن، بەڵام نەیانگوت.. حەمەجەعفەری برام پیاویکی فامیدەیە، پاش ئەوەی بە وردی گوێی لە قسەکانم بوو گوتی: برا! تۆ چ هەواڵێکی تازەت لە باکۆوە بۆ نەهیناوین. ئەو قسانەی کردنت پیشتر بیستبوومانن، تۆ لەوێ لە پۆلیست داوە. ئیمەش لیرە چەند مامورێکمان دارکاری کردووە. ئەم کارانە چ سوودێکیان هەیە؟ تۆ بڵێ بزانین چارەی رزگار بوون لەم بەڵایە چییە؟ دەربارەی ئەوە قسان بکە.. دەم و دەست ئەو بڵاوکراوەیەم بیر کەتەوە کە تۆ بە دەرگای کارخانەی شیبایفەوە نابوو...

ئەژدەر راپەڕی. چاوی بڕییە چاوانی حەمەعەلی و گوتی: من بڵاوکراوەم لە هیچ شوینێ هەڵنەواسیوە...

حەمەعەلی بێگوێدان بە قسەکەی ئەو، لەسەری رۆیی: باشە گریمان تۆ هەڵت نەواسیوە. هەقمان بەسەر ئەوەوە نییە.. حەمەجەعفەر کە چاوی بە بڵاوکراوەکە کەوت گوتی: ئەها.. بزانە ئەمە شتی تازەیە! بڵاوکراوەکە دەست بە دەست و ماڵ بە ماڵ گەڕا، براکەم هەندێ داری فرۆشت و پارەی سەفەری منی فەراهەم کرد و گوتی: «بچوو بۆ باکۆ لەم جۆرە کاغەزانە بینە. بەناوی ئیمەوە تکا لە نینای خوشکمان بکە کە باسی حاڵی ئیمە لەم جۆرە کاغەزانەدا بنووسیت.

حەمە عەلی پێکەنی خەمبارییەکەی تۆزێ لەمەوبەری نەما. کە قسەی دەکرد بەرە بەرە لە حەمەعەلییەکەی جاران دەچووەوە، ئاوڕی دایەوە و بەرانبەر ئەژدەر دانیشت. بە پێکەنینەوە گوتی: کە گەییمە باکۆ دوای هەفتەیەک پارەم پێ نەما.. جلەکانی ژیرەوەم فرۆشت. پاشان جلەکانی تریشم فرۆشت و ئەم نیو داشتانەم کڕین.. یەک، دوو جار چووم بۆ کارخانە و هاڕێکانم یارمەتیان دام.. ئیستا شەرم دەکەم بچمەوە بۆ لایان. ناشتوانم بۆ گوند بگەڕێمەوە. هەم پارەم نییە و هەم لەژیر چاودیریدام. ماڵی براکەشمیان روخاند ئەویش ئیستا قاچاغە. خۆی لە شاخەکانی قاراباغدا شاردۆتەوە. تەواو نائومید بوو بووم. نازانم ئەگەر تۆم نەدیتبا چم کردبا...

تۆزێ بێدەنگ بوو، دەتگوت لە قسەکانی خۆی تەریق بووەتەوە، بۆیە دەرفەتی ئەژدەری نەداو گوتی: وا نەزانی من بۆ نان بە دوای تۆدا دەگەڕیم... نا.. نامەوێ بە دەست بەتاڵی بۆ ئەوێ بگەڕێمەوە. دەستی بۆ شوینیکی نادیار راکیشا. رەنگە وای زانیبێ کە قاراباغ کەوتبیتە ناو چیاکانی باکۆوە.

ئەژدەر پاش کەمیک بیرکردنەوە، زۆر بە هیمنی گوتی: حەمەعەلی واز لەم قسانە بینە... نینا کییە؟ ئەم بڵاوکراوانە لە کوێ چاپ دەکات؟ ئەمانە کاری من نین. تۆ کە هانات بۆ من هیناوە هەر ئەوەندەم لەسەرە کۆمەکت پێ بکەم، کلیلەکەت دەدەمێ و برۆ بۆ ژوورەکەی من. ئەم جلانە فرێ بدە و جلە کۆنەکانی من لە بەر بکە. ئەوجا بچۆ

لای دەلاک سەرت بتاشە. نان بکرە و بیخۆ. بچۆ بۆ حەمامم و پاشان بۆ ژوورەکەی من بگەڕێوە. تۆزێ بخەوە و ئیسراحەت بکە... شەو دیمەوە قسان دەکەین.

کلیلی ژوورەکەی لە گیرفانی دەرهینا، ئەدەرسی ماڵەکە و هەرچی پارەیەکی پێ بوو دایێ و گوتی: تۆ برۆ من تۆزێ کارم هەیە ئەگینا لەگەڵتا دەهاتمەوە.

حەمەعەلی کلیل و پارەکانی وەرگرت، ماوەیەک حەپەسا، ئەوجا بە شادییەوە گوتی:

– هەر بژی برا! رۆژێ دێ ئەم چاکەیەت دەدەمەوە.

لە یەکدی جودا بوونەوە، ئەژدەر ئەو رۆژەی بیر کەوتەوە کە چۆن خۆی بە زنجە بچکولەکەی نیو حەوشەی ویستگای بائیلدا کرد و فلادیمیر زاخاروفچ هەستی بە حاڵی کرد و یارمەتیدا، ئیستاش ئەگەرچی لادو لیرە نییە، بەڵام ئەو ئاوەی کە رشتویەتی کاری پێ دەکرێ.

چونیاتوف لە پشت میزیکەوە دانیشتبوو، ددوشکاش لەتەکییەوە بوو، کنونیانتس دەهاتودەچوو، ئەژدەر هەستی دەکرد کە گرتنی لادو هەرسیکیانی بە ئەندازەی چەند ساڵیک پیرو شکستە کردوە. خەباتی مەزن، ساڵی بە مانگ و مانگی بە ساڵ دەگۆڕی.

داوی سپی کەوتبوونە ردینی ملکیانتس بەتایبەتی برۆکانی لە دوورەوە دیار بوون. کنونیانتش لاوازتر و چاوەکانی بە قولاچوو بوون. «سیلوستر تودری یا» ی شۆڕشگیری ناودار لە خوار میزەکەوە دانیشتبوو.

پاش گرتنی لادو، ئەژدەر دوو، سێ جار «تودری یا»ی بینی بوو، کابرایەکی هیمن و روناکبیر بوو، دەوریکی باڵای لە خستنەوەگەڕی چاپخانەکەدا هەبوو، بە زەردەخەنەوە دەستی بە ردینی دادەهینا. کە ئەژدەر نزیکتر بووەوە بە هەر دووک دەستان و بە گەرمی دەستی ئەژدەری گوشی. پاش ئەوەی دەرگایان داخست چونیاتوف دەستی بە قسان کرد. بە دریژی باسی ئەو خانووەی کرد کە بوگدان کنونیانتس و سیلوستر تودری یا لە گەڕەکی «ئاشاغی تازاپیر» پەیدایان کردبوو. چۆن ئەم بنکەیە لە هەموو رویەکەوە گونجاوە ئەوجا هاتە سەر چۆنیەتی گواستنەوەی کەرەستەکانی چاپخانەکە بۆ بنکە تازەکە و گوتی:

– ئیدی ناکرێ پیتەکان لە ماڵی جوبرائیل بن و ئیمەش دەستەو ئەژنۆ دانیشین، من رام وایە کە .. بە وردی سەیری هەموویانی کرد و ئەوجا لە ئەژدەر نزیک بووەوە، دەبێ ئیمە، واتە پیوتر و ئەژدەر، هەر ئەورۆکە مەسەلەکە چارەسەر بکەین. وا نییە ملیک؟

ملیکیانس دوای تۆزێ بیرکردنەوە گوتی: جبرائیل وا خۆی دەنوینێ کە پیاویکی زۆر سەر راستە، نایەوێ لەو قەولە بیتە خوارەوە کە بە فلادیمیر زاخاروفچی داوە. بەڵام من وا تیدەگەم کەرەستەی چاپخانەکە ئەویشی سەخلەت کردووە. ئەگەر شتێ بوایە کە لە بازار بیفرۆشرایە دەمێ بوو لەناوی دابوون. هەم دەترسێ باسی بکات و هەم پەلەیەتی کە لە کۆڵی بیتەوە. لە هەمانکاتیشا دەیەوێ قازانجیکی دەست بکەوێ. بەرای من بە هەندێ پارە مەسەلەکە چارەسەر دەکرێ.

هەموو قسەکەی ئەویان سەلماند.



– زۆر راستە...

ئەژدەر و چونیاتوف بڕیاریاندا کە دەمەو عەسەر سەرێ لەوێ بدەن، لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، ئەژدەر باسی دیدارەکەی خۆی و حەمەعەلی کرد. تەواوی ئەو قسانەی نیوان خۆی و حەمەعەلی بۆ گیڕانەوە. ئەو دەیزانی کە لەم جۆرەکارانەدا بڕیار بڕیاری کۆمیتەی باکۆیە. مەحاڵ بووبێ ئاگاداری لق چ وەڵامیکی حەمەعەلی بداتەوە. چونیاتوف پاش گویگرتن لە قسەکانی ئەژدەر، دەستی بە قسان کرد: ئەژدەر رای هاوڕییان بە جیی خۆی، بەڵام بەرای من کاریکی چاکت کردووە کە حەمەعەلیت بۆ ژوورەکەی خۆت ناردووە ویارمەتیت داوە. گوند لە ژیر پۆستالی مامورانی تزار وبەگ و خاناندا دەناڵینێ. هەڵوەشاندنەوەی سەرانە فیلڵیکە و تزاریزم بۆ فریودانی ملیۆنان جوتیاری روسیا بەکاری هیناوە. ئیمە پرۆلیتری شاری باکۆ لە سەرمانە کۆمەکی دیهاتیانی ئازربایجان بکەین و ریبەریان بکەین و بزووتنەوەی ئازادی خوازانەیان بخەینە سەر ریگای راست و دروست.

کونیانتس هەڵیدایێ و گوتی: ئەژدەر چاکی کردووە کە هیچی دەربارەی نینا و بڵاوکراوەکانی بە حەمەعەلی نەگوتووە، هەرچەندە حەمەعەلی هوشیار بووەتەوە و پەی بە هەڵەکانی خۆی بردووە و هەروەها هەستی بە گیانی شۆڕشگیڕی خەڵک کردووە.. بەڵام دیسان دوای چەند جاریک تاقیکردنەوە ئەوسا دەکرێ بڵاوکراوەی بدریتێ و بۆ گوندی بەرێ. ئەگینا خۆشی کەشف دەکات وخەڵکانی تریش بە دەمەوە دەدات..

– زۆر راستە...

پیوتر لە تەک ئەژدەر دانیشت، بەدەم بیرکردنەوەوە گوتی: ئەژدەر من دڵنیام کە تۆ هەرگیز باسی پیوەندی خۆت بە چاپخانەکەوە بۆ کەس ناکەیت،، وا نییە؟ هەرچەند پیویست بەم قسەیەش ناکات، چونکە تۆ دەرچووی قوتابخانەی نهینی کاری لادوکتسخوفلیت کە لە گەڵ حەمەعەلیدا قسان دەکەیت نەکا پەی بە پەیوەندی تۆ و ریکخراوی نهینی بەرێ. بەڵام لە لایەکی ترەوە ناکرێ ئەو دیهاتییانەی کە دەستیان بۆ دریژکردووین یارمەتی نەدرین تۆ دەبێ فیری بکەیت کە چۆن و دەربارەی چ بابەتێ قسان لە گەڵ دیهاتیانا بکات، بەڵام تەنیا بە ناوی خۆتەوە. حاڵی بووی؟ پیی بڵێ خۆی لە هیچ جۆرە سەودا کارییەک نزیک نەکاتەوە.. بە زمانی لووس و دەمی تەڕ هەڵنەخەڵەتێ و تەواوی جەماوەری جووتیاران بخاتە سەر زەوقی خەبات کردن.

«تودری یا» کە تا ئەم ساتە چ قسەیەک نەکردبوو، بە هیمنی گوتی: ئەگەر ئەم دۆستەی تۆ کەسیکی متمانە پیکراو دەرچێ و لە تاقیکردنەوەکانا دەربچێ دەبێ بە یەکەم ریبەری نیوان پرولیتاریای باکۆ و جوتیارانی گوندەکانی قاراباغ، پاشان تۆ ئەم پەیوەندییە پتەوتر دەکەیت، هاوڕێ لنین فیرمان دەکات کە سەر ئامەدی چینی کریکار لە سەریتی ریبەری بزووتنەوەی جووتیاری بگریتە ئەستۆ و شیوەی راکیشانیان فیر بێ..

ئەژدەر زۆر بە وردی گویی بۆ راو سەرنجەکانیان شل کرد. ئەو هەمیشە قسەی ئەو هاوڕییانەی کە تەجرەبە و زانیارییان پتر بوو وەکو گوارە لە گوێ دەکرد و ئەزبەری دەکردن. وەکو قوتابییەک بوو کە گوتەکانی مامۆستای ل میشکی خۆی دەنەخشاند و

قوتابخانە و دەرسی بە پیرۆزترین شت دەژمارد.

پاش نیوەڕۆ، دوای ئەوەی یەکیک لە ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ، کە لە کریکارانی بی بی هەیبەت بوو، کارەکەی تەواو کرد و پیوەندی بەوانەوە کرد، چونیاتوف هۆی کۆبوونەوەکەی باس کرد، دوای ئەوەی چونیاتوف دەربارەی مانگرتن و ئەو خۆپیشاندانانەی کە قەرار بوو لە مانگی مارتدا بکرین دوا، سێ کەس وەکو ئەندامانی کۆمیتەی راپەڕاندنی پرۆژە و نەخشەکە هەڵبژیردران، مەسئولیەتی بنەڕەتی ئەم کۆمیتەیە خرایە ئەستۆی پیوتر چونیاتوف.

گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە تا شەو دریژەی کیشا، لەگەڵ رەچاوکردنی دەوری بنەڕەتی چاپخانەکەدا لە رووداوەکانی مارتی ئایندەدا، چارەسەرکردنی تەواوی مەسەلەی کەرەستەی چاپخانەکە خرایە ئەستۆی پیوتر و ئەژدەر، تا شەویکی درەنگ لەم ژوورەدا مانەوە و ئەوجا یەک یەک بڵاوەیان لیکرد. چونیاتوف و ئەژدەر گالیسکەیەکیان بە کرێ گرت و دیسان بۆ شەقامی «چادرووی» هاتن. عەرەبانەکەیان تۆزێ لەو لای خانووەکەی جبرائیلەوە راگرت و بە عەرەبانچیەکەیان گوت: بۆ هیچ شوینێ نەڕۆی.. بار دینین..

حەوشەکە تەواو تاریک بوو، تەنیا چرای ژوورەکەی جبرائیل پێ بوو، بە ئەسپایی لە دەرگا نزیک بوونەوە و لییان دا، کوریژگەیەکی دە، دوازدە ساڵان دەرگای کردەوە. لییان راما، چونکە کەسیانی نەدەناسی بەسەرسامی پرسی: کیتان دەوێ؟

– بابت لەماڵە؟

– بەڵێ.

– بڕۆ گازی بکە.

– لەم تاریکییەدا مەوەستن فەرموونە ژوورەوە.

کوڕەکەی بە روویەکی خۆشەوە بردیانی بۆ ژوورەکە و لەم کاتەدا جبرائیل خۆشی هات، بە وردی سەرنجی چونیاتوفیداو بەسەرسامی پرسی: دیسان گەڕانەوە؟

چونیاتوف گوتی: بەڵێ.

کاتێ جبرائیل بە بیدەنگی لەبەر دەرگا ویستا بوو، چونیاتوف بە شۆخییەوە گوتی: «بەرۆژەوە خوڵکی چایت کردین، ئەوسا کاتمان نەبوو، وا ئیستا هاتووینەتەوە، میوان راناگری؟»

جبرائیل وەک بڵیی لە خەو راپەڕی، بزەیەکی کر د و بەر دەرگاکەی بەردا و بە دەنگی بەرز گوتی: فەرموون، پیڵاوتان لەسەر چاوم.

چوونە ژووریکەوە، تابلۆی جۆراوجۆر لەسەر دیوارە بۆیە کراوەکانی دروست کرابوون. تابلۆی دیوارەکەی بەرانبەر دیمەنیکی داستانی لەیلاو مەجنونی دەنواند. مەلیک لە نیو قژی مەجنوندا هیلکەی کردبوو، خۆشی لە نیو کۆمەڵیک تاشەبەردا دانیشتبوو، گیاندارانی کیوی سەر گەورەی لاق باریک دەوریان دابوو. لە دیوارەکەی تەنیشتەوە وینەی کوڕ و کچیک کرابوو کە سەرگەرمی بۆن کردنی گوڵ بوون. کۆمەدییەکی گەوەر لە سوچیکی ژوورەکەدا بوو، کۆمەڵێ چرای نەوتیان لەسەر کۆمەدییەکە دانابوو، پەڕە تاوسیک بە شووشەی یەکیک لە چراکانەوە کرابوو.



جبرائیل جلی کوچە ماڵی فڕیدابوو، جلی «ئاغایانەی» پۆشی بوو، چاکەتیکی دریژی لەبەر کردبوو، و لەبری کڵاوە کۆنەکەی، کڵاویکی نویی جوانی لەسەر کردبوو.

چونیاتوف و ئەژدەر لە پشت میزیکی بە مشەمای شین باو داپۆشراودا دانیشتن، جبرائیل لەسەر کورسییەک بەرانبەر بەوان دانیشت. رووی بۆ لای ژوورەکەی تەنیشتەوە وەرگیڕاو گازی کرد: چای بینن.

تا هاوردنی چایەکە کەس قسەی نەکرد، دوای کەمیک کوریژگەکە سێ پیاڵە چاو قاپێ مرەبای بەسەر سینییەکی جوانەوە هینا. جبرائیل چایەکانی لەبەردەم میوانەکانا دانا و بە ریزیکی زۆرەوە گوتی: تکا لە میوانە عەزیزەکانم دەکەم ئیرە بە ماڵی خۆیان بزانن.. چایەکانتان بە مرەباوە بخۆن. چونیاتوف تەماشایەکی جبرائیلی کرد و پیالەکەی لەلایەکەوە داناو زۆر بە جیدی گوتی: راستیەکەی من نامەوێ لە ماڵی پیاوی وەکو تۆدا چا بخۆمەوە.

ئەگەر یەکیکی دی و لە شوینیکی تردا ئەم قسەی کردبا، جبرائیل خۆی لەبەرچاو دەکەوت، بەڵام لیرەدا قسەکەی چونیاتۆف نارەحەتی نەکرد، دوای کەمیک رامان، بە هیمنییەوە گوتی: باشە ئەگەر نیازت وابوو کە چای من نەخویتەوە، ئەدی بۆچ بۆ ماڵی «پیاوی وەکو من» هاتوویت؟

– خۆت باشتری لێ دەزانی.

جبرائیل تۆزێ بیری کردەوە، ئەوجا چایەکەی لەبەردەم چونیاتوف دانا و گوتی: کە چا تیکرا دەبێ بخوریتەوە. من ئەوەندەش خراپ نیم کە چایم نەخوریتەوە. من قەوڵم داوە و ناتوانم قەوڵی خۆم بشکینم، خۆتان...

جبرائیل کڵاوەکەی داکەند و لەسەر میزەکەی داینا، ئەو پیاوە بەو سەرو سیمایەوە رووی لێ ناوم، کە ئاگام لە شتەکانی بێ و نەیدەمە کەس، ئیستاش کە بیدەم بە ئیوە زۆر شەرمەزار دەبم، ئەگەر رۆژێ بیتەوە و داوای ئەمانەتەکەی بکات مەگەر سەری خۆم هەڵگرم و لە دنیا دەرچم.

چونیاتوف کە ئەمەی بینی بە توندی گوتی: ئیمە پیاو گەلیکی درۆزن نین... ریک و رەوان پیت دەڵیین کە خۆی ئیمەی راسپاردووە کە شتەکان لیرە بگوازینەوە.

– باشە.. با پارچە کاغەزیکی بچووک بنووسیت، ئەگەر خۆشی ناتوانێ بیت ریگای من بدەن بچمە کنی.

– لەم شارە نییە.

– ئەدی لە کوییە؟

– بۆ شاریکی دی چووە.

جبرائیل بە ئەژدەری گوت: کاکی برا! تۆ بوسوڵمانیت و رەوشتی ئیمە دەزانی.. ئاخر پیاو لە قسەی خۆی ژیوان نابیتەوە. دوایی من لەلای ئەو شەرمەزار دەبم.

ئەژدەر بە هیمنی گوتی: مامە جبرائیل! ئەو خۆی بۆ ئیرەی ناردووین ئەگینا ئیمە چوزانین ماڵی تۆ لە کوییە و چی تیدایە؟ دڵنیا بە ئیمە ئەوەندە نا پیاو نین کە فیڵت لێ بکەین.

جبرائیل چووە ژیری، بیدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کیشا.

دوای تۆزێ گوتی: ئەدی خەسارەتەکەی من؟

– خەسارەتی چی؟

– ئەم ماوەیە لەبەر ئەو خانووەکەم بە کرێ نەداوە، ئەمە خەسارەتیکی زۆرە بۆ من. ئەدی کێ ئەم زیانەم بۆ دەبژیرێ؟

چونیاتوف یەکڕاست دەستی بە گیرفانیا کرد، هەندێ پارەی دەرهینا و لە سەر میزەکە داینا. جبرائیل بەریزیکی زۆرەوە پارەکەی هەڵگرت. بە وردی ژماردی و خستیە گیرفانی پانتۆڵەکەی و سنجاقیکی لیدا. ئەوجا بە دەم زەردەخەنەوە گوتی: جارێ چایەکەتان بخۆنەوە.

چاکەیان خواردەوە. جبرائیل هەستاو گوتی: فەرموون بۆ سەرەوە.. سەندوقەکان لە نهۆمی سەرەوەن.

لەو دەمەدا کە بەرەو دەرگا دەچوون، چونیاتوف بە ئەژدەری گوت: ئەژدەر عەرەبانەکە بینە ناو حەوشە.. لە دەرەوە دەبێ بەدەنگە دەنگ.

پیش هینانی عەرەبانەکە، چونیاتوف و ئەژدەر بە نیخە نیخ سەندوقەکانیان هینایە ناو حەشەوە. جبرائیل بێ ئەوەی دەست بە شتیکەوە بدات لە سوچیکا ویستا و سەیری دەکردن. بەدوو قۆڵی بۆیان بار نەدەکرا، ئەژدەر بە عەرەبانچییەکەی گوت: وەرە یارمەتییەکمان بدە کاکی برا، بەڵام وریابە نەشکێن، فەغفوری تیدایە.

عەرەبانەکەیان پڕ کرد، دوعاخوازیان لە جبرائیل کرد و کەوتنە رێ. شەقامەکە کپ و تاریک بوو. عەرەبانەکە سەرەو خوار بە شەقامی «چادروی»دا، شۆر بووەوە، شوینە تازەکەی نینا لەگەڕەکی «ئاشاغی تازابیر» بریتی بوو لە خانوویەکی دوونهۆمی، نهۆمی خوارەوەی خانووەکە بریتی بوو لە ریزە دوکانیکی چۆڵ، چونکە زۆربەی دانیشتوانی «ئاشاغی تازابیر» بێ کار و دەست بەتاڵ بوون، کەس زاتی نەدەکرد لەوێ دوکان بکاتەوە. بۆیە خاوەن خانووەکە لە بەکریدانی دوکانەکان نائومید بوو بوو، هەموو قفڵیان لیدرابوو، لە نهۆمی سەرەوەشدا دوو هەیوانی روو لە کۆڵانەکە لەسەر شیوازی بیناکاری رۆژهەڵاتی دروست کرابوون.

هەموو نهۆمی سەرەوە لە ئیختیاری «نینا» دابوو، سەندوقەکانیان ئەوەندە بە وریایی و بیدەنگی بردە سەرەوە، تەنانەت خیزانەکەی داداشوفیش پیی نەزانی، چاپخانەکە وەکو جاران و لەسەر هەمان شیوەی کە فلادیمیر زاخاروفچ دای نابوو، دانرایەوە. کەرەستەکان وەکو بیلبیلەی چاو پاریزگاریان لێ دەکرا. لبادیان بە هەموو دیوارەکانی ژوورەکەدا داکوتی بوو. بەتایبەتی ئەو ژوورەی کە مەکینەکەی تیدا بوو، بە دوو قەدی لبادیان لیدابوو، ئەگەر تۆپیان تیدا بتاقاندبایە دەنگی نەدەچووە دەرێ.

جگە لە خۆیان تەنیا داداشوف دەیزانی کە چاپخانە لەم خانووەدا هەیە. ئەویش نەیدەویرا هەر ناوی بینێ. چونکە پییان گوتبوو لەبەر ئەوەی ناتوانن مۆڵەتنامەی رەسمی وەربگرن ناچارن کە دەفتەری موغازەکان و قوتابخانە و ئیعلاناتی رەنگاورەنگی سیحربازان لە ترسی جەریمە کرن بە نهینی چاپ بکەن. داداشوف تەنانەت دەترسا ئەم رازە لای ژنەکەشی بدرکینێ. ئەگەر بزانن چاپخانەی نا رەسمی لەماڵەکەی دایە ئەوەندەی جەریمە دەکەن کە بەسەرو ماڵەوە تیا بچێ. لەم سەردەمەدا



جەریمە کردن وردە مولکداران و وردە بورژواکانی نۆغرۆ دەکرد. جەریمە کردن شیوەی یاسایی سەرکوتکردنی تویژە ناوەنجی حاڵ و کەم دەرامەتەکان بوو. داداشوف کە چەندین ساڵ بوو کریچییەکەی باشی لێ هەڵنەکەوتبوو. بەو کرییە رازی بوو کە چاپخانەکە دەیدانێ. بەڵام لەبەرخاتری ئەم کرییە تەنانت ریگای نزیکترین خزمی خۆی نەدەدا هاتوچۆی ماڵەکەی بکەن.

نینا بێ وچان کاری دەکرد. بەهەر چوار زمانی روسی، گورجی، ئەرمەنی و ئازەری بڵاوکراوە و نامیلەکەی چاپ دەکرد. جگە لەو کەسانەی کە لە بائیل دا دیتمانن. تاییپست و پیت ریکخەری نهینی -کە چ پیوەندییکیان بەدەرەوە نەبوو- لەم دواییەدا ڤاستروواش کە لە تەفلیسەوە هاتبوو، لە چاپخانەکەدا کاریان دەکرد.

ئەژدەر و ورا دەوری سەرەکیان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نینادا هەبوو، هەر دووکیان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەستپیکردنەوەی نینا بوون. ئەژدەر لە ورا زیاتر لە ریکخراوەوە نزیک بوو، پاش ئەوەی کارەکەی حەمەعەلی رایی کرد و رەوانەی قاراباغی کرد لە گەڵ هاوڕییانی دیدا لە چاپخانەکەدا کەوتە کارکردن، وراش هەرچەند هەندێ کاری بچووکی ئەنجام دەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە چاپخانەکەوە دوور بوو هەستی بە دڵتەنگی دەکرد. وای هەست دەکرد کە ریک و کانزا و کارخانە و کارگەکان بە حوکمی بێ بەشیان لە بڵاوکراوە و رۆژنامەکانی ئەوان کەوتۆتە ژیر هەوریکی تاریکەوە، بۆ رەواندنەوەی ئەم هەورە رەشە دەبوایە چاپخانەکە سەر لەنوێ و زۆر خیرا دەست بە کار بکاتەوە و ورا وەکو جاران ئەو بڵاوکراوە بچووکانەی کە قسەی گەورەیان لەسەر چاپ کرا بوو بڵاو بکاتەوە.

کە نینا لە ئوکتبەری ساڵی ۱۹۰۲ دا، پاش شەش مانگ سەرلەنوێ دەستی بە کار کردەوە. ئەژدەر و ورا ئەوەندە خۆشحاڵ بوون دەتگوت شادییەکی گەورە و چاوەڕوان نەکراویان دەستکەوتووە.

کۆمیتەی باکۆ خۆی ئامادە دەکرد کە لە کۆنگرەی دووەمی حیزبا بەشداری بکات. بۆیە پیویستی گرتنی ئەم کۆنگرەیەی بۆ کریکاران روون دەکردەوە. لەم بارەیەوە پیویستیان بە یارمەتی تەواوی نینا هەبوو. نینا بڵاوکراوەی دەربارەی کۆنگرەی دووەم چاپ دەکرد و بڵاوکراوەکان وەکو کۆتری خۆش خەبەر و مژدە بەخش لەلایەن ئەژدەر ورا وە لە هەموو ناوچە کریکارنشینەکانی باکۆدا بڵاو دەکرایەوە. هەروەها بەرنامەی حیزب چاپ بوو. لە نیو ریکخراوە ناوچەییەکانی باکۆدا گفتوگۆی لەسەر دەکرا. سەرباری ئەمانەش نینا بەرهەمی ئەدەبی و هونەریشی چاپ دەکرد. بۆ وینە کورتە چیرۆکەکانی تولستوی کە هەمووی هیرش بوو بۆ سەر دیکتاتۆریەتی تزار، کریکارانی پیشڕەو لەماڵ و لە سەر ئیش زۆر بە گەرمی دەیان خویندەوە.

نینا لەپاڵ ئەمانەشا هەندێ بەشی «ئیسکرا»ی وەکو بەشەکانی «کریکارانی نیژ گورود لە دادگادا»ی سەر لە نوێ چاپ دەکردەوە.

لەم دەمەدا کۆمیتەی گشتی قەفقازیش چالاکی چاکی بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی دووەمی حیزبا دەکرد. لەسەرەتاکانی ساڵی ۱۹۰۳دا، لە تەفلیس، یەکەمین کۆنگرەی ریکخراوی سوشیال دیموکراتی قەفقاز گیرا.

بوگدان کنونیانتس، وەکو نوینەری کۆمیتەی باکۆ لەم کۆنگرەیەدا بەشداری کرد، لەم کۆنگرەیەدا نوینەرانی باکۆ، تەفلیس و باتۆم بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی دووەمی حیزبا هەڵبژیردران، ئەم جارەش شۆڕشگێری گەورە و گیانفیدا و خاوەن ئەزموون بوگدان کنونیانتس بە نوینەری کریکارانی باکۆ دەرچوو، پاش گەڕانەوەی کنونیانتس لە تەفلیس، کۆمیتەی باکۆ پەرەی بە چالاکییەکانی خۆیدا، دامەزراندنی کۆمیتەی گشتی باکۆ کاریکی گەورەی کردە سەر پتەوکردنی ورەو گیانی خەباتگێڕی زەحمەتکیشانی باکۆ. ئەم کۆبوونەوەیە پتەوتری کرد.

ستالینیش هەرچەند لە زیندانی تزاردا بوو، بەڵام غیابیەن لەم کۆنگرەیەدا بەشداری کرد.



## 31

حەمەعەلی لە مانگی ٢دا دیسان بۆ باکۆ گەڕایەوە. ئەمجارەیان تەواو جیاواز بوو، هەرچەند ئەو زستانە بەفر لە باکۆ نەباری بوو، بەڵام لە قاراباغدا بەفر تا ئەژنۆ دەهات. هیندەی جل لەبەر کرد بوو هەر مەپرسە. ریبواران کە ئەویان دەبینی رادەوەستان، بە سەرسامی سەیری کڵاوە زلەکەی، گۆرەوییە خورییەکانی، فەروە کولەکەیان دەکرد.

حەمەعەلی هەواڵی تازەی گوندانی پێ بوو، رووداوەکانی گوند بەرە بەرە جەماوەری بیکار و دەست بەتاڵی دیهاتی بیدار دەکردەوە. بارودۆخی قەرەقوینلو ئەوەندە نائاسایی بوو کە هیچ مامور و ئەمنیک نەیدەویرا بە تەنێ توخنی ئەو ناوە بکەوێ. پیاوانی دەوڵەت تەنیا بە دەستە و کۆمەڵ دەیانتوانی روو لە قەرەقوینلو بکەن. جەبار بەگ لە ترسانا نەیدەویرا روو لەو ناوە بکات.

ئەژدەر پاش ئەوەی حەمەعەلی بۆ ژوورەکەی خۆی برد. دەوروبەری عەسر بۆ چاپخانە رۆیی.

ریگای هاتووچۆیان بۆ چاپخانەکە بە جۆرێ دانابوو کە چ کەسیک پیی نازانین، لە هاتنا لە دەرگای سەر جادەکەوە دەچوونە ژوورێ و لە دەرچوونا لە دەرگایەکی ترەوە دەرۆیشتن. لەو ژوورەدا کە مەکینەی چاپەکەی لێ بوو ٥- ٦ کەس، پیوتر چونیاتوف، بوگدان کنونیانتس، ملیک ملیکیانتس، ڤانوستراوا، یەکیک لە ئەندامانی ناوداری کۆمیتەی نهینی باکۆ واتە نیکولای کازارینکو- کە ئەژدەر بۆ یەکەمجار دەیبینی- هەروەها چەند کەسیکی دی کە ئەژدەر هەرگیز ناوی نەپرسی بوون چونکە ئەگەر پیویست بوایە خۆیان پیان دەگوت، لە دەوری یەک دانیشتبوون و قسانیان دەکرد، لەبەر تیشکی چرا نەوتییەکەدا بە دڵ و بەگیان بۆ کنونیانتس گرتبوو کە باسی دامەزراندنی کۆمیتەی گشتی قەفقاز و کۆنگرەی دووەمی حیزبی بۆ دەکردن.

ریک وەکو جارەکەی دی، ئەژدەر ئەمجارەش دوای تەواو بوونی قسەکان لە هاتنی حەمەعەلی ئاگاداری کردنەوە. بەڵام بە پیچەوانەی جارەکەی ترەوە هاتنی ئەمجارەی حەمە عەلی مایەی گومان نەبوو. چونکە لە تاقیکردنەوەی یەکەم دەرچوو بوو. ملیک ملیکیانتس لە گەڵ دوو دیهاتی خەڵکی قاراباغدا کە تازە لە گوندەکەی خۆیانەوە هاتبوون و لە کارخانەی خاتیسوفدا کاریان دەکرد، قسەی کردبوو. ئەو دوو زەلامە شتی جوانیان دەربارەی حەمەعەلی و حەمە جەعفەر گیرابووەوە. ئەم جووتە برایە وردە وردە لەنیو جووتیارانی ئەو ناوچەیەدا شۆرەتیان پەیدا دەکرد و هەموو جووتیاران ئەو جووتە برایەیان بەوە دەناسی کە راستی پەرست. لایەنگری هەژار، نەترس لە بەگ و ئاغا و مامور، هاندەر بۆ خەبات دژی زوڵم و ستەمن. بەم جۆرە رینوینی و یارمەتی دانی ئەم بزووتنەوانە بوو بە کاری پیویست. چونیاتوف دەیگوت: ئیمە بیرمان لەوە دەکردەوە کە حەمەعەلی جاریکی دی بۆ ئیرە بگەڕیتەوە. بۆیە پیش وەختە دیاریمان بۆ ئامادە کردووە.. بیبینە.

پیوتر ئیشارەتی بۆ لای ئەو زەلامەی تەک مەکینەکەوە کرد. پیت ریکخەریکی

ئازەری بوو تازە پیوەندی بە نیناوە کردبوو. هەستاو بڵاوکراوەیەکی لەسەر مەکینەکە هەڵگرت و بۆ ئەژدەری دریژ کرد.

– بزانە حەمەعەلی دەتوانی لەم بڵاوکراوانە بۆ گوندەکانی قاراباغ بەرێ. ئەمڕۆ چل و دووساڵ بەسەر ریفۆرمی جووتیاری مانگی ٢ی ساڵی ١٨٦١ دا تیدەپەرێ. ئیمە لەم بڵاوکراوەیەدا باسی ئەم ریفۆرمەمان کردووە.

بڵاوکراوەکە بە زمانی ئازەری بوو، پیوتر بڵاوکراوەیەکی دی هەڵگرت و گوتی: ئیمە ئەم بڵاوکراوانەمان بەهەر چوار زمانی روسی، ئازەری، ئەرمەنی و گورجی، چاپ کردووە. نینا ئیدی کیژیکی تەواوە بە چاکی بە زمانی ئەم چوار گەلە قسان دەکات.

ئەژدەر ئەم رستانەی لە بڵاوکراوەکەدا خویندەوە. «ئیمە دەبێ پشت ئەستور بە هیزی لەبن نەهاتووی خۆمان بەرەو ئامانجی خۆ بڕۆین و هەرگیز فریوی خیر و سەدەقەکانی حکومەت نەخۆین و خەباتی رەوای خۆمان رانەگرین. تەواوی ئەم خیر و سەدەقانەی حکومەت لەبەر یەک شتە، ئەویش تەفرەدانی جەماوەرە. ئەلکساندەری دووەمیش بەم شیوەیە جووتیارانی فریو دا، ئەرکی سەرشانمانە ئەو جووتیارانە هوشیار بکەینەوە کە خەبات دەکەن و لە هەمان کاتا بێ ئاگان لە ئامانجی خۆیان.

وەرن با ئیمە زەحمەتکیشان لە ریزی یەک حیزبی پتەودا کۆ ببینەوە و ئەوسا بە هەموو جیهانی رابگەیەنین کە ئیمە دژی زوڵم و ستەمی تزاری خەبات دەکەین و مل بۆ هیچ خیر و سەدەقەیەک کەچ ناکەین. ویستەکانی ئیمە تەنیا بە نەمانی دیکتاتۆریەت و دامەزراندنی دەوڵەتیکی گەلی بەرجەستە دەبێ، هاوڕییان! رووداوەکانی ١٩ی شوبات دەبێ بۆ ئیمە ببن بە پەند و دەرس و ئەم دەرسانە هەرگیز لە بیر نەکەین. تەنیا ریگای سەرکەوتن و ئازادی هەموو خەڵک خەباتە. بۆ پیشەوە بەرەو خەبات دژ بە چەوساندنەوە. برۆخێ هەموو جۆرە خیر و سەدەقە و سازشێ.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، پیوتر چونیاتوف لە مەڕ رووداوەکانی ئایندە دوا. ئەژدەر بە قسەکانی ئەوا بۆی دەرکەوت کە لە مانگی مارتا بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە باکۆ روودەدا و کۆمیتەی باکۆ ماوەیەک لەمەو پیش تەدارەکی ئەوەی بینی بوو. گەلێ کۆبوونەوە لەلایەن کۆمیتە ناوچەییەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە دەکران. پیوتر زۆری تەئکید لەسەر بەشدار بوونی ئەژدەر و ورا لە کۆبوونەوە نهینییەکانی کۆمیتە ناوچەییەکانا دەکرد.

هەر ئەو شەوە، ئەژدەر بەستەیەکی گەورەی بڵاوکراوەی لەگەڵ خۆدا بۆ ماڵ هینایەوە، حەمەعەلی لە ژوورە ساردەکەی ئەژدەرا فەروەکەی بە خۆیەوە پیچابوو، و خەوت بوو، لە کاتیکا کە ئەژدەر خەریکی قایم کردن وشاردنەوەی بڵاوکراوەکان بوو، حەمەعەلی خەبری بووەوە، چاوەکانی هەڵگلۆفت، تەماشایەکی ئەژدەری کرد و گوتی: ئەوە چ دەکەی، منیش حاڵی بکە!

رستەی «منیش حاڵی بکە» «منیش فیر بکە» «ریگاکەت بە منیش نیشان بدە» رستە گەلیک بوون کە لەم دواییەدا بوو بوون بە ویردی سەرزاری حەمەعەلی. ئیدی شیوەی قسەکردنیشی گۆڕا بوو، ئیستا لەبری حەمەعەلییەکەی جاران کە سەردەم و بن دەمی «لیی دەدەم» «دەی کوژم بوو، حەمەعەلییەکی ماقوڵ دروست بوو بوو، چ



قسەیەکی لا بەلای نەدەکرد. هەمیشە تینوی فیر بوون بوو، ئەژدەر بەو پرسیارەی پیکەنی و گوتی:

– برای دیهاتی هەندێ شت و مەکم بۆ کڕیویت، لە قاراباغدا مشتەری زۆرە. شتومەکیکی ئەوتۆیە کە هەم فرۆشیار و هەم کڕیار قازانجی لیدەکەن.

حەمەعەلی فەروەکەی بە شانیادا، ئەو کۆنە کڵاوەی کە لە بری سەرین لە ژیر سەریا دایناببوو، هەڵگرت و تەکاندی و لەسەری کرد. هەستایە سەر پێ و گوتی: برای شاری چۆن شتومەکیکە بە منیش بڵێ.

ئەژدەر یەکیک لە بڵاوکراوەکانی دایێ: بیخوینەوە بزانە لەبەر دڵانە یان نا؟

حەمە عەلی وەکو یەکیک لەپڕ بەسەر شادییەکی گەورەدا بکەوێ بە خۆشییەوە سەیری بڵاوکراوەکەی کرد، ئەوجا مۆمەکەی هەڵگرت و لە ناوەندی ژوورەکەدا دانیشت و دەستی بە خویندنەوەی بڵاوکراوەکە کرد. لەو ژوورە ساردەدا ئارەقەی کردەوە. ئیدی لە خۆشیانا بوو یا لە هەڵچوونا! بە کڵاوەکەی ئارەقەی تەویڵی سڕی و بە ئەژدەری گوت: پیم بڵێ بزانم لیرەدا چی نووسراوە؟ باسی کام خیر و سەدەقە دەکات؟ ئەلکساندەری دووەم چی کردبوو؟ دەبێ هەموو ئەو شتانەی لیرەدا نووسراوە ئەزبەری بکەم. لە سەدا نەوەدی خەڵکی گوند نەخویندەوارن. دەبێ بۆشیان بخوینمەوە و شەرحیشی بکەم.

ئەژدە بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: حەمەعەلی جارێ راوەسە با ئەمانە تاقەت بکەم. ئاخر ماقوڵ نییە ئەم هەموو باروتە لە ناوەندی ژوورەکەدا بنەین و بێ ترس لە تەکیا دانیشین، دوایی لە پڕیکا دەتەقیتەوە...

حەمەعەلی بەسەرسامی پرسی: ئەدی من ئەمانە نابەم!

– با، بەڵام بەیانی جانتایەکی چاک پەیدا دەکەین و ئەوجا دەکەویتە رێ.

حەمەعەلی سەری لەقاند.

– نا برای شاری! ئەگەر من بەم رواڵەتەوە جانتام بە دەستەوە بێ ئەوا پۆلیسی ریگای ئاسن یەکراست گومانم لیدەکەن و دەمگرن. دەڵین لەکویم دزیوە؟ چونکە وەک باوە ئەگەر بابایەکی دەوڵەمەند شتیکی بە نرخی بە دەستەوە بێ پیی دەڵێن «پیرۆزە» کێ پیشکەشی کردوویت؟ بەڵام ئەگەر بابایەکی هەژار شتیکی پێ بێ دەپرسن: لە کویت دزیوە؟ کەس نەی بینیت؟

ئەژدەر بەم قسەیەی حەمەعەلی پیکەنی: حەمەعەلی فەروەکەی لەسەر شانی هینایە خوارەوە و لەسەر عەردەکە رای خست. چەقۆیەکی لەبەر باخەڵی دەرهینا و دەستی بە هەڵتەکاندی بەرەکەی کرد.

– برای شاری، ئەوانە بینە ئیرە! نیوەی باکۆ دەخەمە ئیرەوە بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات.

ئەژدەر بە پیشنیارەکەی ئەو خۆشحاڵ بوو. حەمەعەلی بڵاوکراوەکانی خستە تویێ فەروەکەوە، وەکو خۆی درویەوە و دایەوە بە شانیا. لە کاتیکا بەژوورەکەدا دەهات و دەچوو، گوتی: خۆ دیار نییە؟

– نە، فەروەکە هیندە گەورەیە بەراستی جیی هەموو باکۆی تیدا دەبیتەوە.

حەمەعەلی بە پیکەنینەوە گوتی: هەموو باکۆ نا، نیوەکەی تری بۆ ئیوە دادەنیم، وەرە ئەمە بخوینەوە و حالّیم بکە...

لەبەر مۆمەکە دانیشتن، ئەژدەر وشە بە وشەی بلاّوکراوەکەی بۆ شی کردەوە.

دوو بەتلّی شەو راکشا بوو. لەو کاتەدا کە ئەژدەر ویستی جیگاکەی چاک بکات، حەمەعەلی جلّەشڕەکانی دەپۆشی، گوتی: برای شاری..چاری ریّ هەر رۆیشتنە..

دەمەویّ بەر لە هەتاوکەوتن ئەم کیوە ببڕم و بگەمە ویستگای ریگای ئاسن. ماقولّ نییە بەم فەروە بە نرخەوە چاوەڕیی هەتاوکەوتن بکریّ.

حەمەعەلی، بەپیی عادەتی دیهاتیان دوعاخوازییەکی گەرمی لە ئەژدەر کرد، ئەوجا لە شەقامە تاریکەکانی گەڕەکی «داغلّی» دا لە چاو ون بوو.



## 32

رۆژی ٦ی مانگی دوو، سەرهەنگ پاروشین بە جلی مەدەنییەوە لە ویستگای ناوەندی ریگای ئاسنا پیشوازی لەسەرۆکی لقی ئەمنی تەفلیس، کە بەپەلە لە باکۆوە هاتبوو، کرد. بۆ ریّ بزری لە بری ئەوەی لە مەیدانە گەورەکەی ویستگاکەدا یەکدی ببینن، لە یەکیک لە شەقامە چۆلەکانی پشت ویستگاکەوە یەکیان بینی و سواری عەرەبانەیەکی سەرداپۆشراو بوون.

عەرەبانەکە لەبەر مالّی لیلیفی یاریدەدەری فەرماندارا ویستا، پاروشین زوو هاتە خواریّ و «فەرموون، فەرموون» بەریزەوە بردییە هۆلّیکی گەورەوە، خزمەتکارانی لیلیف کە پیش وەختە ئاگاداری هاتنی میوانەکە بوون، ئامادە ویستا بوون.

ئەو دەرگایانەی کە قوش بە تەکیانا نارِۆیی خرابوونە سەر گازی پشت. هیشتا میوانەکە بە تەواوی دانەنیشتبوو، خاوەن مالّ هاتە ژوورەوە، لیلییف پیاویکی کورتە بالای سەر روتاوە بوو، عەینەکیکی شووشە ئەستوور بە سەر لوتە بچکولەکەیەوە گیرسا بووەوە، چ بایەخیکی بە پاروشین نەدا، بەلاّم زۆر بە گەرمی پیشوازی لە سەرۆکی لقی ئەمنی تەفلیس کرد.

خزمەتکاریکی پیر کە لەسەر پەنجە دەرِۆیی شەراب و خواردنی لەسەر میزیک ریز کرد. بەلاّم میوانەکە چ ئارەزوویەکی خواردن و خواردنەوەی نیشان نەدا. پاش چوونە دەرەوەی خزمەتکارە پیرەکە بە کەم حەوسەلّەییەوە گوتی: رووداوی گەورەمان لە پیشە... ئەم رۆژانە رۆژی شپرزەییە، لە باتوم و تەفلیس هەندیّ بلاّوکراوەمان دەستگیر بووە بە ئاشکرا کریکاران بۆ مانگرتنی گشتی هان دەدات. دەزانن ئەم بلاّوکراوانە لە باکۆ چاپ دەکرین و مانگرتنەکەش هەر لە باکۆوە دەست پیدەکات.

لیلییف تەماشایەکی پاروشینی کرد، چارەی پاروشین بیّ مانا بوو، پتر لە چارەی مریشک دەچوو، لیلییف ئاورِی لە میوانەکە دایەوە: پیم وایە باشتر وایە جاریّ نانەکەمان بخۆین. ئیمە لە قەفقازا دەژین و میوان پەروەریش یەکیکە لە عادەتەکانی خەلّکی قەفقاز.

ئەوجا پیکی لەو شەرابە تایبەتییەی تەژی کرد کە لە گورجستانەوە بۆی دەهات. زۆر بە هیمنی پیکەکانیان هەلّدا، هەموو جۆرە مەزەیەک لەسەر میزەکە ریز کرابوو، زەوقی لیلییف لەم رووەوە بە ناوبانگ بوو، تەنانەت جەنەرالّ فەرمانداریش تاریفی زەوق و سەلیقەی ئەوی دەکرد. ماسی چاکیان برژاند بوو، لە قاپی دریژکۆلّەی زیوینا دایان نابوو.

لیلییف هەمیشە شەرابی لە تەفلیس دەکرِی. سیّ، چوار جۆرە شەرِاب لە سەر میزەکە ریز کرابوو، گەلیّ چەشنە خواردنی ئازەربایجانی دانرابوو، شیرینی و میوەی جۆراوجۆری وەک تریّ، سیو، هەنار... کە لە یەخچالّەکەدا هەلّدەگیران.

بە کورتی سەرمیزەکە پرِ بوو، هەر هەمووشی خواردنی قەفقازی و بەتایبەتی ئازەربایجانی بوو. نان خواردن یەک سەعاتی برد. لە کاتی نان خواردنا جگە لە هەندیّ قسەی جۆراوجۆر و ستایشی خواردنەکە چ قسەیەکی دی نەکرا.

ئەنجام لیلیف بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوەی بردن تاچای بۆندار بخۆنەوە و جگەرە بکیشن، میوانەکە دوای خواردنەوە و ریزی زۆری خانەخوییەکەی بە تەواوی گۆڕا، میوانەکە بیدەنگییەکەی شکاند، بەدەم جگەرە کیشانەوە ئەو رستانەی دووبارە کردنەوە کە لە سەرەتای هاتنی داگوتبوونی و تەئکیدی لەسەر رستەی «ئاگاتان لییە؟» کرد.

لیلییف بێ ئەوەی تەماشای میوانەکە بکات وەڵامی دایەوە: تکایە شتی خۆمان پێ مەفرۆشە، من هەفتەیەک لەمەوپیش ئەمانەم بۆ پایەبەرز جەنابی جینشین کردووە بە راپۆرت، ئەگەر هەواڵیکی ترت پییە فەرموو..

لیلییف بە پەلە هەستایە سەرپێ، بە دوو قامکان عەینەکەکەی لەسەر کەپۆی لادا و دیسان کردییەوە چاوی و بە شیوەیەکی ئامیرانە ویستا، ئەمە عادەتی بوو، هەرکە توڕە دەبوو یەکراست دەستی بۆ عەینەکەکەی دەبرد، ئەو میوانەی کە لە تەفلیسەوە هاتبوو و دەتگوت لەگەڵ ئەم چەشنە «هیرشانەدا» راهاتبوو، دەستیکی بەو چەند تاڵە قژە رەق راوەستاوەی سەریا هینا و بێ ئەوەی سەیری لیلیف بکات گوتی: جەنابی یاریدەدەری فەرماندار ئیوە نووسیبووتان کە بڵاوکراوەکان لە باکۆ چاپ دەکرێ.

– تۆ چوزانی؟ بەچیا دەزانی کە لە تەفلیس چاپ ناکرین؟ مەڵبەندی شۆڕش تەفلیسە، لە پترزبۆرگەوە ئەمەیان بۆ نووسیوین.

میوانەکە زەردەخەنەیەکی کرد، ئەوجا تەماشایەکی لیلییفی کرد کە هیشتا بە پیوە ویستابوو، بە هیمنی گوتی: بڵاوکراوەیەک کە لە ژیریا نووسرابێ، کۆمیتەی باکۆ» ئەگەر لە باکۆدا چاپ نەکرابێ ئەدی لە کوێ چاپ کراوە؟

لیلییف بە بێ موبالاتی وەڵامی دایەوە: ئەوە هیچ بایەخیکی نییە..

ئەوجا کەوتە بیرکردنەوە «کۆمیتەی باکۆ؟» مەگەر هەر ئەم ناوە نییە کە خەوی لێ حەرام کردووە؟ تۆ بزانە چەند میللەت لە ژیر ئەم ناوەدا یەکیان گرتووە، رووسەکان، ئەرمەنییەکان، گورجییەکان، تەنانەت ئازەرییەکانیشیان لەگەڵدان. حاڵبوکی ئەوان فەلە نین و ئاینی ئیسلام ریبان نادا کەهەرگیز لەگەڵ فەلەدا لە مەجلیسیکدا دانیشین.

بەڵام لیلییف بە ئاشکرا ئەوەی دەبینی کە چینە بیکار و دەست بە تاڵەکان لەم رووەوە گوێ بە دەستووری ئاین نادەن.

لیلییف کابرایەکی شا پەرست بوو. هەندێ جار رستەی «مردن بۆ دیکتاتۆریەتی تزار»ی لە بڵاوکراوەیەکا دەخویندەوە لە ترسانا دەلەرزی وخۆی بە بەرپرسیار دەزانی بەرانبەر بە تەدارەک بینین و هیرش کردنە سەر نووسەرانی ئەو بڵاوکراوانە.

پاروشین کە بینی لیلییف بیدەنگە، بە مەیلەو تەوسەوە لە میوانەکەی پرسی:

– باشە ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ژیریا نووسراوە «کۆمیتەی تەفلیس» ئەوانەش لە باکۆ چاپ دەکرێ؟

– نەخیر من هەرگیز ئەمەم نەگوتووە بەڵام...

میوانەکە دەیویست رای خۆی دەربڕێ کە لیلییف گوتی: ئەوەش چ بایەخیکی نییە. پاش ئەوەی عەینەکەکەی داکەند و دووبارە کردییەوە چاوی، بە وردی روانییە



میوانەکە و پاروشین لەسەر قسەکانی رۆیی: ئەو بڵاوکراوانەی کە بەناوی کۆمیتەی باکۆوە چاپ و بڵاو دەبیتەوە رەنگە لە تەفلیس چاپ بکرێ و بە پیچەوانەوە.. مەسەلەکە لەسەر ئەمە نییە.. مەسەلەکە ئەوەیە کە نە ئیوە و نە ئیمە، هیچ کاممان نەمان توانیوە دژی ئەم کۆمیتانە کەرۆژ بەرۆژ بەهیزتر دەبن، خەبات بکەین.

میوانەکە کە حاڵەتی بەرگری یاریدەدەری فەرمانداری بینی، کەمیک هیورتر ببووەوە و گوتی: پایەبەرز جەنابی جینشین منی بەتایبەتی بۆ یارمەتی دانی ئیوە بۆ ئیرە ناردووە. هەڵبەتە ئیمە بەراستی دەست بە شەڕی نیو شەقامان ناکەین. دایەرەکەی ئیوە بە ئیمەوە بەستراوە و ئیمەش بەو دەستوورانەوە کە لە پترزبۆرگ دەردەچێ، تیکرا دەبێ لەگەڵ رەچاو کردنی کارەکانمانا بڵێین...

لیلییف کە دەتگوت پشوویەکی وەبەر هاتبووەوە، دوای چەند جارێ هاتوچۆ بە دەوری میزەکەیا، لە جیی خۆی دانیشتەوە و قسەی میوانەکەی بڕی، ئەمە کردەوەی بوو. ئەگەر بەرانبەرەکەی لەرووی پلە وپایەوە لە خۆی نزمتر با هەرگیز مۆڵەتی نادا قسەی پێ ببڕێ، خۆ ئەگەر بەرزتر بوایە، ئەوا بە ئانقەست قسەکەی بەنیوە چڵی دەهیشتەوە و بە دوو دڵییەوە لیی رادەما، ئەگەر نیشانەی نارەزایی لە چاوەکانیا بدیتبا لەسەری نارۆیی و بیدەنگ دەبوو. ئیستاش بە پیی هەمان عادەت قسەی میوانەکەی بڕی: لە گەڵ رەچاوکردنی بایەخی کارەکانمانا، دەبێ بڵێین کاری نهینی ئیمە– دەستی بۆ لای کانە نەوتەکان راکیشا– لە کارە نهینییەکانی ئەو کۆمیتانە لاوازتر داریژراوە.. خراپتر داڕیژراوە، بۆیە لە هەموو هەنگاویکا دەمان بەزینن. دەتویست ئەمە بڵیی؟

میوانەکە کە هەستی کرد بۆڕی خواردووە، لە نەرمی قسەکانی خۆی ژیوان بووەوە.

لیلییف دەیویست ئەم هەڵە بقۆزیتەوە و هەموو خەتاکان بخاتە ئەستۆی ئەوان، میوانەکە نەدەبوو ئەم دەرفەتەی بداتێ، چونکە بە نامەکانی پاروشین دا دەیزانی کە لیلییف «کابرایەکی سەر راست نییە» کێ دەزانێ ئەو قسانە بە چ شیوەیەک بە فەرماندار دەگەیەنێ و ئەویش هەندیکی دی پیوەدەنێ و دەیکات بە راپۆرت بۆ سەرووتر. هەر کە ئەم بیرانە بروسکە ئاسا بە هزری دا گوزەری کرد. هەر کە لیلییف قسەکەی تەواو کرد، ئەو گوتی: نابێ تەنیا پشت بە دایەرەی ئەمن ببەسترێ. خۆ ئەوان هەموو کارەکانیان بە نهینی ئەنجام نادەن.. بە ئاشکرا مانگرتن و خۆپیشاندان بەرپا دەکەن و ئاڵا دژی تزار بەرز دەکەنەوە. بڵاوکراوەی شۆڕشگیری...

لیلییف دیسان قسەکەی بڕی و بە توندی گوتی: پەلاماریکی بروسکە ئاسا پیویستە، پەلاماری بروسکە ئاسا، لەبری ئەم قسانە دەبێ دەست بە کار بکرێ. تۆ دەڵیی رووداوی گەورە لە پیشە، ئەم رووداوانە کامانەن؟ لە کوێ و کەی روو دەدەن؟ دەبێ ئەمە بە تەواوی روون بکەیتەوە...

ئاوڕی لە پاروشین دایەوە، لەکاتیکا چاوی لە روخساری بێ مەعنای ئەو نەدەگواستەوە پرسی: تۆ چ دەڵیی جەنابی پاروشین؟

پاروشین وەکو یەکیک لە شیرین خەوا راپەڕێ، سەری هەڵبڕی و هیدی هیدی وەڵامی دایەوە: من وا هەست دەکەم کریکاران و نوینەرەکانیان خۆپیشاندانیکی گەورە

بەرپا دەکەن.

لیلییف قسەکەی پیبڕی: کەی؟

لیلییف کە بینی پاروشین داما، چاوەڕیی وەڵامی پرسیاری یەکەمی نەکرد، پرسیاری دووەم و سییەم و چوارەمی کرد: لە کوێ؟ کێ ریبەریانە؟ هاندەرەکان کین؟

کە لیلییف هەڵوەستەیەکی کرد، پاروشین هەڵیدایێ و گوتی: دەست نیشان کردن و ناسینی کات و شوین و ریبەرەکانیان خراوەتە ئەستۆی ئیمە، بەڵام ئەنجامەکەی شەو مەعلوم دەبێ.

لیلییف وەک خووەکەی خۆی بە دوو قامکان عەینەکەکەی لابرد و کردییەوە چاوی و بە دەنگیکی ئامیرانە گوتی: ئەنجامەکە مەعلوم بێ یان نا هەر ئەوشۆ پەلاماری ماڵی هەموو کەسە گومان لیکراوەکان بدەن. دەبێ هەموو کاتیک هەست بە دەستی ئیمە بکەن.

مشتی نوقاند و رای تەکاند. ئەوجا لەبەر هۆیەکی نادیار بە دەنگی نزم گوتی:

– چارەنووسی ئیمپراتوریەت بە ئیمە سپیردراوە، ئەگەر بە شیوەیەکی عاقڵانە بەرپەرچی ئەوانە نەدەینەوە درەنگ یان زوو تیک دەشکیین. ئەنترناسیونالیزم پرۆسەیەکە کە دەتوانێ ئیمپراتۆریەت لەنیو بەرێ. مەرام و نیازی ئەوانیش ئەمەیە، دروشمی یەکی ئایاری پار چی بوو؟ یەک بوون بێ گویدان بە جیاوازی نەتەوایەتی... ئەمساڵ دروشمەکانی ئیمە دەبێ تەواو پیچەوانەی ئەمە بێ.. یەکبوون مەحاڵە.. چونکە ناکۆکی نەتەوەیی- ئایینی لە ئارادایە...

لیلییف بەدەم بیرکردنەوەوە کەوتە هاتوچۆ، میوانەکە بە نیگای پڕ لە مەعناوە سەیری پاروشینی کرد. چاوە تیژەکانی پاروشین بڵاچەیەکی خیرایان داو دامرکانەوە، بزەیەکی بە ئاستەمی کرد.

لیلییف دیسان لە جیی خۆی دانیشتەوە ورووی کردە بەرانبەرەکەی کە لەنیو چڕە دوکەڵی جگەرەدا ون بوو بوو، و گوتی: خواو پاشا لە پشتمانن. ئیرانییەکانی بە شای خۆیان دەڵین «سیبەری خوا» هەڵبەتە ئەم ناو لینانە لە بابایەکی گەوجی نەزانی وەکو «حەمەعەلی شا» هەم کاریکی پیکەنین هینەرە و هەم کوفر ئامیزە... کۆن بووە. دەبێ بڵیین ئیمە بەختەوەرترین کەسین کە پاشایەکی وا ئاقڵ و فریشتە خەسڵەت پاریزگاریمان لیدەکات. بەراستی نوینەری خوایە لەسەر زەوی. ئەو هەموو نیعمەتەی ئەورۆ بە چاوی خۆت لەسەر میزەکەدا بینیت، لە شارەکانی پشت قەفقازەوە هاتبوو، هەمووی دەستکردی خوایە و شا بە ئیمەی بەخشیوە. – دەنگی بەرزترکرد- کریکارانی گەوج و نەفام دەیانەوێ ئیمە لەم هەموو نازو نیعمەتە بێ بەش بکەن. دژی ئیمپراتۆریەتی روسیا هەستاون ور وخانی ئەم رژیمەیان کردۆتە ئامانج. کوڕینە ئیمە دەبێ جڵەوی ئەمە بگرین...

لیلییف هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوجا وەکو کاریکتەریک ریک ویستا.

– ئەمانە تەنیا قسەن.

میوانەکە ویستی بەو قسەیە، قسەکەی لیلییف ببڕێ، بەڵام لیلییف مۆڵەتی نەدا.

– جەنابی پاروشین گۆڕینی قسە بۆ کردار بەدەستی خۆمانە.



ئەوجا مۆڕەیەکی لە پاروشین کرد، لەبەرخۆیەوە بیری کردوە «ئەرێ لە کوندە پەپۆ دەچێ؟ « هەر لە دڵی خۆیا» نا، کوندە پەپۆ چاوی وا نییە، ئەم چاوانە لە چاوی قەڵەرەشە دەچن».

پاش کەمیک بیدەنگی لیلییف رووی کردە میوانەکە و لە سەر قسەکەی رۆیی:

– بە یارمەتی ئیوە، دەبێ نەخشەیەکی بەرگری و هیرش بردن دابنەین، ئەوجا لە سەری دەدوویین ودەیکەن بە راپۆرت بۆ جەنەراڵ فەرماندار...

یاریدەدەری فەرماندار هەستا. عەینەکەکەی داکەند، میوانەکە و پاروشین ئەم کارەیان بە کۆتایی میوانداریەکە زانی و هەستان.

لیلییف تا بەردەرگا بەڕیی کردن، میوانەکە بەدەم ریوە بە پاروشینی گوت: پیاویکی سەیرە...

پاروشین وەڵامیکی گشتی دایەوە: مەعدەنیکی پیسە.

دوای بەریکردنی ئەوان بە خەمبارییەوە بە ژوورەکەیا کەوتە هاتوچۆ. نۆکەرەکە سەر میزەکەی پاککردەوە. لیلییف سەیریکی کرد و لە دڵی خۆیا گوتی: ئەمەیان لە چ تەیرێ دەچێ؟

بەراستی نۆکەرەکە لە سەگی بە وەفا و دەستەمۆ دەچوو. لیلییف تووشی هەرکەسیک دەبوو یەکراست بۆ ئەوە دەگەڕا کە دەموچاوی لە چ تەیرێ دەچێ. چونکە ئەم لیک چوونەی لە دەموچاوی خزمەتکارەکەدا نەبینی، خۆی بە ژووریکی ئاوینەبەندا کرد، لەم ژوورە گەورە و گەرمەدا شەتڵی لیمۆ هەبوو. بە وردی سەرنجی شەتڵەکانی دا. چاوی بڕییە ئەو گوڵە ژاپۆنییەی بەر پەنجەرەکە. کە تازە شکۆفەی دەکرد. کە چاوی بەگەڵا سوورەکانی کەوت، بڕیاری یەکجاری دا، خوین پیویستە، خوین.. تەنیا بە خوین ئەم بزووتنەوانە لە نیو دەبرین، لە تەلەفۆنەکە نزیک بووەوە، هەڵی گرت و داوای «لایین»ی فەرماندەی بەشی سوپایی کرد، بۆی وەرنەگیرا، دەستووریدا هەر کە هاتەوە بۆ ژوورەکەی ئەمی بنیرن، کەوتەوە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا، تەماشای سەعاتەکەی کرد.سەعات چوار بوو، دەبوو سەعات پینج لە ماڵی جەنەراڵ فەرماندار بوایە و نیوە رۆژەی لەوێ بکردایە دەربارەی رووداوەکانی ئایندە راویژی پێ بکردایە، بەڵام خۆی بڕیاری دابوو، خوین و هەر خوین... دوای ئەم بیرە لە پشت میزەکەوە دانیشت وکەوتە راپۆرت نووسین بۆ دایەرە پەیوەندیدارەکان.

ئەورۆژە پاروشین و ئەو میوانەی لە تەفلیسەوە هاتبوو نەخشەیەکی گەورەیان خستە روو. هەڵبەتە ئەم نەخشەیە هیشتا ناتەواو بوو، لە کاتیکا کە زانیاری تەواو دەربارەی نەخشەکانی دژمن بە دەستەوە نەبێ، دانانی نەخشە دژ بە «دژمن» کاریکی سەختە، بەڵام ئەو نەخشەیەی کە بە دەستیانەوە بوو، «هیرشی گشتی» مەعلووم بوو، مابۆوە سەرجیبەجێ کردنی، ئەمەش پیوەندی تەواوی بە راپۆرتی رۆژانە، هەواڵی نهینی و دەسکەوتی دەزگا ئەمنییەکانەوە هەبوو، ئەوان لەبەر رۆشنایی قسانی وەک قسەکانی لیلییف کاریان نەدەکرد.

پاروشین کە چەند رۆژێ لەمەوبەر، لەگەڵ جەنەراڵ فەرماندارا دەربارەی بارودۆخ دوا بوون، راسپاردەکانی ئەوی ئەنجام دەدا، ئەو دەیویست «مەعدەنە پیسەکە» چ

ئاگایەکی لەم کارانە نەبیت، بەڵا ئودینتسوف ریبەری کردنی کارەکانی بە لیلییف سپارد بوو.

پاروشین لەمیژەوە ئاشنای ئەم «سیاسەتەی» جەنەراڵ بوو، ئەو هەمیشە مەسئولیەتی کارە گرنگەکانی بەکەسانی دی دەسپارد تا بیانووی بە دەستەوە بێ بۆ بانگ کردن و سەر زەنشت کردنیان. ئەگەر کارەکە بە چاکی سەری بگرتایە، ئەوجا لە پاییینی ئەو نامەو راپۆرتانەدا کە بۆ دەرباری تزاری دەنووسی، بەخۆشییەوە ئیمزای خۆی لیدەدا، خۆ ئەگەر کارەکانیش سەریان نەگرتبایە خۆی بەم رستانە رزگار دەکرد. « یاریدەدەری فەرماندار یان سەرۆکی دایەرەی ئەمن خەریک بوو بە تەواوی کارەکە خراپ بکەن باش بوو خۆم فریا کەوتم.»

لیلییفش لە راپۆرت نووسین، نامە، هەواڵ و نامەی سڕی و نهێنیدا زۆر شارەزا بوو، پاروشین لیی عەیان بوو کە گفتوگۆی ئەو رۆژەیان کراوە بە راپۆرت و بۆ جەنەراڵ فەرماندار و تەنانەت بۆ وەزیری کاروباری ناوخۆ و گەلێ شوینی دی نیردراوە. بۆیە پاروشین گشت کار و تەگبیرەکانی ئەو رۆژەی بە لیلییف نەگوت، ئەگەر بیگوتایە ئەوا لیلییف دەم و دەست لە ژیر ناوی « من وای بەمەسڵەحەت دەزانم، من وام کرد» راپۆرتی بۆ گشت لایەک دەنووسی.

یەکیک لە تەگبیرە جۆراوجۆرەکانی پاروشین و گرنگترینیان بەکارهینانی «یگوروف»ی کۆنە فەرمانبەری دایەرەی گومرگ بوو، لەم دواییانەدا ئەم بیرە بە میشکی پاروشیندا هاتبوو، پاش گرتنی غولاّم بە تەواوی یگوروفی لەبیر چوو بوو، مردنی غولاّم لە زیندانا و نە دۆزینەوەی نینا لەماڵی غولاّمدا، پاروشینی بێ ئەندازە نیگەران کردبوو، وەکو هەورە تریشقە بەسەر یگوروفیا دابوو.

بەڵام پاروشین بۆ رزگار بوون لە نارەزایی و مانگرتنی لە زیاد بووی جەماوەر، ناچار بوو پەنا بۆ پوشکەش بەرێ.

ئەو رۆژە چاوەڕیی هەواڵەکانی یگوروف بوو، قەرار بوو بەهەر نرخێ بووە یگوروف خۆی بگەیەنیتە ریزی یەکیک لەو کومیتە ناوچەییانە وپاروشین ئاگادار بکاتەوە کە لە کوێ و کەی کۆبوونەوە دەکەن.

گرتنی تاقە کەسیک لە ئەندامانی کۆمیتە ریگای لە کارکردنی کۆمیتەکان نەدەگرت، بەڵام ئەگەر یگوروف شتێ بکات، ئەوسا دەتوانێ لە کاتی پیویستدا هەموو ئەندامانی کومیتە بگرێ.

ئەگەر یەکیکیان قسان نەکات بیگومان یەکیکی تریان قسان دەکات و بەم چەشنە سەری ئەم کلافە ئاڵۆزکاوە دەدۆزریتەوە.

بە دریژایی ئەو رۆژە راپۆرت و هەواڵەکانیان تاوو توێ کرد و هەڵسەنگاند، بەڵام مەسەلەی چاپخانەکە هەر بە چارەسەرنەکراوی مایەوە. چ کەسانیک لەم چاپخانەیەدا کار دەکەن؟ کێ دەرەقەتی کاری وا زەحمەت دێ؟ وەڵام نەبوو.

کیژیکی خورتی روس پابەندە بەم چاپخانەیەوە، ئایا نیوی نینایە؟ ناویکی دی هەیە؟ میوانەکە و پاروشین گەیشتنە ئەم ئەنجامەی کە بە هیچ جۆرێ ریی تێ ناچێ ناوی نینا بێ، نینا ناوی نهێنیە، رەنگە کیژیک یان چەند کیژێ بەم ناوەوە کار



بکەن. چونکە لە راپۆرتەکاندا، چەند کیژیک بە ناوی نیناوە، بەڵام وەسفی جیاوازەوە ناو هینراون. راپۆرتەکانی یگوروف کە بەچاوی خۆی ئەم کیژەی دیتبوو باشترین بەڵگەن، بەرای پاروشین ئەوکچەی کە بۆ مۆنتیفەکان چوو بوو زۆر شتە. هەروەها لەگەڵ راپۆرتی جیادا باسی کوڕیکی گەنجی ئازەری کراوە کە پیوەندی بە چاپخانەکە و ئەم کیژەوە هەیە، ئەم کوڕە پیوەندی بە ریکخراوی نهینییەوە هەیە. چەند جاریکیش لەو شوینانەی بڵاوکراوەی تیادا پەخش کراوەتەوە بینراوە. بەڵام کەس ناوی نازانێ، چونکە لە قسەکردنیاندا ناوی خوازراوی وەک پیرەمیرد، پتیا، کولیا، ریشن، چاویلکە لە چاو یان بەکار دەهینا. پاروشین لیی عەیان بوو کەخاوەنانی راستەقینەی ئەم ناوانە پیر و ریشن و چاویلکە لەچاو نین، بۆیە سۆراخ کردنی پیرەکان، ریشنەکان و عەینەک لە چاوەکان کاریکی بێ سوودە، ماوەیەکی زۆر سەرگەمی ئامادەکردنی پیلانیک بوون بۆ دۆزینەوەی ئەم شتانە ئەنجام شەو بەسەراهات و بۆ نان خواردن چوون.

میوانەکە شەو لە ماڵی پاروشین دا مایەوە، پاروشین بەو شەوە بۆ دایەرە گەڕایەوە، هەرکە گەییە دایەرە ڤالتر هەواڵی دایێ کە یگوروف زیاد لە نیو سەعاتە چاوەڕیی ئەوە.

یگوروف ئەمجارەیان لە کاتی هاتنە ژوورەوەی پاروشیندا داس ئاسا نەچەمیەوە، کە ڤالتر هەواڵی هاتنی سەرهەنگی پێ راگەیاند، بێ ئەوەی قاچ لەسەر قاچ لابدات لە ژیر لیوەوە گوتی: بە جەنابی سەرهەنگ بڵێ مەسەلەیەکی زۆر گرنگە..

کە ڤالتر چوو بۆ ژوورەکەی پاروشین، یگوروف لەبەر ئاوینەکەدا خۆی ریک خست، سمیڵەکانی قیت کرد و بە فیزەوە ویستا.

هەروا پانزە رۆژیک لەمەبەربوو کە سەگ بەزەیی بەحاڵی یگوروفدا دەهاتەوە، کاتێ فەرمانبەرانی ئەمن بە دەستووری پاروشین دۆزیانەوە خراپترین رۆژانی ژیانی دەگوزەراند. چەند مانگ بوو کە گویزان بە ریشی نەکەوتبوو، جلەکانی هیندە پیس و چڵکن بوو بتگوشایە قورگی مار دەیکوشت، دەموچاوی ئاوسا بوو، ژیر چاوەکانی شین بوو بووەوە، لە برسانا تاقەتی قسەکردنی نەبوو، هەر ئەوەتا خۆی بە پیوە دەگرت.

ئاخ کە شادی چۆن لەپڕ بە دەم ئینسانەوە پیدەکەنێ، بە لەوەی بۆ ژوورەکەی سەرهەنگی بەرن خواردنی تەواویان دایێ، جلەکانیان بۆ گۆڕی، بەڵام ڤالتر، لەبەر هۆیەک دەرفەتی ردین تراشینی نەدایێ، کێ لە مەبەستی سەرهەنگ تێ دەگات؟ لەوانەیە یگوروفی بەو ریشەوە پیویست بێ.

ئەنجام یگوروف پاش ئەوەی چەند جارێ سەرهەنگ پاروشینی بینی وەکو فەرمانبەریکی پۆستە دامەزرا، ئیدی چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد، زوو زوو ردینی دەتراشی، سمیڵەکانی دریژتر کرد. فەرمانبەری پۆستە ئەگەر بێ کاریش بێ دەبێ بە سەلیقە و ریک و پیک بێ، هەرچییەک بێ رۆژێ لە رۆژان خاوەن پلەوپایە بووە. ئیدی خۆی لە خەڵکی دا دەگرت. چونکە قەرا ر بوو شتی گەورە بکات.

وەک گوتمان، یگوروف لە کاتی هاتنە ژوورەوەی پاروشیندا وەکو جاران کرنۆشی نەبرد، بە سەنگینییەوە لەلایەکی دەرگاکەوە ویستاو چاوەڕیی ئەوە بوو کە پاروشین

خولْكى بكات. پاروشينيش وەكو جاران بە بێ يارمەتى پيشوازى نەكرد. لەبەرى هەستاو بە زەردەخەنەوە گوتى: وەرە پيشترەوە جەنابى يگوروف!

چى؟ جەناب؟ يگوروف خۆى قورستر گرت، فەرموو بزانم.. ئيستا كە تۆ ئوميدى ئيمپراتۆريەتى!

«ئوميدى ئيمپراتۆريەت» لە ميزەكە نزيك بووەوە. لەسەر يەكيك لە كورسييە نەرمە دەسكدارەكان دانيشت، بێ مۆڵەت وەرگرتن دەستى دريژكرد و جگەرەيەكى لە پاكەتى سەر ميزەكە دەرهينا و دايگيراند، پاروشين كە تامەزرۆى قسەكردنى ئەو بوو لەسەر كورسييەكى دەسكدار بەرانبەر بەو دانيشت و بەدەم زەردەخەنەوە گوتى: دە خيراكە قسە بكە بزانم..

يگوروف مژيكى قوڵى لە جگەرەكەيدا و دەستى بە قسان كرد:

– جەنابى سەرهەنگ، عەرزى جەنابتان بێ، وەك چۆن راتسپارد بووم يەكراست چووم و تيكەڵ بە مانگرتووەكان بووم پرسيان «كيى؟» گوتم «فەرمانبەرى پۆستەم، چونكە قسەى هەقم كردووە، دەريانكردووم، چوار مانگە بيكارم.» «گوتيان: وەرە ئيمەش خەڵكانى راستى پەروەرمان پيويستە» رايان كيشامە بەرەوەوە گوتيان قسان بكە منيش دەستم پيكرد.

پاروشين قسەكەى بڕى: جەنابى يگوروف تۆزێ لە كورتى بيبڕەوە و ناوەرۆكى مەسەلەكە بڵێ...

دەنگى پاروشين توندتر بوو، يگوروف گوێ قوڵاغ بووەوە، لاقى لەسەرلاق لابرد و لە سەرى رۆيى: سێ جارانم قسان كرد، ئەنجام بە سكرتيرى كۆميتەيان هەڵبژاردم، گوتيان دانيشە قسەكانمان بنووسەوە، منيش نووسيمەوە..

پاروشين كە بينى يگوروف هەڵى دەخەڵەتينێ و وەختەكە دەكوژێ هەستايە سەر پێ و بەتوڕەييەوە نەڕاندى: يگوروف من كاتم نييە...

نا... «جەنابى يگوروف نا» «يگوروفى هيچ و پوچ» جگەرەكەى لە نيو تەپڵەكەدا كوژاندەوە، هەستايە سەرپێ، سەرى داخست، بەهەڵچوونەوە دەستى بە قسان كرد، قوربان كە ئيوە وا بە پەلەن، منيش ناچارم ناوەرۆكى مەبەستەكەتان عەرز بكەم، دواى ئەوەى متمانەيان پيكردم لە كۆبوونەوەى نهينى ئەورۆيانا بەشداريم كرد.

پاروشين كورسييەكەى راكيشايە پيشترەوە و بەسەر سامى گوتى:

– لە كۆبوونەوەى نهينياندا؟ سەيرە..

يگوروف كە بيينى پاروشين خەريكە دەى لاوينێ، ئازاتر بوو، لە سەر كورسييە نەرمەكە دانيشتەوە و لاقى خستەوە سەر لاقان، لەم كاتەدا بيريكى خيرا بە ميشكى پاروشيندا تيپەڕى «چ پياويكى بێ حەيايە!»

يگوروف كەمێ دەنگى نزم كرد و لەسەرى رۆيى: بەڵێ جەناب لە كۆبوونەوەى نهينياندا، بەڕيوەبەرى كۆبوونەوەكە ژنێ بوو هەموو بە «خوشكێ» گازيان دەكرد، بەڵام من لە قسەكانيانا بۆم دەركەوت كە ناوى «يلنا»يە.

– شۆرەتى؟

– شۆرەتيم نەزانى.



پاروشين بە رقەوە نەڕاندى: گەوج.

كورسييەكە تەكانى خوارد، يگوروف لوول بوو، كەوتە دەمەلاڵكێ:

– قوربان، شۆرەتەكەى نەزانرا.

پاروشين وەكو يەكيك كە لەگەڵ خۆيا قسان بكات: دەست نەكەوت؟

ئێ كە دەست نەكەوتووە ئيدى ئەم ئەفسانەى هەزار و يەك شەوەيە، بە چ كەڵكيكى من ديت؟ يلنا؟ لە كوێ بزانم ئەم يلنايە كييە؟ هەزار و يەك يلنا هەيە.. هەتا ئيستا هەر نينا بوو ئەوجا وەرە يلناشى بيتەسەر..

يگوروف بە ترسەوە گوتى: روخساريم لە ميشكى خۆدا نەخشاندووە.

پاروشين لەم قسەيە دەهرى بوو: روخسارى نيناشت لە ميشكدا نەخشاند بوو! ئەدى كوانێ؟ هەتيوەى خويرى دووساڵە بە شەقامەكانى باكۆدا دەسووڕييتەوە... چيتر بڵێ بزانم.

يگوروف لە بيرى نەبوو كە هەستاوەتە سەرپێ، ئەژنۆكانى دەلەرزين و زمانى چوو بووە كليلە. بە هەزار زەحمەت توانى دريژە بە قسەكانى بدات.

– لەويدا دەيانگوت لە مانگى مارتا مانگرتنى گەورە روو دەدا، لە ئيستاوە خۆ بۆ ئەو مانگرتنە ساز دەدەين، دەيانگوت نابێ هيچ كريكاريك كار بكات. لەوێ دەيانگوت...

پاروشين ديسان قسەكەى پێ بڕى و هاوارى كرد: ئەم لەوێ گوتويانە كەمتر بكەوە..مردم..

يگوروف سەرى ليشيوا بوو.

– بەسەرچاو.. لەوێ... نە نەيانگوت.. سبەى نا، دوو سبەى لە «٢٨» ى ئەم مانگەدا كۆبوونەوەيەكى گەورە دەكەن لەويشدا شت دەڵين..

پاروشين بەرقەوە گوتى: كۆبوونەوەكە لەكوێ دەكرێ؟..

پاروشين كە توڕە دەبوو، دەنگى گڕتر دەبوو، هەر كاتێ گڕ ببوايە يگوروف واى هەست دەكرد سەرهەنگ بە كيرد سەرى دەبڕێ.

– كۆبوونەوەكە لە ئيچرى شارا دەبێ، شوينەكەيان بەمن نيشانداوە...

– باشە.. بڵێ، تەواوى بكە..

يگوروف ئەوەى دەشى زانى لە بيرى كردبوو، هەرچەندى كرد و كۆشا چ شتيكى دى بۆ نەدۆزرايەوە. بە ئەسپايى گوتى: تەواو، هەر ئەوەندەيە..

پاروشين بە توندى هەستا.

– چۆن؟ تۆ كەست لێ نەناسين؟ ناوى كەست لەبەر نەكرد؟ سوراخى كەست نەكرد؟

– نەخير قوربان...نا.. يەك يەك بڵاوەيان ليكرد. چونكە من لە سەرووى هەموويانەوە دانيشتبووم، ناچار لە دواى هەموويانەوە دەرچووم. كريكارەكان دەيانگو لە كۆبوونەوەى «٢٨»ى مانگدا گەورە و رابەرەكانيانش بەشدارى دەكەن، ئيدى هيچم نەزانى..

–گەوج

– راستەكەى قوربان...

چارەی پاروشین، گرژبوو بوو، لە داخا لیوی خۆی دەکرۆشت، ئارامی نەگرت، یگوروف کە ئەم حاڵەی بینی کەمیکی دیش نوشتایەوە، برۆکانی هیناوەیە یەک. دوای کەمیک دامان گوتی: رۆژی ٢٨ی مانگ هەر هەموویان، ورد و درشتیان دەست نیشان دەکەم پایەبەرز.. من بەدڵ و بە گیان ئامادەی خزمەتکردنی تزاری خاوەن شکۆ و نیشتمانم.

پاروشین رووی گرژ کرد و گوتی: خزمەتکردنی نیشتمان مەڵێ، بلێ خزمەتکردنی عارەق. یگوروف وەکو بی نیو ئاو دەلەرزی، پاروشین لە زەنگی دا، ڤالتر بە شەقاوی سوپاییەوە هات و لەبەردەم میزەکەدا ویستا، پاروشین پیی گوت:

– جەنابی ڤالتر، ئەم زەلامە – پەنجەی بۆ یگوروف راکیشا– بە عەرەبانەیەکی سەرپوشراو یەکراست بۆ زیندان بەرە... ئەوجا تەماشایەکی یگوروفی کرد و دیسان رووی گرژ کرد– تا رۆژی ٢٨ی مانگ ناتوانین بەرەڵڵات بکەین و بە شەقامەکانا بسوڕییتەوە.. تاقیبت دەکەن. بەم کەللە پوچەوە خەبەرت لە هیچ نابێ. کەواتە دوو سبەی عەسر...

پاروشین دوای کەمێ بیر کردنەوە گوتی: کۆبوونەوەکە سەعات چەند دەست پیدەکات؟ یگوروف هەرچەند بە پیوە ویستا بوو، بەڵام خەریک بوو دەبورایەوە. بە هیچ جۆرێ چاوەڕوانی ئەم ئەنجامە نەبوو.. کە لە ریوە بۆ ئیرە دەهات چ بیریک مابوو نەیکاتەوە... موچەی چاک، پلەی بەرز... ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە زیندان بوو، پرسیارەکەی پاروشین وەکو کارەبا گرتی، لەپڕ گوتی: سەعات حەوت.

– سەعات حەوت.

پاروشین بە ڤالتری گوت: دوو سبەی سەعات شەش ئەم زەلامە دەبەی بۆ بنکەیەکی نهینی خۆمان لە ئیچری شار، ئەوجا دیی بۆ لای من...

رووی کردە پەنجەرەکە و ویستا، یانی قسەکانی تەواو بوو. یگوروف کەوتە پیش ڤالتر و لە ژوورەکە دەرچوو.



## 33

سەعات ٦ی پاش نیوەڕۆی «٢٨»ی مانگی دوو، یگوروفیان بە عەرەبانەیەکی سەر داپۆشراو بۆ ماڵیک هینا. سەعات حەوت کەم دە دەقیقە دەستووریان دایێ:

– پیش کەوە.

یگوروف کەوتە تاقیبی ئەو ماڵەی کە نیشانیان دابوو. هیزی ئەمن و پۆلیس کە جلی ئەهلیان لەبەر کرد بوو وەکو سیبەر بە شوینیا دەهاتن. پاروشین و ڤالترش لە بەر دەروازەکەی «قوشاڤالا»دا لە نیو گالیسکەیەک چاوەڕوان بوون. لیلییف و سەرەکی دایەرەی ئاگاهی تەفلیس بۆ ژنەوتنی هەواڵی گرتنی بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە ژوورەکەی پاروشیندا بەبێ سەبری بە دیار تەلەفۆنەکەوە ویستا بوون. هەرچەند مانگی دوو لە نیوەدا بوو، کەچی گەرما پیاوی هەراسان دەکرد. پاروشین لە نیو گالیسکەکەدا هەستی بە دڵتەنگی دەکرد. یەخەی پاڵتۆکەی کرد بووەوە و کڵاوەکەی داکەند بوو. پەیتا پەیتا جگەرەی دەکیشا و دەیگوت: خۆزێ خۆشم دەچووم. لەوانەیە نەتوانن هەموویان بگرن و لەپڕ هەندیکیان را بکەن.

– دەبوایە بە ئاشکرا دەوری ماڵەکەمان بگرتایە. لە خۆڕایی ئەمەمان نەکرد.

– ڤالتر گوێ بگرە، دەنگی گوللە ناژنەوی؟ دەترسم چەکدار بن.

ڤالتر کە شپرزەیی سەرۆکی بینی چ وەڵامیکی نەدایەوە. چونکە بە تەجرەبە بۆی دەرکەوتبوو کە قسەکردن لەم کاتانەدا بێ سوودە. بەڵام ئەویش نیگەران بوو. چاوی لە دەروازەی«قوشاڤالا» ناگواستەوە.

ماوەیەک چاوەڕوان بوون. دنیا تەواو تاریک بوو بوو، پاروشین دابەزی و خۆی بە ئیچری شارا کرد، ڤالتر کون بە کونی ئیچری شار شارەزا بوو. کەوتە پیشی و ریی بە ئاغای نیشاندا، کە گەیینە بەردەم ئەو ساختمانەی کە یگوروف نیشانی دابوون، تووشی دوو ئەمن بوون کە جلی ئەهلیان لەبەر بوو. یەکیک لە ئەمنەکان هەرکە سەرهەنگی بینی رەق راوەستاو سڵاوی کرد. پاروشین بە ئەسپایی گوتی: دەست داگرە گەوجە... ئەدی نابینی کە جلی سوپاییم لەبەر دانییە؟ قسە بکە بزانم چی بووە؟ بۆ باسی ناکەیت؟

مامورەکە گوتی: گەورەم چ شتێ لە ئارادا نییە تا باسی بکەم.

– چۆن، قسەی بەلاش مەکە، خیراکە قسان بکە!

– جگە لەو ماڵەی کە یگوروف دەست نیشانی کرد، تەواوی ماڵانی گەرەکەکەش گەڕاین، بەڵام جگە لە هەندێ خەڵکی برسی و رووتە چ کەسیکی دی نەبوو.

پاروشین قسەکەی پێ بڕی: گەوجە، ئیمەش بە دوای ئەوانەدا دەگەڕیین، ئەدی تۆ چیت دەوێ؟ وا دەزانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە مانتاشف وتقی یوفن؟

– نەخیر گەورەم، لەم گەڕەکەدا کۆبوونەوەی وا نییە، هەموویانمان لە نیوجێ دا هینایە دەرێ، ئەو خانووەی ئەو دەست نیشانی کرد، چۆڵ بوو. هەموو ژوورەکان پڕن لە زر و زبڵ. خاوەنەکەی ویستوویەتی چاکی بکاتەوە، بەڵام بە نیوەچڵی ماوەتەوە...

پاروشین چ وەڵامیکی نەدایەوە. لەکاتیکا لەداخا لیوی خۆی دەکرۆشت، بە وردی

سەیری ماڵی نیوبراوی کرد. ئەوجا لەو مامورەی کە لەگەڵ خۆیا بوو، پرسی: یگوروف کوا؟

– لە پیچی کۆڵانەکەدا چاوەڕوانە.

– گازی بکەن.

مامورەکان ڕۆیشتن، پاروشین و ڤالتر لە حەوشەدا مانەوە. دنیا تاریک نەبوو، مانگ لە ژیر هەورەکان هاتبووە دەرێ و هەموو لایەکی روناک دەکردەوە. چ دەنگە دەنگ لەم لاو لەولا ناهاتە گوێ. خەڵکی گەڕەک لە ترسی ماموران دەرگا وپەنجەرەیان داخستبوو. تەنانت چراکانیشیان کوژاند بووەوە. حەوشەکە پڕ بوو لە کۆزەرەدار، بەرد، چەو و لم، دوای پینج چرکە یگوروفیان هینا، بە ترس و لەرزەوە لەبەردەم پاروشین دا ویستا.

پاروشین ئاگری لێ دەباری: ئەدی کوا، خۆ ئیرە کەسی لێ نییە.

– بەڵێ گەورەم، کەسی لێ نییە.

پاروشین لە حاڵیکدا کە شەڕی بە خۆی دەفرۆشت، پرسی: بۆ؟

پاروشین هیندە بە هیمنی ئەم پرسیارەی کرد دەتگوت بە یگوروف دەڵێ بۆ بێ حاڵی؟

یگوروف بەدەمەلاڵکێ گوتی: نازانم گەورەم! رەنگە لەبەر سەرما نەهاتبن.

دنیا گەرم بوو، پاروشین لەژیر پالتوکەیا ئارەقەی کردبوو، بە فیزیکی زۆرەوە دەست کیشەکەی دەستی راستی داکەند و بە دەستی چەپییەوە گرت، کوت و پڕ زللەیەکی بە بنا گویی یگوروف دا کیشا، یگوروف وەکو تۆپی لاستیک هەڵبەزییەوە و لە ناوەندی حەوشەکەدا کەوت. پاروشین بۆ ئەوەی چ دەنگە دەنگ و هەرایەک بەرپا نەبێ، جارێ بەم زللەیە وازی هینا.

بە ئەسپایی بە ڤالتری گوتی: بیهینە بۆ لای خۆم!

پاروشین بە پەلە لە حەوشەکە دەرچوو، لیلییف پاش ئەوەی قسەکانی پاروشینی وەکو گوارە کردە گوێ، بە قامکەکانی عەینەکەکەی داکەند و کردییە چاوی، ئەوجا بە زەردەخەنەوە گوتی: جەنابی سەرهەنگ فیلّیان لێ کردویت! خیانەتیکی چکۆلە لەم کارەدا هەیە...

لیلییف هەمیشە وشەی «بچووک» ی بە پیچەوانەی واتا راستەقینەکەیەوە بەکار دەهینا. ئیستاش کە بە «رووداویکی زۆر بچکۆلە» و «خیانەتیکی بچکولە» قسەکەی دەست پیکرد، واتە مەسەلەکە زۆر گرنگە، پاروشین چاوی بڕییە میوانەکە و بۆ ئەوەی مەسەلەکە بچووک نیشان بدات، گوتی: رەنگە دانیشتنەکەیان دواخستبێ، ئەو زەلامەی ئیمە بۆ ئەوێمان نارد زۆر وریا و شارەزایە، نەیان دەتوانی فیلّی لیبکەن.

لیلییف دیسان زەردەخەنەیەکی کرد، وای کە ئەم بزەیە چەند فیلبازانە و پیس بوو! پاروشین سەری داخست، میوانەکە قسەی نەدەکرد، بە هیمنی گویی لەوان دەگرت، لیلییف پاش کەمیک بیدەنگی گوتی: جەنابی پاروشین لەوانەشە هەڵیان خەڵەتاندبێ، لەوانەیە کۆبوینەوە و هەواڵی چوونی تۆیان پیراگەیەنرابێ و کۆبوونەوەکەیان بۆ کاتیکی دی دوا خستبێ، دوور نییە کابرای خایەن لە دایەرەکەی



خۆتا بێ، لەوانەیە هەر ئەو زەلامە بێ کە خۆت ناردووتە، ئەو زەلامە لیرەیە؟

پاروشین سەری بادا، چونکە بە پیویستی نەدەزانی لیلییف خۆی لە کاروباری دایەرەکەی هەڵقورتینێ، گوتی: نەخیر، لیرە نییە..

– تکا دەکەم دەستوور بدە کە بیدۆزنەوە و بۆ ئیرەی بینن تا قسانی لەگەڵدا بکەین.

پاروشین چ بیانوویەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی نەدۆزییەوە، لە ژوورەکە چووە دەرێ و بە ڤالتری گوت: پاش نیو سەعاتی دی یگوروف بۆ ژوورەکەی من بینن، ئەگەر پرسیان بلێ مامورێکمان بە دوایا ناردبوو...

هەر کە پاروشین لە ژوورەکە چووە دەرێ، سەرۆکی دایەرەی پۆلیسی تەفلیسبە گویی «لیلییف»یدا چپاند: زۆر چاک دەکەیت کە بە خۆت سەرپەرشتی کاری ئەمانە دەکەیت، من ئەوشۆ سەفەر دەکەم، مەسەلەکە بە وردی بۆ جینشین دەگیڕمەوە.

لیلییف بە غرووررەوە وەڵامی دایەوە: ئەگەر من نەبم ئەمانە گەڕ دەبن، ئەمەش بە جەنابی جینشین رابگەیەنە.

کە پاروشین گەڕایەوە، ئەمان قسەکەیان بڕی، ماوەیەک قسانیان کرد. دوای نیو سەعات ڤالتر هەواڵی هینانی یگوروفی راگەیاند، پیکەوە چوونە ژوورەکەی تەنیشتەوە، یگوروف لە ناوەندی ژوورەکەدا ویستا، یگوروفەکەی دوو رۆژ لەمەوبەر نەبوو. «ئومیدی ئیمپراتۆریەت» رواڵەتیکی یەکجار کلۆڵی هەبوو، دوو رۆژی ریک بە چاکەت و پانتۆڵەوە لەسەر حەسیر خەوتبوو، جلەکانی تەواو چلّکن بوو بوو، تەنانەت لە یەک، دوو شوینیشەوە دڕا بوون. چونکە کەوتبووە چلّپاوەوە، لایەکی یەک پارچە قوڕ بوو، سمیلّەکانی شۆڕ بووبووەوە و ردینی هاتبوو.

لیلییف قەدەرێ لیی راما، بە پەنجە ژنانییەکانی عەینەکەکەی لە چاوی داکەند و ئەوجا کردیەوە چاوی. پاشان بە زەردەخەنەوە بە پاروشینی گوت: ئالای خەباتتان دژ بە شۆڕشگیڕان لە چ حاڵیکی خراپ دایە!

پاروشین لە رقانا کەوتە کرۆشتنی لیوی و چ وەلامیکی نەدایەوە، لیلییف بە وردی لە چارەی یگوروف راما.

– گیانەکەم قسان بکە! هەمووی لە هەولّەوە باس بکە. (گیانەکەم؟ یگوروف کەمێ پشتی راست کردەوە) کیت بینی؟ لە کوێ دیتن؟

ئەوان دانیشتن، یگوروف هەر بە پیوە ویستا نائومیدانە چاوی بە دەوروبەری خۆیا گیڕا، تا ئیستا زۆر لە پاروشین دەترسا، بەڵام ئیستا کە بینی ئەم کابرا چاویلکە لە چاوە لەو بەهیزترە، بەلای ئەوا بایدایەوە.

لیلییف بە وردی لیی راما و لەدڵی خۆیدا گوتی: ئەرێ لە چ تەیرێ دەچیت؟ پاشان هەر خۆی گەییە ئەو ئەنجامەی کە یگوروف پتر لە ئاژەڵیکی کیوی دەچیت وەک لە باڵندە، بەڵام هەرچی کۆشا ئەو ئاژەڵە بزانێ بۆی نەدۆزرایەوە.

یگوروف بە هەزار زەحمەت توانی قسەکەی تەواو بکات، چونکە لەهەموو لایەکەوە پرسیار لە دوای پرسیاری بەسەرا دەباری. ئەویش چونکە وەڵامی پرسیارەکانی نەدەزانی درۆ لە سەر درۆب کەڵەکەی دەکرد. لیلییف بە زەردەخەنەوە سەیری کرد، یگوروف مانای ئەم زەردەخەنەیەی چاک دەزانی، بەڵام لەپڕ کابرای دەم بە پیکەنین

دوای تەواو بوونی قسەکانی ئەو، رووی کردە پاروشین و گوتی: جەنابی سەرهەنگ! من پیم وایە ئەم.. ناوی چییە؟

– یگوروف قوربان!

– ئا.. هیشتنەوەی جەنابی یگوروف لیرەدا چ مانایەکی نییە، بەتۆمەتی درۆ کردن وخیانەت لە دەولەت و لە خاوەن شکۆ-تزار- یەکڕاست رەوانەی سیبریای بکەن، وا نییە جەنابی یگوروف؟

یگوروف پەشۆکا و بە پەلە گوتی: راست دەفەرمووی قوربان!..

– ها.. بزانە خۆشی رازییە... پیاویکی بە ویژدانە. سیبریا قوتابخانەیەکی گەورەیە. کاتێ کە ناوی دیت کەس ناویرێ نکۆلی لیبکات.

یگوروف براو ئیدی ئەستیرەی بەختی بۆ هەمیشە کوژایەوە. تاقە یەک شتیان لە یگوروف بۆ مایەوە ئەویش ناوی «یلنا» بوو. بەلام ئەو یلنایەش مەعلوم نەبوو، ئەدی چ بوو؟ بەرای لیلییف دەبوا ئەوشۆ بە هەرجۆرێ بووە «تەگبیریکی بچکولە» بکەن. سبەینێ یەکی مارتە، لەوانەیە رووداوی گەورە بقەومێ. «تەگبیرە چکۆلەکەش» بریتی بوو لە گرتنی هەموو کەسیکی گومان لیکراو لە ماوەی یەک شەوا، ئەگەر ئەو گومان لیکراوانە لە دە لەسەدی یان ئەندامی ریکخراوە نهینییەکان بن. ئەوا سەرکەوتنیکی چاکە، لیلییف ئەم تاکتیکە کۆن و سوارەی بە جورێ ترش و خوێ کرد کە پاروشین و نوینەری خودی جینشین هیندە پیی شاد بوون وەک بلیی ئەمە تاقە ریگای چارەسەریکی زیرەکانە بێ، بەلام ئەم تاکتیکە سوا بوو، چونکە پاروشین چەند جارێ ئەم تاکتیکەی بۆ کەشف کردنی چاپخانە نهینییەکە بەکار هینابوو. تەنانەت چەند کەسیکیشی دارکاری کردبوو. ئەنجامەکەی لە هەوەلەوە دیارە.

بەلام ئەورۆ شتیکی دییە. گرتنی ئەم کەسانە پالپشتیکی چاکە بۆ لاواز کردنی مانگرتنی داهاتوو. بۆیە ئەنجامدانی ئەم تاکتیکە زۆر پیویست بوو، دوای پەسند کردنی پیشنیازەکە کەوتنە رەش بگیر. لیستەیەکی دوور دریژیان پڕ کردەوە، تەنانەت ناوی ئەو کەسانەشی تیا بوو کە لە هەموو ژیانیانا تاقە یەک وشەی نارەزاییان درکاندبوو، تەحقیق کردن کاتیکی زۆری دەویست. دوای ئەوەی ئەم کارەیان بە ڤالتر سپارد. خۆیان سازدا کە بۆ لای جەنەرال فەرماندار بچن، چونکە دەیانویست هەر چۆنێ بووە ئەم کارە لەگەل بەرەبەیانیا ئەنجام بدەن. هەرچەندە لیلییف بەمە رازی بوو، بەلام رازی بوونی جەنەرال فەرمانداریشی دەویست.

کات ١٢ی شەو بوو، میوانەکە خۆی بۆ رۆیشتن ئامادە دەکرد، بە تەمای شەمەندەفەری سەعات یەک بوو، بۆیە لە هەوەلەوە میوانەکەیان ئامادە کرد. لیلییف خۆی بە ژووریکا کرد کە تەلەفۆن لەگەل جەنەرالدا بکات. پاروشین هەندێ کاغەزی ئیمزا کرد کە میوانەکە لەگەل خۆیا بۆ تەفلیسی دەبردن. میوانەکە لەبەر دەرگا دوعاخوازی لە پاروشین کرد، لەکاتی سواربوونی گالیسکەکەدا سەری دانەواند و زۆر بە ئەسپایی لیی پرسی:

– ئەم لیلییفە بۆ ئەوندە خۆی لە کاروباری تۆ هەلدەقورتینێ؟ هەمیشە هەروایە؟

پاروشین کە لە لیلییف پڕ بوو، گوتی: هەمیشە... چەندین جار لەم بارەیەوە



کاغەزم بۆ ئیوە نووسیوە.

میوانەکە، واتە نوینەری ئەمن، قۆلی پاروشینی گرت: ئەمە نابێ، هەموو ئەم شتانە بۆ جەنابی جینشین دەگیڕمەوە. لیلییف زیادپێ رادەکیشیت.

پاروشین بە زەردەخەنەوە دەستی میوانەکەی گوشی:

– ئەگەر من نەبم، ئەمانە گەڕ دەبن، ئەمەش بە جینشین بلێ.

– بیگومان...

میوانەکە سواری گالیسکە بوو، ریی تەفلیسی گرتە بەر تا هەوالەکان بە جینشین بگەیەنێ، وەختێ پاروشین گەڕایەوە لیلییف هیشتا سەرگەرمی تەلەفون کردن بوو. فەرمانداری بۆ وەرناگیرا. لە مالەوە نەبوو، نزیکەی سەعاتیکیش بوو لە دایەرە دەرچوو بوو، لە کابارێ دا نەبوو، ئەنجام لیلییف بە تورەییەوە تەلەفونەکەی داخستەوە و دانیشت. لە ژیر لیوەو شتیکی گوت، مەخابن پاروشین لیی حالی نەبوو.

پاش تۆزیکی دی لیلییف دەستی بە زەنگ لیدان کردەوە. ئەمجارەش هیچی دەست نەکەوت. یەک، دوو جار بە تورەیی عەینەکەکەی داکەند و کردیەوە چاوی و بە پاروشینی گوت:

– کارەکان وەکو چۆن گوتم ئەنجام بدە، من دەچم لە دایەرەدا چاوەڕوانی جەنەرال دەکەم، دلنیابە ئەویش رازی دەبێ، هەقت نەبێ لەسەر من، بەلام، بە داخەوە دلنیا نیم کە بتوانی ئەم کارانە لەکاتی خۆیدا و بەچاکی ئەنجام بدەیت. دایەرەکەی ئیوە دەبێ زۆر بە وردی و ریکی کار بکات. کەچی..

بزەیەکی کرد و بیدەنگ بوو، ئەم بزەیە پاروشینی شیت و هار کرد، لە کاتیکا وا خۆی دەنواند کە گویی ناداتێ، بێ ئەوەی چاو لە چاوی لیلییف بگوازیتەوە گوتی: جەنابی یاریدەدەری فەرماندار تۆ ئاگات لە ریک و پیکی ناوخۆی دایەرەی ئیمە نییە. یاسا بواری باسکردنی هەموو شتیکم نادات. بەلام قەیدی نییە هەنووکە نموونەیەک لە ریکوپیکی خۆمانت نیشان دەدەم.

بە توندی لە زەنگیدا، ڤالتر هاتە ژوورەوە، پییگوت:

– جەنابی یاریدەدەری فەرماندار یەک سەعاتە خەریکە و شوینی جەنەرال فەرمانداری بۆ نادۆزریتەوە. لە سەرەکی لقی یەکەم بپرسە کە جەنەرال فەرماندار لە کوییە؟

ڤالتر کە چاویکی لە پاروشین و چاویکی لە لیلییف بوو گوتی:

– گەورەم. منیش دەزانم، ئیستا لەگەل جەنابی مانتاشف دایە.

– ڤالتر! ئیدی تۆ برۆ.

ڤالتر رۆیی، لیلییف زۆر پەست بوو، سەعاتیکە عەودالی فەرماندارە، ڤالتر پیی دەزانی و دەنگی نەدەکرد، بە تورەییەوە هەستا، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا، لەپڕ وەستاو گوتی: خۆزگە بۆ سۆراخ کردنی دژمنیش وا وریا بوویتایە.

پاروشین بەزەردەخەنەوە گوتی: پاراستنی فەرماندار بە ئیمە سپیردراوە، جەنابی لیلیف! بۆیە سۆراخ کردنی ئەو ئەرکی سەرشانمانە.

لیلییف بە بیدەنگی دەستی بە خۆگۆڕین کرد، لەو دەمەدا کە لە ژوورە دەردەچوو

گوتی: هەر ئیستا بۆ ئوتیلەکە دەچم، قسە لەگەڵ فەرماندار دەکەم و بە تەلەفون جوابت لیدەگیڕمەوە.

دوای ڕۆیشتنی ئەو، پاروشین ئیسراحەتی کرد، دەتگوت باریکی قورسی لەسەر شان لاچووە، لە دڵی خۆیدا گوتی: چ مەعدەنیکی پیسە. خۆی لەهەموو شتیک هەڵدەقورتینێ. لە هەموو مەنجەڵیکا ئەسکۆییە، بە ئەندازەی پیرە ڕیوییەک فیڵبازە.

پاروشین تا ئەو ڕۆژە بەڵگەیەکی ئەوتۆی لەسەر لیلییف دەست نەکەوتبوو کە شایانی ئەوە بێ بیکات بە ڕاپۆرت و بۆ پترزبۆرگی بنیرێ. بەرتیل... زوڵم و هەق پیشیلکردن.. نە بابە دەربار گوێ بەم کارانە نادا! پیویستە بە تۆمەتی گەورەی وەک لە یاسا لادان و خیانەت کردن لە خودی شا تاوانبار بکرێ. بەمانەش فڕوفیڵەکانی لیلییف ناگیرێ.

پاروشین بە دەم ئەم بیرانەوە لە دۆلابەکە نزیک بووەوە. دوو پیک کونیاکی دوا بە دوای یەک هەڵدا، لەم کاتەدا ڤالتر هاتە ژوورەوە.

– جەنابی سەرهەنگ نیو سەعات پترە کە موختاربەگ چاوەڕیتانە، پیاویکیشی لەگەڵە پیم وایە ناوی میرزا قاسمە..

– زیاد لە نیو سەعات؟ ئەدی بۆ زووتر قسەت نەکرد؟

– زووتر، لەگەڵ یاریدەدەری فەرماندار مژول بووی، نەمویست قسەکەتان پێ ببڕم..

ڤالتر لە پاروشین نزیک بووەوە و بە خۆشیەوە گوتی: موختاربەگ و میزرا قاسم هەواڵی زۆر گرنگیان هیناوە. دەترسم دوای هەواڵەکانی ئەمان پلانەکەی جەنابی لیلییف کۆن ببێ و باوی نەمینێ.

پاروشین بە هەڵچوونەوە گوتی: ئاخر ئەو بۆلای فەرماندار چوو تا ڕای ئەو بزانێ. ئەگەر ئەو دەستوری دایێ تازە دەبێ لەسەر دەستوورەکەی ئەو بڕۆین. فەرماندار ئەگەر دەستورێ بدات حەز ناکا بیگۆڕێ...

پاروشین دەیویست بۆ لای تەلەفۆنەکە بچێ، ڤالتر پیشی گرت:

– دەترسم جەنابی لیلییف، فەرمانداری بۆ نەدۆزریتەوە.

– بۆ؟ چما جەنەراڵ لە ئوتیلەکەدا نییە؟

– لە ئوتیلەکەدایە، بەڵام جەنابی لیلییف نەی پرسی لە کام ئوتیل دایە. بیگومان لیلییف ئوتیلەکەی تەنیشت «پارایت»ی بۆ دەگەڕێ. بەڵام جەنەراڵ لە ئوتیلیکی دی دایە و لەگەڵ مانتاشف دا پیکەوەن. ئافرەتیکی سەماکەری فەرەنسیان لە کنە. تۆ جارێ لەگەڵ میرزا قاسم و موختاربەگ قسان بکە. ئەوجا دەتوانی ئەوانیش ببینی، وا باشتر نییە؟

پاروشین هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشا و زەردەخەنەیەکی کرد، ئەوجا بەدڵسۆزییەوە گوتی:

– ئافەرین ڤالتر! تۆ یاریدەدەریکی ئاقڵ و چاکی، موختاربەگ و میرزا قاسم گاز بکە با بینە ژوورەوە.

ڤالتر ئەوانی برد بۆلای سەرهەنگ و خۆی بە پەلە هاتە دەرێ.



# 34

ڕۆژی **٢٦**ی شوبات، میتنیگی گەورە بەرپابوون، لەو میتینگانەدا کریکارانی کانەکان، فابریقەکان و کارخانەکانی باکۆ بۆ مانگرتنی گشتی هان دران. ئەم میتنیگانە لەکارگەی چاککردنی کەشتی دا کران، یلنا کنونیانتس وەکو نوینەری کۆمیتەی باکۆ بەڕیوەی دەبرد.

ئەو قسانەی کە «ئومیدی ئیمپراتۆرییەت» بۆ پاروشین و لیلییفی گیڕابوونەوە، تەنیا ئەم بەشەی ڕاست بوو. یگوروف جگە لە یلنا و کۆبوونەوەی **٢٨**ی شوبات هەرچییەکی تری گوتبووی درۆ بوو.

ئەو کۆبوونەوەیەی ئەو بەشداری تیدا کردبوو نهینی نەبوو، هەموو کەس دەیتوانی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداری بکات، یگوروف لە هیچ کۆبوونەوەیەکا بەشداری نەکردبوو. نەشکرا بوو بە سکرتیری هیچ کۆبوونەوەیەک. تەنیا لە میتینگیکدا بەشداری کردبوو. ئەویش خۆی نا، بەڵکو گویچکەکانی، گویچکەکانیشی وەکو پیویست بەشداریان نەکردبوو، چونکە لەبری قسەکانی قسەکەر، چپە چپی کریکارانی دەژنەوت.

ماوەیەک بوو کارخانەکان کاریان نەدەکرد. کارگەکان چۆڵ بوون. کریکارەکان هەموو ڕۆژێ بۆ وەرگرتنی ڕۆژانەکانیان لیرەدا کۆ دەبوونەوە، بەڵام خاوەن کارگەکە تێ شکا بوو و خۆی لێ دەدزینەوە. لەبەر ئەمە کریکاران لەم میتینگانەدا بەشداریان دەکرد و بێ پەردە قسەی خۆیان دەکرد. قسەی هیچ یەکیکیان بە کەڵکی یگوروف نەدەهات. هەندێ جار قسە و ناڕەزایی دەربڕینی گشتی.. چ دەردیکی یگوروف دەرمان نەدەکرد.

ئەگەر یەکیک هەستایە و بیکوتایە «فڵان ڕۆژ جەنەراڵ فەرماندار ڕەش کوژ دەکەین» یا « لە فلان شوینا پینج سەندوق بۆمبامان شاردۆتەوە» ئەوا یگوروف بۆ هەمیشە خۆشبەخت دەبوو. کە پاروشین، یگوروفی بۆ ئیرە نارد بوو پیی گوتبوو: «هەواڵی گشتیم ناوێ، هەواڵی وردم بۆ بینە. ناو، شۆرەت، کات، شوین.. ئەمانە لەبەر بکە!» لەبەر ئەمە سەراپای یگوروف بوو بوو بە گوێ، لە ژووریکی تەک ئەو کارگەیەی میتنیگەکەی تیدا دەکرا، چونیاتوف و ئەژدەر چاوەڕیی کۆتایی میتنیگەکە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی مانگرتنەکە و ورا بوون کە قەرار بوو بەرهەمی تازەی نینا لەگەڵ خۆیدا بینێ. قەرار بوو ئەو بڵاوکراوانە بەسەر ئەندامانی کۆمیتەی مانگرتندا دابەش بکرێ کە جەماوەری کریکاری بۆ مانگرتنی گشتی هان دەدا.

ورا زۆری پێ نەچوو، دوای ئەوەی ڕاسپاردەکەی پیوتری جیبەجێ کرد. بڵاوکراوەکانی لە پشت یەکیک لە دەزگا ئاسنگەرییەکانا شاردەوە. ئەوجا بە ئیشارەت یلنای حاڵی کرد کە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بینێ. پاشان خۆی بەو کارگەیەدا کرد کە کۆبوونەوەکەی تیدا دەکرا، لەسەر یەکیک لە کورسییەکان دانیشت، بەشداری کردنی چالاکانەی ژنانی ڕوس لە بزووتنەوەی شۆڕشگیڕی و خەبات دژ بە زۆر و ستەم، شان بەشانی باوک و برا و میردیان هیندە ئاسایی بوو کە هاتنی ورا سەرنجی کەسی ڕانەکیشا. ئەوانەی لە ڕیزی پیشەوە دانیشتبوون هەستیان پیکرد. ئەوانەی لە دواوە

دانیشتبوون که بەو کۆنە پاڵتوو سەرپیچە زلەوە دیتیان وایان زانی کە بە دوای میردەکەیا هاتووە.

ورا ئەو رۆژە هیندەی رێ کردبوو، بێ ئەندازە ماندوو بوو، لەگەڵ ئەژدەرا دوو جانتای پڕ لە بڵاوکراوە و رۆژنامەی نهینیان بۆ کانەکان بردبوو، باسکی راستی زۆر دەیەشا تاً پینج چرکە دوای دانیشتن ئاگای لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە و ئەو قسانە نەبوو کە دەیانکرد. دوای کەمیک حەسانەوە چاویکی بە دانیشتووان و ئامادە بووانا گیڕا. زۆربەیانی بینی بوو، تەنانەت ناوی هەندیکیانشی دەزانی، کان و کارخانە و کارگە نەبوو لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بۆی نەچووبێ و ئەوانەی لێ نەدی بووبن، هەرچەند زۆربەیان ئەویان نەدەناسی، بەڵام ئەو زۆربەیانی دەناسی. دوای ئەوەی چاوی بە زۆربەیانا گیڕا، سەرنجی بە کابرایەکی سمیڵ زلەوە گیرسایەوە. لەو دوورەوە تەنیا نیوەی رووی ئەم کابرایەی دەبینی، لەگەڵ ئەوەشا هەستی دەکرد کە چەندین جار دیتوویەتی، بەڵام هەرچی کرد و کوشا نەیزانی لە کوێ دیتویەتی. کەوتە گوێ گرتن لە قسەی کریکارەکان، بەڵام هەرچی کرد کە بیروهۆشی لە یەک شوینا کۆ بکاتەوە نەیتوانی. دیسان سەرنجی لەسەر کابرای سمیڵ زل گیرسایەوە. بیوچان «سمیڵی بادەدا و سەرەتاتکیی دەکرد، ئەوەی پتر سەرنجی ورای رادەکیشا ئەوە بوو کە کابرای سمیڵ زل هەم گوێ بۆ قسەکانی وتاربیژ و هەم بۆ قسەی ئەو دوو کریکارەی پیکەوە دەدوان شل دەکرد. پرسیاری لەوان دەکرد و پەیتا پەیتا پیدەکەنی و سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. لە دەرفەتیکا ورا توانی بە تەواوی دەموچاوی بدینی، لەپڕ ناسییەوە: فەرمانبەر.. فەرمانبەرەکەی دایەرەی گومرگ.. کابرای چەکمە زەرد، هزر و هۆشی ئەوەندە بە پەلە کەوتەوە کار کە دڵنیا بوو لەوەی فەرمانبەری دایەرەی گومرگ و کابرای چەکمە زەرد و ئەم سمیڵ زلەی هەنووکە لیرەدا ویستاوە هەر سیکیان یەک کەسن.

ورا بە پەشۆکاوی هەستا، چووە ژوورەکەی تەنیشتەوە. پیوتر و ئەژدەر و پیاویکی دی کە وراتا ئەو رۆژە نەی دیتبوو، پیکەوە قسانیان دەکرد. ورا دەستی ئەژدەری گرت و ئیشارەتی کردێ کە بیتە دەرەوە. کە هاتنە نیو حەسارەکە بە ئەسپایی پیی گوت: ئەژدەر.. کابرایەکی گومان لیکراو لە نیو کریکارەکاندایە.

ئەژدەر بەسەرسامی پرسی: کییە؟

– فەرمانبەری دایەرەی گومرگ، بیرتە؟ کە سەندوقەکە شکاو من فیرارم کرد. ئەو فەرمانبەرەیە... نەبوو پیم گوتیت رۆژی گرتنەکەی غوڵام تووشی کابرایەکی چەکمە زەرد بووم. ئیستاکە دیقەتم دا ناسیمەوە. هەمان کابرای چەکمە زەردە، وات فەرمانبەرەکەی گومرگ. بە خۆڕایی بۆ ئیرە نەهاتووە. گومان لەم مەسەلەیەدا هەیە.

ئەژدەر بە هەڵچوونەوە گوتی: لیرە راوەستە، با بچم بە پیوتر بڵیم.

ئەژدەر خیرا خۆی بە ژوورەکەدا کرد و پاش کەمیک لەگەڵ چونیاتوف دا گەڕایەوە. چونیاتوف کە کابرایەکی دنیا دیدە بوو لەم رووەوە، دوای ژنەوتنی قسەکانی ورا کەوتە بیر کردنەوە. ئەگەر ئەم پیاوە بەراستی خەفێ بێ پیویستە هەموو ئەو شتانەی لێ بشاردریتەوە کە پیوەندی  بە ریکخراوی نهینی نیناوە هەیە.



پیوتر بە ئەژدەر و ورای گوت کە بەرهەمەکانی نینا لەو ناوە دوور بخەنەوە، ئەنجامدانی ئەم کارەش پیویستی بە دەرهینانەوەی بڵاوکراوەکان لە پشت دەزگاکەوە و ئاگادار کردنەوەی یلنا هەبوو. پیوتر گەڕایەوە بۆ ژوورەکە– بەو پیاوەی کە ورا دوایی لە ریگای ئەژدەرەوە زانی ناوی ئایدن بیگوفە، گوت: بەڵکو چەند چرکەیەک «خوشکێ» گاز بکەیت بیتەلای من و یەکیکی دی لە جێ دابنێ.

پاش ئەوەی ئایدن چوو بۆ ژووری میتینگەکە، ورا و ئەژدەر بڵاوکراوەکانیان دەرهینا و لەوێ دەریان کرد.

کە یلنا کنونیانتس هات، چونیاتوف پیی گوت: یلنا! لە نیو ئەو خەڵکەی کە لە میتینگەکەدا ئامادە بوون، زەلامیکی گومان لیکراو هەیە، لەبەر ئەوە پیویست ناکا ئەورۆ ئەندامانی کۆمیتەی مانگرتن هەڵبژیردرێ، خیرا کۆرەکە تەواو بکە و هەموویان ئیزن بدە. ئەو پیاوەش کە جلی پۆستە بەری لەبەردایە گاز بکە کن خۆت و پیی بڵێ «رۆژی ٢٨ی  ئەم مانگە سەعات ٧ لە ئیچری شار، لە ماڵی لالۆ کەربەلایی کۆبوونەوەی نهینیمان هەیە و وەرە بۆ ئەوێ» ماڵی لالۆ کەربەلایی دوو کۆڵان لەسەرووی دەروازەی «قوشاقالا»وەیە. من جاران لەو خانووەدا بووم. لالۆکەربەلایی خەریکی چاکردنەوەیەتی. خۆی بە بازرگانی بۆ ئیران چووە. هەڵبەتە ئەمانە بەو ناڵیی، بەڵام تەئکید لەسەر هاتنی بکە. ئەگەر دوو سبەی ئەو ناوە گەمارۆ درا ئەوسا دەبێ تۆ بۆ ماوەیەک خۆت بشاریتەوە. چونکە ئەگەر بەڕاستی ئەو کابرایە خەفێ بێ هەم بۆ تۆ خراپە و هەم بۆ ریکخستن خەتەرە. چونکە لە نزیکەوە تۆی دیتووە و دەتناسیتەوە.

چونیاتوف پاش ئەوەی ئەم کارەی بە یلنا سپارد. خۆشی لەکارخانەکە دوور کەوتەوە. تاقیب کردنی دەوروبەری ماڵی لالۆ کەربەلایی لە سەعات ٧ی رۆژی ٢٨ی شوبات بە ئەژدەر سپیردرا، ئەژدەر بەیانی ئەو رۆژە بۆ ئیچری شار نەچوو، نزیکی رۆژئاوا، لە دەروازەی کورنیشی ئیچری شارەوە بەرەو ماڵی غوڵام کە تەواو لە ماڵی لالۆکەربەلاییەوە دوور بوو، کەوتە رێ.

چەند رۆژێ بوو دەیویست پورە نسا ببینێ. چونیاتوف و هاوڕیکانی دی رایانسپارد بوو، دیارییەکی بچووکی لە هاوریکانی غوڵامەوە بۆ پورە نسا دەبرد. دوو رۆژ بوو دەرفەتی بۆ نەدەرخسا کە ئەم راسپاردەیە ئەنجام بدات.

ئیدی ئەو حەوشەیەی جاران کە ئەژدەر دیتبووی نەمابوو، لە زستانا سوتاند بوویان، کە ئەژدەر خۆی بەو حەوشە ویرانەدا کرد، دەنگیکی ژنەوت کە کۆکە وشکەکانی غوڵامی لە میشکا زیندوو کردەوە. ئەژدەر دەیزانی پورە نسا نەخۆشە، غوڵام گەرچی خۆی مردبوو بەڵام نەخۆشییەکەی لە دوا مابوو، تەنیا میراتگری کۆکە وشکەکانی غوڵام، پورە نسا بوو.

ئەژدەر لە دەرگای دا، دەرگا کرایەوە. پیریژنیکی رەقەڵەی کەنەفت لە پشت دەرگاکەوە ویستا بوو، ئەم پیریژنە کەم و زۆر لە پورە نساکەی سەردەمی ژیانی غوڵام نەدەچوو، روخساری گۆڕا بوو، بەڵام چاوەکانی هەرچەند سیس و کز بوو بوون، هاواریان دەکرد کە ئەمە هەمان پورە نسای ژنی غوڵامە،  ئەژدەر ساڵێ جاریک سەری

دەدان. جگە لە ئەژدەر، هاوڕێکانی دیش سەریان دەدا و بەپێی توانا یارمەتیان دەدا. بەڵام وێ دەچوو ئەم یارمەتیانە دەردی پورە نسا کەم نەکەنەوە. دەتگوت غوڵام ژیانی ئەم پیرێژنەشی لەگەڵ خۆدا بردبووە گۆڕەوە، پورە نسا هەر کە ئەژدەری بینی، قژە سپییەکەی کە لە ژێر لەچکە دڕاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ، ریک خستەوە و بزەیەکی بەروویا دا. ئەم بزەیە پتر لەو تیشکی خۆرە دەچوو کەلەپڕ لە ژێر هەورێکی توندەوە دیتە دەرێ و بۆ چرکەیەک لق و پۆپی وشک هەڵاتووی درەختان روون دەکاتەوە.

پێویست بە پرسیاری وەک «حاڵت چۆنە؟» نەبوو. چونکە رووخساری پیرێژنەکە خۆی لە خۆیا وەڵام بوو، ئەژدەر بە ئارامی چووە ژوورە تاریکیکەوە و لەویوە چووە ژوورێکی دی، ژوورەکە وەکو نسا ئەوەندە گۆڕا بوو کە نەدەناسرایەوە. جگە لە کۆمبارێکی دڕاو چیتری تیدا نەبوو، ئیرەش بوو بوو بە ویرانە. بە ماقوڵی نەزانی پرسیاری شت ومەکی ناو ژوورەکە بکات، دیار بوو کە ئاتاجی وەکو ئەژدیها هەڵی لووشی بوو.

ئەژدەر لەو دەمەدا کە زەمیلەکەی دادەنا، لە پورە نسای پرسی: ئەدی ئەکبەر کوا؟ نسا بە دەم کۆکە کۆکەوە گوتی: ئەکبەر لە ماڵی ئاشنایەکمانا کار دەکات، بۆ ژەمە نانێ.. رازی بووم کە بەلای کەمەوە ئەو لەبرسا نەمرێ.

ئەژدەر ئەم هەواڵەی هیندە لە دڵ گران بوو، دەتگوت کوتەکیکیان بەسەریا کیشاوە. ئەژدەر قسەکانی ئەوسای غوڵامی: کاتی هاتنی دووژنەکە- بیر خۆی هینایەوە: (گۆرگانی عەبا بەسەر) بە پەلە پرسی:

– لەماڵی کام ئاشنا؟ ماڵی ئەو ژنانەی ئەوسا بۆ کڕینی جلە بوکینییەکانی تۆ هاتبوون؟

نسا بە کەسەرەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ.. لە ماڵی ئەو ژنانە...

نەیتوانی درێژە بە قسەکەی بدات، ئەژدەر هەندێ پارەی لە گیرفانی دەرهینا.

– پورێ، ئەم پارانە بگرە، ئەمە دیاری کریکارانی شۆڕشگێڕە، تکات لیدەکەم چیتر ئەکبەر بۆ ئەو ماڵە مەنیرە. قسەکانی شەهید غوڵامت لەبیرە کە دەیگوت (تا من بمینم نایەڵم کوڕەکەم پاشماوەی سەر سفرەی دەوڵەمەندان بخوات.) ئیستاش هەر چەندە غوڵام نەماوە بەڵام خۆ ئیمە ماوین. غوڵام بەسەر بەرزی ژیا و مرد. کوڕەکەشی دەبێ وەکو بابی بێ، هەرکە مانگرتن تەواو بوو بنیرەی بۆ لای خۆم، کاریکی ئاسانی بۆ دەدۆزمەوە.

پیرێژنەکە چ قسەیەکی نەکرد، بە پەنجە لەرزۆکەکانی پارەکەی هەڵگرت، بەڵام چ گیرفانیکی نەبوو کە تیایدا هەڵی گرێ، ماوەیەک حەپەسا، لەپڕ دەستی کردە ملی ئەژدەر و کەوتە گریان.

ئەژدەر وەکو کوڕیکی ئەوبێ، قژە سپییەکەی ماچ کرد و ئەوجا بە دەم و چاو سڕینەوە لەوێ هاتە دەرێ.

دنیا تاریک بوو، لە مزگەوتی «خان سەرا»وە دەنگی بانگ بەرز بووەوە، ئەژدەر دوای ئەوەی یەک، دوو کۆڵانی بڕی، کۆمەڵیکی بینی کە بەهانکە هانک دەهاتن، ویستا، کە زەلامەکان نزیک بوونەوە پرسی: ئەوە چی بووە برادەر؟ بۆ رادەکەن؟



یەکیکیان بە هەناسە بڕکیوە گوتی: نازانین، بەڵام پۆلیس و ئەمن ماڵ بە ماڵی ئیچری شار دەگەڕین، ماڵی لالۆکەربەلاییان تەوق کردووە، بیگومان دیسان کەتنیکی لە ئیرانا کردووە.

ئەژدەر هەرکە ئەو قسەیەی ژنەوت، بە پەلە گەڕایەوە، لە ئیچری شار دەرچوو، دوو سەعاتی پیچوو تا گەییە باخی «نوبل» کۆبوونەوەی کۆمیتەی باکۆ لە ماڵی کریکاریکی پیری رووس، کە خۆی ئەندامی کۆمیتەی باکۆ بوو، دەستی پیکرد بوو، لەویدا لە نەخشە و پلانی مانگرتنی گشتی مانگی مارت دەدوان.

ئەژدەر تا گەییە ئەم ماڵە دووجاران کەوتە کەمینەوە، بەڵام چونکە لەوە پیش نهینی شەوی لە چونیاتوف وەرگرتبوو ماتەلیان نەکرد، کە چووە ژوورەوە کۆبوونەوەکە تەواو بوو بوو. هەموو چاوەڕیی ئەو بوون.

– ئەوە لە کوبی ئەژدەر؟ ئیمە لە میژە لێ بووینەتەوە و چاوەڕیی تۆین..

ئەژدەر بە زەردەخەنەوە گوتی: هیچم دەست نەکەوت، لەویوە بەپێ هاتم.

– بلێ بزانم ئەو پیاوە بەڕاستی گومان لیکراو بوو؟

ئەژدەر بە دڵنیاییەوە گوتی: بەڵێ جاسووسی تەواو بوو، ئەوەندە ئەمن و پۆلیس رژاونەتە ئیچری شارەوە، دەرزی هەڵدەیت ناکەویتە سەر زەوی..

چونیاتوف بە پیکەنینەوە بە ئامادەبووانی گوت: هەرچەندە ئەم کارەمان ناوی لالۆکەربەلایی لەلای پۆلیس خستە لیستەی شۆڕشگیڕانەوە. بەڵام خۆمان لە خەتەر دەرباز بووین.

ئەوجا رووی لە بوگدان و یلنا کنونیانتس کرد: بوگدان ئیوە دەبێ لەم ساتەوە خۆتان بشارنەوە، نەک هەر ئیوە بەڵکو دەبێ هەموو ئەندامانی کۆمیتە خۆ بشارنەوە. دەبێ بۆ ماوەیەک لە ماڵی کریکارانی شۆڕشگیڕ و دوورە دەستا خۆتان وەشیرن.

نیکولای کازانکو، بە روخساری میهرەبان و کەلەشی تۆکمەوە دەستی بە قسان کرد، دەنگی گڕ و گەورەی کازانکو، دەنگی ئیڤان نیکولایوفچی دەهینایەوە بیر.

لە کاتی وا شلۆقا ئەوان یەک یەک خەڵکی ناگرن. لە سبەیەوە مانگرتن هەموو ناوچەکان دەگریتەوە.

ڤانۆ ستروا کە لە سوچیکا دانیشتبوو، لەبری چونیاتوف وەڵامی دایەوە:

– نیکولا! پتیا راست دەکات، ئەوانە ئیستا بۆ راگرتن و کز کردنی خەبات دەکەونە راوکردنی ریبەران، دەبێ بێ ئەندازە وریا بین...

هەموویان ئەم قسەیەیان سەلماند. چونیاتوف رووی کردە هەموویان و گوتی:

– چەند کەسیک لە ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ نەهاتوون و لیرە ئامادە نین، تکایە لە سبەیەوە تووشی هەر یەکیکیان بوون ئەم بڕیارەیان پێ رابگەیەنن، لە جاران پتر وریای خۆ بن، لەم هەلومەرجەدا دەبێ هەر یەکیکمان بەرانبەر بە رووداوە گەورەکانی ئایندە، کاری ئۆردویەک ئەنجام بدەین.

کاتێ کە بڵاوەیان لیکرد، دوو بەتلی شەو بوری بوو.

## 35

ئا لەم کاتەدا، موختاربەگ و میرزا قاسم، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر توانیان پاروشین ببینن، پاروشین لە شاییەکە بە دواوە موختاربەگی نەبینی بوو، لەم ماوەیەدا موختاربەگ تەواو پیر بوو بوو، چرچ و لوچ کەوتبووە دەموچاوی.

– موختاربەگ بۆ وا پیر بوویت؟ دەڵیی چەندی پارەت زۆر دەبێ ئەوەندە چرچ دەکەویتە دەموچاوت.

موختاربەگ بزەیەکی کرد: راستییەکەی جەنابی سەرهەنگ دەوڵەمەندی ئەم دەورو زەمانەیە، نەگبەتییەکی گەورەیە.

– کەواتە زیڕ و زیو خەوی لێ حەرام کردوویت؟

– زیڕ کوا جەنابی سەرهەنگ؟ هەمیشە مەسرەفمان لە دەرامەتمان زۆرترە. لە سێ شوین خانوو دروست دەکەم، ریکی تازە لیدەدەم، قەرزاری زۆربەی بانقەکانم. لەو لاشەوە کریکاران حەجمانیان لێ هەڵگرتووین. هەر لەبەر ئەمەشە بەم شەوە سەروو دڵمان گرتویتەوە.

– فەرموو گویم لیتە، تکایە دانیشن! هەر ئیستا دەنیرم شامپانیاتان بۆ بیت...

موختاربەگ رەنگی هیناو برد: سەلامەت بی جەنابی سەرهەنگ! ئەگەر یارمەتیمان بدەیت هۆی هاتنەکەمان باس دەکەم.

پاروشین سەری رەزامەندی لەقاند، موختاربەگ سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد و بە ئەسپایی کەوتە قسان: خۆت دەزانی ژیانی من بە کانەکانی بالآخانییەوە بەندە جەنابی سەرهەنگ! بۆیە هاتوومەتە خزمەتی جەنابت کە بلّیم ژیانم کەوتۆتە مۆڵەق و فریام بکەوە!

پاروشین بزەیەکی کرد و گوتی: جەنابی موختاربەگ! تکا دەکەم بە دەردی خەڵکی رۆژهەلآت قسەکانت مەڕازینەوە. ئیمە بەڵگەی مەلموسمان دەوێ، ئەوەی بۆ من مەبەستە ئامانج، کار، ناوی کەسەکەیە.

– باشترە بلّیین، ئامانجەکان، کارەکان، و ناوی کەسەکان، وشەی کۆیان بۆ بەکار بینن چونکە ئەوان یەک، دوو کەس نین!

– ئیمە مەسئولەکانیانمان پیویستە.

– چاکە، منیش باسی مەسئولەکانیان دەکەم...

– هەڵبەت مەسئول نابێ لە یەکیک زیاتر بێ.

– بەڵام جەنابی سەرهەنگ! بە ڕای من ئەوانە لە ئەژدیهای حەوت سەردەچن.

پاروشین تاقەتی لەم دریژدادڕییە چوو، شەو درەنگ دەبوو، دوور نییە لیلییف پیش ئەمان خۆی بگەیەنیتە لای فەرماندار، بۆیە بە پیچەوانەی جارانەوە، لە بری ریز نواندن بەدەنگیکی گڕ گوتی:

– جەنابی موختار بەگ من پەلەمە و دەبێ بچم بۆ لای جەنەراڵ فەرماندار... با بیینە سەر کرۆکی مەسەلەکە.

موختاربەگ حەزی نەدەکرد چ کەسیک بە سەریا بخوڕێ، قسەکەی پاروشین تووڕەی



کرد، بەڵام پیاو کە ناچار بوو...

– مەسەلەکە بریتییە لەوەی کریکارانی بالاخانی دیسان کەوتوونەتەوە سەرپیچی، نەک هەر کریکارانی بالآخانی، بەڵکو کریکارانی گشت شوینەکانی دی وان، ژن براکەم لە گوندەوە هاتووە و دەڵێ کەس ناویرێ بە جووتیارێ بلّێ پشتی چاوت برۆیە. بەڵام بالاخانی لە هەموو شوینی خراپترە. ئەگەر سوپا بیدەنگ بێ، پیاو دەخۆن، بە گویرەی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە ئەورۆ شنتوکوف بۆ منی هیناوە. تەماشایەکی پاروشینی کرد. ئەوجا گوتی:

– جەنابی شنتوکوف دەناسیت؟

– زۆر چاکی دەناسم.

– بە قسەی ئەو لەم رۆژانەدا رووداوی گەورە دەقەومێ، کریکارانی هەموو کانەکان ماندەگرن. ئەگەر وابێ ئیمە دەفەوتیین، جەنابی سەرهەنگ! حالّی حازر سێ بیرم نەوتیکی باش دەدەن. لە حەوت، هەشت جێ کاری کۆڵینکاریم * «حفریات» بە دەستەوەیە. تەنانەت ناکرێ ساتیک خافڵ بکرین.

پاروشین بە نارەحەتییەوە گوتی: جەنابی موختاربەگ، ئامانجیان، کارەکانیان و ناوەکانیان؟

موختاربەگ کەمیک بە تووڕەیی و بەدەنگیکی بەرز گوتی: ئامانجیان شۆڕشە، یانی سەرەنگون کردنی خاوەن شکۆ و تیربارانکردنی بەندە راستگۆکانی، کارەکانیان هەرچەندە نهینییە، بەڵام چۆن خوا پیی عالیمە لەلای ئیوەش شاراوە نییە. بەڵام ناوەکانیان! میرزا قاسم لیستەکە دەربینە.

میرزا قاسم کە هەر لەسەرەتاوە وەکو سەگی وەفادار چاوی لە موختاربەگی خاوەنی و پاروشین بوو، بە پەلە دەستی بە گیرفانیا کرد، کاغەزیکی دەرهینا و دایە دەستی پاروشین، پاروشین بە پەلە چاوی بە کاغەزەکەدا گیڕا و بە سەرسامی برۆکانی هیناوە یەک.

– لیستەیەکی زۆر تەواوە. موختاربەگ دەبێ مەمنوونی کێ بین بۆ ئەمکارە!

– قوربان، ئەسلانی کورم و میرزا قاسم ئەم لیستەیان ریک خستووە.

– دەست خۆش!

پاروشین هەستایە سەرپێ، لیستەکەی خستە چەکمەجەی میزەکەوە و گەڕایەوە. بەرانبەر میرزا قاسم ویستا و بە زەردەخەنەوە گوتی:

– میرزا قاسم. ئیمە ئەم خزمەتەی ئیوە لەبیر ناکەین، لەبری ئەمە دیارییەکی چاکت دەدریتێ.

میرزا قاسم بەریزەوە وەڵامی دایەوە: من چاوم لە دیاری نییە! تاقە هاندەرم بۆ ئەم کارە خۆشەویستی تزاری خاوەن شکۆیە.

– ئافەرین، ئافەرین!

پاروشین دەستی بە شانی میرزا قاسمادا، میرزا قاسم وەکو هەسپیک کە هەمیشە ئامادەی بار لینان بێ، گوییەکانی قولاغ کرد بووەوە، موختاربەگ بەدەم هەستانەوە گوتی:

– به یارمەتیت دەڕۆین، ئەگەر ئەوانەی لە لیستەکەدا ناویان هاتووە، لە نیوبەری بە لای کەمەوە خاوەن کانە نەوتەکانی باکۆ شەوان بە ئاسوودەیی دەخەون.

پاروشین بە دەم دوعا خوازییەوە گوتی: هەموویان نا موختاربەگ! هەر کەسیکیان کە بەردەست کەوت، زۆربەی ئەوانە ناویان هەیە، بەڵام خۆیان نین، دروستی لیستەکەی میرزا قاسم زۆرم خۆشحاڵ دەکات.

پاروشین بۆ ئەوەی قسەکانی کاریگەرتر بن دەنگی نزم کردەوە و بە دەستیک شانی موختاربەگی گرت و بۆ لای خۆی رایکیشا، بەڵام لە لیستەکەدا ناویک هەیە قەولی گرتنی ئەوەیانت نادەمێ، ئەوەشیان بەڕیوەبەری پیشووی کانەکانی خۆتە...

موختاربەگ بە توندی وەڵامی دایەوە: بەڵێ خۆیەتی... پیاویکی خراپە، بە گیانی خۆم بە تەواوی لەگەڵ شۆڕشگیڕەکاندایە و پیس شۆڕشگیڕە.

پاروشین بزەیەکی کرد: هەڵبەتە گیانی تۆم زۆر لا بە نرخە موختاربەگ! بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ورسکی هەنووکە لە کانەکانی نوبل دا کار دەکات، بۆیە ئەمە پیوەندی بە برادەرانی ناوچەی «نوبل»ەوە هەیە. گرتنی هەندەرانی پیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆریەوە هەیە. موختاربەگ. من زاتی ئەم کارەم نییە!

موختاربەگ ناچار دەستی بۆ گیرفانی برد، ئەوجا وەک بڵیی شتیکی بیر کەوتەوە، بە پەلە دەستی دەرهینایەوە. ئیشارەتی بۆ میرزا قاسم کرد. میرزا قاسم کرنۆشی برد و گوتی:

– یارمەتیم بدەن با لەوە زیاتر سەری جەنابتان نەیەشینم.

– فەرموو ببورە... میرزا قاسم..

پاروشین چاویکی هەر لەدەستی موختاربەگ بوو، هەر کە میرزا قاسم چووە دەرێ، موختاربەگ دیسان دەستی بۆ گیرفانی بردەوە و چەکیکی ئامادەی بۆ پاروشین دریژ کرد: جەنابی سەرهەنگ دایەرەکەی تۆ جیی ئومیدی ئیمەیە، ئەم دیارییە بچکولەیەمان لێ قەبوڵ بکە، ئەمە سێ هەزار منات.. دوایش ئەگەر پیویست بوو ئەوا..

– بۆ خەجاڵەتم دەکەی..

چەکەکە لە چاوتروکانیکا نەما، پاروشین بە گەرمی دەستی موختاربەگی گوشی و گوتی:

– کەوایە دەبێ هەوەڵ جار بە گویی نوبلدا بخوینین کە ورسکی دەربکات و ئەوسا تەگبیریکی دەکەین... دەڵیی لە لیستەکەدا ناوی میرزا حوسینیش هەیە، ئەمەیان کییە؟

موختاربەگ بە رقەوە برۆکانی هینایەوە یەک: پیرەمیردیکی خلەفاوە جەنابی سەرهەنگ مامۆستایە، بە کرێ دەرس دەڵیتەوە، بەڵام هەفتەی دوو جاران بە خۆڕایی دەرس بە کریکارانی بالاخانی دەڵیتەوە. ئەوەی راست بێ دەرس گوتنەوەکەی بیانووە لە بری دەرسەکە چی بە دەمیا بێ نایگیڕیتەوە، من باشی دەناسم، چەند ساڵێ لەمەوبەر دەرسی بەکچەکەی من دەگوتەوە، دوو، سێ جارم گاز کرد و ئاگادارم کردەوە. بەڵام بە گوییدا نەدەچوو، بەرای من جگە لە زیندانی بائیل چ چارەیەکی تری نییە.



پاروشین دەستی موختاربەگی بەردا و بە پیکەنینەوە گوتی:

– تەگبیر کردنی میرزا حوسین زۆر ئاسانە.. دڵنیابە..

موختاربەگ سەری دانەواند و چووە دەرێ، هەرکە ئەو رۆیی پاروشین کەوتە بەراورد کردنی لیستەکە، ئەو لیستەیەی کە موختاربەگ و میرزا قاسم هینا بوویان تەواو دروست بوو، مامورەکانی پاروشین، واتە ڤالتر و رۆتیستر دیومین و لافوروف کەوتنە بەراورد کردنی لیستەکە.

سەرهەنگ بەپەلە چوو بۆ لای جەنەراڵ فەرماندار، پاش سەعاتیک گەڕایەوە. ڤالتری گاز کرد و گوتی: ڤالتر، جەنەراڵ نەخشەکانی بە گەن کرد، دەبێ لە ئیستاوە دەست بەکار بکەن. لیستەکەت بەراورد کرد؟

– بەڵێ، چەند جاریک ناوی پیوتر چونیاتوف و نیکولای کازارنکوی تیدا هاتووە، ئەدەرسی چونیاتوف مەعلوم نییە، بەڵام نیو سەعاتیک دەبێ کە ماڵی کازارنکومان خستۆتە ژیر چاودیری. بە پیی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتوون ئیڤان ڤانوستروا لە باکۆ دەرچووە، ناوی بوگدان کنونیانتس و «یلنا»ش هەیە. ئیمە بوگدان دەناسین، پیاویکی یەکجار خەتەرە. ئەدرەسەکەشی لە لیتسەکەدا هەیە. ئەوەش نووسراوە کە یلنا کنونیانتس ژنیتی. ناوی ئەم ژنە هەمان ناوە کە یگوروف دەیگوت: دەمینتیتەوە سەر ئەژدەر و چەند کیژە روسیک کە چەند جارێ پیکەوە بینراون.. نینا...

– ناوی نیناش لە لیستەکەدا هەیە، ئەدرەسەکەی دیاری کراوە؟

– نەخیر، ناوی نینا، ڤالنتینا و ورا هەیە، بەڵام ئەدرەسی هیچ یەکیکیان مەعلووم نییە، زانیاری سەیر دەربارەی ڤالنتینا هەیە، ئەم کچە زۆر لە ماڵی میرزا حوسینەوە نزیکە. لە شایی کیژەکەی موختاربەگیش دا بینراوە.

پاروشین ئەم شاییەی چاک لە بیرە. ئەو هەواڵانەی میرزا قاسم هینابوونی، کۆبوونەوەی کریکارانی بالاخانی.. شۆڕشگیڕانی رووس و ئەرمەنی کە لەویدا قسانیان کردبوو.. ورسکی... ئاگر بەربوون.. پاشان ورسکی هاتبووە لای ئەو.. پاروشین دەیویست تەحیقیقی لیبکات. بەڵام چ پیاویکی بە ئەدەب بوو! ئەورۆژە پاکەتی جگەرەی نایابی بە پاروشین بەخشی... هەڵبەتە پاروشین نەیدەتوانی پیاویکی وا رۆشنبیر حەپس بکات... ئەوسا... ئەها. پاروشین دوو کچی بیر هینایەوە. کچیک بە جلوبەرگی ئازربایجانییەوە ئەو رۆژە پاروشین هیندەی بایەخ پێ نەدابوو، لە دڵی خۆیدا گوتبووی، «بیگومان بۆ ئەوەی خۆی گران بگرێ دەیەوێ سەرنجی هەمووان راکیشیت».

کاتێ کە پاروشین نقومی دەریای ئەم بیرانە بوو، ڤالتر دەیگوت.

– بۆ ئەوەی زانیاری پترم لەسەر ئەم کچە دەست بکەوێ، ناچار بووم موختاربەگ لە خەو هەستینم. بە قسەی ئەو ئەم کچە لەگەڵ منداڵەکانی میرزا حوسین دا بۆ سەر شاییەکە هاتبوو، جەبار بەگی ژن برای موختاربەگیش چەند رۆژێ لەوەدوا ئەو کچەی لە شەمەندەفەری تەفلیسدا بینی بوو، کچەکە جلی دیهاتی لەبەر کرد بوو، ویڕای پیداگرتنی جەبار بەگ، کچەکە هەر خۆی خەشیم کردووە و کە گوایە ناینایسیت، گوایە جەباربەگ ویستوویەتی لە ویستگای یولاخ دا بیداتە دەستی پۆلیس، بەڵام کچەکە

خۆی دەرباز کردووە.

پاروشین بەدەم بیرکردنەوەوە گوتی: ئەدی ئەژدەر؟ ئەو لە کوییە؟

– بەرای من ئەو کەسەی کە بە ناوی زەلامیکی ئازەرییەوە چالاکی دەکات نە ئەژدەرە و نە ئازەری.

– یانی چی ڤالتر؟ کات خەریکە دەڕوات و تۆش دەتەوێ بفەلسەفینی.

– نەخیر جەنابی سەرهەنگ، نا فەلسەفینم، ئەو زانیارییانەی لەلامانە نیشانەی ئازایەتی و زرنگی ئەم پیاوەیە، ئەدرەسەکەی مەعلووم نییە، زمانی رووسیش چاک دەزانێ هاوڕییاتی لەگەڵ کیژیکی روس دا هەیە... وا دەردەکەوێ هەرچەندە گەنجە بەڵام پیاویکی خویندەوار و بە تەجرەبەیە. ئەم پیاوەی کە بەناوی ئازەرییەوە کار دەکات، هیچ دوور نییە لە میللەتیکی تر بێ، رەنگە..

– باشە ڤالتر! لیلییف خۆی بە قسانەوە سەرگەرم دەکات نەک من... ها.. لیلییف دوای من گەییە خزمەت جەنەراڵ، لەوەی کە ئیمە لە پیشا لیستەکەمان پیشکەش کردبوو. زۆر تووڕە بوو.. جەنەراڵ چاکی تەریق کردەوە... باشە با بچینە سەرکارەکەی خۆمان... هەموو لقەکان ئامادەن؟

– ئامادەن دەتوانین دەست پێ بکەین.

دیسان حەپس و گرتن دەستی پیکردەوە. هەموو هیزی پۆلیس و ئەمن خڕکرابووەوە. ئەگەر بشیت بەم بێ شەرەف و بێ ویژدان و خوین خۆر و جەلادانە بگوترێ ئینسان. ئەوا دەتوانرا بگوترێ: ئینسان کەوتبووە راو کردنی ئینسان» لە دەرگای ماڵان دەدرا، گەڕەک و بان ئابلۆقە دەدران. لە تاق و بوخچەوە بیگرە تا دەگاتە کولانە مریشک، هەر هەمووی دەپشکینرا.

ئەو شەوە جەنەراڵ فەرماندار ئودینتسوف یەکراست لە هوتیلەوە بۆ ژووری کارەکەی گەڕایەوە. شەو بۆ ماڵ نەچووەوە، ئەو شەوە وەک حەیوانیکی برسی کە بۆنی خوینی کردبێ تا بەیانی ئارامی نەدەگرت. لیلییف لەسەر تەلەفۆنەکە دانیشتبوو، و چاوەڕیی ناوی گرتووەکان بوو. پاروشین بە عەرەبانەیەکی سەرپۆشراوەوە تەواوی شار گەڕا. هەندێ جار لە جیی خۆی هەڵدەستاو بۆ راگرتنی ئەسپەکان بەخۆی هەوسارەکەی رادەکیشا. هەندێ جاریش بەسەر عەرەبانچییەکەدا دەی بۆڵاند. «خیراکە» و بە دار دەی ژەنی بە ملییەوە! هەموو هەر شپرزە بوون. ئەو پۆلیسانەی بە لایتەوە بە نیو شارا دەگەڕان، دەتگوت دڵی تاریکی شەو شەقار دەکەن و خەو لە چاوی شاری هیلاک و ماندوو دەتارینن، ویڕای ئەم هەموو فەرتەنەیە، شەقە شەقی عەرەبانە، ماڵ گەڕان، گەمارۆدانی گەڕەک و بان، دڵی پڕ لە جۆشی باکۆی کریکاران، باکۆی مەڵبەندی شۆرش، زۆر بە ریک و پیکی لیی دەدا، گەرچی تاقە نیشانەیەکی بچووکی بڵاوکراوە و رۆژنامە و کتیبی شۆڕشگیڕی، دڵی پۆلیسی دادەخورپاند، کەچی لە ژیرەوە هەزاران نوسخە لەم رۆژنامە و بڵاوکراوە و کتیبانە چاپ دەبوو.

نینا بێ وچان کاری دەکرد، کۆمیتەی باکۆ تەگبیری پیویستی بۆ سەرگرتن وسەر خستنی خۆپیشاندانی کریکاران دەکرد. بەشی سەرەکی مەسئولیەتی ئەم کارە لە ئەستوی نینادا بوو.



هەر ئەو شەوە «٢٤٠٠» دانە بڵاوکراوە چاپ بوو، کاتێ ورا و ئەژدەر لە باغی «نوبل»ەوە بۆ ئیرە گەڕانەوە، بڵاوکراوەکان ئامادە بوون. لەم بڵاوکراوانەدا بایەخی مانگرتنەکانی مانگی مارت و بزووتنەوەی شۆڕشگیڕی روسیا دەست نیشان کرابوو، کریکاران بۆ خۆپیشاندان هان دەدران. «٦٠٠٠» دانە دروشم و پۆستەر ئامادە کرابوو کە لە رۆژانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکەدا بڵاوبکرینەوە. قەرار بوو لە رۆژی دووەمی مارتا خۆپیشاندانەکە دەست پیبکات.

دروشمەکان بریتی بوون لە دروشمی وەک «بڕوخێ دیکتاتۆریەت» «بەرقەرار بێ ئازادی سیاسی» «سەرکەوێ سوسیالیزم» لە پاڵ ئەمانەشا پۆستەر و وینەی کاریکاتیری جۆراوجۆر چاپ کرابوون.

نزیکی بەیانی کار تەواو بوو، دایکی ورا زۆر نەخۆش بوو، بۆیە ورا دەیویست بڕواتەوە و سەریکی لیبدات، چونکە شەویکی ترسناک بوو، ئەژدەر بەرهەڵستی کرد. ئەژدەر هەوڵی دەدا هیوری بکاتەوە.

– ورا با بچین بۆ گەڕەکی داغلی، ژوورەکەی من پەنایە و لە ژیر چاودیری دا نییە، چونکە من بە رۆژوە لەو ناوە نابینریم، تەنیا شەوان بۆ نووستن دەچمە ئەوێ. بەڵام شوینی ماڵی ئیوە باش نییە. ئەمشەویش شەویکی ئاسایی نییە.

ورا دەپاڕایەوە.. تەنیا یەک دەقە ئەژدەر، یەک دەقە.. دەبێ سەری ماڵەوە بدەم زۆر نیگەرانی دایەم. لەم رۆژانەدا زوو زوو نەخۆش دەکەوێ، کە من هاتم بۆ ئیرە تایەکی گەرمی لیبوو. ئامینەم راسپارد کە ئاگایەکی لیی بێ، بەڵام دڵنیا نیم. با بڕۆین ئەژدەر.

ئەنجام پاش وتویژیکی زۆر، ئەژدەر بە ناچاری رازی بوو، تاکو نزیکی بەیانی بە شەقامە تاریکەکانا رییان کرد. گەیینە مەیدانی قوباد و لە ماڵی ورا نزیک بوونەوە. سوارەی قوزاق بە گشت شەقامە سەرەکییەکاندا دەهاتن و دەچوون. لە کۆڵانەکانا تارمایی دەبینران. ئەمانیش بەماتە مات لە پەنای دیوارەکانەوە لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام...

لە گەڕەکیکی سەرەوەدا دەنگی تەقە دەهات. قۆزاقەکان ئەسپەکانیان بەرەو ئەوێ تاودا و رۆیشتن، ئەژدەر و ورا خۆیان دایە پەنایەک. ترپەی دڵی ورا تیکەڵ بە خرمەی سمی ئەسپەکان دەبوو.

سوارەکان دوور کەوتنەوە. ئەمان بە پەلە کەوتنە رێ، لە کۆڵانەکەدا پیچیان کردەوە و تووشی زەلامیک بوون کە غاری دەدا، هەوەڵ جار لەبەر تاریکی نەیانناسیەوە، زەلامەکەش و ئەمانیش سڵەمینەوە. کەمێ پاشەو پاش کشانەوە. ئەوجا لەپڕ ورا بەسەرسامی و بە ئەسپایی گوتی: میرزا حوسین!

پیاوەکە لییان نزیک بووەوە، جوان دیقەتی دانێ، پاشان بە هەناسە بڕکێ گوتی:

– ورا گیان ئەمە تۆی؟ کیت لەگەڵدایە؟

ئەژدەر قۆڵی گرت: منم ئەژدەر.. میرزا! بەم نیوە شەوە ئۆغر... جلەکانیشت تەنکە،.. سەرمات دەبێ..

– واز لە سەرما بینە ئەژدەر! لیرە مەوەستن. لەم کاتەدا ماڵ و شەقام خەتەرە. دەبێ

وەکو کیوی لە ئەشکەوتاندا بژی...

ئەژدەر دەرگایەکی نیوە وازی نیشاندان: وەرنە ئیرە..

هەر سیکیان خۆیان دایە پەنا، میرزا حوسین هیشتا هەر هەناسە برکیی بوو. هەرچی دەکرد نەیتوانی ئارام بگریّ، پشتی بە دیوارەکەوە داو دوای تۆزیک گوتی: رۆڵەکانم.. بەم تەمەنەوە، کەوتومەتە خولیای قارەمانیتی. دەیانویست بمگرن. منیش هەڵاتم...

– چۆن؟ دەیانویست بتگرن؟

– لەبەرچی؟

میرزا حوسین لە تاریکییەکەدا تەوقەی لەگەڵ کردن.

– خەڵکی بۆ دەگرن؟ منیش وەکو ئەوان، ئیوە نەکەن بەولادا بچن، هەر چەند خەتەر کەم بۆتەوە، بەڵام هیشتا هەر خەتەرە. ئامینە عەسر چوو ماریا ڤاسیلیوفنای بۆ ماڵی خۆمان هینا. هەرچەند چاک بووەتەوە بەڵام هەست بە تەنیایی دەکات. ئامینە بە ئەندازەی دایکی خۆی خۆشی دەویّ.

میرزا حوسین گویی بە سوپاسگوزاری و سەلامەت بی ورا نەدا، رازییان کرد کە شەویّ لە ماڵی ئیمە وەمینیّ. شەو تەواو راکشا بوو. من خۆم بۆ نووستن ئامادە دەکرد، کە گویم لەدەنگی سمی ئەسب بوو چراکەم کوژاندەوە. پەنجەرەکەم کردەوە. سەیرم کرد ورا گیان ماڵی ئیوەیان گەمارۆ داوە.

ورا بە پەشۆکاوی پرسی: ماڵی ئیمە؟

میرزا حوسین دەستی نەوازشی بەسەر ورا داهینا و بە ئارامی وەڵامی دایەوە: بەڵیّ... قفڵەکەیان شکاند و رژانە ماڵەوە. بیگومان بە دوای تۆدا دەگەڕان، کیژم! کە لەویّ دەرچوون لە دەرگای ئیمەیاندا، هەر ئەوەندە فریاکەوتم پاڵتۆکەم هەڵگرم و لە پەنجەرەکەوە باز بدەمە سەربانی هاوسیکەمان و خۆم بشارمەوە. سەعاتیّ لەمە پیش ماڵەکەمان گەڕان. تەنیا چەند کتیبیکیان دۆزییەوە. من چ کتیبیکی نهینیم نییە. بیگومان خۆشیان لە موتاڵا کردنی چرنیشفسکی و بلینسکی نەهاتووە. دوای رۆیشتنی ئەوان سەر لەنویّ لە ریگای حەوشەی خۆمانەوە، هاتمەوە سەر شەقامەکەی پشتەوە. بزانە بەم پیرییە وەکو کویرئوغڵی کەڵکەڵەی «چنلی بل»م کەوتۆتە سەر..

چ کەسیک لەو ناوە نەبوو. دیسان لەدوورەوە دەنگی تەقە هاتە گویّ، ئەژدەر گوتی:

– چوون بۆ ئەو ناوە خەتەرە. میرزا حوسین من و تۆ و ورا پیکەوە دەچین بۆ ژوورەکەی من، بۆ گەڕەکی داغلی، ئەویّ سەلامەتە.

میرزا حوسین لە حاڵیکدا کە لە تاو سەرمای بەرەبەیان پاڵتۆکەی پتر لە خۆوە دەپیچا گوتی: سوپاس ئەژدەر! من دەچم بۆ ماڵی یەکیک لە خزمەکانم، دوو کۆڵان لەولا ترەوەیە... ئیوە بگەڕینەوە، با ورا بۆ ماڵی خۆیان نەچیتەوە. بیگومان ماڵی ئەوان ئیستاش لە ژیر چاودیری دایە.

بەدەم دوعاخوازییەوە میرزا حوسین بە ورای گوت: ورا گیان خەمی دایکت نەبیّ. بەیانی زوو هەواڵی سەلامەتی تۆی پیّ رادەگەینم، هەر سەرکەوتوو بن.

– میرزا مەڕۆ.



ئەژدەر، رای گرت، کڵاوەکەی خۆی بۆ دریژ کرد: بەبیّ کڵاو سەرمات دەبیّ. من راهاتووم، با ئەم کڵاوە بۆ تۆ...

میرزا حوسین کڵاوەکەی وەرگرت و لە پیچی کۆڵانەکەدا ون بوو. ئەژدەر و وراش دوای تۆزیک گەڕانەوە.

جەنەراڵ ئودینتسوف، قەدەریّ لە بەر ئاوینەکەدا ویستا. پاشان لە پاروشین نزیک بووەوە بە پیکەنینەوە گوتی: کەواتە، بەر لەوەی دەست بە هیرش بکەن پلانەکانمان تیکدان؟

ئودینتسوف زۆر کەم پیدەکەنی. پاروشین کە ئەمڕۆ خۆشیەی لیّ بینی بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی دایەوە: تیکمان دا گەورەم! پیم وایە دوای ئەوەی کە ئەم هەموو کەسەیان لەدەست دا، ئیدی تەواو لاواز بوو بن.

جەنەراڵ لەسەر پاژنەی پیّ وەرچەرخا و تەماشای ئاوینەکەی کرد. ئەوجا بە شۆخییەوە ئەو پەنجەیەی کە ئەنگوستیلە زیڕەکەی بە سەرەوە دەدرەوشایەوە لە پاروشین راوەشاند:

– زیادیش لەخۆ بایی مەبن سەرهەنگ!... «جەستەی بیّ گیان و لاواز» پیوانەیەکی دروست نییە. باشترە بڵیین «سوپایەک کە فەرماندە و ئەفسەرەکانی لە نیوچوون» لە گەڵ ئەمەشا ئەم جۆرە سوپایە توانای پەلاماردانی هەر هەیە، چونکە لەبری فەرماندەکانی پیشوو فەرماندەی نویّ دیتە کایەوە. ئیمە بۆ جڵەو گرتنی ئەم پەلامارە. کۆمەڵیک تەگبیرمان هەیە. دەبیّ چۆنیتی جیبەجیکردنی ئەو تەگبیرانە ئەنجام بدەیت جەنابی یاریدەدەر!

لیلییف کە لە گۆشەیەکا بە پەستی دانیشتبوو، هەستایە سەرپیّ، عەینەکەکەی دەبریسکایەوە، لیلییف وەکو خووەکەی خویّ ویستی عەینەکەکەی داکەنیّ. بەڵام کە بیری کەوتەوە لە حزوری جەنەراڵ فەرماندارا ویستاوە و، پیریّ سەرزەنشتی کردبوو. دەستی هینایە خوارەوە و بە شیوەیەکی رەسمیانە وەڵامی دایەوە:

– ئەگەر خۆپیشاندان بەرپا ببیّ، بۆ پەرچدانەوەی خۆپیشاندەران، دە کەس لە تیپەکەی «لایین»ەوە لە لای «سولدات بازاڕی»یەوە دیتە کۆمەک و هاوکاری پۆلیسی باکۆ، هەروەها پتر لە بیست چەکداری تیپەکەی «لایین» چوون بۆ یارمەتیدانی تیپی «سالیان» کەلە دەورو بەری «پارایت»دا هەڵیانداوە. سەربازەکانی تری تیپی لایین لەژیر فەرمانی خۆمانا دەبن. دەستوری پیویست بە سەرۆکی بالاخانی و سابونچی و سەرۆکی دادگەری باکۆ دراوە.

جەنەراڵ سەراپای لیلییفی خستە بەر نیگا، ئەمجارەیان نەک بە هیمنی و میهرەبانی پیشوو، بەڵکو بە توڕەیی و رقەوە پرسی: یاریدەدەر! ئەو دەستورانە چ پیویستن؟

لیلییف بە شیوەیەکی وشکی رەسمیانە کە دەتگوت کتبیک دەخوینیتەو وەڵامی دایەوە:

– دەستوورم داونەتیّ کە ئەگەر جولانیک لە بی بی هیبت و ئاخ شارەوە بەرەو ناوەندی شار دەستی پیکرد. جڵەوی بگرن و ئەگەر پیویستی کرد لە خوین رشتنیش

سڵ نەکەنەوە.

لیلییێف وشەی «خوین»ی بە شیوەیەکی زۆر تایبەتی درکاند. ئودنتسوف پاش کەمیک رامان، رووی لەهەر دووکیان کرد و دەستووری دا:

– لە سبەیەوە هەردووکتان مەسئولی کاروبارەکانن، یەکیکتان ریبەری دەستە ئاشکراکان و یەکیکتان ریبەری دەستە نهینییەکان دەکەن..

جەنەراڵ دیسان بۆ لای ئاوینەکە وەرچەرخا. لە ئاوینەکەدا سەیری خۆی کرد و چووە دەرێ.

* * *

– هاوڕییان، کاتی ئەوە هاتووە کە لەبری قسان بکەوینە کردار! هەر لە ئیستاوە هەموو بەرەو کارخانەکان، بەرەو کان و کارگەکان.. نابێ هیچ کەسیک بەسوودی سەرمایەداران کار بکات. دەبێ بە مانگرتن و خۆپیشاندان بەرپەرچی ئەم زەبرو زەنگەی ئەوان بدەینەوە. دەیانەوێ لە خوینا ممان خنکینن. دوینێ شەو چوار کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ، پینج کەس لە ئەندامانی کۆمیتە ناوچەییەکان و سێ کەس لە هەوادارانمان گیراون. من دڵنیام هاوڕیکانمان پیاوانە و دلیرانە خۆ لە بەر ئەشکەنجەی دڕندانەی سەرمایەدارانا دەگرن. ئەوان دەیانەوێ بە کوشت و کوشتار دەمبەستمان بکەن. دەلاڵەکانیان خۆ دەگۆڕن و ئاگر لە ماڵی خەڵکی بەر دەدەن. ئاژاوە دەگیڕن و خەڵکی تالان دەکەن. تا زەمینە بۆ گوللە باران کردنی ئیمە خۆش بکەن. پیویستە جڵەوی ئەم ئاژاوانە بگرین. دەبێ تا زووترە جڵەوی ئەم بەکرێ گیراوانە بگیرێ. دەبێ ئەو بەکرێ گیراوانەی خزاونەتە ریزی کریکارانەوە ریسوا بکرین. خۆپیشاندانی ئیمە لە پیناوی داخوازی سیاسی گەورەدایە. دەبێ پەردە لە رووی کەسانی چەپەڵ و ئەنتی شۆڕش وەک زوباتوفچییەکان و شندریکوفەکان و ئەم سەگانەی بەر بارەگای تزار و خۆفرۆشانی چەپەڵ هەڵماڵدرێ. ئیمە تاقە یەک وەلاممان بۆ دەزگای پۆلیس هەیە ئەو دەزگا پۆلیسییەی دەیەوێ ناتەبایی و دژمنایەتی نەتەوەیی و ئایینی بخاتە نیو زەحمەتکیشانەوە. ئەویش ئەوەیە: بژی سوسیالیزم، بژی یەکیتی ئەنترناسیونالزمی خەڵکی، بژی و پایەدار بێ ئازادی سیاسی!

پیتوتر قسەکانی خۆی تەواو کرد، هەموو هەستان و بە هیوری بڵاوەیان لیکرد، زۆربەی ئەو کەسانەی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداریان کرد. سەرەڕای ئەندامیتیان لە کۆمیتەی باکۆ و کۆمیتە ناوچەییەکاندا، بۆ کۆمیتەی مانگرتنی کارگەکان و کارخانەکانیش هەڵبژیردران. کۆبوونەوەکە لە قاراشاردا کرا. لەم کۆبوونەوەیەدا گشت نەخشەو پلانەکان تاوتۆ کران. پاش بڵاوە لیکردنی ئەندامان پینج، شەش کەس مانەوە. نیکولای کازارنکو رووی کردە هاوڕیکانی و گوتی:

– پتیا ! .. ئەوانە سێ، چوار کەسیان زۆر مەبەست بوو. لە کۆبوونەوەی پیشوودا من پیشبینی ئەم رووداوانەم نەدەکرد، تۆ هەقت بوو. خاوەن خانووەکەی من کابرایەکی پیری راستگۆی ئازربایجانییە، بنکە نهینییەکەمی دەزانی. ئەوڕۆ هەواڵی هیناوە کە دوینی شەو ژوورەکەی من گەڕاون و داوربەردیان بەیەکا داوە. پرسیاری بەر ودوایان ئەمە بووە کە: «چونیاتوف بۆ ئیرە دیت؟ هاوڕیی سترووایە؟ نینا کییە؟ کچیک بە



ناوی ڤالینتینا هاتووچۆی ئیرە دەکات؟ ئەژدەر کییە؟ تەواوی ئەم پرسیارانە ئەوە نیشان دەدەن کە مەبەستی سەرەکیان ئیمەین. ژوورەکەی بوگدان و یلناشیان پشکنیوە. تەنیا بۆ ماڵی «ددوشکا» نەچوون. وا نییە ملیک؟

ملیکیانتس بە زەردەخەنەوە گوتی: ئەوان منیان بەفلادیمیر زاخاروفچ داناوە. وەک بیستوومە لە زیندانا ویستوویانە بە زۆر پیی بسەلمینن کە ئەو خودی «ددوشکا»یە.

چونیاتوف گوتی: هاوڕییان! دەبێ بێ ئەندازە وریا بین، تاقیبکردنی ئیمە تاقیبکردنی نینایە. نینا زمانی رەوانی ئیمەیە. ئەو زمانەیە کە دەتوانێ بە زمانی کریکاران بدوێ. ماڵی وراش گەڕاون. ئەمە نیشانەیەکی باش نییە. پاش شەهید بوونی ئیڤان نیکولایوفچ ئەمە یەکەمین جارە کە ئەوێ دەگەڕین. دیارە هەستیان بە شتێ کردووە... ئەژدەر! ورا لە کوییە؟

– پتیا لە ژوورەکەی خۆما شاردومەتەوە.. ژوورەکەی من چەپکە و لەژیر چاودیریدا نییە.

– ئەدی خۆت لەکوێ دەنوی؟

ئەژدەر سوور بووەوە: من شەو نەنووستووم...

– نا، شەونخونی مەکیشە.. وراش نابێ بۆ هەمیشە لە ژوورەکەی تۆدا وەمینێ. بوگدان و یلنا لە خانوویەکی تازە دان، دەتوان هەرچەند رۆژ جارێ بە ناوی خوشکە زای یلناوە، بچیتە ئەوێ. پیویستە زوو زوو بنکەکانمان بگۆڕین.... ها.. هاوڕییان ئیستا هەر کەسە ئەرکی خۆی دەزانێ! کەواتە با بڵاوەی لیبکەین.

ئەمجارەش وەکو جارەکانی دی بە گەرمی یەکیان لە ئامیز گرت و ماچ کرد. پاشانیەک یەک بڵاوەیان لیکرد.

## 36

لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی دووی مانگی مارتەوە تا مانگی شەش کە سەرانسەری باشووری رووسیای گرتبووەوە، باکۆی قارەمان، بە ئاگری خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئازادی خوازانەی پرولیتاریا هاتبووە جۆش، تەواوی پروسە و کارەکان بە پێی پلانەکانی کۆمیتەی باکۆ بەڕێوە دەچوو. پتەوی ریکخستن و ویستە گەورە سیاسییەکانی شۆڕشگێڕان، مامورانی تزاری ئەبلّەق دەکرد.

بەرەبەیانی رۆژی دووەمی مارت. چەند کریکاریکی داربەدەست لە دەوروبەری «پارایت»دا کەوتنە هاتوچو، وردە وردە ژمارەیان زۆر بوو، ئەنجام خویندکار و قوتابیانیش پیوەندیان پیوەکردن. هیزی پۆلیس و ئەمن بەپەلە لە دەوروبەری «پارایت» دا گیرسانەوە. دوای تۆزیکی دی، ٢٠-٤٠ کەسیک، ئەویش زۆربەیان خویندکار و قوتابی بوون، لە باخەکە دا کۆبوونەوە. «٢٠» سوارەی قوزاق دەوری باخەکەیاندا.

هەمان شت لە «سولدات بازاڕی»ش روویدا، کۆمەلّیک لە شەقامی «کراسنوورسکی»یەوە بەرەو «سولدات بازاڕی» هەرەکەتیان کرد. لە نیوەی ریدا پولیس و قوزاق دەوریان گرتن بە دەستووری پۆلیس، هیزی سەرەکی حکومەت لە دەوری مەلّبەندی خۆپیشاندانەکان خڕ بوونەوە.

بەلاّم هەموو ئەم کارانە، تەنیا هەولّێ بوو بۆ سەر لیشیوانی پۆلیس وهیزی سوپا. خۆپیشاندانی راستی لە کەنار باخیکی بچووکەوە بە ناوی «مالاکان» کە کەوتۆتە سەر شەقامی «مارینسکی» دەستی پیدەکرد و هەرواش بوو.

فەرماندەکانی هیزی پۆلیس لە پارایت و سولدات بازاڕیدا مژول بوون، کاتێ بە خۆیان زانی پتر لە دوو هەزار کەس لە کەنار باخی مالاکاندا خڕ بوو بوونەوە. لە پەنجەرەو هەیوانەکانەوە ئەو کارت و پوستەرانەی دروشمی «بڕوخێ دیکتاتۆریەت» و «بژی ئازادی» لەسەر نووسرابوو، بەسەرخۆپیشاندەرانا هەلّدەدران. خۆپیشاندەران لە باخەکەوە بەرەو کەناری دەریا بەڕێ کەوتبوون.

ئەژدەر لە بەیانی زووەوە، بە دوو زەمیلەوە هەموو مالّە دەست نیشانکراوەکان گەڕابوو. بۆ ئەوەی لافیتە و پۆستەرەکان لەلایەن مامورانی دەولّەتەوە لەمالاّندا نەگیرێ، بڕیاریاندا بوو بلاّوکراوە و پۆستەرەکان لە رۆژی خۆیدا بەبەرپرسیارانی ئەو کارە بدرین. ئەم کارە لەبەر خەتەری بە ئەژدەر سپیردرا بوو. ئەو لیهاتوو بوو، وراش لە بەشیکی تری  شارا سەرگەرمی ئەنجامدانی هەمان کاربوو.

ئەژدەر کاتێ کارەکەی تەواو کرد و گەییە باخی مالاکان، خۆپیشاندان بەرەو کەنار بەڕێ کەوتبوون.  هیزی پۆلیس بەرە بەرە پتر دەبوو. لەم سەرو لەوسەری شەقامەکانیشا سوارەی قوزاق دەبینران.

ئەژدەر هۆی ئامادە بوون و هاتنی ژنانی دەزانی، ژنەکان بۆ  راگەیاندنی دەست پیکردنی خۆپیشاندانەکە لەکاتی دیاریکراوا، ئالاّیان بەرز دەکردەوە. ئەژدەر تەماشایەکی کردن و لە دلّی خۆیدا گوتی: چ ژن گەلیکی ئازاو بە غیرەتن! لە نیو



ئیمەی ئازەریشا ژنانی وا شۆڕشگێڕ و ئازا و بەهۆش هەن. تۆ بلّیی رۆژێ بێ ئەوانیش لە کۆتی خورافات و خیزان و رووبەند رزگار بن و داوای مافی مرۆڤانەی خۆیان بگەن؟

بەدەم ئەم بیرانەوە گەییە بەردەرگایەک کە کۆمەلّێ ژنی عەبا بەسەر لەبەردەمیا ویستا بوون. کوت و پڕ تارماییەک لە ژنەکان جودا بووەوە لە ئەژدەر  نزیک بووەوە. بە ئەسپایی گازی کرد: ئەژدەر!..

ئەژدەر ئاوڕێ دایەوە، بەوردی دیقەتی دا. عەبا رەشەکە وەکو داوی جالّچالّوکە بە سەراپایەوە ئالاّ بوو. تەنیا چاوەکانی دەبینران. ئەژدەر بە چاوەکانیا ناسییەوە و بە خۆشحالّییەوە گوتی: ئامینە ئەوە تۆش هاتوویت؟

– منیش هاتووم ئەژدەر. دەمەوێ وەکو ئەم ژنە روسە قارەمانانە بەشداری خۆپیشاندان بکەم. بەلاّم ئەم عەبایەم  لێ بووە بە بەلاّو ئەگەر فڕیشی بدەم بەرد بارانم دەکەن.

ئەژدەر چ وەلاّمیکی بۆ ئەم قسەیەی ئامینە، کە بەخۆی تۆزێ لەمەوبەر بیری لیدەکردەوە نەدۆزییەوە.

– قەیدی نییە ئامینە، رۆژێ دێ کە..

هەلّوەستەیەکی کرد و زۆر بە ئەسپایی پرسی: بابت لەکوییە؟

– چوو بۆ بالاخانی...

لەم کاتەدا دوو گری سوور بە ئاسمانا چوون، ژنەکان ئالاّ سوورەکانیان هەلّبڕی، لیشاوی خەلّکەکە بەرەو کەنار جمان. ئەژدەر چووە ناویانەوە... لەم کاتەدا یەکەم پیکادانی نیوان پۆلیس و خۆپیشاندەران رووی دا. پۆلیسی قامچی بەدەست  بەرەو کۆڕەوی خەلّکەکە کە سروودی مارسلیزیان دەگوت، هەلّیان کوتا.  خۆپیشاندەران بەدار و بەرد کەوتنە بەرگری لەخۆ. ریزەکان لیک پچڕان. ئەژدەر شەش کەسی بینی کە پۆلیس گرتبوویانن. ئەوانەیان دوور خستەوە. ئەژدەر کەسیانی نەناسیەوە. ئەژدەر شان بەشانی دەستەیەکی ریک و پیک لە پیشەوە بەرەو کۆرنیش دەڕۆیی. کۆڕەوەکە دەستیان بە سروود گوتن کردەوە. دەستەیەک قوزاق هاتنە بەردەمیان. گالیسکەیەک کە لە شەقامی «باریاتیسکی»یەوە دەهات، بەرانبەر خەلّکەکە ویستا. کابرایەکی کورتە بالاّی عەینەک لەچاو دابەزی و نەڕاندی:

– پیشیان بگرن.. ئەگەر نەوەستان تەقەیان لێ بکەن.

تومەز لیلییف بوو. قوزاقەکان ریبیان لە خەلّکەکە گرت. کریکاریکی پیر لەسەر شوستەکە ویستا بوو. رووی بۆ لای لیلییف وەرگیڕا و بەدەنگی بەرز گوتی: تا ئیستا ئاغاو خاوەن دەستور بووی، ئیدی بەسە! ئەو باوکەت مرد. زۆرتان  بە بەرەوە نەماوە.

لیلییف عەینەکەکەی داکەند. کردییەوە چاوی و دڕندە ئاسا نەڕاندی: بیگرن..

خۆشی چووە پیشەوە. قوزاقەکان پەلاماری پیرەمیردەکەیان دا. خۆپیشاندەران بە دار و بەرد تییان بەربوون. لەم کاتەدا دەنگی دوو تەقە لە لای کوڕنیشەکەوە هات. لیلییف راچلّەکی، دەستی بۆ گیرفانی برد. دەمانچەیەکی بچکولەی لە گیرفانی دەرهینا. بەلاّم دەرفەتی تەقە کردنی بۆ نەڕەخسا. دارو بەردی بەسەرا داباری و سەری

لێ شیوا. عەینەکەکەی کەوتە خوارەوە و پارچە پارچە بوو. دڵۆپە خوینی کەوتە سەر تەویڵی، لیلییف دەستی بۆ تەویڵی برد، کە خوینی بە پەنجەیەوە دیت لە ترسانا بوو بە جاوی سپی.

درِندە ئاسا نەڕاندی: بیانکوژن.. تەقەیان لێ بکەین.. برینداریان کردم ئاخ مردم.

هەردوو باڵیان گرت و خستیانە نیو گالیسکەکەوە. عەرەبانەکە لە ریگای «باریاتینسکی»یەوە گەڕایەوە.

ئەژدەر و لە کاتیکا کە بەرەو کورنیش دەچوو. لەپڕ بینی لەگەڵ کۆمەڵیک خەڵکا کەوتۆتە گەمارۆی قوزاقەکانەوە. قوزاقەکان بە قامچی و قۆناغە تفەنگ پیشیان لێ دەگرتن کە نەچن. خۆپیشاندەرەکان پەنجا کەسیک دەبوون. قوزاقەکان دەیانویست لە خۆیشاندەرەکانی تریان دابڕن. بەڵام بەرهەقیان نەدەکردن. لە نزیکی کورنیشەکە پیکادانیکی دی روویدا،

ئەژدەر بیست کەسیکی دی خۆیان دەرباز کرد و چوونە نیو حەشاماتە زۆرەکەوە. سی کەسیکی دی گیران.

خۆپیشاندانەکە پتر لە سێ سەعاتی خایاند. تا هیزی تازەی سوپاو پۆلیس هاتن. کریکارەکان بڵاوەیان لیکرد.

ئەژدەر زۆری مەبەست بوو بگاتە بالاخانی. بۆیە بە پەلە بەرەو ویستگای شەمەندەفەر بەڕیکەوت. وەختێ گەییە بالاخانی پتر لە دوو هەزار کەس لە دەوروبەری کانەکانی روجیلد خڕ بووبوونەوە. کریکاریکی جەحیڵی روسی قژ خورمایی لە تەک ریکیکدا ویستابوو، و بە گەرمی قسانی دەکرد. ئەژدەر کەمێ نزیک بووەوە. سەیری کرد کۆمەڵیک کریکاری ئازربایجانی لەلایەکەوە ویستاون و گوێ لە یەکیک دەگرن. ئەژدەر خۆی بە نیویانا کرد. پیرەمیردیک بە لرخە لرخ دەیگوت: ئیوە لە ئیرانەوە هاتوون تا هەندێ پارەو پول بۆ ماڵ و منداڵە برسییەکانتان پاشەکەوت بکەن. کەچی لیرەدا خەریکە خۆشتان لە برسان دەمرن. بزانن ئەو کریکارە رووسە چ دەڵێ: «رەفتاری نامرۆڤانەمان لەگەڵدا دەکەن. باج و سەرانەیان لێ دەوین. ئیمە داوای ئازادی سیاسی، زیادکردنی رۆژانە و کەمکردنەوەی کاری رۆژانە بۆ هەشت سەعات دەکەین.»

ئەژدەر قسەکەرەکەی ناسییەوە. میرزا حوسێن بوو. میرزا حوسێن قسەکانی کابرای روسی بۆ ئەو کریکارە شڕ پۆشانە تەرجەمە دەکرد کە لە ئازربایجانی ئیرانەوە هاتبوون. قسەکەرەکە لەمەڕ رەفتاری ناشایستەی بیگانانی کانەکانی روچیلد و برایانی نوبل دەدوا. میرزا حوسێن لە پاڵ تەرجەمەکەدا هەندێ قسەی خۆشی دەخستە سەر. ئەوەی بیری کریکارەکان دەخستەوە کە بارودۆخی کانەکانی موختاربەگیش لەمانەی ئیرە – بالاخانی– چاکتر نییە.

چونکە خەڵکەکە چ جموجوڵیکیان نەبوو، قوزاق و پۆلیسەکان ناچار بە بیدەنگی لە شوینیکەوە ویستا بوون و چ بیانوویەکیان بۆ بەکارهینانی قامچی و شمشیرەکانیان نادۆزییەوە.

دوای کریکارە جەحیڵە روسەکە، کریکاریکی میانە ساڵی ئازەری دەستی بە قسان



کرد. چونکە تەواو شارەزای زمانی رووسی نەبوو. هەندێ جار وشە رووسیەکانی بە فۆنەتیکی ئازەری دەگوتەوە. پاش ئەو ئازەرییەکی دی قسانی کرد. هیندە بەرەوانی قسانی دەکرد کە دەنگی هورا کیشان ئەو ناوەی هینابووە لەرزە.

ئەژدەر هەندێ لە ئامادەبووانی ناسی. زۆربەیان لەوانە بوون کە پاش بڵاوەکردنی خۆپیشاندانەکانی شار بۆ ئیرە هاتبوون. هەندیکیشیان لەوانە بوون کە لە کۆبوونەوەکانی یەکی ئایاری پاردا بەشداریان کردبوو.

قسەکەرەکە بە حەماسیکی زۆرەوە قسانی دەکرد. بیرەوەری خۆپیشاندانەکانی ۲۱ی نیسانی ساڵی ۱۹۰۲ بیر دەخستنەوە.

ئەژدەر ئەو کابرایەی چاک دەناسی، چاوەڕێ بوو قسەکانی تەواو بێ، قسەکەرەکە دەیگوت کە شان بە شانی پەرەسەندن و گەشەکردنی مانگرتن و خۆپیشاندانی ئاوها. رۆژی سەرکەوتن و رزگاری نزیکتر دەبێ.

دوای تەواو بوونی قسەکان، ئەژدەر دڕی بە خەڵکەکەداو لە کابرای قسەکەر نزیک بووەوە. قسەکەرەکە هەرکە ئەژدەری بینی گوتی:

– هیناتن ئەژدەر؟ ئیمە چاوەڕوانی تۆین...

ئەژدەر، پۆستەو بڵاوکراوەکانی دەستە دەستە لە گیرفانی دەرهینا و داییێ.

– هانێ... بلێێ هەمووی بڵاو بکەنەوە.

غەڵبە غەڵبێ لە پشتەوە بەرز بووەوە.

– سەرەکی پۆلیس. خومیتسکی!

– سەیرکە، ریک ئەسپەکەی بەنیو خەڵکەکەدا داژوێ...

خومیتسکی جوتێ سمیڵی پڕی سپی هەبوو. پتر لە گیانداریکی درِندە دەچوو تا لە ئینسان. قوت لەسەر ئەسپەکە دانیشتبوو. بە غەزەبەوە دەیڕوانییە خۆپیشاندەران و بێ ئەوەی نرخێ بۆ ئەو خەڵکە دابنێ. ئەسپەکەی بە نیویانا لیدەخوڕی. ئەم حاڵە زۆری نەخایاند. زەلامیک سەری ئەسپەکەی گرت. پینج، شەش دەست بەرەو خومیتسکی دریژکرا، لە ئەسپەکەیان هینایە خوارێ. پۆلیس و قوزاقەکان کە ئەمیان بینی بێ سێ و دوو پەلاماری خەڵکەکەیان دا، پیکادانیکی کەم خایەن روویدا، ئەوجا پۆلیسەکان بە قامچی و قۆناغە تفەنگ کەوتنە بڵاوەپیکردنی کریکارەکان... لەگەڵ ئەمەشا خۆپیشاندانی بالاخانی تا سەعات ۷ دریژەی کیشا. دەستەیەکی گەورە کە ئاڵای سوور لە پیشیانەوە دەشەکایەوە لە جادەی «راماناوە» گەییینە سەرجادەی سەرەکی شار. ئیدی لیرەوە کریکارەکان بڵاوەیان کرد و بۆ ماڵی خۆیان چوونەوە.

ئەژدەریش بەرەو سابونچی کەوتە رێ. بۆ سبەینێ زانی کە ٤٦ کەس لە خۆپیشاندەرەکانی بالاخانی گیراون.

خوینی تەویڵی لیلییف لە ریگادا وەستایەوە. چ برینیکی پیوە نەبوو. تەنیا نیوچەوانی کەمیک رووشا بوو. لەگەڵ ئەمەشا لە ماوەی نیو سەعاتا سێ، چوار دکتۆری هاتەسەر. سەریان پیچی و بەم ناوەرۆکە نامەیەکی بۆ جەنەراڵ فەرماندار نارد: «من لە خەباتی دژ بە دژمنانی تەخت و تاج بەخەستی بریندار بووم. ئەگەر بمینم هەر ئامادەی گیانبازیم.»

ئەوجا کەوتە نامە نووسین و ناردن بۆ پترز بۆرگ و تەفلیس دەربارەی ڕەشیدی خۆی.

لەم لاشەوە ئودینتسوف سەر قاڵ بوو. بروسکە لەسەر بروسکەی دەکرد و داوای دەکرد کە «بەهیزکردنی سوارەکانی شار زۆر پیویستە» هەر ئەوڕۆژە مەسئولی کاروباری قەفقاز واتە جەنەراڵ لیتانت، بە پەلە وەڵامی دایەوە. بە دەستوری جەنەراڵ دیسان هیزیکی ٢٠٠ کەسی لە قوزاقەکان بۆ کۆمەکی سوپاییان و جەنەراڵیک بە ناوی جەنەراڵ مایور کراسە بە مەبەستی سەرپەرشتی هیزی دەوڵەتی بۆ نارد.

سەرهەنگ پاروشین ش لەو ڕۆژە بە دواوە خۆشی لەخۆی نەبینی، تەحقیق کردن لە گیراوەکان، کاغەز و نامە، راپۆرت، بروسکە و...و... چارەنووسیان خستبووە مۆڵەق. چارەنووسی لە دوو حاڵەت بە دەر نەبوو. یان دوای ئەم ڕووداوانە پلەو پایەی بەرزتری وەردەگرت، یان ئەوەی هەشی بوو دای دەنا. ئەنجامی تەحقیق کردن گەییە ئەم ئەنجامەی کە «لەنیو هەر سەد زیندانیدا ویڕای نکۆڵی کردنیان، چەند کەسیک لە ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ هەن» ئەم بۆچوونەی خۆی بە فەرمانداریش ڕاگەیاند.

نینا بڵاوکراوەیەکی نویی بە ناوی کۆمیتەی باکۆوە چاپ کرد. ئەم بڵاوکراوەیە لە گشت شوینیکی شارا بڵاو بووەوە، لەم بڵاوکراوەیەدا باسی هەڵچوونی هیزی شۆڕشگیری نیو مانگرتنەکانی مارت و باسی باوەڕی پرولیتری باکۆ بە هیزی لەبن نەهاتووی خۆی کرا بوو. بڵاوکراوەکە بەم ڕستانە کۆتایی پیهاتبوو: «هاوڕییانمان بە هوشیاری و ورە بەرزییەوە لەم خۆپیشاندانەدا خەبتین. ئەوەیان بە دەزگا دەسەڵاتدارەکان نیشاندا کە هیزی چینی کریکار، ئەو هیزەی کە لە پیناوی ئازادی و بەدەست هینانی مافی پیشیلکراوی خۆی دا خۆپیشاندانیان بەرپا کرد، بەرەو ئەوە دەچێ ببێ بە سوپایەکی بەهیزی لە شکان نەهاتوو. و ئەم سوپایە بەم زووانە دەسەڵاتی شومی تزاریزم تەفروتونا دەکات... ژیانی نوێ و ڕۆژانی پڕ لە بەختەوەری دینە ئاراوە.



## 37

پاش خۆپیشاندانەکانی دووی مارت، مانگرتنی گەورە و بەردەوام لە باکۆدا بەرپا بوو. ئاگرەکە بە تەواوی دانەمرکا بووەوە و هیشتا لیرەو لەوێ پشکۆکانی دەگەشانەوە. ئەم وردە پشکۆیانە تا ٢٧ی نیسان بەردەوام بوو. ڕۆژی ٢٧ی نیسان مەشخەڵی شۆڕش بە توانایەکی گەورەترەوە بلیسەی سەند و باڵی بەسەر شاردا کیشا.

کۆمیتەی باکۆ پاش دووی مارت، کەوتە ئامادە کردنی نەخشەو پلان بۆ مانگرتنی تازە. کۆمیتەی باکۆ کەوتە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خواستی کریکارانی باکۆ، ئەو داواکارییە تازانەی کە قەرار بوو پرولیتاریا لە حکومەت و سەرمایەدارانی داوا بکات.

ئەرکی یەکەم بریتی بوو لە شیکردنەوەی ڕووداوەکانی مانگی مارت و دیاریکردنی ریبازی ئایندەی بزووتنەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم ریبازە لە ئەدەبیات و ڕۆژنامەکانی نینادا – کە شەو و ڕۆژ بێ وچان کاری دەکرد–

تەدارەک بۆ خۆپیشاندانی «یەکی» ئایار دەبینرا، تەدارەکە کە لە دوو لاوە بوو.

کۆمیتەی باکۆ خۆی بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان ئامادە دەکرد. مامورانی تزاریش لە هەوڵی ئەوە دابوون کە خەڵکانی مافخواز خلتانی خوین بکەن.

کەسانی وەک ئودینتسوف، پاروشین و هی دی بۆ ترساندنی ریبەرانی بزووتنەوەی کریکاری کەوتنەوە گرتنی خەڵکی، پۆلیس بە لیستەی دوور و دریژەوە ئامادە کرا. بە پیی لیستەکە دەبوا، لە هەنگاوی یەکەما ریکخەر و ریبەرانی سەرەکی بزووتنەوەکە بگیرین. چ قودرەت بوو سێ کەس لە شوینیکا پیکەوە بوەستن. چەپۆکی خوین هەمیشە بەسەر سەری باکۆی قارەمانەوە بوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، مانگرتن بەردەوام بوو، کریکاران تیکڕا و بە یەکدەنگ دەیانگوت: «لەچی دەترسین؟ چ شتیکمان هەیە تا لەدەستی بدەین؟ چما ئەم ژیانەشمان هەر زیندان و کلۆڵی نییە؟ مانگرتنی کریکارانی تراموای.. مانگرتنی کارخانەکانی چدن، و میکانیکی دیسەیف.. خۆپیشاندانی پتر لە هەزار کریکاری «ڤۆلچییە وروتا» لە ١٠ی نیسان داو... لەم خۆپیشاندانەدا پتر لە سەد ژن بەشداریان کرد بوو، ژنیکی ڕووناکبیری رووس لە کۆبوونەوەیەکدا دەربارەی پەلاماری قوزاقەکان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگیری باکۆ، دوا بوو: نابێ لە قوزاقان بترسن و هەڵین. پیویستە جەنگ بە جەنگ وەڵام بدریتەوە و پەلامار بە پەلامار.

هەستی قیزکردنەوە لە مەرگ، لەلای کریکارانی شۆڕشگیر پەیدا بوو بوو، پۆلیسی نهینی شار کە پیش وەختە بە مەیان دەزانی و پیشبینی مانگرتنیان دەکرد هەرچەندیان کرد، ریبەر و ریکخەرانی خۆپیشاندانەکانیان بۆ نەدۆزرایەوە.

کۆمیتەی باکۆش کە پیش وەختە ئاگاداری جموجۆڵی مامورانی تزار و خۆ ئامادەکردنیان بۆ تیکشکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی یەکی ئایار بوو. بۆ خۆشکردنی زەمینەی لەباروبیرخستنەوەی ڕووداوەکانی نیسانی پار و هەروەها بۆ پیوەندی کردن بە خۆپیشاندانەکانی نیسانی «باتوم» کاتی خۆپیشاندانەکەیان کەمێ

پیش خست و رۆژی ٢٧ نیسانیان بۆ ئەم کارەدانا. بەم کارەیان سەریان لە پۆلیس و ئەمنی حکومەت دەشیواند.

شان بەشانی دەستور و رینوینی تازە دەربارەی گرتن و پڕکردنەوەی لیستە بەناوی «ئاژاوەچییان» نیناش لە وەڵامی ئەم کارانەدا چالاکییەکانی خۆی زیاد دەکرد. بڵاوکراوەی زۆر و رۆژنامەی چاپ دەکرد و لە سەرانسەری شارا بڵاو دەکرایەوە.

لە رۆژی پشکنینی ماڵەکانەوە تا ئیستا ورا یەک شەویش لە ماڵی خۆیان نەمابووەوە دوای ئەوەی شەو و رۆژیک لە ژوورەکەی ئەژدەرا مایەوە. چوو بۆ لای یلنا کنونیانتس و لەگەڵ خیزانی پیاویکی ئەرمەنیدا نیشتەجێ بوو.

ماوەیەکی زۆر دایکی نەبینی، گەرچی چوونەوەو نەچوونەوەی بۆ ماڵی خۆیان بە هەمان ئەندازە دایکی دووچاری ترس و پەشیوی دەکرد. ماریا ڤاسیلیۆفنا هەمیشە گرفتاری دڵەراوکێ و ترس بوو.

ماریا تا گرتنی میرزا حوسین، هەر لە ماڵی ئەوان بوو. گوڵئارا خانم و ئامینە پەست و خەمبار هەر فریای گریان دەکەوتن. رۆژ تا ئیوارێ لەبەر پۆلیسخانە و زیندانەکانا بە چاوی پڕ لە فرمیسکەوە دەوەستان. تا ئەنجام پییان راگەیەنرا کە میرزا حوسین حوکمدراوە و بۆ ماوەی پینج ساڵ حەپس دەبیت. ئیدی بە تەواوی ئومید بڕ بوون و خۆیان دا بەم دەم ژیانی پڕ لە کویرەوەرییەوە.

ریک لەم کاتە ناهەموارەدا، پورە نسا مرد. ئەژدەر دوو هەفتە لەمە پیش کاریکی بۆ ئەکبەر دۆزی بووەوە و لە سەر داوای پورە نسا زوو زوو سەری لێ دەدا تا هەست بە غەریبی نەکات. رۆژیک چوو بۆ دیدەنی، پییان گوت چونکە دایکی مردووە کارەکەی بە نیوەچڵی بە جیهیشتووە و چۆتەوە بۆ ماڵێ، ئەژدەر سەیری کرد ئەکبەر بە تەنێ بە دیار تەرمەکەی دایکییەوە دۆش داماوە. ژنە دراوسیکەیان ئاوی بۆ شوردنی تەرمەکە گەرم دەکرد. ئەکبەر بە چاوی وشکەوە لە تەرمە وشک هەڵاتووەکەی دایکی راما بوو. هەر کە ئەژدەری بینی. چاوەکانی تەژی روندک بوون. ئەکبەر بە گریانەوە باوەشی بە ئەژدەرا کرد.

ئەژدەر خیرا هەندێ لە هاوڕییانی ئاگادار کردەوە، تەرمی ئەو ژنەی کە میردەکەی سەرجەمی ژیانی خۆی فیدای شۆڕش کردبوو، وەکو پیویست و بێ هیچ کەموکورییەک نیژرا.

ئەکبەر بە تاقی تەنیا مابووەوە، ئەژدەر چارەی بۆ ئەمەش دۆزییەوە. ماریا ڤاسیلیوفنای، کە هەستی بە تەنیایی دەکرد. بۆ ماڵی غولام هینا. ماریا وەکو دایکیکی میهرەبان ئاگاداری ئەکبەری دەکرد، لەو ناوەدا خانویەکی بۆ گوڵئارا خانمیش پەیدا کرد. ئەژدەر و ئەکبەر و وراش لە ماڵ گواستنەوەدا یارمەتیان دان. بەم جۆرە سێ خیزان، واتە خیزانی ئیڤان نیکولایوفچ، غولام و میرزا حوسینی دۆستیان لەو رۆژگارە رەش و تاڵانەدا بە یارمەتی یەک و لەتەک یەک دا ژیانیان دەگوزەراند. گوڵئارا خانم کە کەوتبووە رۆژی رەشەوە. لە خەتەری لە برسا مردن رزگاری بوو، ئەژدەر و ورا بەپیی توانا یارمەتیان دەدان ئامینەش وەکو بابی خەریکی درەس گوتنەوەی تایبەتی بوو لە هەندێ ماڵانا.



بەرەبەیانی رۆژی ٢٨ی نیسان، ئەژدەر لە چاپخانە بوو، لەگەڵ گزنگی هەتاوا، بڵاوکراوە ئامادەکانی لە گەڵ خۆدا هەڵگرت و بەرەو ئەو ماڵە کەوتە رێ کە چەند رۆژێ لەوە پیش ڤانۆستروواا بە کریی گرتبوو.

لەبەر ماڵەکەی ڤانۆدا سوالکەریکی پیر بەر دەمی ئەژدەری گرت.

– برادەر یارمەتییەکم بدە، لە دوینیوە نانم نەخواردووە..

ئەژدەر دڵی پیی سوتا، پینج کوپکی بۆ دریژ کرد و پرسی: بیکاری؟

سواڵکەرە پیرەکە، کە عەینەکیکی رەشی لە چاو بوو، بێ ئەوەی چ وەڵامیک بداتەوە، بە دەست پارەکەی سەح کردەوە و ئەوجا لە نیو دەستیا گوشی و گوتی: کویرم، لە کاتیکا سەری پتر دادەخست، گوتی: سێ ساڵ لەمەوبەر لە ئەنجامی گازی کاندا کویر بووم. ئەژدەر نەیزانی چ بڵێ.. ئەم جۆرە کەسانە لە باکۆ دا زۆر بوون، ئەژدەریش ژینی خۆی کردبوو بە نەزری خەبات دژ بەم چەشنە ژیانە.

ئەژدەر لەگەدا پیرەکە جودا بووەوە و تەقەی لە دەرگاکەی ڤانۆ هەستاند. نیکولای کازرانکو و ڤانۆ چاوەڕوانی بوون. لە پەنجەرەی سەر کۆڵانەکەوە کزە تیشکێ دەهاتە ژوورەوە، ڤانۆ لەتەک کازارنکووە ویستا بوو، زۆر لە جاران لاوازتر دەینواند.

ئەژدەر یەکەمین دیداری لەگەڵ ڤانۆدا بیرکەوتەوە، ڤانۆ ئەوسا ئەوەندە لاواز نەبوو، ژیانی بەردەوامی ژیرخان و ژووری تاریک و دوور بوون لە هوای پاک جەستەیان تواند بووەوە.

ستروواا بە رووخۆشییەوە پیشوازی لە ئەژدەر کرد.

– ئەژدەر تۆ لەو دایکە دەچی کە شیر بۆ منداڵەکانی دینێ... دەری بینە بزانم خوشکەکەمان چی بۆ ناردووین؟

– نینا ئەورۆ دیارییەکی زۆری بۆ ناردوون، ئەوەندە زۆرە بەشی گشت شار دەکات.

ئەژدەر گیرفانەکانی هەڵڕشتە سەر میزی نیو ژوورەکە، کازارنکو دوو بەستە بڵاوکراوەی هەڵگرت و خستییە تویی پەتۆکانەوە. بەستەیەکی گەورەشی خستە بەرباخەڵی و قوپچەکانی داخست. ئەوجا دوعا خوازی لیکردن و گوتی: چاری رێ هەر رۆیشتنە... خەڵکی ئازەربایجانی پەندی جوانیان چەند زۆرە. بەراستیش ئەگەر ریبوار لە ریگا تەمەڵی بکات، لەکاتی خۆیدا ناگاتە جیی مەبەست. ئەورۆ رۆژیکی گەورەیە، وەک چۆن کەشتیوان پیویستی بە قیبلەنما هەیە، خۆپیشاندەرانیش پیویستیان بە بڵاوکراوەکانی ئیمە هەیە، من دەبێ ئەورۆ لە قاراشارا قسان بکەم، بیگومان ئوتۆمبیلم دەست ناکەوێ، ترامواياکانیش چەند رۆژیکە کار ناکەن. کریکاری ترامواياکان مانیان گرتووە. کریکارانی ریگای ئاسنیش ئەورۆ کار ناکەن... بە ئومیدی دیدار!

ڤانۆ دەرگاکەی داخست و بە پەلە کەوتە خۆگۆڕین.

– ئەژدەر ریگات دوورە؟

ئەژدەر لە کاتیکا کە خەریکی خواردنی ئەو نان و پەنیرە بوو کە ورا بۆی پیچا بووەوە، وەڵامی دایەوە: دەبێ ئەورۆ هەموو شار تەی بکەم، کارم زۆر زۆرە.

نیوەی نان و پەنیرەکەی بۆ ڤانۆ دریژ کرد: فەرموو ڤانۆ، بیگومان قاوەڵتیت

نەکردووە.
– نیکولای ڕاست دەکات کە ئیوەی ئازەری پەندی جوانتان زۆرە، کە نان هات، قسە کردن بەتاڵە.
– بەڵێ، ئیمە پەندی وامان هەیە.
– کەواتە من بە گویرەی ئەو پەندە دەکەم..
نان و پەنیرەکەی کرد بە دووپارو، ئەژدەر وردە نانەکانی لەسەر کۆشی تەکاند و هەستا: من دەڕۆم... سەرکەوتووبن!..
– تۆش.. بەخیر و سەلامەت...
– دەرگاکە داخە، بڵاوکراوەکان بشارەوە.
– ئیستا وای دەشارمەوە کەس هەستی پێ نەکات.. بە هیوای دیدار...
ڤانۆ دەرگاکەی لە دوای ئەوەوە داخست. ئەژدەر چەند هەنگاوێ بەرارەوە تەنگەکەدا ڕۆیی، گەییە سەرپلەکان، ژوورەکەی ڤانۆ لە نهۆمی ناوەڕاستا بوو، لەپڕ وشک بوو، کۆمەڵێک بە پلەکانا سەردەکەوتن.
ئەژدەر هەستی کرد کە پۆلیسن، بەڵام فریا نەکەوت خۆی بگەیەنیتەوە ژوورەکەی ڤانۆ. خۆی خزانە ژێر قالدرمەکانەوە، پۆلیسەکان بەتەکیا ڕەت بوون و چەند هەنگاوێ لەولاترەوە ویستان، یەکیکیان پرسی: کام دەرگایە؟
– ئەم دەرگایە، ئەمە دەرگای ژوورەکەی ئەوە. هەردووکیان لە ژوورەوەن.
– هیواشتر قسان بکە، نەبا لە دەرگایەکی ترەوە رابکەن...
– ناتوانن.. هەر چواردەوری خانووەکە بە پۆلیس تەنراوە..
– ژوورەکە تەنیا یەک دەرگای هەیە. خۆم خاوەنی خانووەکەم و دەزانم...
پۆلیسەکە بە ڕقەوە وەڵامی دایەوە: پەکو کە خاوەن خانوویەکی چاکی.. ئەگەر هەموو کریچیەکانت وا بن، ئەوا خۆت بۆ سیبریا حازر بکە...
– نەخیر قوربان.. هەمووی دوو کریچیم هەن، ڕۆژگارەکەی خراپە. کەس ژوو بە کرێ ناگرێ، یەکیکیان ئەمەیە و یەکیکیانیش لەو ژوورە تاریکە دایە. کابرایکی ماسیگری پیر و لە خوا ترسە.
بە دریژایی ئەم ماوەیە پۆلیسەکان بە توندی لە دەرگای ژوورەکەی ڤانۆیان دەدا، دوای تۆزیک بە شەق و لەقە کەوتنە ویزەی دەرگاکە، ئەوجا دەستیان بە شکاندنی دەرگاکە کرد. ئەژدەر ویستی ئەم دەرفەتە بقۆزیتەوە و لە ژێر قالدرمەکان بیتەدەرێ، بەڵام بۆ کوێ بچێ، قسەی پۆلیسەکەی بیر کەوتەوە کە دەیگوت: هەر چواردەوری خانووەکە بە پۆلیس تەنراوە. ژووی پیرە میردە لە خواترسەکەی بیرکەوتەوە. لە دەرگای حەوشە تیپەڕی و بە دەستە چەپا سوڕاوە و خۆی بە یەکەم دەرگای وازا کرد. پیرەمیردیکی ردین چەرموو لەسەر کۆنە گلیمیک دانیشتبوو، تۆری ماسی گرتنەکەی پینە دەکرد. سەگیکی ڕەشی بچکولە لە سوچیکی ژوورەکەدا ئاوی لە سواڵەتیکدا دەخواردەوە. هەرکە ئەژدەر خۆی بە ژوورەکەدا کرد، سەگەکە مۆڕەیەکی لیکرد و دەستی بە مرە مڕ کرد. پیرەمیردەکە بێ ئەوەی دەست لە تۆڕەکە هەڵگرێ لە سەگەکەی خوڕی. بیدەنگ بە تۆپلان، با بزانم کییە.



پیرەمیردەکە بە وردی دیقەتی ئەژدەریدا و گوتی:
– تۆ کیی ڕۆڵە؟
– میوانم مامە گیان!
ماسی گرەکە بە وردی سەرنجیدا: میوان خۆشەویستی خوایە، فەرموو دانیشە. ئەژدەر دەرگاکەی توند داخست و لەسەر گیلمیەکە دانیشت، پیرەمیردەکە بێ ئەوەی دەستبەرداری کاری خۆی بێ لە ئەژدەر ورد بۆوە.
– بەم دەرگا داخستنە وا دەردەکەوێ کە میوانیکی زۆر بێ شەرمی..
ئەژدەر هەناسەی لە خۆبڕی بوو، گوییی لە دەرەوە بوو، دەتگوت گوییی لە پیرەمیردەکە نەبوو، پیرەمیردەکە لەسەری ڕۆیی: بەڵام ڕۆڵە ئیمەی ئازەری پەندیکمان هەیە دەڵێ میوانی درەنگ وەخت گلەیی لەسەر خۆیەتی. ئیستا چ شتیکم نییە بتدەمێ، لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ هاوڕیکانما دەچینە ڕاوە ماسی. ڕەنگە بە دەستی پڕ بگەڕیمەوە. ئەوسا لەبەردەم میوانانی وەکو تۆدا شەرمەزار نابم...
لەم کاتەدا دەنگە دەنگ لە دەرەوە دەهات، توپلان گوییی قوڵاغ کردو مڕاندی. ئەژدەر کە زانی کار گەندە بەپەلە گوتی: مامە شوینێ نییە خۆمی لێ وەشیرم؟ ئەوانە بە دووی مندا دەگەڕین.
ماسیگرە پیرەکە بە پەلەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەستا.
– بە دووی تۆدا دەگەڕین؟ چما چیت کردووە ڕۆڵە؟
ئەژدەر کە چاوی بۆ شوینێ دەگیڕا، گوتی: ئیستا وەختی ئەمە نییە مامە... پاشان پیت دەڵیم...
پیرەمیردەکە دوای کەمیک ڕامان گوتی: با جارێ تۆپلان بەرمە دەرێ، تا تۆ دەشارمەوە ئەو سەرگەرمیان دەکات.
بە ئەسپایی سەگەکەی گاز کرد و بە دەست ئیشارەتی بۆ دەرێ کرد، هەرکە دەرگاکە کرایەوە سەگەکە، حاڵی بوو، دەرپەڕییە دەرێ و دەستی بە وەڕین کرد.
پیرەمیردەکە بە چپەوە گوتی: وەرە لیرە خۆت وەشیرە...
پیرەمیردەکە پەردەی سەر نوینەکانی هەڵدایەوە و گوتی: دە وەرە. بیریان بۆ ئیرە ناچێ. ئەژدەر نوین و تۆڕە دراوەکانی ڕاکیشایە پیشەوە و خۆی لە پشتیانەوە مەڵاس دا. پیرەمیردەکە تۆڕ و پەردەکەی بەسەریا دا.
ئەژدەر دەنگی توپلانی دەژنەوت. دوای کەمیک سەگەکە قوڕاندی و بیدەنگ بوو. بیگومان لەقەیان پیدا کیشاوە. دەرگاکە کەوتە سەر گازی پشت و دەنگی جۆراوجۆر هاتنە گوێ.
– ئەهای کابرا، هەستە بزانین...
– کەست لەم ناوە نەدیتوە؟ کوریکی جحڵیی ئازەربایجانی...
– نویژ دەکا گەورەم؟ گوناحە لەسەر نویژ قسەی لەگەڵ بکرێ.
زەلامیک نەڕاندی: من نویژ و مویژ نازانم.. بگەڕین.
پۆلیسەکان بە وردی ژوورەکەیان دەپشکنی. لە کاتیکا ئەژدەر گوییی لە دەنگی پشکنینی میز و دۆلابەکە بوو، یەکیک بە دیار سەرییەوە تۆڕەکانی هەڵدەدایەوە.

– بۆفیبییەکە چی لەسەرە؟
– تۆڕی ماسی گرتن قوربان؟
– بە وردی بگەڕێ..
دەستیک لە نیو تۆڕەکانا جولایەوە. دەنگی ئەو پۆلیسانە دەهاتنە گوێ کەسەر بۆفیبییەکە دەگەڕان.
– ئیرە هیچی لێ نییە..
– نویژی ئەم کابرایە چەند دریژە...
خاوەن خانووەکە ئەوەی گوت، دوای ماوەیەک یەکیک نەڕاندی: با بڕۆین.. دەبێ دەست بەجێ حەپسەکە بەرین... ئەمە شۆڕشگێڕە گورجییە نیو دارەکەیە. چونکە ژوورت بە کرێ داوەتێ دەبێ سزا بدەیت...
خاوەن خانووەکە وەڵامی دایەوە. بەڵام ئەژدەر لە قسەکەی حاڵی نەبوو. بەڵام زانی کە ڤانوستروا گیراوە... دەنگە دەنگ دوور کەوتەوە. پۆلیسەکان ڕۆیشتن. ئەژدەر دوای تۆزیک گوێی لە چپەچپی خانەخویکەی بوو. ئەژدەر تۆڕەکانی لابرد و هاتە خوارەوە. خانە خویکەی بە پیکەنینەوە گوتی: بۆ یەکەم جار لە هەموو ژیانما نویژ فریام کەوت. جارێ تۆ لیرەبە با سەیریکی دەرێ بکەم. ئەگەر ڕۆیشتبن، دەتوانی بڕۆی..
پیرەمیردەکە ڕۆیی، دوای دە چرکە گەڕایەوە بە خەمبارییەوە گوتی: گورجییەکەیان برد.. بە داخەوە کوڕیکی چاک بوو.. کەس لەو ناوە نییە.. دەتوانی بڕۆی.
ئەژدەر لەبەر دەرگاکە تەوقەی لەگەڵ کرد: هەر بژی مامە، لە مەرگ ڕزگارت کردم...
پیرەمیردەکە بە دەنگیکی لەرزۆک وەڵامی دایەوە: ئەم قسانە چییە. ڕزگار کردنی ریبوار لە پەلاماری سەگی هار ئەرکی سەرشانی هەموو کەسیکە. بەڵام ڕۆڵە لەم کۆڵانەدا گەدایەکی پیر هەیە. ئەمە یەک هەفتەیە ئەم ناوەی بەرنەداوە، ئاگات لەخۆ بێ، پیم وایە گرتنی «گورجی»ش لەژیر سەری ئەو دا بووە، کویر نییە، بۆ ڕێ بزری عەینەکی لە چاو کردووە.
ئەژدەر سوپاسی کرد و ڕۆیی: گەدا پیرەکە لەوێ نەمابوو. ئەژدەر پاش نیوەڕۆ چونیاتوفی دۆزییەوە. چونیاتوف هەرکە ئەوی بینی لە خۆشیانا باوەشی پیدا کرد:
– ئەژدەر، چۆن دەرباز بوویت؟ چۆن راتکرد؟ ئەدی ڤانۆ؟
– ڤانۆیان گرت پتیا.
ئەژدەر بە دوورودریژی ڕووداوەکەی بۆ گیڕایەوە وگوتی: دەبێ هەر ئەوڕۆ هەموو هاوڕییان ئاگادار بکرینەوە پتیا! دەبێ ئاگایان لەو گەدە پیرە بێ.
ئەو زەلامەی کە لەگەڵ چونیاتوفدا بوو، هەڵبەتە چونیاتوف بە ئیشارەتی چاو ئەژدەری حاڵی کردبوو کە لە خۆیانە– بەم قسەیە پیکەنی.
– بۆ تۆ لات وایە هەمیشە بەو عەینەکە ڕەشەوە دەگەڕێ؟ ئەمنەکانی پاروشین ڕۆژێ بە هەزار چەشن خۆ دەگۆڕن.
ئەژدەر قسەکەی ئەوی سەلماند، ئەوجا لە چونیاتوف ورد بووەوە، بە نیگا داوای لە چونیاتوف دەکرد ئەو زەلامەی پێ بناسینێ، چونیاتوف حاڵی بوو، زەردەخەنەیەکی کرد.



– هاوڕییان یەکدی بناسن! ناوی یەکدیتان زۆر ژنەوتووە.
چونیاتوف پاش ناساندنی ئەژدەر گوتی: ئەمیش هاوڕێ ئیڤان بروکوفچ واتسکە، ئەژدەر بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ کرد، ئەم ناوەی زۆر بیستبوو، شەهید ئیڤان نیکولایوفچ زۆر باسی یوکوفچ ی دەکرد، واتسک دڕی بە بیدەنگییەکەدا.
– گرتنی هاوڕێ ڤانۆ جەزرەبەیەکی گەورەیە، بەڵام زۆر بیر لیکردنەوەشی بێ سوودە.
چونیاتوف گوتی: ڕاستە... یەکیک لە ئامانجەکانی ئەمن، جگە لە لەنیوبردنی ریبەرانی بزووتنەوەکە، ترساندنی ئیمەشە. ئیمە هەرگیز نابێ بترسین... ئەگەر تا کۆتایی ئەم مانگرتنانە ڤانۆ توانی خۆی ڕزگار بکات ئەوا زۆر باشە و ئەگەر نا دەبێ چارەیەک بۆ فڕاندن و دەربازکردنی بدۆزینەوە. ئیڤان! ستروا دەستە ڕاستی ئیمەیە. ستروا بۆ خەڵکانیکی زۆر ڕەمزی قارەمانیتی و مەردایەتییە.
لەم کاتەدا لە دوورەوە دەنگی هورا کیشان بەرز بووەوە. خۆپیشاندەران لە شەقامی «نیکولایوفسکی»یەوە بەرەو سەرێ کەوتنە ڕێ. خەڵکی لە هەموو لایەکەوە ڕایان دەکرد، قوزاقەکان هەموو سووچ و کەلەبەریکیان تەنی بوو.
شەقامی نیکولایوفسکی لە خۆپیشاندەرانا جمەی دەهات، بەدەم سرودی مارسیلیزەوە دوای هەندێ ئاڵابەدەست کەوتبوون. ئاڵاکان ئەم دروشمانەیان لەسەر نووسرابوو، «مردن بۆ دیکتاتۆریەتی تزار» «بژی سوسیالیزم» «ئیمە ئازادی سیاسی، کارو نانمان دەوێ» «زەوی هی ئیمەیە».
چونیاتوف هەر کە ئەوانی بینی گوتی: ئەژدەر! من و ئایدن بیگوف لە پارایتدا قسانمان کرد، ئیستاش هەرکە گەیشتینە بەرانبەر کۆشکی فەرمانداری دەبێ ئیڤان پروکوفچ و تۆ قسان بکەن.... بەڵام هیزی پۆلیس و قوزاق سات بە سات زۆرتر دەبن، ئەگەر تەقەیان کرد نابێ بهیڵێ خوینی کریکار بە خۆڕایی بڕژێ، لەو کاتەدا دەتوانین ئەم شەقام بەجێ بهیڵین و خۆمان بە شەقامیکی دی دا بکەین.
ئاڵاهەڵگرەکان بەسەربەرزی و بیگویدان بە تفەنگ و شمشیری قوزاقان کە لە ژیر تیشکی هەتاودا دەبریقایەوە، دەچوونە پیشێ. ئەوانیش، واتە چونیاتوف و ئەژدەر و واتسک، خۆیان گەیاندە ئاڵاهەڵگرەکان و لە پیش کۆمەڵەکەوە کەوتنەڕێ. لەبەردەم بنکەی «نینای پیرۆزا» باش چاوەشیکی قەڵەو و کۆمەڵیک پاسەوانی چەکدار ریگایان لە خەڵکەکە گرت. باش چاوەشەکە نەڕاندی. پاسەوانەکان تفەنگەکانیان سوار کرد. بەڵام ئەم ڕەفتارەیان خەڵکە هەڵچووەکەی نەترساند. کریکاریکی کوتەک بەدەست رووی کردە باش چاوەشەکە و قیراندی: نەیەیتە پیشەوە، ئەگینا دەتکوژین..
وشەی «دەتکوژین» باش چاوەشە قەڵەوەکەی بە جۆرێ ترساند کە چاوەکانی ئەبڵەق بوون و پاشەو پاش کشایەوە.
جەماوەرەکە تۆزیکی تریش هاتنە پیشەوە. بەڵام لەبەردەم ئەپارتمانی دومادا تووشی دەستە قوزاقیک بوون.
قوزاقەکان بە تەقە کردنەوە بەرەو خەڵکەکە هەڵمەتیان برد، خۆپیشاندەرانیش بە بەرد وەڵامیان دانەوە. ئەژدەر بە چاوی خۆی ئابلوقەدانی ئاڵاهەڵگرەکە و بیست کەسی

دی بینی. ئاڵاکە کەوتە دەستی قوزاقەکان. لەم کاتەدا چونیاتوف هاواری کرد:

– بکشینەوە هاوڕییان! ئەوان بەهێزترن، چوونە پیشەوە بیکەڵکە..

لەبەر هاتو هاوار و غەڵبەغەڵب کەس گویی لە چونیاتوف نەبوو. خۆپیشاندەران بۆ رزگار کردنی هاوڕیکانیان هیرشیان بۆ پیشەوە برد. لەم کاتەداو لە پشتەوە دەنگی تەقە هات. کریکاریکی پیر بە هانکە هانک خۆی گەیاندە چونیاتوف.

– پتیا، سەد قوزاقی بەتالیونی لیسابێن و چوار دەستە بەتالیونی سالیان پشتەوەیان لیگرتووین.

پیوتر بە دەنگیکی بەرزی ئەوتۆ کە هەموو گوییان لیبوو هاواری کرد:

– بە هاوڕییان بڵێن ریزەکانیان تیک بدەن.

– دوانزە کەسیان بە شمشیر لێ بریندار کردوین.

– بریندارەکان هەڵگرن با بڕۆین. ئەژدەر! ئیڤان بروکوفیوفچ کوا؟

خۆپیشاندان لەم شەقامەدا تەواو بوو. بەڵام لە دووڕیانەکەی شەقامی «تلفوننی» و «ستانسلافسکی»دا دەستی پیکردەوە. خۆپیشاندەران لە پیچیکی شەقامی «سوراخانکسی»دا تووشی کۆمەڵیکی دی بوون کە لە پارایتەوە دەهاتن. دوای تۆزیکی دی تیکەڵی کۆمەڵیکی تر بوون کە لە شەقامی «کاسپیسکی»یەوە دەهاتن، لە ماوەی چرکەیەکا جەماوەریکی هەزار کەسی دروست بوو. بە دەنگی بەرز لەبری هاوڕێ بریندار و گیراوەکانیشیان هاواریان دەکرد و دروشمی شۆڕشگێڕانەیان دەگوتەوە. نە هەڕەشەی سەرۆکی پۆلیسی ناوچەی چوار، نە پەلاماری پاسەوانان، نە هاواری قوزاقانی چەکدار، هیچ یەکیک لەمانە نەی ترساندن. تا دنیا تاریک بوو خۆپیشاندانەکە دریژەی کیشا. لەم ماوەیەدا، شەقام و کۆڵان نەما ئەژدەر خۆی پیدا نەکا و بڵاوکراوەی تیدا بڵاو نەکاتەوە. چاویشی هەر لە ماڵەکەی نیکولای کازارنکو بوو، ئەژدەر دڵنیا بوو کە هەم کازارنکو و هەم ماڵەکەشی لە ژیر چاودیری دان... کاتێ گەدا کویرەکە ئەوی بینی لە ماڵی ڤانۆسترووا وە دەرچوو، بیگومان تاقیبی کردووە...

بەڵام ئەژدەر هیشتا نەگەیی بووە جیی مەبەست، بیستی کە کازارنکو لە دەورووبەری عەسرا لە قاراشار و لەکاتی گوتاردانا گیراوە. نیوە شەویکی درەنگ بۆ ماڵ گەڕایەوە.

هەرچەند ئاخرو ئوخری مانگی مارت بوو، بەڵام دنیا گەرم بوو، شەو بوو، ئەستیرەکان بە ئاسمانەوە دەدەروشانەوە، تریفەی زیوینی مانگ هەموو لایەکی پڕ کردبوو.

ئەژدەر بۆ ئەوەی ورا و ماریا ڤاسیلیۆفنا لەخەو نەکات بەرەو گەڕەکی داخلی، بۆ ژوورەکەی خۆی کەوتە ڕێ. بە دریژایی ریگا تووشی چ کەسیک نەبوو، کاتێ گەییە ماڵەوە بینی دەرگای ژوورەکەی وازە! بە وریاییەوە چووە پیشەوە. سەریکی کیشا، رایەخەکەی پارچە پارچە کرابوو، دوشکەکەی تورڕ درابووە بەر دەرگا، ئەژدەر یەکسەر زانی کە پۆلیس خۆیان گەیاندۆتە ئیرەش، بەپەلە گەڕایەوە، لە ژیر درەختیکا تارماییەکی بینی... بێ سێ و دوو بەسەر دیوارەکەیا بازی دا و خۆی گەیاندە سەربانی دراوسیکەی. تۆزێ وەستا، گویی راگرت، دەنگی پێ لە شەقامەکەوە



دەهات. بیگومان خۆیانن. چونکە دەنگی پوستال دەهاتە گوێ، سەربان بەسەربان–خۆشبەختانە کەس لە سەربان نەخەوتبوو– لە حەوشەکەی خۆی دوور کەوتەوە. گەییە سەرباریکە رییەک کە بۆ چەمبرکەندی دەچوو، لەوپەڕی چەمبرکەندی لە نیوان گۆڕەکانا دانیشت تا پشوویەک بدات. ژوورەکەی ئەویشیان پێ زانی.. ئیدی بە دوعا گەڕەکی داغلی.. چوونەوە بۆ ئەوێ بڤە بوو. ناشی توانی بۆ هەمیشە لەماڵی ماریا وەمینێ. تەنانەت وراش نەیدەتوانی بە بەردەوامی لای ماریا وەمینێ. ئەژدەر لە نیو گۆڕەکانا راکشا و کەوتە بیر کردنەوە. تریفەی مانگ ئەو ناوەی کردبوو بە رۆژی رووناک... گلۆپەکانی شار لە دوورەوە دیار بوون... ئەژدەر لەبەر شەکەتی وردە ورە کەوتە وەنەوز دان. ئەورۆژە دوو جاران لە دەستی پۆلیس رزگار بووبوو، کاتێ کە مانگرتن بەرپا دەبێ، پیاو هەست بە ماندوو بوون ناکا، بەڵام دوایی..

ئەژدەر لەگەڵ سپیدەدا چاوی هەڵینا. دنیا سارد بوو، کزەبایەکی ساردی لە شاخەکانەوە دەهات. ئەژدەر هەستی کرد کە سەرمای بووە، هەستایە سەرپێ، مانگ وردە وردە بەرەو ئاوابوون دەچوو. ئەژدەر چاکەتەکەی لەخۆوەپیچاو بەرەو شار کەوتە رێ و لە پەنایەکەوە خۆی بە ئیچری شارا کرد.

## 38

ئەژدەر، تەواوی مانگی ئایار و حوزەیران لە چاپخانەکە نەهاتەدەرێ. «نینا» خۆی بۆ مانگرتنەکانی تەمووز ئامادە دەکرد، بڵاوکراوە و کتێبی چاپ دەکرد، لە ئاخرو ئوخری حوزەیراندا کۆبوونەوەیەک بە بەشدای ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ و کۆمیتەی تایبەتی مانگرتن کرا. ئەژدەر بۆ یەکەم جار یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەیەی مانگرتنەکە، واتە «ئیڤان فیولتف»ی لەم کۆبوونەوەیەدا بینی. ئەندامەکانی تری ئەم کۆمیتەیە پێشتر دەناسین. ئایدن بیگوف، محەمەد بیگوف، میر بشیر قاسموف، واتسک و...

پیوترچونیاتوفی بەڕیوەبەری کۆبوونەوەکە، باسی رازی بوونی «یەکیتی ریکخراوە سوسیال- دیموکراتەکانی قەفقاز»ی لە مانگرتنەکەی تەمووز کرد. پاش ئەوەی چونیاتوف کارەکانی بە تەواوی روون کردەوە. بوگدان کنونیانتس دەربارەی ئەو تەدارەک بینینە دوا کە لە باکۆدا ئەنجام دەدرا.

پاش ئەم کۆبوونەوەیە ئەژدەر پەی بە گەورەیی کارەکانی ئایندە و گەورەیی مانگرتنی تەموز برد، «نینا» دڵی ئەم بزووتنەوانە بوو. ئەم دڵە هەموو کاتێ بە چاکی لیی دەدا، چەند مانگێ لەمەوپیش، نینا بەرهەمی بە نرخی خۆی «دەبێ چ بکرێ؟»ی لینینی چاپ کردبوو. «دەبێ چ بکرێ؟»ی لینین کە لە مانگی مارتی ۱۹۰۲دا هاتە ئاراوە. بوو بە چەکی بەرەندەی دەستی پرولیتاریا بۆ گەیشتن بە ئازادی. چاپکردنەوەی ئەم کتیبە لەلایەن نیناوە خاڵی وەرچەرخانیکی گرنگ بوو لە میژووی چالاکییەکانی ئەم چاپخانەیەدا.

پیت ریکخەر و هەڵە چاککەرەکان بە دەم چاپکردن و راستکردنەوەی هەڵە چاپییەکانەوە پەڕە پەڕەی ئەم کتیبەیان خویندەوە و گفتوگۆیان لەسەر کرد. بیروبۆچوونەکانی لینین هەموویانی سەرسام کردبوو. کە یەکەمین نوسخەی کتیبەکە لەچاپ دەرچوو. هەموو ئەو هاوڕییانە مۆڵەتی هاتوچۆیان بۆ چاپخانەکە هەبوو لە ژووری مەکینەکەدا خڕ بوونەوە. هەموویان بە تاسەوە سەرگەرمی خویندنەوەی «دەبێ چ بکرێ» بوون.

شەویکی زۆر سارد بوو. هەرچەند بەفر دنیای نەگرتبوو بەڵام سەرما حەشری دەکرد ئەو ژورەی کە لبادیان بە دیوارەکانیا داکوتابوو گەرم بوو. پیت ریکخەرەکان سیلوسترتودریا. کنونیانتس، ورا و ئەژدەر لە تەک مەکینەکە و لەبەر چرا نەوتییەکەدا ویستابوون. پیوتر کە کتیبەکەی بە دەستەوەبوو، بە زەردەخەنەوە دەیگوت: هاوڕییان کتیبەکەی فلادیمیر لینین بۆ خەباتی ئیمە بایەخیکی میژوویی و سیاسی گەلێ گرنگی هەیە. «دەبێ چ بکرێ» بە وردی بناغە و سەرچاوەی تیوری ئوپورتونیزمان بۆ روون دەکاتەوە. لینین لەم کتیبەدا جەوهەر و ماهییەتی ئوپورتونیست و ئیکۆنومیستەکانی ریسوا کردووە.

بیدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کیشابوو. ئامادە بووان بەتاسەیەکی بێ ئەندازەوە گوییان لە قسەکانی چونیاتوف دەگرت. چونیاتوف دەیگوت: ئەم کتیبە بایەخ و دەوری



حیزب لە بواری ریبەری کردنی بزووتنەوەی کریکاریدا دەسەلمینێ، لەم کتیبەدا ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ئایدولۆژی بنەڕەتی بزووتنەوە کریکارییەکان لەلایەن حیزبی مارکسیستیەوە داریژراوە، کتیبی «دەبێ چ بکرێ؟» وەکو مەشخەڵە بۆ روناک کردنەوەی ریگای بزووتنەوە کریکارییەکان هاوڕییان ئەم مەشخەڵە بگەیەننە هەموو کریکاران...

ئەژدەر و وراو هاوڕییانی دی ئەم کتیبەیان گەیاندە کۆمیتە ناوچەییەکان و بنکە کریکارییەکانی دی.

هیندەی کار لە کریکارانی خویندەوار و پیشڕەو کرد. کە ئەگەر نینا هەزار دانەی تری لێ چاپ کردبا هیشتا هەر کەم بوو. لە رۆژانی مانگرتندا، لە پاڵ بەیان و بڵاوکراوەکانەوە کتیبی «دەبێ چ بکرێ؟» ش بەسەر خەڵکەکەدا دابەش دەکرا.

رۆژی یەکەمی تەموز «کریکارانی کارخانەی خاتیسموف مانیان گرت. ئەم هەواڵە لەسەرانسەری ناوچە کریکارنشینەکانی باکۆدا بڵاوبووەوە. مانگرتنی کریکارانی خاتیسوف رووداویکی گرنگ بوو. هەرهەمان رۆژ کریکارانی کارگەی میکانیکی بی بی هیبتش دەستیان لە کار هەڵگرت. رۆژی دووەمی تەموز مانگرتن پەرەی سەند، مانگرتن زۆربەی دەزگاکانی بی بی هیبتی گرتەوە. لە قاراشاریش دەستی پیکرد. لە بی بی هەیبەت هەزار و لە قارا شار هەشت سەد کریکاری دی دەستیان لە کار هەڵگرت. لە قاراشاریشدا مانگرتن بەرپابوو. رۆژی سییەمی تەموز، ژمارەی کریکارانی مانگرتوو زیاتر بوو. تەنیا لە قاراشارا دوو هەزار کریکار دەستیان لەکار هەڵگرتبوو. لەگەڵ مانگرتنی کریکارانی ریگای ئاسندا هەرەکەتی شەمەندەفەرەکان کز بوو. هەروەها شەمەندەفەرە بارکیشەکانیش وەستان.

لە چواری تەموزا مانگرتن لە تەواوی دەزگا گەورەکانی باکۆدا راگەیەنرا. هەروەها مانگرتن دەزگا بچووکەکانیشی لەکار خست. ریگای ئاسن بە تەواوی وەستا. شەمەندەفەری باری و پۆستە و نەفەر لە کار کەوتن. هیچ چاپخانەیەک کاری نەدەکرد. رۆژنامە بڵاو نەدەبۆوە. تەلەفۆنی نیوان کانەکان پچڕا، کەشتیوانەکانی باکۆش هاتنە ریزی مانگرتووانەوە. بە کورتی نزیکەی ٤٠ هەزار کریکار لە تیکڕای ناوچەکانی باکۆ دەستیان لەکار هەڵگرتبوو، رۆژی چوارەمی تەموز، واتە ئەو رۆژەی کە سەرجەمی کریکارانی باکۆ مانیان گرتبوو. نینا کەوتە بڵاوکردنەوەی یەکەمین بەیاننامەی کۆمیتەی باکۆ بەسەر خۆپیشاندەران و کۆبوونەوەکانا، گوتاردەری خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکان سەرنجی سەرجەمی پرولیتاریایان بۆ ئەم بەیاننامەیە راکیشا. لەم بەیاننامەیەدا گوترا بوو: «هاوڕییانی کریکار.. کاری کریکارە مانگرتووەکان پیوەندی بە هەمووانەوە هەیە. هەمیشە ئامادەبن بۆ بەرگری لە هاوڕیی خۆ، خەبات هەرچەندە سەخت و دوژوار بێ ئیمە ناگەڕیینەوە. بۆ پیشەوە! بۆ پیشەوە بەرەو کۆڕی خەبات!

ئەم مانگرتنە کە دوای ماوەیەک هەموو باشووری روسیای گرتەوە. سەرکەوتنیکی بیوینە بوو بۆ بزووتنەوە کریکارییەکان، فلادیمیر لینین ئەم مانگرتنەی زۆر بە دڵ بوو، رۆژنامەی ئیسکرا بایەخیکی تایبەتی بەم مانگرتنەدەدا. بزووتنەوەکە رۆژ بە رۆژ پەرەی دەسەند. چ دام و دەزگایەک نەبوو خۆی لەم مانگرتنە دوورەپەریز بگرێ.

رۆژی چوارەمی تەموز، پۆلیس کەوتنە رەشبگیر و بە کۆمەڵ خەڵکی گرتن. دایەرەکانی ئەمنی پترزبۆرگ و تەفلیس و باکۆ زۆر سەرقاڵ بوون. ئودینسوف، لیلییف، پاروشین، عەلی خانوف، ئەفسەرانی جۆراوجۆر و تەنانەت وەزیری کاروباری ناوخۆش سەرگەرمی جڵەوگرتنی خۆپیشاندانەکانی باکۆ بوون. تەواوی چەکەکانی تزاریزم کەوتبوونە کار. حکومەت سوودی لە پان تورکیست. پان ئیسلامیست، داشناکەکان و دژمنانی تری خەڵک وەردەگرت و وەکو چەکیک دژ بە زەحمەتکیشان بەکاری دەهینان. لەگەڵ گشت ئەمانەشا داخوازی سیاسی مانگرتووان تەواو کاربەدەستانی دەوڵەتی نیگەران و پەشیو کردبوو. بەهەموو تۆپ و تفەنگ و چەکەکانیانەوە ئەم بزووتنەوەیەیان بۆ بەرهەق نەدەکرا. تزارییەکان ئەنجام پەنایان بردە بەر دوا چەکی خۆیان. شنتوکوفەکان، زوباتوفییەکان، پان تورکیستەکان و مەلاکانیان خستە گەڕ و لە بەکارهینانی تفەنگ و شیرو تیرو قامچی نەسلەمینەوە.

لە یەکیک لەم رۆژانەدا، ئەژدەر بەیانییەکی زوو لەگەڵ چونیاتوف رۆیی و لە چەند کۆڕیکا بەشداری کرد و تەنانەت لە کۆڕیکا قسەشی کرد. ئەوجا بەرەو «یاسامالّ ئالتی» کەوتنە ریّ. قەرار بوو ئەو رۆژە هەموو کریکارانی باکۆ لە «یاسامالّ ئالتی» کۆ ببنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداریش لەبەر دەرگای کان و کارخانە و کارگەکاند هەڵواسرابوو: «هاوڕییان! ئەورۆ، رۆژی شەشی تەموز، لە سەعات دوودا لە یاسامال ئالتی کۆبوونەوە هەیە، تکایە هەموو بین بۆ ئەویّ».

کریکاریکی زۆر، ئارەزوومەندانە بەدەنگی ئەم بانگەوازەوە هاتبوون. لەهەموو لایەکی شارەوە بەرەو یاسا مالّ ئالتی کەوتبوونە ریّ.

وەختێ چونیاتوف و ئەژدەر گەیینە ئەویّ پتر لە شەش هەزار کریکار لەویّ کۆبووبوونەوە. لەسەر لافیتەیەکی گەورە نووسرابوو « کریکارانی جیهان یەکگرن» لافیتەی تریش کە بە دروشمی جۆراوجۆر رازا بووە بەسەرسەری خەڵکەکەوە دەشەکایەوە. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی مانگرتن لەویّ بوون. فیولتوف، واتسک، میر بەشیر، محەمەد یاروف، ئایدن بیگوف، کنونیانتس، ملیکیانست و یلنا کنونیانتس بە نیو کریکارەکانا دەسوڕانەوە و وەڵامی هەندیّ پرسیاریان دەدایەوە. سەعاتیکی تریش چاوەڕوانیان کرد. کەسی دی نەهات. چونیاتوف سەیریکی بوگدان کنونیانتسی کرد و بە ئەسپایی گوتی: ئیمە وامان دانابوو کە ئەورۆ پانزە بیست هەزار کریکار لیرە دا خڕ دەبنەوە. کەچی لەشەش هەزار پتر نابن.

کنونیانتس گوتی: بیگومان شوینیکی خراپمان هەڵبژاردووە، من کریکارانی بالاخانی و سابونچی لیرە نابینم، یاسامالّ ئالتی بۆ ئەوان زۆر دوورە..

– هەروەها ئەورۆ کۆڕیکی گەورە لە بناری چیای «رازین» دا هەیە. هەڵبەتە کریکارانی بالاخانی و سابونچی لەوین.

لەم کاتەدا، لەدوورەوە دەنگی پای ئەسپ هاتە گویّ، یەکیک هاواری کرد: قوزاقەکان! – سوارەی قوزاق!

چونیاتوف گوتی: با دەست پیّ بکەین.

سەرکەوتە سەر ئەو سەکۆ بەرزەی کە پیش وەختە ئامادە کرابوو و دەستی پیکرد:



– هاوڕییان! بەرنامەکانمان بە تەواوی لە بڵاوکراوەی «مانگرتن چییە و دەبیّ چۆن ئەنجام بدریّ؟ دیاری کراون. هەڵبەتە ئەم بڵاوکراوەیەتان خویندۆتەوە. ئەو مانگرتنەی لەلایەن هاوڕیّ کریکارانی بی بی هیبت و قاراشارەوە بەرپا بوو، بە هیمەتی ئیوە بوو بەمانگرتنی سەرجەمی کریکارەکانی نەوت. هاوڕییان یەکگرن، سەرکەوتن بۆ ئیمەیە.

ئەژدەر کە بینی قوزاقەکان تەواو نزیک بوونەوە. سەیریکی دەوروبەری خۆی کرد، هەر شەش هەزار کەسەکە کەوتبوونە نیو گەمارۆی قوزاقەکان. بوگدان کنونیانتس بە ئەژدەری گوت: ئەژدەر، خیرا خۆت بگەیەنە پتیا، بە ئەسپایی پیی بڵیّ کە کۆڕەکە تەواو بکات، دەبیّ تیکەڵ بە خەڵکەکە بین.

ئەژدەر دڕی بە خەڵکەکەد، کە خۆی گەیاندە چونیاتوف، قسەکانی تەواو کردبوو و دەگەڕایەوە.

چونیاتوف کە چاوی پیی کەوت گوتی: دەبینی چۆن دەترسن، هەرچەند چوار دەوریان گرتووین کەچی هەر ناویرن نزیک ببنەوە، بە دووی ریکخەران و بەڕیوەبەرانی ئەم کۆڕەدا دەگەڕین، دەبیّ وریا بین.

چونیاتوف تیکەڵ بە حەشاماتەکە بوو، ئەژدەر گەڕایەوە، خۆی بە نیو کۆمەڵە کریکاریکی ئازەریدا کرد و ویستا.

ئەوانەی گوتاریان دەدا یەک یەک سەر دەکەوتنە سەرسەکۆکە، قسانیان دەکرد و دەهاتنە خوارەوە. حەوت کەس قسانیان کرد، ئەژدەر نەیتوانی بەبیّ دەنگی لەنیو حەشاماتەکەدا بوەستیّ. چەند کریکاریکی پیر کە گوییان لە قسەی قسەکەرەکان نەدەبوو، لە یەکیان دەپرسی: «چی دەڵیّ؟ باسی چی دەکات؟»

ئەژدەر قسەکانی بۆ گیڕانەوە: باسی ئەو داخوازیانە دەکات کە ئیمە خستوومانەتە بەردەم حکومەت. گویّ بگرە... یەک یەک دەیژمیریّ: رۆژی هەشت سەعات کارکردن زیاد کردنی رۆژانە، گەڕانەوەی کریکارە فنیش کراوەکان بۆ سەر کارەکانیان. ئازاد کردنی زیندانییەکان، هەڵوەشاندنەوەی هەندیّ دایەرە. دەفتەری زەمان بۆ کریکارەکان. کریی خانوو، دکتۆر، گەرماو، سابون، ئاوی سارد لە هاوینا...

کریکارە پیرەکان کە گوییان لە روونکردنەوەکەی ئەژدەر بوو، بە خۆشحاڵییەوە گوتیان:

– هەمووی قسەی دڵی ئیمەیە.

– بزانە دەردی کریکار چەند زۆرن.

– ئەم کوڕە جحیلە چەند چاک قسان دەکات.

– ئیمە لەتەمەنی ئەما دوو قسەی ریک و پیکمان نەدەزانی.

– سەد ئافەرین بۆ کریکارانی روس! ئەوان خەبات و یاسای ژیانمان فیر دەکەن.

دوای تۆزیک، ئەژدەریان گاز کرد. پیرەمیردەکانی بینی و بە دەنگەکەوە چوو، چونیاتوف کە لە نیو کۆمەڵیکدا ویستا بوو بە ئەسپایی پیی گوت: ئەژدەر زۆربەی کریکارەکان ئازەرین، هەندیکیان بۆ یەکەمجارە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی وەهادا ئامادە دەبن، دەبیّ تۆ قسانیان بۆ بکەی، زۆریان روسی نازانن... ئەژدەر سەری رەزامەندی لەقاند، بە پیچەوانەی ساڵی رابوردوو، کەم و زۆر تیک نەچوو، تەواو راهاتبوو، لە

سەکۆکە نزیک بۆوە، پاش تەواو بوونی کریکاریکی ئەرمەنی کە کریکاری کانەکانی نوبل بوو، چووە شوینەکەی ئەو، بە دەنگیکی بەرز دەستی بە قسان کرد...
چونیاتوف و ئەژدەر بەر لە تەواو بوونی کۆڕەکە، لەوێ دەرچوون، چونکە هەر دووکیان قسانیان کرد، کەوتبوونە بەرچاوی قوزاق و پۆلیس و خەفیکان.
پیوتر لە ئەژدەر جودا بووەوە خۆی بە نیو کۆمەڵیکی بنار کیوەکەدا کرد، ئەژدەر دڕی بە حەشاماتەکەدا و بە باریکە رییەکەی دەستە چەپا پیچی کردەوە، قوزاقەکان لە سەرگرد و تاویرەکان ویستا بوون، چەند کەسیک لەوێ بوون، جاریٚ گوییان بۆ قسەکەرەکە دەگرت و جاریٚ بۆ مەیلەو مەلایەک دەگرت، ئەژدەر لییان نزیک بووەوە، مەیلەو مەلایەک دەیگوت: ئاین و میللەتتان فەرامۆش کردووە، تیکەڵی ئەم زەندیقانە مەبن، وەرن با بڕۆین، با گویمان لە قسەکانیان نەبێ...
هەرکە ئەژدەر نزیک بۆوە، کابرا قسەکەی بڕی و بە گومانەوە روانییە ئەوو ئەژدەر کڵاوەکەی هینایە سەرچاوی و بەرقەوە گوتی: راست دەکەی، ئەگەر گویی تۆ ئەو قسانە نەژنەوێ گەلێ باشترە..
مەلا لە تەوسەکەی ئەژدەر حاڵی نەبوو، دەستی بە تەنکە ردینەکەیا هیناو گوتی:
– بزانە، ئەم بەندەیەی خواش هەمان قسەی من دەکات، وەرن رۆڵەکانم، وەرن با بڕۆین. سێ، چوار کەس لە کۆمەڵەکە جودا بوونەوە و لە ریگای «مالرو»دوە بە رەو خوار بوونەوە. ئەژدەر لە گەڵیانا چوو، لە کۆتایی باریکە ریگاگەکەدا، لەو شوینەی کە بۆ شار لای دەدا دوو پۆلیس لەبەردەمیانا قوت بوونەوە. کابرای مەلا سەیریکی کردن و زەردەخەنەیەکی کرد.
– ئەمانەشم هیناوەتە سەر ریگای دین، بزانە، دەیانەوێ بۆ ماڵی خۆیان بڕۆنەوە.
یەکیک لە پۆلیسەکان وەڵامی دایەوە: بژی... بژی... ئافەرین... ئەورۆ زۆرت کار کردووە.
مەلا عەباس بەو خەیاڵەی کە ئەژدەریش وەکو ئەوانی دی روسی نازانێ، گوتی:
– ئەرکی سەرشانمانە، تکا دەکەم ئەمە بۆ جەنابی فەرماندەش بگیڕەوە.
جەنەراڵ ئودینسوف کە ئەو رۆژە لەگەڵ دوو جەنەراڵی سوپاییدا هەموو شارا گەڕا بوو، شەو هەموویانی لە ژوورەکەی خۆی کۆ کردنەوە و دەستووری بنجبڕی دا.
– ئەمە مانگرتن نییە.. خۆی لە خۆیدا شۆڕشە... هیچ کانزاو کارخانەیەک کار ناکات، کریکاران بە ئاشکرا لە شەقامەکان خۆپیشاندان دەکەن، هاوار دەکەن «بڕوخێ دیکتاتۆرییەت» گرتن بێ سوودە، زیندان و ژیرخانەکان هیندە پڕن دەرزی هەڵدەی ناکەویتە سەر زەوی، دەبێ خوین بریژرێ برادەران! خوین...
لیلییف دەستیکی بە تەویلی خۆیدا هینا، ئەوجا چاویکی بە ئامادەبووانا گیڕا، پاش رووداوەکانی مارت، خۆی بە «قارەمانی خەباتگیڕی ریگای بەرقەراری دیکتاتۆرییەت» دەزانی.
ئودینسوف بەم رستانە کۆتایی بە قسەکانی هینا.
– لە سبەیەوە، لە هیچ شوینیکدا ریگای کۆڕ و کۆبوونەوە نەدەن، جیبەجیکردنی هەندێ سووکە داخوازیان لە گوینە، وەک دەفتەری زەمان بۆ کریکاران،



هەڵوەشاندنەوەی کاری زیادە... خاوەن کارەکان ئامادەن ئەم داخوازیانە جیبەجێ بکەن...
ئەمە رابگەیەنن.. بەڵام تفەنگ و شمشیرەکانتان فەرامۆش نەکەن. هەر ئەو شەو دەست پێبکەین، شوردنەوەی خوین بە ئاو بێ سوودە، دەبێ خوین بە خوین بشۆردرێ برایان! خوین بە خوین...

## 39

شەویکی خۆشی مانگی حوزەیران بوو، مانگ دەتگوت خۆی خسۆتە دەریاوە و لەگەڵ وردە شەپۆلەکانا گەمان دەکات، تریفەی مانگ هەموو لایەکی پڕ کردبوو، ئەستیران خۆیان بە قولایی ئاسماندا هەڵواسی بوو، دەتگوت بە چپە یەکدی دەدوێن، وراو ئەژدەر قۆڵ لە قۆڵی یەکا بە شادییەکی زۆرەوە دەیانڕوانییە ئەم دیمەنە کپەی سروشت. چ سرتە و ورتەیەک لە ماڵەکانەوە نەدەهات. شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ، شار کش ومات بوو.

بە کۆڵانەکانا تیپەڕین، گەییینە کەنار دەریا، لە شوینیکی چەپەک و لە نیو تاشە بەردەکانا دانیشتن، قەرار بوو تەنیا بەیانیان بۆ ماڵ بچنەوە، ئیدی چوونەوەیان بۆ ماڵ بە شەو زۆر خەتەر بوو، شەوان هەندێ تارمایی دەکەوتنە سۆسەی ماڵە «گومان لیکراوەکان» هەر کەسیکیان دیتبا، ئیدی هەر کەسیک با، دەم و دەست باڵ بەستیان دەکرد و بۆ پۆلیسخانەیان دەنارد. ئەژدە و ورا ، لەبەر ئەمە دەیانویست بەیانی پاش تەواو بوونی کاری چاپخانەکە بۆ ماڵ بگەڕینەوە.

گەلێ بلاوکراوە و رۆژنامە و هەندێ لە کتیبی «دەبێ چ بکرێ؟»یان بۆ خۆپیشاندانەکانی سبەی ئامادە کردبوو، قەرار بوو بەیانی هەرچی ئەدەبیاتی نهینییان لەلایە هەڵیگرن و لەماڵ بچنە دەرێ.

ئەژدەر بە ئەسپایی گوتی: هیشتا سەعاتیکی ماوە بۆ بەیانی، هەر کە سپیدەی دا بۆ ماڵ دەگەڕیینەوە.

ورا چوو بووە ژیری، ئەژدەر کە ئەمەی بینی لەسەری رۆیی: ماریا ڤاسیلیوفنا بەیانی زوو لە خەو رادەبێ و چاوەڕوانمان دەکات.

ورا ئاهیکی هەڵکیشا: خەوی نەماوە.. زۆر نیگەرانی ئیمەیە، کەرەتەکەی پیشوو کە تۆ لە چاپخانە مابوویتەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوی...

ئەژدەر بەم وەلامە شاد بوو، دەستی ورای خستە نیو هەردوو دەستی و گوشی، ورا دەستی نەکیشایەوە، لە ئەژدەر نزیک بووەوە و گوتی: دایکم تۆی لە من خۆشتر دەوێ.

– ئەدی تۆ؟ تۆش منت بە ئەندازەی ئەو خۆش دەوێ؟

ورا بەم پرسیارە غافڵگیر بوو، لەشەرما سەری داخست، ئەژدەر باوەشی پیداکرد و بە خۆشییەکی بێ ئەندازە پرسی: ئەرێ کەی شاییەکەمان بکەین؟

ورا وەلامی نەدایەوە، ئەژدەر سەری خستە نیو هەردوو دەستی و بە تاسەوە لیی راما، پاشان بۆ یەکەمجار لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییدا یەکیان ماچ کرد، دەتگوت ئاگری هیجران لە لیویانەوە دەرژیتە نیو دڵیان.

ئەژدەر دیسان پرسی: ها؟ ورا بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ کەی شاییەکەمان بکەین؟

ورا بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە: هەر کاتێ تۆ بتەوێ...

– مانگیکی دی، مانگی ئاب باشە؟ خانوویەکی تازە دەدۆزینەوە، ماڵی غوڵام شیدارە، شیداری بۆ تەندروستی ماریا ڤاسیلیوفنا باش نییە.



– ئەدی ئەکبەر؟ خۆ بەرەڵڵای ناکەین مندالە، کەسی نییە.

– ئەویش لەگەڵ خۆمانا دەبەین، خانوویەکی گەورە بە کرێ دەگرین. لەوانەیە لە ئایندەدا ئەندامانی خیزانەکەمان زیاد بکەن.

ورا پیکەنی، ئەژدەر دەستی بە قژیا هیناو پرسی: ورا بۆ پیدەکەنی؟ مەگەر ناتەوێ ببی بە دایکی کوڕ؟

ورا دیسان پیکەنی، سەریان بەیەکەوە ناو لە دەریاکەدا تەماشای ماڵ ئاوا کردنی مانگیان دەکرد. دوای سەعاتیک، لەگەڵ سپیدەدا چوونەوە بۆ ماڵ، ماریا سەماوەرەکەی جۆشدابوو، چرایەکی نەوتی کز کز لە کەنار پەنجەرەکە دەسوتا، کۆمەڵێ جلی تازە شۆردراو لە نیو تەشتیکا لەبەر دەرگا دانرابوو، ماریا بە دریژایی رۆژ بەو دەستە لاواز وپیرانەی جل شۆری ماڵانی دەکرد.

بە هیمنی لە پشت خوانەکەوە دانیشتن، ئەژدەر پرسی: ماریا ڤاسیلیۆفنا ئەدی ئەکبەر کوا؟

– چەند رۆژیکە نەهاتۆتەوە، زۆری نیگەران بووم، باش بوو دوینێ شەو هەواڵیان هینا کە لە کارخانەدا مانیان گرتووە وئەویش لەگەڵ هاوڕیکانیا لەوێ، لەسەر ئیش ماوەتەوە، بۆیە نەیتوانیوە بۆ ماڵ بیتەوە، مندالیکی عاقڵ و زرینگە...

نان و چا خورا، ورا و دایکی لەسەر تەختەکە دانیشتن، ئەژدەر تا نان خواردنیش تەواو بوو چاوی لە وینەی قەد دیوارەکە نەگواستەوە، تاقە زینەت و جوانی ماڵەکە ئەو وینە دوو قۆڵییەی ماریا و ئیڤان بوو کە بە گەنجی لەباخیکی پڕ گوڵ و گوڵزار گرتبوویان.

ورا چوو بووە ژیری، ماریا نایویست سەربخاتە سەری، پاش کەمیک ئەژدەریش لە نان خواردن بووە.

– بڕۆین ورا گیان..

هەستا، کۆنە جانتایەکی تەژی ئەدەبیات و بلاوکراوەی نهینی بە شانیادا، چەکوشیک و پلایسیک و رەندەیەک لە جانتاکەوە سەرییان دەرهینا بوو، ئەژدەر ئەو شتانەی بۆ رێ بزری خستبوونە سەر کتیب و بلاوکراوەکان.

ورا دایکی ماچ کرد، ئەو زەمیلە بلاوکراوەیەی کە سەوزەی خستبووە سەری. هەڵگرت و لەماڵ چووە دەرێ، ماریا تا بەردەرگا بەرێ کردن، لەوێ هەردووکیانی لە ئامیز گرت.

– وریای خۆ بن مندالینە.. ئەوڕۆ ئەگەر شەویش بوو سەریکی ماڵەوە بدەن. خواردن حازر دەکەم و چاوەڕیتان دەکەم.

هەر کە چوونە دەرێ، ئیدی لە یەکدی جودا بوونەوە. کە ئەژدەر گەییە کارخانەی خاتیسوف، هەموو کریکارە مانگرتووەکانی ناوچەی «زاوا غزال» لەوێ بوون. بە تەک کارخانەکەدا رەت بوو، چوو بۆ حەوشەکەی پشتەوە، بۆ ئەو حەوشەیەی بڕیار بوو کۆڕەکەی تیدا بگیرێ، چەند کریکاریک ئەو بلاوکراوەیان دەخویندەوە کە ورا تازە بە دیوارەکەیەوە چەسپاند بوو، ئەژدەر لییان نزیک بووەوە، وراش لە هەمان شوینا لەگەڵ دەستەژنیک دا ویستا بوو، کریکاریکی جەحیڵ بە دەنگیکی ئەوتۆ کە هەموویان

گوییان لێ بێ، بڵاوکراوەکەی دەخویندەوە. لەبەر ئەوەی کریکارانی بەشەکانی تری پیشەسازی پیوەندیان بە مانگرتنەکەمانە کردووە، ئەم داخوازییە تازانەی خوارەوە دەخەینە سەر داخوازییەکانی پیشوومان:

١- بەردانی ئەو کریکارە ژن و پیاوانەی کە رۆژی ٣ی تەمموز لەبەردەم نووسینگەی کارخانەی نوبلدا، بە دەستوری بەڕیوەبەری کارخانەی گوگرد گیراون.

٢- هەڵوەشاندنەوەی پشکنینی نائاسایی لەلایەن پۆلیسەوە، کە بە بێ ئاگاداری دادگا دەکرێ.

٣- هەڵوەشاندنەوەی پشکنینی لەشی کریکاران لەکاتی چوونە دەرەوەیان لەکارخانە.

٤- شەفتی کارکردن لە هەموو کاتیکا هەر هەشت سەعات بێ.

٥ رەچاو کردنی ٣٦ سەعات مادونی- بە لای کەمەوە مانگی ٣ جار- کە بە ئاشکرا لە یاسادا هەیە.

٦- رۆژانی پیش جەژنەکان دوو سەعات زووتر دەست لەکار هەڵبگیرێ.

ئیمە بە ناوی کریکارانی بالاخانییەوە، داوا لە شورای گشتی خاوەن کارخانەکان دەکەین کە شوینی کریکارەکان و ماڵەکانیان بگۆڕن و گەڕەکی تایبەت بە کریکاران دروست بکەن.

کۆمیتەی باکۆ

کە کریکارە جەحیلەکە بڵاوکراوەکەی تەواو خویندەوە یەکیک لە ئامادە بووان گوتی:

- شتی چاک زیاد کراوە، با بزانین وەڵامی ئاغایان چ دەبێ!

- کۆمیتەی باکۆی حیزبی سوسیال دیموکراتی کریکارانی روسیە هەمیشە قسەی دڵی ئیمەیان گوتووە و دەڵین: ئیمەش سوور دەبین لەسەر ئەم داخوازییانە و تا مردن ناگەڕیینەوە...

کە یەکیکی دی دەیویست قسان بکات، یەکیک لەو لاوە گوتی: دژمنانی چینی کریکار ئەوەندە زۆرن کە...

- کوڕینە! وا ئیڤان فاسیلیوفچ و ڤانیا بۆ ئیرە دین.

هەموو ئاوڕیان دایەوە، کریکاریکی پیر دەستی کرد بە سیبەر بۆ چاوی و پاش دیقەت دان پییگوتن: من ئیڤان ڤاسیلیۆفچ واتسک زۆر چاک دەناسم، بەڵام ڤانیام قەت نەدیوە، کییە؟

-یانی چی قەت نەت دیوە؟ فیولتف ناناسیت؟ ئەدی دوینێ قسەی نەکرد.

- ئەها، بیرم کەوتەوە...

واتسک و فیولتف لییان نزیک بوونەوە. واتسک رووی کردە ئەو کریکارانەی کە بۆ خویندنەوەی بڵاوکراوەکە خڕ بوو بوونەوە، گوتی: هاوڕییان، با بچینە حەشەوە، خەڵکیکی زۆری لییە...

هەموو بەرەو حەوشی کارخانەکە کەوتنە رێ، ئەژدەر و وراش داوایان کەوتن.

لەم کاتەدا، روتیستر لاڤورف تەلەفۆنی بۆ پاروشین کرد.



- تکا دەکەم... ببورە جەنابی سەرهەنگ... لە کارخانەی خاتیسوفدا کۆڕیکی گەورە بەرپا بووە، ئەمرتان بە چییە؟

پاروشین گوتی: دوای دە چرکەی دی تەلەفۆنم بۆ بکەوە.

تەلەفۆنەکەی داخستەوە، ئەوجا تەلەفۆنی بۆ لیلییف کرد. وەڵامیان دایەوە کە لیلییف بە پەلە بۆ بالاخانی رۆیی.

پاروشین بەنابەدڵی، تەلەفۆنی بۆ ئودیسنوف کرد، بەدوو دڵییەوە دەستی بە قسان کرد: ببورە گەورەم! ئیستا کۆڕیکی گەورە لە کارخانەی خاتیسوفدا هەیە، ئەمرتان بە چییە؟

ئودینسوف بە توڕەییەوە نەڕاندی: دوینێ شەو دەستوورمدا، چما دەبێ هەر قسەیەکتان هەزار کەڕەت بۆ دووبارە بکریتەوە؟ سیاسەتبازی لەگەڵ ئەوانەدا بێ سوودە، دەوریان بگرن، ئەگەر بە قسە هیچتان بە هیچ نەکرد ئەوا بە گوللە بیدەنگیان بکەن...

- ببورە قوربان، دوینێ شەو کەگوتت «کردار لە بری قسە» مەبەستت چی بوو؟

ئودینتسوف هیندە بە توڕەیی هەستا کە پاروشین لە تەلەفۆنەکەدا گویی لە دەنگی میزەکە بوو.

- گوێ بگرە سەرهەنگ.. من ئەم قسەیەم بە مانا فەلسەفییەکەی نەکرد، ئیوە «تۆ و لیلییف» عاشقی فەلسەفەن نەک من، زوباتوفییەکان و شنتوکوفییەکان کە پارەی دنیایان بە قۆڕگا کرا، چ قەدر و حورمەتیکیان لە نیو خەڵکیدا نییە؟ ئیدی نابێ پشت بە وان ببەسترێ و دەستە و ئەژنۆ دانیشین، من بەمە دەڵیم، کردار لەبری قسان» سەرهەنگ، ئەوان پییان لە بەرەی خۆیان دریژتر کردووە، هەموو رۆژێ بڵاوکراوەی تازە بڵاو دەکەنەوە و هەڕەشەمان لیدەکەن. شوینی چاپ کردنی ئەم بڵاوکراوانە بدۆزەوە و تەختی بکە. ئەو کەسانە بدۆزەوە کە ئەم بڵاوکراوانە چاپ دەکەن، لە سیدارەیان بدە، گویت لێ بوو سەرهەنگ؟ هەڵۆ، لەگەڵ تۆمە بۆ قسە ناکەی؟ مردوویت!

- نەخیر قوربان، نەمردووم، زیندووم..

- ئەگەر کار وا بڕوات، هیچیان نادۆزینەوە، تۆ چەندی بە دوای نەحلەتی دا دەگەڕیی؟ کیژۆڵەیەک هەم تۆ و هەم دایەرە زرینگەکەی تۆی دەست خەڵەت داوە...

ئودینتسوف بەرقەوە تەلەفۆنەکەی داخست، پاورشین ئارەقەکەی نیوچەوانی سڕێ و هەستایە سەرپێ، دوای کەمیک پۆلیسی سوارە بەرەو کارخانەی خاتیسوف حەرەکەتی کرد. کریکاریکی پیر لەسەر دیواریک وەستا بوو، قسەی دەکرد. کابرا وتاربیژ نەبوو، لەگەڵ قسەکردنا رانەهاتبوو، بە زەحمەت رستەکانی پیکەوە دەنا، بەڵام جەماوەرەکە بە وردی گوییان بۆ دەگرت.

- ئیدی سەبرمان سوا.. هەم خۆمان و هەم ماڵ و مندالمان لە ژیر زوڵم و زۆرا مردووین کێ میوانمانە؟ برسیەتی و نەخۆشی، ئیمە مرۆڤ نین؟ ئەگەر مرۆڤ دەبێ داوای مافی مرۆڤانەی خۆمان بکەین. هاوڕییان دەبێ چ بکەین؟ دەبێ چ بکرێ بۆ رزگار بوون لەم ژیانە دۆزەخە؟

بە دریژایی ماوەی قسەکردنی کریکارە پیرەکە، وراو ئەژدەر بە نیو کریکارەکانا

دەسوڕانەوە و بڵاوکراوەیان پەخش دەکردەوە و کتێبەکەی لینینان دەدایە هەندێک..
یەکێک لەو کرێکارانەی کە کتێبەکەی لینینی لە ئەژدەر وەرگرت، بە خۆشییەوە هاواری کرد: وەرن هاوڕێیان! هاوڕێ لینین لەم کتێبەدا فێری ئەوەمان دەکات کە دەبێ چ بکرێ، هەموو بۆ لای ئەو گەڕانەوە. لە هەموو لایەکەوە هاواری لینین.. لینین بەرز بووەوە. لەم کاتەدا، لە دوورەوە دەنگی پێی ئەسپ هاتە گوێ، کرێکارەکان کەوتنە ورتە ورت: پۆلیس! وا پۆلیس بەرەو ئێرە دێن..
کرێکارە پیرەکە گوێی هەڵخست، نەعرەتەیەکی کێشا: بڕوخێ زوڵم و زۆرداری، ئەوجا چاوی بۆ یەکێک گێڕا. هەر کە ورای بینی بەدەست ئیشارەتی بۆ کرد.
– خوشکم، کتێبێ لەوەی لنین بدە بەمنیش.
ورا بە پەلە لە دیوارەکە نزیک بووەوە، دەستی درێژ کرد، لەم کاتەدا گوللەیەک تەقێنرا، کرێکارە پیرەکە تلی داو لە دیوارەکە کەوتە خوارەوە. گوللەی دووەم.. ورا دەستی بە سینگییەو گرت و هاواری کرد: کتێبەکەی لەدەستی کەوت، ورا کەوتە سەر زەوی. ئەو خوینەی لە سینگییەوە فوارەی دەکرد لەشی و کتێبەکە سوور کرد، گوللەی پۆلیسەکە ڕیک بەر دڵی ورا کەوتبوو.
ئەژەر نەیدەزانی چی بکات، چووە پێشەوە، لە نیو خەڵکەوە خۆی گەیاندە ورا دانەوییەوە و ورای بە شانیا دو بەرەو دەرگا غاریدا، لەبەر دەرگا دەوریان گرت، بێگوێدان بە پۆلیسەکان شێت ئاسا دەیڕوانییە چاوی شین هەڵگەڕاو سینگی هەڵدڕاوی ورا.
– ورا! گیانەکەم.. چاو هەڵێنە! ورا گیان!
ورا مردبوو، ئەژدەر بە نائومێدی وەستا، لە پشتەوە پێیانا کێشا، تەکانێکی داو لەگەڵ ورا یا لەسەر زەوییەکە تەخت بوو، بە زۆر لە لاشەکە جیایان کردەوە. دەست بەستیان کرد و بە قۆناغە تفەنگان دایانە پێش، ئاوڕی دایەوە تا بۆ دواجار ورا ببینێ، بەڵام جگە لە چارەی ئاژەڵ سیفەتی پۆلیس چیدی نەبینی، بە شەق و زللە کەوتنە ویزەی.
یەکەمجار بردیانە دایەرەی پۆلیس تەنیشت ڕیگای ئاسن. چەند کەسێک کەوتنە پشکنینی، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە، سەرۆکی پۆلیسی مۆڕەیەکی لێکرد و دڕندە ئاسا نەڕاندی: ناسنامەکەت؟
– بێکارم.
– بێکار؟
سەرۆک بۆڵەیەکی کرد، بە پۆلیسەکەی بەردەرگای گوت: بیبە فڕیی بدە، «بەهەشت» کەی فایلەکەی تەواو بوو، بیخەنە زیندانەوە..
«بەهەشت» ژێرخانێکی تاریک و شێدار بوو، ئەژدەریان فڕێ دایە ئەویوە و دەرگایان لەسەر قفڵ دا.. کە سێ پلە ڕۆیی گەییە ژێرخانێک، ژێرخانەکە تەڕ بوو، شڵپەی ئاوی دەهات. ئەژدەر گوێی لە زیکە زیکی چەند مشکێک بوو کە لە ترسی ئەو ڕایان کرد، هێندە تاریک بوو هیچی نەدەبینی، ماوەیەک لە جێی خۆی ویستا، هەوای ژێرخانەکە ناخۆش و بۆگەن بوو، هەناسەی سوار دەبوو، چاو و کەپۆی دەکزایەوە، وای



دەهاتە بەرچاو کە ئەگەر تۆزێکی دی لێرە وەمێنێ زارە تەرەک دەبێ و دڵی لە لێدان دەوەستێ، لەگەڵ هەموو ئەم حاڵەشا تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە. ورا.. وای هەست دەکرد هێشتا قورسایی لاشەی بێ گیانی ورا لەسەر شانیتی، ورا، ورا گیان، ئەرێ تۆ بەیەک جاری لەسەر شانۆی ژیانی ئەژدەر سڕایتەوە؟ ئەژدەر ئامادە بوو لە زیندانێ لەمەش خراپتردا هەڵبکات بە مەرجێ یەکجاری دی دەنگی ورا بژنەوێ.. یەکجاری دی هەست بە هەناسەی گەرمی ئەوبکات. لەوانەشە نەمردبێ.. نا، کاتێ ورا لە باوەشی ئەژدەر کەوتە خوارەوە، ئەژدەر بە چاوی خۆی بینی کە چۆن گیانی تیا نەمابوو.
قاپی کرایەوە. تیشکێکی کز هاتە ژوورەوە، یەکێک هاواری کرد: وەرە سەرەوە بۆ لای سەرۆک.
ئەژدەر هاتە دەرەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، کەوتە پێش پاسەوانەکە، سەرۆکی کۆسەو دەم لچ ئەستور نیو سەعاتی ڕیک پرسیاری لێکرد، هەندێ شتی لەسەر کاغەزێک نووسین، ناو، ناوی باوک، کارەکەی پرسی: بەڵام تاقە قسەیەکی لەمەڕ چالاکی شۆڕشگێڕییەوە لەگەڵ نەکرد. کاغەزەکەی قەد کرد و لەلایەکەوە داینا، پاسەوانەکە گازی کرد: یەکسەر تەحویلی زیندانی بائیلی بدە.. کاغەزەکەی بۆ پاسەوانەکە درێژکرد.. ئەم کاغەزەش بدە دەستی سەرۆک زیندان..
لە ئەژدەر نزیک بووەوە، بە پۆلیسەکەی گوت: ئەگەر فیرار بکات، لەت وپەتت دەکەین، چەندین ساڵە بە دوای ئەوا ویلێین، زۆر بە زەحمەت گرتمان. دوو پۆلیس ئەژدەریان داپە پێش. دەمانچەکانیان سوار کردو بە ناوەندی شەقامەکە دا ئەژدەریان دایە پێش، ئەژدەر بە درێژایی ڕیگا و بێ گوێدان بە پۆلیسەکان بیری لە ورا دەکردەوە، ڕیبوار و ڕەوتەنیان بەسەرسامی و کەسەرەوە تەماشایان دەکرد. ئەژدەر ئەوانی نەدەبینی، ژنان بە دەم پەکو پۆوە فرمێسکیان دەڕشت، ئەژدەر، ئەم دیمەنانەشی نەدەبینی، تەنیا ئەو شوینانەی دەبینی کە لەگەڵ ڕادا پیاسەی تیاکردبوون، ئەو قسانەی بیر دەکەوتەوە کە لەم شوینانەدا لەگەڵ ورا دا کردبوویانن. ئیستا لە کوییە؟ ئەژدەر کە تەرمەکەی ورای بیرکەوتەوە، تەزوویەکی پیداهات و هەنگاوەکانی شل بوون، بەڵام کۆڵەمستێک لە پشتەوە پەتی خەیاڵی پچڕاند و تەکانی پیدا.
زیندانی بائیل دەروازە گەورە ئاسنەکەی کردەوە و ئەژدەری قووتدا، بەرارەوێکی تاریکدا بردیان خستیانە ژوورێکی ئینفرادییەوە.
شوینێکی زۆر تەنگ بوو، لەپاڵ دیوارەکەدا تەختێک دانرابوو، لەناوەڕاستا مێزێک هەبوو، لەو تاقە پەنجەرەیەوە کە بە ئەستوری لەپێک گەرد و تۆزی گرتبوو، ڕوناکیەکی کەم لەم ژوورەی دەدا.
هەر کە ئەژدەر چووە ژوورەوە دەرگا ئاسنەکە داخرا، لەسەر تەختەکە دانیشت، لاقەکانی لە شەکەتی دا دەلەرزین، هەرچی دەکر، لاشەی لە خوین خلتانی ورای لەبەرچاو ون نەدەبوو، داخوا پۆلیس لاشەکەی دەدەنەوە؟ ماریا چۆن بەرگەی ئەم کۆستە دەگرێ؟ چۆنی دەنێژن؟ لە کوێ دەینێژن، ئەژدەر لە بەریکردنی خۆشەویستترین کەس مەحروم بوو بوو، ئاڵۆزی بیر و شەکەتی لەش هێندەیان تین بۆ هینا بوو کە نەیتوانی

لەوە پتر لەسەر تەختەکە دانیشیت، راکشا و ماوەیەکی زۆری بە ئازار و وڕینەی نیوان خەو و بیدارییەوە گوزەراند، نزیکی بەیانی خەوی لیکەوت، لە جیرەی دەرگا ئاسنەکە بیدار بووەوە، بەیانی بوو، هەستاو لەسەر تەختەکە دانیشت، ئازای گیانی رەق بوو بوو.

کابرایەکی سەر رووتاوەی دەم و و چاو کونج هاتە ژوورەوە، نان و چای لەسەر میزەکە دانا ئەوەی سەرنجی ئەژدەری راکیشا، کابرا جلی حەپسی لەبەر بوو، ئەژدەر پرسی:

– تۆش حەپسیت؟

کابرا زۆر بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: من لە جینایەتکارانم.. سیاسی نیم.

پاشان وەک بلّیی شتیکی بیر کەوتەوە، بەدەنگی بەرز گوتی: قسەکردن قەدەغەیە. هەر کە ئەو چووە دەرێ، ئەژدەر نانەکەی خوارد، لە دوینیوە نانی نەخواردبوو بۆیە گویی بە بێ رەنگی چایەکە و ناپوختی نانەکە نەدا.

پاش کەمیکی دی دەرگا کرایەوە و پاسەوانیک هاتە ژوورەوە، بە وردی سەرنجی هەموو کون و کەلەبەریکی ژوورەکەیدا و بە دەنگیکی گڕ گوتی: هەستە پیشم کەوە.. خیراکە..

بە رارەویکی پیچاو پیچا بردیان، لە قالدرمەکان بردیانە خوارەوە و ئەنجام لە بەردەم دەرگایەکی بە نایلۆن گیراو رایانگرت، پاسەوانەکە، سەرۆکی بینی کە لە ژوورەکەوە دەهاتە دەرێ، لیی پرسی: روتیستر لافوروف بەتەنیایە؟ ئەم حەپسەم لەسەر بڕیاری ئەو هیناوە..

سەرۆک بە دڵنیاییەوە گوتی: بە تەنیایە.. بڕۆ ژوورەوە..

ئەژدەر برایە ژووریکی گەورەی هەتاو گیرەوە، ئەژدەر دەیزانی ئەویان لە تەفلیسەوە بۆ دزۆینەوەی چاپخانەکە ناردووە، جەنەراڵی پۆلیس، لافوروف لەپشت میزیک دانیشتبوو پیاویکی لاواز و رەزا قورس بوو، کاغەزیکی لەبەر دەستا بوو، خەریکی نووسین بوو، وازی لە کاغەزەکەی هینا و لە ئەژدەر راما، ئەوجا بە هیمنی گوتی: وەک دەڵین دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە، ئەژدەری بەنیوبانگ تۆیت؟ دانیشە! وام هەست دەکرد پیاویکی پیر بی، کەچی زۆر گەنجی..

ئەژدەر بێ هیچ وەڵامدانەوەیەک دانیشت، لافوروف چەکمەجەی میزەکەی راکیشا و جگەرەیەکی گران قیمەتی دەرهینا و بۆ ئەژدەری دریژ کرد.

– دای گیرسینە..

ئەژدەر بە رقەوە وەڵامی دایەوە: جگەرە کیش نیم.

لافوروف کە ئەمەی بینی، بەساردی و وشکی گوتی: تۆ ئەو کاتە گیرایت کە کتیبی چاپخانە نهینییەکەت لە نیو کریکارانا بڵاو دەکردەوە، ئیمە تۆمان مەبەست نییە، چاپخانەکەمان مەبەستە، ئەگەر شوینەکەی بلّیی لەماوەی یەک سەعاتا بەر دەبیت.

لافوروف بە وردی سەرنجی روخساری ئەژدەریدا، ئەژدەر یەکسەر زانی کە لافوروف دەیەوێ سوود لە کەم ئەزموونی ئەو وەربگرێ، ئەژدەر بیستبووی کە لیرە زیندانی تەواو بێ تاقەت دەکەن و ئەوجا بە مەبەستی قسە لیدەرهینان تەماحی



بەردانی دەخەنەبەر، بۆیە بە ساردییەوە وەڵامی پرسیارەکانی لافوروفی دایەوە: من چ کتیبیکم بڵاو نەکردۆتەوە هیچ چاپخانەیەک ناناسم، بیگومان ئیوە منتان بەهەڵە و لە جیی یەکیکی دی گرتووە.

لافوروف بزەیەکی کرد، کتیبیکی لە چەکمەجەی میزەکە دەرهینا و پیی نیشاندا.

– ئەم کتیبە چییە؟

ئەژدەر بە وردی دیقەتی کتیبەکەیدا، «دەبێ چ بکرێ»ی ناسییەوە، دڵی کەوتە پەلە پەل، بەڵام زو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، وەڵامی دایەوە: نازانم...

لافوروف بەتەوسەوە گوتی: هەڵبەتە سەرت لەوە سوور دەمینێ کە ئەم کتیبە لای من چی دەکات، وا نییە؟ بیگومان لە دڵی خۆتا دەڵیی من بە خۆم هەموو ئەم کتیبانەم بڵاو کردۆتەوە، ئەدی ئەم دانەیەیان چۆن دەستی ئەمان کەوتووە، وا نییە؟ وەڵام بدەوە، وا نییە؟

جگەرەیەکی داگیراند و چاوی بڕییە چاوانی ئەژدەر، ئەدژەر چ وەڵامیکی نەدایەوە. لافوروف بە توڕەیی پرسی: دەمیکە نینا دەناسیت؟

– نەخیر من هیچ نینا ناویک ناناسم.

لافوروف نەڕاندی: چۆن نایناسیت؟ ئەدی تەرمەکەیان بە باوەشی تۆوە نەگرت.

– ئەوە ناوی نینا نییە، ناوی ورایە و دەسگیرانمە.

– دەسگیرانتە؟

لافوروف بە تەوسەوە قسەکانی ئەژدەری دووبارە کردەوە و قاقا پیکەنی. لافوروف جارێ توڕە دەبوو، جارێ پیدەکەنی و جارێ تەوسی دەکرد، ئەژدەر بیری لەو گۆڕانە بەردەوامەی ئەو دەکردەوە. «دەبێ وریا بم» نەبادا تەفرەم بدات» لافوروف بە دریژایی تەحقیق کردنەکە چاوی لە چاوانی ئەژدەر نەگواستەوە. نیگاکانی لافوروف وەکو دەرزی بە لەشی ئەژدەرا دەچەقین.

– لە کەیەوە مارەبڕ بوون؟ بە پیی نەریتی ئیسلام کچە روس مارەی لە کوڕە موسڵمان نایەت. چۆن ئەم نەریتەت پیشیل کرد؟

– درۆی، نەریتی وا نییە. ئازەری و روسی چ جیاوازییەکیان هەیە؟ رەنگە بلّیی جیاوازی ئایینی.. بەڵام من لەو وشکە موسڵمانانە نیم..

دوای تۆزێ بیدەنگی لافوروف دەستەیە وینەی لە چەکمەجەی میزەکەی دەرهینا و بە ئەژدەری نیشاندا.

– ئەمە کییە؟

وینەکە روخساری خەمباری لادوی نیشان دەدا، ئەژدەر کەمێ لیی راما و لە دڵی خۆیدا گوتی: «فلادیمیر زاخاروفچ هەنووکە لە کوییی؟ ئەوجا وینەکەی دایەوە: نایناسم.

– هەر نایناسیت؟ لە ریگاو بانیشا نەتدیتووە؟

ئەژدەر زۆر بە ساردی وەڵامی دایەوە: رەنگە لە ریگاو بانا دیتبیتم، بەڵام نایناسم.

لافوروف بە سەلارییەکی تایبەتییەوە وینەکەی لادۆی خستە لایەکەوە و وینەی دووەمی دایە دەست ئەژدەر، ئەمەیان وینەی بوگدان کنونیانتس بوو. لافوروف دوای ماوەیەک پرسی:

– ئیستا بوگدان له کوییه ؟
– من ئەم پیاوه ناناسم.
سییەمین وینەش خرایەوه سەر میزەکە، ئەمەیان وینەی چونیاتوف بوو، لافوروف کەوتە پرسیار کردن: ئەمە کییە ؟
– ناییناسم
– له کارخانەی شیبایفدا پیکەوه کارتان دەکرد ؟
– نه
– کێ ئیسکرای بۆ دەهینان؟
– من هیچ ئیسکرایەکم نەدیتوه.
– ئەدی کێ دەی هینا ؟
– نازانم.
– ئەدی تۆ رۆژنامەت به سەر کیدا بلاو دەکردەوه ؟
–من رۆژنامەم به چ کەسیک نەداوه.
– رۆژنامە نا، کتیبی «دەبێ چ بکرێ»ت به کێ داوه ؟
– من کتیب بلاوکەرەوه نیم.. من لەحیم چیم.
– ئەدی بۆ خەریکی لەحیم کردن نیت؟
– کار نییە..
– ئەدی چۆن دەژیت؟
– بژی و نەمر..
– درۆ دەکەی..
لافوروف مستیکی به میزەکەدا کیشاو هەستایە سەرپێ، له ئەژدەر نزیک بووه و درنده ئاسا نەراندی: خەیاڵ نەکەی، کەسانی زۆر له تۆ دنیادیدەتر و پڕ ئەزمونتر ئا لەم زیندانەدا خۆیان لاڵ دەکرد، بەلام پاشان هینراونەتە قسان. برۆ بیر بکەوه... گەنجیتی خۆت به فیرۆ مەده. خۆت له زیندانا مەفەوتینە...
ئیشارەتیکی کرد، ئەژدەر بۆ ژوورەکەی خۆی برایەوه. رۆژ، سەعات و دەقیقە هەموو هەر وەکو یەک بوون.. به خەمی زۆرەوه.... به دلۆپەی ئاوەوه.. ئەژدەر هەندێ جار وای هەست دەکرد کە ئەم دلۆپانە ریک به میشکی ئەوا دەرژین. هەندێ جار به ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد. لەم کاتانەدا پاسەوانەکە به دەنگی پیی ئەژدەرەوه دەهات و له کونی دەرگاکەوه سەیری دەکرد و دەی بولاند: زیندانی! دەنگە دەنگ قەدەغەیە!
دەیانویست دەنگی پیی به «دەنگ دەنگ» له قەڵەم دبەن، هەر کاتێ ماندووبایە رادەکشا، بەلام به هیچ جۆرێ خەوی لینەدەکەوت. نه بەشەو دەیتوانی بخەوێ نەبە رۆژ، حیسابی رۆژی لێ تیک چوو بوو، رۆژان تیکەڵ به هەفتە و هەفتە تیکەڵ به مانگ بوون وەکو تاوانباریکی گەلیک ترسناک له هەناسەدانی رۆژانەشیان مەحروم کرد بوو. شتیک هەمیشە دڵی تیک دەدا و سەری دەسوراند، بەرە بەرە هەستی به گەرمتر بوونی دنیا دەکرد. جاریکی دی بۆ لای لافوروف برا. کە هاتە ڕاڕەوەکەوه هەستی کرد دیوارەکان به دەوریا دەسوڕینەوه. به هەزار زەحمەت بەینی ژووری زیندان



و ژوورەکەی لافوروفی بڕی.
لافوروف ئەم جارەش ویستی وڕەی بروخینێ.
– دەزانم تۆ کوڕیکی تەنیا باڵیت، چ کەسیک چاوی له ریت نییە، کە بەتەنگ خۆتەوه نایەیت بە لای کەمەوه خەمی خەڵکانی ترت بێ! غولام دۆستی تۆ بوو–ئەژدەر لەوه سەری سوڕما کە لافوروف پیوەندی ئەو و غولامی له کوێ دەزانی؟ ئیستا ماڵ و منداڵەکەی ئەو چۆن دەژین.. ئەدی نابێ یارمەتیان بدەی؟ «بەم حیسبەبێ به مەرگی پوره نسا نازانی» دایکی دەسگیرانەکەشت حاڵی خراپە. تەنانەت پارەی کفن و دفنی کچەکەشی نەبوو.. یارمەتی دانی ئەویش له ئەستۆی تۆ دایە، گەنجیکی وەکو تۆ دەبێ به ویژدان بێ، شوینی چاپخانەکە بڵێ و هەموو شتێ ببڕیتەوه. دڵنیا به کەس بەمە نازانێ. ئەمە له فایلەکەشتدا نانووسم.
ئەژدەر به حاڵ گویی له قسەکانی لافوروف دەبوو، وای هەست دەکرد کە له ژووریکی دییەوه قسان دەکات، وەختێ بینی لافوروف قسەکەی تەواو کردوه و چاوەڕیی وەلامی ئەوه، سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی قەلافاتی نەگریس و چەپەڵی لافوروفی کرد و له پڕ نەڕاندی: تف له چارەت هەی تاوانبار!
ئیدی ئەژدەر ئاگای لەوه نەما کە چییان بەسەر هینا، بۆ کوییان برد. ئەمانەی بیر نەماوه، به دەم خەویکی قورسەوه گویی لیبوو.
– خۆی کردووه به ماری تۆپیو.
– قوربان، تایەکی زۆر گەرمی لییە.
– بۆ ژووری ئینفرادی بەرن..
– لەوێ دەمرێ، پیویستە بۆ خەستەخانەی بەرین...
ئەژدەر بۆ خەستەخانەی زیندان برا، ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوه، رۆژیک دەمەو عەسر چاوی هەڵینا، بینی بەتەنیا له ژوورەوەیە، هەستی دەکرد دەمی زۆر تاڵە ئەوەندە بێ هیز بوو بوو نەیدەتوانی دەستی بەرز بکاتەوه. چەندین سەعات بەو دەقەوه مایەوه و کەس بەلایا نەهات، له دڵی خۆیدا گوتی « ئاخۆ لیرەدا دەمرم، یان جاریکی دیش روخساری ئینسان دەبینم؟» پاش ماوەیەک پیاویکی بالابەرزی لاواز هاتە ژوورەوه، ئەژدەر پیی وابوو ئەم پیاوەی له شوینیکا دیتوه، بەلام نەیدەزانی له کوێ. پیاوەکە به زەردەخەنەوه له ئەژدەر نزیک بووەوه و گوتی:
– ها، چاوت هەڵینا ؟ تەواو، تەواو.. من به تەمات نەما بووم..
وەختێ پیاوەکە نەبزی ئەژدەری گرت، ئەژدەر زانی دکتۆره، بەسەرسامی پرسی:
– دکتۆر زۆر نەخۆش بووم؟
دکتۆرەکە زۆر به ئەسپایی گوتی: هەرچەند قسە کردنیان لەگەڵ زیندانیدا لێ قەدەغە کردوین، بەلام دیسان دەکریت یەک، دوو قسان لەگەڵ نەخۆشی زۆر هیلاکا بکرێ کوڕم، تۆ دەمیکە لیرەیت، ئیستا مانگی ئابە و دنیا زۆر گەرمە.
دکتۆر سەماعەکەی دەرهینا و خستیە سەرسینگی ئەژدەر.
– هەناسە بدە.. زۆر چاکە... کچیکی عەبا بەسەری موسڵمان هەموو رۆژێ هەواڵت دەپرسیت، ماوەیەک لەوه پیش هاتە سەر ریگام و هەواڵی تۆی پرسی. نازانم

لە کوێ زانی بووی من دکتۆری زیندانم. دەزانی لە نیو ئیوەی موسوڵماندا ئافرەتی عەبا بەسەری چەند زرینگ هەیە.

ئەژدەر هەرچی سەری هیناو سەری برد، هەر ئامینەی بە بیرا هات. دکتۆرەکە لەسەری رۆیی: بکەوە سەردەم، بزانم دلّت باش کار دەکات، مانگی پیشوو فەرتەنەیەکی سەیر بوو، ئیستا زیندانەکان پڕن، بە زەبری چەک دەمی خەڵکیان گرتووە...

دکتۆرەکە هەستا. عەینەکەکەی ریک خستەوە، ئەوجا حەبیکی بۆ ئەژدەر دریژ کرد: هانێ ئەم حەبە بخۆ، کەتۆزێ چاک بوویت، ئیدی مەرەخەست دەکەین و دەڕۆیی...

پاش کەمیک بیدەنگی، پاشماوەی قسەکەی تەواو کرد: هەڵبەتە بۆ ئەو شوینەی کە ئەوان بیانەوێ.

دکتۆرەکە رۆیی. پاش رۆیشتنی ئەو، ئەژدەر کەوتە بیری ئامینە، چەند کیژیکی بە ویژدانە! ئەژدەر ئەوی بە خوشکی خۆی دەزانی، ئاە بوونە خاوەن خوشک و خیزان چ خۆشبەختییەکی گەورەیە بۆ ئینسان!

پاش دوو، سێ رۆژ ئەژدەر بۆ زیندانی گشتی برا، مانگی سپتامبر بوو، پینج زیندانی دی لە زیندانی گشتیدا بوون. ئیدی هەرچەندی حەز کردبا دەیتوانی قسان بکات و دەردی دڵی خۆی بۆ هاوڕییان هەڵریژی. هەموو رۆژێ بۆ ماوەی نیو سەعات دەیانبردە حەوشەکەی زیندان، ئیدی لافورۆف گازی نەدەکرد، پرسکاریکی «محقق» دی تەحقیقی لێ دەکرد، هەمان پرسیار بوون و هەمان وەڵام.

زیندان هیندە قەرەباڵغ بوو، دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە سەر زەوی، لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە دەنگی سروودی شۆڕشگیڕی دەهات، دەنگی هاوار و قسە کردن دەبیسترا، قەرەوڵ و زیندانەوانەکان نایانتوانی جڵەوی ئەم دەنگانە بگرن. زۆربەی حەپسەکان یەکیان دەناسی و جۆری گرتن و تەحقیقەکانیان لە یەکدی دەپرسی... سەر زیندانەکان نایانتوانی جڵەوی ئەم کارە بگرن. چونکە جیاکردنەوەی حەپسەکان مەحاڵ بوو، جێ نەبوو. گرتن بەردەوام بوو. هەموو رۆژێ پۆل پۆل زیندانی تازە دەهینران ئەژدەر بە تەواوی ئاگاداری دەنگوباسی دەرەوە بوو. زیندانیانی تازە هەر رۆژەی دەنگ باوسیکیان لەگەڵ خۆدا دەهینا. قسەیەک لە ژووریکا بکرایە، دەم و دەست باڵی دەگرت و بە نیو هەموو زیندانییەکانیا بڵاو دەبۆوە، بەوەی کە لە گشت تەحقیقەکانا شوینی نینا دەپرسرا، مانای وا بوو نینا هیشتا زیندووە. ئەمە جگە لەوەی هاوڕییانی دەرەوە زوو زوو هەواڵی سەلامەتی «نینا»یان بە ئەژدەر دەگەیاند.

هەمووی چەند رۆژیک لەمەوبەر، هاوڕییان نانیکیان بۆ ئەژدەر ناربوو و نامەیەکیان تیخستبوو، لەم نامەیەدا «پ» واتە «پیوتر» سڵاوی هەموو برادەرانی بەئەژدەر دەگەیاند و گوتبووی هەموو هاوڕییان لیی رازین و مەردایەتی ئەویان لەبەر چاوە کە پیاوانە خۆی لەبەر ئەشکەنجەی دژمنان راگرتووە، دوینیش ئامینە هاتبووە دیدەنی. لە رۆژی گرتنییەوە ئەمە دووەم جار بوو کە سەرانی زیندان مۆڵەتی دیدەنیان بەو دابوو. ئەگەر پیاو بایە مۆڵەتیان نەدەدا، بەڵام چ بە کیژیکی عەبا بەسەر دەگوترێ؟

ئەژدەریان بۆ ژووی دیدار برد، ئامینە هەرکە ئەوی بینی بەغاردان بەرەو پیری چوو،



ئەژدەر سەری لە گۆڕانی ئامینە سوڕ دەما، ئەدی کوا چاوە گەش و گۆنا ئاڵەکانی جاران؟ ئامینە پتر لە گوڵیکی ژاکاو دەچوو. چاوەکانی هەرچەند گەشی جارانیان نەمابوو. بەڵام هیشتا هەر پرشنگیکی نا ئاساییان هەبوو.

خواردنی بۆ ئەژدەر هینابوو. ئەژدەر بیگویدان بە خواردنەکە گوتی:

– ئامینە، خوشکم! بۆ زەحمەتت کیشا! قسە بکە بزانم چ باسە؟

ئامینە بە هەناسە بڕکێ و بە رستەی پچڕ پچڕەوە گوتی: کە بیستمان نەخۆشی زۆر ترساین، بەڵام هەنووکە چاک بوویتەوە... کەی بەردەبی؟

ئەدەر بەبێ تاقەتییەوە وەڵامی دایەوە: ئامینە باسی دەرەوە بکە، چی هەیە؟ دایکت چۆنە؟ هەواڵیکی باوکت. ماریا ڤاسیلیۆفنا دەبینی؟

چاوانی ئامینە تەژی روندک بوون، بەهەمان پچڕپچڕی وەڵامی دایەوە:

– لەمەرگی ورا بە دواوە بووە بە داسک و دەرزی، ئافەرین بۆ ئەکبەر دەوری کوڕی خۆی بۆ دەبینێ؟ چ هەواڵیکمان لە بابم نییە. نازانین ماوە یان نەماوە..

ئامینە قسەکەی بۆ تەواو نەکرا، دەستی بەگرین کرد. پاسەوانەکە هاواری کرد:

– کات تەواو بوو!

ئامینە چاوی سڕی و بە چپەوە گوتی: لادوکتسخوفلی لە قەڵای متخدا تیرباران کرا، منیان راسپارد کە ئەو هەواڵەت پێ بگەیەنم. ئاگاتان لە خۆبێ، وریا بن نابێ تاقە وشەیەکتان لە دەم دەربچێ. کەسانی خایەنتان تیدایە. لە تۆیی نانەکەدا نامەیەک لەم بارەیەوە هەیە. لەژیر خواردنەکەوە لە کاغەزی ئەنتی ئاودا کاغەز و نامە بۆ هاوڕییانی دیش هەیە.

ئەژدەر لەم گۆڕانەی ئامینە سەرسام بوو، باوەڕیکی گەورە لە نیگاکانیا شەپۆلی دەدا، ئەژدەر دەیویست لیی بپرسیت کە چۆن پیوەندی بە ریکخراوی زەحمەتکیشانەوە کردووە، بەڵام پۆلیس دەرفەتی نەدا، لیک جودا بوونەوە.

هەواڵی شەهید بوونی لادو تەواوی زیندانەکەی بەیەکادا. لە ژوورەکانەوە دەست بە هۆراکیشان کرا، «بڕوخێ تزاریزم»« تارووخانی دیکتاتۆریەت» راپەڕین بەردەوام دەبێ.»

چەند رۆژێ تیپەڕی. زیندانییەکی تازەیان بۆ ژوورەکەی ئەوان هینا. پیاویکی میانە ساڵی گورچ و گۆڵ بوو. ئەژدەر یەکسەر ناسییەوە، لە پیت ریکخەرەکانی نینا بوو. لەم دواییەدا لە چاپخانە نهینییەکەی تەفلیسدا کاری دەکرد. ئەویش ئەژدەری ناسییەوە، بەڵام بە جۆرێ رەفتارییان کرد وەک بڵیی یەکدی نەناسن. بۆ ماوەی چەند رۆژیک نەیانتوانی پیکەوە قسان بکەن. ئەنجام شەویک پاش خەوتنی هەموویان لەتەک یەکەوە راکشان وکەوتنە چپە دوو. دیار بوو کە پیت ریکخەرەکەیان لە زیندانی «متخ»ەوە بۆ ئیرە هینا بوو. چەند مانگێ لەوێ بوو بوو، کە ئەژدەر پرسیاری لادوی لیکرد، هاتە کوڵ و جۆش، چاوە رەش و درشتەکانی دەبریسکانەوە، بە چپەوە گوتی:

– برا ئەویان، پیاویکی وەکو ئەویان کوشت...

ئەژدەر پرسی: چۆن دەستیان تێ چوو؟ بە چ بیانوویەک کوشتیان؟

پیت ریکخەرەکە کەمیک بیدەنگ بوو، گوتی: من لەگەڵ پیاویکی شۆڕشگیڕا کە

ناوی ئالليلويف بوو هاو ژوور بووم...

ئەژدەر قسەکەی پیبڕی: من زۆر شتم دەربارەی ئالليلويف ژنەوتەوە... لە باکۆدا دەوری چاکی هەبوو.

– ڕاستە، ژوورەکەی لادو ڕیک لە خوار ژوورەکەی ئیمەوە بوو، ڤانۆ ستروواش بە تەنیشتمانەوە بوو..

ئەژدەر بێ ئیختیار هەستایە سەرپێ و دانیشتەوە.

– ڤانۆ لەوییە؟

– بەڵێ لە قەڵای «متخ»ـە بۆیە بۆ ئەوییان برد تا لەگەڵ لادودا ڕووبەڕووی بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی هیچیان لێ دەربینن. ڤانۆ کە دایکی دیننە بەرەو ڕووی دەڵێ نایناسم.

زیندانییەکە دوای کەمیک ڕامان گوتی: بەڵێ.. باسی لادوم دەکرد، لادو هەر چەندە چوار دەوری گیرا بوو بەڵام پیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا هەبوو. نامەی ئاڵوگۆڕ دەکرد. لەگەڵ کوڕیکدا کە بە تاوانی جینایەت گیرابوو، لە چاپخانەی زینداندا کاری دەکرد ئاشنایەتی پەیدا کردبوو ئاشنایەتی پەیدا کربدوو. ئەو کوڕە کاتێ کە لە چاپخانەدابوو بە شەو ئیشارەتی بۆ لادو دەکرد، لادو لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە پەتیکی شۆڕ دەکردە خوارەوە و بەو شیوەیە نامە و ئەدەبیاتە نهینییەکانی دەرەوەی بۆ ژوورەکەی خۆی ڕادەکیشا، وەستانی بۆ نەبوو. لە پەنجەرەکەوە هورای دەکیشاو قسەی بۆ هاوڕیکانی دەکرد و بیباک دریژەی بە پروپاگەندەی شۆڕشگیرانەی خۆی دەدا. ڕۆژێ لادو نامەیەکی بۆ هاوڕێ لینین نووسی و دابووی بەو کوڕە کە بۆی ڕەوانە بکات. چونکە ئەو ڕۆژە دەرفەتی ناردنی نەبوو بوو، شەوێ لە ژوورەکەی خۆیدا دایینابوو. بەریکەوت ئەو ڕۆژە لە زیندانا قەوماویکی گەورە ڕوویداو دەست بە پشکنینی ژوورەکان کرا، نامەکەی لادویان لای ئەو کوڕە دۆزییەوە. ئەو ئەفسەرەی بەسوارخی نامەکەوە چوو بوو بۆ لای لادو، لادو سیکتری لێ کردبوو، بۆیە هەفتەیەک خرایە ژیر خانەوە، ئیمە بۆ ماوەی هەفتەیەک دەنگی ئەومان نەبیست. چونکە بە هیچ جۆرێ نەیانتوانی ورەی پێ بەربدەن. گەڕانیانەوە بۆ ژوورەکە، لادو لە جاران گەرمتر کەوتە بەربەرەکانی یاسای زیندان. زیندانەکەی بە یەکادا، لە هەموو لایەکەوە دەنگی ناڕەزایی دژ بە یاسای چەپەڵی زیندان بەرز بووەوە. سەر زیندان کە ئەمەی لە چاوی لە چاوی لادو دەزانی. بڕیاری دا بیگوازیتەوە بۆ زیندانی سوپایی، بەڵام دوایی هاتنە سەر ئەو ئەنجامەی کە تۆبەی گورگ مەرگە و کوشتنی تەنیا چارەسەرە.

ڕۆژی حەوتی ئاب، لادو وەکو جاری جاران لە بەیانی زووەوە چووە بەر پەنجەرەکەو دەستی بە هورا کیشان کرد. لە پەنجەرەکەوە قسەی بۆ زیندانییانی ژوورەکانی دی دەکرد، لەم کاتەدا کۆمەڵیک بۆ دیدەنی زیندان هاتبوون، چونکە ئەرمەنی بوون، لادو بە زمانی ئەرمەنی هەندێ قسانی بۆ کردن. پاسەوانەکەی دەرەوە کە ئەمەی بینی شاوریکی لیدا، ئەفسەری نیگابان بە هانکە هانک هات. شتیکی بە گویی پاسەوانەکەدا چپاند. پاسەوانەکە تفەنگەکەی هینایە سەرپێ و سیرەی گرت، ئیمە، من، ئالليلوف و ڤانۆ لە لادو پاڕاینەوە کە لەبەر پەنجەرەکە لاچێ، بەڵام لەم کاتەدا



فیشەکیک تەقی و بۆ هەمیشە دەنگی لادو بڕا..

پیت ڕیکخەرەکە کە هەموو ئەم بەسەرهاتەی یەک بین گیڕایەوە، بە خەمبارییەوە ئاهیکی هەڵکیشا و بیدەنگ بوو، دوای تۆزیک بە ئەسپایی گوتی: لاشەکەشیان نەدایەوە بابی، بەدزییەوە لە حەوشی زیندانەکەدا ناشتیان. بکوژەکەی لادو پینج منات بەخشیش و یەک مانگ مادونی درایێ.

تا بەیانی لە سویی لادوی شۆڕشگیڕی مەزن نەخەوتن. ژیانی زیندانی هیندە نارەحەتە هەر ڕۆژیکی بەساڵیکە، ئینسان لە ماوەی مانگیکدا بە ئەندازەی ساڵیک پیر دەبێ.

ڕۆژگار تیدەپەڕین. ئەژدەر هیشتا مەحکەمە نەکرابوو. جارێ دەخرایە ژیر خانەوە و جارێ دەگیڕدرایەوە بۆ ژووری گشتی. چونکە ژووری ئینفرادی و ژیرخانەکانیان بۆ زیندانیانی دی پیویست بوو، لەم ژیرخانانەدا بەڵای وایان بەسەر زیندانیدا دەهینا کە ناچووە عەقڵەوە.

پتر لە ٦ مانگ بەسەر گرتنی ئەژدەرا تیدەپەڕی، لەم ماوەیەدا سەدان زیندانی هاتبوون و ڕۆیی بوون.

ئەژدەر سەبری سوا، دڵی بۆ ئازادی و چالاکی لیی دەدا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخۆ چاپخانەکە لەچ دابێ؟ لە کوییە؟ چۆن کار دەکات؟

پەیتا پەیتا پرسیاری لە هاوڕییان دەکرد، بەڵام شتەکان ئەوەندە نهینی بوون کە لە ڕۆژیکی بەهارا، سەرەتای مانگی نیسان، ئەژدەر جاریکی دی ئامینەی بینی، ئامینە ئەمجارەیان لەگەڵ دایکیا هاتبوو. قژی گوڵئارا خانم بەو گەنجیتییە وەکو بەفر سپی بوو بوو، چرچ و لوچ دەموچاوی کیلابوو. ئامینەش لاوازتر و ژاکاوتر بووبوو، ئەژدەر نیو سەعاتیک قسەی لەگەڵدا کردن. پاسەوانەکە پیرەمیردیکی ریشنی چاولەدەر بوو، ڕوخساری بەلای ئەژدەرەوە ئاشنا بوو، پیرەمیردەکە لە سوچیک دا وەنەوزی دەدا، بیگومان مەست بوو، ئامینە کە بینی پاسەوانەکە نووستووە بە ئەسپایی گوتی: ئەژدەر لەگەڵ خوشکە نینادا ئاشنا بووم، بۆ هەر کویم بنیرێ دەڕۆم.

ئەژدەر بە خۆشحاڵییەوە پرسی: نینا چۆنە ئامینە؟

– نینا زۆر چاکە.. کاری خۆی دەکات.

ئەم گفتوگۆ کورتە ئەژدەری زۆر خۆشحاڵ کرد. کەواتە چاپخانەکە کار دەکات. هاوڕییان بە هەموو توانایانەوە کاری خەڵکی ئەنجام دەدەن.

بەڵام عەسری هەمان ڕۆژ، ئەژدەریان بۆ لای «کۆنە ئاشناکەی» واتە بۆ لای لافوروف برد، هەرکە ئەژدەر چووە ژوورەوە. لافوروف پاسەوانە پیرەکەی گاز کرد و گوتی:

– قسان بکە قیرسیمچە!

ئەژدەر یەکسەر پیرەمیردەکەی ناسییەوە. «قیرسیچمە»ی وەستای کارخانەکەی شیبایفە! چەند پیر بووە!

لافوروف کە بینی ئەژدەر سەرنجی پیرەمیردەکە دەدا، بزەیەکی کرد

– ها .. بابزانم کۆنە ئاشناکەت چ هەواڵیکی هیناوە؟

قیرسچمە، بە چاوە مەکراوییەکانی کەپتر لە چاوانی پیرە نەهەنگێ دەچوون،

ئەژدەری خستە ژێر نیگا.

– قوربان، ئەمانە منیان ناسییەوە، ئەم گەنجە چاک دەزانێ کە من چەند گویم سووکە. کچەکە بەمەی گوت: نینا زۆر چاکە و کاری خۆی دەکات، بۆ هەرکویم بنیرێ دەڕۆم.»

لافوروف بە سەر ئەژدەرا نەڕاندی: ئەو کچە کێ بوو؟ لە کوێ دەژی...

خیراکە بلێ!

ئەژدەر بە ساردی وەڵامی دایەوە: دەیناسم بەڵام نازانم لەکوێ دەژی.. کە من لە کارخانەدا کارم دەکرد زوو زوو بۆ ئەوێ دەهات.. سووکە خۆشەویستییەکمانیش لە بەینا بوو..

– خۆشەویستی! تۆ چوزانی خۆشەویستی چییە؟

ئەژدەر چ قسەیەکی نەکرد. بە دریژایی تەحقیقەکە یەک وشەی دووبارە دەکردەوە:

– نازانم..

دیسان ئەژدەر بۆ ژێرخان برا، لەویوە بۆ نەخۆشخانە و ئەوجا بۆ زیندانی گشتیان ناردەوە، ئەژدەر بە دریژایی ئەم ماوەیە تەنیا یەک شتی پێ کرا، بە چاوی پڕ لە پاڕانەوەوە تکای لە دکتۆرەکە کرد: دکتۆر ئەگەر جاریکی دی ئەو کچەی کە بۆ هەواڵی من هاتبووە سەر ریت، بینی پیی بلێ ئیدی نەیەتە دیدەنیم. بە دویا دەگەڕین.

ئیدی ئامینە نەهاتە دیدەنی ئەژدەر. دیاربوو دکتۆرەکە پیاویکی بە ویژدان بووە و تکاکەی ئەژدەری جیبەجێ کردبوو.

پرسکار لە دوای پرسکار دەهاتن. هەوای ژوورەکە زۆر ناخۆش بوو، گەرما زیندانییەکانی دەپڕوکاند، بەڵام ئەژدەر نائومید نەبوو، بۆ چارەیەک دەگەڕا، بیری لە ئاییندە دەکرەوە.

هەموو ئەو کارانەی لە رۆژی گرتنییەوە کردبوونی بە سووکە پیشەکییەکی دەزانی... هەموو ئەو شتانەی بەسەری هاتبوون لە راستیا بۆ ئەو قوتابخانە بوو، قوتابخانەی پەروەردەکردنی ورەو جۆشدانی گیانی خەبات ئەگەر لیرە رزگار بێ دە ئەوەندە و بگرە سەد ئەوەندەی جاران دەخەبتێ. ئیدی ئامادە بوو روبەڕووی دژمنانی گەل بخەبتێ و بجەنگێ، با لەم زیندانە رزگار بێ، چۆن رزگار دەبێ؟ بیری لەمە دەردەوە. چونکە لە هەموو ژوورەکانا حەپس بوو بوو، هەموو کون و کەلەبەریکی زیندانەکە بەڵەد بوو، زیندانییەکان ریزیان دەگرت و هەموو کاتێ ئامادەی یارمەتی دانی بوون.

رۆژ و هەفتە و مانگان دەگوزەرێ و ئەژدەر لە بیرکردنەوە دایە، بە دووی ریگای هەڵاتندا دەگەڕێ، ئەنجام...



## 40

تەموزی ساڵی ١٩٠٤ بوو، ئاژاوە و شەڕخوازی دیکتاتوریەتی تزار لە رۆژهەڵاتەوە بە هۆی جەنگی روس– ژاپۆنەوە جەماوەری خستبووە بارودۆخیکی نالەبارەوە، خەڵکانی رەش و رووت کە لە هەموو لایەکەوە لە ژێر فشاری مەنگەنەی ستەمدابوون بەرە بەرە لیکدی نزیک دەبوونەوە. خەبات دژی رژیم توندتر دەبوو.

بەلشەویکەکان لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە ریسوا کردن و پەردە لە روو هەڵماڵینی مەنشویکەکان و شندریکوفییەکان و ئوپۆرتونیستە جۆراوجۆرەکان و هەموو خاینان و دژمنانی چینی کریکار، لیرەشا نینا هەر رۆڵی بنەڕەتی هەبوو، چونکە پاش مانگرتنەکانی مانگی حوزەیران، مەودای چالاکییەکانی نینا بەرین تر بوو بوو، ئەپارتمانمەکەی گەڕەکی «تازا پییر شفلی» بەشی نەدەکرد و بچووک بوو، هەڵبەتە دەزانین لەم کاتەدا چەند تیکۆشەریک – لەوانە ئەژدەر و هی دیش– لە زیندانا بوون، ئیدی گواستنەوەی نینا بوو بوو بە کاریکی پیویست. دوای ماوەیەکی زۆر، شوینیکی تازە پەیدا بوو، ئەپارتمانی ژمارە ١٠٢ کە کەوتبووە شەقامی گرپیچنی و هی ئاقایفی خەڵکی گوندی فاتمایێ بوو، بۆ نینا شوینیکی گەلیک لەبار بوو، بە خەیاڵی چ کەسیکا نەدەهات کە چاپخانەیەکی نهینی لەم ئەپارتمانمەدا بێ. چونکە لە پاڵ زیندانیکی گەورەدا بوو کەس لە ترسی پۆلیس و ئەمن و خەفێ و پاسەوان نەدەویرا نزیکی ئەم ناوە بکەوێ. بە بیری کەسا نەدەهات چاپخانەیەیک نهینی لەم شوینە خەتەرەدا کار بکات.

رۆژێ کریچیانی تازە بۆ بەکریگرتنی ئەم خانووە چوونە لای ئاقایف، وا خۆیان نواند کە گوایە بازرگانن و لە تەفلیسەوە هاتوون. عەرەبانەیەکی فریشقەیان هەبوو. گوایە بەم عەرەبانەیە بە شاردا دەگەڕین و شت دەکڕن و دەفرۆشن. بازرگانەکان لەگەڵ ئاقایفدا ریککەوتن. بیعانەیان داییو هەر ئەو رۆژە گواستیانەوە بۆ ئیرە. بازرگانەکان بریتی بوون لە پیوترچونیاتوف، سیلوستر تودریا، ڤاسیلی شنگونوف و چەند هاوڕییەکی دی. کۆمیتەی باکۆ گواستنەوەی نینایان بەم هاوڕییانە سپاردبوو، خانووەکە لە هەموو روویەکەوە لەباربوو، کەلە شەقامەکەوە دەچوویتە داڵانیکی بچووکەوە لە هەردوولای راست و چەپەوە دوو ژوور هەبو، پاش داڵانە بچووکەکە رارەویک دەهات، لیرەشا بە لای راستا دوو ژوور هەبوو، دەرگایەک بەرانبەر ژووریکی بووچکی بێ پەنجەرە هەبوو. لەلای چەپیشەوە حەوشەیەکی بچووک هەبوو.

ژوورەکەی دەستە چەپ جگە لە دەرگای چوونە ژوورەوە دەرگایەکی دیشی هەبوو ئەم دەرگایە دەچووە سەر تەویلەیەک کەکاتی خۆی ئاقایف گاو گوتالی تیدا بەخیو دەکرد. ئەم تەویلەیە کە تا نیوەی پڕ بوو لە کاو پوش و پەڵاش دەرگایەکی دی هەبوو بۆ سەر شەقامەکە. بازرگانەکان تەویلەکەشیان بە کرێ گرت. عەربانەکە وشرە و پرەکانی خۆیان خستە ئەویوە. ژوورەکانیان پڕ کرد لە پیویستییەکانی بازرگانی و میزو چەرپایە. کۆمەڵێ کتیبی زانستی بازرگانی و خوا ناسیان کڕی و لەسەر میز و لەناو پەنجەرەکانا هەڵیان چنین. بەبیانوی خراپ بوونی پیچەکەکانی عەرەبانەکە، یەکەمجار

دەستیان بە چاک کردنەوەی عەرەبانەکە کرد. تەویلە بوو بە گەراجی عەرەبانە چاککردنەوە. دەنگی چەکوش و چەکۆشکاری گویی بنیادەمیان کەڕ دەکرد. لە بەشی پیشەوەی تەویلەکەدا عەرەبانە چاک دەکرایەوە و لە پشتیشەوە ئەسپەکان دەلەوەڕین.

«بازرگانان» نەیان هیشت ئاقایف دەست لە کار و ئالفەکە بدات، پارەکەیان دایێ و رازیان کرد. «بازرگانەکان» عەرەبانەکەیان وەها چاک کردەوە دەتگوت تازە لە کارخانە دەرچووە. هەواڵ بە هەموو لایەکەوە بلاو بۆوە کە هەندێ وەستای شارەزا هاتونەتە خانووەکەی ئاقایف.خەڵکی لە هەموو لایەکەوە روویان تیدەکردن. شەقامەکە پڕ بوو لە عەرەبانەی فریشقە و شکاو. بازرگانەکان بەرووخۆشی پیشوازیان لە خەڵکەکە دەکرد و بە نرخیکی هەرزان و لە ماوەیەکی کەمدا عەرەبانەکانیان بۆ چاک دەکردنەوە. گەراجەکە شەو و رۆژ هەر قەرەباڵغ بوو. دەنگە دەنگ گویی بنیادەمی کەڕ دەکرد.

لە ژیر پەردەی ئەم بەزمەوە کارە بنەڕەتییەکەی خۆشیان دەکرد. لە پشتی تەویلەکەوە و لە ژیر پوش و پەلاشەکەوە خەریکی هەڵکەندنی ژیرخانیک بوون. هەڵکەندن بە رۆژ و لەکاتی دەنگە دەنگ و تەق و هۆڕی چەکۆشکاریدا ئەنجامدەدرا. شەوانیش بە عەرەبانە خۆڵەکەیان دوور دەخستەوە. خاوەن خانووەکە کەم و زۆر بەمەی نەدەزانی. هەر بەم ناوەشا نەدەهات.. ئەگەر هاتباش هەستی نەدەکرد. چونکە لەژیر پوش و پەلاشەکەوە ئەمەیان دەکرد.

وەختێ ژیرخانەکە دوو مەتریک قووڵ بوو. لە ژیر پوشەکانەوە بە تەختەو گەچ سەرەکەیان گرت و خۆڵیان کردە سەری.

لەو ژوورەی کە پەنجەرەکەی دەیڕوانییە سەر رارەوەکە. کەنتۆریکی ئاوینەداری تایبەت بە نوینیان دانابوو. ئەگەر بە پەنجە میخی سوچی کەنتۆرەکەت راکیشابا تەختەکان دەچوونە پاڵ یەک و ریگای ژیرخانەکە دەبینرا. جگە لەم ریگایە چ ریگایەکی دی بۆ ژیر خانەکە نەبوو.

تەواوی کەرەستەی چاپخانەکەیان، مەکینە تازەکە، پیتەکان و ... بەرە بەرە هینایە ژیر خانەکە و نینا کەوتەوە کارکردن.. نینا بێ وچان کاری دەکرد و تەنانەت یارمەتی چاپخانەکەی کۆمیتەی باکۆشی دەدا. واتە چاپخانەی «نادیا» کەلە ئیچری شار بوو. ئەندامانی کۆمیتەی باکۆ زوو زوو کۆ دەبوونەوە. دەکەوتنە شیکردنەوەی ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی مانگرتنەکانی مانگی حوزەیرانا هاتبووە ئاراوە. هاوڕییان لە هەمانکاتدا هاوڕێ زیندانییەکانی خۆیان فەرامۆش نەکردبوو. بەردەوام لە بیری دۆزینەوەی ریگایەک بوون بۆ دەربازکردنیان. بەرقەراری پیوەندی لەگەڵ هاوڕییانی نیو زیندانا و ئەنجامدانی نەخشەو پلانی دەربازکردنیان بە دوو گەنج کە لەم مانگانەی دواییدا کارامەیی و لیهاتوویی بێ ئەندازەیان نواند بوو. واتە بە ئامینە و ئەکبەر سپیردرابوو.

پتر لە ساڵێ بەسەر گرتنی ئەژدەرا تیدەپەڕی. داوی سپی کەم کەم کەوتبوونە سەری. چاوەکانی بە قوڵا چووبوون. چرچ و لوچ کەوتبوونە دەموچاوی. زیندان لەشی تواندبووە. بەڵام لە گەڵ ئەمانەشا پڕ ئەزموونتر بوو بوو. وەر و باوەڕی پتەوتر بووبوو. هەموو هۆش و بیری بە دەوری یەک شتا دەسوڕایەوە. ژیان بەلای ئەوەوە تەنیایەک



مانای هەبوو، ئەویش خەباتی فیداکارانە بوو لە ریگای ئازادی چینی کریکارا، یەک ساڵ زیندانی بۆ ئەژدەر سەرچاوەی گەلیک ئەزمونی بە نرخ بوو. ئەژدەر کە پوخڵەواتی دەوروبەری دەبینی، دەگەییە ئەم ئەنجامەی کە حەپس بوون تەنیا مانەوەی ناو چوار دیوای زیندانەکان نییە، لە سایەی رژیمی وادا، سەرانسەری ژیان هەر زیندانە. زیندانیک کە لە ژیر پەردەی ستەم، چەوسانەوە، درۆ و بوختاندا شاردراوەتەوە. وەک چۆن زیندانی لە نیو ژوورە تاریک و ژیرخانە بێ بنەکانا دەگەنی و لەنیو دەچێ، خەڵکی زەحمەتکیش بەتایبەتی جەماوەری کریکار لە کان و کارخانەکانا بوونی خۆی دەدۆرینێ.

ئەژدەر هەزار چەشنە زوڵم و ئەشکەنجەی لە زیندانا بینی، بەشی هەرە زۆری حەپسییەکەی لە ژیرخانە تاریکەکانا گوزەراند، چ شوینیکی لەشی نەبوو کە جێ قامچی و داری پیوە نەبێ، لەم دواییەدا دەست و پییانیش بە کوت و زنجیر بەستبوو. بەڵام روح و دڵی لە ژیر زەبری قامچی و دارا بە ئەندازەی زنجیرەکانی دەستی پتەو بوو بوو.

شەو بوو.. بیدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کیشابوو. لە رارەوەکەوە دەنگی پیی پاسەوانەکە دەهات. لە پەنجەرە چکۆڵەکەوە یەک تۆزێ ئاسمانی پڕ ئەستیرە دیار بوو. دەنگی پێ میشکی ئەم چوار حەپسەی دارکاری دەکرد. دەتگوت پاسەوانەکە پۆستاڵە قورسەکانی بەسەر میشکی ئەوانا رادەکیشا. بۆن و بۆگەنی و گەرما ئارامی لێ بڕی بوون. ئەژدەر لە سوچیکا ئانیشکی دادا بوو. و بیری دەکردەوە، پیوەندی لەگەڵ دەرەوە دا پچڕا بوو. سێ کەسەکەی دیش دەست و پییان لە کۆت و زنجیرا بوو. ئەوانیش بێ خەبەر لە دەنگو باسی دەرێ، لە جیهانی بیرکردنەوەدا نقوم بوو بوون.

بەڵام نا.. ئەژدەر زۆریش بێ خەبەر نەبوو. لە دەرەوە هەندێ هەواڵ دەهات. گوڵئارا خانم کە داوی سپی پیریتی پەلاماری قژیان دابوو چەند جاریک هاتبووە دیدەنی. گوڵئارا وەکو دایکیکی دڵسۆز خواردن و شتی بۆ دەهینا. دڵخۆشی دەدایەوە. پەیامەکانی ئامینەی پێ رادەگەیاند، ئامینە هەواڵی یەکجار گرنگی دەنارد. ئامینە لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ نینادا دەکرد. وەک چۆن ورا لە کاتی خۆیدا ئەمەی دەکرد. گوڵئارا خانم قسەکانی کچەکەی و نینای دۆستی بە جۆرێ دەدرکاند کە تەنیا ئەژدەر لە مانای راستەقینەیان تیدەگەیی..

بۆ وینە، ئامینە چەند رۆژیکە چاوەڕوانی ئەوە، کەرەتی پیشوو گوڵئارا خانم لەهەموو جارەکانی دی پتر نان و خواردنی بۆ هینا بوو. ئەژدەر هەڕەی تیژ و چەقۆی لە بەینی نامەکانا دۆزییەوە. وەختێ بوخچەکەی دایەوە دەست پیریژنەکە، گوڵئاراخانم بە گوییا چپاند:

– ئامینە هەموو رۆژێ لە «وولچییە و ورتا» دا چاوەڕیت دەکات...

ئەژدەر لەو کاتەدا لەم قسەیەی گوڵئارا حاڵی نەبوو، بەڵام کە هەڕە و چەقۆکانی لە بەینی نانەکانەوە دۆزییەوە پەی بە مەبەستەکەی گوڵئارا خانم برد. تەنیا یەک شت سەرسامی دەکرد. ئامینە ئەو کیژەی کە خۆی بۆ ئامۆژگا ئامادە دەکرد و هەموو هۆش و

بیری لای ئارایشت و پڕوپوچی دی بوو، چۆن وا ئازایانە هاتۆتە مەیدانی خەباتەوە؟

ئامینە کۆمەکی بە ماریا دەکرد و هەوڵی دەدا جیی ورا پڕ بکاتەوە، دەرسی بە ئەکبەر دەگوتەوە و یارمەتی ئافرەتە رووسەکەی خاوەن کتیبخانەی بالاخانی دەدا.

ئەم هەواڵەی دوایی پتر ئەژدەری خۆشحاڵ کرد. چونکە ئەژدەر دەیزانی کتیبخانەی بالاخانی بنکەی بزووتنەوەی کریکارانی ئەو ناوچەیە ومەڵبەندی بەلشەویکەکانە و ژنە کتیب فرۆشەکەش ئەندامیکی چالاکی ریکخراوی نهینییە. کە ئامینە لەو نزیک بۆتەوە و یارمەتی دەدا، کەواتە بیگومان پیوەندی لەگەڵ نینا و ریکخراوا زۆر نزیکترە.

ئەدی گوڵئارا خانم؟ ئەژدەر لە بیریتی کە سەر زەمانێ بە بیستنی وشەی «شۆڕش» دەلەرزی. کەچی ئیستا هاتوچۆی زیندان دەکات. هەڕە و چەقۆ بۆ زیندانییەک دینێ کە لە گەرمەی خەباتی شۆڕشگیڕیا گیرابوو...

ئەژدەر لە ژوورەوە، زنجیرەکانی دەست و پیی لە باوەشی کردبوو، بیری لیدەکردنەوە، لەم کاتەدا هەستی بە گۆڕانیکی «ژیانی» زیندان کرد. دەنگی پیی پاسەوانەکە بڕا، لە پڕیکا هەموو زیندانییەکان چاویان داپۆشی و «خەوتن» چونکە بیگومان پاسەوانەکە لە کونی دەرگاکەوە سەیری دەکرد. پاسەوانەکە ناو بەناو بۆ دڵنیا بوون لە بارودۆخی ئاسایی ژوورەکان، لە کونی دەرگاکانەوە سەیریکی دەکرد و ئەوجا دەڕۆیی و دەکەوتە وەنەوزدان. هەموو چاویان نوقاند بوو. تەنانەت یەکیکیان پرخەپرخیشی دەکرد... تەماشا کردنی پاسەوانەکە یەک چرکەی خایاند، بەڵام ئەم چرکەیە بە ئەندازەی سەعاتیک دریژ بوو، ئەنجام خەتەرەکە نەما. پاسەوانەکە لەبەر کونی دەرگاکە نەما. دەنگی پیی دوورتر و دوورتر کەوتەوە. ئەنجام لەگەڵ دەنگی باویشکی پاسەوانەکەدا برا.

بیدەنگییەکی قوڵ باڵی بەسەرا کیشابوون. ئەژدەر زۆر بە ئەسپایی گوتی:

– هاوڕییان کات لەبارە، دەتوانین دەست پێ بکەین. سەعاتیکی دی دنیا رووناک دەبیتەوە.

حەپسە پیرە گورجەکە گوتی: تەنیا یەک شیش ماوە، ئەگەر ئەوەش ببڕین ئیدی کارمان تەواوە، هەر ئیستا دەست پیدەکەم.

ئەژدەر رووی کردە هاوڕیکانی دی و گوتی: زنجیرەکان دەربینن.. بەڵام بە بیدەنگی. تەنیا زنجیرەکەی پیی ئاواک ماوە. هەر ئیستا ئەوەش تەواو دەکەم. دەست پیبکەن.

زیندانییەکان کەوتنە ئەنجامدانی دەستوورەکەی ئەدژەر. ئەژدەر کە لە پیشا زنجیرەکانی دەستی برابوون، بە وریاییەوە خستییە سەر ئەو پارچە پەرۆیانەی کە لە بری لیفە بەکاریان دەهینا، ئەوجا بە هەمان وریاییەوە لاقەکانیشی ئازاد کرد. هاوڕیکانی تریش زنجیرەکانیان کردەوە. دوو کەس لە ژیر پەنجەرەکەدا ویستان. شۆڕشگیڕە پیرەکە چووە سەر شانیان و دەستی بە بڕینەوەی شیشەکە کرد، ئەژدەریش لە ئاواک نزیک بووەوە هەڕەکەی لە زنجیرەکانی قاچی گیر کرد... ویزە ویزێ لەبەر ژوورەکەدا پەیدا بوو، ئەوانیش نەختێ ئیشیان دەکرد و ئەوجا ماوەیەکی زۆر بە بیدەگی گوییان هەڵدەخست و دەستیان بە ئیش دەکردەوەو ئەنجام هەر دووکیان



کارەکانیان تەواو کرد. شۆڕشگیڕە پیرەکە شیشەکەی بۆ هاوڕییان دریژ کرد، پەنجەرەکە زەلامیکی پیدا دەچوو، ئەژدەر زنجیرەکانی لاقی ئاواکی خستە تەک زنجیرەکانی دی.

جلە تایبەتییەکانی زیندانیان دەرهینا و بە چەقۆ کەوتنە بڕینیان و بەیەکەوەیان گریدان. پەتەکە ئامادە بوو، ئەوجا کامیان یەکەمجار بچیتە خوارەوە و کامیان پاش هەموویان، بۆ ئەمە بە تەڵە شقارتە قورعەیانکرد. دەبوا زیندانییە پیرەکە لە پیش هەموویانەە و ئەژدەر لە پاش هەموویانەوە بچنە خوارەوە.

بەر لەوەی بچنە خوارەوە، گوییان لە دەنگی پیی ئەو پاسەوانەی پاڵ دیواری شەقامەکەی ئەوبەرەوە گرت. هیندەیان سەرنجی ئەوێ دابوو تەنانەت ژمارەی هەنگاوەکانی پاسەوانەکەشیان دەزانی. قەرار درا هەر جارێ کە پاسەوانەکە بۆ ئەولا بڕوات یەکیکیان بچیتە خوارێ و خۆی بشاریتەوە.

کە سییەمین زیندانی خۆی بە پەتەکەدا شۆڕ کردەوە. ئەژدەر خۆی گەیاندە پەنجەرەکە سەری هینایە دەرێ و تەماشایەکی کرد. دنیا تاریک بوو، دەنگی پیی پاسەوانەکە زۆر دوور بوو، بۆ دوا جار سەیری ئەو ژوورەی کرد کە یەک ساڵ تەمنی تیدا گوزەراند بوو، بە پەتەکەدا خۆی شۆڕکردەوە، کاتێ هەموویان بە سەلامەتی گەیینە سەر شەقامەکە باوەشیان بە یەکا کرد و یەکدیان ماچ کرد. ئەوجا هەر یەکە و رووی کردە لایەک. هەڵاتنەکەیان دوای یەک ساڵ کار بۆ کردن بە چاکی سەری گرت.

بەیان لە ئەنگاوتندا بوو. ئەژدەر بە ماتە مات بە پەنای دیوارەکانا رەتبوو. گەییە یەکیک لە شەقامە سەرەکییەکانی بائیل. چ کەسیک لە شەقامەکەدا نەبوو. وەکو تیسکەی تفەنگ خۆی گەیاندە ئەوبەری شەقامەکە. بە باریکە رییەک دا کەوتە رێ و بە هەورازیکدا هەڵگەڕا.

رواڵەتی باش نەبوو، جلی زیندانی لەبەر بوو، لەوانە بوو سەرنجی ریبواران راکیشیت، بۆیە دەبوو بە پەلە لەو ناوە دوور بکەویتەوە و لە شوینیکا خۆی وەشیرێ. لەلایەکی تریشەوە زنجیرەکان قاچیان بریندار کردبوو. نایتوانی رابکات.

بەهەر حاڵێ بوو بە هەورازەکەدا هەڵگەڕا، دوای ماوەیەک دەنگە دەنگ لە دەوروبەری زیندان پەیدا بوو. یەک، دوو تەقەکرا. ئیدی کاتی ماتەڵ بوون نەبوو. ئەژدەر لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە «بیگومان ئاگادار بوونەتەوە» بە هەر جۆرێ بووە دەبێ خۆی وەشیرێ. بیگویدان بە ئازاری قاچی، بەرەو زنجیکی کریکاری کە بەسەرگردەکەوە لە کولانە مریشک دەچوو– کەوتە رێ. بە هەزار حاڵ گەییە زنجەکە و خۆی هەڵدایە حەوشە بچووک و پیسەکەیەوە و بە ئەسپایی لە دەرگای دا.

ژنیکی میانەساڵ دەرگای کردەوە. هەر کە ئەژدەری بینی ترسا و پاشە و پاش کشایەوە.

– ئەوە چییە؟ تۆ کییی؟

ئەژدەر بە پەلە چووە ژوورەوە، دەرگاکەی داخست و پشتی بە دیوارەکەدا. لە تاو هەناسە بڕکێ قسەی پێ نەدەکرا. ژنەکە بەرەو ژووریکی دی غاریدا، بە زمانی ئەرمەنی لە گەڵ یەکیکدا قسەی کرد. پاشان بە پەرداخێ ئاوەوە گەڕایەوە، بە روسی گوتی: ها بخۆرەوە!

ئەژدەر ئاوەکەی خواردەوە. بە سوپاسەوە پەرداخەکەی دایە دواوە. پیاویک لە ژوورەکەوە هاتەدەرێ. تەماشایەکی ئەژدەری کرد و بە زمانی ئازەری پرسی: رۆڵە بۆ هەموو لەشت خویناوییە؟

ئەژدەر لیرەدا دەست و قاچی بیر کەوتەوە. کە لە دیواری زیندانەکە هاتبووە خوارێ و بە دریژایی ریگا غاریدا بوو، برینەکاین دەست و قاچی کولا بوونەوە و هەموو بەدەنی لە خوین هەڵکشا بوو.

بە دەم هەناسە بڕکیوە گوتی: بم شارنەوە. لەوە دەچێ بە راکردنەکەمیان زانی بێ.

ژن و میردەکە، باڵی ئەژدەریان گرت و بردیان بۆ ژووریکی بچکولەی تاریک و نوتەک. برینەکانیان شۆرد و بۆیان بەست. پیاوەکە لەنیو شڕە و پڕەی ناو دۆلابەکەدا کراس و پانتۆڵیکی دۆزییەوە و دای پیی. ئەژدەر جلەکانی زیندانی داکەند و ئەوانەی لە بەر کرد. ئەوجا بە زەحمەت هەستایە سەرپێ و خۆی بۆ رۆیشتن ئامادە کرد.

– تا شەوێ لیرە وەمینە.. با تۆزێ بیتەوە سەرخۆ و ئەوجا..

– نا هاورێ، ئەژدەر بە گەرمی دەستی کریکارە ئەرمەنییەکەی گوشی– ئیرە لە زیندانەکەوە نزیکە، لەوانەیە لە پڕیکا هەموو زنجەکان بگەڕین.. دەبێ دوور بکەمەوە.

کریکارەکە و ئەژدەر باوەشیان بەیەکا کرد.

– راست دەکەی.. ماڵی ئیمە لە بن دەستی زیندانەکەوەیە، ئا لەم شاخەوە بڕۆ گەرچی سەختە بەڵام بێ مەترسییە، هەر کاتێ پیویستی کرد ماڵی ئیمە ماڵی خۆتە.

ئەژدەر ئەو نانەی کە ژنەکە دابویێ خستیە گیرفانی و لەوێ درەچوو. پاش بڕینی چەند گردیک گەییە گۆڕستانیک، بە نیو گۆڕەکاندا تیپەڕێ و بە شاخەکەدا هەڵگەڕا، چەند دۆڵ و شاخیکی بڕی و گەییە «وولچییە و ورتا» تۆزیک ویستا، چاویکی بەو ناوەدا گیڕا، ژنیکی عەبا بەسەر لەسەرروویی جادەکە و لەسەر گابەردێ ویستا بوو. دەیڕوانییە دوور ئەژدەر زانی کە ئامینەیە، کوریکی جەحیلّ لە تەک ئامینەوە ویستا بوو.

ئەژدەر بە بێ خشپە نزیک بۆوە و لە پشت بەردیکەوە ویستا. دیقەتی کوڕەکەیدا لەسەرسامیدا لەجیی خۆی وشک بوو، غولاّم لەبەردەمیا قوت بوو بووەوە، بە خۆی گوت: ئەمە پەرجووە» پاشان کە پتر لەکوڕەکە وردبۆوە، ئەکبەری کوڕی غولاّمی ناسییەوە، ئەکبەر لە ماوەی ئەوساڵەدا، واتە لەماوەی گرتنەکەی ئەژدەرەوە زۆر گەورە بوو بوو، ریک بەقەد باوکی لێ هاتبوو، دەتگوت غولاّمە و زیندوو بۆتەوە.

دڵی ئەژدەر لە خۆشیانا کەوتە پەلە پەل. نزیکتر بۆوە و گازی کرد:

– ئەکبەر!.. ئەکبەر!

ئەکبەر کە گویی لە ناوی خۆی بوو سەیریکی دەوروبەری کرد، پیاویکی لاوازی لە پشت بەردەکانەوە بینی، دەموچاوی ژاکاو و دەست و قاچی بە کۆنە پەڕۆ پیچرابوو.

ئەکبەر بەسەرسامی پرسی: منت گاز کرد؟

ئەژدەر بە هیمنی لیی نزیک بووەوە: نامناسیتەوە ئەکبەر؟

ئەکبەر زیاتر لیی ورد بۆوە و بە شادییەوە بەرەو پیری غاریدا.

– ئەدژەر! ئەژدەر!



وەکو باوک و کوڕ، وەکو دوو برا باوەشیان بە یەکدا کرد. ئامینە لە نیو بەردەکانەوە بە پەلە بەرەو لای ئەوان چوو، عەباکەی کرایەوە و بەسەر شانیا کەوتە خوارەوە. قاچەکانی تیک ئالاّن. هەڵوەستەیەکی کرد. عەباکەی هەڵگرت و وەکو شتیکی ناپیویست توڕی دا. لە ئەژدەر نزیک بۆوە، ماوەیەک لە یەکدی رامان. بە نیگای پڕ لە ریز و خۆشەویستییەوە تەماشای یەکیان کرد. چاوانی ئامینە تەژی روندک بوون.

ئەژدەر باوەشی پیداکرد.

– ئامینە، خوشکم!

ئامینە بە شادییەوە دەستی ئەژدەری گرت و بە ئەسپایی گوتی:

– ئەژدەر بۆ وات لیهاتووە؟ چییان لێ کردوویت وا سەراپات خوینە؟

– گرنگ نییە ئامینە گیان! من لە خوین ناترسم، خووم پیوە گرتووە.

ئامینە وەکو خوشکیک سارغیەکانی سەری چاک کردەوە. ئەوجا بەردیکی نیشاندا و گوتی: با بڕۆینە ئەوێ ئەژدەر! جلم بۆ هیناویت، لەوێ شاردومەتەوە. هەموو رۆژێ لەگەڵ ئەکبەرا دەهاتین و لیرە چاوەڕوانمان دەکردیت.

– جلەکانم گۆڕیون...

ئامینە بەسەرسامی پرسی: کێ جلی دایتێ؟ لە کوێ گۆڕیتن؟

– ماڵە کریکاریکی ئابڕومەند وەکو دۆستیک داڵدەیان دام.

هەرسیکیان دەستی یەکیان گرت و لەبەردیکی گەورە نزیک بوونەوە. باکۆ بە هەموو شکۆمەندییەکەیەوە کەوتە پیش چاویان. ئیدی ئاسۆ سوور هەڵدەگەڕا و رەنگی دەریا دەگوڕا، ئەژدەر قەدەرێ لەم دیمەنانە راما و ئەوجا پرسی:

– دایکتان چۆنە؟

ئامینە بە ئەسپایی وەلاّمی دایەوە: دایکی من باشە.. بەڵام ماریا ڤاسیلیوفنا نەخۆشە.. لە ماڵی ئیمەیە.

ئەژدەر بەم هەواڵە نارەحەت بوو، خیرا ئاوڕی لە ئەکبەر دایەوە، ئەکبەر بە کەسەرەوە وەلاّمی دایەوە: دایکم زۆر نەخۆشە ئەژدەر! لە دوای مردنی ورا هەمیشە نەخۆشە.

ئەکبەر وشەی «دایک»ی دەرهەق بە ماریا ڤاسیلیوفنا ئەوەندە ئاسایی درکاند کە ئەژدەر لە خۆشیاندا باوەشی پیدا کرد: کار دەکەیت؟

ئەکبەر بە دەنگیکی پیاوانە وەلاّمی دایەوە: ئەژدەر هەوڵ دەدەم جیی باوکم پڕ بکەمەوە. کە ئەویان کوشت بیریان لەوە نەدەکردەوە کە رۆژێ دێ کوڕەکەی گەورە دەبێ و دریژە بە کارەکەی باوکی دەدا، هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوجا بە شانازییەوە لە سەری رۆیی، من ئیدی هەموو هاوڕییانی هاوسەنگەر و هاوخەباتی بابم دەناسم. محەمەد پاروف و داداشوف فیری پەخش کردنەوەی ئەدەبیاتی نهینییان کردووم. هاوڕێ پیوتر چونیاتوف، هاورێ مەشهەدی عەزیز بیگوف، هاوڕێ فیولتوف و هاوڕێ خانلار، بە بەرهەم و بیرەکانی هاوڕێ لنینم ئاشنا دەکەن..

ئەژدەر پیکەنی. لەو رۆژەوە کە گیرابوو ئەمە یەکەمجاری بوو کە پیبکەنێ.

– ئەکبەر بەراستی کوڕی غولاّمی! بەریی ئەوا دەڕۆیت. ئەو هەمیشە موتالاّی دەکرد. سەرەڕای ژیانی پڕ لە مەینەتی و نەخۆشی، هەمیشە کتیبەکانی لینینی

بەدەستەوە بوو. هەوڵی دەدا لە گۆشە نیگای لینینەوە بڕوانیتە خەبات.

ئەکبەر بە شانازییەوە گوتی: ئەو بە سەربەرزی ژیا و قارەمانانە شەهید بوو. دەبێ منیش وەکو ئەو بم.

لەپڕ دنیا رووناکتر بۆوە. دەریای خەزەر لە دوورەوە لە نیو تەمیکی چڕەوە پیکەنی. هەتاو لە ئاسۆی باکۆوە هەڵدەهات..

١٩٨٥/٦/٩

سەرگەڵو

## حەمە کەریم عارف

* کەرکوکییە و لە ساڵی ١٩٥١ دا لە دایک بووە.
* لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردوە.
* لە ساڵی ١٩٧٧ وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.
* نۆ ساڵی هەرەتی لاوی، بێ وابەستەگی حیزبی، لە پیشمەرگایەتیدا بەسەر بردووەو، وەکو بەشداریەکی مەیدانی و، ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد دا، شانازی پیوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پیشمەرگایەتی.
* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوک، نووسەری کوردستان، کەلتور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢ بە ناوی؛ گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هیژا، ح.ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
* لە هەشتاکانەوە تا ئیستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکوکی یەکیتی نووسەرانی کوردی کردووە.
* زۆر بەرهەم و کتیبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان بە نوسخەی هیندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوودان..

تەنیا ئەوەندەیە لە فەوتان رزگاربوون و هیچی دی، هەندیک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک.
٢- کۆچی سوور، چیرۆک.
٣- بەیداخ، چیرۆک.
٤- داوەتی کۆچەریان، کۆ چیرۆک.
٥- لەخۆ بیگانە بوون، کۆ چیرۆک.
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک بە فارسی.

وەرگیڕان:

٧- نینا، رۆمانی سابت رەحمان.
٨- نامۆ، رۆمانی ئەلبیر کامۆ.
٩- ریبەر، رۆمانی مەهدی حسین.
١٠- شکست، رۆمانی ئەلکساندەر فەیداف.
١١- هاوماڵەکان، رۆمانی ئەحمەد مەحمودی «بەرگی ١».
١٢- بیناسنامەکان، رۆمانی عەزیز نەسین.
١٣- قوربانی، رۆمانی هیرب میدو.
١٤- دووره وولات، رۆمانی ع. قاسمۆف.



١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمانی کازانتراکیس.
١٦- هاوماڵەکان، ئەحمەد مەحمود «بەرگی ٢»
١٧- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، بەرگی یەکەم.
١٨- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، بەرگی دووەم.
١٩- ئامانجی ئەدەبیات، م. گۆرکی.
٢٠- دلیری خۆ ڕاگرتن، یاداشتنامەی ئەشرەفی دەهقانی.
٢١- مەسەلەی کورد لە عیراقدا، عەزیز شەریف.
٢٢- میژوی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا.
٢٣- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعود ئەحمەد زادە.
٢٤- کورد، گەلی لەخشتە براوی غەدر لێ کراو، د.گوینتەر دیشنەر.
٢٥- لەمەهابادی خویناویەوە بۆ کەنارین ئاراس. نەجەف قولی پسیان.
٢٦- گوزارشتی موسیقا، د. فواد زەکەریا.
٢٧- دەرباری شیعرو شاعیر، رەزا بەراهەنی.
٢٨- ڤنست ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایزلەر.
٢٩- بەدوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل ئەلقەیسی.
٣٠- جولەکەکەدی ماڵتە، شانۆنامە، مالرو.
٣١- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣٢- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە. ئەلبیر کامۆ.
٣٣- چاو بەچاو، شانۆنامە، گەوهەر موراد «غولام حوسین ساعدی».
٣٤- ریچاردی سییەم، شانۆنامە. شکسپیر.
٣٥-گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عبدوڵلا ئەلبوصیری «لەهەشتاکانەوە لای کاک مەحمود زامدارە».
٣٦- کورد لەئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا.
٣٧- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی. پلیخانۆف.
٣٨- پیکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت. ئیڤلین ریید.
٣٩- لیکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆی ئەلبیر کامۆ.
٤٠- منداڵە دارینە، چیرۆکیکی دریژە بۆ منداڵان.
٤١- فاشیزم چی یە، کۆ چیرۆک بۆ منداڵان، یەڵماز گونەی.
٤٢- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکیکی دریژی چینی یە بومنداڵان.
٤٣- دوژمنان، دوو کۆ چیرۆکی چیخۆف.
٤٤-ئەفسانەین گریکی و رۆمانی.
٤٥- هەڵبژاردەی چیرۆکی فارسی(١) کۆ چیرۆک: لالە، گیژاو، جێ پێ، کورتە میژووکی ژوورەکەم، کتیب.

٤٦- چوار چیرۆک و هەڵسەنگاندنیان: کامۆ، موپاسان، پیراندیللو، چیخۆف.
٤٧- چۆنیەتی فیربوونی زمانی فارسی، حەمەکەریم عارف.
٤٨- فەرهەنگی فارسی کوردی پیتی(ا-١)، حەمەکەریم عارف.
٤٩- نوسینیت پەراگەندە «کۆمەڵە نوسینیکی هەمەجۆرە»، حەمەکەریم عارف.
٥٠- چەندین چیرۆکی بیگانە.
٥١- چرنیشڤسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس.
٥٢- چایکوفسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٣- صادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.
٥٤- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ریبازە هونەریەکانی جیهان.
٥٦- ئەدگارئالن پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٧- یەڵماز گونەی هونەرمەندی شۆرشگیر، ژیان و بەرهەمی.
٥٨- ئەهلی دۆزەخ، جاک لەندەن، ژیانی بەرهەمی.
٥٩- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا.
٦٠- کۆمەڵیک ئەفسانەی جیهانی.

* لەڕاپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆری نووسراو و وەرگیردراو بڵاودەکاتەوە، بەتایبەتی لە رۆژنامەو گۆڤاری: برایەتی، خەبات ، ریگای کوردستان، پەیان، دەنگی میللەت، ڕامان، گوڵان، کاروان، مەتین، گازی، پەیڤ، سەنتەری برایەتی، رۆژنامەی یەکبوون.

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و هەرکەس وگروپ و لایەنیک تەماحی بڵاوکردنەوەی هەبن ،ئامادەیە بەخۆڕایی پیشکەشیان بکات...